# دیوانی مەولەوی

کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و وەرگێڕانی

## دوکتۆر محەمەد صدیقی موفتیزادە

## محەمەد عەلی قەرەداغی

ئامادەی کردووە و پێیداچووەتەوە



بەرگی یەکەم

# دیوانی مەولەوی

کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و وەرگێڕانی
دوکتۆر محەمەد صدیقی موفتیزادە

محەمەد عەلی قەرەداغی
ئەندامی کاراى ئەکادیمیای کوردی
ئامادەی کردووە و پێیداچووەتەوە

بەرگی یەکەم

# دیوانی مەولەوی

ناوی کتێب: دیوانی مەولەوی

لێکۆڵەرەوە: دوکتۆر محەمەد صدیقی موفتیزادە

ئامادەکردن و پێداچوونەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی

بەرگی یەکەم

تایپ و دیزاین: ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

نۆبەی چاپ: یەکەم ٢٠١٧

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٨٥٣)ی ساڵی (٢٠١٧) ی پێ دراوە

© سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر

ڕێگە نادرێت بە لەچاپدانەوە و کۆپیکردن یاخود دابەزاندنی لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، یاخود خوێندنەوەی بە دەنگ بۆ میدیاکان بەهەر شێوازێك بێت. سەرپێچیکاریش ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە.

# پێشەکی

مەلۆتکەیەکی چاوزیتی لە کۆشی ناز داکەوتووی ناو دۆڵ و بن چیای سەرکەشی کوردستان و، یەکەم جار سینە پڕ بوو لە هەوای بێگەردی ئالوودەنەبوو بە تەم و مژی شارستانییەت و، پەنجەمژیوی ناو لانکی لە داری گوێز تاشراوی خاکی عیرفان و زانست و، پەروەردەبووی ناو کۆش و باوەشی میراتگرانی زانست و ئەدەبی پشتاو پشت بۆ ماوە. دواتر دەست و پێ چزاو بە دار و بەردی سارد و گەرمی کوردستاندا و، جەزرەبە دیوی برسێتیی و نەبوونیی و ئاوارەیی و ئەمدیو و دیو کردووی ناو دەیان حوجرەی کوردستان و، قاڵبووی ناو بۆتە و کۆڕی ئەدەب و عیرفان و، فێربووی زانستی بێ خەوش و باڵای لای گەورە زانایان و هاوەڵانی لە باوك و برا دڵسۆزتر و... زمانپژاو بە زاراوە و بنە زاراوەکانی دێهاتی کوردستان و، فێربووی وشە و رستە و زمانی ناو بەردەڵبەرد و چەرمەسەریی گەڕان بۆ زانست و ئەدەب نەك بۆ ژیان و شەهادە و... دواتر لەنگەرگرتوو لە دامێنی چیای (ئەلبورز)دا، یان ئەلبورزێکی دی لە پاڵ ئەلبورزدا، ئەدیب و زانا و توانا دوکتۆر محەمەد صدیقی موفتیزادە.. دەبێ چ قەڵەمێ بتوانێ وەك پێویست بیناسێنێ و مافی خۆی بداتێ؟

بە راستیی بە گژ ئەلبورزداچوون کاری هەموو کەسێك نییە! بەڵام خۆشبەختانە دوکتۆر محەمەد صدیق خۆی ئەو ئەرکەشی دیوە و ئەو رەنجەی لە کۆڵی ئێمە خستووە و پوخت و دروست ئەوەی پێویست بێ خوێنەر لە بارەی ژیانییەوە بیزانێ بە قەڵەمی خۆی بۆی تۆمار کردووین.

بەڵام پێش ئەوەی ئەو لاپەڕە زێڕینانە بخەمە چوارچێوەی ئەم چەند دێڕە کەمێك بیرەوەریی و یادگاری ئەم زانا مەزنە لە دەمی کەس و کاری خۆیەوە —کە

دوکتۆر موفتیزادە خۆی نەینووسیون– لێرەدا زیندە دەپارێزم. ئەو یادگارانەش زیاتر لە بارەی مەولەوی و دیوانەکەیەوەیە:

*– کاک کامرانی کوڕی دەڵێ: مامۆستا هەژار زۆر هاتوچۆی باوکی دەکرد و کە دادەنیشتن باس هەر باسی ئەدەب و رۆشنبیریی بوو، ئەمبینی (مکبره) زەرەبینیان بە دەستەوەیە و سەریان بەسەر کاغەزە کۆنەدا شۆڕ کردووەتەوە و خەریکی ساغکردنەوە و خوێندنەوەیین.

هەروەها کاک کامران دەڵێ: کە مام هەژار دەهات دەیبینی باوکم سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوییە و زۆر دەستی داگرتووە و قووڵ لەگەڵ زمان و رێزمان و زانستەکانی بەلاغەدا رۆچووە، دەیگوت: دوکتۆر گیان واز لەمانە بێنە ئێمە مانای مەولەویمان دەوێ. باوکیشم دەیگوت: یان بەم شێوە لێکدانەوەی دیوانی مەولەوی دەنووسم یان ناینووسم!

*– هەروەها کاک کامران دەڵێ: باوکم ئەوەندەی بەیاض و کەشکۆڵ بۆ لێکدانەوەی دیوانی مەولەوی و کارەکانی دی کۆکردبووەوە دار و راگری دابووە بەردەمی ئەو مەکتەبەی کەشکۆڵەکانی تێدا بوو بۆ ئەوەی نەکەون!

*– هەروەها کاک کامران دەڵێ: باوکم ئەیفەرموو: ئەگەر لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی تەواو بکەم بە ئەندازەی ئەم تەفسیرە –دەستی بۆ تەفسیرێکی چەند بەرگی رادەکێشا کە لە لای سەریەوە لە مەکتەبەیەکدا بوو– دەبێ.

*– مونیرەخانی کچی د. موفتیزادە –بە تەلەفوون– بۆی گێڕامەوە: کاتێ باوکم نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هێنا و ئەمسەرەوسەری دوکتۆرمان پێ دەکرد پێی وتم: تەفەئولم بە دیوانی مەولەوی بۆ بکە بزانم چی ئەبێ و چیم بۆ دەردەچێ[1] منیش ئەو کارەم بۆ کرد، ئەم بەیتە شیعرە لە دیوانی مەولەوی دەرچوو:

---

(١) لە ناو شاعیرانی کورددا باو بووە فاڵیان بە دیوانی حافظ گرتووەتەوە. لە دیوانی مەولەویدا دوو جار دەبینین مەولەوی فاڵی بە دیوانی حافظ گرتووەتەوە. بەڵام لەوانەیە د. موفتیزادە مەولەوی لە حافظ بە گەورەتر زانیبێ، بۆیە داوای لە مونیرەخانی کچی کردووە کە فاڵی بە دیوانی مەولەوی بۆ بگرێتەوە.

ئـــازیز دیـــارەن وادەی لوامـــەن
ئـــەلوەدای ئـــاخیر ئامـــاو نامامـــەن

کە ئەمەم بۆ خوێندەوە وتی: رۆڵە بەسە ئـیتر ئەمسەرەوسـەرم پـێ مەکـەن و زەحمەتی خۆشتان و منیش مەدەن!

پێش ئەوەی ژیانی د. مـوفتیزادە لـە قەڵـەمی خۆیـەوە بخەمـە روو، دەمـەوێ سەرنجی خوێنەری ئازیز بۆ شتێك رابکێشم، کە گومانم نییە کاتێ لێکدانەوەی چەند پارچەیەکی دیوانی مەولەوییەکەی د. موفتیزادەی خوێندەوە لەگـەڵم هـاورا دەبـێ، ئـەویش سەرسـامبوونی بـێ سـنووری د. موفتیزادەیـە بـە مەولـەوی و توانـایی و هەستناسکیی و زاڵبوونی بەسەر هەموو زانستەکانی سـەردەمی خۆیـدا، بـە جۆرێـك کەم پارچە هەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان د. موفتیزادە ئەو سەرسامیی خۆیـە بـە مەولـەوی لەئاسـتیدا دەرنـەبڕێت و بـە خوێنـەر نـەڵێت: کـێ دەتـوانێ بگاتـە مانـای تەواوی شیعرەکانی مەولـەوی؟ هـەر بۆیـە دەڵـێ: ((ئـیتر دایکـی رۆژگـار بـۆی رێـك ناکەوێ کە وەها رۆڵەیەکی هەڵکەوتوو لە داوێنی خۆیدا بار بهێنێ.))

## (ئاوات)ی د. موفتیزادە زیندەبەچاڵ کرا:

د. موفتیزادە لـە هەفتەنامـەی کوردسـتاندا شۆڕشـێکی ئـەدەبی و مێـژوویی و زمانیی... کوردی بەرپا کرد کە مەگەر هەر خۆی بەرپای کردبێ. دوای ئـەو خەباتـە دوور و درێژ و بەپێزە کە بە قۆناغێکی گەورە و پرشنگداری مێژووی کورد دادەنرێ و سوود و قازانجەکانی بەردەوام و نەبڕاوەن .. لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە درزێ یان کونێ بدۆزێتەوە و لێیەوە بچێتەوە ناو ئەو گۆڕەپانی خەباتـە و درێـژە بـە خزمەتـە هەمەجۆرەکانی بدات. بۆ ئەمەش دوای رووخانی رژێمی شاهەنشاهیی و هاتنە سـەر دەوری کۆماری ئیسلامی هەلی قۆزتووەتەوە و هەوڵی داوە بەو ئاواتـە بگاتـەوە کـە خزمـەتی ئـەدەب و مێـژووی کـوردە و، بـەو مەبەسـتەش لەگـەڵ مامۆسـتا هـەژاردا داوایـان لـە بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسـلامی کـردووە بـۆ ئـەوەی مۆڵـەتی دەرکردنـی

گۆڤارێکیان بە زمانی کوردی بدەنێ و داواکەیان پەسەند کراوە و ناوی (ئاوات)یان بۆ گۆڤارەکە هەڵبژاردووە و هەموو شتێك براوەتەوە و ئەوەی ماوە دەستبەکار بـبن بۆ دەرکردنی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (ئاوات) بەلاّم کەسانێك خۆیان گەیاندووەتە لای ئەو بەرپرسانە و پیان وتوون: ئەم پیاوانەی ئێوە رێگەتان پێداون بۆ دەرکردنی گۆڤاری کوردی، کەسانێکی (توودە)یین. ئیتر سرکانی ئەو قسە بە گوێی ئەو بەرپرسانەدا بەس بووە بۆ زیندەبەچاڵکردنی (ئاوات)ی مێژینەی دوکتۆری بە ئاواتی گەشەکردنی ئەدەب و زمان و مێژووی کوردەوە سەرناوەوە و مامۆستا هەژاری هاوسۆز و هاودەنگی!

محەمەد عەلی قەرەداغی

ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

## وێنەی ژمارە ١



جهاد سازندگی

بسمه تعالی

تاریخ
شماره
پیوست

۱۳۵۸/۱۱/۱۰

به پیروی از مصوبات رهبر جانبه انقلاب اسلامی ایران

که با اقوام ایرانی باید طبق قوانین اسلامی بدون تبعیض

از حقوق اجتماعی - فرهنگی - سیاسی برخوردار باشند لذا

جهاد سازندگی کردستان تصمیم دارد که در جوابگوئی این امر مهم داخل بپوشاند

و اینک در وهله اول نسبت به چاپ و انتشار مجله‌ای

بنام «آوات» به زبان کردی اقدام نموده و عنقریب

در دسترس علاقمندان قرار خواهد گرفت

اکیپ فرهنگی جهاد سازندگی

استاد عبدالرحمن شرفکندی هه‌ژار

استاد دکتر محمد صدیق مفتی زاده

صدیق مفتی زاده

۵۸/۱۱/۱۰

نشانی: پاسداران شماره ۲۷ - تلفن ۴۴۱۰۱۶ ۴۴۴۴۵۰ ۴۴۰۱۸۱

# (ئەلبورز)ێك لە پاڵ (ئەلبورز)دا (*)

## ژیانی د. موفتیزادە بە قەڵەمی خۆی



ناوم محەمەد سدیق، ناوی بنەماڵەییم موفتیزادەیە، لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچیی هەتاوی لە گوندی "دشە" لە ناوچەی هەورامانی جوانڕۆ هاتوومەتە دنیاوە.

باوکم مەلا عەبدوڵای "موفتیی" کوڕی مەلا "مەحموود" کوڕی مەلا "محەمەد" کوڕی مەلا "ئەحمەد"ی گەورە لە بنەماڵەی مەلایانی "دشە"یە.

دایکم کچی سەیید "شەهابەدین"ی تاڵشی و دایکی کچی شێخ "عوسمان"ی تەوێڵێی هەورامانە.

لە ساڵانی پێش لە شەڕی جیهانیی یەکەم باوکم لە لایەن فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانەوە دەعوەت کراوە بۆ شاری "سنە" و بووە بە مودەڕیسی خوێنگەی مزگەوتی "دارولئیحسان" پاش چەن ساڵ، لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی قاجارییەکاندا دەعوەت کراوە بۆ تاران لەقەبی "موفتی کوردستان"ی پێ دراوە و گەڕاوەتەوە بۆ شاری "سنە".

تەمەنم شەش ساڵ بووە، باوکم لە شاری سنە کۆچی دوایی کردووە، دایکیشم پێنج ساڵ پاش کۆچی دوایی باوکم لە دشە، لە دنیا دەرچووە.

خوێندنی سەرەتاییم لە گوندەکانی: دشە و خانەگا و شاری سنە دوایی هێناوە.

---

(*) ئەم ناونیشانە خۆم بۆم دانا (م،ع،ق)

لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچیی هەتاوی، دەسم کردووە بە خوێندنی عولومی ئیسلامی و لە خزمەتی زانایانی ئایینیی مەڵبەندگەلی: شارەزوور، مەریوان، موکریان و شارگەلی: پێنجوێن، سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، ڕەواندز، مەهاباد و سنە، دەرسم خوێندووە.

ئەو زانایانە کە لە خزمەتیاندا دەرسم خوێندووە، ئەمانەن: کاکم حاجی مەلا خالیدی موفتی، مەلا سەیید عارف، مەلاساڵحی "تریفە"، سەیید بابارەسوولی "عەبابەیلیّ" لە مەڵبەندی شارەزوور. مەلا باقری "بالک" مەلا مەحموودی "دەرەتفیّ" لە مەریوان. مەلا عەلی "حەمامیان"، مەلا شێخ محەمەدی "بورهان" لە موکریان. مەلا عارفی بانەیی، مەلا سەیید عەلی لە "پێنجوێن". مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوول، مەلا عەبدوڵڵای بێژوێیی لە سلێمانی. مەلا عەزیزی شیلەخانەیی لە کەرکووک. مەلا ساڵحی دیبەگەیی، مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی لە هەولێر. مەلا عەبدولکەریم ئەفەندی لە ڕەواندز. مەلا سدیقی سدیقی، مەلا حسێنی مەجدی لە مەهاباد. مەلا مەحموودی موفتی کاکم لە شاری سنە کە ئیجازەی عیلمیم بەلای ئەوەوە وەرگرتووە و لە دواییدا لە شاری سلێمانی مامۆستایانی هەیئەتی زانیاریی ئایینیی ئەوقاف پاش تاقیکردنەوە، ئەو ئیجازەنامەیەیان بۆم مۆر کردووە و لە تارانیش شەورای عالیی وەزارەتی فەرهەنگ ئیجازەنامەی ئیفتا و تەدریسی بۆم دەرکردووە.

وێنەی ژمارە ٢


تلميذ امير المؤمنين في الحديث شارح صحيح البخاري الحافظ ابن
حجر العسقلاني * اللهم اجعل هذه الايادي متصلة بحبلك المنيع
الذي لا ينقطع * محصنة بحصنك الحصين الذي لا ينصدع *
وفقنا الله لنفع المسلمين * ويسر لنا الزيادة في نشر العلم بزيادة
الآخذين * من الفضلاء والنجباء والعلماء العاملين *
انه الجواد الكريم * الرؤف الرحيم * وحسبنا الله ونعم الوكيل *
واليه مفزعنا في الكثير والقليل * وصلى الله تعالى على سيدنا محمد وعلى
آله وصحبه وسلم * وانا الفقير الى الله الغني محمود بن عبد الله
الالوسي المفتي
١٢٢٢

اجازة للفقير ايضا كما اجازة الاخ الفاضل ... بعد
مصاحبة كثيرة وتيقن كامل بانه حقيق ان يعد من الاعلام
نسأل الله تعالى ان يوفقنا واياه على بذل الجهود لخدمة
الطلاب آمين يا رب العالمين الفقير ...
١٢٦٢

وێنەی ژمارە ٣



لدى التحقيق والاطلاع على درجة علم الملا محمد صديق
تبين لدينا انه يليق ان يعد عالماً فاضلاً
فلذا صدقنا هذه الاجازة

المدرس
الملا احمد الهيزي

المدرس
الملا محمد سعيد الزهاوي

المدرس الاعلى
السيد

## وێنەی ژمارە ٤



شماره ۲۰۴۲/۴۵۶۸۵
تاریخ
ضمیمه ۲۰/اسفند ۱۳۴۴

وزارت فرهنگ
اداره فرهنگ کردستان

رونوشت گواهی اجتهاد
یا افتاء

دبیرخانه شورایعالی فرهنگ

گواهینامه · نظر به بند اول وتبصره اول ماده ۱۶ قانون اصلاح پاره از فصول و مواد قانون استخدام وظیفه مصوب سفند ماه ۱۳۱۶ ۰۰۰۰ نظر به آئین نامه رسیدگی بمدارک اجتهاد مصوب ۲۵ آذرماه ۱۳۲۲ شورای عالی فرهنگ ۰۰۰۰۰ با درجه فتوی شغلی با آقای ملا محمد صدیق مفتی ( دارنده رونوشت شناسنامه شماره ۲۰۲ صادره از [illegible] مورخ ۱۲/۱/۱۴ متولد سال ۱۲۰۰ شمسی در پانصد و بیست و سومین جلسه شورایعالی فرهنگ مورخ شنبه ۲۰/۸/۱۳۴۴ مطرح و صدور اجازه مزبور از مراجع مسلم فتوی تشخیص داده شد. از طرف [illegible]
امضاء

-------------

رونوشت برابر اصل است — رئیس [illegible]
کارگزین اداره فرهنگ کردستان — رئیس فرهنگ [illegible] اردلان

لــه ســاڵی ١٣٢٣ لــه وەزارەتــی فەرهــەنگی ئــەو ڕۆژگــارە و ئــامۆزش و پەروەریشی ئێستا بووم بە مامۆستا و لە شارگەلی مەهاباد و سنە و خورەم ئاباد و تــاران دەرســم داوە. لــه ســاڵی ١٣٤١ لــه دانشــکەدەی ئیلاهییــات و مــەعاریفی ئیســلامی دانشــگای تارانــدا دەورەی لیســانس و دوکتــۆریم دوایــی پــێ داوە و لــه دانشـکەدەی ئەدەبیاتیشـدا ماوەیێك خـەریکی عولـوومی تەربییـەتی و زمانـەوانی بووم. لەو ماوەیەشدا لە دەبیرستانەکانی شاری تاران دەرسم داوە.

لە سـاڵی ١٣٤٩ بـووم بـە مامۆسـتای زمـان و ئـەدەبی کوردی دانشـکەدەی ئەدەبیات و عولوومی ئینسانیی دانشگای تاران. لەو ماوەیەدا بێجگە لە دەرسـدانی زمانی کوردی، ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیشم تەدریس کردووە.

لە ساڵی ١٣٥٩ کە لە لایەن کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـەوە، دەرگـای دانشـگای تاران داخرا، منیش لە ماڵ بۆی دانیشتم و نووسینی ئەو ڕێزمانـە کوردییـەم کـە بـە دەستەوە بوو، دوایـی پـێ دا، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـەریکی لەسـەر نووسـینی دیـوانی مەولەوی (مەعدوومی) بووم و ئێستاش هەر خەریکی ئەو کارەم.

## "چۆن بوو خەریکی زمان و ئەدەبی کوردی بووم؟"

لە سەرەتای ئاوەزیانمەوە خەریکبوونی خوێندنەوەی هۆنراوەکانی مەولـەوی و لێدوان لە ماناکانیان لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەکەمان و دۆسـتانەوە، هـانی دام کـە پەیوەندییێکی بەتین لەگەڵ زمان و ئەدەبی کوردیدا بهێنمە دەس. ئەم پەیوەندییـە بووە هۆی ئەوە کە ئەو ماوەیە کە لە کوردستانی عێراقدا ئەمخوێند، زۆرتر خەریکی زمان و ئەدەبی کوردی بم. تا لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی جیهانی دووەمدا کە سیاسـەتی فـەرمانڕەوایی تورکییـە گـۆڕرا و نامـە نووسـینی کوردەکـانی ئـەوێ بـۆ وڵاتـانی دەرەوە، ئـازاد کـرا، کـاکم "محەمـەد میهـری بـەگ" کـە پـێش لـە شـەڕی جیهـانیی یەکـەم، شـەهیدی نـەمر، شـێخ عەبـدولقادری گـەیلانی زادە لـە شـاری ڕەواندزەوە لەگەڵ خـۆی بردووبـووی بـۆ شـاری ئەسـتەمبووڵ (بەداخـەوە مـن هـەر

چاوم پێ نەکەوت)، بۆ یەکەم جار بە کوردی نامەی بۆ نووسیم و لە نامەکەیا زۆر هەڵی نابووم کە لە خزمەتکردن بە زمان و ئەدەبی کوردی لە هەر هەل و مەرجێکا کۆتایی نەکەم. ئەو هەڵنانی ئەوانە بوو بە هۆی ئەوە کە زۆرتر لە جاران خەریکی لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەبی کوردی بم.

لەساڵی ۱۳۳۸دا کە لە لایەن حوکوومەتەوە رۆژنامەی کوردستان لە تاران دەرچوو، پێشنیاری سەرنووسەریی ئەو رۆژنامەیەم قەبووڵ کرد چونکە لە لاییکەوە بە هەلێکی گەورەم زانی کە لەو رێگایەوە بە پێی توانایی خۆم خزمەتێ بە زمان و ئەدەب و مێژووی گەلە چەوساوەکەمان بکەم و، لە لاییکی دیکەشەوە پێم وا بوو دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە بە زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە باوەکو مەبەستێکی تەبلیغاتیشی تێدا بوو بێ، بەڵام پێهاتنێکی بەڵگەدار بوو سەبارەت بە هەبوون (مەوجوودییەت)ی گەلی کورد و زمان و ئەدەب و نیشتمانی.

لەو ساڵانەدا کە سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستان بووم، گەلێ مەتالیبی ئەدەبیی کوردیم نووسیوە و لەو رۆژنامەیەدا لە چاپ دراوە، هەندێ لەو مەتڵەبانە ئەمانەی خوارەوەن:

١. کۆکردنەوەی نزیکەی ٢٥٠ پارچە لە هۆنراوەکانی سەیید "عەبدورەحیمی مەولەوی" لە نێو بەیازە دەسنووسە کۆنەکان و راستکردنەوەیان و کورتە لێدوانێ لە مانای هۆنراوەکان.

٢. کۆکردنەوە و راستکردنەوەی زۆربەی هۆنراوەکانی "وەلی دێوانە".

٣. کورتە لێکۆڵینەوەیێك لە دیوانی "مەلا پەرێشان" و لە چاپدانی هەندێ لە هۆنراوەکانی.

٤. راستکردنەوە و لە سەر نووسینی دیوانی "سەی ساڵحی کرماشانی".

٥. راستکردنەوەی شیرین و فەرهاد دانراوی مەلا "وەڵەدخانی گۆران".

٦. راستکردنەوەی هەندێ لە هۆنراوەکانی "کەنیزەك و یازدە رەزم" کە بەشێکە لە شانامەی کوردی دانراوی "سەرهەنگ ئەڵماس خانی کەنووڵەیی".

٧. زەنجیرە وتاریێ لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە لە ژێر سەردێڕی "چۆن بنووسین و بخوێنینەوە".

٨. زەنجیرە وتاریێ لە بارەی ژیانی کۆمەڵەکەمان و ڕەخنەگرتن لە هەندێ بیروباوەڕ و، ڕەسم و یاسای نالەباری کۆمەڵایەتی لە ژێر سەردێڕی "لە کۆمەڵا چۆن بژین؟".

٩. کۆکردنەوە و ڕاستکردنەوەی دیوانی مەلا "حامیدی ئالێجانی" لە ناوچەی ژاوەڕۆ.

١٠. ڕاستکردنەوەی شەڕەقسەی ئاسمان و زەوی هەڵبەسراوی "میرزا عەبدولقادری پاوەیی".

١١. ڕاستکردنەوەی جەنگنامەی "کولەو عاینە مەل" هەڵبەسراوی "میرزا عەبدولقادری پاوەیی".

١٢. کۆکردنەوە و ڕاستکردنەوەی شوێنەواری شیعریی گەلێ لە شاعیرەکانی کورد لە ژێر سەردێڕی: "لە هەر گولزاریێ گولێ".

١٣. چەن پارچە هۆنراوەیێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و عیشقی و چەن وردە چیرۆکی هۆنراوە بە شێوەی تەنز و توانجی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی وەك: چیرۆکی "مام ڕێوی و پەپووسلێمانە" و چیرۆکی "فیل و بولبول".

١٤. زەنجیرە وتارێکی فەلسەفیی سورشتی لە ژێر سەردێڕی "ڕێگای خوداناسی".

١٥. مێژوولکەی حوکوومەتەکانی کورد.

١٦. ڕاستکردنەوە و لەچاپدانی موناجاتی "خانای قوبادی" بە ناوی "حەفت بەند".

١٧. دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بەناوی ڕۆژنامەی (ژین).[1]

---

(1) دکتۆر خۆی ئەمەی نەنووسیوە، موافەقەی فەرمیی هەیە، کاك کامرانی کوڕی دەڵێ: نزیکەی ٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

هەر لە بەرهەمەکانی د. موفتیزادە ئەمانەش هەن کە ناوی نەهێناون:

١٨. دیوانی کوردیی مەستوورەی ئەردەڵان.

١٩. پەندی پێشینان.

٢٠. موقایەسەی لوغەویی: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

---

وێنەی ژمارە ٥



ئـەو مەتالیبــە هــەموویان لـە ژێـر عونـوانی "م . ص . م" کـە کـورتکراوەی "محەمەد سدیق موفتیزادە"یە، لـە ژمارەکانی ڕۆژنامـەی کوردسـتان کـە لـە چوار بەشدا بەرگ گیراون، لە دەس دان.

ڕۆژنامــەی کوردســتان بــاوەکو لــە ژێــر چــاوەدێری ســەختی حوکوومەتــدا دەرئەچوو، لەگەڵ ئەوەش لە ڕاستەقینەدا خزمەتێکی گرنگی بە زمـان و ئـەدەب و مێـژووی گـەلی کـورد ئـەکرد. بـەلام پـاش چـوار سـاڵ بـۆ دەوڵـەت دەرکـەوت کـە لەچاپدانی ئەو ڕۆژنامەیە جگە لە زیان بۆ سیاسەتی دەوڵەت سـوودێکی تێـدا نییـە، ئینجا لەبەر ئەوە لە سەرەتای بەهاری ١٣٤٢دا ڕۆژنامەکە داخرا.

وە تا پاییزی ساڵی ١٣٥٨ چەن زەنجیرە وتاری ئەدەبیم لە بارەی ئـەدەب و مێژووی کوردەوە نووسیوە و لە ڕادیۆی کـوردی ئێـران بـلاو بوونەتـەوە و بەشـێکی زۆری ئەو وتارانە لـە دەسـتدایە. هەنـدێ لـەو وتارانـە لـە ژێـر ئـەم سـەردێڕانە بـلاو کراونەتەوە: لێکدانـەوەی وێـژەیی، بەسـەرهاتی باوباپیرانمـان، وێـژە و وێـژەوانان، پەندی پێشینان، ڕاستکردنەوە و لـە سـەر نووسـینی دیـوانی نـالی، شـیعری شـێوە گۆرانیی کوردیی مەستوورەی ئەردەلان کە بۆ یەکەم جار لە نێـو بـەیازە کۆنەکانـدا بەدەستم هێنابوو.

ئەمەی شەش مانگ بەر لە مەرگی بۆ دوکتۆر کەمال نووسیوە.[1]

---

(1) ئەم دێڕەی دوایی کاک کامرانی کوڕی دوکتۆر موفتیزادە بۆی نووسیم. مەبەستی لـە دوکتـۆر کـەمال خوالێخۆشبوو دوکتۆر کەمال فوئادە.

# دکتۆر موفتیزاده بە تەمای چ کارێك بووە بۆ دیوانی مەولەوی بکا؟

ئەوەی دوکتۆر موفتیزادە وەك بەرنامەی لێی نەدواوە -بە پێی ئەوەی لە دەستی مندایە- ئەوەیە بە تەمای چی بووە بۆ دیوانی مەولەوی بکا؟ وەك لە پێشەوە نووسیم کاری زۆر گەورەی لە مێشکدا بووە بۆ دیوانی مەولەوی و رەنگی بۆ شاکارێك دارشتووە کە پێش ئەو کەس لە ئەدەبی کوردیدا نەیکردووە. هەر بۆ ئەمەش دەسبەکار بووە و ئەوەی ئەو کردوویەتی سەرەتا و بەشێك لەو شاکارە بووە کە لق و پۆپەکانی دیارن و هەڵچوون و بەرزبوونەوەی هەندێکیان ئەوە دەردەخات کە د. موفتیزادە بە چ ئەندێشە و خولیایەك و بە چ سۆز و تاسەیەکەوە ئەو رێگە دوور و درێژەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و هەر خۆیشی تاکە رێبواری ماندوێتیی نەناس و لە زەحمەت سڵ نەکردووە و گوێ نەدەر بە سەختیی و دژواریی رێگەکە بووە.

لێرەدا هەندێك لەو بابەتە نەخشە بۆ دانراوانەی دوکتۆر دەخەمە روو وەك لەو پرۆڤە و موسوەدانەدا دەردەکەون کە لە دەستی مندان:

١- لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و تێر و تەسەل و لێکدانەوەیەکی ورد و وەستایانە و شارەزایانە بۆ هەر وشە و رستەیەك لە شیعرەکانی مەولەویدا کە پێویستیان بە لێکدانەوە و روونکردنەوە بێت، بە جۆرێك لێکدانەوەی (٣٤) پارچە شیعری مەولەوی ئەم بەرگەی لێ هاتووەتە دی کە ئێستە لە بەردەستی خوێنەردایە.

٢- دوکتۆر لە نەخشەیدا بووە جگە لەوەی بەیتەکانی پارچە شیعرەکانی دیوانی مەولەوی لە تەك لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی خۆیدا و پێ بە پێی بابەتەکان نووسیونی، پارچە شیعرەکان بە تەواویی و بێ لێکدانەوە بە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی نوسخەکانەوە بە جیا بنووسێت و بە پێی سەرەتای پارچە شیعرەکان

بە رزبەندیی حورووفی هیجا هەموویان جارێکی دی بنووسێتەوە و نموونەی گەلێ لە پارچەکان بەم شێوە لێکۆڵینەوەوە لەم چاپەدا دەبینرێت.

٣- دوکتۆر موفتیزادە زۆر بە پێچەوانەی هەندێ کەس و هەندێ دەنگ کە وایان بڕیارداوە زاراوەی گۆرانیی دروست نییە و، گۆرانیی یان هەورامیی زمانێکی سەربەخۆیە و بەش و لقێك نییە لە زمانی کوردی، ئەم گۆرانیی بە زاراوەیەك لە زاراوەکانی زمانی کوردی دادەنێت و بەڵگەی روون و رەوانیش بۆ ئەو راستییە دێنێتەوە. هەر لەبەر رۆشنایی ئەم رایەشیدا ویستوویەتی هەموو پارچە شیعرەکانی مەولەوی بە شیعر بکات بە سۆرانی و نموونەی ئەم کارەشی لەم چاپەدا دەبینرێت و بە شێوەیەکی رەوان و سانا ئەو کارەشی ئەنجامداوە.

٤- پێڕستی بەیتەکانی دیوانی مەولەوی: دوکتۆر موفتیزادە بە هیوا بووە بۆ هەموو نیوە بەیتێکی شیعرەکانی مەولەوی، وەك ئەوەی من لە چاپی یەکەمدا بە یارمەتیی تەکنۆلۆجیای نوێ کردوومە، پێڕست بکات و خوێنەر هەر کات ویستی هەر بەیتێ یان نیوە بەیتێ لە دیوانەکەدا بێت لە شوێنی خۆیدا بە ئاسانیی بیدۆزێتەوە.

٥- نەخشەی بۆ ئەوەش دارشتووە لە پەنای پێڕستی بەیت و نیوە بەیتەکاندا پێڕست بۆ ناوەکان -ئەعلام-ی ناو دیوانەکە بکا و ویستوویەتی کار بۆ ئەمەش بکات.

## من چیم کردووە؟

کاتێ ویستم ئەوەی لە کارەکەی د. موفتیزادە ماوە رزگاری بکەم و نەیێڵم بە یەکجاریی رەنجی بە زایە بچێت لە بەردەم کۆمەڵێك موسوەدە و رەشنووسی شپرزە و چەند لق و پۆپدا خۆم دییەوە کە رێکخستنەوە و یەکخستنەوەیان ئاسان نییە و، ئەگەر بە هۆی ئەوەوە نەبوایە خۆم قاڵبووی ئەو بوارە بووم و پێشتر لە پرۆژەگەلی وادا پەلم کوتاوە، لەوانە نەبوو سەری لەبەر دەرکەم و پەی بە بەشێکی ئاڵۆزییەکانی بەرم.

هەرچۆن هەبێ پاش ئەوەی پرکێشیم کرد شان بدەمە ژێر ئەم بارە قەبە و قورسە بڕیارم دا کاری من بووژاندنەوە و ژیاندنەوەی کارەکەی د. موفتیزادە و گەڕاندنەوەی لە لێواری گۆڕی گۆڕستانی دەستخەتی زانایانی کورد کە دەیان و صەدان کاری وای لووش داوە، بۆ گۆڕەپانی ژیان و کەڵك لێوەرگرتن و خزمەتکردن بە کەلەپوور و ئەدەب و کلتووری کوردی.

لەم ڕێگەشدا چیم بۆ کرابێ هەوڵی ئەوەم داوە دەقی نووسینەکەی د. موفتیزادە وەك خۆی بنووسرێتەوە و جگە لە دەسکاریکردنێکی کەمی ڕێنووس لە رووی ئەو گۆڕانکارییانەوە لەو کاتەوە تا ئێستە بەسەر یاسای ڕێنووسی کوردیدا هاتوون دەست بۆ هیچی دیکەی نەبەم و بە ئەمانەتەوە وەك خۆی بیخەمە بەردەستی خوێنەران.

پێش دەستبەکاربوونم ویستم کارێکی وا بۆ مەولەوییەکەی د. موفتیزادە بکەم بە گوێرەی توانا کارەکەی یەکلا و یەکسەرە بکەمەوە و بەشی ئەوە نەهێڵمەوە – لەم رووەوە– کاتی کەسێکی دیکەی تێدا بخرێتە کار. بۆ ئەمەش دوو پرۆژەی د. موفتیزادەم لە بەردەمدا بوو پێویستیان بە لالێکردنەوە بوو، من بڕیارم دا هەردوو پرۆژەکە یەك بخەم و لە ژێر ناونیشانی: (**دیوانی مەولەوی .. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و وەرگێڕانی: د. محەمەد صدیقی موفتیزادە**)دا لە یەکیان بدەم.

ئەم پرۆژانەی د. موفتیزادە هەرچەند بۆ مەولەوی کراون دوو کاری تا ئەندازێك لە یەك جیاوازن:

کاری یەکەم و پرۆژەی یەکەمیان بریتییە لەوە کە لەو ماوەدا لە هەفتەنامەی کوردستاندا سەرنووسەر –بەڵکو هەموو شت– بووە، هەموو رەنج و کۆششەکانی بۆ ئەدەب و مێژوو و کلتووری کوردی بە لایەك بووە و رەنجیشی بۆ مەولەوی و دیوانەکەی بە لایەك بووە. تا ئەو ئاستە وەك خۆی نووسیویە ٢٥٠ پارچە شیعری

مەولەوی بە لێکدانەوەیەکی لە ئاستێکی کەمتردا بڵاو کردووەتەوە. ئەم بەشە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نییە و لێکدانەوەکەشی قووڵ نییە.

پرۆژەی دووەم -کە دیار نییە کەی دەستی پێ کردووە- شێوەیەکی دییە و لەو رێگەدا چەندین بەیاض و کەشکۆڵی نایابی دەستخەتی شاعیرانی کوردی بەدەست هێناوە و لە رووی ئەو دەستخەتانەوە نەخشەی بۆ ئەوە دارشتووە کە کارێکی سەرتاسەریی و چەند لایەنە -وەك لە سەرەوە باسمان کرد- بۆ دیوانی مەولەوی بکات بەڵام بەختی ئەدەبی کوردی یار نەبوو و مەرگ مۆڵەتی د. موفتیزادەی نەدا، کە ئەو ئاواتەی کە گەلێ شەوی لە پێناویدا رۆژ کردبووە و رەنجی فەرهادانەی لە رێگەی بەدیهاتنیدا دابوو .. بێنێتە دی.

ئەم پرۆژەی دووەمەیە کە زیاتر جێگەی سەرنجی من بوو و، ئەگەر تەواویش بێ جێگەی سەرنجی مەولەوی ویستان و ئەدەبدۆستانی کوردی دەبێ، چونکە وەك بە جیا و لە دیوانی مەولەویدا باسیم کردووە ئەگەر ئەم پرۆژەی بە سەرکەوتوویی بگەیەندایەتە دوا قۆناغ کاری دیوانی مەولەوی یەکلا دەکردەوە و هەرچی لە دوای ئەوەوە بهاتنایە لەوانە نەبوو لە گوڵچنیی جاڕی ئەودا بە بەرچاکی پڕەوە بگەڕێنەوە.

## لێرەدا من چیم کردووە؟

ئەوەی کردوومە ئەوەیە هەردوو کارەکەی -یان هەردوو پرۆژەکەی- د. موفتیزادەم -بێ تێکەڵاوکردنیان- لەیەك داوە. واتە یەکێکیانم -کە پرۆژەی یەکەمی هەفتەنامەی کوردستانە- کردووە بە تەواوکەری دووەمیان، کە پرۆژەی لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوییە.

بۆ ئەمەش هاتووم هەردوو لایانم بەراورد کردووە؛ هەر پارچە شیعرێك لە هەردوکیاندا ئیشی لەسەر کرابێت لە پرۆژەی یەکەمم دەرهێناوە و بەوەی کە لە پرۆژەی دووەمدایە دەسبەردار بووم؛ چونکە -وەك دەیبینی- کاری پرۆژەی

دووەم تەواوترە و ئەوەی لەوێدا هەبێ هەموو شتێکی بۆ کراوە، بەڵام پرۆژەی یەکەم وا نییە.

دوای ئەوەش بۆ لە یەکدانیان پرۆژەی دووەمم لە پێشەوە داناوە، وەك وتیشم پرۆژەی دووەم ئاڵۆزیی و فرە لق و پۆپیی پێوە دیارە، بۆ چارەسەری ئەوەش هاتووم کارەکەی د. موفتیزادەم وەك خۆی هێشتووەتەوە و زنجیرەی باس و بابەت و پارچە شیعرەکانم نەگۆڕیوە و خۆی چۆن بەشی کردوون و سەرباسی بۆ داناون وەهام نووسیونەتەوە و تایپم کردوون. هەرچەندە ئەمە لەتەك ڕێبازی کاری خۆمدا بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی یەك ناگرێتەوە.

وەك لەم رووەوە هیچم نەگۆڕیوە لە رووی زمانیشەوە وەك خۆی هێشتوومەتەوە، هەرچەندە ئەمەش هەندێ شتی تێدایە من لە نووسینی خۆمدا وا ناینووسم و بەلاشمەوە دروست و ڕەوا نییە، وەك گۆڕینی پیتی عەرەبیی بۆ پیتی نزیك بەو بە ناوی پیتی کوردییەوە.[1]

(1) ئەمە پەتایەکە کوردینووسان دووچاری بوون و زیانی زۆریشی بۆ نووسینەکانیان و زمانی کوردیش هەیە. ئەم باسەم کەمێك بە درێژیی روون کردووەتەوە، لێرەدا بە یەك نموونە کەمێك روونی دەکەمەوە، هەرچەند جێگەی قسە و باس نییە و هاورد و برد هەڵناگرێ کە گۆڕانکاریی بەو پیتانە زیانی زۆری هەیە و بێسوودیشە، کەسانێك —نازانم بۆ— لەو کارە پاشگەز نابنەوە؛ چونکە بە بچووکترین بیرکردنەوە ئەو زیانانە دەردەکەون. تۆ وەرە (طور) کە بە مانا کێوی (طور)ە لە فەلەسطین بیکە بە توور بزانە لە کێوێك سەلکە تووڕێك دەمێنێتەوە و مەبەستی شوێنەکەش نادات. لەوە روونتر تۆ وەرە کەمێك لە (نضر، نذر نظر) ورد ببەرەوە کە پیتە عەرەبییەکانیان گۆڕرا هەرسێکیان دەبن بە (نەزر) ئایا ئەم (نەزر)ە مانای هەرسێکیان ئەدا؟ یان مانای یەکێکیان بە تەنیا دەدا؟

مەبەست لێرەدا ئەوەیە قەڵەمەکەی د. موفتیزادەش تووشی ئەم پەتایە بووە و گەلێ پیتی لە نووسینەکانیدا گۆڕیوە، من ئەمانەشم نەگۆڕیوە، بۆ نموونە دەیان جار وشەی (مصوت)ی بە (موسەوویت) نووسیوە.

## هەر لە رووی کارکردنمەوە بۆ ئەم دیوانە:

- ئەو ژمارانەی د. موفتیزادە بۆ پارچە شیعرەکان و لێکدانەوەکانی داناوە، وەك (بەشی مەولەوی پارچەی ٢٥) ژمارەکەم وەك خۆی داناوە و ئەگەر ژمارەکە دوو جار و سێ جار نووسرابێت وەك خۆی هێشتوومەتەوە.
- ئەگەر بابەتەکە و لێکدانەوەکە دووپات بووبێتەوە، بێ ئاماژە بۆکردن بابەتێکیانم لابردووە و کامیان تەواوتر بێت ئەوەیانم هێشتووەتەوە.
- ئەو پارچە شیعرانەی لە دەروازەی (لە هەر گوڵزارێ گوڵێ)دا هەن نەمهێناون؛ چونکە بە زۆریی لەم پارچانەی ئێرەدا هەن و ئەوانە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان بەسەرەوە نییە.
- دەبێ ئەوە لەبیر نەکەم کە کارەکەی د.موفتیزادە رەشنووس بووە و، رەشنووسەکەش شپرزەیە و لێی لەناوچووە و کەلێنی زۆری تێدایە، بۆیە نەمتوانی وەك پێویست رێکی بخەمەوە و ئەو شپرزەییە نەمێنێ.
- سەرنج و بۆچوونی خۆم کە لە چاپەکەی خۆمدا هەن لێرەدا دانەنراون و بەراورد و راستکردنەوەم بۆ نەکردوون.

## هەوڵگەلی دی:

وەك پێشتر نووسیم ئەم کارەی د. موفتیزادە کارێکی زۆر گەورە بووە، هەرچەند خۆی تەواوی نەکردووە ئەوەشی کە کردوویە بەشێکی -کە نازانین چەندە- دیار نییە. هەر لەو دەفتەرانەدا کە لە دەستی مندان بە پێی ئەو زنجیرەی د. موفتیزادە بۆی داناون حەوت دەفتەریان دیار نییە. لەوانەیە لەوانەش بەدەر چەند دەفتەری دی بێ سەروشوێن بن.

بۆ سۆراخی ئەم دەفتەرانە و شتگەلی دی سەفەری سنەم کرد و چوومە لای کاك کامرانی کوڕی د. موفتیزادە و بە وردی بۆ شتەکان گەڕاین، بەڵام دیار بوو

دەست خرابووە کتێبخانەکەی و بەڵگ و بن کرابوو و گەلێ شتی بێ سەروشوێن بوون.

لەوانە دیوانی مەستوورەی ئەردەڵان و، زنجیرە بەرنامەکانی (پەندی پێشینان) و چەند شتی دی کە هەندێکیان هیچیان نەمابوو و هەندێکیان دەستیان تێخرابوو و لێیان دەرهێنرابوو.

هەر لەو تاومۆدا بیستم بەشێك لە (دیوانی مەولەوی)ی د. موفتیزادە لە لای (جەلالی مەلەکشا) هەیە بە زەحمەتێکی زۆر گەڕام و پەیدام کرد. لە (ئەنسیتیتۆی کورد) لای کاك عەدنان بەرزنجیی دانیشتین و باسەکەم لەگەڵ کردەوە وتی: بەڵێ راستە لە لام بوو دامە لای کاك عەدنان، کاك عەدنانیش وتی: منیش لەبەر خزمایەتیی و نزیکیی کاك ماجیدی رۆحانیی لەگەڵ بنەماڵەی د. موفتیزادەدا، بە کاك ماجیدم سپارد. دوای ئەوە پێوەندیم بە کاك ماجیدەوە کرد و بەڵێنی دامێ بۆمی بدۆزێتەوە، بەڵام دوای چەند پێوەندیی بە کاك عەدنانەوە هیچم دەست نەکەوت و ئێستەش هەر چاوەڕوانم.

جگە لەوەش کە چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو بانگەوازە بووم کە لە گۆڤاری (مەهاباد)دا بڵاوم کردەوە و هیچم دەست نەکەوت.

**محەمەد عەلی قەرەداغی**
٢٠١٧/١/١٠

# پێڕەستی ناوەڕۆك


١. پێش وتار

٢. پێشەك (مقدمه) [بحث...]

٣. مەولەوی لە چەن لاپەڕەدا (مامۆستا مەلا کەریم)

٤. ڕۆژگاری بارهاتن و پێگەیشتنی مەولەوی

٥. مەولەوی لە ڕوانگەی داخییەوە

٦. ساختمانی شێوە کوردی ئەدەبی گۆرانی (هەورامی)

٧. پارچە هۆنراوەکانی (دیوانی مەولەوی)

٨. ڕاڤە (شەرح)ی هۆنراوەکان

٩. سەرچاوەکان

١٠. پێڕەسی هۆنراوە (تمام اشعار)

١١. پێڕەسی ناوگەل (درهر جلد)

# ترتیب شرح دیوان مەولەوی

١. پێش وتار

٢. پێشەك

٣. مەولەوی لە چەن لاپەڕەدا (مامۆستا مەلا کەریم)

٤. ڕۆژگاری بارهاتن و پێگەیشتنی مەولەوی

٥. مەولەوی لە ڕوانگەی داخییەوە

٦. ساختمانی شێوە کوردی ئەدەبی زمانی گۆرانی (هەورامی)

٧. غزلیات مجلد ١

٨. شرح غەزەلیات مەولەوی

٩. لغات واصطلاحات کە دراین مجلد بەکار فتەاند

١٠. فهرست ابیات

| شمارە بیت | های شەماڵ چەن جار | | چەن تەشریف وەلای | | شمارە صفحە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١– | تاق خانەقای ... | | تاس کەللەی سەر ... | | ١٢٤ |
| ٢– | .......... | | .......... | | ١٢٥ |
| | صدر | ضرب | ابتدا | عجز | |

مقدمە:

١. شخسیت مەولەوی

٢. چگونگی تطبیق و ترتیب غزل

# پێش وتار

لە سەرەتای ئاوەزیانمەوە جاروبار گوێم لە هۆنراوەکانی مەولەوی ئەبوو کە خزمـان و دۆستان لە کۆڕ و کۆمەڵی شەوانە و ڕۆژانەدا بە بۆنەیێکەوە ئەیانخوێندنەوە. جوانی و پاراوی ئەو هۆنراوانە کەم کەم سەرنجیان ڕائەکێشام و حەزم ئەکرد منیش وەکوو ئەوان ئەو هۆنراوانەم لەبەر بن و لە مانا و مەزموونی دلڕفێنیان تێ بگەم. ئەو حەزە پاڵی پێوە نام کە ڕۆژ بۆ ڕۆژ زۆرتر لە هۆنراوەکانی مەولەوی بکۆڵمەوە. لە هەر جێگایێك دەسنووسێکی کۆن و تازەی شیعریم چاو پێ بکەوتبایێ، ئەگەڕام کە هۆنراوەکانی مەولەوی لە ناو ئەو هۆنراوانەدا بدۆزمەوە و بە سەر و پێ شکاوی بیانخوێنمەوە.

پەیوەندیم لەگەڵ هۆنراوەکانی مەولەویدا بوو بە هۆی ئەوە کە شیعری شاعیرە کوردەکانی تریش بخوێنمەوە و هۆگرییێکی ڕۆحی و زمان و ئەدەبی گەلەکەم بهێنمە دەس. لەو ساڵانەدا کە لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق و ئێراندا خەریکی خوێندن بووم، لێ بڕام کە زۆرتری کاتم بە لێکۆڵینەوە و ڕاستکردنەوەی هۆنراوەکانی مەولەوی ڕابوێرم. لە هەر جێگایێك کە لەگەڵ زانایان و وێژەوانانی کورددا کۆ ئەبوومەوە باسی هۆنراوەکانی مەولەویم دا ئەهێنا تا لە شارەزایی و لێزانی ئەوان سەبارەت بەو هۆنراوانە کەڵك وەرگرم. لە ئاکامدا بۆم دەرکەوت کە کاکم حاجی مەلا خالیدی موفتیی شاری سنە جگە لەوە کە دەسەڵاتێکی گەورەی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەبوو، لەوانە بوو کە لە وردکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هۆنراوەکانی مەولەویدا، بە مەولەوی ناسێکی بێ هاوتا بناسرێ. بە داخەوە باری شپرزاوی ژیانی گەلەکەمان دەرفەتی ئەوەی پێ نەدا بەو جۆرە کە خۆی ئەیویست

لەو ڕێگایەدا خزمەت بە زمان و ئەدەبی گەلە پێشێلکراو و بەشخوراوەکەی بکا و ئەویش وەکو زانا و وێژەوانە دڵسۆزەکانی تری کورد بە ناکامیی و بەهرە لێ وەرنەگیراوییەوە تەمەنی خۆی دایە سەر. لەو ساڵانەدا کە لە خزمەتیدا ئەمخوێند و پاش لە خوێندن بوونەوەش زۆرتری کاتمان بە لێکۆڵینەوە لە مانای پارچە هۆنراوەکانی مەولەوی ڕائەبوارد.

لە ساڵانی سەرەتای نیشتەجێبوونم لە تاراندا لێبڕام کە دیوانە دەسنووسەکانی مەولەوی کۆ بکەمەوە و تا ڕادەیێکیش لەو کارەدا سەرکەوتم. لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاویدا کە ڕۆژنامەی کوردستان لە تاران بڵاو کرایەوە نزیکەی دوو سەد پارچە لە هۆنراوەکانی مەولەویم لەو نوسخە دەسنووسانەدا دەرهێنا و لەگەڵ کورتە لێدوانێکی نیوە و ناتەواودا لە چاپ دا. لەو کاتەدا بوو کە دیوانی مەولەوی چاپکراوی مامۆستا مەلا کەریمیان بۆ هێنام، پاش خوێندنەوە و لێکدانەوەی دیوانەکە بۆم دەرکەوت کە خزمەتێکی بایی دارە بۆ ناساندنی مەولەوی و کۆکردنەوەی هۆنراوەکانی و هەنگاوێکی گرنگیشە بۆ پەرەدان بە زمان و وێژەی گەلەکەمان.

بەڵام لەبەر ئەوە هەندێ کەم و کوورپیم لە ڕاستکردنەوەی هۆنراوەکان و لێکدانەوەی ماناکانیان ئەکەوتە پێشچاو، بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی لە دەرفەتێکدا منیش بیر و باوەڕی خۆم لە بارەی دیوانی مەولەوییەوە دەربڕم و بڵاوی بکەمەوە. لە لایێکیشەوە ئەو ترسەم هەبوو کە کارێکی وەها گرنگم پێ جێبەجێ نەکرێ، بەڵام هەڵنیانی گەلێ لە برادەران و دڵسۆزانی زمان و ئەدەبەکەمان ئەو ترسەیان لەناو برد و هێزێکی گەورەیان لە ویستمدا هێنایە دی و لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ڕێکخستن و نووسینی بەرهەمی ئەو چەن ساڵە تێ کۆشانەم دەس پێ کرد و بە ناوی ((**ڕاستکردنەوە و لەسەر نووسینی دیوانی مەولەوی**)) بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێشکەش ئەکەم. با وەکو ئەزانم کە ئەم

نووسـراوەیە نیشـاندانی دڵـۆپێکی بچووکە لـە دەریـای کـەماڵاتی مەولـەوی، بـەڵام باپیرانمان وتوویانە ((دیاریی شوان ئاڵەکۆکە)).(*)

هیـوادارم زانایـان و ئـەدیبان لـە کـەم و کەسـتییەکانی ئاگـادارم کـەن تـا لـە چاپەکانی دواییدا بۆ لەناوبردنی ئەو کەم و کووڕییانە هەوڵ بدرێ.

**محەمەد سدێق مفتی زادە**
**تاران - ١٣٦١**

(*) تەواویەکەی: دیاریی شوان یا پێشۆکە یا ئاڵەکۆک. (م، ع، ق)

# پێشەك

گەلی کورد یەکێکە لە گەلە هەرە لەمێژەکانی ئێرانی کە خاوەنی زمان و مێژوویێکی پێشینەدارە و لە سەدان ساڵ پێش لەدایکبوونی عیساوە تا ئێستا لەسەر زەوی کوردستان ژیاوە و زمان و فەرهەنگی خۆی پاراستووە.

گەلی کورد کە لە بەرەی گەلی ((ماد))ە لە ساڵی ٨٥٣ی پێش لەدایکبوونی عیسا، بۆ یەکەم جار لە بەرانبەر دەوڵەتی بە دەسەڵاتی ئاشوورەوە، فەرمانڕەوایەتییێکی بەهێزی لە شاری ((هەمەدان)) دامەزراند و لە ماوەیێکی کەمدا هەموو گەلە ئێرانییەکانی لە ژێر ئالاییێکدا کۆ کردەوە و لە ساڵی ٥٠٦ی پێش لەدایکبوونی عیسا فەرمانڕەوایەتی ئاشووری لەناو برد و وڵاتەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

کوورش کە کچەزای ((ئوختۆویگۆ))ی دوایین پادشای ماد و کوڕی ((کەمبووجیە))ی فەرمانڕەوای ((فارس)) بوو لە ساڵی ٥٥٠ی پێش لە میلاددا باپیری لە فەرمانڕەوایەتی خست و دەسەڵاتی گرتە دەس.

گەلی ماد واتە: گەلی کورد لەو تارێخەوە تا داهاتنی ئیسلام فەرمانڕەوایەتی سەرتاسەری لەدەس دا، بەڵام دوای ئەو رووداوەش بە تەواوی نەچووەتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا داگیرکەرەکانەوە و هەمیشە فەرمانڕەوایی یێکی نیوە سەربەخۆی لە ناوچەکانی کوردستاندا هەبووە.

پاش داهاتنی ئیسلام گەلی کورد وەك گەلە ئێرانییەکانی تر کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی ئیسلام. لە سەدە سەرەتاییەکانی کۆچیدا کە فەرمانڕەوایەتیی نیوە سەربەخۆی ساسانییەکان لە خۆراساندا پێك هات، هۆزەکانی کوردیش چەن فەرمانڕەوایەتییێکی ناوچەییان لە هەندێ لە مەڵبەندەکانی

کوردستاندا دامەزراندبوو، بەڵام لەبەر ئەوە سەرەك هۆزەکان هاودەنگ نەبوون و قازانجی تایبەتی خۆیان ئەگرتە پێشچاو، ملیان بە یەکتر نەئەدا و نەیان ئەویست هەموویان یەك بگرن و وەك گەلە دەراوسێکانیان فەرمانڕەوایەتییێکی یەکگیر و، پێشکەوتوو بۆ گەلەکەیان دامەزرێنن و خۆیان و گەلەکەیان لە نۆکەری و ژێردەسەیی رزگار کەن. لەگەڵ ئەوەش لە درێژەی مێژوودا هەمیشە کۆمەڵێ لە رۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد لە هەر دەرفەتێکدا بۆ بەدەسهێنانی مافی رەوای زەوتکراوی گەلەکەیان خەباتیان کردووە بەڵام بەداخەوە لە لایەن گەلە داگیرکەرەکانەوە سەرکوت کراون.

گەلی کورد بە هۆی نەبوونی فەرمانڕەوایەتییێکی سەرتاسەری و یەکگرتوو، ئەوەشی پێ نەکراوە کە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو بهێنێتە دی کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ببێتە زمانی خوێندن و نووسین، ئینجا ناچار بووە بە زمانی گەلە داگیرکەرەکان بنووسێ و بخوێنێ. لە لایێ تریشەوە هەستی نەتەوایەتی، زانایان و وێژەوانانی کوردی هەڵناوە لەگەڵ نووسینی شوێنەوارە عیلمی و ئەدەبییەکانیان بە زمانگەلی فارسی و عەرەبی و تورکی بە زمانەکەی خۆشیان شیعر بڵێن و سۆزی دەروونیان بە شێوە ناوچەییەکانی خۆیان دەربڕن. جگە لەوەش سەرزەوی کوردستان بە گوێرەی سوروشت و تەبیعەتی رازاوە و کەم وێنەی هەمیشە شاعیر پەروەر بووە و لە درێژەی مێژووا هەزاران شاعیری بیر ورد و نوکتە سەنجی لە داوێنی پڕ لە گوڵ و گیای رەنگاوڕەنگ و بۆنخۆشی خۆیدا بار هێناوە. بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەو ئاڵۆزاوییەوە کە هەڵمان دا، گەلێ لەو زانایان و، وێژەوانان و شاعێرانە بێ ناو و نیشان لەناو چووون و ئەگەر شوێنەوارێ نووسراویشیان بووبێ زۆربەیان یان بە دەستی دوژمنانی نەتەوەکەمان لەناو چووون، یان لە کون و قوژبنی دیواری خانووە قوڕین و رەشۆبووەکاندا رزیون.

لە ساڵانی پێش لە شەڕی جیهانی یەکەمدا کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە نێو گەلی کورددا پەرەی سەند، زانایان و رۆشنبیرانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، دەسیان دایە نووسین بە کوردی و لە چاپدانی کتێب و رۆژنامە و گۆڤار

و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی شوێنەواری هەندێ لە زانایان و شاعیرەکانمان. بە تایبەتی رۆشنبیرانی کورد لە کوردستانی عێراق چ لە ساڵانی بەر لە بزوتنەوە بۆ وەرگرتنی حوکمی زاتی و چ لە ساڵانی دوای ئەو بزوتنەوەدا خزمەتێکی گەورەیان بە زمان و فەرهەنگی کورد کردووە و ئێستاش بە هەموو هێزێکەوە هەر خەریکی درێژەدان بەو خزمەتەن و جگە لە نووسین و وەرگێڕاندنی کتێبگەلی وێژەیی و زانیاری و لە چاپدانیان، شوێنەواری شیعریی گەلێ لە شاعیرانی شێوە کوردییەکانیان کۆ کردووەتەوە و چاپیان کردووە و لە فەوتان و لە تێداچوون پاراستوویانە. بەڵام بەداخەوە بۆ کۆکردنەوە و راستکردنەوە و لە چاپدانی شوێنەوارە شیعرییەکانی شێوەی گۆرانی کە نزیکەی هەزار ساڵ زمانی وێژەیی و شیعری کوردستانی باشووری بووە و سەدان شاعیری وەهای لێ هەڵکەوتووە کە ئەگەر ژمارەیێکی کەم لەو شاعیرانە لە نێو گەلە پێشکەوتووەکانی جیهاندا هەڵبکەوتبایێن، شانازییان پێوە ئەکردن و لە نێو گەلانی ترا خۆیان پێیانەوە ئەنواند، هەنگاوێکی گرنگ هەڵ نەگیراوە. بۆ وێنە لە مێژووی ئەدەبی زمانی فارسیدا چەن شاعیرێ کە لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا ژیاون و، چەن هۆنراوەیێکی سادەیان بە زمانی فارسی وتووە، بە بناغە دارێژی ئەدەبی فارسی ناسراون و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا بە رێزەوە ناویان ئەبرێ، بەڵام شاعیرێکی پایە بەرزی وەك سەیید عەبدوڕڕەحیمی مەولەوی کە لە ئەدەب و فەلسەفە و خوداناسی و بیر وردی و نیشتمان ویستیدا نموونەیێکی کامیلی جیهانی سوروشتە، نە تەنیا کۆڕ و کۆمەڵە زانیاری و ئەدەبییەکانی دەرەوە ناویان نەبیستووە، بەڵکە لە ناوخۆی کوردستانیشدا زۆرتری زانایان و ئەدیبانی رۆشنبیری کورد لە چۆنییەتی پلە و پایەی زانیاری و وێژەیی ئەو زاتە بلیمەتە ئاگایان نییە، ئەوەش لەبەر ئەمەیە زۆرتری زانا و وێژەوانانمان شێوە کوردی گۆرانی باش نازانن. دیارە تا کەسێ لە زمانێ یا لە شێوە زمانێ شارەزاییێکی تەواوی نەبێ، لە رێزەکاری ئەدەبی ئەو مانا و مەزموونە کە رژاونەتە قاڵبی وشە و

رستەی ئەو زمانە یا ئەو شێوە زمانەوە، بە جوانی تێ ناگا و ئەو لەززەتە رۆحییەی لێ نابا کە شارەزا لەو زمانە و لەو شێوە زمانە ئەیبا.

وەکو ئەزانین هۆنراوەکانی مەولەوی لە کوردستانی خوارووددا ناوبانگێکی گرنگیان دەرکردووە و لە رۆژگاری ژیانی مەولەوییەوە تا ئێستا ویردی زمانی زاناکان و ئەدیبەکانی ئەو مەڵبەندە بووە و کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان بە خوێندنەوە و وردکردنەوەی ئەو هۆنراوانە، رازاندووەتەوە، بەڵام هیچ کام لەو زانا و ئەدیبانە لێ نەبڕاون تا ئەو رادەیە کە لە وزەیاندا بووە ئەو هۆنراوەیانە بە تەواوی کۆ بکەنەوە و لە بارەی چۆنییەتی ژیانی مەولەوی و وردکردنەوەی هۆنراوەکانی و ناساندنی شەخسییەتییەوە، شتێ بنووسن و بڵاوی بکەنەوە. تا ئەو جێگایە کە من ئاگام لێیە سێ کەسی دڵسۆزی گەلەکەمان لەم دواییانەدا لە بارەی مەولەوییەوە شتیان نووسیوە و بڵاویان کردووەتەوە: یەکەم- پیرەمێرد کە چەن پارچەیێکی لە هۆنراوەکانی مەولەوی وەرگێڕاوەتەوە سەر شێوەی کوردی کرمانجی خوارووو (سۆرانی) و بە ناوی ((رۆحی مەولەوی)) لەگەڵ پارچە ئەسڵییەکان لە دوو بەرگا بڵاوی کردووەتەوە. دووەم- مامۆستا ((عەلائەددین سەججادی)) لە ((مێژووی ئەدەبی کوردی))دا کورتەیێ لە ژیانی مەولەوی نووسیوە و چەن پارچەیێکی لە هۆنراوەکانی بۆ نموونە لەچاپ داوە. سێیەم- مامۆستا مەلا کەریم کە بەڕاستی خزمەتێکی گەورەی بە گەلەکەمان کردووە و بۆ یەکەم جار تا ئەو جێگایە کە لە تواناییدا بووە پارچە هۆنراوەکانی مەولەوی کۆ کردووەتەوە و بە راڤە و وردکردنەوەوە، لەگەڵ چۆنییەتی ژیانیدا بە ناوی ((دیوانی مەولەوی)) لە چاپ دراوە.

بەر لەوە منیش دەس بدەمە راستکردنەوە و لەسەر نووسینی دیوانی مەولەوی، گەلێ هەوڵم دا کە لە کتێبێکی دیکەی دەسنووس یا چاپکراودا لە بارەی چۆنییەتی ژیانی مەولەوییەوە شتێکم دەس کەوێ، بە داخەوە جگە لەوەی کە مامۆستا مەلا کەریم لە خەڵکی بیستووە و لە ژێر سەردێڕی ((مەولەوی لە چەن لاپەڕەیەکدا)) لە سەرەتای کتێبەکەیدا نووسیویەتی، مەبەستێکی ترم دەس

نەکەوت. ئینجا لێ بڕام دۆخی نووسراوەکەی مامۆستا مەلا کەریم لە سەرەتای ئەم کتێبەدا بهێنم. بەڵام لەبەر نەبوونی پەیوەندی لە کاتی چاپکردندا بۆم ڕێك نەکەوت ئێزنیان لێ وەرگرم، هیوادارم مامۆستای بەڕێز ئەم لێ بڕانەم بە کارێکی جەسوورانە نەزانێ.

## ئەو کارانەی کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا جێبەجێ کراون بەم چەشنەی خوارەوەن:

١. هۆنراوەکانی ((مەولەوی))م لە دوانزە نوسخەی دەسنووس و دیوانە چاپییەکەی مامۆستا مەلا کەریم بەراورد کردوون و وشەگەل و تەرکیبگەلێ کە بە ڕاست و دوروستم زانیون لە هەر یەکە لە پارچەکاندا هەڵبژاردووە و نوسخە بەدەڵەکانم بە نیشانەی کورتکراوی (ن — الف) واتە: نوسخەی (الف، تا ان — ز) واتە: نوسخەی ز لە ژێرنووسی پارچەکاندا نووسیون.

٢. لە وردکردنەوەی هۆنراوەکاندا ئەگەر هۆنراوەیێك ماناکەی تا ڕادەیێك سەربەخۆ بێ پاش وردکردنەوە، کورتکراوەی ماناکەی لە ژێر سەردێڕی: ((پوختەی مانا))دا نووسراوە، بەڵام ئەگەر چەن هۆنراوە ماناکانیان بە یەکەوە بەسراو بێ پێکەوە وردکراونەتەوە، پوختەی ماناکەشیان بە تێکڕایی نووسراوە.

٣. لە وردکردنەوەی هۆنراوەکاندا لە وشەگەل و تەرکیبگەلێ باس کراوە کە ماناکانیان یا ریشەی ئەو وشەگەلە، بۆ هەموو کەس روون نییە یان تایبەتی شێوەی گۆرانین.

٤. ئەگەر راستکردنەوەی مانای هۆنراوەیێك پێویستی بە ناسینی نەخشی ڕێزمانی ئەجزای جوملەکانی هۆنراوەکە هەبێ، نەخشی هەریەکە لە جوزئەکان دیاری کراوە.

٥. لەبەر ئەوە هۆنراوەکانی مەولەوی پڕن لە تەشبیهات و ئیستعارات، وە ناگونجێ هەموویان شی بکرێنەوە، تەنیا ئەو بەشانە شیکراونەتەوە کە لە دەرکەوتنی مانای هۆنراوەکاندا شوێنێکی گرنگیان هەیە یا سەنعەتێکی سەرنجڕاکێشەری ئەدەبییان تێدا بەکار براوە.

٦. مەبەستگەلی: زانیاری، ئەدەبی، فەلسەفی، خوداناسی و مێژوویی کە پەیوەندییێکی راستەوخۆیان بە پوختەی مانای هۆنراوەکانەوە نەبێ، روون کردنەوەیان لە داوێنی لاپەڕەکاندا نووسراوە.

٧. ئەگەر هۆی وتنی پارچەیێك لە دیوانەکەی مامۆستا مەلا کەریم نەقڵ کرابێ، لە ژێرنووسدا دیاری کراوە، هەروەها ئەگەر هۆی وتنی پارچەیێکم جگە لەوەی کە مامۆستا مەلا کەریم لە دیوانەکەیدا نووسیویەتی لە کەسێکی باوەڕپێکراو بیستبێ، لە لێکدانەوەی پارچەکەدا نووسیومە.

٨. بۆ نیشاندانی چۆنیەتی دەرخستنی هەندێ لە وشەکان و پێشگر و پاشگرەکان نیشانەگەلی دەنگی لاتینی بەکار براون.

٩. لە وردکردنەوەی هۆنراوەکاندا لە گەلێ جێگادا لە بەکاربردنی وشەگەل و زاراوەگەلی فارسی و عەرەبی کە هاتوونەتە نێو زمان و ئەدەبی کوردییەوە، خۆم لا نەداوە تا ئەو کەسانەی کە لە وشەگەل و زاراوەگەلی تازە دوروستکراوی وێژەیی و زانیاریی کوردی ئاگادار نین، بە ئاسانی لە راڤە و وردکردنەوەی هۆنراوەکان تێ بگەن.

١٠. لە دوایی هەر بەرگێکی ئەم کتێبەدا، دوو پێڕەس نووسراوە: یەکەم پێڕەسی مانای وشەگەل و تەرکیبگەلێ کە مانا کردنیانم بە پێویست زانیوە. دووەم پێڕەسی هۆنراوەکانی پارچەکان بەم چەشنە کە ((صدر)) و ((ابتدا))ی هەریەکە لە هۆنراوەکانی هەر پارچەیێکم بە تەرتیبی تیپگەلی ((ئەلف و بێ)) لە پێڕەسەکەدا لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکاندا نووسیوە، ئەوەش لەبەر ئەمەیە کە ئەگەر کەسێك تەنیا هۆنراوەیێك یا نیوە هۆنراوەیێکی مەولەوی لەبەر بێ،

بتوانیّ به ئاسانی هۆنراوەکە لە کتێبەکەدا بدۆزێتەوە و بۆی دەرکەویّ کە لە چ پارچەییێکیشدایە.

١١. ئەم کتێبە لە چەن بەرگدا نووسراوە. بەرگی یەکەمی بۆ نموونە بڵاو ئەکرێتەوە. لە زانایان و ئەدیبانی کورد تکا ئەکەم هەر جۆرە پێشنیار و رەخنەییێکیان هەیە، رایگەیێنن تا لە بەرگەکانی تردا بگیرڕێنە پێشچاو. هەروەهاش ئەگەر بە ناردنی هۆنراوە دەسنووسەکانی مەولەوی یارمەتیم بدەن سپاسیان ئەکەم.

**محەمەد سدێق مفتی زادە**

**تاران** – ١٣٦١

# خوێنەری بەڕێز:

پێش لەوە کە خۆمان لە مەبەست تێ بگەیێنین ئەمەوێ بڵێم: هەروەها کە تا ئێستا لە چلۆنی ڕەووشتی نووسینی وتار و مەبەستەکانمان، ئاگادار بوون، من بۆ خۆم لە نووسیندا ڕێگاییێکی تازەم هەڵبژاردووە، ئەوەش ئەمەیە؛ بە هەموو هێزێکەوە تێکۆشاووم کە وشە بێگانەکان لە وتارەکانی خۆما بەکار نەبەم؛ با وەکو. بوونی وشەی بێگانە لە هەر زمانێکدا بەڵگەی ناتەواویی و هەژاریی ئەو زمانە نییە، بەڵکو بەو وشە بێگانانە زمان دەوڵەمەندتر و بەهێزتر دەبێ؛ بەڵام لەبەر ئەوە کە وێژەی کوردی لە سەرەتای تەواوبووندایە و، هێشتا لە پلەکانی تەواویی و جەم و جۆری خۆی سەرنەکەوتووە و، هەموو وشە کۆنە بناغەییەکانی لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کۆ نەکراوەتەوە، ئەگەر بێت و ئێمە هەر لە ئێستاوە، لە باتی وشەکانی خۆمان وشە بێگانەکان بخەینە کار، نە تەنیا زمانی کوردی پڕ ئەبێ لە وشەی بێگانە، بەڵکە، زۆرتری وشەکانی خۆمان کە باب و پیرەکانمان وتویێژیان کردووە و، جێگای شانازی و سەربەرزیمانە، لە ماوەییێکی کەمدا، لە بیر ئەچنەوە و، شوێنێکیان نامێنێ.

لە لایێ تریشەوە بێ نیازیی زمان لە وشەی بێگانە، یەکەم بەڵگەیە، بۆ زیندووبوونی ئەو زمانە.

ئیمجا ئەگەر نووسراوەکانم بە وشك و بێ خوێ بکەوێتە پێش چاو، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە هێشتا بیر و زمانمان، بە بەکاربردنی وشەی بێگانە خووی گرتووە و، وشەکانی خۆمان بە شتێکی بەلاجەوی و نابار ئەزانین؛ مەسەلەن، لە باتی وشەی (مثلا)، ئەگەر بڵێی: (بۆ وێنە)، لەسەری زمانمان زۆر گران و نابارە، لە کاتێکدا (بۆ وێنە) سووك و ئاسانترە؛ تا (مثلا، بۆ مثال)؛ هەروەهاش ئەگەر وشەکانی (مرخ) و (طبع): (هۆنەر)، (بوێژ) و (شاعر) (بەند) و (قصیدە) (پارچە) و (غزەل) (بەستە) و (تصنیف) بگرینە پێشچاو و، مل بە ماف بدەین، بۆمان دەرئەکەوێ کە وشەکانی خۆمان لە دەرخستندا سادەتر و ڕەوانترن، کە وابوو ئیتر ئەبێ لەبەر چی شتی

خۆمان بە پووچ بزانین و، هی بێگانە، بە شت؟! شوێنە بە نرخەکانی باب و باپیرەکانمان بکەینە ژێری پێوە و، بێگانەکان بەسەر خۆماندا، بەرز کەینەوە!

لە نووسەرە بەڕێزەکانی کورد تکا ئەکەم تا بۆیان ئەکرێ لە نووسیندا، وشە بێگانەکان بخەنە لاوە، لە جێگایاندا، وشەی پەتیی کوردی، دابنێن و، هەوڵ بدەن وشەکانی هەموو هۆزە کوردەکان، (سۆرانی، کرمانجی، لەکی، لوڕی، هەورامیی) کۆ بکەنەوە و، بیانخەنە ناوی وتە، وتار و، هۆنراو و هەڵبەستەکانیانەوە، هەروەها کە لە زمانی عەربیدا کراوە، تا وەکو ئەو یادگارە، بە نرخە کە لە باب و باپیرە ئارییەکانمانەوە، بۆمان بەجێ ماوە، لەبیر نەچێتەوە و، ئەو وشە جوانانە بۆ شانازی مێژووییمان، وەکو ئەستێرانی رووناک لە ئاسمانی وێژەی کوردیدا بدرەوشێنەوە.

هەروەها لە پێشا وتوومانە، مەبەست لەم گۆشەیە، یانێ (بەشی مەولەوی) ئەوەیە کە بە ئەندازەی توانایی خۆمان، کاڵای بەنرخی وێژەیی (مەولەوی) بە بازاڕی وێژەوانانی کورد – بەتایبەتی ئەو کەسانە بە شێوەی (هەورامیی) ئاشنا نین و، گەوهەرە بابیدارەکانی مانای هۆنراوەکانی، کە بە پارچەی شێوەی شیرینی (هەورامیی) پێچراونەتەوە– بیانخەینە دەرەوە، تا بزانن وەها هۆنەرێکی مرخجوان و خۆشزمانی، بیرتیژ و وردبین، بەهێز و شیرین وتار، لە جیهانی وێژەی کوردیشدا هەڵکەوتووە، کە بۆ ئەوە ئەشێ پێی بڵێین پیاڵەگێڕی مەستانی مەیخانەی خۆداناسی و، سەردەستەی گەیشتووانی هەوارگەی حەق پەرسییە.

هەر لەبەر ئەوە کە وتمان هەوڵ ئەدەین کە وشەی بێگانە کەمتر بە کار ببەین، لە ستایشی ئەو خودالێخۆشبووەدا، بۆ وشەی کوردی ئەکەوینە سەخڵەتییەوە، ناتوانم کە بە ئارەزووی خۆم لەغاوی پێنووس شل کەم و لە رەختی بەربەلاوی ستایشی ئەو ذاتەدا، تاوی دەم و بیهێنمە چەپۆکان.[1]

---

(1) د. موفتیزادە ئەم نووسراوەی سەرەوەی لەدوای لێکدانەوەی پارچەی (٢٥)ی بەشی لێکدانەوەی هەفتەنامەی کوردستاندا نووسیبوو، وەك دەبینی ئەمە زیاتر بۆ ئەوە دەشێ بەشێك بێت لە بەرنامەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە، بۆیە –دوای داوای مۆڵەت لە گیانی پاکی د. موفتیزادە– گواستمەوە بۆ ئێرە.

# رۆژگاری بارهاتن و پێگەیشتنی مەولەوی

لە هەر رۆژگارێکدا دەسەکگەلێ بە رێککەوت دەس ئەدەنە دەستی یەکەوە و مرۆڤێکی بلیمەت و هەڵکەوتوو ئەهێننە دی کە لە خۆ و رەوێشتێکدا یا چەن خۆ و رەوێشتی مرۆڤایەتیدا بێ هاوتای رۆژگاری خۆیانن و، رەنگە لە داهاتووشدا هەر بێ هاوتا بن. کاریترین و گرنگترینی ئەو دەسەکانە بریتین لە: میرات، بارهێنان و هەرێمی ژیان. شوێنی ئەو دەسەکانە بۆ پێگەیاندنی ئەو جۆرە مرۆڤانە لە کاتێکدایە کە هاودەنگی و هاوکاری یێکی جۆر و، رێك و پێك لە نێوانیاندا هەبێ و بە پێی پێویست، شان بە شانی یەکتر بچنە پێشەوە. مەولەوی یەکێ بووە لەو مرۆڤانە کە هاوکاری ئەو دەسەکانە بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی شوێنێکی گرنگیان هەبووە چونکە ناوبراو ریشە و رەگەزی لە بنەماڵەیێکی ئایینی و زانا و بار هێنراوە و هەر لە منداڵییەوە، بە تەربییەتێکی دوروست بار هاتووە و بە خوێندن خەریك کراوە و لە نێو زانایان و تێگەیشتووانی هەرێم و ناوچەکەی خۆیدا ژیاوە و لەگەڵ سەدان زانا و شاعیر و خوداناسدا کۆ بووەتەوە و لە پلە و پایەی زانیاری و کەماڵاتی رەوانییان بەهرەی بردووە، هەروەها زۆری شوێنەواری شیعریی هەستیارە بەناوبانگەکانی فارسی و عەرەبیشی خوێندووەتەوە و کەڵکی لێیان وەرگرتووە. جگە لەوەش لە رۆژگاری فەقێیەتیدا زۆرتری ناوچەکانی کوردستانی پشکنیوە و دیمەنی چوار وەرزی کوێستان و گەرمیانە دڵڕفێنەکانی دیوە و لە جوانی بەهاران، جوانی جەماڵی دڵداران و لە رەنگی زەردی خەزانی پاییزان، پەرێشانی و پەژارە و ناکامی ئەوینداران و لە گەرمای هاوینان، سۆزشی دەروونی دڵ سووتاوان و ستەم لێ چووان و لە ساردی هەوای زستانان، ساردیی مەیل و مەوبەتی یاران و دۆستانی هەست کردووە، ئینجا هەریەکە لەو دیمەنانە بازارێکی پڕ لە کاڵای رەنگاوڕەنگی جیهانی بێ سنووری مەعنەوییاتی پێ نواندووە و لەو بازارانەدا جوانترین و باییدارترینی کاڵای هەڵبژاردووە و سەرمایەیێکی گەورە و گرنگی مەعنەوی وەهای

پێکەوە ناوە کە لە نێو بازرگانانی بازاڕی کاڵای زمان و وێژەی کوردیدا بووە بە ((توجارباشیی سەرقافڵەی ئەدەب)).

پاش بەدەسهێنانی ئەو هەمووە کەماڵاتە، ڕێبازی خوداناسی و سۆفییەتیشی گرتووەتە پێش و، شێخ عوسمانی دانیشتووی گوندی ((تەوێڵێ))ی هەورامانی بە ڕێبەری خۆی لەو ڕێبازەدا هەڵبژاردووە و، باوەڕێکی بەتینی بە دەسەڵاتی ڕۆحیی ئەو زاتە بووە، وە ئەو باوەڕە بەتینە چرای دڵی پڕ نوور کردووە و گەیاندوویەتی بە پلە و پایەیێکی بەرزی خوداناسی، ئینجا بە هۆی شایستەیێکی سوروشتییەوە کە بوویەتی لە ماوەیێکی کەمدا ئەو ڕێبازەی بڕیوە و پێی ناوەتە جیهانی بێ سنووری ماناوە و شارەزاییێکی وەهای لەو جیهانەدا هێناوەتە دەس کە توانیویە وردترین مانایێك کە بە بیریا هاتبێ لە ئەوپەڕی جوانی و ڕێك و پێکیدا بیهێنێتە چوارچێوەی وشە و ڕستەوە و بە چەشنێکی سادە و ڕەوان لە هۆنراوەکانیا بیان گونجێنێ. ئەو تواناییە کەموێنەیە بووەتە هۆی ئەوە کە هۆنراوەکانی چ لە ڕۆژگاری ژیانی خۆیدا و چ لە ڕۆژگارەکانی دوای ژیانیشی لە کوردستانی خوارووداکەوتوونەتە سەر زمانان و، خوداناس و زانا و عامی و ئەویندار هەریەکەیان بە گوێرەی چەشکەی خۆیان لە خوێندنەوەیان لەززەتی ڕۆحییان بردووە.

ئەگەر بە وردی سەر ببەینە ناو هۆنراوەکانی مەولەوییەوە ئەوەشمان بۆ دەرئەکەوێ کە شەخسییەتی مەولەوی بە تەنیایی تەرکیبێ بووە لە شەخسییەتگەلی گەورەترین شاعیرانی زبانی فارسی و تام و مەزەی هۆنراوەکانی هەریەکە لەو شەخسییەتانە بە بۆنەیێکەوە لە دیوانەکەیدا خۆی ئەنوێنێ وەها کە لە فەلسەفە، خەیام و، لە ئەویننداری و خوداناسی، سەنایی و مەولەوی ڕۆمی و حافیز و، لە ((سەهل و مومتەنێع)) بووندا سەعدی و، لە بیر وردی سائیب و کەلیمەمان ئەهێننەوە یاد.

**لەگەڵ ئەوەشدا مەولەوی شاعیرێکی بێ هاوتای نیشتمانیش بووە و، پەیوەندییێکی سوروشتی ڕەوانیی لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆیدا بووە و لە دەریای ئەوین و خۆشەویستی جوانیی نیشتمانەکەیدا نوقوم بووە و ئەو جوانییە کە ئەو لە**

دیمەنی لووتکەی شاخە بەرزەکان و لە گوڵ و گیای لانزارە سەوز و فێنکەکان و لە هاژەی پڕ ئاهەنگی شەتاوی چەم و دۆڵەکان و لە خوڕەی بەفراوی زیوینی کاو و شیوە کوێستانییەکانی کوردستان هەستی کردووە و بە چەشنێکی سێحراوی هێناویەتە چوارچێوەی لەفزەوە، بێ گومان تا ئێستا شاعیرێکی تر هەستی نەکردووە و نەیتوانیوە وەها شوێنەوارێکی بەرزی وێژەیی نیشتمانویستی لە خۆیەوە نیشان بدا[1]. بەڵێ راستە مەولەوی خوداناس بووە و خوداناسیش، عاشقی جوانیی جەماڵی مەعشووقی راستەقینەیە و هەموو جوانییێك بە جیلوەگای جوانیی جەماڵی مەعشووق ئەزانێ، بەڵام مەولەوی جوانی نیشتمانەکەی بەسەر گوڵی گشت جوانییەکانی جیهانی سورووشت زانیوە و جوانی جەماڵی مەعشووقی راستەقینەی لە جوانی نیشتمانەکەی خۆیدا دیوە، ئینجا ئەو جوانییەی لە هۆنراوە پاراو و دڵڕفێنەکانیدا بە چەشنێکی بێ وێنە و سەرسووڕهێنەر وەها نیشان داوە کە هەر خۆی توانیویەتی نیشانی بدا.

پاش ئەوە کە شەخسییەتی مەولەویمان لە چاوی زانیاری و وێژەیی و خوداناسی و نیشتمان ویستییەوە، روون کردەوە، پێویستە ئاوڕێکیش بدەینەوە بۆ چۆنییەتی رۆژگاری ژیانی و شوێنکردنی رووداوەکانی ئەو رۆژگارە لەبارهێنانیدا. بۆ وردکردنەوەی ئەو مەبەستە پێویستە بزانین کە تێپەڕکردنی رۆژگار لە چاوی ئەو رووداوانە و ئەو ئاڵوگۆڕەوە کە لە کۆمەڵدا روو ئەدەن بە سێ قۆناغ دابەش ئەکرێ:

قۆناغی سەرەتایی و بارهاتن، قۆناغی بەهرەگیری و، قۆناغی تێداچوون.

قۆناغی سەرەتایی ئەوەیە کە باری ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهاتنی گۆڕانێك لەو کۆمەڵەدا، شەرایتێ بۆ پەروەردەکردنی تاکەگەلێ لە چینەکانی ئەو کۆمەڵەدا ئەهێنێتە پێشەوە کە لە داهاتوودا ئەو تاکانە ئەبنە هۆی ئەو گۆڕانە، ئینجا ئەو گۆڕانە ئەگونجێ گۆڕانێکی زانیاری، رامیاری یا ئابووری بێ کە سەرنجی چینەکانی

---

(١) بە راستی تەنیا هەستیارێ کە بتوانین لەم رۆژگارەدا بە پەروەردەی مەکتەبی هەستیاری مەولەوی بزانین و توانیبێتی دیمەنی جوانی هەر جوانێك بە تایبەتی جوانی کوردستانی جوان لە رەنگ و بۆیێکی تازەتری هەستیارانەدا بخاتە چوارچێوەی هۆنراوەکانییەوە، ((گوران))ە و بەس.

تری ئەو کۆمەڵە بۆ لای خۆی ڕائەکێشیٚ، وەها کە لە سەرەتای سەدەی یانزەهەمی کۆچیدا گۆڕانێکی زانیاری لە ناوچەکانی کوردستاندا دەسی پیٚ کرد و چەن ناوەندێکی زانیاری، خوداناسی و وێژەیی هاتنە دی کە پاش چەن ساڵێك بوون بە هۆی پێگەیاندنی تاکەگەلیٚ کە وەکو ئەستێرەی ڕووناك لە ئاسۆی ئاسمانی زانیاری و خوداناسی و وێژەدا سەریان دەرهێنا و سەرتاسەری کوردستانیان ڕووناك کردەوە. ئەو ناوەندانە بریتی بوون لە نەهریە و شەمزین، هەولێر و کەرکووك، سنە و سلێمانی، شارەزوور و هەورامان، جوانڕۆ و کولیایی، موکریان و تیلەکۆ کە تاکەگەلیٚ لە زانیاری و خوداناسیدا وەك: مەولانا خالید، شێخ مەعرووف، شێخ عوبەیدیلا، شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی، شێخ حەسەنی مەولاناوا و، مەلا ئەبوو بەکری موسەنێف، مەلا محەمەدی خەتیٚ، مەلا محەمەدی قزڵجی، مەلا عومەر ئەفەندی خەیلانی، مەلا ئەبوو بەکر ئەفەندی هەولێری، مەلا عەبدوڵڵای وەلزیٚ، مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی، شێخ عەبدولقادیری مەردۆخی، شێخ عوسمانی تەوێڵیٚ، مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشەیی، مەلا مەحموودی دشەیی، وە لە وێژە و ئەدەبدا وەك: مەلا سولەیمانی سەیدی، ئەحمەدی خانی و، خانای قوبادی و، وەلی دێوانە و، بێسارانی و، میرزا شەفیعی دینەوەری و، ئەلماس خانی کەنوولەیی و، فەخرولعولەمای سنەیی و، نالی و مەستوورەی ئەردەلان و، ... سەدان زانیار و خوداناس و وێژەوانی تر کە قۆناغی بارهاتن و بەهرەگیری کۆمەڵی ئەو ڕۆژگارەیان پێك هێناوە و مەولەویش یەکیٚ بووە لەو تاکانە کە لە قۆناغی دواهاتنی ڕۆژگاری ئەو کۆمەڵەدا ژیاوە و لە مەکتەبی زانیاری و خوداناسی و وێژەیی ئەو زانا و خوداناس و وێژەوانە پایە بەرزانەدا بار هاتووە و، بە هۆی لێهاتوویێکی سوروشتی کە بوویەتی بەهرەیێکی گەورەی ڕۆحی لێیان وەرگرتووە و بلیمەتێکی وەهای لیٚ دەرهاتووە کە ئیتر دایکی ڕۆژگار بۆی ڕێك ناکەویٚ کە وەها ڕۆڵەیێکی هەڵکەوتوو لە داوێنی خۆیدا بار بهێنیٚ.

**محەمەد سدێق مفتی زادە**

**تاران** – ١٣٦١/١/١

# مەولەوی لە روانگەی (داخی)یەوە

شێخ عەبدوڵڵای داخی[1] کە بە داخێکی زۆرەوە تائێستە چۆنیەتی ژیانی بۆمان دەرنەکەوتووە، شاعیرێکی زانا و توانا و نوکتەویژێکی بیر ورد و نازك خەیاڵ بووە، شوێنەوارە شیعرییەکانی ئەویش وەکو شوێنەوارە شیعرییەکانی گەلێ لە شاعیر و وێژەوان و زانا پایە بەرزەکانی ترمان، کۆ نەکراونەتەوە و زۆربەیان لەناوچوون.

لە داخییەوە تەنیا چەن پارچە هۆنراوەیەك لەنێو دیوانە دەسنووسەکانی مەولەویدا بەجێ ماون، کە بۆ مەولەوی نووسراون، ئەو پارچەیانە لە ئەو پەڕی بەرزیی پایەی ئەدەبیدا خۆیان ئەنوێنن و لە چاوی قورس و قووڵیی مانا و سەنایعی جوانی ئەدەبییەوە لە ریزی هۆنراوەکانی مەولەویدان.

مەولەوی زۆر بە رێزەوە ناوی داخی بردووە و بە (هامفەرد) واتە بەها و شیعر و هاومالّی خۆی داویەتە قەڵەم. هەروەها کە مەولەوی لە ئێمە باشتر داخی ناسیوە، بێ گومان داخیش لە ئێمە چاکتر مەولەوی ناسیوە و پلە و پایەی بەرزی وێژەیی و زانیاریی مەولەوی بۆ دەرکەوتووە، ئینجا بۆ ئەوە بزانین کە مەولەوی لە روانگەی داخییەوە چۆن پیاوێ بووە و چ شەخسییەتێکی ئەدەبی و عیلمی هەبووە، پارچە هۆنراوەییێکی داخی کە بۆ مەولەوی هۆناوەتەوە و لەو پارچەیەدا ستایشی کردووە لێرەدا لەگەڵ وەرگێڕراوەکەیا ئەهێنین.

---

(1) لە گەورە پیاوانم بیستووە کە شێخ عەبدوڵڵای داخی دانیشتووی گوندی (خەرپانی) بووە. خەرپانی کەوتووەتە نێوانی شاری هەڵەبجە و شاری تەوێڵێ لە مەڵبەندی (هۆرامان) بە شێخ عەبدوڵڵا مەلا عەبدوڵڵاشیان وتووە، مەلا رەسووڵی خەرپانی کە دانیشتووی شاری (کۆیە) بووە لە بنەماڵەی داخییە، کە وابوو بەپێی ئەم ریوایەتە دوکتۆر فوئاد مەعصووم لە بنەماڵەی گەورە و بەناوبانگی داخییە، چونکە مەلا رەسووڵ باپیری دوکتۆر فوئادە.

داخی لەو پارچە هۆنراوەیەدا چەن هۆنراوە لە چەن پارچەی جۆر بەجۆر لە هۆنراوەکانی مەولەوی بۆ نیشاندانی بەرزییەتی پلە و پایەی مەولەوی تەزمین کردووە و پایەی بەرزی هونەری شیعریی و توانایی بەیانی مەولەوی بە چەشنێکی بێ وێنە دەرخستووە.

مەولەوی پارچەی ناوبراوی بە پارچەیێك کە بە "پۆی خەیاتەی فەرد" (٤/پ) دەس پێ ئەکا، وەڵام داوەتەوە.

هۆی هۆنینەوەی ئەو پارچە هۆنراوەیە لەلایەن داخییەوە ئەوە بووە کە مەولەوی ماوەیێك دەس لە شیعر وتن هەڵئەگرێ و خۆی بە سەیر و سلووکی سۆفییەتییەوە خەریك ئەکا، داخی کە لەو کارەساتە ئاگادار ئەبێ ئەم پارچە هۆنراوەیە ئەهۆنێتەوە و ئەینێرێ بۆی.

مەولەوی دوای خوێندنەوەی پارچەکە تێئەگا کە داخی بە گۆشە و کینایە گەیاندوویە کە پێی ناخۆش بووە دەسی لە شیعر وتن هەڵگرتووە، ئینجا بەو پارچەیە کە لەسەرەوە ناوبرا وەڵامی داخی ئەداتەوە و دووبارە دەسی کردووەتەوە بە شیعر وتن.

**لە وەرگێڕانی پارچەکەی داخیدا هەوڵم دا ـ تا ئەو جێگایە وەزن و قافییە ئیزن بدا ـ ساختمانی هۆنراوەکانی داخی تێك نەدەم، بۆ ئەوە جوانی و ناسکیی ناوەڕۆکی پارچە هۆنراوەکەی داخی بپارێزرێ، لە لایێ تریشەوە ئەو وەرگێڕاندنە ببێتە هۆی دانەدواوەی بیروباوەڕی ئەو کەسانە کە کوردی نازانن و ئەڵێن: شێوەی (گۆرانی) یان (هەورامی) یەکێ نییە لە شێوە کوردییەکان بەڵکە زمانێکی سەربەخۆیە و یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکان.**

## شیوەنی (داخی) بۆ (مەولەوی)

دڵە با وەس بۆ! دڵە با وەس بۆ

هۆشیار بە، وادەی مەستیت با وەس بۆ
زەمامەت با وەس وە دەس هەوەس بۆ
وەس فامت نە فکر کەردەی عەبەث بۆ
باوەس خەیاڵت خەیاڵ خاڵ بۆ
وەس حاڵت پەی زوڵف زووخاڵ بەدحاڵ بۆ
وەس وە تەمای وەصڵ نازک نەوهاڵان
سەرمایەی عومرت بدەر وە تاڵان
بدیە! هامدەردان، هامفەردان مەشق
نازک خەیاڵان دەروون دەریای عەشق
گردین بەو خەیاڵ نازک کەردەوە
بەو بار لەبان ئەندۆ وەردەوە
هەریەك وە تەمای یەك نەوهاڵێوە
وە پەژارەی خەم یەك بووم لاڵێوە
مەزەی بادەی ناب حەقیقیی چەشتەن
نەی وارگەی پڕشووم ناکام گوزەشتەن
خاڵیی بی یاگەی نازک خەیاڵان
بێ مەدداح مەندەن نۆ نوختە خاڵان
مەیخانە خاڵیی، مەیخواران بێ شەوق
بادەکەش ماتەم، بادەنۆش بێ ذەوق
زیاد جە گردین شای سینە صافان
مەخدوومی (مەعدووم) مەولەویی جافان
جادار رەویەی بێساران بی
صاحێب تەریکەی (هادی ژانی) بی

ئەشعار (یوسف) ئەبیات (خانا)
جە خەیاڵ خاصیش وە هیچ مەنمانا
فیردەوسی مەضموون مەلاکەی گۆران
ئەبیات (تورکە) ی مەدداح بۆران
واتەی (واچێوەند) (خانا) ی دڵ خەمین
فەرموودەی (شەفیع) دەروون ماتەمین
ئەبکار ئەفکار (صالحی) کەردە
ئەبیات (بەننا) نەجەف پەروەردە
بێ نموود جە فیکر خەیاڵ خاصیش بین
بێ وجوود جە لای خاصان ناسیش بین
وادەی موناجات (قاضي الحاجات)
وە کزەی دەروون صیدق دڵ هەر سات
ئی دانەی نەفیس شەفافتەر جە لاڵ
مەسفت وە سەرنووک قەڵەم خەیاڵ:
((یا جەگونای من کەرەم ئاوانتەر
ڕەحمەت جە تاوان من فراوانتەر
هەر تۆنی وە تاق داناو تەوانا
تۆم هەنی، هەنیی وە کێم بۆ هانا؟))
نە فەسڵ فیراق وە سەد زاری و دەرد
ئی لاڵە نە گەنج خاتر بەر ماوەرد:
((بە وردەزامدا دڵ تاقەت بێزا
هەر چیم بێ یەکسەر وە چەمدا ڕێزا
تاقەت بی وە هوون جە سەختیی زامان

تك تك چەنی هەرس رێزا وە دامان))
نە وەخت فیراق خاتر ناشادیی
وەی چەند بەیت مەواست گەردن ئازادیی:
((من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردە بۆ.
سەگ ئاسانەت بێدار کەردە بۆ
یا ناستەبۆ سەیل دیدەم نەفەسێ
نەسیم گەرد رات بەرۆ پەی کەسێ
جەمینت زەحمەت نیگام کێشا بۆ
کەف پات وە خار موژەم ئێشا بۆ
یا خەیر تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ
نێش خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ
یا مەڕدەبۆت دڵ دێوانەی دلگیر
جە تیرئەندازی کەردەبۆت تەقسیر
تۆ بویەر جە من، من زوو ویەردم
وە هیمەت هەزار مەحروومیت وەردم))
چون وادەی هەوەس بادەی حەقیقی
ماماش نە خاتر جیلوەی تەحقیقی
تەنخوای وە مەی مەیخانەی باقي
ئی دانە مەدا شاباش ساقي:
(( یاران ویەردەن نۆبەمەن دەی، دەی!
ئیسە وەکارەن– ساقی!– نەشئەی مەی
سا دەی تای دوگمەی یەخەی دڵپەسەند
ئازاد کەر چون دڵ بێ دەردان جە بەند

پەشـــێوکەر لانـــەی دڵان جـــە ســـەردا
گۆشـــەی عەرەقچـــین بـــاوەر بـــە وەردا
مايیـل بـۆ کـەمێ ئـەو ئـەو گۆشـەی چـەم
گۆشەی چەم ئەو جام، جام ئەو ئەهل خەم
دەورت گـــەرد جـــەور دەوران دۆ وە بـــاد
نـاز واچـۆ: بنـۆش! غەمزەکـەت: نـۆش بـاد!))
وادەی ئـــارەزووی دیـــدەی جـــەمین گـــوڵ
چـون واز مەکـەرد قوفـڵ سـندووقخانەی دڵ
ئـــی لۆلـــۆی ناســـفت پەســـەند خاســـان
پەیـدا کـەردەی سـەعی بـێ شـۆی غەوواسـان
مەوســت ئـــەو ســـەحرا پـــەرێ حـــەککاکان
تـا بـۆ وە زینـەت جەرگـەی دڵ پاکـان:
((بالآخانـــەی چـــەم دیوانەکـــەی تـــۆ
بانـــەناو وەگـــڵ ئاســـانەکەی تـــۆ
تکـەش عـاجز کـەرد خـەیاڵت تێشـــدا
ئـــازیز بـــۆ جـــارێ پـــا بنیـــە پێشـــدا))
تـــەعریف تفـــەنگ خـــاڵۆی هیجرانبـــار
وەی دوو فـــەرد مەکـــەرد نەعاڵـــەم ئیزهـــار:
((خـــاراو خانانتـــاق قـــووڵ و لـــوول وەردە
چـــون نیگـــای دڵبـــەر هـــەزارە کـــەردە
دروسـتی و هەڵمـەت: قـەزا و خـەیاڵ تـەور
نـار و ناڵـە و دوود: بـەرق و رەعـد و هـەور))
بدیـــە مەولـــەوی وەی خەیاڵـــەوە

وەی گشـــت جـــەواهێر دانـــە و لاڵـــەوە
دیت چەنیی کوورەی دەروونش کەرد سەرد؟
چـون پـای خـەیاڵان نـازك گـردش مـەڕد؟
غـــەیووریی مەعشـــووق حـــەقیقی حـــازر
وە نـــیم تەجـــەللا نـــە صـــوورەی زاهـــیر
ئینســـافەن وەســـەن هـــەرزەی بـــێ مایـــە
وەس عەبـــەس عـــومرت بـــدەر وە زایـــە!
بـــێ بەدەڵـــەن عـــومر، بـــافتش هـــەر پاسـەن
بـاختش پـەی مەعشـووق بـێ بـەدەڵ خاسـەن.

## وەرگێڕاوی پارچە هۆنراوەکەی داخی

دڵـــە بـــا بـــەس بـــێ، دڵـــە بـــا بـــەس بـــێ!
وریـــا بـــە وادەی مەســـتیت بـــا بـــەس بـــێ
زەمامـت بـا بـەس بـە دەس هـەوەس بـێ بـەس
هۆشـــت لـــە لای کـــردەی عەبـــەس بـــێ
بـــا بـــەس خـــەیاڵت خـــەیاڵی خـــاڵ بـــێ
بـەس حاڵـت بـۆ زوڵـف زوخـاڵ بـەدحاڵ بـێ
بـــەس بـــە تـــەمای وەســـڵ ناســـك نـــەوهاڵان
ســـــەرمایەی عـــومرت بـــدە بـــە تـــاڵان
بڕوانـــــە یـــــاران هاوفـــــەردانی مەشـــــق
نـــازك خـــەیاڵان دەروون دەریـــای عەشـــق
گشـــت بـــە بـــاری لێـــو ئەنـــدۆو دەردەوە

بــــه ناســــكبیری و ئـــاهی ســــەردەوە
هــــەر یــــەك بـــه تــــەمای نەوهالێكـــەوە
بــــه پــــەژارەی خـــالّ لیّـــو ئالیّكـــەوە
شــــەرابی عەشـــقی یــــەزدانیان نۆشـــی
لـــه ناكـــاو چـــاویان لـــەم دنیـــا پۆشـــی
خـــالّی بـــوو جێگــــەی ناســـك خــــەیالآن
بــــەبێ مــــەدداح مـــان نـــۆ نوختــــەخالآن
مەیخانـــه خـــالّی مەینۆشـــان بـــێ شــــەوق
بـــادەگێڕ ماتــــەم، بـــادەنۆش بـــێ زەوق
لـه هـەموو بـانتر شـای سینەسـافان مەخـدوومی
(مەعــــــدووم) مەولـــــــەوی جافـــــــان
جێگــــری رەویــــەی (بێســــارانی) بـــــوو
خـــاوەن تەریكــــەی (هــــادی ژانـــی) بـــوو
شـــیعری دلّـــڕفێن (یوســـف) و (خانـــا)
لـــه بـــیروردی ئـــەو هـــیچ نـــەیبوو مانـــا
(فیردەوســـی) مـــەزموون (مەلاّ)كـــەی گـــۆران
ئـــەبیاتی توركــــه (مـــــەدداح)ی بـــۆران
واتــــەی (واچـــێوەند)، (خانـــا)ی دلّخــــەمین
فــــەرموودەی (شــــەفیع) دەروون ماتــــەمین
بـــیری (صــــالحی) لۆلـــۆی بـــاو ســــەدەف
ئەشـــعاری (بــــەننا) پـــەروەردەی نەجـــەف
بێبایــــەخ لـــه چـــاو خــــەیالّ خاســـیی بـــوون
بێبـــایی لــــه لای خاســـان ناســـی بـــوون

کـــاتی موناجـــات (قاچــــی الحاجـــات)

بـــەکزەی دەروون پـــاکیی دڵ هـــەر ســات
ئـــەم دانـــە جوانـــەی شـــەفافتر لـــە لاڵ
ئـــەسمی بـــە ســـەرنووک قەڵـــەمی خـــەیاڵ
ئـــەی لـــە گونـــای مـــن کـــەرەم ئـــاوانتر
ڕەحمـــــەت لـــە تـــاوان مـــن فـــراوانتر
هـــەر تـــۆی بـــە تـــەنیا زانـــا و توانـــا
تـــۆم ببـــێ ئـــیتر بـــە کـــێم بـــێ هانـــا؟
لـــە وەختـــی دووریـــی لـــە دڵ پـــڕ شـــەرەر
ئـــەم دوڕەی لـــە گـــەنج بـــیر ئەخســـتە دەر
بـــە دەم زامانـــدا تاقـــەت دڵ دەرچـــوو
لـە چـاو هاتـە خـوار یەکسـەر هـەر چـیم بـوو
تاقـەت بـوو بـە خـوێن لـە سـەختیی زامـان
تـــك تـــك لەگـــەڵ هـــەرس ڕژا بـــە دامـــان
لـــە کـــاتی دووریـــی و خـــاتر ناشـــادی
بـــەم جـــۆرە ئـــەی خواســـت گـــەردن ئـــازادی
مـــن شـــەوێ ناڵـــەم جۆشـــی هێنـــابوو
ســـەگی ئاســـانەت پێـــی بـــێ خـــەو مـــابوو
یـــا نەیهێشـــتبێ ســـەیلی چـــاو جـــارێ
تـــۆزی پێـــت شـــەماڵ بێنـــێ بـــۆ یـــارێ
ڕووت ڕەنجـــی نیگـــای منـــی کێشـــابێ
ژێـــری پێـــت بـــەخار مـــوژەم ئێشـــا بـــێ
وەشـــاندبێتت بـــە دڵ مـــەزەی مـــەرگ

نێشی خەدەنگت دابێ لە نێو جەرگ
شکاندبێتت دڵی دێوانە
کەم کردبێتت بۆ تیر نیشانە
تۆ لێم ببوورە من زوو بووردم لێت
نەکا نەکەوێ ئیتر چاوم پێت
کاتی ئارەزووی بادەی حەقێقی
ئەهاتە بیری جیلوەی تەحقێقی
باتی بایی مەی مەیخانەی باقی
ئەم دانەی ئەکرد شاباشی ساقی
یاران هەموو چوون نۆدەمە دەی دەی!
ئێستە بە کارە ساقی! نەشئەی مەی
سا دەی تای دوگمەی یەخەی دڵپەسەند
ئازاد کە وەك دڵ بێدەردان لە بەند
پەشێو کە لانەی دڵان لە سەردا
گۆشەی تاقیەکەت بێنە بە بەردا
مایل بێ کەمێ ئەو بۆ گۆشەی چەم
گۆشەی چەم بۆ جام، جام بۆ ئەهلی خەم
دەورت گەردی جەور گەردوون دا بە باد
ناز بێژێ: بنۆش! غەمزەکەت: نۆش باد!
وەختی ئارەزووی دینی ڕوومەت گوڵ
ئەی کردەوە قوفڵ سندووقخانەی دڵ
ئەم مرواریيەی پەسەندی خاسان
دۆزراوەی هەوڵی زۆری غەوواسان

ئەخستە بازاڕ لە بۆ حەکاکان

تا بێ بە زینەت جەرگەی دڵپاکان

باڵاخانەی چاو دیوانەکەی تۆ

با نە ناو گوڵ ئاسانەکەی تۆ

تکەی یاسی کورد خەیاڵت تێیدا

ئازیز بێ جارێ پێ بنێ پێیدا

چاکی و چالاکیی تفەنگ خالۆی

بەم جۆرە جوانە تاریف ئەکرێ بۆی:

خاراو خانان تاق قووڵ و لوول خواردوو

وەك نیگای دڵبەر هەزارە کردوو

دروستی و هەڵمەت: قەزا و خەیاڵ تەور

نار و ناڵە و دوود بەرق و رەعد و هەور

بڕوا مەولەوی بەو خەیاڵەوە

بەو گشت جەواهیر دانە و لاڵەوە

دیت چۆن کوورەی مەیل دەروونی سەرکرد

چۆن پای خەیاڵان نازکیی کرد ورد

غەیووریی مەعشووق حەقیقی حازر

بە نیم تەجەللای سوورەتی زاهر؟

ئینسافدە بەسە، هەرزەی بێ مایە!

بەس بکە عومر بێهوودە زایە

بێ بەدەڵە عومر هەروایە بافتی

بکرێ بۆ مەعشووق بێ بەدەڵ باختی

# ساختمانی شێوە - کوردی ئەدەبیی گۆرانی

زمـانی کـوردی کـە ئێسـتاکە بـە پێـنج شـێوەی: کرمـانجی ژووروو، کرمـانجی خواروو (سۆرانی)، گـۆرانی (هـەورامی)، لـەکی (کـەلهوڕی) و لـڕی دابـەش ئـەکرێ، مێژینەیێکی کۆنی لە ئەدەبی شیعریدا بە هەموو شێوەکانی هەیە. کۆنترین مێژینەی ئەدەبی شیعری زمانی کوردی پـاش داهـاتنی ئیسـلام کـە لەدەسـدایە، بـە شـێوەی گۆرانییە کە لە سەرەتای داهاتنی ئیسلامەوە تا سەدەی سێزدەهەمی کۆچی زمـانی ئەدەبی ناوچە ناوەندی و باشوورییەکانی کوردستان بووە.

ئەگەر بە وردی لە هەموو شێوەکانی ئێستای زمانی کوردی بکۆڵینەوە، بۆمـان دەرئەکـەوێ کـە شـێوەی گـۆرانی لـە هـەموویان ریشـەدارتر و بناغـەدارترە چـونکە ساختمانی زۆرتری وشەگەلی شێوەکانی تر بـە بـێ ئـاڵوگۆڕی دەنگـی یـا بـە کـەمێ ئـاڵوگۆڕی دەنگییـەوە، ئەگەڕێتـەوە سـەر شـێوەی گـۆرانی، تەنانـەت دوو شـێوەی ئێسـتای لـەکی و لـڕی لـەم سـەدە دواییانـەدا بـە بۆنـەی شـوێن لەسـەرکردنی دەراوسێیەتی زمانی فارسییەوە لە شێوەی گۆرانی جیا بوونەتەوە.

زمانی هەر نەتەوەیێك بە زمانی وتووێژ و زمانی وێژەیی واتە زمانی خوێنـدن و نووسـین دابـەش ئـەکرێ. زمـانی وتوویـژ زمـانی زکمـاکی هـەموو چـینەکانی ئـەو نەتەوەیە کە ئاڵوگۆڕی ژیانی کۆمەڵایەتییان ئەبێتە هۆی گۆڕانی زمانەکەشیان. ئـەو گۆڕانە کە بریتییە لە گۆڕانی دەنگی و ڕێزمـانی، لـە درێـژەی ڕۆژگـاردا زمانەکـە بـە شێوەگەلێك بەش بەش ئەکا بە چەشنێ کە تاکەکانی هەر شێوەیێك کەمتر لە زمانی تاکەکانی شێوەیێکی تری ئەو زمانـە تـێ ئەگـەن. لـەم حاڵـەدا ئـەگونجێ پێکهـاتنی فەرمانڕەواییێك لە مەڵبەندی یەکێ لە شێوەکاندا ببێتە هۆی ئەوە کە ئـەو شـێوەیە

بکرێتە زمانی خوێندن و نووسینی گشتی و شێوەکانی تر هەر بە زمانی وتووێژ بمێنێتەوە و ئەشگونجێ کە زانایان و ئەدیبانی هەریەکە لە شێوەکان، زمانێکی ئەدەبی لە شێوەکەی خۆیان بهێننە دی، دیارە ئەمەش لە حاڵێکدایە کە فەرمانڕەوایەتییێکی گشتی بۆ ئەو گەلە پێك نەهاتبێ. وێنەی گونجانی یەکەم وەك شێوە زمانی فارسی خۆراسان کە بە هۆی پێکهاتنی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکانەوە، بوو بە زمانی خوێندن و نووسینی هەموو هۆزە خاوەن شێوەکانی تری ئێرانی. وێنەی دووەم وەك زمانی کوردی کە لەبەر نەبوونی فەرمانڕەوایەتییێکی گشتی، زانایان و وێژەوانانی هەر یەکە لە شێوە کوردییەکان زمانێکی ئەدەبییان لە شێوەکەی خۆیان هێنایە دی.

زمانی ئەدەبی کە زمانی خوێندن و نووسینە نابێ ناڕێکیی ڕێزمانی تێدا هەبێ چونکە ئەو ناڕێکییە ئەبێتە هۆی سەرلێشێوانی خوێنەر لە مەبەستی نووسەر لە مانا و مەزموونی نووسراوەکە، بەڵام زمانی وتووێژ ئەگەر ناڕێکیی ڕێزمانیشی تێدا هەست بکرێ، بیسەر بە بۆنەی ڕێ و شوێن و نیشانەگەلی دیاری لە مەبەستی وێژەر لە مانا و مەزموونی وتەکەی، تێ ئەگا. کە وابوو پێویستە زمانی ئەدەبی ڕێك و پێك کراوی زانایان و ئەدیبانی ئەو زمانە بێ و ڕێزمان و ڕێنووسێکی جەم و جۆری بۆ دابنرێ تا لە ناڕێکیی و ناکۆکی بپارێزرێ.

زمانی کوردی لەبەر ئەوە لە سەرەتای داهاتنی ئیسلامەوە تا ئێستا –گەلی کورد، م، ع، ق– فەرمانڕەوایەتییێکی گشتی نەبووە، زمانێکی ئەدەبیی سەرتاسەریشی بۆ دوروست نەکراوە کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەبەر و گشت زانایان و ئەدیبانی هەر یەکە لە شێوەکان بەکاری بهێنن، بەڵکە هەر یەکە لە ئەدیبانی کورد لە شوێنەوارە شیعرییەکانیاندا، شێوە ناوچەییەکانی خۆیان بەکار بردووە بە چەشنێك کە ئێستاکە زمانی کوردی بە هەر پێنج شێوەکە، شوێنەواری شیعری هەیە. بەڵام شوێنەواری کۆنی شیعری شێوەی گۆرانی لە شیعرە کوردییەکانی تر زۆرترە. ئەوەش لەبەر ئەمەیە کە ئەو شێوەیە نزیکەی هەزار ساڵ زبانی شیعری وێژەوانانی کوردستانی باشووری بووە و سەدان شاعیری بەناوبانگی

کورد شیعریان پیێ وتووه و تا ڕادەیێك لە زمانی وتوویژ جیا بووەتەوە. ئەو شتانە کە بوونەتە هۆی جیابوونەوەی شێوە ئەدەبی گۆرانی لە شێوەی وتوویژ ئەمانەن:

١– لە شێوەی وتووێژدا نیشانەی ریشە دوو جۆرە، جۆری یەکەم بریتییە لە نیم موسەوویتی ی/y/ لە دوای دەنگی ا/ā-/ ی نیشانەی رۆژگاری رابووردووەوە، وەك: ئامای /ʼāmā-y/ (هاتن)، لوای /liwā-y/ (چوون)، گرەوای /girawā-y/ (گریان). جۆری دووەم بریتییە لە کۆمەڵە دەنگی ەی/ay-/ لە دوای دوو دەنگی د/d/ و ت/t/ی نیشانەی رابووردووەوە، وەك: بەردەی /barda-y/ (بردن)، گرتەی /girta-y/ (گرتن). لە شێوەی ئەدەبیدا هەموو جۆرە ریشەییێکی شێوەی گۆرانی و شێوەی کرمانجی خواروو بەکار ئەبرێ. برێ جار ساختمانی ریشەی فارسیش بەکار ئەهێنرێ وەك: کەردەن /kard-an/ (کردن)، مەردەن /mard-an/ (مردن).

٢– لە شێوەی وتووێژدا هەندێ لە کردەوەگەلی رابووردوو و ئاوەڵناو و زەمایر و ناوگەلێ کە بۆ نەوعی مێ[1] بەکار ببرێ بە نیشانەگەلێك لە نەوعی نێر[2] جیا ئەکرێنەوە، بەڵام لە شێوەی ئەدەبیدا زۆرتر، ئەو نیشانەگەلە بەکار نابرێن و جیاوازییێکی لەفزیی لە نێوان نێر و مێدا نییە. ئەو نیشانەگەلە ئەم سێ نیشانەیەن کە لە دوای ناو و ئاوەڵناو و هەندێ لە زەمایر و ناوی ئیشارە و هەندێ لە کردەوەگەلی مێیەوە ئەهێنرێن: ە/a/، یٚ/ē/، ی/ī/. وەك: گاوە /gāw-a/ (گای مێ)، واڵێ /wāḷ-ē/ (خوشك)، ژەنی /žan-ī/ (ژن).

٣– لە شێوەی وتووێژدا زۆرتر نیشانەی کۆمەڵ موسەوویتی یٚ/ē/-یە کە ئەلکێ بە دوای ناوی موفرەدەوە، وەك: کورێ /kur-ē/ (کوڕان)، ژەنێ /žan-ē/ (ژنان)، پیایێ /piyā-y-ē/[3] (پیاوان)، ئەسپێ /ʼasp-ē/ (ئەسپان). لە شێوەی ئەدەبیدا زۆرتر نیشانەگەلی کۆمەڵی شێوەی کرمانجی خواروو بەکار ئەهێنرێ کە

(١) مەبەست لە نەوعی مێ، حەقیقی و مەجازییە.

(٢) مەبەست لە نەوعی نێر، حەقیقی و مەجازییە.

(٣) پیایێ /piyā-y-ē/ لە وتووێژدا ئەبێ بە پیێ /piy-ē/.

بـريتين لـه ان /ān'/، گـەل /gal-/. وەك: كـوڕان /kuṛ-ān/ (كوڕگـەل)، ژەنـان /žan-ān/ (ژنگەل)، كۆگەل /kō-gal/ (كێوگەل)، بزگەل /biz-gal/ (بزنگەل).

٤– لـە شـێوەی ئەدەبیـدا بـە پێـی نیـازی شـاعیر بـۆ ڕێكخسـتنی وەزن و مانـای هۆنراوە، ناوگەل و ئاوەڵناوگەلی فارسی و عەرەبی زۆرتر بەكار براون.

٥– لە شێوەی وتووێژدا، زەمایێری ڕابیتی زەمـانی حـاڵ بـریتین لـە: (نـان، نـا) /nān, -nā-/، (نـی) /nī-/، (ەن، ن) /an, -n-/، (نمـێ) /nimē-/، (نـدێ) /nidē-/، (نێ) /nē-/. بۆ موفرەد و كۆمـەڵی نێـر. لـە مێـدا تـەنیا زەمـیری ڕابیـتی سێیەم كەسی موفرەد نیشانەی تەئنیسـی هەیـە و ((نـە /na-/)) ئـەوترێ. لێـرەدا پێویستە بزانین كە سەوتی ن/n لە سەرەتای ئەو زەمیرانەوە نەخشی فاسیلی هەیە و جـوزئی سـاختمانی زەمـیر نییـە. لـە شـێوەی ئەدەبیـدا زۆرتـر زەمـایێری ڕابـیتی شێوەی كرمانجی خواروو بەكار ئـەبرێ كـە بـریتین لـە: م /im, -m-/، ی/ī، ە/a-. ین /īn, yn-/، ن/n-، =ن/in-.

٦– لە شێوەی وتووێژدا ئەگەر موزاف ئیلەیهی زەمیری موتتەسیل نەبێ، نیشـانەی موزاف یەكێ لە دوو سـەوتی: ((و/u-)) و ((و/w-))ە و نیشـانەی مـوزاف ئیلـەیهی یـەكێ لـە دوو سـەوتی: ((ی /ī/)) و ((ی /y/))ە وەك: یانـەو فـەرهادی (خـانووی فەرهاد)، دەسو فەرهادی (دەسی فەرهاد)، پاڵاو پیای (كەوشی پیاو). بەڵام ئەگـەر موزاف ئیلەیهی زەمیری مونفەسیل بێ تەنیا موزاف نیشانە ئـەگرێ وەك: یانـەو مـن (ماڵی من)، وە ئەگەر زەمیری موتتەسیل بێ هیچكام لەو دوو نیشانەیە ناگرێ وەك: دەسم، دەسـت، دەس (دەسـم، دەسـت، دەس). لـە شـێوەی ئەدەبیـدا زۆرتـر ئـەو قاعیدەیە بەڕێوە نابرێ بەڵكـە تـەنیا لـە دوای موزافـەوە پـیتی ((ی)) ئـەهێنرێ لـە حاڵێكدا پیتی دوایی موزاف موسـەوویت بـێ، وەك: هـەوای وەهـار (هـەوای بـەهار). مووی سەر (مووی سـەر). وە ئەگـەر پـیتی دوایـی مـوزاف، سـامیت بـێ، قاعیـدەی ئیزافەی زمانی فارسی بەكار ئەبرێ، واتە لە دوای موزافەوە ژێرێكی كـورت تەلـەفوز ئـەكرێ بـە بـێ ئـەوە نیشـانەیێكی خـەتی هـەبێ وەك: دەس = فـەرهاد (دەسـی

فەرهاد). لە تەرکیبی تەوسیفیشدا هەر ئەم قاعیدەیە بەکار ئەبرێ وەك: بالآی بەرز (بالآی بەرز) دیدەی سیاو (چاوی رەش)، گەردەن = زەرد (گەردنی زەرد).

٧- ئەگەر کردەوەی جوملە لە وتووێژدا کردەوەی تێپەڕکەری رۆژگاری رابووردووی نەقڵی یا رابووردووی دوور بێ و مەفعوولی کردەوەکەش مێ بێ فاعیلی کردەوەکە چ مێ بێ یا چ نێر بێ، کردەوەکە مێ دەرئەخرێ بەلآم ئەگەر مەفعوولەکە نێر بێ، فاعیلی کردەوەکە چ نێر، چ مێ بێ، کردەوەکە بۆ نێر دەرئەخرێ.

وێنەی ئەوە کە مەفعوولەکە مێ بێ، وەك: کوڕەکە یا کناچەکێ بزەکێش گرتێنە یا گرتێبێ (کوڕەکە یا کچەکە بزنەکەی گرتووە یا گرتوو بوو).

وێنەی ئەوە کە مەفعوولە کە نێر بێ، وەك: کوڕەکە یا کناچەکێ ئەسپەکەش گرتەن یا گرتەبێ (کوڕەکە یا کچەکە ئەسپەکەی گرتووە یا گرتوو بوو).

ئەم قاعیدەیە لە شێوە گۆرانی ئەدەبیدا کەمتر بەکار ئەبرێ. بەڵکە زۆرتر کردەوەکە بۆ نێر دەرئەخرێ.

ئەمە بوو کورتەیێك لە جیاوازییە رێزمانییەکە کە لە نێوان زمانی ئەدەبیی گۆرانی و زمانی وتووێژدا ئەکەوێتە پێشچاو.

# بەشی وەرگێڕاو بۆ سۆرانیی

1

١. پەشێو وەکو خۆم نیشتبووم خجل
دیم شادی ناگا دای لە دەرگای دڵ
٢. وتم تۆ هەرگیز نەهاتووی وا زوو
پێکەنی و کەچی نامەی تۆی پێ بوو
٣. لە تاریکی خەت مانای ئەجۆشا
وەك ئاوی ژیان دڵ خاس ئەینۆشا
٤. ئاخ هێزی زەوی دەروونم کەم بوو
بوولی سووتاوم سەرەڕێی خەم بوو
٥. وەرنە ئەو شەونم وا ئەباری لێی
جیلوەی بەهەشتی ئەبوا بدا پێی
٦. فەرمووبووت: ئازیز جەمین جام جەم
وەهایچە نیە تۆ دیوتە بە چەم
٧. نرخی کالاکەی زیاتر ئەنوێنێ
سەد گیان لە فلسێ زۆرتر ناهێنێ
٨. بەڵێ تا رۆژم، بۆ ئەوە وەك شەو
شەوقە بۆ جەبهەی سوبحی خەندەی ئەو
٩. تا بە مشار دەرد دڵم شانەیە
زەریفتر تورەی دانە دانەیە
١٠. تا سووتەی بالای من وسمە وەشە

ئـــەبرۆی ئـــەو جـــوانتر کـــەوانی و ڕەشـــە
١١. تـا مـن دووی سـووتاو جەسـتەم لەسـەرە
جـــەلای ئایەنـــەی ئـــەو حـــەدەو دەردە
١٢. ئـای بەرەحمـەت بـێ تـۆ چـیت وتـووە
مـــەرجاران کـــەم بـــوو ئیسـتا زۆر بـــووە!
١٣. ئـەر لـە چـاوگەی زام دڵـم ئـەت ڕوانـی
ئـــەتزانی ئـــەو زات ئـــەو وســـفی جـــوانی
١٤. ئەو ڕاز و ئەو ناز، ئەو قەوس ئەو خـەدەنگ
بـــووە و هـــەر ئـــەبێ، نـــاگۆڕێ لـــە ڕەنـــگ
١٥. حـــاڵی دەســـەمل بـــە ئیســـتقباڵە
ئیســـتقبال لەگـــەل مـــازیی یـــەك حاڵـــە
١٦. بـــارێ دڵ، ئـــاوا بەخشـــت وێرانـــەس
تاوانـــت نیـــە هـــەقت هـــا وەدەس
١٧. دڵ تفـلـێ و ئـــازیز هـــەر ڕۆژ لـــە شـــانێ
هـــەر تـــاوێ تـــەرزێ هـــەر ســـات نیشـــانێ
١٨. گـا وەك ئەسـتێرەی تـاریکی سـەحەر
گـا مـانگ گـا وەك خـور ئەداتـە نـەزەر
١٩. گـا بـە بێسـتوون هەسـتی بینـاوە-
حوسـنی بـەو گوڵگـوون خـۆش ئیسـتغناوە
٢٠. دەسـی شـیرینیی دێنێتـەوە یـاد-
فـەرهادیی لـە تـاق، فەرقەکـەی "فـەرهاد"
٢١. گـا چـەرخی دیـدەی سـەد لـەیلێ فـرۆش
کـــوورەی ئـــاوری نـــاز، دێنێتـــە جـــۆش

٢٢. تا بۆی حەرارەت مەوجی دەریای دەرد
مەجنوون وەکو تەم بدا هەردە و هەرد
٢٣. خالۆ! بۆ جەلال ئەر کارسازییە-
وادەی تەجەللای تیر ئەندازییە-
٢٤. بیسمیلا ئەوە تیری پەرداری
ئەمەش نیشان تەن پێکراو سەد جاری
٢٥. کاتێ رەنگ کا خوێن تازە، دامانم
ئاو ئەزێتە دەم کۆنە زامانم
زامی تەن بە تیر بەڵای زیاتر
رێی ئامۆ و شۆی دڵ بۆ لای زیاتر

2

پای شادیم دیسان ماران گەستەوە
لە کاسێڵەی چاو، ژار تۆی بەستەوە
سەنەم پەرەست نیم، من "سەمەد" ناسم
دووی کوورەی دەروون لە شیوەن راسم
ساقی! مەی هەی داد موغەنی! دەنگێ
دەروێش های فەریاد موتریب ئاهەنگێ
گەرمی مەی، نەوای کزەی دەف و نەی
تێکەڵ بێ لەگەڵ زایڵەی "وەی وەی"
بڵێن چ وادەی نشینگەی تەنگە
یاران چاوەڕێن برا! درەنگە

هـــــەموو تـــــەدارەك "بەغـــدا"یان جەمـــــە
وادەی زیـــــــارەت "غەوســــــولئەعزەم"ە
بـــێ تـــۆ بـــەو خوشـــوع دەس بـــە دوعـــاوە
کـــێ گەردەنکـــەچ بـــێ بـــەو بارەگـــاوە؟
دەخیـــــل جەماعـــــەت بـــێ ئیمامەتـــــە
ئیمامـــــەت ماتـــــەم بـــە بـــێ "قامەتـــــە"
گۆشـــەی تـــای هینـــدی مەنـــدیل بێگـــەرد
مایيـــل کـــە بـــە لای ســـای گـــەردنی زەرد
قیـــام دە بـــە بـــەژن ئـــەو قـــەد و قامـــەت
قیامـــــەت ســـــازکە لەگـــەڵ "قەدقامـــــەت"
هاودەمـــــان جـــەمن بـــۆ شـــادیت لێـــرە
بـــۆ نـــایێ دەنگـــی شـــادیت، چ خێـــرە؟!
چ خـــەیرە "شـــادی"ت پـــڕە لـــە ماتـــەم؟
چ خـــەیرە "مـــەجلیس" پـــڕ بـــووە لـــە خـــەم؟
مـــــەیلت لەگـــــەڵمان ســـــاردە یـــــەکجاری
یـــا دووربـــا ژار مـــار لێـــت بـــووە کـــاری؟!
ڕۆ! لـــە بـــۆ ئـــەو مـــەیل ڕێـــی خوداییـــت ڕۆ
ڕۆ بـــۆ وەفـــا و شـــــەرت ئاشـــــنائیت ڕۆ
داد بـــۆ ئێشـــی ســـەخت مارگەســـتن کاریـــت
داد بـــۆ دەردی ســـــەر ئـــێش نادیاریـــت
ئـــای تـــۆ کـــە نەتـــدی کـــام لـــە بـــووکی نـــۆ!
تـــا بـــووکی ئەڵحـــەد بـــوو بـــە هـــاودەم تـــۆ
لـــــە نێشـــــی ددان پـــڕ لـــــە ژاری مـــــار

خاتری نازدار خوت مەدە ئازار
غەریبیت زیاد لە سەعادەت بوو
شەهادەت هاودەم بە سیادەت بوو
تۆ نۆ گوڵی باغ موستەفەوی بووی
گەنجی خەزانەی مورتەزەوی بووی
گوڵ عادەتییە بە بێ خار نابێ
رەویەی گەنج وایە، بە بێ مار نابێ
ئەم رەسوول ئەمڕۆ شەوقت داش پەرواز
بە ناز و ئیعزاز، قەدری تۆی کرد ساز
هیوایە سبەی لەو گەردەلوولدا
گوزەرکەی لە ژێر سای ئەو رەسوولدا

3

ئارەزووی ئازیز لێمی سەرداوە
لە هەردی دەروون گڕی بەرداوە
تاقەت بوو بە خوێن لە سەختی زامان
تك تك لەگەڵ هەرس رژایە دامان
خەم لە هەر جۆی خوێن سارای دڵ جەم جەم
چنی بار وەك فەوج قافڵەی عەجەم
هەر بە زۆر ماوە نیم نەفەس باقی
وادەی دەورتە هانا های ساقی!
دەورێ دە بە ناز بە پیاڵەوە

ژەنگی دڵ بە جام مەی بماڵەوە
بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر "عەزیز"ە
مەزەی تامی خەم یاران لەزیزە
بگەرە فریام لە جێ گشت کەسم !
مەیێڵە ئەو لەزەت دەرچێ لە دەسم
ئەحیام کە بەو جام، پێم دە کەمێ تر
بەڵکە بمێنم لەبۆ خەمێ تر

4

هاوین ها وەك من گەرمای حەملەی کرد
فەزای نەزمی بەزم نەوبەهاری برد
بووڵی شەند بە ماڵ خەمی نەوگوڵان
چەمەن ما بە بێ ناڵەی بوڵبوڵان
تای بەڕەزای شەنگ لە سای مەغاران
شێواندی وەك زلف تەعزییە داران
کاوان دڵ کاو کاو هەر وەك دڵڕێشان
هەردان قوڕبەسەر مات و پەرێشان
دووریت ئاگرێ خست لە ماڵی من
یانێ: یانەی دڵ وێرانەکەی من
هەوا ئاگرین، سەروەخت ئاگرین
دڵە ئاگرین بەدبەخت ئاگرین
بەم بڵێسەوە گەردێم باقییە

وادەی ئـــــاگرین بـــــادەی ســــــاقییە
بەشـــــقی پیاڵـــــەی مەســــتی چــــاوەکەت
بـــەو پەشــێوی چـــین پـــای کڵاوەکـــەت
بـــا بـــێ مـــەی! بەڵکـــەم ئـــاگری مەســتی
بســــووتنێ یەکســــەر خاشـــاکی هەســتی

5

هـــەر کـــە لـــە ناکـــاو دەمـــاخم تـــەم بـــوو
ســیا هـــەوری دوود لـــە کەلـــەم جـــەم بـــوو
بـــەرق و بروســــکە و تــــەم دای بـــە هەمـــدا
پلووســـکەی ســـەیلاو ئـــەهات بـــە چـــەمدا
لافـــاو بردیـــەوە هەســـتیم هەرچـــی بـــوو
دەروون پێچـــی داو دڵ لەســــەرخۆی چـــوو
زانـــیم هـــەم دیســـان دڵ کۆســـی نۆیـــە
گـــەردەلوول ئـــەکا و ئـــارەزووی تۆیـــە
جۆشـــی خواردبـــوو چـــارێکم نـــەکرد
هـــەر جـــۆر بـــوو شـــەرتێ لـــە نێـــوان بگـــرد:
نـــەك لەگـــەڵ خـــەیاڵ قیبلەکـــەم ســـاز بـــی
تـــەن بـــەجێ بێڵـــی خـــۆت بـــۆی دەربـــاز بـــی
ســـەر هـــەردە و ســـەرهەرد مەنزڵـــە و مـــەنزڵ
دڵ لـــە دووی تۆیـــە، منـــیش لـــە دووی دڵ
دیـــم بەدعەهـــدی کـــرد خـــۆی تەکیایـــەوە

تەن حەسرەتمەند بوو بەجێ مایەوە
لە بێ شەرتیی دڵ زەحمەتم سەختە
خۆت بگەینەوە، های نەسیم، وەختە !
رەحمێ کە بە حاڵ خەمان هەرزان دا
بڕۆ بڕوانە بەسەر بەرزاندا
هەرجێ وەکو بەخت دوور لە نەوهاڵان
رەش بوو، تاریک بوو لە سیماڵان
هەوای پڕ لە گێج دووی ئاخ و دەردە
ئەوە مەنزڵگەی گەردن بێ گەردە
گا گێج و سەرسام لە گرداو دا
گا نووستوو لە ناو خەفەت خاو دا
لە نەشئەی گەرمی هەوای کوورەی مەیل
چای تینیی کەم کەم لە نم بووە کەیل
وەك خۆت نەرم بە رووی نمدا گوزەر کە
بەو شنۆی فێنك دڵی خەبەر کە
بەڵام شنیان تای سەرسورمەی بێگەرد
هیچ ئازار نەدا سای گەردنی زەرد
ئەپرسێ و سەیلاو ئەسرینان تاو تاو
بڕێژە و ئەمەی پێ بدە جواو:
تەن سووتاوەکەی سەسام لە ژیوار

سفتەکەی سەرسام تەن لە ژین بێزار
دیم خەستە و کەوتوو ئەیوت جاروبار

یــه ســـهختی زهحمـــهت، یـــه دهرد موشـــكڵ

یـــه دووری ئـــازیز، یـــه بـــێ شـــهرتی دڵ

ئهجـــهڵ نـــیم رهمـــهق مـــاوه دهی بـــۆ كـــهی

پاشـــان بوختانـــت بـــۆ ئهكـــهن، ســـا دهی!

6

ئایهنـــــــهی كامــــــڵ ئـــــــازیزی تــــــهنیا

فیـــــدای هاتنـــــت، ســـــهفاییت هێنـــــا

زۆر بـــوو گـــهردی پێـــت لـــه دیـــدهم دوور بـــوو

خـــانووی چـــاو وێـــران تـــهواو خـــاپوور بـــوو

خـــاس بـــوو تهشـــریفت بـــاز هـــاوردهوه

خـــاكی پێـــت زێـــدی ئـــاوا كـــردهوه

ســـاقی! ئهمـــه بـــهزم وهســـڵی یارانـــه

چـــهرخیچ هـــهر ئـــهو چـــهرخ، هـــهرده جارانـــه

دهوری ده بــــــه نــــــاز بــــــه پیاڵــــــهوه

ژهنگــــی دڵ بــــه زاخ مــــهی بماڵــــهوه

جامێكـــت تـــۆ هـــهم بـــه ئێمـــه دابـــێ

فرســـــهته نهســـــیو نـــــهكا نـــــهما بـــــێ

## 7

فەزای سایەی عەرش دانای جەلیلە ؟

یا بارەگای پاك "سەیید خەلیلە"؟!

ئەسراری پەردەی غەیبی مەحرەم پەیك!

سایەی خودایی سەلامون عەلەیك!

کردەم نالایق ئەر بە سڵاوە

رووزەردیم موحتاج بە یەك جواوە

یەکێ لە دۆسان بە زامی نۆوە

سەری ناوەتە ئاسانەی تۆوە

مێمانی غەریو کەرەم سەراتە

موحتاج بە رێزەی سفرەی رەجاتە

کۆتایی مەکە ئامان سەد ئامان

مەڵێ هاتووە بێ تۆشە مێمان

یا خەلیل دەخیل کەی عادەت بووە

تۆشە بۆ دەرگای کەریمان چووە

8

پێشانیم هەوەس زانووی جازمە

تەعزیمی جەناب پیری لازمە

بالاّ کردیەوە مەیل بۆ لای پەستی

بچکۆلانەیە دەروازەی هەستی

"مەعدوومی"! کردەی بەدی هەزار تەرز

زانووی ئۆمێدت نەهێنێتە لەرز

ئەو کەس ئەزانێ و سڕ پۆشە ئەمڕۆ

گەورەتر لەوە سووب نەیگرێ لە تۆ

سپێریت بۆ رووی سیات سپەر بێ

کەوانیت شەفێع تیری نەزەر بێ

بنەوێ پیری و تەن ناتەوانیت

بەم دوو فەردەوە، لە دەست جوانیت:

ئەرسەد ئەزانم زۆر سەختە سزام

ناگاتە سەختیی رووڕەشی گونام

من کە خەجالەت خزمەت هاتووە پێم

جەهەننەم سەد ساڵ دۆزەخ بێتە جێم

موتریب! بێ بەداد دلگیریمەوە

پیریی ئەوا هات بە پیریمەوە

نەوات وێرانەی دڵ بکا ئاوا

لەگەڵ بەستەی فەرد "بێساران ماوا":

((ئەوە گشت لە وەخت نەزانیم بووە

وەرزی سەرمەستی و جوانیم بووە))
((ئێستا ها لە گشت پەشیمانیم برد
وادەی پیریمە، جوانیم بگرد))
((وادەی پیریمە، گەیشتوومە تۆبە
تۆبەی تۆبەمە، کەرەمدار تۆبە))

## 9

بەرزان هیلال تار، بەفران قەرار دا
غورەی مانگی شۆر دڵان دیار دا
نەسیم بە بۆی چین چنووری رووی گوڵ
سوب سەبا خێری کرد لە دەماخ دڵ
لە پرشەی شەونم لە تۆی پەردەوە
نەرگس بە مەستی چاوی کردەوە
سەوزە فەرشی خست لە چەمەن دەس دەس
گوڵان جام بە دەس بڵبڵان سەرمەس
مەکەن مەنعی من، گرانە دەردم
ئەگەر تێک چووبێ قافیەی فەردم:
فەریاد لە سوێری ئەرزی چارەی من
هەر سەوزەی مراد من نادیارە
داد لە هەوای بەد بەدستارەی من
هەر نەو گوڵاڵەی من لە پێوارە
یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش، جۆشێ!

بەو سەدای ریشەی دل ئاشناوە
یا جۆشی سەمتوور موتریب، خروشێ!
لەگەڵ ئەم دوو فەرد حەسرەت ماناوە
((بەڵ سەوز ببێ تۆم ئارەزووەکەی دڵ
های چاوە دەخیل شەوێ، شەونمێ!
بەڵ روو بنوێنێ ئەو نازك نەوگوڵ
ئاهە نەسیمێ! وادەی سوبدەمێ

1

وەرزی نەو پاییز تازەی کردۆ مەیل
رەزان زۆری کرد، رەژراو نەو سوەیل
گێجی سەرکاوان لە ساردی بوون کەیل
بۆ ئەدەن وەك بۆی بێ وەفایی لەیل
ئازیز! تاقەت چوو، ئاخر نەفەسە
رەحمێ کە ئامان ئیستغنا بەسە
بێجگە لە کزەی دەروون پڕ داخان
بۆ تۆ تەسدێعە ساردی ئێڵاخان
لە قەتارەی خێڵ دیدە سیاوان
ئاوایە باقی هەوار گەرمیان
هەر گەرمەسێر دڵ "مەعدوومی" ئەمڕۆ
وارگەی خاڵییە دیدەم! دوور لە تۆ
کۆچێ کە بە خێر مەنزڵ بە مەنزڵ
تا قەدیم هەوار گەرمیانی دڵ

نەگەیین ساقی های زۆری هێنا
وەسفی ئازیزی لە یەک کرد جیا
نادا لە چاوگەی تاری دڵەی تەنگ
بێ وەفایی دۆس، جەفا سەفا ڕەنگ
چون تەواو لە تەم غەفڵەت بووم گوم
ساقی! نەک بە جام های! بە خوم بە خوم
تا یەکسەر مایەی خاسیم بسێنێ
وەک جەماڵ، جەلال لە لام بنوێنێ

1

دەرد لە بانی دەرد ئێشی سەختیی زام
گشت لە لام جەم بوو کە تۆ بێی بۆ لام
ئای ئەمە چیت کرد تەشریفت ناورد
دەردت دا بە دەرد مەینەت زیاد کرد
ئێستاش هەر دیدەم چاو ها بە ڕاوە
هێشتا سەرخۆشم بەو تەمەنناوە
خوێندم ئەتەعنا، ڕەوایە فەرمان
دۆعای چاوەزار سەندم لە پیران
تەعویز بەند ریشەی دڵەی سەدپارەم
بەرگی پەڕەی جەرگ بە دەرد ئاوارەم
حافز بێ بە عیشق مەستان "یاهوو"
بێ پێچە لە دەور باهووی بێ ئاهو
ئەمە بە زاهیر بووەتە عادەتمان

وەرنە هەی سەرخێڵ نەوتووڵ نەمامان!
ناسکیت ئەوەند لە حەد دەرچووە
بینایی خەیاڵ رێی لێ ونبووە
سەفات خەجڵەتی داوە بە جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس خۆی بکاتە چەم
دیدەی بەد —دەردی نادیاری بێ!—
لە کوێ ئەتبینێ تالێت کاریی بێ؟

1

خۆش هاتی بە خێر ئەی بەرگوزیدەم!
بێ لە جێ مەردم جێ کە لە دیدەم
زۆرە دەرچووە لە چاو بینایی
بەڵ ئاشت بنەوە چاو و سۆمایی
ساقی ترسی دەرد دووری جەمین گوڵ
وەسڵی لێ کردووم بە زاری قاتڵ
هەر کاتێت زانی چەرخ کەڵەکی بەست
داوێنی وەسڵم بەرداوە لە دەست
سا دەی بە جامێ دڵم بکە شاد
بەڵکە رابوێرم بەزمێ بە ئازاد
لە دەس بێگانان بمبێ رەهایی
مەس بم بە شنۆی بۆی ئاشنایی

## 1

وەفای چەرخی چەپ بێ تان و پۆیە
جەفای بێ پایان، دەردی بێ شۆیە
بەدی نیکییە، نیکی بەدنامی
فامین شێتییە، شێتی پڕ فامی
سارای هیدایەت تاریک ئەبینم
ڕێی نەجات یەکجار باریک ئەبینم
ناڵەم وەکو نەی دنیای گرتە بەر
شووشەی مەی! لۆکەت لە گوێ بێنە دەر
لە تۆ: قەهقەهە و، لە پیاڵە مەی
لە ئێمە: با بێ لە ساقی: ها دەی
"مەلا" لە زۆری لەوحی بێ سادە
مەنسووخ نەزانێ حەلاڵی "بادە"
"زاهید" مایەی هۆش هیچ نەمێنێ بۆی
پەشێو بێ تەقوای وەک "میزەر"ی خۆی
من نەبم بە تەنگ نەفامییەوە
خۆم بدەم بە دەس بەدنامییەوە
دێوانە ئاسا بجۆشمەوە
بەڵاگەل وەک مەی بنۆشمەوە
شەرارەی مەستیم دەربچێ لە دڵ
بەو چرایەوە، بگەم بە مەنزڵ

## 1

دڵەی خوراو نەفس گوناه هاوردوو!

سیفەت لە رووی ژات بە پەردە کردوو!

لە رووی بێ شەرمی پەردەت بەرداوە

بیر ئەودیو پەردەت نەبوو بە لاوە

"سەتتاری" قوڕی دا بە یانەتدا

"کەریمی" شوومی دا بە شانەتدا

کردم بە عامی رەحمەتەکەی خۆی

وادەی بەزمی گەرم خزمەتەکەی خۆی

لێت بوورد، نەیزانی کەسێ بێجگە لەو

ئاخ! چی بکەم لەگەڵ پێزانینی ئەو

لەو دەمدا لە یاد کردەی بگردووم

لە خەجڵەتی سەخت بە دۆزەخ بردووم

هەر مەوبەتێکی مەلاڵەتێکە

هەر لوتفێکی بۆم خەجاڵەتێکە

هەوای خۆش نەسیم وەسڵی و حوزووری

مەسمووم بۆ من وەك شنۆی دووری

های نایی نەیێ! موتریب مەقامێ!

موغەننی تەرزێ! ساقییا جامێ!

# بەشی لێکۆڵراوە

# تیپی ((ئـ)) (هەمزە)

## پارچەی یەکەم

**تەنیا لە نوسخەی ((ئەلفدا هاتووە))**

ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم
سیوای تۆ دیدەم! کەس نەدیام وە چەم
دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ؟
تۆی دیدەیچم بۆ[١]، مەردم نمازۆ

## پارچەی دووەم

ئاخ جە ئاخ، چراخ! ئاخ پەی ئاخدارێ![1]
چون من خاتر خار، خەمبار، داخدارێ
بشیایمێ[٢] وە سەیر سەراو[٣] و چەمەن
چ[٤] ئەو چراخم، ئەو چەمەن، جەمەن[٥]
ناڵەمان کەردا چەنی بولبولان

---

-١-

(١) ئەلف: بی

-٢-

(1) ئەلف، ب، ر: ئاخ، چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ پەی ئاخدارێ

د: ئاخ، چ ئاخ؟ چراخ! پەرێ ئاخدارێ

ز: ئاخ، چ ئاخ؟ چراخ! ئاخ پەی ئاخدارێ

(٢) ئەلف، ب، د، ر، ز: بشیامێ

(٣) ئەلف، ب، د، ر، ز: سەر سەراو

(٤) ب، خ، د: جە

(٥) ئەلف، د، ر، ز: چ مەن

چـــەنی ناڵـــەیێ؟! چـــون ســـفتە دڵان—
تـــا نـــە قەفەســـدا مامـــا[1] نەفەســـێ
ئـــەوان[2] پـــەی گـــوڵان، ئێمـــەیچ[3] پـــەی کەســـێ

* لە نوسخەی ((ب))دا بە دوای دوا هۆنراوەی ئـەم پارچـەیە، هـۆنراوەییێکی تـریش هاتووە کە بۆمان راست نەکرایەوە. ئەوا هەر بە رەسمە خەتەکەی خۆی ئەیهێنین:

دیـــارنین دیـــار کیشـــو دەرد یـــار
ای یـــار بودیـــار بیـــو او دیـــار

(١) ئەلف: مانمان، ر: مەندەن
(٢) خ: مەردان
(٣) ئەلف، ب، خ، ز: ئێمە

## پارچەی سێیەم

ئارەزوومەنـــدیم جـــە حـــەد ویـــەردەن
فـــراوان خـــەیلێ تاســـەی تـــۆم کـــەردەن
قیبلـــەم! بـــەو ئەحـــەد بـــێ هـــەمتای فـــەردەن
ســـۆگەند یـــەکێوەن چـــەنی تـــۆم وەردەن
فکـــر و خـــەیاڵان، وەسواســـەی وەفـــات
دایـــم نـــە دڵـــەن نـــە رووی سەربســـات
شـــەوان تـــا وە[1] رۆ فکـــرم جـــە لاتـــەن
رۆح رەوانم[2] نـــــــەخاك پاتـــــــەن
قـــالْبم بـــێ رۆح، ئـــەروام نەمەنـــدەن
دنـــدان حـــەیات زینـــدەگیم کەنـــدەن
نامـــت چـــون ئـــەوراد ســـوبح و ئێـــواران
مـــەوانووش وەگـــەرم نـــە پـــای[3] دیـــواران
چـــەمم چـــون شـــاباز[4] وێـــڵ شـــکار بـــۆ
دایـــیم بـــاڵ پـــەرواز، نـــە ســـەر دیـــار بـــۆ-
جـــە ((ســـەر قـــەڵا))وە مـــەگێڵوون پـــەی تـــۆ
دەك دیـــدەم هـــەر دوو ســـەد جـــار فیـــدات[5] بـــۆ
ئامـــان هـــەی ئـــازیز[6] بینـــایی چـــاوان!



(1) پ: بە
(2) ئەلف: من دان
(3) پ: بێخ
(4) پ: شەهباز
(5) ئەلف: فدێت

گلەم هەن جە تۆ خەیلێ فراوان
یانێ چێش مەیلت فەرامۆش کەردەن
مەر(7) بادەت نە جام بێ شەرتیی وەردەن؟
وەرنە یانێ چێش جە(8) جاران جارێ–
خەبەر نەپەرسی جە ڕا و یارێ؟!
ئومێدم ئێدەن، ئامانەن ئامان!
جەی فێشتەر ناسۆر نەوزی زامان
ئەحوالێ حالات شەرت و وەفاکەت(9)
بکیانە پەرێم تۆبی خوداکەت!
نە سالێ و نە ماە، نە هەفتە و نە شەو(10)
نە ساتێ ئارام نە دەقێقێ(11) خەو–
نمەشۆم نە چەم، دیدەم! نە دووریت
هەر ئێد موانوون: ئاخ جە(12) مەهجووریت
ئیسە کێ تاقەت دووری تۆ دارۆ؟
دەك بەرق غەزەب وە جەستەش(13) وارۆ!
بە سەرگەردت بام، ئەرواحەکەی وێم!
جواو(14) سەرێع بکیانە پەرێم

---

(6) پ: عەزیز
(7) پ: یام
(8) ئەلف: نە
(9) پ: شەرت وەفاکەت
(10) ئەلف: نە هەفتە نە شەو
(11) ئەلف، پ: دقیقە
(12) پ: ئە
(13) ئەلف: جەسەم، پ: بەختش

## پارچەی چوارەم

ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە
نە[1] هەرد[2] دەروون ئاهیر وەرداوە
تاقەت بی وە هوون جە سەختیی زامان
تک تک چەنی هەرس رێزا وە دامان
خەم نە سەرجۆی هوون سارای دڵ جەم جەم
بار چنی[3] چون فۆج قافڵەی[4] عەجەم
هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
وادەی دەورتەن هانا[5] های[6] ساقیی
دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵەوە
ژەنگ دڵ وە جام مەی بماڵەوە
بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن
مەزەی تام[7] خەم یاران لەزیزەن
فەریادرەسیم کەر، نە[8]جای گرد[9] کەسم

---

(14) ئەلف، پ: جواب

-٤-

(1) ب، ث، ر، ز: وە
(2) ئەلف، ح، د، ر: هەردەی
(3) ح: چینی
(4) ئەلف: قافڵەکەی، د: سەرقافڵەکەی
(5) ر: هانای
(6) ئەلف، ث، ح، د، ر، ز: هەی
(7) ر: تاف
(8) ب، ح: ئەو، ث: نەو

مـــازە[10] ئـــەو لـــەززەت بەرشـــۆ جـــە[11] دەســـــم[12]
ئـــەحیام کـــەر وە جـــام ســـاف[13] یـــەك مـــەنیی !
بەڵكـــە[14] بمـــانوون پـــــەی خـــــەمێو[15] هـــــەنی

– لە نوسخەکانی ب، ث، ح، د، ر، ز دا هۆنراوەی سێیەم (خەم نە سەرجۆی...)، دووەم هۆنراوەی پارچەکەیە.

– هۆنراوەی پێنجەم (دەورێ دەر وە ناز...) تەنیا لە نوسخەی ((ئەلف))دا هاتووە.

– دوا هۆنراوەی ئەم پارچەیە لە نوسخەی ((ز))دا نەهاتووە.

---

(9) ئەلف، ث، ح، د، ر، ز: گشت
(10) ح: مازێ
(11) ئەلف: نە
(12) ر، ز: دەستم
(13) ث، ر: ساف جام
(14) ئەلف: بەڵكوو
(15) ئەلف: غەمێ، ث، ح، د، ر: خەمێ

## پارچەی پێنجەم

ئـــارەزووی ئامـــای مـــەرگ وێـــت کـــەردەن
گۆیـــــا خەلاســـــیت وە دڵ ئـــــــاوەردەن
ئـەی[1] پـەی وێـت[2] نـەبۆ[3] دۆسـەکەی گیـانی!
چـەند بـۆ پـڕووز بـێ و[4] تـۆ هـەر[5] بمـانی

– مەولەوی ئەم پارچەیەی لە وەڵامی جووتە هۆنراوەیێکی ((ئەحمەد بەگی کۆماسی))دا نووسیوە کە لە نوسخەکانی ب و ث دا هاتووە.

لە نوسخەی ((ب))دا بەم جۆرەیە:

ئـــــەر بـــــۆ پـــــڕووزێ وە مەڵاڵـــــەوە
یـــــاوا وە لای تـــــۆ جـــــە شـــــەماڵەوە
ئانـــە بـــۆ پـــڕووز ســـفتەی جەرگمـــەن
مەعلوومـــەن ((مەعـــدووم)) وادەی مەرگمـــەن

لە نوسخەی ((ث))دا بەم جۆرەیە:

ئـــــەر بـــــۆ پـــــڕووزێ وە مەڵاڵـــــەوە
یـــــاوان وە لای تـــــۆ وە شـــــەماڵەوە
ئانـــە بـــۆ پـــڕووز ســـفتەی جەرگمـــەن
((مەعـــدووم))! بزانـــە وادەی مەرگمـــەن

---

_٥_

(1) ب: دڵ، ث: ئای
(2) ئەلف: تۆ
(3) ب: نەوۆ
(4) ئەلف، ب: بۆ، ث: بێ
(5) ب: هەر تۆ

## پارچەی شەشەم

ئازارم[1] جە وێم بێزارم[2] کەردەن
رەویەی رەمەزان جە یادم بەردەن
جەو ساوە نییەت رۆژەم ئاوەردەن
هیچ ئازام جە هیچ رۆژەش[3] نەمەڕدەن[4]
نە چەم جە[5] دیدەن ئازیز بێگەرد
نە گۆش جە[6] سەدای یاران هامفەرد[7]
شیرینیی ئیفتار دڵم[8] تاڵییەن
جام نە جەماعەت دۆسان خاڵییەن
نەوای مەرحەباش[9] نامان[10] نە[11] گۆشم
چەنی ئەلوەداش هەر نە خرۆشم[12]
زاییفیم هەر یەند چە حەد بەرشییەن
نەسیم ئەر بارۆم عەجاییب نییەن

-٦-

(1) د: ئازیزم
(2) ذ: وێم بێزار
(3) ئەلف: زۆرش
(4) ئەلف: نەوەردەن، د: نەمەندەن
(5) ئەلف، ب، ذ: نە
(6) ئەلف، ر، ز: نە
(7) ذ: ئازیز بێگەرد
(8) ب: جە لام
(9) ئەلف: ث، د، ذ، ر، ز: مەرحەبا
(10) ب: ناما
(11) ذ: وە
(12) ث، ر، ز: چەنی ئەلوەداعیش نە خرۆشم، ذ: چەنی ئەلوەداع دڵ نەخرۆشم

## پارچەی حەفتەم

ئــازیز بــێ مــەیلیت زنــدەگیم تــاڵ کــەرد
بــێ مۆبــەتیت حــوکم شــادیم بــەتاڵ کــەرد
هــــیچ ئیلتفــــاتێ نــــەدیم پێتــــەوە
هــیچ نــەدیای وە لای کوشــتەی وێتــەوە
دووی ئــاخم نــــە داخ بــــێ موبالاتیــــت
قرچــــەی دڵ نــــە دەرد کــــەم ئیلتفاتیــــت
ئــەو ســەر نــە پــای چــەرخ هەفتــەمین ســاوان
ئێــد ســەداش نــە گــۆش مەلــەکان یــاوان
خــاس ئێــدەن ئــازیز تــۆیچ مــەیلێ پێــت بــۆ
نیگایێــــت وە لای کوشــــتەکەی وێــــت بــــۆ
یــەك جەســتێ خەســتەی عــەلیلم مەنــدەن
بــــارێ ئوســــتوخان زەلــــیلم مەنــــدەن
ئــەویچ هــا وەختــەن ســەد حەســرەت نــە دڵ—
—دوور جــە بــالای تــۆ! — برێــزۆ وە گــڵ

## پارچەی هەشتەم

ئازیز! تای رشتەی دڵەی خەم بێ شۆ
ئازڵیان[1] نە بەند تای رشتەکەی تۆ
هەر دوو چەنی هەم پێچ وەردەن وە هەم
جیایی نە بەین[2] مەحاڵەن ستەم
سەرمەودای ناخوون یەکسەر تێدا شی
هەر چەند سەعیم کەرد[3] جیایی نەوی[4]
ئیسە خاس پاسەن تۆ نەی سەردەمدا
هەر دوو چەنی هەم[5] پێچ دەی وە هەمدا
تا یاران زانان ریشەی جەرگمەن
پاچیان[6]، ئاوێزان وە رووی بەرگمەن
هەنی نەوەران دەم وە مەناوە[7]
ئافەرین واچان جە گردین لاوە

-٨-

(1) ئەلف، ر: ئەزەڵیا
(2) ب: نی یەن
(3) ب: سەعی کەرد
(4) ر: نەبی
(5) ر: یەك
(6) ب: پاچان
(7) ئەلف: هەنی مداران دەم وە سەناوە، ب: هەنی نەداران وە دەم سەناوە

# پارچەی نۆیەم

ئـــازیز! تـــەن وە نـــێش[1] زامـــەتان[2] خەســـتەن
مەینـــەت پـــای ئامـــان وە[3] زەنجـــیر بەســـتەن
قاســـدێچ[4] –واچـــوون–[5] پـــەی ســـەفەر خاســـەن–
رەوان بـــۆو[6] تێـــژرەو[7]، هـــەرس و هەناســـەن
هـــەنی[8] پـــای تاقـــەت[9] ئاماشـــان نییـــەن[10]
ئـــەو[11] سەرچـــەمەش وشـك، ئێـــد[12] کۆتـــا بییـــەن
ســـا تـــۆ بـــۆ[13] وە رەغـــم بـــەخت بەرگەشـــتەم
جـــاگێر[14] نـــە[15] دیـــدەی وە هوونـــاو رەشـــتەم
بـــا ســـاتێچ رەقیـــب[16] دووریـــت بکێشـــۆ[17]

---

-٩-

(1) ث، د، ذ، ز: ئێش
(2) ئەلف: زامانت، پ: زامانم
(3) پ: بە
(4) ئەلف: قاصدیٚ یچ
(5) د: واچوو
(6) ئەلف، پ، ث، ج، ذ، ر، ز: بۆ
(7) ئەلف، ب، ج، ذ، ز: تێزرەو د: زووتەر، ر: نەسەیر
(8) ئەلف، پ، ث، ج، د، ذ، ر، ز: هێز
(9) ئەلف: رەفت
(10) ث، ج، د، ذ، ر، ز: شییەن
(11) ب، د، ذ، ز: ئێد
(12) ب، د، ذ، ز: ئەو
(13) ج، ر: بۆ تۆ
(14) ب، پ، ث، ج، د، ذ، ر، ز: جاکەر
(15) ث: وە

شەوێ وێنەی مەن وەی رۆوە[18] نیشۆ[19]

وەرنە سا چونکە ئاسانەت دوورەن

را نمەزانوو[20] بەڵەد زەروورەن

دڵ وە لاتەوەن[21] ئامان سەد ئامان

ئامۆشۆش کەردەن[22]، فرە جار ئامان

چون[23] جە[24] تام[25] زام مژەت[26]

سەرشارەن[27]

ویانە[28] مارۆ، بەدەن بێزارەن

هیچ مەوەر[29] وەتەنگ ویانەشەوە

پەرێ بەڵەدیم[30] بکیانەشەوە

---

(16) ب: رەقیو

(17) د: دووری تۆ کێشۆ

(18) پ: پی رۆ، ث: وەی رۆ، ج: وەی تەور، د: وە هەرد، ز: وە هەڕ

(19) ر: وەی رۆ بنیشۆ

(20) ث، ز: نمەزانوون.

(21) ج: وەلای تۆوەن

(22) ب: کەردەن، گەرمەن

(23) د: دڵ

(24) ئەلف: وە

(25) ث، ج: کام

(26) ئەلف، د، ز: دووریت، ث: تیرت

(27) پ: پڕ ژارەن

(28) د: بەهاتە

(29) د: مەبە، ر، ز: مەبەر

(30) ر: بەڵەدی

لە نوسخەی ((ذ))دا لە دوایی ئەم پارچەیەوە ئەم هۆنراوەی خوارەوە هاتووە کە لە شەرحی پارچەکەدا ئیشارەی پێ بکرێ:

دڵ وە تـــەنگ ئامـــان، ئامـــان هامفـــەردان
بیـــان وە سەرمەشـــق گـــرۆی هامـــدەردان

## پارچەی دەیەم

ئـــــازیز دیـــــارەن وادەی لوامـــــەن
ئـــەلوەدای[1] ئـــاخر ئـــەوە[2] نامامـــەن
دەوڵەتەکـــەی وەســـڵ پـــا[3] نـــە زەواڵـــەن
جـــارێو[4] تـــەر دیـــدەن بـــالآت مەحاڵـــەن
ســـا دڵـــم وەش کـــەر وە[5] ئیلتفـــاتێ
بدیـــــە[6] وە لاوە، بوینــــووت[7] ســـــاتێ
بـــا بـــەیۆ شـــنۆی شـــیرین رازەکـــەت[8]
گـــۆش دەرۆ[9] لادێ مەینـــەت گازەکـــەت



(1) د: ئاولوای
(2) ب: ئاماو، ح: ئاوا، د: ئەو
(3) ذ: پاش
(4) د: جارێ
(5) ث: بار، د: بە
(6) ث، ذ: بدیەر، ح: بدیۆ
(7) بوینوو
(8) ث، ح: با بەیۆ وەش وەش شنۆی رازەکەت
(9) د، ز: دەرە

ئـــاخر ســـــەفەرەن، را خـــــەیلێ دوورەن
مـــەنزڵ بـــێ پایـــان تۆشــــە زەروورەن
دینـــت تۆشـــەی چـــەم، مـــەیلت تۆشـــەی دڵ
رازت تۆشـــەی گـــۆش، مـــەنزڵ ئـــەو[10] مـــەنزڵ
کـــێ زانـــۆ چـــوون[11] بـــۆ ئـــی دنیـــای بـــادیی
بـــا بـــەیۆ نـــە بـــەین گـــەردەن[12] ئـــازادیی !
مـــن شـــەوێ ناڵـــەم جـــۆش ئـــاوەردە بـــۆ
ســـەگ[13] ئاســـانەت[14] بێـــدار کـــەردە بـــۆ
یـــا ناســـتە بـــۆ ســـەیل دیـــدەم، نەفەســـێ
نەســـیم گـــەرد رات[15] بـــەرۆ پـــەی کەســـێ
جـــەمینت زەحمـــەت نیگـــام کێشـــا بـــۆ
کـــەف[16] پـــات وە خـــار مـــژەم[17] ئێشـــا بـــۆ
یـــا کـــەردە بـــۆ[18] دڵ دێوانـــەی دڵ تـــەنگ
وەخـــت نیشـــانەی دڵان پـــەی خـــەدەنگ-
پەلـــە پـــەل پـــەی زەوق زامێـــو[19] وە تـــیرت

(10) ئەلف: وە
(11) ئەلف: چۆن
(12) ئەلف: گەردن
(13) ئەلف: سەگی
(14) ح، ر: ئاستانەت
(15) ئەلف: پات
(16) ح: کەفی
(17) ئەلف: دیدەم
(18) ب: کەردەبۆت
(19) ئەلف، پ، ح، ر: زامێ

ئـــازار دابــــۆ تـــــای زڵــــف زەنجـــیرت
یا خـەیر[20] تـۆ دابۆت وە دڵ مـەزەی مـەرگ[21]
بشـە[22] خـەدەنگت دابـۆ نـە تـۆی جـەرگ[23]
یـــا مــــەڕدەبۆت[24] دڵ دێوانــــەی[25] دڵگــیر
جـــە تـــیر ئەنـــدازیی کـــەردەبۆت تەقســیر
یـــا نـــەدابۆت تـــۆز گـــەرد پاڵاکـــەت
پـــەری[26] ســورمەی چـــەم ســفتەی باڵاکـــەت
تـــۆ بویـــەر جـــەمن، مـــن زوو ویـــەردم
هیممـەت بـۆ، هـا ژار[27] مـەحرووميت[28] وەردم
چـەپگەرد پـەی دووريـت شـانا مـورەی نـەرد
وە زاهـــر ((بانـــە))ش وە بەهانـــە کـــەرد
تـــا فەڵـــەك پـــەيمان[29] نـــە[30] بەهانـــە بــۆ
ئـەر هـەر[31] ((بانـە))[32] بـۆ، بـا[33] شـوکرانە بـۆ

---

(20) ئەلف، ح: یاخۆ
(21) ح: یاخۆ تۆ دابۆت دڵ مەزەی مەرگت
(22) ئەلف: تیر، ح: بشەر
(23) ح: جەرگت
(24) : ث: مەڕدەبوە
(25) ح: دەروون
(26) ر: پەرێو
(27) ح: هیممەت بۆ ژار، د، ز: وە هیممەت هاژار
(28) ر: مەحروومی
(29) ب، د، ز: لێمان
(30) د، ز: وە، ر: جە
(31) ئەلف، ث: سەد
(32) ح: بەهانە

ئـــەر فرســـەتش دا[34] پـــەی دڵخـــەمینت
عومرێـــو[35] دوبـــارەن جارێوتـــەر دینـــت
وەر ناســتش، ئــازیز! تــۆ بــای[36] ســڵامەت
کەفتــەن[37] ئــەو دیــوان ســارای[38] قیامــەت

## پارچەی یانزەهەم

ئـــازیز فیراقـــت دڵ کـــەردەن وە هـــوون
سەر کەردەن نـە چەم مەشۆ چون جـەیهوون[1]
کەشـــتیی وجـــوودم توفـــانێ کـــەردەن
تەختــە پـــارەی ڕۆح وە عـــەدەم بـــەردەن
خـــول مـــەدۆ نـــە گـــێج مـــەوج فـــەنادا
ئەجـــەڵ مەکێشـــۆم پـــی لاو پـــەولادا[2]
زینـــدەگیم پـــەی مـــەرگ هـــا نـــە تـــەدارەك
ئومێـــد حـــەیات قەتعـــەن وە بـــێ شـــەك
دەروازەی فـــەرەح یـــەك جـــار مەســـدوودەن

(33) ئەلف، ب، ح، ر، ز: باز
(34) ر: فرسەتش ئەر دا
(35) ئەلف، ح، د، ز: عومرێ، ث، ر: عومر
(36) ب، ح، ذ: وە
(37) ب، ح: کەوتەن
(38) ث: فەردای



(1) ب: جۆی هوون
(2) د، ز: بی لاو بەولادا

ماتـــەم وەش دەمـــاخ، ئومێـــد نـــابوودەن
هـــام وە ســـەر قوللـــەی خـــەوف و رجـــاوە
نمـــەز را[3] ئـــی لان یـــا خـــۆ ئـــەو لاوە
نەسـیب، بـێ نەسـیب جـە بـەهرە[4] و شـەوقەن
خەفـەت بەزمشـەن، شـادیی[5] بـێ زەوقـەن
لـێم تـاقی نییـەن ئـاوەخۆر[6] جـە کـۆن
موغـــەننی! دەوام، لـــەرەی کـــزەی تـــۆن
بـــە[7] ناڵـــەی حـــەزین لێـــویٚ بـــەرەوە
چـــون ئامـــایٚ خـــەیاڵ مـــەحوم کـــەرەوە

---

(3) د: رای
(4) د: بەهر
(5) د، ز: شادیم
(6) ب، د، ز: ئاپ خۆر
(7) ب، د، ز: بەی

## پارچەی دوانزەهەم

ئازیز! کام هوون بی دیدەم پێ نەڕەشت؟
یا کام زووخاو بی دەروونم نەچەشت؟!
یا دڵ کام مەینەت زامت نەکێشا
وە کام قیمەی دەرد جەرگم نەئێشا؟!
وەسەن کۆن تاقەت؟ بڕیان سەبووری
مەتاوون گۆش دای[1] گفت و گۆی دووری
ئاخر ئازیزم تەوانام چوونەن
تەوەنین نییەن[2] دڵ، گۆشت و هوونەن

* لە نوسخەی ((ئەلف))دا لە دوایی ئەم پارچەوە، هۆنراوەی خوارەوە هاتووە کە لە شەرحی پارچە هۆنراوەکەدا باسی بکرێ چونکە پەیوەندییێکی بەو پارچەوە نییە:

ئایردان بەو تەور مۆبەت سەرای دڵ
مەیلەکەت مەندەن بێ مەسکەن خجڵ

* لە نوسخەی ((ز))دا ئەم پارچە هۆنراوەیە لەگەڵ پارچەی: ((خەیر بۆ هەم فەڵەک)) و ((فەڵەک مەشناسووت))دا بە سوورەتی یەک پارچە هۆنراوە هاتووە.

-١٢-

(1) ئەلف: کەروون، د: گۆش دان
(2) ئەلف، ث، د، ر، ز: تەوەن نیەنان

## پارچەی سێنزەهەم

ئـــازیزم! ئامـــای، ئـــای بـــێ قـــەراریم[1]!

ئـــای ئـــای چـــەمەڕا[2] و ئـــای ئینتـــزاریم[3]!

مەوتنەکـــەی چـــەم دیـــدەش هـــا[4] نـــە رێـــت

غـــەریبیی تاکـــەی؟ بـــۆ وە مـــاوای وێـــت

هـــای ســـاقیی! بـــازاڕ جیلـــوەی دڵـــدارەن

ســـەودای خەریـــدار، دانـــەی دیـــدارەن[5]

یـــەکێ وە مایـــەی گـــەنج (کـــەی)ەوە[6]

چـــون منـــێچ[7] وەتـــای فـــەرتووت نەیـــەوە

ئـــەر ســـەد هەرکەســـێ پـــەی وێـــش وە داوەن[8]

وە قیمـــەت نییـــەن، ئـــیخلاس حەســـاوەن

مایـــل کـــەر بـــاڵات[9] وەی لا دا[10] چـــون نـــەی

دەســـێوەت دەف بـــۆ ئـــەو دەس جـــام مـــەی

-١٣-

(1) ئەلف: بێ قەرار وێم، پ: بێ قەرار بیم

(2) ئەلف، چ، د: چەمەڕا، پ: چەم ئەو ڕا، ت، ذ: چەمەڕانی

(3) ئەلف: ئیتزار وێم، پ: ئینتزار بیم

(4) ت: های

(5) ذ: هەزارەن

(6) ت: گەنج (کەی)ەوە، (کەی)ەوە، ذ: گەنج و (کەی)ەوە

(7) ئەلف، ب، ت، چ، د، ذ، ر، ز: منیچ

(8) ئەلف: راوەن

(9) ئەلف: باڵا

(10) پ، چ، ز: وەی لاو لا، ت: ئی لا لا

بـا بێـدار کـەرۆ[11] تاکـەی بـوون[12] غافـڵ
دەف وە سـەدا[13] گیـان، جام وە رەشـحەی[14]
دڵ
بـا کـەڵافێو[15] بـۆ، ئـاخر جـەوانم[16]
خاکپـای حـەزرەت پـیر موغـانم
چـون دەف، بـەرگ پـۆس[17] ئـیرادەت پۆشـم
غـولام وەردەس[18] حەلقـە نەگۆشـم[19]
خـوم ئاسـا خـەیلێن وەتـەن مەیخانـەم
چـون پیاڵـە[20] واق شیشـەی پەیمانـەم[21]

لە نوسخەی ((ب))دا تاقە هۆنراوەی دوایی ئەم پارچەیە بەم جۆرەی خوارەوەیش هاتووە:

چـون پیالـە و دف شیشـە و پیمـانم

---

(11) ت: کەروون
(12) ئەلف: بۆ، ذ: بو...
(13) ت، ذ، ز: دەف وە سەدای
(14) پ: جام رەشحەی، ت، چ، د، ذ، ر، ز: جام وە رەشحەی
(15) ئەلف، ب، پ، ت، چ، د، ذ، ر، ز: کلافە
(16) ئەلف، چ: لەوانم، ب، پ، ت، ذ، ر: لوانم، د، ز: توانم
(17) ذ: پوس برگ
(18) ئەلف: پەردەس، ب، پ، چ، د، ذ، ر، ز: بردس
(19) پ: بگوشم، د، ز: وگوشم
(20) ئەلف: پیاڵەی، د، ذ، ز: پیاڵە
(21) چ: شیش و پیمانم، د، ز: شیشە و پیمانم

# بەشی

# لێکدانەوە

## پارچەی یەکەم (*)

***

## پارچەی دووەم

**ئـاخ جـە ئـاخ، چـراخ! ئـاخ پـەی ئاخـداریٚ!**
**چـــون مـــن خاترخـــار، خـــەمبار، داخـــداریٚ**
**بشـــــيايمیٚ وە ســـــەير ســـــەراو و چـــــەمەن**
**چ ئـــەو چـــراخم، ئـــەو چـــەمەن، جەمـــەن**

ئاخ: ناوی دەنگە لە کاتی خەم و پەژارە و ئێشی دەروونـی و بەدەنیـدا، بـەکار ئەبریٚ.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە. تەرکیبی ((ئاخ جە ئاخ)) مەزموونێکی ناسك و جـوانی هەیە، واتە: ئاخ ئازیز! لە ئاخ هەڵکێشان وەڕەس بووم، نازانم چ بکـەم، سـاتیٚ لـە ژیاندا بە بیٚ ئێش و ئازاری عیشقی تۆ بەسەر نابەم و هەر ئەبیٚ ئاخ هەڵکێشم!

چـراغ[1]: عونـوانێکی شـاعیرانەی شـێوە کـوردیی گۆرانییـە کـە بـۆ موتلـەقی مەعشووق بەکار براوە، وەك: ناوی ((لەیلا)) لە عەرەبیدا.

---

(*) پارچەی یەکەم: ((ئاخ پەی خەلوەتیٚ...)) شەرح کراوە لە ئاخری جزوەی دەیەمدا.

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ ((مەلا چراخ)) نـاوی دۆسـتی نووسـیوە. دیـوانی مەولـەوی نووسـراوی مامۆستا مەلا کەریم ل ٥٥.

من لام وانییە ئەم پارچەیە هی مەولەوی بیٚ، ئەوەش بە چەن بەڵگە: ١- چونکە مەولەوی لە تەواوی پارچەکانیا وشەی ((چراخ))ی بەکار نـەبردووە. ٢- سـەبکی مەولـەوی، سـەبکێکی تـازەی هیندییـە کـە هیچـکام لـە شـاعیرەکانی شـێوە کـوردی گـۆرانی لـە ڕێزەکـاری و وردبینیـی شـیعریی ئـەو سـەبکەدا، نەگەیشتوونەتە پلە و پایەی بەرزی مەولەوی، دیارە کە ئەم پارچەیە، تایبەتییەکانی ئەو سەبکەی نییە. ٣- لەوە ناچیٚ ((چراخ)) ناوی کەس بیٚ، بەڵکە، ئەو وشەیە لە شێوە کوردی گۆرانیدا نـاوێکی عامـە بـۆ

پەی: بۆ.

ئاخداریێ: دەردەداریێ.

چون من: وەك من.

خاترخار: بیرەوەریی تاڵ. سیفەتی لێکدراوە لە وشـەگەلی: ((خـاتر، خـاترە)) بە مانای بـیرەوەری و، ((خـار)) بـە مانـای ((دڕك، دڕوو)) کـە لێـرەدا کینایەیـە لـە کەسێ کە رابووردووی پڕ بێ لە خەم و پەژارە و تاڵیی و سوێریی دڵداریی.

دوو وشەی ((خەمبار)) و ((داخدار))یش هـەر بـە مانـای عاشـقی کامنـەدیو لـە مەعشووقە.

بشـیایمێ: بچـووباییێن. کـورتکراوەی ((بشـیاییێنمێ)) یـان ((بشـییێنمێ))یە. کردەوەی ئیلتزامیی رابووردووە لە چاوگەی ((شی یەی)) (چوون).

وە سەیر: بە تەماشا.

سەراو: کانیاوی تەبێعی.

چەمەن[1]: جێگایێ کە سەوزە و گژ و گیای تێدا بێ.

چ: کەچی. پیتی رەبتە و مانای کوتوپڕی و ناگەهانی ئەگەیێنێ.

ئەو چراخم: ئەو ئازیزەم. پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشـارەی حیسسـی لـە دوای ((چراخ))ە وە حەزف کراوە، لە ئەسڵدا ((ئەو چراخمە)) بووە.

نەو چەمەن: لە ئەو چەمەنەدا. کورتکراوەی ((نە ئەو چەمەنەنە))یە.

جەمەن: جەمە، واتە: کۆبووەتەوە. مانای ئەو نیوە هۆنراوەیە بەم جۆرەیە: کەچی ئەو ئازیزەشم لەو چەمەن و سەوزەدایە.

---

موتڵەقی مەعشووق بەکار براوە. مەولەوی لە باتی ئەو وشەیە، زۆرتر وشەگەلی: ((ئازیز، خاڵۆ))ی بەکار بردووە. ئەوەش ئەگونجێ کە لـە هـۆنراوە سـەرەتاییەکانی مەولـەوی بـێ، چـونکە لـە پێـنج نوسـخەی دەسنووسدا بە ناوی مەولەوییەوە هێنراوە.

(۱) لە زاراوەی ((سنە))دا بە حەوزی گەورە و هەسێڵیش ئەوترێ.

**پوختەی مانا:**

ئازیزەکەم! با هەر ئاخ هەڵکێشم بۆ ئەو ئاخانەی کە لە ژیاندا بۆ ناکامیی دڵداری هەڵمکێشاون. ئاخ دەردەدارێکی وەك خۆم دەروون پڕ پەژارەی عیشق و دڵداریم دەسکەوتایێ، پێکەوە بچووباییێن بۆ سەیر و تەماشای سەراو و چیمەن و سەوزاییێك، کەچی ئازیزەکەم! تۆش لەوێ باییی!

**ناڵـــــەمان کــــەردا چــــەنی بڵــــبڵان**
**چــــەنی ناڵـــەیێ چـــون ســـفتە دڵان-**
**تـــا نـــە قەفەســـدا مامـــا نەفەســـێ**
**ئـــەوان پـــەی گـــوڵان ئێمـــەیچ پـــەی کەســـێ.**

**ناڵەمان کەردا:** ناڵەمان بکردایێ. کردەوەی لێکدراوی رابووردووی ئیلتیزامییە لە چاوگەی "ناڵەکەردەی".

**چەنی:** لەگەڵ، لەتەك. لێرەدا پیتی ئیزافەیە و مانای موساحەبە ئەگەیێنێ. لە دەرخستن دا تەکیە ئەدرێتە سەر هیجای ئاخر. ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای یەکەم، بە مانای "دەرزی"یە.

**چەنی ناڵەیێ:** چۆن ناڵەیێ؟ لێکدراوێکی پرسیارییە لە حاڵەتی تەعەجوبدا، چونکە "چەنی" لێرەدا ئامرازی پرسیارە لە حاڵەت و چۆنیەتی.

**چون سفتەدڵان:** وەك دڵ سووتاوان. ئەم ڕستەیە، ئەبێتە وەڵامی ئەو لێکدراوە پرسیارییە.

**نە:** لە. پیتی ئیزافەیە.

**قەفەس:** کینایەیە لە بەدەن، چونکە بەدەن بۆ گیانی مرۆڤ وەکو قەفەس بۆ باڵدارە.

**ماما:** ئەهات، کردەوەی ئیستمراری رابووردووە لە چاوگەی "ئامای" (هاتن). کورتکراوەی (مە ئاما)یە.

**پەی:** بۆ. پیتی ئیزافەیە.

**کەسێ:** کینایەیە لە "چراخ". لێرەدا سەنعەتی ئیلتفات لە موخاتەبەوە بۆ غائیب بەکاربراوە.

**پوختەی مانا:**

ئینجا دەسمان کردایێ بە نالەکردن لەگەڵ بولبولاندا، چۆن نالەیێ؟ وەك نالەی دڵسووتاوان، ئەوان لە عیشقی گوڵان و ئێمەش لە عیشقی ئازیز.

## پارچەی سێیەم

**ئارەزوومەنــــدیم جـــە حــــەد ویـــــەردەن**
**فـــراوان خـــەیلێ تاســـەی تـــۆم کـــەردەن**

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

حەد: ئەندازە، رادە.

ویەردەن: تێپەڕیوە، بووردووە. کردەوەی رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((ویەردەی)) (بووردن).

فراوان: زۆر.

خەیلێ: زۆر. ئەم وشەیە بۆ تەئکیدی مانای وشەی پێش لە خۆی هێنراوە.

تاسەی تۆم کەردەن: ئارەزووی دیتنی تۆم کردووە. کردەوەی لێکدراوە لە ریشەی ((تاسەکردن)) (ئارەزووکردن)ی دیتنی کەسێکی خۆشەویست.

**پوختەی مانا:**

ئارەزوومەندیم لە رادە دەرچووە و گەلێ تاسەتم کردووە.

**قیبلـەم! بـەو ئەحـەد بـێ هــەمتای فــەردەن!**
**ســـەوگەند یـــەکێوەن چـــەنی تـــۆم وەردەن**

قیبلـەم: ئـەی کەسـێ سـەجدەگای عیشـق و ئـەوینی منـی، وشـەی قیبلەکـە وشـەیێکی عـەرەبیی ئاینییـە، لـە شـیعری سـوننەتیی کوردیـدا بـۆ مەعشـووق بەکارئەبرێ.

بەو ئەحەد: سوێند بەو ئەحەدە، واتە: سوێندم بەو خودایە کە بێ هاوتا و تاك و تەنیایە.

سـەوگەند یـەکێوەن: سـوێند یەکێکـە. مەبەسـت لـە سـوێند لێـرەدا شـەرت و پەیمانە.

چەنی تۆم وەردەن: لەگەڵ تۆدا خواردوومە.

**پوختەی مانا:**

قیبلەکـەم: سـوێندم بـەو خودایـە کـە بـێ هاومـاڵ و تـاك و تەنیایـە، شـەرت و پەیمانم هەر ئەوەیە کە لەگەڵ تۆدا بەستوومە.

فکـــر و خـــەیاڵان، وەسواســـەی وەفـــات
دایـــیم نـــە دڵـــەن نـــە رووی سەربیســـات

وەسواســـە: لێـرەدا بـە مانـای دوودڵـی و تەردیـدە، واتـە: هەمیشـە لـەوە بیرئەکەمەوە ئاخۆ مەیل و وەفات سەبارەت بە من ماوە یان نە؟

نە رووی سەربیسات: لە جیهاندا

**پوختەی مانا:**

لەم جیهانەدا هەمیشە لەدڵی خۆما لەوە بیرئەکەمەوە ئاخۆ مـەیل و وەفـات بـۆ من ماوە، یان منت بە تەواوی لەبیرچووەتەوە؟!

شـــەوان تـــا وە رۆ فکـــرم جـــە لاتـــەن
رۆح رەوانم نـــــە خـــــاك پاتـــــەن

جه لاتەن: لەلاتە.

رەوان: تەئکیدی مانای "رۆح" ئەکاتەوە، چونکە هەردووکیان یەك مانایان هەیە.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

**پوختەی مانا:**

هەموو شەوێ تا بەیانی بیرم بە لای تۆوەیە و رۆحیشم کەوتووتە خاکی بەرپێت.

**قالبم بێ رۆح، ئەروام نەمەندەن**

**دندان حەیات زیندەگیم کەندەن**

قالب: بەدەن، لاشە.

ئەروا: رەوان، رۆح. ئەم وشەیە لە هۆنراوەی گۆرانیدا بە مانای تەك بەکارئەبرێ.

نەمەندەن: نەماوە. کردەوەی رابووردووی نەقلییە لە چاوگەی "مەندی" (مان). "مەنەی" لە وت و وێژدا زۆرتر بەکارئەبرێ.

دندانم کەندەن: تەمام بڕیوە، هیوام پێ نەماوە. کردەوەی لێکدراوی رابووردووی نەقلییە لە چاوگەی ((دندان کەندەی)) (ددان کەندن).

دوو وشەی ((حەیات و زیندەگی)) مانایان یەکێکە، ئەوەش ئەگونجێ کە ((حەیات)) لێرەدا بە مانای هیوا و هومێد بێ.

**پوختەی مانا:**

لاشەم بە بێ رۆح ماوەتەوە، ددانی هیوای ژیانم کەندووە.

**نامت چون ئەوراد سوبح و ئێواران**

**مەوانووش وە گەرم نە پای دیواران**

نامـت: نـاوت. لـه وتوویـژا ((نامیـت)) ئـەوتریٚ چـونکه ((نـامیٚ)) موئەننەسـی سەماعییه.

چون: وەك.

ئـەوراد: ویردگـەل. ویـرد لـه زاراوەی ئاییـنیـدا بـه زۆر خوێنـدنی وشـه و لێکدراوگەلیٚ ئەوتریٚ کە ناو و ستایشی خودا و پێغەمەر و، جوملەگـەلی دوٚعـا و نـزا بن.

مەوانووش: ئەیخوێنم. کردەوەی موزاریعە لە چاوگەی ((وانای)) (خوێندن).

وە گەرم: بە گەرم، واتە: لە کانگەی دڵمەوە. بە تاسە و ئارەزووەوە.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە. مەبەست لە هێنانی لێکدراوی ((نە پای دیواران)) (لـە پای دیواران)، گەیاندنی مانای کزی و سەرلێشێواوی و سـەرگەردانی لـه عیشقدایە، چونکە ئەو کەسانە کە سەرلێشێواو و بیٚ یانـه و لانـەن، هەمیشـه لـه پـای دیواری کەلاوە و ویرانەدا دائەنیشن و کز ئەکەن.

**پوختەی مانا:**

بەیانیان و ئێواران لە پای دیوارانداا کز ئەکەم و ناوی تۆ وەك ئەوراد بە گـەرمی لەسەر زمانمەوەیە.

**چـەمم چـون شـاباز ویٚـلٚ شـکار بـۆ**

**دایـیم بـالٚ پـەرواز نـه سـەر دیـار بـۆ-**

**جـە ((سـەرقەڵا)) وە مـەگێڵوون پـەی تـۆ**

**دەك دیـدەم هـەردوو سـەد جـار فیـدات بـۆ!**

چەمم: چاوم.

چون: لێرەدا پیتی تەشبیهە.

شاباز: بازی گەورە و، بەهێز.

شکار: نەچیر.

بۆ: بێ. کردەوەی رابیتی ئیلتزامیی موزاریعە لە چاوگەی ((بیەی)) (بوون). ئەگونجێ پایەش بێ بۆ کردەوەی لێکدراوی ((وێڵ بۆ)).

(لەگەڕاندابێ)، واتە: کردەوەی "بۆ" (بێ)، لەم جۆرە لێکدراوانەدا کە موسنەد سیفەت بێ، ئەگونجێ هەم کردەوەی رابیت بێ هەم لەگەڵ موسنەدەکەدا تێکەڵ بکرێ و ببێ بە کردەوەی لێکدراو.[1]

باڵ پەرواز: باڵی لە حاڵی باڵگرتنەوەدا بێ.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

سەردیار: بۆ لوتکەی کێو و قولەی شاخ و تەپۆڵکەی بەرز بەکارئەبرێ، باز هەمیشە لە جێگای بەرزا نەچیر ئەکات وەچاو.

جو: لە. پیتی ئیزافەیە.

سەرقەڵا: ناوی جێگاییێکە.

مەگێڵوون: ئەگەڕێم. کردەوەی موزاریعە لە چاوگەی "گێڵای" (گەڕان). تیپی (ن) لە دوایەوە بە بێ ڕێگا هێنراوە. ڕەنگە بۆ مەبەستی تەلەفوزی موسەوویتیش هێنرابێ.

پەی تۆ: بۆ تۆ

دەك: وشەییێکە بۆ تەئکیدی مانای دوعا و نزا بەکارئەبرێ.

دیدەم: چاوم.

هەردوو: بۆ تەئکیدە مانای "دیدە" هێنراوە، واتە: نەك چاوێکم، بەڵکە هەر دوو چاوم.

---

(1) لەم سوورەتەدا جیاوازی لەنێوان ئەو دوو لێکدراوە لە چاوی ماناوەیە، واتە: ئەگەر مەبەست لە نیسبەتەکە، دەوام و سوبووت بێ، لێکدراوەکە بریتییە لە موسنەد ئیلەیهی و موسنەد و رابیت... وە ئەگەر مەبەست لە نیسبەتەکە تەجەدود و زەوال بێ، ئەجزای لێکدراوەکە بریتییە لە فیعل و فاعیل، کە وابوو لە سوورەتی یەکەمدا "شاباز" موسنەد ئیلەیهە و "وێڵ" موسنەد و "بۆ" کردەوەی رابیت. لە سوورەتی دووەمدا "شاباز" فاعیلە و "وێڵ بۆ" بەسەریەکەوە ئەبێ بە کردەوەی لێکدراو.

سەدجار: بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە فیداکاریدا، هێنراوە.

فیدات بۆ: بە قوربانت بێ.

**پوختەی مانا:**

وەك شابازێ کە داییم لە سەر بەرزانەوە باڵ بگرێتەوە و بۆ نەچیر چاو بگێڕێ، دەك هەردوو چاوم بە قوربانت بێ، منیش هەمیشە لە "سەرقەڵا"وە، بۆ تۆ چاوە و چاومە.

**ئامـــان، هـــەی ئـــازیز، بینـــایی چـــاوان!**
**گلـــەم هـــەن جـــە تـــۆ خـــەیلێ فـــراوان**

ئامـان: لـە ((ئـەمان))ی عەرەبییـەوە هـاتووە، مانـای پاڕانـەوە و پـەنادان ئەگەیێنێ.

هەی: پیتی بانگکردنە.

هەن: هەیە.

جە تۆ: لە تۆ.

**پوختەی مانا:**

ئامان، ئەی ئازیز، بینایی چاوانم! لە بێ میهری تۆ زۆر گلەم هەیە.

**یـــانێ چـــێش مـــەیلت فـــەرامۆش کـــەردەن**
**مـەر بـادەت نـە جـام بـێ شـەرتیی وەردەن؟!**

یانێ چێش: یانێ چی، مانای چییە، لەبەر چی؟

فەرامۆش کەردەن: لەبیربردووەتەوە.

مەر: کورتکراوەی :مەگەر"ە و ئامرازی پرسیارە.

بادە: شەراب، مەی، مەبەست شەرابی عیشقە.

نه: پیتی ئیزافەیە.

جام: پیاڵە، پەرداخ، لێوان. وشەی "جام" دوو مانای هەیە، یەکەم: دەفرێکی فلزی بچووکە کە شەرابی تێدا خوراوەتەوە. دووەم: ئایەنە کە شیشەیێکە دیوێکی بە جیوە یا دەرمانێکی تر سواق دراوە و وێنەی شتی تێدا دەرئەکەوێ.

"جام بێ شەرتیی" ئیزافەی تەشبیهییە.

وەردەن: خواردووە. کردەوەی رابووردووی نەقلییە لە چاوگەی "وەردەی، واردەی" (خواردن). لە وت و وێژا بۆ خواردنەوەی شتانی ئاوەکی " ئەوە واردەی، واردەیەوە" ئەوترێ.

**پوختەی مانا:**

مانای چییە کە مەیلی خۆت بۆ من لەبیر بردووەتەوە، مەگەر شەرابی عیشقت لە جامی بێ شەرتیدا خواردووەتەوە؟

**وەرنە یانێ چێش جە جاران جارێ**
**خەبەر نە پەرسی جە راویارێ؟!**

وەرنە: کورتکراوەی "وە ئەگەر نە"یە، واتە: وە ئەگەر شەرابت لە جامی بێ شەرتیدا نەخواردووەتەوە.

یانێ چێش: مانای چییە جارێ لە جاران.

خەبەر نە پەرسی: هەواڵێکی من نەپرسی.

جە راویارێ: لەرێبگارێ. ئەیەوێ ئەوە بگەیێنێ کە ئەزانم ناتەوێ خۆت ماندوو بکەی و نامەم بۆ بنووسی، بەڵام بۆچی جارێ لە رێبگارێ هەواڵێکم ناپرسی.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر شەرت و وەفات لەبیر نەبردووەتەوە، لەبەرچی جارێك هەواڵێکم تەنانەت لە رێبگارێ ناپرسی؟!

**ئومێـــدم ئێـــدەن، ئامانـــەن ئامـــان!**
**جـــەی فێشـــتەر ناســـۆر نـــەوزی زامـــان**

ئومێدم ئێدەن: هیوام ئەمەیە.
ئامانەن ئامان: دەخیلم دەخیل، واتە: پەنام هێناوە.
جەی: کورتکراوەی ((جە ئی)) (لە ئەم، لە ئەمە).
فێشتەر: زۆرتر، لە ((بیشتەر))ی فارسییەوە هاتووە.
ناسـۆر نـەوزی: نەکولێنیتـەوە. کـردەوەی مـوزاریعی مەنفییـە لـە چـاوگەی لێکدراوی ((ناسۆر وستەی)) (ناسۆرخستن، کولاندنەوە).
زامان: برینان، واتە: لەمە زیاتر دەرد و رەنجی ناکامیی دڵداریم زۆرتر نەکەی.
**پوختەی مانا:**
ئامانە، ئازیزم ئومێدم ئەمەیە کە لەمە زیاتر برینی بێ میهریی و بێ شـەرتیت نەخەیتە ناسۆر.

**ئـــەحوالْ حالْـــەت شـــەرت و وەفاکـــەت**
**بکیانـــە پـــەرێم تـــو بـــی خوداکـــەت!**

ئەحوالْ حالْەت: واتە: چۆنییەتیی شەرت و وەفاکەت. لێکدراوێکە بۆ گەیانـدنی مانای تەئکید هێنراوە.
بکیانە: بنێرە. کـردەوەی ئـەمری حـازرە لـە چاوگەی ((کیانـای، کیاسـتەی)) (ناردن).
پەرێم: بۆم. ((پەرێ)) پیتی ئیزافەیە.
**پوختەی مانا:**
ئازیز، سوێندت ئەدەم بەو خودایە کە ئەیپەرەستی هەواڵی چۆنییەتیی شـەرت و وەفاکەتم بۆ بنێرە.

نـه سـالّ و نـه مـاه، نـه هەفتـه و نـه شـەو
نــه ســاتیّ ئــارام، نــه دەقیّقــیّ خــەو–
نمەشـۆم نــه چــەم، دیــدەم! نــه دووریــت
هــەر ئێـد مـەوانوون: ئـاخ جـه مـەهجووریت!

ماه: مانگ.

نمەشۆم نەچەم: ناچێته چاوم. ((نمەشۆ)) کردەوەی مەنفی موزاریعە لە چاوگەی ((شی یەی)) (چوون). زەمیری ((م)) لەبەر زەروورەتی شیعری لکاوە بە کردەوەکەوە، لە ئەسڵدا ((نمەشۆ چەمم))ە.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

هەر ئێد: هەر ئەمە

مەوانوون: ئەخوێنم. کردەوەی موزاریعە لە چاوگەی ((وانای، وەنەی)) (خوێندن).

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

**پوختەی مانا:**

نە سالّ و نە مانگ، نە هەفتە و نە شەو، نە ساتیّ ئارامم هەیە، نە دەقیّقیّ خەو ئەچێتە چاوم. هەمیشە ئەمە دووبارە ئەکەمەوە: ئاخ لە مەهجووریت!

ئیســه کــیّ تاقــەت دووریــی تــۆ دارۆ؟
دەك بــەرق غــەزەب وە جەســتەش وارۆ!

تاقەت دارۆ: کردەوەی لێکدراوی موزاریعە لە چاوگەی ((تاقەت داشتەی)) (توانایی هەبوون).

جەستە: بەدەن، لاشە.

وارۆ: بباریّ. کردەوەی ئیلتزامیی دۆعاییە لە چاوگەی (وارای).

**پوختەی مانا:**

ئێستاکە کێ توانایی دووریی تۆی هەیە؟ دەك ترێشقەی غەزەب سەرتاپای بسووتێنێ!

**بەسەرگەردت بام، ئەرواحەکەی وێم!**

**جواو سەرێع بکیانە پەرێم**

بەسەرگەردت بام: بەقوربانت بم. جوملەیێکی دۆعاییە.

ئەرواح: گیان، رەوان، رۆح. بە مانای موفرەد بەکار ئەبرێ.

وێم: خۆم.

جواو: وەڵام.

بکیانە: بنێرە. کردەوەی ئەمری حازرە لە چاوگەی ((کیانای، کیاستەی)) (ناردن، هەناردن).

پەرێم: بۆم.

**پوختەی مانا:**

بەقوربانت بم گیانە شیرینەکەم!

وەڵامێکی راستم بۆ بنێرە کە لەسەر وەفای خۆتەوە، ماوی، یان نا.

## پارچەی پێنجەم (*)

**ئـــارەزووی ئامـــای مـــەرگ وێـــت کـــەردەن**
**گۆیـــا خەلاســـــیت وە دڵ ئــــــاوەردەن!**

ئارەزووکەردەن: ئارەزووت کردووە. کردەوەی لێکدراوی رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((ئارەزوو کەردەی)) (ئارەزووکردن).

ئامای: هاتن.

وێت: خۆت.

گۆیا: گومان ئەکرێ، تەسەوور ئەکرێ. ئامرازی شك و گومانە. ((گوایا، گوایە، گوایێ)) ئەوترێ.

خەلاسی: رزگاری. ((ت)) لە دوایەوە، زەمیری دووەم ئەندامی تەکە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

ئاوەردەن: هێناوتە. کردەوەی رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((ئاوەردەی)) (هێنان، هاوردن).

**پوختەی مانا:**

ئارەزووی هاتنی مەرگی خۆت کردووە و بە دڵ ویستووتە لە سووتانی ئاگری عیشق رزگار بیت.

**ئـــەی پـــەی وێـــت نـــەبۆ، دۆســـەکەی گیـــانی!**
**چـــەند بـــۆ پـــڕووز بـــێ و تـــۆ هـــەر بمـــانی[1]**

---

(*) بە پێی ئەو ژمارانەی د. موفتیزادە دایناون (پارچەی چوارەم) دیار نییە.

(1) بە جۆرێ کە لە نوسخە دەسنووسەکانی ((ب)) و ((ث))دا هاتووە، مەولەوی ئەو جووتە هۆنراوەیەی لە وەڵامی جووتە هۆنراوەیێکی ((ئەحمەد بەگ))ی کۆماسیدا هۆناوەتەوە کە دۆستایەتییێکی گەرمیان پێکەوە بووە.

ئەی پەی وێت نەبۆ: ئـەی بـۆ خـۆت نـەبێ. ئـەی نـەیخۆی! ئـەو لێکـدراوە لـە کاتێکدا بەکار ئـەبرێ کـە کەسـێك بـە شـتێ دڵخـۆش بـێ کـە بـۆی بێتـە دی، بـەڵام کەسێکی تر لای وابێ کە ئەو دڵخۆشکردنە بـێ سـوودە و ئـەو شـتە بـۆ ئـەو کەسـە نایێتە دی، ئینجا پێی ئەڵێ: ئەی نەیخۆی!

بێ: بێت. کردەوەی ئیلتزامیی موزاریعە لە چاوگەی ((ئامای)) (هاتن).

بمانی: بمێنی. کردەوەی ئیلتزامیی موزاریعـە لـە چـاوگەی ((مەنـەی)) (مـان)، واتە: دڵی خۆت خۆش مەکە ئەگەر یەکەم جـار جـەرگت بـە ئـاگری عیشـق سـووتا،

---

لە نوسخەی ((ث))دا بەم جۆرەیە:

ئەر بۆ پڕووزێ وە مەلاڵەوە یاوا وە لای تۆ وە شەماڵەوە

ئانە بۆ پڕووز سفتەی جەرگمەن ((مەعدووم))! بزانە وادەی مەرگمەن

ئەر: ئەگەر.

بۆ پڕووز: بۆی سووتانی گۆشت و خوریی و موو. ((یٚ)) لە دوایەوە نیشانەی نەکارەتە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

مەلاڵ: مەلال، پەرێشانی و پەژارە. ((ەوە)) پاشگری لکان و لەگەڵبوونە.

یاوا: گەشت. کردەوەی رابووردووە لە چاوگەی ((یاوای)) (گەیشتن).

وە شەماڵەوە: بە بای شەماڵدا.

ئانە: ئەوە.

سفتە: سووتاو. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

جەرگمەن: جەرگمە.

مەعدووم: نازناوی شیعریی مەولەوییە ((مەعدوومی))ش هاتووە.

وادە: کات، رۆژگاری دیاریکراو.

مەرگمەن: مەرگمە.

پوختەی مانا:

ئەگەر بۆ پڕووزێکی تێکەڵ لەگەڵ پەژارە، بە بای شەماڵدا گەیشتە لای تۆ، ئەوە بۆ پڕووزی سووتانی جەرگی منە و ((مەعدووم))! بزانە ئیتر وادەی مردنم گەیشتووە.

لە نوسخەی ((ب))دا لە باتی ((یاوا))، ((یاوان)) و لە باتی ((وە شەماڵەوە))، ((جە شەماڵەوە)) و لە باتی ((مەعدووم بزانە))، ((مەعلوومەن مەعدووم)) هاتووە.

ئەوە کاتی مردنت گەیشتووە، دڵنیابە چەن جار جەرگت بەو ئاگرە هەڵئەقرچێ و هێشتا هەر زیندوو ئەمێنی.

**پوختەی مانا:**

ئەی نەیخۆی دۆسەکەی گیانی کە یەکەم بۆ پڕووزی سووتانی جەرگت بە ئاگری عیشق، نیشانەی مەرگت بێ، بەڵکە چەن جار جەرگت بەو ئاگرە ئەبێ هەڵقرچێ و هێشتا هەر زیندوو بمێنی!

## پارچەی شەشەم

**ئـــازارم جـــە وێـــم بێـــزارم کـــەردەن**

**رەویـــەی ((رەمـــەزان)) جـــە یـــادم بـــەردەن**

ئازار: نەخۆشیی، مەبەست نەخۆشیی عیشق و ئەوینە.

جە وێم: لە خۆم.

بێزارم کەردەن: بێزار کردووە، واتە: نەخۆشیی عیشق و ئەوینم ئەوەندە دەرد و رەنجی لاوازی و بێ هێزی داوە پێم، خۆمی لەبەرچاوم خستووە.

روویەی رەمەزان[1]: داب و دەستووری رۆژووگرتنی مانگی ((رەمەزان)).

جە یادم بەردەن: لە یادمی بردووەتەوە، لە بیرمی بردووەتەوە.

**پوختەی مانا:**

دەرد و رەنجی نەخۆشیی دڵداری، ئەوەندە لاواز و بێ هێزی کردووم، ڕێ و رەوشتی رۆژووگرتنی مانگی ((رەمەزان))ی لەبیرم بردووەتەوە.

---

(١) مانگی ((رەمەزان)) یەکێکە لە دوانزە مانگەکانی عەرەبییساڵی قەمەری کە لە ئاییینی ئیسلامدا رۆژووگرتن لە رۆژەکانی ئەو مانگەدا واجبە. وەها دەرئەکەوێ کە مەولەوی ئەم پارچەیەی لەم مانگەدا هۆنابێتەوە.

## چــــەو ســــاوە نییــــەت ڕۆزەم ئــــاوەردەن
## هــــیچ ئــــازام چــــە هــــیچ ڕۆزەش نەمــــەڕدەن

جەوساوە: لەو کاتەوە. کورتکراوەی ((جە ئەوساوە))یە. ((جە)) لە. پیتی ئیزافەیە، ((ئەو)) ناوی ئیشارەیە، ((سا)) بە مانای کات و ڕۆژگارە، هەمیشە لەگەڵ ((ئەو))دا بەکار ئەبرێ.

وە: پاشگری ئیبتدا و ئیتسالە.

نییەت: ئیرادەکردن و قەسدکردن بۆ جێبەجێکردنی کارێکی ئایینی یا غەیرە ئایینی.

ڕۆزە: ڕۆژوو. وشەیێکی فارسییە، لە کوردیدا بە بۆری بڵاو دەرئەخرێ. لە وتووێژی گۆرانیدا ((ڕۆچێ)) ئەوترێ.

ئاوەردەن: هێناوە. ((نییەت ڕۆزەم ئاوەردەن)) کردەوەی لێکدراوی ڕۆژگاری رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((نییەت ڕۆزە ئاوەردەی)) (نییەتی ڕۆژوو هێنان).

هیچ ئازام: هیچ ئەعزام، هیچ ئەندامم.

جە هیچ: لە هیچ شتێ.

ڕۆزەش نەمەڕدەن: ڕۆژووی نەشکاندووە. کردەوەی لێکدراوی رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((ڕۆزە مەڕدەی)) (ڕۆژوو شکاندن).

وەها کە لە مەزموونی ئەم پارچەیە بۆمان دەرئەکەوێ، مەولەوی ئەم پارچەیەی لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ ئازیزی هۆنیوەتەوە، ئینجا بەو بۆنەیەوە تەشبیهێکی لێکدراوی جوان بەکار ئەبا، وەها کە چۆنییەتی مەحروومیی خۆی لە دیداری ئازیزی، چواندووە بە مەحروومیی ڕۆژووەوان بە خواردن و خواردنەوە. لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە مەولەوی لەو تەشبیهە لێکدراوە جوانەدا کە بە زێوەری بیروردیی خۆی ڕازاندوویەتەوە وەك هەمیشە چەن شەخسییەتێکی لە ئەندامەکانی خۆی دروست کردووە و، خۆی بە شەخسییەتی جیاواز لەو شەخسییەتانە ئەناسێنێ کە لە عەینی حاڵدا پەیوەندی بەو شەخسییەتانەوە هەیە.

بۆ وێنە لەم پارچەیەدا هەر یەکە لە چاو و گوێ و دڵی خۆی بە شەخسییەتێکی ڕۆژووەوان داناوە و خۆشی بە شەخسییەتێکی جیاواز داوەتە قەڵەم کە پێوەندی بەو شەخسییەتانەوە ببێ.

**پوختەی مانا:**

لەو کاتەوە نییەتی ڕۆژووم هێناوە، هیچکام لە ئەندامم لە هیچ شتێ ڕۆژووی نەشکاندووە.

**نــــە چــــەم جــــە دیــــدەن ئــــازیز بێگــــەرد**
**نــــە گــــۆش جــــە ســــەدای یــــاران هامفــــەرد**

نەچەم: نە چاوم.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

دیدەن: چاوپێکەوتن، دیتن.

ئازیز بێگەرد: ئازیزی بێ عەیب.

نە گۆش: نە گوێم.

جە سەدا: لە دەنگ. مەبەست دەنگی ئەو وتووێژەیە کە دۆستان لە کاتی کۆبوونەوە بە دەوری یەکتردا، دەری ئەبڕن.

یاران هامفەرد: یارانی هاوشیعر، یان یارانی هاودەردی دڵداری. واتە: ئەو ئەندامانەم بەو شتانە ڕۆژوویان نەشکاندووە و مەحرووممم لە دیداری ئازیز و یاران.

**پوختەی مانا:**

نە چاوم بە دیتنی ئازیز و نە گوێم بە بیستنی دەنگی یارانی هاوفەرد ڕۆژوویان شکاندووە.

**شــــیرینی ئیفتــــار دڵــــم تاڵییــــەن**
**جــــام نــــە جەماعــــەت دۆســــان خاڵییــــەن**

شیرینی: لێرەدا شادیی و خۆشیی دڵ لە کاتی چاوپێکەوتنی ((ئازیز)) و یاراندا، تەشبیه کراوە بەو شتە شیرینانە کە رۆژووەوان رۆژوویان پێ ئەشکێنێ، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا هاتووە کە ئیفتارکردن بە شتی شیرین وەکو خورما سەوابی زۆرە.

ئیفتار: رۆژووشکاندن. ئیزافەی ((ئیفتار)) بە ((دڵ)) ئیزافەی ئیستعارییە.

تاڵییەن: تاڵییە، مەبەست لە ((تاڵی)) خەم و پەژارەی دووریی لە ئازیز و یارانی هاوفەردە.

جا: جێگا. ((م)) لە دوایەوە، زەمیری موزاف ئیلەیهە.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

جەماعەت: کۆمەڵ، کۆڕ. ئەو وشەیە دوو مانا ئەگەیێنێ، یەکەم مەبەست ئەو کەسانە بێ کە کۆئەبنەوە بۆ پێکەوە نوێژکردن کە نوێژی جەماعەتی پێ ئەوترێ. دووەم ئەو دۆستانە کە بۆ رابواردن بە دەوری یەکا کۆئەبنەوە، کە وابوو ئەتوانین بڵێین لە بەکاربردنی ئەو وشەیەدا سەنعەتی ئیهام بەکار براوە.

خاڵییەن: خاڵییە، واتە: لەناو کۆڕ و کۆمەڵی دۆستاندا جێم خاڵییە. لێرەشدا دوو مانا ئەگونجێ، یەکەم- لە نێو دۆستانی رۆژووەواندا جێگام خاڵییە. دووەم- لە کۆڕ و کۆمەڵی هاودەردانمدا نیم و دوور کەوتوومەتەوە لێیان.

**پوختەی مانا:**

شیرینی ئیفتار دڵم تاڵییە، جێگام لە کۆڕ و کۆمەڵی دۆستان خاڵییە.

نەوای ((مەرحەبا))ش نامان نە گۆشم

چەنی ((ئەلوەدا))ش هەر نە خرۆشم

مانگی رەمەزان بە لای موسڵمانانەوە، مانگێکی پیرۆز و پڕ لە خێر و بەرەکەتە هەر موسڵمانێ بە داهاتنی مانگی رەمەزان، شادی و خۆشی دەرئەبڕێ. لە کاتی

نوێژکردن و ویرد خوێندندا تا نیوەی ((مەرحەبا)) خۆش هاتنی پێ ئەڵێن و لە نیوەی تریا تا دوایی ((ئەلوەداع)) ماڵاوایی لێ ئەکەن و پێناخۆشیی خۆیان بە دواهاتنی ئەو مانگە دەرئەبڕن.

نەوا: دەنگ، سەدا.

مەرحەبا: لە کاتی چاوپێکەوتنی کەسێکا ئەوترێ کە خۆشت لێی بێ، واتە: شاد و خۆشحاڵ بە. زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ((رەمەزان)).

نامان: نەهاتووە. کردەوەی رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((ئامای)) (هاتن).

نە گۆشم: لە گوێم، واتە: لەبەر دەرد و رەنجی مەحروومی لە دیداری ئازیز و دۆستان لە خۆشی و شادیی نیوەی یەکەمی مانگی رەمەزان بێ بەش بوووم. لە لایێ تریشەوە لەو مەزموونە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە مەولەوی لە مانگی رەمەزاندا، تەنیا دەردی تەنیایی و بێ بەشیی لە شادی و خۆشیی دیداری ئازیز و یارانی هەست کردووە کە ئەوەشی لە مەزموونی نیوە هۆنراوەی دووەمدا کە باسی لێوە ئەکەین، گەیاندووە.

مەولەوی لێرەدا هونەرێکی ئەدەبیی تری لە خۆیەوە نیشان داوە، ئەوەش بریتییە لەمە کە دەربڕینی خۆشی و شادی لە کاتی رووبەڕووبوونی ئازیز و دۆستاندا تەشبیە کردووە بە مەرحەباوتن بە رەمەزان و شادیی کردن بە هاتنی تا نیوەی یەکەمی ئەو مانگە، هەروەهاش خەم و پەژارەی خۆی لە دوورکەتنەوە لە ئازیز و دۆستان چواندووە بە خەم و پەژارەی ئەلوەداکردن لە مانگی رەمەزان لە نیوەی دوایی ئەو مانگەدا.

چەنی: لەگەڵ. پیتی رەبتە.

ئەلوەدا: ئەلوەداع. ماڵاوایی. ((ش)) زەمیری موزاف ئیلەیهە ئەگەڕێتەوە بۆ رەمەزان.

هەر نە خرۆشم: هەر لە هاوارکردندام، واتە: خەم و پەژارەی خۆم بە ئەلوەداکردن دەرئەبڕم. مەولەوی ئەیەوێ ئەوە بگەیێنێ کە لە مانگی رەمەزاندا

بێجگە لە خەم و پەژارەی دووری و بێ بەشیی لە هاودەمیی ئازیز و یاران خۆشییێکی هەست نەکردووە.

**پوختەی مانا:**

دەنگی مەرحەبالێکردنی ئەم مانگە نەهاتووەتە گوێم و هەر خەریکی ئەلوەدا لێکردن بووم.

**زاییفیم هەریەنـد جە حـەد بەرشـییەن**

**نەسـیم ئـەر بـارۆم عـەجاییب نییـەن**

زاییفیم: لاوازیم، زەعیفیم.

هەر یەند: هەر ئەوەندە.

جە حەد: لە حەد، لە ئەندازە.

بەرشـییەن: دەرچـووە. کـردەوەی رابـووردووی نەقڵییـە لـە چـاوگەی ((بەرشییەی)) (دەرچوون).

نەسیم: بای شەماڵ.

ئەر: ئەگەر.

بـارۆم: بمهـێنێ. کـردەوەی مـوزاریعی ئیلتزامییـە لـە چـاوگەی ((ئـاردەی)) (هێنان). مەولەوی لەم هۆنراوە دواییەدا سەنعەتی ئیلتفاتی بەکار بردووە، واتە: لە پێشا ئـازیزی بـە غائیـب دانـاوە، بـەڵام لـەم هـۆنراوەدا بـە قەرینـەی بـەکاربردنی کـردەوەی ((بـارۆم)) (بمهـێنێ)، ئـازیز بـە حـازر دائـەنێ، ئـەگینا ئـەبوایێ بیوتایـە ((بەرۆم)) (بمبا).

عەجاییب نییەن: سەرسوورهێنەر نییە، واتە: کارێکی ئاساییە.

**پوختەی مانا:**

زەعیفی و لاوازیم لە غەم و پەژارەی دووریی ئازیز گەیشتووەتە رادەیێ ئەگەر بای شەماڵ هەڵمگرێ و لەگەڵ خۆی بمهێنێ جێگای سەرسوورمان نییە.

## پارچەی هەفتەم[1]

ئـــازیز بـــێ مـــەیلیت زینـــدەگیم تـــاڵ کـــەرد
بـــێ مەوبـــەتیت حـــوکم شـــادیم بـــەتاڵ کـــەرد

ئازیز: ئەگونجێ مەبەست شێخ عەزیزی جانەوەرەیی بێ.

کەرد: کرد. کردەوەی رابووردووە لە چاوگەی ((کەردەی)) (کردن).

بێ مەوبەتیت: بێ مەحەبەتیت.

حوکم شادیم: فەرمانی شادیم. ئەگونجێ مەبەست لە مانای ((حوکم)) ئەسەر و شوێن بێ، واتە: بێ مەحەبەتیت ئەسەری شادیمی نەهێشتووە.

**پوختەی مانا:**

ئازیز بێ مەیلیت ژیانمی تـاڵ کـردووە و بـێ میهریشـت شـادیی و خۆشـی پـێم نەهێشتووە.

هـــــیچ ئیلتفـــــاتێ نـــــەدیم پێتـــــەوە
هـــــیچ نـــــەدیای وەلای کوشـــــتەی وێتـــــەوە

نەدیم پێتەوە: نەمدی پێتەوە. کردەوەی رابـووردووە لـە چـاوگەی ((دییـەی)) (دیتن، چاوپێکەوتن).

نـەدیای: نـەڕوانین، نـەتڕوانی. کـردەوەی رابـووردووە لـە چـاوگەی ((دیـای)) (ڕوانین). ((دییەی)) (چاوپێکەوتن، دیتن).

وە لای: بە لای.

کوشتەی وێتەوە: کوژراوی خۆتەوە.

---

(١) ئەم پارچەیە تەنیا لە نوسخەی ((ت))دا هاتووە. با وەکو لەوە ناچێ کە هی مەولەوی بێ بەڵام لەبەر ئەوە لە نوسخەیێکی زۆر کۆندا بە ناوی مەولەوییەوە نووسرابوو، منیش بە ناوی ئەوەوە هێنام.

پوختەی مانا:

هیچ میهرەبانییێکم پێتەوە نەدی، جارێ ئاوڕێکت لە کوژراوی عیشقی خۆت نەدایەوە.

دووی ئـــاخم نــــە داخ بـــێ موبالاتیـــت
قرچـــەی دڵ نـــە دەرد کـــەم ئیلتفاتیـــت
ئـەو سـەر نـە پـای چـەرخ هەفتـەمین سـاوان
ئێـــد ســـەداش نـــە گـــۆش مەلـــەکان یـــاوان

دوو: دووکەڵ. ئیزافەی بە ((ئاخ))، ئیستعارییە.

نـە: لـە. پـیتی ئیزافەیـە. لـەم دوو هۆنراوەیـەدا سـەنعەتی لـەف و نەشـری مورەتـەبی مـەزموونی بـەکار بـراوە، واتـە: مـەزموونی نیـوە هـۆنراوەی یەکـەمی هـۆنراوەی دووەم ئەگەڕێتـەوە بـۆ نیـوە هـۆنراوەی یەکـەمی هـۆنراوەی یەکـەم. مەزمونی نیوە هۆنراوەی دووەمی هۆنراوەی دووەم ئەگەڕێتەوە بۆ نیوە هۆنراوەی هۆنراوەی یەکەم.

چەرخ هەفتەمین: ئاسمانی هەفتەم.

سەرساوان: گەیشتووە. کردەوەی لێکدراوی رابووردووی نەقڵییـە لـە چاوگەی ((سەرساوای)) (گەیشتن).

ئێد: ئەم. زەمیری سێیەم ئەنـدامی تـەکی نزیکـە، بۆ دوور ((ئـەو)) ئـەوترێ. ((ئینە، ئانە)) ئەبن بە دوو زەمیری ئیشارەی نزیك و دووری ئیشارە. ئەگەر موشـار ئیلەیە لەگەڵیان بهێنـرێ، وەك: ئـی پیـا، ئـا پیـا (ئـەم پیـاوە، ئـەو پیـاوە) نـاوی ئیشارەیان پێ ئەوترێ.

سەداش: دەنگی.

نە گۆش: بە گوێ. ((نە)) لێرەدا بە مانا ((بە))ی پیتی ئیزافەیە.

مەلەکان: فریشتەگەل.

یاوان: گەیشتووە. کردەوەی رابووردووی نەقلّییە لە چاوگەی ((یاوای)) (گەیشتن).

**پوختەی مانا:**

دووکەڵی ئاخم لە داخی بێ موبالاتیت و قرچەی دڵم لە دەردی کەم مەیلیت. ئەو گەیشتووەتە ئاسمانی هەفتەم و ئەمیش گوێی فریشتەگەلی کەڕ کردووە.

**خاس ئێدەن ئازیز تۆیچ مەیلێ پێت بۆ**
**نیگایێت وەلای کوشتەکەی وێت بۆ**
**یەك جەستێ خەستەی عەلیلم مەندەن**
**بارێ ئوستوخان زەلیلم مەندەن**
**ئەویچ ها وەختەن سەد حەسرەت نە دڵ**
**–دوور جە بالای تۆ! – بڕێزۆ وە گڵ**

خاس ئێدەن: خاس ئەمەیە، چاك وایە.

ئازیز: رەنگە مەبەست ((شێخ عەزیز)) بێ.

تۆیچ: تۆش.

مەیلێ پێت بۆ: مەیلێکت پێ بێ.

نیگایێت: روانینێکت.

وە لای: بە لای.

وێت بۆ: خۆت بێ.

جەستێ: لاشەیێ. کورتکراوەی ((جەستەییێك))ە.

خەستە: ماندوو، واتە: ماندووی باری قورسی دڵداری.

عەلیل: نەخۆش، دەردەدار.

مەندەن: ماوە. کردەوەی رابووردووی نەقلّییە لە چاوگەی ((مەندەی)) (مان). ((مەنەی))یش ئەوترێ.

باریٚ: باریٚ، بارێك، واتە: یەك بار، مەبەست لە ((بار)) ئەو شتەیە کە ئەنریٚ لە بارەبەرێك وەك هێستر و گوێدرێژ بۆ جێبەجێکردنی. مەبەست ئەوەیە کە لەبەر پەژارەی دەردی دڵداری هەموو پێست و گۆشتی لەناو چووە و تەنیا شتیٚ ئێسقانی ماوەتەوە.

ئوستوخان: ئێسقان.

ئەویچ: ئەویش.

ها: پیتی بێدارکردنەوەیە.

وەختەن: وەختە، نزیکە.

نە دڵ: لە دڵ.

جە: لە.

بڕێزۆ: بوەریٚ، بڕزیٚ، واتە: بڕزێتە ناو خاك.

**پوختەی مانا:**

ئازیز! چاك وایە تۆش لایێ لە من بکەیەوە و بە گۆشەی چاویٚ تەماشای کوژراوی تیری عیشقی خۆت بکەی. من تەنیا لاییٚکی بیمار و مشتیٚ ئیسقانم ماوە. ئەویش وەختە بە دڵێکی پڕ لە حەسرەتی دووریی باڵای تۆوە، بڕزێتە ناو خاك.

# پارچەی هەشتەم

**ئـازیز تـای رشـتـەی دڵـەی خـەم بـێ شـۆ**

**ئازڵیـان نـە بەنـد تـای رشـتـەکەی تـۆ**

ئازیز: رەنگە مەبەست شێخ عەزیزی خەڵکی گوندی جانەوەرەی ناوچەی خورخورە و تیلەکۆ بێ.

تا: تاڵ. وەها کە ئەوترێ: تاڵی موو، تاڵی دەزوو، تاڵی بەن. لە فارسیدا، ((تار)) ئەوترێ. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

رشتە: بە چەن تاڵە دەزوو، یان بەن ئەوترێ کە بادرابێ بەیەکا و تا رادەی پێویست ئەستوور و درێژ بێ. لە فارسییا زۆرتر بۆ تاڵی دەزوو، یان بەن بەکار ئەبرێ. بە تاڵی باریککراوی هەویریش ئەوترێ کە پاش وشکبوونەوە، ورد ئەکرێ و، ئەکرێ بە چێشت.

دڵەی خەم بێ شۆ: دڵی خەم و خەفەت بێ ئەندازە. ((ە)) لە دوای ((دڵ))ەوە، نیشانەی تەسغیر و تەحقیرە.

ئازڵیان: ئاڵۆزاوە، شێواوە بە یەکا. کردەوەی مازیی نەقڵییە لە چاوگەی ((ئازڵیای)) (ئاڵۆزان، تێکچوون).

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

بەند: لێرەدا بە مانای گیرکردن و گرێ خواردن و بەستنەوەیە.

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا نوکتەیێکی وێژەیی زۆر جوان و وردی گونجاندووە، ئەوەش بریتییە لەمە کە بە لای عاشقان و عارفانەوە، مەرکەز و ناوەندی عیشق و ئەوین بریتییە لە دڵی عاشق و عارف، وەها کە مەولەوی ئەڵێ ((تای رشتەی دڵ...))، واتە: تاڵی رشتەی خۆشەویستیی من بۆ تۆ کە لە دڵەوە، سەرچاوە ئەگرێ.

ئینجا ئەو رشتەی خۆشەویستییە کە سەرێکی بەسراوە بە دڵی عاشقەوە، تاڵەکانی ئەو سەرەکەی وەکو تۆڕ لە هەموو لەشی مەعشووقەوە سەرچاوە ئەگرێ، وەها کە مەولەوی تاڵەکانی رشتەی خۆشەویستی لە لایەن مەعشووقەوە، بە هەمووی وجوودی ئیزافە ئەکاو ئەڵێ: ((... لە بەندی تاڵەکانی رشتەکەی تۆ)). لەو تەرکیبە ئەوەشمان بۆ دەرئەکەوێ کە رەنگە مەولەوی وشەی ((بەند))ی بە مانای ئەو تۆڕە هێنابێ کە باسمان لێیەوە کرد.

**پوختەی مانا:**

ئازیز! تاڵگەلی رشتەی خۆشەویستیی من بۆ تۆ کە لە دڵی پڕ لە خەم و پەژارەی عیشقەوە، سەرچاوە ئەگرن، لەگەڵ تاڵگەلی تۆڕداوی خۆشەویستیی تۆ، ئاڵۆزاون، واتە: شێواون و چوون بەیەکا.

**هەردوو چەنی هەم پێچ وەردەن وە هەم**

**جیایی نە بەین مەحاڵەن، ستەم**

چەنی: لەگەڵ. پیتی ئیزافەیە.

هەم: یەکتر.

پێچ وەردەن وە هەم: پێچی خواردووە بە یەکترا. کردەوەی لێکدراوی مازیی نەقڵییە لە چاوگەی ((پێچ وەردەی وە هەم)) (پێچ خواردن بەیەکا).

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

بەین: نێوان.

مەحاڵەن: نەشیاوە، نەگونجاوە.

ستەم: سەختە، دژوارە. کردەوەی رابیتی ((ن)) بە قەرینەی رابیتی پێشوو حەزف کراوە، واتە: ستەمەن.

**پوختەی مانا:**

تاڵگەلی ئەو دوو رشتەیە بە چەشنێ پێچیان خواردووە بەیەکا کە جیابوونەوەیان لەیەك بە هیچ جۆرێ ناگونجێ.

سەرمەودای ناخوون یەکسەر تێدا شی
هەرچەن سەعیم کەرد جیایی نەوی

مەودا: بە دەم یا نووکی هەر شتێکی تیژ ئەوترێ. سەرمەودا، واتە: سەرنووك.

ناخوون: ناخوون، نینۆك.

یەکسەر: بە تەواوی.

تێدا شی: تێداچوو، سوا. کردەوەی لێکدراوی رابووردووە لە چاوگەی لێکدراوی ئەجزای شێوە کوردیی ((سۆرانی)) و شێوە کوردیی ((گۆرانی))، چونکە دوو جوزئی پێشگری ((تێدا)) تایبەتی سۆرانییە، وە کردەوەی پایەی ((شی))ش تایبەتی گۆرانییە، کە وابوو لە سۆرانیدا لە وتووێژا ئەوترێ: ((تێداچوو))، وە لە گۆرانیدا ئەوترێ: ((دلێنە شی))، بەڵام وەها کە لە سەرەتاوە لە باسی شێوە کوردیی ئەدەبیدا، وتوومانە، لەو شێوەیەدا تایبەتییەکانی وتووێژی ناگیررێتە پێشچاو.

سەعیم کەرد: کۆششم کرد، هەوڵم دا، تێکۆشام. کردەوەی لێکدراوی رابووردووە لە چاوگەی ((سەعی کەردەی)) (تێکۆشان).

نەوی: نەبوو. کردەوەی رابووردووی مەنفییە لە چاوگەی ((ویەی، بییەی)) (بوون).

**پوختەی مانا:**

سەرنووکی ناخوونم بە تەواوی تێداچوو

هەرچەن تێکۆشام نەمتوانی تاڵگەلی دووسەری ئەو رشتەیە لە یەك جیا کەمەوە.

ئیسە خاس پاسەن تۆ نەی سەردەمدا
هەردوو چەنی هەم پێچدەی وە هەمدا
تا یاران زانان ریشەی جەرگمەن
پاچیان ئاوێزان وە رووی بەرگمەن
هەنی نەدەران دەم وە مەناوە
ئافەرین واچان جە گەردین لاوە

ئیسە: ئێستا، ئێستە.

خاس: چاك، باش.

پاسەن: وەهایە.

نەی سەردەمدا: لەم وەختەدا، واتە: لەم وەختەدا کە دۆستان لەسەر خۆشەویستیی من بۆ تۆ سەرزەنشتم ئەکەن.

چەنی هەم: لەگەڵ یەکتر.

پێچدەی وەهەمدا: پێچ بدەی، با بدەی بە یەکا، واتە: رشتەی خۆشەویستی نێوانمان بە کوێریی چاوی ئەوانە کە حەسوودیمان پێ ئەبەن، بتەوتر و مەحکەمتر بکەی.

یاران: دۆستان، ئەو کەسانەی کە لە خۆشەویستی من و تۆ ئاگادارن و حەسوودیمان پێ ئەبەن. بە مانای ((خەڵك))یش بەکار ئەبرێ.

زانان: بزانن. کردەوەی ئیلتزامییە لە چاوگەی ((زانای)) (زانین)، واتە: تا یاران وەها بزانن.

ریشەی جەرگمەن: ریشەی جەرگی منە. ریشەی جەرگ، بریتییە لەو رەگە وردانە کە لە نێو ساختمانی جگەردان، واتە: تا یاران ئەو رشتەی خۆشەویستییە کە لە دڵمەوە سەرچاوە ئەگرێ، بە ریشە جەرگی منی بزانن.

پاچیان: پاچراوه، قەد قەد کراوه. بڕاوه بە یەکا. کردەوەی مەجهوولی مازیی نەقڵییە لە چاوگەی ((پاچیای)) (پاچران، قەد قەد کران). پاچای (پاچین) کە چاوگەی مەعلوومە بە مانای ((بڕین))یش هاتووه، بەڵام زۆرتر بۆ بڕینی لق و پۆپی بێ کەڵکی دار و درەخت بەکار ئەبرێ، هەروەها بۆ کورتکردنەوەی مووی سەریش بەکار ئەهێنرێ. لەم حاڵەدا لەگەڵ پێشگری ((هۆر)) (هەڵ) لێک ئەدرێ و ئەوترێ ((هۆر پاچای)) (هەڵپاچین).

ئاوێزان: شۆڕ، سەرەوخوار.

وە رووی بەرگمەن: بە رووی جل و بەرگمدایە، واتە: ئەو ریشەی جەرگە قەد قەد کراوە بە یەکا و، وەك ریشە و گوڵەنك بە رووی جل و بەرگمدا بەربووەتەوە.

هەنی: ئیتر.

نەدەران دەم وە مەناوە: نەدەن دەم بە سەرزەنشتەوە. کردەوەی لێکدراوی ئیلتزامی مەنهییە لە چاوگەی ((دەم وە مەناوە دای)) (دەم بە مەنع کردنەوە دان). ((مەنا)): مەنع. تیپی ((و)) بە بێ ڕێگا لە کردەوەی ((نەدەران))دا هاتووه، چونکە ئەسڵەکەی ((نەدان)) واتە: یاران دەس نەکەن بە سەرزەشت کردن.

ئافەرین واچان: ئافەرین بێژن، بارەقەڵا بکەن.

جە گردین لاوە: لە گشت لاوە.

**پوختەی مانا:**

ئێستا چاك وایە تۆ لەم سەردەمەدا کە خەڵك لەسەر خۆشەویستیی تۆ سەرزەنشت و مەنعم ئەکەن، ئەو دوو ڕشتەی مەحەببەتە بە کوێریی چاوی ئەوان، نادەی بە یەکا و بتەوتری بکەیەوە، تا یاران بە ریشەی جەرگی قەد قەد کراومی بزانن کە بە رووی جل و بەرگمدا ئاوێزانە و لە باتی سەرزەنشت لە هەموو لایێکەوە تەحسینم بکەن و ئافەرینم پێ بڵێن!!

وەها کە جاروبار ئیشارەمان بۆ ئەوە کردووە کە مەولەوی وەك زۆربەی شاعیرە کورد و فارسەکان، شیعر دوروستکەر و دیوان ڕێکخەر نەبووە، بەڵکە هۆنینەوەی هەریەکە لە پارچە هۆنراوەکانی هۆیێکی تایبەتی بووە، ئەو هۆیەش

یان لە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی دەرئەکەویٚ، یان دەم بەدەم هاتووەتە خوارەوە و گەیشتووە بە ئێمە، یان هەندێ لە نوسخە هەڵگرەکان هۆی هۆنینەوەی پارچەکەیان لە سەرەتای پارچەکەوە، نووسیوە. جاری وەهاش هەیە کە ئەو هۆیە بە هەڵە دیاری کراوە. هەندێ تر لە پارچە هۆنراوەکانی مەولەوی، بە هیچ کام لەو رێگایانە کە وێژرا، هۆی هۆنینەوەیان دەرناکەویٚ، ساختمانەکەشیان گۆشەگەل و کینایەگەلێکیان تێدایە کە تەنیا لە نێوان مەولەوی و ئەو کەسانەدا کە پارچەکەیان بۆ هۆنراوەتەوە، دیار بووە. بۆ وێنە ئەم پارچەی هەشتەمە یەکێکە لەو پارچانە کە مەبەستی راستەقینەی مەولەوی لە مەزموونەکەی دەرناکەویٚ و نازانرێ کە مەزموونەکەی مەزموونێکی عارفانە، یان عاشقانەیە. وە مەبەست لە ئازیز کێیە؟

من لام وایە مەولەوی ئەو پارچەیەی بۆ شێخ عەزیز نووسیوە، بەڵام ئەوەندە تەشبیهات و ئیستعاراتی تێدا گونجاندووە، مەگەر هەر بیری خۆی پێی بگا کە چ شاکارێکی ئەدەبیی لەو پارچەیەدا هێناوەتە دی. ئەوەی کە بیری ناقیسی منی پێ ئەگا، ئەمەیە کە دۆستان و ئاشنایان بە هۆی خۆشەویستی لەڕادەبەدەری مەولەوی سەبارەت بە شێخ عەزیز، مەولەوییان سەرزەنشت کردووە، ئینجا مەولەویش ویستوویە بەو هونەرە کەم وێنەی خۆیە، لەم پارچەیەدا ئەو کارەساتە بە گۆشە و کینابە، نیشان بدا و دڵی شێخ عەزیزیش بهێنێتەوە دەس و پێی راگەیێنیٚ کە رشتەی دۆستیی و خۆشەویستیی ئەوان وەها پێچراوە بەیەکا، بە هیچ جۆرێ لەیەك جیا نابێتەوە. بەڵام بۆ ئەوە کە خەڵك سەرزەنشتیان نەکەن و حەسوودییان پێ نەبەن ئەو گیرۆدەییە دەروونییە کە بریتییە لە رەنج و ئازاری خۆشەویستی بە گیرۆدەییێکی رواڵەتی نیشان ئەدا کە سەختیی و نالەباریی ژیان بۆی هێناوەتە پێشەوە. ئینجا بۆ گەیاندنی ئەو مەزموونە، مەولەوی دڵی بە ناوەندی رەنج و ئازاری ئەوین و دڵداری و جەرگیشی بە ناوەندی پەژارە و سەختیی ژیانی ئاسایی داناوە. دیارە عیشق و ئەوین ئینفعالاتێکی رەوانییە و بە حەواسی زاهیری بۆ کەسیٚ دەرك ناکریٚ بەڵام پەژارە و سەختیی ژیانی ئاسایی لەوانەیە بە ئاسار و شوێنەواری رواڵەتی دەرك بکریٚ، وەك: کزیی و رووت و قووتی و بیٚ دەسەڵاتی و گەدایی و

وێنەکانیان کە لە هەر کەسێکا بە جوانیی ئەبینرێن و ئەزانرێ کە ئەو کەسانە کە خاوەنی ئەو جۆرە حاڵەتانەن، زۆر لە سەختیدا ئەژین.

مەولەوی بۆ نیشاندانی ئەو حاڵەتە رەوانییە، ئەو رشتەیە ئەکا بە ریشەی لیباسەکەی و پێی ئەیرازێنێتەوە! واتە: لە قوماشی مەعقوول کە وەك رشتەی پەیوەندیی عیشق بێ، قوماشێکی مەحسووس کە بریتییە لە ئاساری پەژارە و سەختی ژیان، دوروست ئەکا و بە خەڵکی ئەنوێنێ تا لە باتیی سەرزەنشت سەبارەت بە خۆشەویستیی ئازیزی، ئافەرینی پێ بڵێن کە ئەو لیباسە جوان و رازاوەیەی لە کوێ هێناوە کە بەکاربردنی تەرکیبی ((ئافەرین واچان جە گردین لاوە)) سەنعەتێکی ئەدەبی زۆر بەرزە کە لێکدانەوەی، وردبوونەوەیێکی زۆری پێ ئەوێ، وەك ئەوە کەسێك لە ژیاندا کارەساتێکی دژواری بۆ دێتە پێشەوە، بەڵام کەسانی تر رواڵەتی ئەو کارەساتە بە چاك ئەزانن و شادباش و پیرۆزبایی پێ ئەڵێن! بەڵام ئەو کەسە لە دڵی خۆیا ئەزانێ چ دەردێکی تووش بووە؟! مەولەوی لە جێگاییێکی تر وێنەی ئەم مەزموونیەی هێناوە و ئەڵێ:

من وێم مەزانوو چ تۆمێم کاڵان

خەڵکان پەی هیمەت وەنەم مەلاڵان!

## پارچەی نۆیەم

ئـــازیز! تـــەن وە نـــێش زامـــەتان خەســـتەن
مەینـــەت پـــای ئامـــام وە زەنجـــیر بەســـتەن
قاســـیدێچ -واچـــوون- پـــەی ســـەفەر خاســـەن
رەوان بـــۆ و تێـــژرەو، هـــەرس و هەناســـــەن

ئازیز: ئەگونجێ مەبەست شێخ عەزیز بێ، چونکە زۆربـەی ئـەو پارچـانەی کـە وشەی ((ئازیز)) لە سەرەتایانەوەیە، بۆ شێخ عەزیز هۆنراونەتەوە.

تەن: لاشە، بەدەن، جەستە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

نێش: بۆ چەن مانا بەکار ئەبرێ: ئێش، چڵ، دەرد، نـووکی تیـژی هـەر شـتێ، وەك نووکی نەشتەر. نووکی دەرزیی.

زامەتان: زەحمەتان، سەختیگەل، رەنجگەل.

خەســتە: بریـنـدار، نـەخۆش، مانـدو، بـێ هێـز. ((ن)) ئـەگونجێ نیشـانەی کردەوەی مازیی نەقلّی بێ، لەم حاڵەدا لـە چـاوگەی لێکدراوی ((خەسـتە بییـەی)) (ماندووبوون، نەخۆشبوون، بێ هێزبـوون) گـیراوە. ئەشـگونجێ کـردەوەی رابـیتی زەمانی حاڵ بێ. ((تەن)) موسنەد ئیلەیە بێ و ((خەستە)) موسنەد.

مەینەت: میحنەت، رەنج، سەختی، پەژارە.

پا: پێ. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ئامام: هاتنم. ((ی))ی نیشانەی چاوگە لە دوایەوە حـەزف کـراوە، لـە ئەسـڵدا ((ئامایم)) بووە. ئەگونجێ ((ئاما)) ناوی مەسدەر بێ.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

بەســتەن: بەســتووە. کـردەوەی مـازیی نەقڵییـە لـە چـاوگەی ((بەسـتەی)) (بەستن).

**پوختەی مانا:**

ئازیز! هەموو لەشم بە نێشی سەختیگەل خەستەیە. پەژارەی ناکامیش هەردوو پێی هاتنی بەزەنجیر بەستووم.

قاسیدێچ: قاسیدێکیش. لێرەدا ((قاسید)) بە مانای ((قاسیدگەل)) بەکار براوە.

واچوون: بڵێم، بێژم. کردەوەی ئیلتزامییە لە چاوگەی نامونتەزەمی ((واتەی)) (وتن) کە لێرەدا بە مانای ((لام وابێ))یە، واتە: قاسیدێکیش لام وابێ...

پەی سەفەر: بۆ سەفەر. ((پەی)) (بۆ) پیتی ئیزافەیە.

خاسەن: چاکە. لێرەدا زەمیری موفرەدی رابیتی ((ن)) لە دوای تەرکیبی ((خاسەن))ەوە، بە ئیعتباری موفرەدبوونی لەفزی ((قاسید))ە، ئەگینا لە مانادا مەبەست مانای جەمعبوونە وەها کە لە دواییدا بۆمان دەرئەکەوێ.

رەوا بۆ و تێژڕەو: رەوان بێ و تیژڕەو. یەکەم سیفەتە بۆ فرمێسک و دووەم سیفەتە بۆ هەناسە.

هەرس و هەناسەن: فرمێسك و هەناسەیە.

**پوختەی مانا:**

ئازیز هەموو لەشم بە نەشتەری سەختیگەل، بریندار و کونکونە و دەرد و پەژارەی ناکامیش پێی هاتنی بە زەنجیر بەستووم.

قاسیدگەلێکیش کە یەکێکیان رەوان و ئەوی تریان تیژڕەو بێ و بۆ ناردن بۆ لای تۆ بشێن، فرمێسك و هەناسەمن.

هەنی پای تاقەت ئاماشان نییەن
ئەو سەرچەمەش وشك، ئێد کۆتا بییەن

هەنی: ئیتر.

پای تاقەت: پێی توانایی. ئیزافەیێکی ئیستعارییە.

ئاماشـان: هاتنیـان. ((ی))ی نیشـانەی چـاوگە لـە دوای ((ئاما))یـەوە حـەزف کراوە. ئەگونجێ ((ئاما)) ناوی مەسدەر بێ.

نییەن: نییە.

ئەو: زەمیری ئیشارەی دوورە ئەگەڕێتەوە بۆ ((فرمێسك)).

سەرچەمەش: سەرچاوەی، واتە: سەرچـاوەی وشـك بـووە، واتـە: ئـاوی لەشـم چـنراوە و دوایـی هـاتووە، کینایەیـە لـە نیزیکبوونـەوەی دوا کـاتی ژیـان. ئـەوەش ئەگونجێ کە مەبەست زۆر گریان و دواهاتنی فرمێسك بێ.

ئێد: ئەم. زەمیری ئیشارەی نێزیکە ئەگەڕێتەوە بۆ ((هەناسە)).

کۆتا بییەن: کورت بـووە. کورتبـوونی نەفـەس، کینایەیـە لـە نیزیکبوونـەوەی مردن، چونکە لە سەرەمەرگدا مرۆ هەناسەبڕکێی پێ ئەکـەوێ. ئـەگونجێ مەبەسـت لاوازی و بێ تینی بێ کە ئەبنە هۆی کورتبوونەوە و بێ هێزیی هەناسە.

**پوختەی مانا:**

ئەوانیش ئیتر پێی توانایی هاتنیـان نییـە، چـونکە فرمێسـکم لـە سەرچـاوەوە وشك بووە و، هەناسەشم لە دواهاتندایە.

سـا تـۆ بـۆ وە رەغـم بـەخت بەرگەشـتەم
جـاگێر نەدیـدەی وە هۆنـاو رەشـتەم
بـا سـاتێ رەقیـب دووریـت بکێشـۆ
شـەوێ وێنـەی مـن وەی رۆوە، نیشـۆ

سا: پیتی تەئکید و تەنبیهە.

بۆ: وەرە، بێ. کردەوەی ئەمری حازرە لـە چاوگەی نامونـەززەمی ((ئامـای)) (هاتن).

وه رەغم: له رق، به پێچەوانه. ((وه)) پیتی ئیزافەیه. ((رەغم)) به مانای به خاك ساوین و خۆش لێ نەهاتن و رق و نەویستنه.

بەخت بەرگەشته: بەختی چەواشه، واته: به کوێری بەختی چەواشەم که هەمیشه تووشی ناکامی و نائومێدی کردووم.

جاگێر: جێ بگره. کردەوەی لێکدراوی ئەمری حازره له چاوگەی ((جاگێرتەی)) (جێگرتن، جێگیربوون، دانیشتن).

نه: له. پیتی ئیزافەیه.

دیده: چاو. ((ی)) له دوایەوه نیشانەی تەوسیفه.

وه: به. پیتی ئیزافەیه.

هووناو: خوێناو.

رەشته: رەژراو، واته: چاوێ که له دەردی دووریی تۆدا فرمێسکی بووه به خوێن.

با ساتێچ: با ساتێکیش. ((با)) کورتکراوەی ((بێلا))یه که له فارسیدا ((بوگزار)) ئەوترێ. قەیدی فیعلییه و مانای ئیلتزام ئەگەیێنێ. نیگەهبان، پاسەوان. یەکێ له دوو عاشقی مەعشووقێك.

رەقیب: ناحەز له زاراوەی شاعیراندا به کەسێك ئەوترێ که تەگەره و ناکۆکی بخاته نێوان عاشق و مەعشووقەوه.

دووریت بکێشۆ: دووریت بکێشێ. کردەوەی لێکدراوی ئیلتزامییه له چاوگەی ((دووری کێشای)) (دووری کێشان، داخی دووری به دڵەوه چوون)، واته: با تاوێ رەقیبیش داخی دووری تۆ بچێته دڵییەوه.

وەی: بەم، به ئەم. کورتکراوەی ((وه ئی))یه. ((وه)) (به) پیتی ئیزافەیه و ((ئی)) (ئەم) لێرەدا ناوی ئیشارەیه.

رۆ: لێرەدا دەنگه له کاتی روودانی کۆست و بەدبەختیدا بەکار ئەبرێ. ((وه)) له دوایەوه، پاشگری ئیتتساله.

نیشۆ: بنیشێ، واتە: ئەم بەدبەختییەی بکەوێتەبەر، تووشی ئەم موسیبەتە ببێ. ئەگونجێ ((رۆ)) بە مانای رۆژ بێ، لەم سوورەتەدا مانای ئەو تەرکیبە ئەبێ بە: ئەم رۆژە شوومەی بکەوێتە بەر.

وەی رۆوە نیشۆ (بەم رۆیەوە، یان بەم رۆژەوە بنیشێ) کردەوەی ئیلتزامی لێکدراوە لە چاوگەی ((بە رۆوە نیشتەی)) (تووشی بەدبەختی بوون، کۆستکەوتن).

**پوختەی مانا:**

کە وابوو، توخودا وەرە بە کوێریی چاوی بەختی چەواشەم کە هەمیشە ناکامی بۆم هێناوەتە پێشەوە، لە نێو چاوی بە خوێناو رەژاوم دانیشە، با ساتێک رەقیبیش دەردی دووریی تۆ بکێشێ و، شەوێک بەدبەختیی منی بکەوێتەبەر.

**وەرنــــە ســـــا چـــونکە ئاســــانەت دوورەن**

**را نمـــــــــەزانوو، بەڵـــــــــەد زەروورەن**

وەرنە: وە ئەگەر نە، ئەگینا.

سا: ئامرازی تەئیکد و بێدارکردنەوەیە.

چونکە: ئامرازی عیللەتە.

ئاسانەت: ئاستانەت، ناودەرگات.ماڵت، مەنزڵت.

دوورەن: دوورە. ((ن)) زمیری رابیتی زەمانی حاڵە.

را: رێ، رێگا، رێگە.

نمەزانوو: نازانم. کردەوەی مەنفیی موزاریعە لە چاوگەی ((زانای)) (زانین).

بەڵەد: شارەزا، ئاشنا بە رێ و بان.

زەروورەن: پێویستە. ((ن)) زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە، واتە: ئەگەر خۆم بێم بۆ لات، کەسێکم ئەوێ رێبەریم بکا چونکە رێ و شوێنی ماڵی تۆ نازانم.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر خۆت نایێی بۆ لام، لەبەر ئەوە مەنزڵت دوورە و، منیش ڕێگا نازانم کەسێکم پێویستە کە بەڵەد بێ و ڕێ و شوێنم پێ نیشان بدا و بمهێنێ بۆ لات.

**دڵ وەلاتـــەوەن ئامـــان ســـەد ئامـــان**
**ئامۆشـــۆش کـــەردەن، فـــرە جـــار ئامـــان**

دڵ وەلاتەوەن: دڵم بەلاتەوەیە.

ئامان سەد ئامان: تەرکیبێکە بۆ لاڵانەوە و، پاڕانەوە، بەکار ئەبرێ.

ئامۆشۆش کەردەن: هات و چووی کردووە. کردەوەی لێکدراوی مازیی نەقڵییە لە چاوگەی ((ئامای و شییەی کەردەی)) (هاتن و چوون کردن).

فرە جار: زۆرجار.

ئامان: هاتووە.

**پوختەی مانا:**

ئەو کەسە شارەزایەش دڵمە کە بەلاتەوەیە و، گەلێ جار هات و چووی کردووە و هاتووە بۆ لات.

**چـــون جـــە تـــام زام مـــژەت سەرشـــارەن**
**ویانـــــە مـــــارۆ بـــــەدەن بێـــــزارەن**
**هـــیچ مەبـــەر وە تـــەنگ ویانەشـــەوە**
**پـــــەرێ بەڵـــــەدیم بکیانەشـــــەوە!** (1)

---

(1) لە نوسخەی دەسنووسی ((ذ))دا لە دوای ئەم هۆنراوەیەدا، ئەم هۆنراوەیەش هاتووە:

دڵ وەتـــەنگ ئامـــان، ئامـــان هامفـــەردان!
بیـــان وەسەرمەشـــق گـــرۆی هامـــدەردان

چوون: لێرەدا ئامرازی عیللەتە، واتە: لەبەر ئەوە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

تام: مەزە.

مژە: برژانگ.

سەرشارەن: تێرە، سەرمەستە، سەرخۆشە.

ویانە مارۆ: بەهانە ئەهێنێ. کردەوەی لێکدراوی موزاریعە لە چاوگەی ((ویانە ئاردەی، یان ویانە ئاوەردەی)) (بەهانە هێنانەوە، عوزر دوروستکردن) مەبەست بەڵگە دوروستکردن بۆ جێبەجێ نەکردن، یان جێبەجێکردنی کارێ، ئەڵبەتە زۆرتر بۆ باری مەنفییە.

بەدەن بێزارەن: بەدەن بێزارە، واتە: لە راستەقینەدا حەز ئەکا بە لای تۆوە بێ و بێزارە لەوە کە بێتەوە بۆ لای من، بەڵام لە رواڵەتدا زەعف و لاوازیی و ناتەوانیی لەشم ئەکاتە بیانوو بۆ نەگەڕانەوە بۆ ناو لەشم!

هیچ: قەیدی تەئکیدی نەفییە.

مەبەر وە تەنگ: مەبە بە تەنگ. کردەوەی لێکدراوی ئەمری حازرە لە چاوگەی ((وەتەنگەوە بیەی)) (بەتەنگەوەبوون، دەربەسبوون، موقەییەدبوون). ((ر)) لە دوای ((مەبەر))ەوە بە بێ ڕێگا هاتووە، لە ئەسڵدا ((مەبە)) بووە.

ویانەشەوە: بەهانەیەوە.

پەرێ: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

بەڵەدیم: شارەزاییم.

بکیانەشەوە: بینێرەوە. کردەوەی ئەمری حازرە لە چاوگەی ((کیانایەوە)) (ناردنەوە).

**پوختەی مانا:**

بەڵام لەبەر ئەوە سەرخۆشی مەزەی برینی تیری برژانگتە، نایەوێ بگەڕێتەوە و بێزاریی لە لەشم ئەکاتە بیانوو، ئامان سەد ئامان، گوێ بە بیانووی مەدە و بۆ شارەزاییم بینێرەوە!

## پارچەی دەیەم

ئـــــازیز دیـــــارەن وادەی لوامـــــــەن

ئـــــەلوەدای ئـــــاخر ئـــــەوە نامامـــــەن

ئازیز: مەبەست شێخ عەزیزی جانەوەرەیییە[1].

دیارەن: دیارە، وەها دەرئەکەوێ.

وادە: وعدە، کات، وەخت. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

لوامـەن: چـوونمە. ڕۆیینمـە. ((لـوا)) نـاوی مەسـدەرە لـە چـاوگەی ((لـوای)) (چوون، ڕۆیین).

ئەلوەدا: ئەلوەداع، ماڵاوایی.

ئـەوە نامامـەن: نەهاتنەوەمـە، واتـە: مـاڵاوایی دوایـی نەهاتنەوەمـە کـە ئـیتر ناگەڕێمـەوە و چـاومان بـە یـەکتر ناکەوێتـەوە. ((ئـەوە نامـا)) نـاوی مەسـدەرە لـە چاوگەی ((ئەوە نامای)) (نەهاتنەوە).

دەماودەم لە گەورە پیاوانم بیستووە کە مەولـەوی و شـێخ عـەزیز پێکـەوە لـە مەدرەسەی مزگەوتی ((دار ولئیحسـان))ی شـاری ((سـنە)) خوێندوویانـە، بـە پێـی ڕێککەوت مەولەوی ناچار ئەبێ لە شێخ عەزیز جیا ببێتەوە و بچێ لە شاری ((بانە)) بخوێنێ ئینجا لە کاتی ماڵاوایی لە شێخ عـەزیز، ئـەم پارچـەیەی بـۆ هۆنیوەتـەوە و گەردن ئازادیی لێ ئەخوازێ. لەو ماوەیەدا کە مەولەوی لە شـاری بانـە خوێندوویـە، چەن پارچەی تـری بـۆ هۆنیوەتـەوە و بـۆی ناردووە کـە لـە جێـی خۆیـدا باسمـان لێیانەوە کردووە.

---

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی قەقێیەتیدا بۆ ((شێخ عەزیز))ی جانەوەرەیی نووسیوە کە لێی جوێ بووەتەوە و چووە بۆ ((بانە)).

**پوختەی مانا:**

ئازیز! دیارە کاتی ڕۆیشتن و ئاخرین ماڵاوایی و نەهاتنەوەمە.

دەوڵەتەکـــەی وەســـڵ پـــا نـــە زەواڵـــەن
جارێوتــــەر دیــــدەن بــــاڵات مەحاڵــــەن

دەوڵەت: لێرەدا بە مانای خۆشبەختی و کامەرانییە.

وەســـڵ: پێکـــەوەبوونی عاشـق و مەعشـووق یـا دۆسـتان و هـاوەڵان، یـان بەیەکگەیشتنیان.

پا نە زەواڵەن: لە تێداچوون و نەمان نزیکبووەتەوە، پێی ناوەتە تێداچوون.

جارێوتەر: جارێ تر.

**پوختەی مانا:**

شادی و خۆشیی پێکەوەبوونمان خەریکە دوایی دێ و مەحاڵە جارێ تـر بـاڵات ببینمەوە.

ســــا دڵـــــم وەش کـــــەر وە ئیلتفـــــاتێ
بدیـــــــە وە لاوە بوینـــــــووت ســـــــاتێ

سا: ئامرازی تەئکیدە.

دڵم وەشکەر: دڵم خۆشـکە. کـردەوەی لێکـدراوی ئـەمری حـازرە لـە چـاوگەی ((وەش کەردی)) (خۆشکردن). ((ە))ی زەمیر لە دوای ئەو کردەوەوە، بـۆ سـووکی فڕە دراوە، لە ئەسڵدا ((وەش کەرە)) بووە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

ئیلتفات: بە مانای لاکردنەوە و ئاوڕدانەوەیە، بەڵام لێرەدا لازمی مانای مورادە کە بریتییە لە میهرەبانی و مەحەببەتکردن. ((ی)) نیشانەی نەکارەتە.

بدیە: بڕوانە. کردەوەی ئەمری حازرە لە چاوگەی ((دیای)) (ڕوانین).

وه لاوه: به لاوه، واته: بڕوانه به لاوه. لایێ بکەوه.

بوینووت: بتبینم. کردەوەی ئیلتزامـی لـه چـاوگەی ((وینـای)) (چـاوپێکەوتن، دیتن، بینین).

**پوختەی مانا:**

سا دڵم خۆش که بـه دەربڕینی میهرەبانییێك و، لایێکم بـۆ بکـەوه بـا سـاتێ بتبینم.

**بـــا بــــەیۆ شـــــنۆی شـــــیرین رازەکـــــەت**
**گـــــۆش دەرۆ لادێ مەینـــــەت گازەکـــــەت**

با بەیۆ: با بێت. کردەوەی ئیلتزامییه له چاوگەی ((ئامای)) (هاتن). ((با)) کورتکراوەی ((بهێڵه))یه که کردەوەی ئەمری حازره له مانادا، ئەبێته قەیدی ئیلتزام.

شنۆ: شنه، هاتنی بای نەرم. له فارسیدا ((وەزش)) ئەوترێ.

راز: داستان، چیرۆك، حیکایەت. شیرینڕاز، شەکەر: کینایەیه له قسەکردنی مەعشووق لەگەڵ عاشقدا.

گۆش دەرۆ: گوێ بدا: کردەوەی ئیلتزامییه له چاوگەی ((گۆش دای)) (گوێ دان) تیپی ((ر)) به بێ رێگا له کردەوەکەدا هاتووه چونکه له چاوگەدا وجوودی نییه.

لادێ: تاوێ، ساتێ. لەحزەیێ.

مەینەت گاز: سیفەتی موتڵەقی لێکدراوه، واته: مەینەت گاز لێ گرتوو. کینایەیه له کەسێك که له ژیاندا دەرد و پەژارەی زۆری تووش بێ. به فارسی ئەوترێ: فەلەك زەدە.

**پوختەی مانا:**

ئینجا دوو قسەشم لەگەڵ بکه با دەنگه خۆشەکەشت بێته گوێم و، تاوێ گوێ بدا بەو دەنگەت دەردەداری عیشقەکەت.

**ئاخرسەفەرەن، را خەیلێ دوورەن**

**مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەروورەن**

ئاخر سەفەر: دوایی سەفەر. ((ن)) زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە.

ڕا: ڕێ، ڕێگا، ڕێگە.

خەیلێ: زۆر، گەلێ.

دوورەن: دوورە. ((ن)) زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە.

تۆشە زەروورەن: تۆشە پێویستە. ئێستا بزانین مەولەوی چۆن تۆشەیێ ئامادە ئەکا بۆ ئەو سەفەرە کە لە هۆنراوەی دواییدا بۆمان دەرئەکەوێ!

**پوختەی مانا:**

ئاخر سەفەرە و ڕێگاکەم خەیلێ دوورە و مەنزڵی زۆریشم لە ڕێدایە، بۆ ئەو سەفەرە تۆشەم پێویستە.

**دینت تۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ**

**رازت تۆشەی گۆش مەنزڵ ئەو مەنزڵ**

دینت: دیتنت، چاوپێکەوتنت. ((دین)) چاوگەیێکە تەنیا کردەوەی مازیی لێ دوروست ئەکرێ، وەک: دیم، دیت، دیی.

دینت تۆشەی چەم: واتە: ئەو تاوە چاوپێکەوتنەت بۆ تۆشەی چاو کە هەمیشە شێوەت لە پێشچاومەوە بێ.

مەیلت تۆشەی دڵ: واتە: ئەو لاکردنەوە مەحەببەت ئاوییەت بۆ تۆشەی دڵم کە لەو سەفەرەدا هێزی تێکەوێ و پێی بگەشێتەوە.

رازت تۆشەی گۆش: واتە: با تەنیئی دەنگە خۆشەکەت کە لە کاتی ماڵاوایی کردندا دێتە گوێم. لەو سەفەرەدا ببێتە تۆشەی گوێم و مەنزڵ بە مەنزڵ لە گوێما هەر بزرنگێتەوە.

مەولەوی لەم چەن هۆنراوەیەدا لەف و نەشرێکی مورەتتەبی جوانی بەکار بردووە.

**پوختەی مانا:**

چاوپێکەوتنت لەم سەفەرەدا ببێ بە تۆشەی چاو و مەیلیشت تۆشەی دڵ و تەنینی دەنگە خۆشەکەشت لە هەر جێگاییکا کە مەنزڵ ئەگرم تۆشەی گوێم بێ!

**کێ زانۆ چوون بۆ ئی دنیای بادیی**
**با بەیۆ نە بەین گەردەن ئازادیی**

مەولەوی پاش تۆشەی سەفەر ئامادەکردن، ئەیەوێ لە ئازیزی گەردن ئازادی بخوازێ، نەکا یەکتر نەبیننەوە. ئێستا بزانین گەردن ئازادی خواستنەکەی چۆن گەردن ئازادی خواستنێکە کە لام وا نییە وەها مەزموونێ تا ئێستا بە بیری هیچ ئەدیبێکا هاتبێ!

زانۆ: ئەزانێ. کردەوەی موزاریعی ئیخبارییە لە چاوگەی ((زانای)) (زانین).

چوون: چلۆن، چۆن.

بۆ: ئەبێ.

ئی: ئەم.

دنیای بادی: دنیایێک کە وەك ((با)) دێت و دەڕوا. ئەگونجێ ((بادی)) بە مانای مەغروور و، لەخۆدەرچوونیش بێ، چونکە وەها کە ئەوترێ: ((فلانە کەس زۆر لە خۆی بادیی بووە)) واتە: گەلێ لە خۆی دەرچووە.

با: کورتکراوەی ئەمری حازری ((بهێڵە))یە و قەیدی ئیلتزامە.

بەیۆ: بێت.

با بەیۆ نە بەین: با بێتە نێوان، واتە: با دەس بکەین بە گەردنئازادی خواستن. لە کوردەواریدا باوە کاتێ دوو دۆست بیانەوێ لەیەك جیا بنەوە، واتە یەکێکیان

بچیٚ بۆ سەفەرێکی دوور و درێژ، بەوی تریان ئەڵێ: ((کاکە! گەردنم ئازاد کە نەکا دڵتم ئێشاندبیٚ، یان حەقێکت بەسەرمەوە بیٚ)).

**پوختەی مانا:**

کیٚ ئەزانیٚ کە باری ئەم جیهانە کە وەك با دێت و تێپەڕ ئەکا، لە ئایەندەدا چۆن ئەبیٚ، نەکا چاومان بەیەك نەکەوێتەوە، با گەردنی یەکتر ئازاد کەین لەوە کە ئازارێکمان بەیەك گەیاندبیٚ!

ئەو ئازارانەی کە مەولەوی گەیاندوونی بە ئازیزی ئەمانەن:

مـــــن شـــــەویٚ ناڵـــــەم جـــــۆش ئـــــاوەردەبۆ
ســـــــەگ ئاســـــــانەت بێـــــدار کـــــەردەبۆ

جۆش ئاوەردەبۆ: هاتبێتە جۆش و خرۆش.

بێدار کەردەبۆ: بێدار کردبیٚ.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر من شەوێك لە تاوی دەردی عیشقی تۆ ناڵەم بەرز بووبێتەوە و ئەمواجی هەوا گەیاندبێتییە گوێی سەگی بەردەرگای تۆ و بێداری کردبێتەوە، تکایە لێم ببورە و گەردنم ئازاد کە!

یـــا ناســـتە بـــۆ ســـەیل دیـــدەم نەفەســـیٚ
نەســـیم گـــەرد رات بـــەرۆ پـــەی کەســـیٚ

ناستە بۆ: نەیهێشتبیٚ. کردەوەی ئیلتزامی رابووردووی مەنفییە لە چاوگەی ((ئاستەی)) (هێشتن).

سەیل: لافاو، سێڵاو.

دیدەم: چاوم.

نەفەسیٚ: دەمیٚ، تاویٚ، بە ئەندازەی نەفەس کێشانیٚ.

نەسیم: بای شەماڵ، بای نەرم و ئارام.

گەرد ڕات: تۆزی ڕێگات.

بەرۆ: ببا، بەرێ. کردەوەی موزاریعی ئیلتزامییە لە چاوگەی ((بەردەی)) (بردن).

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

کەسێ: ئەو کەسەی کە دەردەداری عیشقی تۆیە، مەبەست ئەوەیە کە عاشقی ((ئازیز)) تەنیا مەولەوی نییە، بەڵکە هەزاران عاشقی هەیە!

**پوختەی مانا:**

یا وەکو، لافاوی فرمێسکی چاوم لە تاوی ناکامی لە وەسڵی تۆ، سەروازی کردبێ و ڕێگای هات وچووی تۆی کردبێ بە قوڕ و نەیهێشتبێ بای شەماڵ تۆزی ڕێگاکەت ببا بۆ دەرمانی دەردەدارانی عیشقت، لێم ببورە و گەردنم ئازاد کە!

**جەمینت زەحمەت نیگام کێشا بۆ**
**کەف پات وە خار مژەم ئێشا بۆ**

جەمین: جەبین، پێشانی، بەڵام لێرەدا مەبەست تەواوی ڕوومەت و ڕوخسارە.

کێشا بۆ: کێشابێ، واتە: کاتێ ڕوانیوێتم بۆت، ئەو ڕوانینی منە ئازاری بە لەتافەتی ڕوخساری تۆ گەیاندبێ!

کەف پا: کەفی پا، ژێری پێ.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

خار: دڕك، دڕوو. لە گۆرانیدا ((دڕەیە)) ئەوترێ، بە موئەنەس دەرئەخرێ.

مژە: برژانگ. ئیزافەی ((خار)) بە ((مژە)) ئیزافەی بەیانییە، ئەگونجێ کە تەشبیهیی بێ. ((م)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە.

ئێشا بۆ: ئێشی پێ گەیشتبێ. کردەوەی ئیلتزامییە لە چاوگەی ((ئێشای)) (ئێشان)، واتە: لە کاتێکا چاوم بووبێ بە فەرشی ڕێگای هات و چووت، پێت نابێ بە چاوما و، برژانگی چاوم چەقیی بێ بە پێتا و ئێشی پێ گەیاندبێ!!

ئەمەش یەکێ ترە لە هونەرکارییە وێژەییە بێ وێنەکانی مەولەوی کە بەم مەزموونە ئەو پەڕی خۆشەویستی خۆی بۆ ئازیز دەربڕێ و ئەڵێ: ئەوەندە چاوم بڕیوەتە ڕێگای هات و چووی تۆ، وەك ئەوە هەموو ڕێگاکەت بووەتە چاوی من و پێ بەسەر هەر شوێنێکیدا ئەنێی، پێ بەسەر چاوی مندا ئەنێی!

**پوختەی مانا:**

یاخۆ، ڕوخسارت لەبەر ناسکی و لەتافەت بە ڕوانینی من ئازاری پێگەیشتبێ، یان ژێری پێت لە کاتی هاتووچوودا دڕکی برژانگم تێی چەقیی بێ و ئێشی پێ گەیاندبێ!!

یـــا کـــەردەبۆ دڵ، دێوانـــەی دڵ تـــەنگ،
وەخـــت نیشـــانەی دڵان پـــەی خـــەدەنگ
پەلـــە پـــەل پـــەی زەوق زامێـــو وە تـــیرت
ئـــازار دابـــۆ تـــای زڵـــف زەنجـــیرت

یا: لێرەدا پیتی پەیوەندە، مانای تەردید ئەگەیێنێ.

کەردەبۆ: کردبێ، پایەی کردەوەی لێکدراوی ((پەلە پەل کەردەبۆ))یە، واتە یاخۆ پەلە پەلی کردبێ. کەردەبۆ کردەوەی لێکدراوی ئیلتزامیی رابووردووە لە چاوگەی ((پەلە پەل کەردەبۆ)) کە جوزئی ((پەلە پەل)) لەبەر زەروورەتی شیعری کەوتووەتە دواوە.

دێوانەی دڵ تەنگ: دوو سیفەتی لە شوێن یەکە بۆ ((دڵ)).

وەخت: کات.

نیشانەی دڵان: نیشانەگرتنی دڵان، واتە: وەختێ کە ئازیز دڵگەلی کردبێتە نیشانە.

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

خەدەنگ: تیر. مەبەست تیری روانینی ئازیزە.

پەلە پەل: بێ تاقەتیی و بێ سەبریی. جوزئی کردەوەی لێکدراوی ((کەردەبۆ))یە کە لە سەرەوە باسمان لێیەوە کرد.

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

زەوق: چەشتن.

زامێو: برینێ. زەخمێ. ((یۆ)) پاشگری نەکارەتە و ((ە)) پاشگری وەحدەتە، کە وابوو ((زامێو)) ئەگەر پاشگری وەحدەتیش بگرێ، ئەوترێ: ((زامێوە)).

وە تیرت: بە تیری تەوەجوهی تۆ. بە تیری روانینی تۆ.

زوڵف زەنجیر: ئیزافەی بەیانی، یا تەشبیهییە. ((ت)) لە دوای ئەو تەرکیبەوە، زەمیری موزاف ئیلەیهە.

**پوختەی مانا:**

یا رەنگە دڵی دیوانەی دڵ تەنگم لە کاتێکدا دڵگەلت کردبێتە نیشانەی تیری روانینی خۆت، بۆ لەززەتبردن لە برینی تیری چاوی تۆ پەلە پەلی کردبێ و ئازاری بە زنجیری تاڵی زڵفت گەیاندبێ.

یا رەنگە لە کاتی کردنە نیشانەی دڵان بۆ تیری روانینت دڵی دێوانەی دڵ تەنگیم، بۆ لەززەتبردن لە برینێکی تری تیری روانینی چاوی تۆ، لە کاتێکدا دڵگەلت کردبێتە نیشانەی تیری روانینی خۆت، پەلە پەلی کردبێ و ئازاری گەیاندبێ بە زوڵفی زەنجیری تۆ.

ئازیز دیارە کاتی رۆیشتن و ئاخرین ماڵاوایی و نەگەڕانەوەیە.

ئازیز دیارە وادەی رۆیشتنە.(*)

---

(*) لێرەدا بچڕان و ناتەواویی هەیە. لەمەش بە دواوە د. موفتیزادە جارێکی دی هەر لە بەشی لێکدانەوەدا لە ژمارە (١) (پارچەی یەکەم)ەوە تێ هەڵدەچێتەوە. منیش زنجیرەکانم تێک نەدا. (م،ع،ق).

# پارچەی یەکەم

**پەشـێو وێنـەی وێـم نیشـتە بـێم خجـڵ**
**دیـم شـادیی دەس دا نـە دەروازەی دڵ**

پەشێو: پەرێشان، زویر، زگار.

وێنەی وێم: وەك خۆم.

نیشتە بێم: کزم کردوو بوو. کردەوەی رابردووی دوورە لە چاوگەی سادەی نیشتەی (نیشتن، کزکردن) ئەم چاوگەیە بۆ پشوودانی باڵداران لە کاتێکدا شەو دەس پێ ئەکا بەکار ئەبرێ. بەڵام بۆ پشوودانی بەرەی مرۆڤ چاوگەی لێکدراوی ((ئەرەنیشتە)) (دانیشتن) بەکار ئەبرێ. بەکاربردنی کردەوەی (نیشتە بێم) حاڵەتی پەرێشانیی و بێ دەسەڵاتیی و کزیی (مەولەوی) ئەگەیێنێ؛ چونکە پشوودانی باڵداران لە شەودا جۆرە حاڵەتێکی ترساویی و کزیی نیشان ئەدا. ئەمەش یەکێکە لە هونەرکارییە ئەدەبییە جوانەکانی مەولەوی.

خجل: داماو، شەرمەزار. لێرەدا بە مانای یەکەم بەکار براوە.

دیم: دیتم، هەستم کرد، کردەوەی سادەی رابوردووی موتڵەقە لە چاوگەی ((دیەی)) (دیتن، دین) ئەم کردەوەیە لێرەدا بە مانای هەستکردنی دەروونییە و مانای فوجائەت و ناگەهانیی و ناکایشی لێ ئەگیرێ، کە وابوو ماناکەی ئەبێ بە (لە ناکاو دەستم کرد).

**واتم: نامـانی هـەرگیز، هـا چێشـەن؟!**
**لـەب بـەردەوە: چـێش! نامـەی تـۆ پێشـەن**

واتم: وتم. کردەوەی رابوردووە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

ها: لێرەدا ئامرازی سەرسوڕمانە.

چێشەن؟ چییە؟

لەب بەردەوە: لێوی بردەوە، پێکەنی.

چێش؟ کەچی.[1] واتە: بۆم دەرکەوت.

پێشەن: پێیە. کردەوەی زەمانی حاڵە لە ریشەی مورەککەبی ((پەنە بییەی)) (پێ بوون).

**پوختەی مانا:**

بە (خۆشی)م وت: تۆ کە هەرگیز رێت نەکەوتووەتە لای من، ئێستە چۆن بووە هاتووی؟! پێکەنی کەچی نامەی تۆی پێیە.

...

**نە تاریکیی خەت مەعناش مەجۆشا**

**چون ((ئاو حەیات)) دڵ خاس خاس نۆشا**

نە: لە.

مەعناش: مانای. ((ش)) زەمیری موزاف ئیلەیهە.

مەجۆشا: هەڵئەقوڵا. کردەوەی رابوردووی ئیستیمرارییە لە ریشەی ((جۆشای)) (جۆشان، هەڵقوڵان).

چون: وەك. لێرەدا ئامرازی تەشبیهە.

ئاو حەیات: ئاوی ژیان.[2]

---

(1) وا بزانم ئەم (چێش)ە لێرەدا مانای (کەچی) نادا و دووبارەکردنەوەی مانای چێشی پێشووە دووبارە بووتەوە، واتە: لێوی کردەوە و زەردەخەنەی کرد وتی: چییە؟ (هیچ نییە) نامەی تۆی پێیە. (م،ع،ق)

(2) ئەڵێن: ((ئاوی حەیات)) کانیاوێکە لە تاریکستاندا، هەر کەسێ لە ئاوی ئەو کانیاوە بخواتەوە هەتا هەتایە نامرێ و زیندوو ئەمێنێ و تەنیا (خضر) و (ئیلیاس) -کە دوو پێغەمەرن- رێیان لەو کانیاوە کەوتووە و ئاویان لێی خواردووەتەوە.

چاوگەی ((ئاوی حەیات)) لە زاراوەی هەستیاران (شاعیران)دا گۆشە و کینایەیە لە دەم و لێوی جوان و کەلامی دلڕفێنی دلدار (مەعشووق) و بە لای سۆفییان و عارفانەوە بریتییە لەو ئەوین و خۆشەویستییە یەزدانییە کە ئەبێتە هۆی ژیانێکی هەمیشەیی پڕ لە بەختیاریی ڕەوانیی.

ئاوی حەیات تەرکیبێکی ئیزافییە. نیشانەی ئیزافە لە موزاف حەزف کراوە. عیللەتی ئەوەش لەم تەوزیحەی خوارەوە بۆمان دەرئەکەوێ.

لە شێوەی گۆرانیی (هەورامی)دا ئەگەر پیتی دوایی موزاف سامیت (بێدەنگ) یا نیم موسەوویت بێ، نیشانەی ئەو موزافە ئەبێ بە موسەوویتی ((و – u)) وە ئەگەر پیتی دوایی موزاف پیتی موسەوویت (دەنگدار) بێ موسەوویتی (و – u) بە سوورەتی نیم موسەوویتی (و – u) دەرئەخرێ. هەروەها ئەگەر پیتی دوایی موزاف ئیلەیهیش پیتی سامیت یا نیم موسەوویت بێ نیشانەی ئیزافە لە دوایەوە ئەبێ بە موسەوویتی ((ی – i)) ئەمەش لە کاتێکدایە کە موزاف ئیلەیهی ناوی موزەککەر بێ، وە ئەگەر ناوی موئەننەس بێ نیشانەی موزاف ئیلەیهەکە ئەبێ بە موسەوویتی (یێ – e) پیتی (ێ)ی. وە ئەگەر پیتی دوایی موزاف ئیلەیهی کە موسەوویتێ بێ کە نیشانەی موئەننەس بێ پیتی (ی)ی نیشانەی ئیزافە بە ساکن دەرئەخرێ.

ئەم قەواعیدە کە هەڵمان دا لە حاڵێکدایە کە موزاف ئیلەیهی ناوی موفرەد بێ بەڵام ئەگەر ناوی کۆمەڵ (جەمع) بێ، هیچ کام لەو نیشانانە ناگرێ. بەر لەوە بۆ ئەو قاعیدانە وێنە نیشان بدەین. پێویستە بزانین کە لە شێوەی گۆرانیدا ناوی موزەککەر و موئەننەسی حەقیقیی و مەجازیی هەیە. هەروەهاش لە بەکاربردنی سیفەت و فیعل لە جوملەدا زۆرتر قاعیدەی موزەککەر و موئەننەس ڕیعایەت ئەکرێ.

ئەوەش ئەبێ بزانین کە ڕیعایەتی قەواعیدی موزەککەر و موئەننەس لە جوملەدا و، هەروەها بەکاربردنی قەواعیدی تەرکیبی ئیزافیی تایبەتیی زمانی وتووێژ و لە شیعردا کەمتر ئەگیرێتە پێشچاو، چونکە مەیدانی دەسەڵاتی شاعیر لە ڕێکخستنی وەزن و قافییە و گونجاندنی مانای مەقسووددا تەنگ ئەکاتەوە.

تەنیا سێ کەس ئەو قەواعیدەیان بە تەواویی لە شیعردا بەکار بردووە:

یەکەم: مەلا سولەیمان (سەیدی) یەکەم. دووەم سەید محەمەد سادق (سەیدی) دووەم: ئەوەش لە چەند پارچە هۆنراوەیەکیاندا. سێیەم: مەلا محەمەد خالیدی موفتیزادە –موفتیی کوردستان– لە تەرجەمەی قەسیدەی بوردییەدا کە جگە لەوە لە فەننی تەرجەمەدا کەم وێنەیە لە نیشاندانی چۆنییەتی ساختمانی شێوەی هەورامی لە زمانی کوردیدا، شوێنەوارێکی بەرز و بێ هاوتایە.

وێنەی ئەوە کە پیتی دوایی موزاف سامیت (بێدەنگ) بێ: دەسو فەرهادی (دەستی فەرهاد).

وێنەی ئەوە کە پیتی دوایی موزاف نیو موسەوویت بێ: گاو و فەرهادی (گای فەرهاد).

وێنەی ئەوە پیتی دوایی موزاف موسەوویت (دەنگدار) بێ و نیشانەی موئەننەس نەبێ: یانەو فەرهادی (خانووی فەرهاد). پاڵاو فەرهادی (پێڵاوی فەرهاد) موو و فەرهادی (مووی فەرهاد). گچیو فەرهادی (کراسی فەرهاد) دۆ و فەرهادی (دۆی فەرهاد).

خاس: چاك. قەیدی حاڵەتە. دووبارەكردنەوەی بۆ گەیاندنی مانای تەئكیدە.

نۆشا: خواردییەوە. كردەوەی رابوردووە لە ریشەی ((نۆشای)) خواردنەوە.

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا رەشیی مورەككەبی خەتی ئەو نامەیەی بە رەشیی ئەو تاریكستانە چوواندووە كە ((كانیاوی ژیانی)) ئەفسانەیی تێدایە و، مانا و مەزموونی جوان و پاراوی نامەكەشی بە ئاوی ئەو كانیاوە تەشبیە كردووە.

**پوختەی مانا:**

مانا و مەزموونی جوان و پاراوی نامەكە وەكو ئاوی ژیان دڵی پڕ لە پەژارەمی بووژاندەوە و، ژیانێكی تازەی بە بەردا هێنام.

---

وێنەی ئەوە كە موزاف موئەننەس بێ: بزەو فەرهادی (بزنی فەرهاد) ژەنەو فەرهادی (ژنی فەرهاد) كناچێو فەرهادی (كچی فەرهاد).

وێنەی ئەوە كە موزاف ئیلەیهی موزەككەر و پیتی دوایی سامیت یا نیم موسەوویت بێ: تاقو فەرهادی (تاقی فەرهاد) شاخو گاوی (شاخی گا).

وێنەی ئەوە كە پیتی دوایی موزاف ئیلەیهی موسەوویت بێ و نیشانەی موئەننەس نەبێ: یانەو پیای (خانووی پیاو) بەرەو یانەی (دەركی خانوو) ترشیو دۆی (ترشیی دۆ).

وێنەی ئەوە كە موزاف ئیلەیهی موئەننەس بێ: گچیو ژەنێ (كراسی ژن) چەمو كناچێ (چاوی كچ) شۆتو بزێ (شیری بزن).

لێرەدا پێویستە بزانین كە نیشانەی موئەننەس ئەم سێ پیتە موسەوویتەی خوارەوەیە:

١– پیتی ((ە)) نیشانەی فەتحە وەك: بزە (بزن).

٢– پیتی ((ی)) نیشانەی ژێری درێژ وەك: ژەنی (ژن).

٣– پیتی ((ێ)) نیشانەی ژێری بڵاو وەك كناچێ (كچ).

وەها كە لە سەرەوە وتمان ئەو قەواعیدە لە زمانی وتووێژی شێوەی هەورامیدا ریعایەت ئەكرێ و لە هۆنراوەدا كەمتر ئەگیرێتە پێشچاو. وە زۆرتر قەواعیدی شێوەی (سۆرانیی) كە ئێستاكە زمانی ئەدەبییە، بەكار ئەبرێ بەڵام لە تەركیبی ئیزافیدا ئەگەر پیتی دوایی موزاف سامیت (بێ دەنگ) یا نیم موسەوویتی ((و)) بێ بە كەسرە (ژێر)ی كورت دەرئەخرێ. وەك: نرخ كاڵاكەش (قیمەتی مەتاعەكەی)، ئاو حەیات (ئاوی ژیان) كە ئەو دوو تەركیبە ئیزافییە لە هۆنراوەكانی ئەم پارچەیەدا هاتوون.

## ئـــاخ! قـــووەی زەمـــین دەروونم کـــەم بـــێ
## بوولەکـــەی ســـفتەم ســـەرەڕای خـــەم بـــێ

ئاخ: ئاه، ئای. نـاوی دەنگـە لـە کـاتی دەربـڕینی ئێشـی ئەنـدامێك یـا خـەم و پەژارەی دەروونیدا، بەکار ئەبرێ.

دەروون: کینایەیە لە دڵ و ڕەوان.

کـەم بـێ: کـەم بـوو. واتـە: هێـزی دەرکـی مەعنـەوییاتی ڕەوانیـیم بـۆ بـەهرە وەرگرتن لە مانا و مەزموونی ئـەو نامەیـە بـێ تـین بـوو. ((بـێ)) کردەوەی ڕابـیتی زەمـانی ڕابـوردووە کـە موسـنەدی ((کـەم)) پەیوەنـد ئـەدا بـە موسـنەد ئیلـەیهی ((قووە))وە.[1]

پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

بوول: خۆڵەمێش. کۆمەڵە سەوتی ((کە ka)) پاشگری تەعریفە.[2]

---

(١) کردەوەی ڕابوردووی ((بێ)) (بوو) لە شێوەی گۆرانیدا زۆرتر بـۆ ڕابـیتی نێوان موسـنەد و موسـنەد ئیلەیهی بەکار ئەبرێ کە مانای دەوام و سبووت ئەگەیێنێ و، هەروەهاش کردەوەی ((بـی – bi)) (بـوو) بە مانای کردەوەی کۆمەکی زەمانی ڕابوردوو بەکار ئەبرێ کە مانای سدوور و، حودووس ئەدا.

(٢) کۆمەڵە دەنگی ((کە – aka)) پاشگری تەعریفە. وەك: بەردەکە، کڵاوەکـە، نەیەکـە. بـەڵام ئەگـەر پیتی دوایی نـاوە موعەڕڕەفەکـە یـەکێ لـە دوو پـیتی دەنگداری ((ا – ā –)) و ((ە – a)) بـێ هێنـانی دەنگی ((ە – a))ی پێش لە ((ەکەە – aka)) پێویست نییە وەك: گەڵاڵە، نامەکە. وە ئەگەر یەکێ لـە دوو پیتی دەنگداری ((ۆ – ō –)) و ((ێ – e –)) بـێ هەنـدێ کـەس ((ەکـەە)) بـەکار ئەبـەن وە نیـو موسەوویتی فاسیلی ((ی – y)) لە پێشیەوە ئەهێنن و ئەڵێن: دۆیەکـە، دێیەکـە، بـە لای ئێمـەوە ئەگـەر بوترێ: دێکە، دۆکە، سووکتر و باشترە. بەڵام ئەگەر پیتی دوایی ناوە موعەڕڕەفەکە دەنگی درێـژی ((ی – ī –)) بێ پێویستە کۆمەڵە دەنگی ((یەکە – yaka)) لە دوایەوە بهێنرێ. وەك کوردستانییەکە.

تا ئێرە تایبەتی شێوە کوردی سۆرانی بوو. بەڵام لـە شێوەی کوردی هەورامیـدا پاشـگری تـەعریف بـۆ موزەککەر ((ەکە – aka)) و بۆ موئەننەس ئەبێ بە ((ەکێ – akē)) وەك کوڕەکە (کوڕەکە)، بزەکـێ (بزنەکە) ئەو ناوە موئەننەسانە کە نیشانەی تەئنیسیان یـەکێ لـە دوو پـیتی دەنگداری ((ی – ī –)) و ((ێ – ē))یە، لە حاڵی لکانی نیشانەی تەعریف بە دوایانەوە دوو دەنگی نیشانەی تەئنیس تەبدیل ئەبن بە دەنگی ((ە – a –)) وەك ژەنی (ژن) کناچێ (کچ) ئەبن بە: ژەنەکێ (ژنەکە) کناچەکێ (کچەکە).

سفته: سووتاو. سەرەڕا: سەرەڕێ. لەسەر ڕێگا. پیتی ((ە)) لە نێوانی ئەو دوو جوزئەدا نیشانەی تەرکیبە. خەم: غەم. پەرێشانیی، پەژارە. واتە: خۆڵەمێشی جەستە (لاشە)ی سووتاوم لەسەر ڕێگای هات و چۆی غەم و پەژارەوە بوو.

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا بێ هێزیی و بێ تینیی زەویی ڕەوانیی خۆی بۆ دەرککردن و بەهرەوەرگرتن لە ناوەڕۆکی ئەو مانایە لە سێ مەرحەلەدا دەربڕیوە: یەکەم کەمبوونی هێزی زەویی ڕەوانیی بۆ دەرکی مەعنەوییاتی ناوەڕۆکی ئەو نامەیە. دووەم: سووتانی ئەو زەویشە بە هێزە کەمەکەیەوە و بوونی بە خۆڵەمێش. دیارە خۆڵەمێشیش هیچ جۆرە هێزێکی بۆ بەرهەم بارهێنان تێدا نییە. سێیەم: واقیعبوونی ئەو خۆڵەمێشەش لەسەر ڕێگای هاتوچۆی غەم و پەژارەدا. مەولەوی لەم مەرحەلەی سێیەمەدا بۆ بێ هێزیی زەویی دەروونی خۆی بانترین پلەی موبالەغە یا ئیغراقی بەکار بردووە؛ چونکە ئەگەر بە ئیحتیمالێکی زۆر کەم بیر لەوە بکرێتەوە کە ڕەنگە خۆڵەمێشیش تا ڕادەیێك هێزی پەروەردەکردن و بارهێنانی بەرهەمی تێدا هەبێ، بەڵام لەبەر ئەوە لە سەرەڕێی هاتوچۆی غەم و پەژارەدا واقیع بووە و پێ شێل کراوە، ئەو ئیحتیمالە زۆر کەمەش لەناو چووە. وەها کە لە هۆنراوەی دواییدا ئەم مەبەستەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە.

دوو تەرکیبی ((زەمین دەروون)) و ((سەرەڕای خەم)) تەرکیبی ئیزافەی ئیستیعارین.

**پوختەی مانا:**

بەڵام ئای داخەکەم! لە کاتی خوێندنەوەی ئەو نامەیەدا ئیدراکاتی ڕەوانییم ئەوەندە بێ هێز بوو نەمتوانی لە مەعنەوییاتی مەزموونی بەهرەوەر بم!

---

ئەوەش ئەبێ بزانین کە شەرایتی لکانی ((ەکە)) بە دوای ناوی موزەککەرەوە لەم شێوەشدا وەك ئەو شەرایتەیە کە لە شێوەی سۆرانیدا هەڵمان دا. وەها کە وتوومانە ریوایەتی موزەککەر و موئەننەس تایبەتی زمانی وتووێژی ئەم شێوەیە و لە هۆنراوەدا وەك شێوەی سۆرانی ریوایەت ناکرێ. بۆ وێنەی وشەی ((بووڵ)) (خۆڵەمێش) لە شێوەی گۆرانیدا موئەننەسە پاشگری تەعریفی ئەبێ بە ((ەکێ – akē)) کەچی لەم هۆنراوەدا وەك شێوەی سۆرانی پاشگری ((ەکە – aka))ی گرتووە.

وەرنــە ئــەو شــەونم نــە ســەر ئــەو مەوەشــت
مەشـــــیا بکـــــەرداش وە رەوزەی بەهەشـــــت

وەرنە: وە ئەگەر نە. نە: لە. مەوەشت: ئەباریی. لە ریشەی وەشتەی. بارین. واتە: ئەگەر زەوینی رەوانیی من بۆ پەروەردە و بارهێنان، هێزێکی تێدا بووبایێ لە کاتێکا ئەو مانا و مەزموونە جوانە کە وەکو شەونمی بەهار بەسەریا ئەباری... مەشیا: ئەبوایێ، ئەشیا. بکەرداش: بیکردبایێ. وە: بە. رەوزەی بەهەشت: باغچەی بەهەشت. واتە: ئەبوایێ وەکو باغچەی بەهەشت شین و پاراو و دڵڕفێنی بکردبایێ.

**پوختەی مانا:**

ئەگینا ئەو مانا و مەزموونە جوانە کە وەکو شەونمی بەهار ئەبارییە سەر زەویی دەروونم ئەبوایێ وەکو باغچەی بەهەشت بیڕازاندبایێتەوە.

فـــەرمابێت: ئیســـە –جـــەمین جـــام جـــەم–
پاسەیچـــە نییـــەن تـــۆ دییـــەن وە چـــەم

فەرمابێت: فەرموو بووت، وتووبووت. ئیسە: ئێستە. ئێستا. جەمین – جەبین، پێشانیی، ناوچاوان. جەمین جام جەم: روخسار وەکو جامی جەم[1] کینایەیە لە

(١) جەم: بە پادشای گەورە و بە دەسەڵات وێژراوە و، زۆرتر بۆ (سولەیمانی) پێغەمەر و (جەمشید)ی پادشای بەناوبانگی ئێران بەکار هێنراوە. وشەی جەم لە هەر جێگایێکا لەگەڵ دەسڕۆیشتن بەسەر دڕندە و ئاژەڵ و باڵدار و دێو و درنج و پەریدا بوێژرێ، مەبەست سولەیمانە و، لە هەر جێگایێکا لەگەڵ جام و پیاڵەدا بهێنرێت، موراد لەو جەمشیدە، وە لە هەر جێگایێکا لەگەڵ ئاوێنە و بەربەند و، شوورە (سەدد)دا بەکار ببرێ، مەبەست (ئەسکەندەر)ی رۆمییە. جەم بە مانای عەقڵێ لە ((عوقوولی عەشەرە)) و بە مانای پاك و ((ذات)) و کۆ و کۆمەڵیش هاتووە.

هەندێ لایان وایە وشەی ((جەم)) سووککراوەی ((جەمشید)) چوارەم پادشای پێشدادییە، کە وابوو ((جام جەم)) بە مانای جامی جەمشیدە کە جەمشید لەو جامە (ئاوێنە)دا نەخشەی جیهانی بۆ کێشراوە، یا جیهانی تێدا دیوە. بەو ئاوێنەیە جامی جیهان بین یا جامی جیهان نما وتراوە. رەنگە ئاوێنەی ئەسکەندەریش کە لەسەر زمانانەوەیە ئاوێنەیێك بووبێ وەکو جامی جەمشید. ئەوەی کە نزیك

دەم و چاوی جوان و بێ خەوشی (عیب) دڵبەر. واتە: وتووبووت کە دڵبەری روخسار وەکو جامی جەم...

پاسەیچە: وەهایشە، وەهاشە. نییەن: نییە. دییەن: دیوتە. کردەوەی ((دییەن)) رابوردووی نەقڵییە لە ریشەی ((دییەی)) (دیتن) لەبەر زەروورەتی وەزن زەمیری فاعیلی لێ فڕەدراوە و ساختمانە ئەسڵییەکەی ((دییەنت))ە. وە: بە. چەم: چاو. واتە: وەکو ئەو رۆژگارە نییە کە تۆ چاوت پێکەوتبوو، بەڵکە جوانتر و دڵڕفێنتر بووە.

**پوختەی مانا:**

لە نامەکەتا نووسیبووت کە حاڵات و چۆنییەتی ئازیز[1] لەگەڵ حاڵات و چۆنییەتی ئەو وەختەدا کە تۆ چاوت پێکەوتوو بوو گەلێ فەرقی کردووە و ئێستاکە جوانتر و دڵڕفێنتر و کامڵتر بووە.

---

بە عەقڵ بێ ئەمەیە کە پادشا دەسەڵاتدارەکانی رۆژگاری پێشوو لەسەر بورج و بارووی شارەکانیانەوە ئاوێنەیێکی زۆر گەورەی زەڕبینییان دامەزراندووە تا پاسەوانەکان هێرشی دوژمن لە دوورەوە ببینن.

(١) ئەوەی کە ئاشکرایە مەولەوی هەستیارێك نەبووە کە هۆنراوە (شیعر) وتنی کردبێ بە پیشەی خۆی، بەڵکە بە پێی پێویستی کات و جێگا، یان نامە گۆڕینەوە لەگەڵ دۆست و برادەران و هاوەڵاندا دەستی داوەتە هۆنراوە وتن.

مەولەوی لە سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە رێگای سۆفییەتی و سەیر و سلووکی خوداناسیی (عرفان)ی گرتووەتە پێش و موریدی ((شێخ عوثمان سیراجەدینی تەوێڵێ)) هەورامان بووە و، بە هۆی باوەڕێکی خاوێن و بێ خەوش کە بە هێزی رەوانیی ئەو ذاتە بوویە، بەهرەیێکی گەورەی لە ((عرفان))دا دەسکەوتووە.

مەولەوی نزیکەی ١٦ ساڵ پاش کۆچی دوایی شێخ عوثمانی مورشیدی، ژیاوە و، لەو ماوەیەدا خۆی تەسلیمی شێخ محەمەد بەهائەدینی کوڕی گەورە و جێ نشینی شێخ عوثمان کردووە و، ئەو باوەڕەشی بە شێخ محەمەد بووە.

مەولەوی لە هونراوەکانیدا چەن ((عونوان))ی بۆ دۆست و هاوەڵەکانی خۆی بەکار بردووە. یەکەم ((ئازیز)) دووەم ((هامفەرد)) سێیەم ((خاڵۆ)) لەم پارچەیەدا رەنگە ((ئەحمەد بەگی کۆماسی)) بێ و مەبەستی لە عونوانی ئازیزیش شێخ محەمەد بەهائەدینی کوڕی شێخ عوثمانی سیراجەدین بێ. چونکە مەولەوی و ئەحمەد بەگ هاوسۆفیی و هاوفەرد (هاوشیعر) بوون. وەها کە لە مەزموونی ئەم پارچەیەدا

نــــــرخ کالآکــــــەش ئالآتــــــەر بییــــەن
ســـــەد گیـــان وە پـــــوولێ بالآتـــەر نییـــەن

نرخ: قیمەت. بایی، ئەرزش. کالآکەش: مەتاعەکەی: مەتاع کینایەیە لـە پلـە و پایەی ویلایەت و عیرفانی ((ئـازیز)). ئالآتـەر: ئـەعلاتر، بـەرزتر، بـەنرختر. بییـەن: بووە، واتە: پلە و پایەی ویلایەت و ئیرشادی ئێستای ئـازیز لـە رابـوردوو بـەرزتر و بەنرختر بووە. وە: بە. پوول: سکەیێکی مسی یان برینجەیی کەم قیمەت بووە وەك ((شـایی)) و ((فلـس)). بالآتـەر: بـانتر، زیـاتر، زۆرتـر. نییـەن: نییـە. واتـە: ئـازیز ئەوەندە جوان و دڵڕفێنتر بووە گیانی هەزاران عاشقی دڵسووتاوی وەکو تۆ، یا وەك من و تۆ، بۆ فیدابوون لە ڕێگای عیشقی ئەوا پوولێ ناهێێ.

**پوختەی مانا:**

جوانیی و دڵڕفێنییەکەی گەیشتووەتە رادەییێك کە گیانی هەزاران عاشقی دڵسووتاوی وەکوو من و تۆ بۆ فیدابوونی فلسێ ناهێنێ.

ئـاریێ، تـا پــەی ئــەو مــن رۆمــەن چـون شــەو
شــەوقەن پــەی جەبهــەی ســوبح خەنــدەی ئــەو

ئاریێ: بەڵێ. ئەداتی تەسدیقە و بۆ تەئکیـد بـەکار ئـەبرێ. پـەی: بـۆ. رۆمـەن: رۆژمـە. چـون شـەو: وەك شـەو (رۆژم وەك شـەوە) واتـە: بـەڵێ تـا مـن لـە دەرد و پەژارەی عیشقی ئازیزدا رۆژی رووناکم وەکو شەوی تاریکە.

---

بۆتان دەرنەکەویێ ئەحمەد بەگ پاش وەفاتی شێخ عوثمان لە سەرەتاوە خۆی تەسلیمی شێخ محەمەد نەکردووە، پاش ماوەییێ بۆی دەرکەوتووە کە شێخ محەمەد لە عیرفاندا لە باوکی خۆی -شێخ عوثمان- کەمتر نییە. ئەنجا نامەیەکی هۆنراوەی بەسۆز لەو بارەوە بۆ مەولەوی ئەنووسێ و، مەولەویش بەم پارچەیە وەڵامی ئەداتەوە.

بەداخەوە ئەو نامە هۆنراوەی ئەحمەد بەگمان لە دەستدا نییە.

شــەوقەن: شــەوقە. رووناکییــە (جوانییــە). پــەی: بـۆ. جەبهــە: پێشــانیی، ناوچــاوان. وەرگێــڕراوی ســەرزارەکیی ئــەم نیــوە هۆنراوەیــە بــەم چەشــنەیە: ((رووناکییە بۆ پێشانیی بەیانیی پێکەنینی ئەو)) بـەڵام مەبەسـت لـەو تەشـبیهات و ئیستیعاراتە جوان و وردە ئەم مەزموونەیە: ... تاریکیی ژیانی تـاڵی مـن لـە دەردی عیشقی ئازیزدا ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی شەوقی خۆشیی و شادیی ئەو. واتــە: ئـازیز تا من لە عیشقی خۆیدا شێواوتر و پەرێشانتر ببینێ شادتر و مەغروورتر ئەبێ.

ئەگەر بە قووڵایی بیر و تێبینییێکی ورد هۆنراوەکانی مەولەوی شیی بکەینــەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کـە مەولـەوی یەکـە شـابازێ بـووە کـە لـە فـەزای بـێ ئینتیهـای جیهانی مانادا بـە پـەڕ و بـاڵی تیـژ پـەروازی هەسـت و ئیـدراکی بـەتینی ئینسـانیی خـۆی، بـێ هـیچ گـرێ و کۆسـپێ بـاڵی گرتووەتــەوە و هــەموو جـۆرە حـاڵات و چلۆنایەتییێکی ئەو جیهانەی بە زەڕەبینی بەسیرەتی رەوانیی خۆی هەست کردووە. یـەکێ لـەو ئیدراکاتـە ورد و بـێ وێنــەی مەولەوییـە بـەکاربردنی ئـەنواعی سـەنایعی بەدیعیی و تەشبیهات و ئیستیعارات و کینایاتی جوان و دڵڕفێنە لە هۆنراوەکانیا بـە چەشنێکی وەها کە لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بـۆ ئێمـە کـارێکی سـووک و ئاسـان نییە. وێنەی ئەوە کە وتمان سەنعەتێکی موتابەقەی بەدیعی مورەککـەبی زۆر ورد و جوانە کە لەم هۆنراوەیە و، سێ هۆنراوەی دواییدا لە بارەی بەرانبـەرکردنی حـاڵاتی خۆی و ئازیزیەوە بەکاری بردووە[1].

---

(١) بۆ ئەوە دڵۆپێ لە زریەی بێ بنی مەعنەوییاتی مەولەویمان بـۆ دەرکـەوێ و، لـە رادەی توانـایی ئـەو زاتە لە جیهانی تەخەییولدا، ئاگادار بین، بە پێویستمان زانی بە پێی دەرکی ناقسی خۆمـان مانـای ئـەم تاقە هۆنراوەیە، بەم چەشنەی خوارەوە لێك بدەینەوە:

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا پێکەنینی ئازیزی بە قەرینەی وەجهە شەبەهی دەرکـەوتنی شـەوقی سـپییەتی ددانی جوانی لە حاڵی ئەو پێکەنینەدا بە بـەیان (فجـر) لـە ئاسـۆدا، تەشـبیه کـردووە و، بڵاوبوونـەوە و، کێشرانی سپییەتی بەیانیشی بەسەر ئاسۆدا بـە پێشـانی و تـەوێڵی ئـەو پێکەنینـە و، رەشـی و، تـاریکی حاڵەتی شپرزاوی خۆیشی چواندووە بە رەشی و، تاریکی ئاسمان لە کاتی دیاریدانی بەیاندا، وە دووبارە ئەو تاریکییەشی بە رەشی زوڵف و پەرچەمی مەعشووق لە دەور و، بەری پێشانی و، روخساریا، تەشبیه کـردووە و، شـەوق و پرشـەی بەیانیشـی دیسـان بـە شـەوق و شـادی ئـازیز کـە لـە نێـو چـاوانییەوە،

پوختەی مانا:

بەڵێ قسەکەت راستە و ئەبێ وابێ چونکە تا من لە دەرد و پەژارەی عیشقی ئازیزدا رۆژی رووناکم وەکو شەوی تاریك بێ، جوانیی ئەو وەکو رووناکی بەربەیان لەو تاریکییەدا، شەوق ئەداتەوە.

تــا وە ئــەڕەی دەرد دڵـــەی مـــن شـــانەن

زەریفتـــــەر تـــــوڕڕەی ئـــــەو دانەدانـــــەن

وە- بە. ئەڕە- مشار. دەرد- ئێش، رەنج، زەحمەت، ناخۆشی، پەژارە. دڵە- دڵی بچووك و هەژار، چونکە پیتی ((ە)) لە دوای وشەی ((دڵ))ەوە، لێرەدا بۆ گەیاندنی مانای تەحقیر و تەسغیرە. شانەن- شانەکراوە، داهێنراوە. زەریفتەر- جوانتر. توڕڕەی ئەو- پێچ و خەمی زوڵفی ئەو، زوڵف و ئەگریجەی ئەو. دانەدانەن- تاتاکراو و، شانەکراوە. واتە: تا زۆرتر دڵی هەژاری من بە ددانی تیژی شانەی دەرد و پەژارەی عیشقی ئەو قاش بکرێ و دابهێنرێ، زوڵف و ئەگریجەی ئازیز جوانتر شانەکراو و، ئارایشدراوتر ئەبێ. تەرکیبی ((ئەڕەی دەرد)) تەرکیبی ئیزافی ئیستعارییە، وە لە تەرکیبی ((دڵەی من شانەن)) سەنعەتی ئیستعارەی کینایيش ئەبینرێ.

پوختەی مانا:

تا دڵی من لە دەرد و ئازاری عیشقی ئازیزدا شێواوتر و پەرێشانتر بێ، زوڵف و ئەگریجەی ئەو جوانتر ئارایش ئەدرێ و، ئەڕازرێتەوە.

---

دەرنەکەوێ، تەشبیه کردووە، کە وابوو ئەو سەنعەتە بەدیعییە و ئەو ئاکارە بەیانییە بێ وێنەیە، ئەبێتە چەن ئیستعارەیێکی تەخییلییە، لە چەند ئیستعارەی تەخییلییەی تر، یا چەند تەشبیهێکی مورەککەب لە چەند تەشبیهی مورەککەبی تردا کە تەنیا دەستی توانای بیری وردی مەولەوی ئەتوانێ بە وەها ئاکارێکی ئەدەبی سەرسوڕهێنەر لە چوارچێوەی وشە و، وتەیێکی سادەدا، گوڵزاری ئەدەبی کوردی برازێنێتەوە.

تـا سـفتەی قامـەت مـن ((وسمـە)) وەشـەن

ئـەبرۆی ئـەو ماییـل وە کەمانکەشـەن

سـفتە– سـووتاو. قامـەت– بـەژن، بـالآ. وسمـە– گیاییّکـە گەلآکـەی پـاش وشککردن و ئاردکردنی ئەکریّتە هەویریّکی شل بۆ رەشکردنی ئەبرۆ و سەر و زولّف. ((وەش))– لـە فارسـیدا پاشـگری تەشـبیهە. وسمـە وەش– وەك وسمـە. واتـە: تـا سەرتاپای بالآی مـن لـە ئـاوری عیشـقی ئـەودا بسـووتیّ و، وەك رەنگـی ((وسمـە)) رەش هەلّگەریّ... کەمانکەش– کەمانی کیّش، ئەم تەرکیبە بۆ رەشکردن و کـەوانی کردنی برۆی ژنان بۆ جوانیی بەکار ئەهیّنریّ، وەها کە ئەوتریّ: ((فلآنە کەس بـرۆی کەوانکیّش کـردووە)) واتـە وەك کـەوان هیلالـی کـردووە. ((ئـەبرۆی ئـەو ماییـل وە کەمانکەشەن)) واتە: ئەبرۆی ئەو حەز ئەکا رەشتر و کەوانیتر ببیّ.

**پوختەی مانا:**

تا سەرتاپای من بە ئاگری عیشقی ئەو بسووتیّ و بچەمیّتەوە و رەش هەلّگەریّ و وەك ((وسمە))ی لیّ بیّ، ئەبرۆی ئازیز کەوانیتر و رەشتر و جوانتر ئەبیّ.

تـا مـن دووی سـفتەی جەسـتەم نەسـەرەن

جـەلای ئایەنـەی ئـەو زیاتـەرەن

دوو– دووکەلّ، دوورنج، دووەرژنگ. سفتە– سووتاو. جەستە– لاشە، بـەدەن. نەسەرەن– لە سەرەوەیە (لە سـەرەوە دەرئەچـیّ) واتـە: تـا مـن دووکـەلّی لاشـەی سـووتاوم یـا دەروونـی سـووتاوم لەسـەر سـەرمەوە بـەرز ببیّتـەوە و، بـبیّ بـە دوورنج[1]... جەلا– رووناکی، شەوق. ئایەنە– ئاویّنە، جام. زیاتـەر– زۆرتـر. واتـە:

(١) دوورنج یا دووەرژنگ بەو دووکەلّە گرساوە ئەوتریّ کـە لـە سـووتانی دار و، نـەوت و، شـتانی تـر لـە کوناوەجەی ئاودانی دیوار و لوولەی بوخاری و، سەقفی خانوودا کۆ ئەبیّتەوە، وەکو گەردیّکی رەشی لیّ

ئەو دوورنجی دووکەڵی سووتانی منە، ئەبێتە هۆی بێ خەوشترکردن و ، پرشەدارترکردنی روخساری جوانی ئازیز.

**پوختەی مانا:**

تا دووکەڵی سووتانی من لە ئاگری عیشقی ئازیزدا، زۆرتر بەرز ببەتەوە و، ببێ بە دوورنج، ئاوێنەی روخساری جوانی ئەو بەو دوورنجە بێ خەوشتر و، پرشەدارتر ئەبێ.

**های! چێشت واتەن وە رەحمەت شاد بی**
**مەر ئەوسا کەم بی[1]، ئیسە زیاد بی؟!**

های– ئای: لێرەدا ئامرازی تەعەججوب و سەرسوورمانە. چێشت واتەن– چیت وتووە. وە رەحمەت شاد بی– بە رەحمەتی خودا شاد بی. واتە: ئەوەی کە تۆ وتووتە ئازیز ئێستاکە، لە جاران جوانتر و، دڵرفێنتر بووە، گەلێ جێگای سەرسوورمانە... مەر– مەگەر: ئامرازی ئیستفهامی تەعەججوبییە. ئەوسا– جاران، لەمەپێش. کەم بێ– کەم بوو. ئیسە زیاد بی– ئێستا زۆر بوو. واتە: ... مەگەر جوانی و ، دڵرفێنیی ئازیز جاران کەم بوو، ئێستاکە، زۆر بووە؟!

---

دێ و، زۆرتر بۆ دوروستکردنی مورەککەبی رەش بەکار ئەبرێ و، شووشە و رووی ئاوێنەشی پێ پاك ئەکرێتەوە، وە لە فارسیدا ((دووره))ی پێ ئەوترێ.

(١) کردەوەی ((بێ)) بە پیتی ((یێ))ی مەجهوول لێرەدا، کردەوەی رابیتی سێیەم کەسی موفرەدە لە رۆژگاری رابووردووی موطڵەقدا و، مانای ((ثبوت)) و دەوام ئەگەیێنێ و، جوملەکەی جوملەیێکی ئیسمی و ئیسنادییە، واتە لە موسنەد و موسنەد ئیلەیهی و رابیت پێك هاتووە. کردەوەی ((بی)) بە پیتی ((ی))ی ئەصڵی لێرەدا، کردەوەی کۆمەکی سێیەم کەسی موفرەدی رۆژگاری رابووردووی موطڵەقە کە مانای ئیسمی یا وەسفی بە سوورەتی کردەوەی مورەککەب دەردێنێ و، مانای ((صدور)) و ((حدوث)) ئەدا.

**پوختەی مانا:**

ئای خاڵە گیان، خودا سەلامەتت کا! ئەمە چ قسەیێکە تۆ ئەیکەی کە ئەڵێی مەقاماتی عرفانی و ئیرشادی ئازیز ئێستاکە، کامیلتر بووە و، لە سەرەتاوە ئەم مەقاماتەی نەبووە؟! ئەم قسەی تۆیە گەلێ جێگای سەرسووڕمانە، چونکە...

مەولەوی لە سەرەتای ئەم پارچەیەوە، تا ئەگاتە ئەم هۆنراوەیە، عیشق و، ئەویینی خۆی سەبارەت بە مەعشووق بە چەشنێکی مەعموولی و ئاسایی، دەرئەبڕێ و، بە ئاشکرا خۆی لە باسی چۆنییەتی سۆفییەتی و، موریدی و مورشیدی نادا، بەڵام لەم هۆنراوەیە بەدواوە، خۆی پێ ناگیرێ و، ناتوانێ لەمە زیاتر راز و، ئەسراری رێ و رەوشتی سۆفییەتی خۆی و، حاڵات و کەماڵاتی عرفانی پیر و مورشیدی لە ژێر پەردەدا بشارێتەوە و، دەری نەبڕێ.

**ئەر جە زام دڵ من نیگات مەکەرد**
**مەزانات ئەو زات، ئەو وەسف بێگەرد**
**ئەو ڕاز و، ئەو ناز، ئەو قەوس، ئەو خەدەنگ**
**بییەن، هەن، مەبۆ، نەگێڵان جە رەنگ**

ئەر– ئەگەر. جە– لە. زام– برین، زەخم. نیگات مەکەرد– ئەتڕوانی، تەماشات ئەکرد، سەرنجت ئەدا. واتە: ئەگەر لە سەرەتاوە لە چاوگەی برینی دڵی منەوە سەرنجی ئازیزت بدابایێ. ئەگەر تۆش وەکو من لە سەرەتاوە بە چاوی موریدیی تەماشای ئازیزت بکردبایێ، ئەگەر لە سەرەتاوە بە دەردی دڵی منت بزانیبایێ. ئەگەر ئیدراکاتی مەعنەوی تۆ لە سەرەتاوە، لە پلە و پایەی ئیدراکاتی مەعنەوی مندا بووبایێ. مە[1]زانات– ئەتزانی، بۆت دەرئەکەوت. ئەو زات– ئەو زاتە

(١) ئامرازی ((مە)) لە شێوەی گۆرانیدا بۆ سێ مانا هاتووە: یەکەم مانای نەفی لە کردەوەی موزاریعدا وەك: مەنویسۆ (نانووسێ)، دووەم مانای نەهی وەك: مەنویسە (مەنووسە)، لەم دوو مانایەدا لە کاتی بیر و باوەڕی دوروستی خوداناسی، هەموو جۆرە گەوهەرێکی زانیاری، وێژەیی و کۆمەڵایەتیشی تێدایە. جا

پاکە. ئەو وەسف بێگەرد– ئەو خولق و خوو و ئەوسافە بێ خەوشە. ئەو راز– ئەو ئەسرارە عرفانییە. ئەو ناز– ئەو غروور و بێ نیازییە لە جیهانی ((مادی)). ئەو قەوس– ئەو کەوانە. ئەو خەدەنگ– ئەو تیرە. واتە: ئەو نەزەرە مەعنەوییە. تیر و کەوانی مەعشووق لە زاراوەی هەستیاراندا، بریتییە لە برۆ و برژانگی لە کاتی روانیندا بۆ عاشق. هەندێ جار ((تیری چاو)) یا ((تیری روانین))نیش بۆ چاو خستنی مەعشووق بۆ عاشق بەکار ئەبرێ. لێرەدا مەبەست لە ((تیر و کەوان)) تەوەججوهی مەعنەوی ((پیر))ە بۆ مورید. بییەن– بووە لە ریشەی ((بییەی)) (بوون). هەن– هەیە لە ریشەی مورەککەبی ((هەبوون)) لە شێوەی ئەدەبیدا، وە شێوە گۆرانییەکەی ئەبێ بە ((هەبییەی)) بەڵام ئەم ریشەیە لەم شێوەیەدا بەکار نابرێ، وە هەر ((بیەی)) ئەوترێ.

کەوابوو تەرکیبی ((هەن)) (هەیە) ئەبێ بە کردەوەی مازیی نەقلیی کە کردەوەی زەمانی رابووردووی نێزیك بە زەمانی حاڵیشی پێ ئەوترێ. مەبۆ–ئەبێ، لەمەولاش ئەو حاڵاتە بۆ ئازیز هەر وجوودی ئەبێ، نەگێڵان جە رەنگ – رەنگی نەگۆڕاوە، ئاڵ و گۆری بەسەردا نەهاتووە ((نەگێڵان)) (نەگۆڕاوە) کردەوەی مەنفیی زەمانی رابوردووی نێزیك بە حاڵ (مازیی نەقلی)ە لە ریشەی ((گێڵای)) کە لێرەدا بە مانای (گۆڕان)ە. واتە تەغییرێکی بەسەردا نەهاتووە.

---

لەبەر ئەوەی کە وتمان زاناکان و نووسەرەکان و هەستیارەکان هەوڵیان داوە بۆ رازاندنەوەی شوێنەوارەکانی خۆیان بە تەناسوبی رێ و شوێن لە مانا و مەزموونی قورئان ئیقتیباس بکەن یا ئایەتی موناسب لە شوێنەوارەکانیاندا بگونجێنن.

ئەو رەوشتە زۆرتر لە نێو هەستیارەکاندا باو بووە، بە تایبەت هەستیارە خوداناسەکان. یەکێ لەو هەستیارە خوداناسانە مەولەوییە کە زۆرتری هۆنراوە عیرفانییەکانی بە ئیقتیباس لە مانا و مەزموونی ئایاتی قورئانی پیرۆز رازاندووەتەوە، بۆ وێنە لەم پارچەیەدا لە چەند جێگادا ئیقتیباسی لە مەزموونی عیرفانی ئایات کردووە. یەکێ لەو جێگایانە ئەم هۆنراوەیە کە ئەڵێ ((حاڵش دەسە مل وە ئیستیقباڵەن – ئیستیقباڵ چەنی مازیش یەك حاڵەن)) رەنگە مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئیقتیباس بێ لە مەزموونی ئایەتی: ((هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)) واتە: ئەوە ئەوەڵ و دوایی و رووالەت و باتن، وە ئەوە بە هەموو شت زانا. (ئایەتی ٣ لە سوورەی ٥٧)

**پوختەی مانا:**

چونکە ئەگەر لە سەرەتاوە لە ئیدراکاتی مەعنەویی منا بووبایێ و، دڵت بکەوتباییتە بەر تەوەججوهاتی مەعنەویی ئازیز، بۆت دەرئەکەوت کە کەماڵاتی رەوانی و پلەوپایەی عیرفانیی ئەو، ئەو کاتەش هەر وەکوو ئێستا بووە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.

مەولەوی ئەیەوێ ئەمە بگەیێنێ کە پیری ئەو هەر لە سەرەتای ئیرشادکردنییەوە پیرێکی کامیل بووە و هەموو مەراحیلی عیرفانیی تەی کردووە، بەڵام "خالۆ"ی کە ئەحمەد بەگی کۆماسییە، لە سەرەتاوە ئەو ئامادەییەی نەبووە کە پلە و پایەی ئەو دەرك بکا، وە ئێستاکە، ئەو ئامادەییەی وە دەس هێناوە و، پیری ناسیوە وەها کە بە سەبکێکی بێ وێنەی عیرفانیی و، ئیقتیباس لە ئایاتی قورئانیی، ئەو مەبەستە ئەڕازێنێتەوە و ئەڵێ:

**حاڵش دەسەمل وە ئیستقباڵەن**
**ئیستیقبال چەنیی مازیش یەك حاڵەن**

حاڵش –حاڵی، زەمانی حاڵی ئازیز. دەسەمل – دەس لە گەردن. مەبەست موتتەحید بوونی زەمانی حاڵ و زەمانی ئیستیقباڵە. وە–بە (لەگەڵ) واتە: کەماڵاتی ئازیز زەمانی حاڵ و ئیستقبالی یەکێکە.

چەنیی–لەگەڵ. مازیش–زەمانی رابووردووی کەماڵاتی ئازیز. یەك حاڵەن– یەك زەمانە. واتە زەمانی داهاتوو و زەمانی رابووردووی کەماڵاتیش موتتەحیدە.

**پوختەی مانا:**

لە سەرەتاوە چۆن بووە، ئێستاش هەر وایە و، لە داهاتووشدا هەر وا ئەبێ.

**بارێ، دڵ وە خشت وێرانی ئاوان**
**حەقت وە دەسەن نییەنت تاوان**

باریَ– بە کورتی، خۆلاسە، مەخلەس. ئەم وشەیە فارسییە و لەو زمانەدا بە پیتی ((ی))ی ئەسڵی دەرئەخریَ و، بە مانای ((القصە))ی عەرەبییە. بەڵام لە کوردیدا بە پیتی ((یَ))ی مەجهوول تەلەفوز ئەکریَ. وە– بە. خشت: کۆمەڵە قورێکی قاڵب گیراوی خاوە، ئەگەر بخرێتە ناو کوورەوە و، سوور بکرێتەوە، ((ئاجۆر))ی پیَ ئەوتریَ. ویرانی– خراپی، کاولی. ئاوان – ئاباد کراوە، کراوەتەوە، دوروست کراوە.

((فلآن خانوو بە خشتی ویرانە یا کاولە کۆن کراوەتەوە)) تەرکیبێکە بۆ نامەحکەم بوون و قایم نەبوونی ئەو خانووە بەکار ئەبریَ؛ چونکە دیارە خشتی دیواری دارِزیوو، رووخاوی خانووی کۆن، ئیستحکامی ئەوەی نییە کە خانوویکی تازەی پیَ دوروست بکریَ، وە ئەگەر خانوویك بە وەها خشتێك بکرێتەوە، بیَ گومان ئەو خانووەش نامەحکەم ئەبیَ. ئەو تەرکیبە ئەگەر بە زاراوەییکی مەشهووری حیساب بکەین بە قاعیدەی عیلمی بەیان مەتەڵی پیَ ئەوتریَ، ئەگینا ئەبیَ بە ئیستعارەییکی مورەککەب. مەولەوی ئەیەویَ بڵیَ: دڵێك کە هێشتا لە هەوا و، هەوەسی حەیوانیی خاوێن نەبووەتەوە و، ئەو شاییستەییەی نەهێناوەتە دەس کە ببێتە نوێنگەی نووری یەزدانی، چۆن ئەتوانیَ پلە و پایەی ئەو کەسانە بناسیَ کە وەها شاییستەیییێکیان وە دەس هێناوە و، لە زریەی بیَ بن و بیَ سنووری ((فەنای ئەتەمم))دا نوقم بووون؟! چونکە هەر لە زووەوە، وتوویانە ((وەلی وەلی باش ئەناسیَ)). حەقت وە دەسەن– حەقت بە دەستەوەیە، راست ئەڵێی، (هەر وات لیَ زانیوە). نیەنت تاوان– سووچ و تاوانێکت لەو تەشخیسەدا نییە (چونکە دەرکی تۆ هەر لەو رادەدایە) نیوە هۆنراوەی دووەم عیللەتە بۆ نیوە هۆنراوەی یەکەم.

**پوختەی مانا:**

راست ئەڵێی هەر وات لیَ زانیوە چونکە ((خانووی دڵت بە خشتی ویرانە کراوەتەوە)) و هێشتا نەگەیشتوویتە ئەو پلە و پایەیە کە پلە و پایەی بەرزی عیرفانی ئازیزت بۆ دەرکەویَ.

**دڵ تفـــڵ و ئـــازیز هـــەر ڕۆ نـــە شـــانێ[1]**

**هـــەر لادێ تـــەرزێ، هـــەر ســـات نیشـــانێ**

تفڵ– منداڵی ساوا. هـەر ڕۆ– هـەر ڕۆژ، هـەر ڕوژێ. نـە– لـە. شـانێ– کـارێ، حاڵێ، جلوەیێ. وشەی ((شان)) سووککراوەی ((شەئن))ی عەرەبییە. واتە: دڵی تۆ یا دڵی ئێمە وەکو منداڵێکی ساوایە و، ئازیزیش وەکو بەخێوکەرێکی کامیل و زانا و پوختەیە کە بە پێی مەراحیلی تەکامول و، پێگەیشتنی ئەو منداڵە، کە ماڵانی خۆی بۆ بەخێوکردن و بارهێنانی دەرئەخا و، پێی ئەنوێنێ، وە ئەو منداڵەش بە گوێرەی روشدی تەدریجیی خۆی پلە و پایەی مەعنـەوییاتی ئـەو مورەبییـە کامیلـەی خۆیـە دەرك ئەکا و، بەهرەی لێ وەرئەگرێ... هـەر لادێ– هـەر کـاتێ، هـەر سـاتێ، هـەر لەحزەیێ. تەرزێ– شکڵی، سوورەتێ، رەوشتێ، چەشنێ. هەر سات– هەر سەعات، هەر کات، هەر وەخت. نیشانێ– عەلامەتێ، نیشانەیێ، شوێنەوارێ، ئەسەرێ. پیتی ((ێ)) لـە دوای ئـەو وشـە و تـەرکیبانـەوە، ئـامرازی نەکارەتـە بـۆ گەیانـدنی مانـای گەورەیی و، گرنگییە. لە بەکاربردنی دوو وشەی ((نەشان)) و ((نیشان)) سـەنعەتی جیناسی ناقس وجوودی هەیە. مانای نیوە هۆنراوەی دووەم لەگەڵ نیوە هۆنراوەی یەکەم ورد کراوەتەوە، پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە.

**پوختەی مانا:**

کەماڵاتی ((پیر)) بە گوێرەی مەراحیلی روشـە و پێگەیشـتنی تـەدریجی موریـد دەرئەکـەوێ و، لـە هـەر مەرحەلـەیێکا بـە پێـی ئیسـتعدادێ کـە لـەو مەرحەلەیـەدا هەیەتی، پیری خۆی ئەناسێ و دەرکی ئەکا:

**گـــا چـــون ســـتارەی تاریکـــەی ســـەحەر**

**گـــا قەمـــەر، گـــا خـــۆر مـــەیۆ وە نـــەزەر**

---

(١) ئیقتیباسـە لـە مـەزموونی ئایـەتی: ((يَسْأَلُهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ)) واتە: ئەپاڕێتەوە لە ئەو هەر کەسێ لە ئاسمانگەل و لە زەویدایە، هەر ڕۆژێ خەریکی کارێکە.

گا– گاه، زەمان، وەخت. پیتی ((یٚ)) نیشانەی نەکارەت لە دوایەوە، فڕە دراوە، واتە: گاهیٚ. چون– وەك. وشەی ((چون)) لێرەدا ئامراز (ئەدات)ی چواندون و تەشبیهە. ستارە– هەسارە، ئەستێرە. تاریکە– تاریکی، زوڵمەت. پیتی ((ە)) لە دوای سیفەتی ((تاریك))ەوە بۆ گەڕاندنی مانای سیفەتە بە مانای ئیسمی وەك: هۆنراو ، مەنظووم. هۆنراوە– نەزم، شیعر. سەحەر– بەیان، کاتی دوایی شەو و سەرەتای ڕۆژ. ڕەنگە مەبەست لە ((ستارەی سەحەر)) ئەستێرەی ((کاروان کوژە))[1] بیٚ کە ئەستێرەیێکی گەورە و گەش و ڕووناکە بە عەرەبی ((زهرە))ی پیٚ ئەوتریٚ، وە زۆرتر لە دوایی شەو و، نزیکی بەیاندا، لە ئاسۆ هەڵدیٚ، وە هەندیٚ جار لە سەرەتای شەویشەوە، دەرئەکەویٚ. مەیۆ وە نەزەر– دێتە پێشچاو، ئەبینریٚ. ئەم هۆنراوەیە و چوار هۆنراوەی دوایی، تەواوکەری مانای هۆنراوەی پێشوون کە وابوو پێویستە ((پوختەی مانا))کانی ئەو هۆنراوەیانە بخرێنە دوای یەکەوە تا مەبەستی مەولەوی جوانتر ڕوون ببێتەوە.

**پوختەی مانا:**

کاتیٚ وەك ئەستێرەی بەیان لە تاریکە شەودا ئەدرەوشێتەوە و، زەمانیٚ وەك مانگی چواردە دیمەنی جوانی خۆی دەرئەخا و کاتیٚ تریش وەك قورسی خۆری ڕووناککەری جیهان دێتە پێشچاو.

---

(١) ئەڵێن هۆی ناونانی ئەستێرەی بەیان یا ئەستێرەی ((زهرە)) بە ((کاروان کوژە)) ئەوەیە کە لە ڕۆژگارانی زۆر لەمێژدا کاروانێك لە شارێکەوە ئەچیٚ بۆ شارێکی تر، شەو لە چۆڵێکدا پشوو ئەدا، بڕیار وا ئەبیٚ کە بەیانی زوو بکەوێتە ڕیٚ. یەکیٚ لە کاروانییەکان بەر لەوە ئەو ئەستێرەیە لە ئاسۆ دیاری بدا، خەبەری ئەبێتەوە و تەماشای ئاسۆ ئەکا و ئەبینیٚ لێواری ئاسۆی خۆرهەڵات، ڕوون بووەتەوە، دەسبەجیٚ هاوەڵەکانی لە خەو هەڵئەسێنیٚ و، بار ئەکەن و ئەکەونە ڕیٚ، پاش ماوەیێك ڕێکردن، بۆیان دەرئەکەویٚ کە ئەو ڕووناکی ئاسۆیە، هی هەڵاتنی ئەو ئەستێرەیە بووە و، هێشتا هەندیٚ لە شەو ماوە، ماوەییٚ تر بە تاریکی ڕێگا ئەبڕن، ناکاو جەردە لێیان ئەدا و، هەموو بار و شت و مەکەکانیان ئەبا و چەن کەسێکیشیان لیٚ ئەکوژیٚ، لە دواییدا ئەو کاروانییە کە کاروانەکەی خستووبووە ڕیٚ ئەڵیٚ: ((براینە ئەو ئەستێرەیە سەری لە ئێمە شێواند و، هاواڵەکانمانی بە کوشتن دا)) پاش ئەو ڕووداوەیە ئەو ئەستێرەیە ناو ئەنریٚ ((کاروان کوژە)).

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا، لە ناوەرۆك و مـەزموونی چـیرۆکی[1] ((ئیـبراهیم))ی پێغەمـەر کـە لـە تەمـەنی منداڵیـدا، تـێ ئەکۆشـا بەدیهێنـەری راسـتەقینەی خـۆی

(1) ئەمروود کوڕی کەنعان خۆی بە ((خودا)) نـاو ئـەبرد و خـەڵکی بـۆ پـەرستشـی خـۆی بـانگ ئـەکرد و ئەستێرەناس و پێش وێژ (کاهین)ی زۆری لە دەرباری خۆیدا کۆ کردبـووەوە. رۆژێ ئەسـتێرەناسـەکان و پێش وێژەکان بە ئەمروودیان وت ئیمساڵ لەناوچەی فەرمانڕەوایی ئێـوەدا، کوڕێك دێتـە دونیـاوە بـیر و باوەڕی ئایینی خەڵکی رووی زەوی ئەگۆڕێ و ئەبێتە هۆی لەناوچوونی خۆت و دەسـەڵاتت. ئـەمروود کـە ئەو قسەیەی لەوان بیست دەستووری دا ئەو منداڵانە کە لەو ساڵەدا لە دایك ئەبن هـەموویان بکوژن، وە هەموو پیاوانی شارەکەشی لەگەڵ خۆیدا بردە دەرەوە و، لـە ژنـەکانیانی جیـا کردنـەوە. ((ئـازەر)) کـە یەکێ بوو لە پیاوە ماقووڵەکان بۆ جێ بەجێ کردنی کارێکی تایبەتی خۆی ناردی بۆ ناو شار و سـوێندی دا کە لە ژنەکەی نێزیك نەبێتەوە، ئازەر پاش جێ بەجێ کردنـی کارەکـەی ئـەمروود، سـەرێکی لـە مـاڵی خۆیدا و بە پێچەوانەی سوێندەکەی، لەگەڵ ژنەکەیدا کۆ بووەوە و، ژنەکەی حامله بـوو بـە ((ئیـبراهیم)) نۆ مانگ و نۆ رۆژ بەسـەر چـوو و کـاتی بـە دنیـا هـاتنی ئیـبراهیم هاتـە پێشـەوە، ژنـی ئـازەر بـۆ ئـەوە منداڵەکەی نەکوژن لە شار دەرچوو و لە چۆڵێکا منداڵەکەی هێنایە دنیاوە و، پێچای بـە پارچـەیێکەوە و لە کەنداوێکا دای نا و گەڕایەوە بۆ شار. دایکی ئیبراهیم پاش چەن رۆژ چوو سەری لێ بدا تا بزانـێ چـی لێ هاتووە، کاتێ گەیشتە جێگاکە تەماشای کرد کوڕەکەی زیندووە – لـە قـامکێکی ئـاو و لـە قـامکێکی تری شیر و لە قامکێکی تری رۆن و لە قامکێکی تری هەنگوین و لە قامکی پێنجـەمی خورمـای ئـەخوارد. ئیبراهیم لە رۆژێکا بە ئەندازەی مانگێك و لە مانگێکا بە ئەندازەی ساڵێك گـەورە ئـەبوو. ئـەڵێن ئیـبراهیم پاش پازدە رۆژ کە بە ئەندازەی پـازدە سـاڵ گـەورە بووبـوو، وە لـە پـەناگایێکا خـۆی شـاردبووەوە لـە دایکی پرسی خوای من کێیە؟ دایکی وتی: خودای تۆ منم. ئینجا پرسـی: ئـەی خـوای تـۆ کێیـە؟ وتـی: خودای منیش باوکتە. دووبارە لە دایکی پرسی: ئەی خودای بـاوکم کێیـە؟ دایکـی بـە ئاڵۆزییـەوە وتـی: ئیتر بێ دەنگ بە و هەستا و گەڕایەوە بۆ ماڵ و بـە ئـازەری مێـردی وت: تـۆ ئـەو کـوڕەت دیـوە کـە لـە بارەیەوە ئەدواین و ئەمانوت بیر و باوەڕی خەڵکی دنیا ئەگۆڕێ؟ ئەگەر نەتدیوە هەسته بـڕۆ بـی بینـە! ئینجا کارەساتەکەی لە سەرەتاوە تا دوایی بۆ ئازەر گێڕایـەوە. ئـازەر چـوو بـۆ لای ئیـبراهیم، ئیـبراهیم وتی: باوکە خودای من کێیە؟ ئازەر وەڵامی دایەوە: خودای تۆ دایکتە. وتی: ئەی خـودای دایکـم کێیـە؟ وتی: خودای دایکت منم. وتی: ئەی خودای تۆ کێیـە؟ ئـازەر وتـی: خـودای منـیش ئـەمرووده. ئیـبراهیم وتی: ئەی خودای ئەمروود کێیە؟ ئازەر بە تووڕەییەوە زللەیێکی لێدا و وتی: بەس چەنە لێ بدە! کاتێ شـەو داهـات و لـە پەناگاکـە هاتـە دەرەوە و چـاوی بـە ئەسـتێرەی ((زوهـرە)) کـەوت کـە لـە هـەموو ئەستێرەکانی تر رووناکتر بوو، وتی: ئەمەتە خودای مـن. پـاش تـاوێ ئەسـتێرەکە ئـاوا بـوو، وتـی: مـن ئەمەم ناوێ چونکە خودای من گوم نابێ و گۆڕانی بەسەردا نایێ. زۆری پێ نەچوو مانگ هەڵهات و ڕوانی بۆی وتی: ئەمەیە خودای من. پاش ئەوە ئەویش ئاوا بوو، وتی: نەخێر ئەمەش خودای من نییـە، ئەگـەر

بدۆزێتەوە، ئیقتباسی کردووە و، چۆنییەتی جیلوەی کەمالاتی ((موراد))ی بە پێی روشدی ئیدراکاتی رەوانیی ((مورید)) بە بەیانێکی ئاسان و رەوان لە بیستندا و، گونجاندن و رێکخستنێکی سەخت و دژوار لە وتندا، روون کردووەتەوە و، لە چوارچێوەی ئەو هۆنراوە تەڕ و، پاراوانەدا کە هەر رەوانێکی بێ هەست و مردوو ئەبووژێنێتەوە و، هەر دڵێکی ژاکاو و، پەژموردە ئەگەشێنێتەوە، جێ کردووەتەوە.

مەولەوی لەم پارچەیەدا بە چەن مەبەست ئیشارەی کردووە:

یەکەم– خۆشەویستی و دۆستایەتییێکی عاشقانەی ئاسایی لە نێوان دوو دۆستی هاودەنگ و هاوڕەنگ واتە: عاشق و مەعشووقێکی یەك دڵدا.

دووەم– چۆنیەتی ئیستیغنا و بێ نیازیی مەعشووق و ئیحتیاج و نیازی عاشق.

سێیەم– ئیشارە بەوە کە عیشقی مەجازیی نموونەیێکی کاڵ و نەگەیشتووی عیشقی حەقیقییە.

چوارەم– روونکردنەوەی مەراحیلی تەدریجیی مورید بۆ پێگەیشتن (کەمال) و بەهرەوەرگرتن لە مەقاماتی عیرفانی ((پیر)).

پێنجەم– چوونە دەر لە هەرێمی عیشقی مەجازیی و کەوتنە ناوی بازاڕی پڕ لە مەتای رەنگاوڕەنگی عیشقی حەقیقی.

شەشەم– ئیشارە بەوە کە هەموو جۆرە کەمالاتێکی مەعنەوی و، هەموو چەشنە جوانییێکی زاهری، جیلوەیێکە لە کەماڵ و جەماڵی مەعشووقی حەقیقی وەها کە ئەڵێ:

---

خودای راستەقینە رێبەریم نەکا سەرم لێ ئەشێوێ و گومڕا ئەبم. کاتێ رۆژ بووەوە، خۆر هەڵات وتی: ئەمەتە خودای من چونکە لە هەموو گەورەترە. کاتێ ئەویش ئاوا بوو، بەوانە کە لە دەوروبەریا بوون وتی: خزمینە ! من ئەو شتانە بە خودای خۆم نازانم کە ئێوە ئەیان پەرستن و بە شەریکی خودایان ئەزانن، من ئەو کەسە ئەپەرستم کە کوراتی ئاسمانی و زەوی هێناوەتە دی، من ئایینێکی راست و دوروستم هەیە و، وەك ئێوە موشریك نیم.

گـــا وه ((بێســـــتوون)) هەســــتی بنــــاوه-

حوســـــنش وەو گوڵگـــوون وەش ئیســـتیغناوه

دەس ((شـــــیرین))یش مــــاوەرۆ ئـــــەویاد

((فــەرهاد))ی نــه تــاق فەرقەكـەی ((فــەرهاد))

گا- گاهیٚ، وه- به. بێستوون- ناوی لیزگه كێوێكه له لیزگه كێوەكانی كێـوی ((زاگرۆس)) (شاهۆ) ئەكەوێته ١٦ كیلۆمەتری خۆرهەڵاتی شاری ((كرماشان))ەوه، ئیستاكه شارۆڵكەیێ بەو ناوه له داوێنی ئـەو كێـوەدا لەسـەر جـادەی كرماشـان - هەمەدانەوه هەیه. له داوێنی شاخەكانی ئەو كێوەدا نووسـراو و پەیكـەر و نوقوشـی كۆن ماوەتەوه. تاقێكی تاشراوی جوانیش ئەكەوێته پێشچاو كه به تـاقی فـەرهاد[1] ناو ئەبریٚ. هەستی- هەبوون، وجود، جیهان. بنا- ساختمان، دوروستكراو. هەستی

---

(١) ... چیرۆكی ((شـیرین و فـەرهاد)) چـیرۆكێكی بـەناوبانگی عیشـقییه، كورتـەی ئـەم چـیرۆكه بـەم چەشنەیه:

خەسرەوی پەروێز پادشای ساسانی كـەنیزەكێكی زۆر جـوانی بـووه بـه نـاوی ((شـیرین)) و زۆر خۆشـی ویستووه. ((فەرهاد))یش گەنجێكی لاوچاك و هونەرمەند بـووه و لـه دەربـاری خەسـرەودا ژیـاوه و دڵـی چووه له شیرین، شیرینیش له دڵـەوه ئـەوی خۆشویسـتووه، زۆری پـیٚ نەچـووه گڵپـەی ئـاوری عیشـقی فەرهاد بەرز بووەتەوه و، خەسرەو لەو كارەسـاته ئاگـادار بـووه، بـەڵام خەسـرەو بـۆ ئـەوه فـەرهاد لـه دەربار دوور بخاتەوه، بانگی ئەكا و ئەڵیٚ: ((بیستوومه تۆ بەردتاشێكی باشی ئەگەر له شاخی بێسـتوون تاقێكی جوانم بۆ بتاشی شیرینت پیٚ ئەدەم)). فەرهاد دەس ئەكا به تاشینی تاقەكه. عیشقی شیرین ئەو تاشه بەردەی وەك مێو بۆ نەرم ئەكا و له ماوەیێكی كەمدا بەشێكی زۆر لـه تاقەكـه ئەتاشـیٚ. خەسـرەو ترس ئەچێته دڵیەوه كه فەرهاد مەرجەكـەی بباتـه سـەر، ئینجـا دەس ئـەكا بـه پـیلان گێـڕان بـۆ ئـەوه فەرهاد لەناو ببا. رۆژیٚ پیرەژنیٚ ئەنێریٚ بۆ لای فەرهاد پیرەژن به شیوەن و زارییەوه، به فەرهاد ئـەڵیٚ: ((جوان! بمرم بۆ رەنجی بابردووت، بمرم بۆ جوانیی شیرین كه ئاوێتەی گڵ بوو...!)) فەرهاد تـیٚ ئـەگا كه شیرین مردووه، دنیا له پێشچاوی تاریك ئەبیٚ و ئیتر هیوایێكی به ژیان نامێنیٚ و قوڵنگەكەی ئەدا بـه تەوقی سەری خۆیدا و خەڵتانی خوێن ئەبیٚ و خۆی ئەكا به فیدای عیشـقی شـیرین! چـەن هەسـتیارێكی كـورد وەك "خانـا"ی قـوادی و "مـەلا وەڵـەدخان"ی گـۆران ئـەو چـیرۆكەیان بـه چەشـنێكی جـوان هۆناوەتەوه.

بنا– (ساختمانی جیهان). ((وه)) لێرەدا ئامرازی ئیتتسال و ئیلساقە کە لە دوای مەدخوول یا سیفەت یا موزاف ئیلەیهی مەدخوولی پیتی ئیزافەوە ئەهێنرێ.
حوسن– جوانی (ناوبانگ دەرکردن بە جوانی). ((ش)) زەمیری سێیەم کەسی مالیکییەتی موفرەدی مالیکییەتە ئەگەڕێتەوە بۆ ((بێستوون)). وەو– بەو: کورتکراوەی ((بە ئەو))ە: بە– پیتی ئیزافەیە. ئەو– لێرەدا ئیسمی ئیشارەیە چونکە موشار ئیلەیهی لەگەڵدایە. گوڵگوون– گوڵڕەنك، سوور (خوێناوی). لێرەدا سیفەتە بۆ ((فەرهاد)) چونکە کاتێ هەواڵی مردنی ((شیرین))ی پێ درا، لە داخان قوڵنگەکەی دا بە سەری خۆیدا و هەموو لەشی لە خوێنا سوور بوو دیارە زیکری سیفەت و حەزفی مەوسووف بۆ نیشاندانی گرنگی و گەورەیی مەوسووفەکەیە.
وەش ئیستیغنا– جوان لە گیان ... ورد و، (بە تەواوی لە هەموو شتێ بووردوو).
وەش– خۆش، جوان، چاك. تەرکیبی لەگەڵ ((ئیستیغنا))دا ... بە سیفەتی مورەککەبی دووەم بۆ مەوسووفی مەحزووف کە ((فەرهاد))ە یا ئەبێ بە سیفەت بۆ سیفەتی ((گوڵگوون)). ... ((وەش ئیستغنا)) لە فارسیدا ئەبێ بە ((پاکباختە)): هەموو شتێ لەدەسدا و. وە: پاشگری ئیتتسال و ... وشەی ((دەس)) لێرەدا بە مانای: (هێز، قودرەت، کەماڵ، جوانی)یە. یا موزاف ئیلەیهی.

((دەس)) کە ((جوانی))یە بە قەرینەی موزاف ئیلەیهی دووەم کە ((شیرینی))یە وە بە ئیهام مانای ((جوانی)) ئەگەیێنێ، حەزف کراوە، وە ئەسڵەکەی بەم چەشنەیە: دەس جوانی شیرینی، واتە: دەس جوانییێك وەك جوانی ((شیرین)). شیرینی: ناوی مەنسووبە واتە: (وەك ((شیرین))، (شیرین ئاسا).
زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ((ئازین)). ماوەرۆ ئەویاد– ئەهێنێتەوە یاد، وەبیر ئەخاتەوە: کردەوەی مورەککەبی تێپەڕە لە ریشەی ((وەبیرخستنەوە)) فاعلی وشەی ((دەس))ە کە لە پێشەوەیە. ((فەرهادی)) کە لە رواڵەتدا موزاف ئیلەیهە بۆ ((یاد))، وە جوزئی فعلە مورەککەبەکەیە، لە مانادا مەفعوولی یەکەمە بۆ فعلەکە، وە تەرکیبی ئیزافی ((فەرقەکەی فەرهاد)) (سەرەکەی فەرهاد) لە نیوە هۆنراوەی

دواییـدا ئـەبێ بـە مـەفعوولی دووەمـی. فـەرهادی– نـاوی مەنسـووبە واتـە: (وەك ((فەرهاد))، فەرهاد ئاسا).

**پوختەی مانا:**

کاتێ تریش جوانی ((ئازیز)) (لە کێـوی بێسـتوونی دەسـکردی کردگـار کـە بـە رووداوەی ئەو سەرتاپا خوێناوییـەی لـە هـەموو شـتێ بـووردووە، ناوبـانگی جـوانی دەرکردووە) لە شێوەی مەعشووقێکی شیرینی وەك ((شیرین))دا، خـۆی ئـەنوێنێ و عاشقانی شێواو و شـەیدای وەك ((فـەرهاد)) لـە کـاتی تەماشـاکردنی ئـەو تاقـەدا، ئەخاتەوە یادی سەرە خوێناوییەکەی فەرهاد.

**گـا چـەرخ دیـدەی سـەد ((لـەیلێ)) فـرۆش**
**کـۆرەی نـاری نـاز مـاوەرۆ وە جـۆش**
**تـا بـۆی حـەرارەت مـەوج دەریـای دەرد**
**((مـەجنوون)) وێنـەی تـەم بـدۆ هەردەوهـەرد**

گا– گاهێ. چەرخ دیدە– چـەرخاندنی چـاو، گەڕانـدنی چـاو، چاوخسـتن، بـە نازەوە روانین. ئەم زاراوەیە بۆ روانینی بـە غـەمزە و نـازی دڵبـەر بـۆ دڵبراو بـەکار ئەبرێ وەها کە لە هەڵبەستی فۆلکلۆریشدا هاتووە:

ئـازیز فیـدات بـام خـاڵ دانـە دانـە
چـەرخ چـاو شـیرین دەم بچـکەلانە.

وشـەی ((سـەد)) نـاوی ژمارەیـە، لـەم تەرکیبـەدا قەیـدی کەممییەتـە و، بـۆ موبالەغە لە ژمارەدا بەکار براوە، برێ جار لە باتی ((سـەد))، وشـەی ((هـەزار))یش بەکار ئەهێنرێ، وەها کە ئەوترێ: ((هـەزار جـار وتم ئـەو کـارە مەکـە)) واتـە: زۆرم وت...

تـــەرکیبی ((ســـەد لـــەیلیّ فـــرۆش)) ســـیفەتی مورەککەبـــە، مەوســـووفەکەی ((لەیلا))[1]ی مەعشووقەی مەجنوونە و حەزف کراوە، دیارە هێنـانی سـیفەتی بـیّ مەوسووف بۆ گەیاندنی مانای گەورەیی و گرنگایەتی مەوسووفەکەیە. هێنـانی ئـەو تەرکیبە وەسفییە بۆ گەیاندنی مانی موبالەغەیە لە جوانی ((لـەیلا))ی مەعشـووقەی مەجووندا ئەو زاراوەیە ئەگونجیّ بە چەن جـۆر مانـا بکـریّ[2]: سـەد لـەیلیّ ئـەدا بـە

---

(١) ناوی ((لەیلا)) کە ناوی مەعشووقەی مەجنوون (قەیس) بووە بە بۆنەی گرنگایەتی و بەناوبانگبوونی چیرۆکە عیشقییەکەیانەوە، لە زاراوەی شاعیراندا وەکو عەلەمی جنسی لیّ هاتووە بۆ موتڵەقی مەعشووق و، هەروەهاش نازناوی مەجنوون (قەیس) بۆ موتڵەقی عاشق.

(٢) ((زمان)) گرنگترین و گەورەترین رەمزی عالەمی خیلقەتـە، تـا ئێسـتا زانایـان و زمانـەوانانی جیهـان سەریان لێی دەرنەکردووە و حەقیقەتی ئەو رەمزە گەورە و گرنگەیان نەدۆزیوەتەوە و، هەر یەکەیان لـە چاوێکی تایبەتییەوە تاریفیان کردووە، بـەلام بـە تێکڕایی ئـەتوانین بڵێین کـە هـەمووی ئـەو زانایـان و زمانەوانانە لەسەر ئەمەن کە زمان، کە ئەبێتە هۆی بەدیهاتنی پەیوەنی لە نێوانی تاکەکانی کۆمەڵدا، دوو موحتەوای هەیە: مەفهووم و ئەسوات. مەفهووم ئینفعالاتێکی رەوانـی و دەروونییـە کـە لـەرێی تەماسـی پێنج هەستی زاهیری لەگەڵ جیهانی خاریج لە زیهندا دێتە ناو زیهنەوە. ئەسوات بریتییە لەو دەنگانە کـە لـە چـۆنییەتی دەرچـوونی هـەوا لـە گـەلوو و دەم و لووتـەوە دێنـە دی، ئـەو دەنگانـە کـە لـە زاراوەی دەستووریدا ((حرووف)) وە لە زاراوەی زمانەوانیدا ((فۆنیم))یان پیّ ئەوتریّ، بۆ خۆیان ماناێکیان نییە، بەلام پاش لێکدانیان لەگەڵ یەکترا، پێکەوە ماناێك ئەگەیێنن ئینجا ئـەو مەفهوومـە یـا ئـەو مانایـە کـە هاتووەتە زیهنی ئێمەوە، ئەگەر بمانەویّ بە کەسێکی تـری بڵێین، پێویسـتە لـە زیهـنی خۆمانـدا، بـەش بەشی بکەین وە هەر یەکە لەو بەشـانە بڕژێنینـە نـاو ئـەو کۆمەڵـە دەنگـە لێکدراوانـەوە و لـە نێوانیانـدا پەیوەنـدی بهێنینـە دی و، بـە پێـی ئـەو پەیوەندییـە، ئـەو کۆمەڵـە دەنگـە لێکدراوانـە کـە لـە زاراوەی دەستووریدا ((ئەلفاز))، وە لـە زاراوەی زمانەوانیـدا ((فۆنیم))یـان پـیّ ئـەوتریّ یـەك لـە شـوێن یـەك لـە دەزگای دەنگییەوە، دەریان ئەبڕین وە ئەبنە وتار یا زمانی ئێمە.

بێگومان لە سەرەتاوە لەناو هەر کۆمەڵێکدا بـۆ دامەزرانـدنی پەیوەنـدی لـە نێـوان تاکـەکان و جێبـەجیّ بوونی پێویستییەکانی ژیانیان بە تەدریج زمانێك کـە هـەموو تاکـەکانی ئـەو کۆمەڵـە لێـی تێگەیشـتوون هاتووەتـە دی، ئینجـا بـە هـۆی تێپـەڕکردنی رۆژگـار و عـەوامیلی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و ئـایینی و رامیارییەوە، گۆڕانێکی دەنگی و، دەستووری بەسەر ئەو زمانەدا هـاتووە و لـە ئاکامـدا بـە چـەند شـێوە (لەهجە)، وە هەر شێوەش بە چەند جۆر (گوونە) دابەش بووە، بۆ وێنە شێوەی گـۆرانی (هـەورامی) کـە یەکێکە لە شێوە کۆنەکانی زمانی کوردی ئێستاکە چەن جۆری هەیە وەك جۆرەکانی: لهۆن، هـەورامانی تەخت، ژاوەڕۆ، زەنگەنە، سیامەنسوور، رۆژبەیانی وە جۆرەکانی تر.

لەو کورتە باسەی ژوورەوە چەن شتمان بۆ دەرئەکەوێ، یەکەم– ئاشکرایە کە بەرهەمی دەروونی و ئینفیعالاتی رەوانیی تاکەکانی هەر کۆمەڵێك لە عەوامیل و دەسەکەکانی جیهانی خاریج لە زیهن وەك یەك نییە، وە ئینفیعالاتی دەروونی هەر کەسێ لەو عەوامل و دەسەکانە تا رادەیێك جیاوازی هەیە با وەکو ئەو تاکانە لە کۆمەڵێکیش بن وە بە یەك جۆر لە زمانێکیش بدوێن.

دووەم– رێکخستنی ئەو کۆمەڵە دەنگانە بۆ دەربڕینی ئەو ئینفیعالاتە دەروونییە کە ((مانا))ی پێ ئەوترێ، وە سازکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، نە تەنیا لە نێوان ساختمانی زمانەکانی جیهاندا جیاوازییان هەیە و، چۆنییەتییێکی جۆربەجۆر لە ماناکەدا ئەهێننە دی، بەڵکە لە نێوان شێوە (لەهجە)کان و جۆرەکانی یەك زمانیشدا بە ئاشکرا ئەکەوێتە پێشچاو، چونکە جگە لەوە کە وتمان بەرهەمی دەروونی هەر کەسێ لە موشاهەداتی شتانی خارج لە زیهن وەك یەك نییە و، زەوق و سەلیقەی هەر کەسێکیش لە رێکخستنی پەیوەندی لە نێوانی ئەو کۆمەڵە دەنگە لێکدراوانەدا، لەگەڵ زەوق و سەلیقەی کەسانی تردا فەرقی هەیە. بۆ وێنە ئێمە ئەگەر بمانەوێ مەتڵەبێ لە زمانێکەوە بە زمانێکی تر یا لە یەکێ لە شێوە (لەهجە)کانی زمانێکەوە بە شێوەیێکی تری ئەو زمانە وەرگێڕینەوە، ئەتوانین تەنیا یەکێ لە دوو رێگای ژێر بگرینە پێش: یەکەم تەرجەمەی زارەکی (تەحتە لەفزی)، دووەم تەرجەمەی مانایی و، مەزموونی.

تەرجەمەی زارەکی ئەوەیە مانای وشەگەلی جوملەیێك لە زمانێك یا لە شێوەیێك بخرێتە ناو وشەگەلی جوملەیێك لە زمانێك یا لە شێوەیێکی تر، واتە هەر وشەیێك لە جوملەگەلی زمانێك یا شێوەیێك بە بێ زیاد و کەم بگۆڕرێتەوە بە وشەگەل و جوملەگەلی زمانێك یا شێوەیێکی تر. تەرجەمەی مانایی و مەزموونی ئەوەیە مانای جوملەگەلی زمانێك یا شێوەیێك لە جوملەگەلی زمانێك یا شێوەیێکی تردا جێ بکرێتەوە بە بێ ئەوە کەمایەتی و زۆرایەتی و پێش و پاش کەوتنی وشەگەلی ئەو جوملەگەلە یا خودی جوملەکانیش بگیررێتە پێشچاو. دیارە تەرجەمەی زارەکی بە لە پێشچاو گرتنی جیاوازی ساختمانی دەنگی و دەستووری زمانگەل یا شێوەگەل، شتێکی بێ تام و بێ کەڵکە و لەوانە نییە کە لە چاوی وێژە و وێژەوانییەوە بایەخێکی بۆ دابنرێ، کە وابوو تەنیا تەرجەمەی مانایی و مەزموونیمان بۆ ئەمێنێتەوە.

تەرجەمەی مانایی و مەزموونی بۆ مەتالیبی عیلمی کارێکی بەکەڵکە و دۆخ (عەین)ی مانا و مەزموونی ئەو مەتالیبە عیلمییە لە زمانێك یا لە شێوەیێك بە ئاسانی لە زمانێك یا لە شێوەیێکی تردا جێ ئەکرێتەوە و ئەگونجێنرێ، بەڵام تەرجەمەی مانایی و مەزموونی بۆ مەتالیبی ئەدەبی بە تایبەتی لە هۆنراوەدا کارێکی ئاسان نییە چونکە چۆنیەتی ساختمانی دەنگی و دەستووری هەر زمانێك یا هەر شێوەیێك بۆ دەربڕینی مانا و مەزموونی دەروونی لەگەڵ چۆنیەتی ساختمانی دەنگی و دەستووری زمانێکی تر یا شێوەیێکی تردا فەرقی هەیە، جگە لەوەش زەوق و سەلیقەی هەر کەسێك لە رێکخستن و تەرتیبدانی وشە و جوملەدا بۆ دەربڕینی مەزامینی دەروونی، وەك زەوق و سەلیقەی کەسێکی تر نییە. هەروەها ئینفیعالاتی رەوانییش وەك دەرککردنی ئێش، ئاسایش، خۆشی، ناخۆشی، تاڵی، شیرینی،

فرۆشتن بۆ کرینی نازی روانینی سەد لەیلیّ لە جوانیدا بە کەنیزی نازمێرریّ. مەعشووقێکی وەها کە هەزاران مەعشووقی تر ئەکرێن بە فیدای نیونیگاییێکی پڕ لە نازی... مەبەست لە وشەی ((لەیلیّ)) کە لەو تەرکیبەدا هاتووە، موطڵەقی ((مەعشووق))ە، واتە: سەدان یا هەزاران مەعشووقی عادی و ئاسایی لە جوانی غەمزە و نازی چاوخستندا بە کەنیزی نابن یا نازمێررێن (شاییستەی ئەوە نین ببن بە کەنیزی). کۆرە– کوورە: ئاوردانێکە ئاوری تێدا تاو ئەدریّ بۆ توانەوەی مەواددی کانی (مەعدەنی) وەك ئاسن و مس و وێنەکانیان. ناری– ئاورین: ناوی مەنسووبە بۆ تەئکیدی مانای ئاگر هێنراوە کە لە وشەی ((کۆرە)) دەرك ئەکریّ. ناز– غوروور، بیّ نیازی (ئیستغنا). ماوەرۆ وە جۆش– دێنێتە جۆش، تاو ئەدا. کردەوەی مورەککەبی موزاریعی سێیەم کەسی موفرەدە لە ریشەی مورەککەبی ((بە جۆش ئاوەردەی)) پیتی ئیزافەی ((بە)) کە یەکێکە لە ئەجزای ئەو ریشە مورەککەبە، لە کردەوەکەیدا گۆڕراوەتەوە بە ((وە)). ئەو ریشەیە بۆ دوو مانای ئاگر تاودان و ئاو کوڵاندن بەکار ئەبریّ، بەڵام لێرەدا مەبەست ئاگر تاودانە، ((تا)) ئامرازی عیللەتە واتە: بۆ ئەوە... بۆ– بێن. لێرەدا مەبەست ئەسەر و ئیحساسە. حەرارەت– گەرمی. مەوج– شەپۆل. دەرد– ئێش، رەنج، زەحمەت. لێرەدا مەبەست سەختی و دژواری مەراحیلی عیشق و عاشقییە کە ئەوەش بۆ عاشق تام و

---

ویستن، نەویستن و شتانی تری ژیان لە هەر کەسدا یەك جۆر نییە، کە وابوو هیچ کەسیّ ناتوانیّ مەزموونێکی ئەدەبی لە زمانێکەوە بەو چەشنە کە لەو زمانەدا تام و مەزەیێکی تایبەتی بۆ ئەهلی زمانەکە هەیە، بخاتە قالبی وشە و جوملەگەلی زمانێکی ترەوە، بە جۆریّ تر بڵێین بۆ کەسیّ ناگونجیّ ئەو مەزموونە بە خوسوسیاتی مەعنەوی و لەفزییەوە لە زمانێکی تردا جیّ بکاتەوە. بە واتەی مامۆستا هەژار: ((کەسیّ ناتوانیّ بە زمانی خۆی نوەی دڵی کەسێکی تر بکاتەوە)) لەو لێکدانەوەیە ئەمەمان دەس ئەکەویّ با وەکو ئەم شێوەیە کە مەولەوی شعری پیّ وتووە، یەکێکە لە شێوەکانی زمانی کوردی و لە چاوی ساختمانی دەنگی و دەستوورییەوە گەلیّ لە شێوەی ئەدەبی ئێستاوە دوور نییە بەڵام بە تەواوی ناگونجیّ ئەو ئیحساسە ناسك و دڵڕفێنە کە مەولەوی بە شێوەی گۆرانی لە چوارچێوەی هۆنراوەکانیدا دەری بریوە، لەم شێوەیەدا دەربخریّ، بەڵکە تەنیا ئەتوانین بڵێین ((ما لا یدرك کلە لا یترك جلە)) (شتیّ زۆری لیّ نەزانریّ، کەمی لیّ هەر دەزانریّ).

مەزەیێکی وەها خۆشی هەیە کە تەنیا عاشق خۆی دەرکی ئەکا! تەرکیبی ئیزافی ((مەوج دەریای دەرد)) تەرکیبێکی تەشبیهییە واتە: مەراحیلی پڕ لە مەترسی عیشق و دڵداری. مەجنوون: قەیس کوڕی[1] ((مولەووەح))ی عامری کە یەکێکە لە

---

(١) چیرۆکی عیشقی ((لەیلا)) و ((مەجنوون)) بە کورتی ئەمەیە کە لە ساڵانی سەرەتای خولی دووەمی کۆچیدا (١٠٨) لە مەڵبەندی ((نەجد)) لە هۆزی بەنی عامر کوڕ و کچێك بە ناوی ((قەیس)) و ((لەیلا)) لە قوتابخانەدا خەریکی خوێندن ئەبن، ئەو کوڕ و کچە کەم کەم خۆشەویستی یەکتر ئەچێتە دڵیانەوە. ئەو عیشق و ئەوینە رۆژ بۆ رۆژ ریشەدارتر و بتەوتر ئەبێ و ئاوری زۆرتر گڵپە ئەسێنێ و، هیچیەك لەو دوو دڵدارە دەردی دڵی خۆی بە لای ئەوی ترەوە، نادرکێنێ. پاش ماوەیێ خوێندن دوایی دێنن، هەر یەکەیان بە دڵێکی پڕ لە ئەوین و، پڕ لە پەژارەی جیاییەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانی خۆی. لەیلا کچێکی زیرەك و تێگەیشتوو بووە لە ماوەیێکی کەمدا، شارەزاییێکی زۆر لە تاریخ و ئەدەبی عەرەبدا ئەهێنێتە دەس و، لە شعر وتنیشدا بەهرەیێکی گەورەی بووە، کوڕان و کچانی عەرەب هەمیشە لە دەوری کۆ ئەبوونەوە و، شعریان بۆ ئەخوێندەوە و، لە مەعلووماتی کەڵکیان وەرئەگرت ((قەیس))یش یەکێ بووە لەو گەنجانە کە هەموو دەمێ لەو کۆڕ و کۆبوونەوەدا حازر بووە و شعرە پڕ سۆزە عاشقانەکانی خۆی بە بێ ئەوە ناوی لەیلایان تێدا بیا بۆ لەیلا ئەخوێندەوە و، لەیلاش لە کانگەی دڵیەوە گوێی پێ ئەدان. لەیلا جگە لەوە لە دڵەوە، قەیسی زۆر خۆش ئەویست، لە رواڵەتیشدا تا رادەیێ ئەو خۆشەویستییەی سەبارەت بەو دەرئەبڕی، هەموو هاواڵەکانی تێگەیشتوو بوون کە لەیلا بە چاوێکی ترەوە تەماشای قەیس ئەکا و، لە کانگەی دڵیەوە خۆشی ئەوێ. ئینجا ئەگەر یەکێ لە شاگردەکانی لەیلا بی ویستبایێ کە لەیلا کارێکی دەرسی بۆ جێ بەجێ بکردبایێ، قەیسی ئەکردە تکاکار کە لە لەیلا بپاڕێتەوە تا ئەو کارەی بۆ جێ بەجێ بکا. رۆژێ قەیس خۆی پێ نەگیرا و عیشقی خۆی بە لایەوە دەربڕی، لەیلا بە پێی خووڕەوشتی مەعشووق، ناوچاوانی دا بەیەکا و لێی ئاڵۆز بوو، ئەو ئاڵۆزی لەیلایە وەکو ((بەنزین)) ئاوری عیشقی قەیسی گڵپەدارتر کرد و سەرتاپای گرتەبەر و سەری پێ هەڵگرت و کردیە ((مەجنوون)) و خستیە کێوان. وەها کە مەولەوی لەم پارچەیەدا ئیشارەی بۆ کردووە و ئەڵێ: تا بۆی حەرارەت مەوج دەریای دەرد - ((مەجنوون)) وێنەی تەم بدۆ هەردەو هەرد. شعرە دڵڕفێن و ئاورینەکانی ((مەجنوون)) کە لە چاوگەی عیشق و ئەوینێکی خاوێن و راستەقینەوە هەڵقوڵاون، کۆ کراونەتەوە و، بە ناوی ((دیوانی قەیسی بنی مولەووەح)) لە چاپ دراون. یەکەم هۆنراوەیێك کە لە سەرەتای دیوانەکەیەوە ناوی ((لەیلا))ی تێدا بردووە ئەمەیە کە ئەڵێ: ((مضی زمن والّناس یستشفعون

عاشـقە بەناوبانگـەکانی عـەرەب پـاش داهـاتنی ئیسـلام. وێنـە- وەك. تـەم- ئـەو بوخارەیە کە لە کاتی گەرمبووندا لە ناو بەرز ئەبێتەوە.

بـدۆ هـەردەو هـەرد: بداتـە کێـو (بخاتـە ئـەم کێـو و ئـەو کێـو): کـردەوەی مورەککـەبی ئیلتزامـی سـێیەم کەسـی مـوفرەدە، بـۆ دوو مانـای تێپـەڕ و تێنەپـەڕ (موتەعـەددی و لازم) بـەکار ئـەبرێ. کـورتکراوەی ((بـدۆ ئـەو ئـی هـەردو ئـەو ئـەو هەرد))ە واتە: بدا لە ئەم کێو و لە ئەو کێو لە ریشـەی ((ئـەو ئـی هـەردوو ئـەو ئـەو هەردداى)) (لە ئەم هەردو لە ئەو هەرددان) واتە: وێڵکردن یـا وێڵبـوون بـە کێوانـدا، لێرەدا مانای تێپەڕ مورادە چونکە تەرکیبی ((کۆرەی ناری ناز)) ئەبێ بە فاعلی، وە ((مەجنوون)) ئەبێ بە مەفعوولی. واتە: کۆرەی ئاورینی نازی چاوی ئەو مەعشـووقە سەد لەیلێ فرۆشە، مەجنوون وێڵی کێوان بکات.

مەولەوی لێرەشدا تەشبیهێکی مورەککەبی جـوانی بـەم چەشـنەی خـوارەوەی بەکار بردووە: خاوێنبوونی مەجنوون لە هەوا و هەوەسی عیشقی حەیوانی بە نووری

---

بی فهل لی الی لیلی الغداة شفیع؟!)) (بەسەر چوو ئەو رۆژگارە کە خەڵك منیـان ئـەکردە تکاکـار (بـۆ لای لەیلا) – ئاخۆ لە رۆژانی داهاتوودا کەسێك ببێ تکایێکیش بە لای ((لەیلا))وە بۆ من بکات؟!)

مەجنوون و لەیلا بەیەك نەگەیشتن، هەر ئەو بەیەکنەگەیشتنە بووە هۆی بـەدیهاتنی عیشـق و ئـەوینێکی خاوێنی ئاسمانی لە دڵی مەجنوون (قەیس)دا. ئەگێڕنەوە: پاش ئـەوە لـەیلا کۆچـی دوایـی کـرد، قـەیس چوو بۆ ناو ئەو قەبرستانە کە لەیلای تێدا نێژرا بوو، لە چەن کەسێکی پرسی کـە گڵکۆکـەی پـێ نیشـان بدەن، لە وەڵاما وتیان: ئەگەر عاشقێکی راستەقینەی لەیلای، خـۆت گڵکۆکـەی بـدۆزەوە. ئینجـا دەسـی کرد بە گەڕان بە ناوی گۆڕستانەکەدا، خاکی چەن گۆڕی تازەی بێن کرد تا گەیشتە سەر گڵکـۆی لـەیلا و بێ پەروا خۆی خست بەسەر خاکەکەیا و بێ وچان ئەم شعرەی دووبارە ئـەکردەوە: ارادوا لیخفـوا قبرهـا عن محبّها وطیب تراب القبر دلّ علی القبر (ویستیان گڵکۆی لەیلا لە عاشقی خـۆی پـەنهان کـەن – بـەڵام بێنی خۆشی خاکی گڵکۆکەی گڵکۆکەی نیشان ئەدا. زۆری پێ نەچوو کە بولبولی خۆش خوێنی رەوانیـی پاکی لە قەفەسی تەنگی بەدەنی لە عالەمی ناسووت هەڵفڕی و خۆی گەیانـدە عالـەمی بـەرز و بـەربڵاوی مەلەکووت و، لاشەکەشی لە کەناری دڵدارەکەیا ئەسپەردە کرا.

عیشقی یەزدانی و دوورکەوتنەوەی لە هەرێمی پەستی نەفسانی و کەوتنە کێوانی، تەشبیهە کردووە بە تەسفییەبوونی ئاوی دەریا لە مەواددی مەعدەنی بە نووری خۆر و بوونی بە تەم و بوخارێکی خالس و خاوێن و بەرزبوونەوەی بۆ سەر لووتکەی کێوان.

**پوختەی مانا:**

زەمانی تریش جوانی ئازیز لە روانینی پڕ لە غەمزە و نازی لەیلاییێك کە بە لای مەجنوونەوە هەزاران لەیلای تر بە کەنیزی نازمێرێن، جیلوە ئەکا و کوورەی ئاورینی نازی تاو ئەدا تا گەرمی ئەو کوورەیە دەریای عیشقی مەجنوون بێنێتە جۆش و مەجنوون لەو گەرمییەدا قاڵ و پاکتاو بکا و، خڵت و خەوشی رەزاییلی نەفسانی لێ جیا بکاتەوە و لە جیهانی پەستی عیشقی حەیوانییەوە بیگەیێنێتە عالەمی بەرزی عیشقی یەزدانی.

مەولەوی جگە لەو رێزەکارییە ئەدەبییانە کە لە چوار هۆنراوەی سەرەوەدا ئەکەونە پێشچاو سەنعەتی بەدیعی ((موراعاتی نەزیر))یشی بەکار بردووە، وەك هێنانی شیرین و فەرهاد و لەیلا و مەجنوون و مەوج و دەریا.

**خالۆ! پەی جەلال ئەر کارسازیشەن**
**وادەی تەجەللای تیر ئەندازیشەن**
**((بسم الله)) ئەو تیر پەڕ پێدا بەستەش**
**ئێد نیشانەی تیر سەد جار شکستەش**

خالۆ- وەکو لە پێشا وتمان رەنگە مەبەست ئەحمەد بەگی کۆماسی بێ چونکە مەولەوی عونوانی ((خالۆ))ی زۆرتر بۆ ئەو بەکار بردووە. پەی- بۆ. جەلال- گەورەیی. ئەو وشەیە لە زاراوەی سۆفییاندا بۆ حاڵەتی خۆنواندن و بێباکی و ئیستیغنای ((پیر)) بەکار ئەبرێ. ئەر- ئەگەر: ئامرازی شەرتە. کارسازیشەن - خۆ ساز کردنیە، خۆ ئامادە کردنیە. تەرکیبی ((پەی جەلال ئەر کارسازیشەن)) لە

ئەسلّدا بەم چەشـنـەیە: ئەگـەر کارسـازی ئـەو بـۆ نوانـدنی گەورەییـە. ((کارسـازی ئەو)) موسنەد ئیلەیهە. ((بۆ نواندنی گـەورەیی)) ئەبێتـە موسـنەد، وە پـیتی ((ە)) زەمیری رابیتە. وادە– وەعدە، کات (مەوعید). تەجـەللا– تەجـەللی، جیلـوەکردن، روونـاکی خسـتنەوە. ئـەو وشـەیە لـە زاراوەی سـۆفییاندا کینایەیـە لـە دەرکـەوتنی نووری یەزدانی، وە بە دەرکەوتنی ئەو نوورە یەزدانییەش ئەوترێ کـە ((مووسـا))ی پێغەمەر لە کێوی ((توور)) چاوی پێ کەوت و بێهۆش بـوو. تـیر ئەندازیشـەن– تـیر خستنیە، تیر هاوێشتنیە. ((تیر هاوێشتن)) لـە زاراوەی عاشـقاندا بـۆ روانـین و چـاو خسـتنی مەعشـووق بـۆ عاشـق بـەکار ئـەبرێ، وە لـە زاراوەی عارفـان و سـۆفییاندا بریتییە لـە تـەوەججوهی مەعنـەوی ((پـیر)) بـۆ موریـد. نیـوە هـۆنراوەی: ((وادەی تەجـەللای تـیر ئەنـدازیش)) موسـنەدە بـۆ موسـنەد ئیلـەیهێکی مـەحزووف وەك ((ئێسـتە))، وە پـیتی ((ك)) = (ە) ئەبێتـە زەمـیری رابیـت. ئـەو هۆنراوەیـە پێـك هـاتووە لـە دوو جوملـەی موتـەعاتیفی شـەرتیی، واتـە هـەر نیـوە هـۆنراوەیێکی جوملەیێکـە، وە پـیتی پەیوەنـد (عـەتف)ی ((وە)) لـە نێوانیانـدا حـەزف کـراوە و، هۆنراوەی دوایی کـە لـە ((بسـم اللە...)) دەس پـێ ئـەکرێ ئەبێتـە جوملـەی جـەزا. تـەرکیبی ((بسم اللە)) بۆ موبارەکی و پیرۆزی لە سـەرەتای دەسـپێکردنی کارێکـەوە ئەوترێ، لێرەدا مانای فەورییەت و بێ وچانیش لە دەسپێکردندا ئەگەیێنێ، واتە: با بە ناوی خودا زوو دەس پێ بکا. ئەو– ئەوە. تیر– تیر. پەڕ پێدا بەسـتەش– پـەڕ پێدا بەسـراوی[1]. پـەڕ پێـدا بەسـتە: سـیفەتی مورەککەبـە بـۆ ((تـیر)) لـە ریشـەی مورەککەبی ((پەڕ پێدا بەستەی)) (پەڕ پێدا بەستن). پیتی ((ش)) = (ی) زەمـیری سێیەم کەسی مـوفرەدی مالیکییەتـە. ئێـد– ئەمـە. نیشـانەی تـیر– هـەدەفی تـیر، ئامانجی تیر. سەد جار شکستەش– سەد جار شـکاوی (سـەد جـار پێکـراوی) سـەد جار شکسـتە: سـیفەتی مورەککەبـە بـۆ ((نیشـانە)). پـیتی ((ش)) = (ی) زەمـیری

---

(١) ((تیری پەڕ پێدا بەسراو)) بە تـیرێ ئـەوترێ کـە پـەڕی بـالّی ((دالّ)) یـا ((هـەلّۆ)) یـا بالّدارێکی تـر ئەبەسرێ بە دوایەوە بۆ ئەوە دەرچوونی لە ((کەوان)) تیـژتر و توندتر بێ و مەسافەتی زۆرتـر ببڕێ و زووتر بدا لە نیشان.

مالیکییەتـە. تـەرکیبی ((تـیری پـەڕ پێـدا بەسـراو)) کینایەیـە لـە تـەوەججوهی موئەسیری مەعنەوی ((پیر)) بۆ مورید یا روانینی بە نـاز و غـەمزەی مەعشووق بـۆ عاشق، بێ گومان لێرەدا مانای یەکەم مەقسوودە. مەبەسـت لـە ((نیشـانەی تـیری سەد جار پێکراو))یش دڵی مورید یا دڵی عاشقە. ئەو دوو سیفەتە کـە بـۆ ((تـیر)) و بۆ ((نیشان)) هێنراوە، قودرەت و توانایی ((پیر)) و ئامادەیی و ئیستعدادی مورید بۆ وەرگرتنی بەهرە و فەیزی رەوانیی لە پیرەوە ئەگەیێنن.

مەولەوی لەو دوو هۆنراوەیەدا ئەیەوێ بـە گۆشـە و کینایـە ئـەوە بـە ((خـاڵۆ)) بگەیێنێ کە: پێی ناوێ تۆ تاریفی جوانی ئازیز بۆ من بکەی چونکە من زووتـر ئـەوم ناسیوە و لە مێژە بە تیری عیشقی ئەو گیرۆدە بوووم، بـەڵام لـە قسـەکانتدا وەهـا دەرئەکەوێ کە تۆ لە کاتێکدا ئازیزت دیوە، ویستوویە کەماڵاتی جوانی (مەعنـەوی) خۆی بنوێنێ ئەگەر وا بێ، دیارە ئەوە دوا پلەی ئارەزووی منە کە ئەو لەو حاڵەتەدا بێ. تا بە گیان و دڵ نازی بکێشم و لەو ناز کێشانە لەززەتی رەوانییم دەس کەوێ.

**پوختەی مانا:**

خاڵە گیان! قسە هەزارە و دووانی بـەکارە، ئەگـەر دڵنیـای کـە ئـازیز ئەیـەوێ ((جـەلال))ی خـۆی بنـوێنێ و کـاتی ئەوەیـەتی کـە دڵـی موریـد بـە تـیری بـەهرەی مەعنەوی ببووژێنێتەوە، دەسم بە داوێنی با کۆتـایی نـەکا، ئەمـە دڵـی پـەژموردە و موشتاقی من و ئەوەش تیری تەوەججوهی مەعنەوی ئەو.

چـون رەنـگ کـەرۆ هـوون تـازە دامـانم
ئـاو مـەزۆ وە دەم کۆنـە زامـانم

چـون- چـونکە: ئـامرازی مورەککـەب (لێکـدراو)ی عیللەتـە بـۆ مـەزموونی هۆنراوەی پێش لەم هۆنراوەیە. رەنـگ کـەرۆ- رەنـگ بکـا. هـوون- خـوێن. تـازە: سیفەتە بۆ وشەی ((هوون)) واتە: خوێنی تازە. دامانم- داوێنم. ئاو مەزۆ وە دەم-

ئاو ئـەزیٚ لـە دەم، ئـاو ئەزێتـە دەم. کۆنـە زامـانم– کۆنـە برینـانم، برینـانی کۆنم. ((مـەزۆ)): کـردەوەی مـوزاریعی سـێیەم کەسـی مـوفرەدی ئیخبارییـە لـە ریشـەی ((زای)): (زایین) لێرەدا بە مانای تەراوش کردن و دەلاننە. تـەرکیبی ((ئـاو زایینـە دەم)) لە حالێکدا بەکار ئەبریٚ کە کەسیٚ بـە بیسـتن یـا چـاوپێکەوتن یـا نـاوبردنی شتیٚ زۆر خۆشحالٚ بیٚ و لەززەتی لیٚ ببا. ریشـەی ئـەم ئیسـتلاحە لـەوەوە هـاتووە ئەلێن: کەسیٚ کە زۆر حەز لە شتی ترش بکا، ئەگەر کەسێکی تـر لـە بەرانبەریـەوە شتێکی ترش بخـوات، لـە شـیددەتی ئیشـتیاقدا ئـاو ئەزێتـە دەمـی. مەولـەوی لـەم هۆنراوەیـەدا بـۆ گەیانـدن و دەربـڕینی دوا پلـەی ئشـتیاق و، تامـەزرۆیی خـۆی بـۆ جیلوەی ئازیز وەها سەنعەتێکی بەرز و سەرسووڕهێنەری ئەدەبی بەکار بردووە کـە تـەنیا خـۆی توانیویـە ئـەو سـەنعەتە ئەدەبییـە لـەتیف و ناسـك و دلڕفێنـە لـە چوارچـێوەی وشـەگەل و تەرکیبگـەلێکی سـادە و بـیٚ تەکەللوفـدا بـە تەشـبیهات و ئیستعاراتێکی وەها ورد و جوان بڕازێنێتەوە و قودرەت و توانایی بـەیانی خـۆی بـە زمانی شیرینی کوردی دەربخا و بە کڕیارانی بـازاڕی جیهـانی ئـەدەب راگـەیێنیٚ کـە زمـانی کـوردی وەهـا زمانێکـە کـە گـەورەترین ئینسـانانی عالـەمی شـعر و ئـەدەب ئەتوانن بەنرخترین گەوهەری مەزاینی دەروونی خۆیان لە قـالبی وشـە و وتـەی ئـەو زمانەدا بخەنە بازاڕی ئەو جیهانە ئەدەبییەوە و بەو کڕیارانەی بنوێنن.

**پوختەی مانا:**

چونکە ئەگەر خوێنی برینانی تازەی تیری مەعنەوی ئازیز داوێـنم رەنـگ بکـا و برینە کۆنەکانم ئەو خوێنە ببینن، ئەکەونەوە بـیری لـەززەت و خۆشـی پێکـران بـەو تـیرە مەعنەوییـە و ئـاوات ئـەخوازن کـە ئـەو تـیرە مەعنەوییـە دووبـارە ئـەوانی بکردبایێتە نیشانەی خۆی تا ئەو لەززەت و خۆشییەیان بۆ تازە ببوایێتەوە.[1]

---

(١) مەولەوی جگە لە هێنـانی ئـەو تەرکیبـە جـوان و پـڕ مانایـە بـۆ گەیاندانی ئەو مەزموونـە لـەتیف و دلپەسەندە، ئەگونجیٚ مانایێکی وردی تریشی لەو تەرکیبەدا بە سەنعەتی ((ئیهام)) گرتبێتە پێشچاو، کە مەبەست لە ((ئاو)) لە تەرکیبی: ((ئاو مەزۆ وە دەم کۆنە زامانم)) ((خوێن)) بیٚ واتە: برینـانی کـۆنم کـە پەترۆکیان بەستووە و خوێنیان وشك بووە، لە کاتی چاوپێکەوتنی خوێنی برینـە تازەکانمـدا ئەکەونـەوە

زام تـــــەن وە تـــــیر بـــــەڵاش زیاتـــــەر
رای ئـــامۆ شـــۆی دڵ وە لاش زیاتـــــەر

زام– زەخم، برین، کینایەیە لە ئەسەری مەعنەوی. تـەن– لاشـە، بـەدەن. زام تەن– برینی بەدەن. وە– بە. تیر بەڵاش– تیری عیشقی. ((بەڵا)) بە مانـای دەرد و رەنج و ئازارە بـەڵام لـە زاراوەی شـاعراندا بریتییـە لـە ((عیشـق)) وە عیشـقیش لـە زاراوەی عارفاندا بریتییە لە پەیوەندی رەوانیی لـە نێوان پـیر و موریـددا کـە وابـوو مەبەست لە ((تیری بەڵا)) تـەوەججوهی مەعنـەوی پـیرە. زیاتـەر– زیـادتر، زۆرتـر. وشـەی ((زیاتـەر)) سـیفەتی تەفزیلییـە و لـە ریشـەی ((زیـادە))ی عەرەبییـەوە وەرگیراوە، لە کوردیدا بە مانای وەسفیی بەکار ئەبرێ. را– رێگا، رێگـە، رێ. ئـامۆ شۆ– هات و چوو. وشەی قافیە لە نیوە هۆنراوەی یەکەمی ئەو هۆنراوەیەدا بریتییە لە وشەی ((بەڵا)) وە لـە نیـوە هـۆنراوەی دووەمـدا وشـەی ((لا))یـە کـە بـە مانـای ((نەزد))ی فارسی وە ((عند))ی عەرەبییە و پیتی زەمیری ((ش)) لە هـەردوو نیـوە هۆنراوەدا پیتی ((وصل))ە و وشەی ((زیاتەر))یش ئەبێ بە ((ردیف)).

تەرکیبی ((ئـامۆ شـۆ)) لـە بناغـەدا ((ئامـای و شـییەی)) بـووە کـە بـە مانـای ((هـاتن و چـوون))ە کـە وابـوو ئـەو تەرکیبـە نـاوی مورەککەبـە لـە دوو مەسـدەری مورەخخەم کە بە مانای ((تەرەدوود))ی عەرەبییە. کاتێ بوترێ: ((فڵانە کەس هات و چووی فیسارە کەس ئەکا)) واتە فڵانە کـەس فیسـارە کەسـی خـۆش ئـەوێ و لـە نێوانیاندا پەیوەندی دۆستایەتی هەیە.

---

بیری لەززەتی پێکان بەو تیرە و دووبارە خوێن لە دەمیانەوە جاری ئەبێ. قودرەتی تەخەییول و بەیانی مەولەوی ئەوەمان وەبیر ئەخاتەوە کە لە فەلسەفەدا ((خودا)) بە خەللاقی یەکـەم وە رەوانیـی ئینسـانی بە خەللاقی دووەم ناو ئەبرێ چونکە (خـودا) لـە مادییـات و مەعنەوییاتـدا ئـەتوانێ ئـەوەی کـە بیـەوێ بیهێنێتە دی بەڵام رەوانیی ئینسانی تەنیا لە مەعنەوییاتـدا ئـەو تواناییـەی هەیـە. لێـرەدا پێویسـتە لـە خۆمان بپرسین: مەولەوی کە ئەو قودرەتەی بووە ئەوەی کە ویستوویە لـە مەعنەوییاتـدا هێناویەتـە دی و، لە ئەلفازیشدا بە جوانترین شێوە جێی کردووەتەوە، ئەبێ بە خەللاقی چەندەم بژمێررێ؟!

مەولەوی لە تەرکیبی ئیزافی ئیستعاری ((رای ئامۆ شۆی دڵ)) (ڕێگای هات و چووی دڵ)دا سەنعەتێکی ئەدەبی وەها جوان و سەرسوڕهێنەری بەکار بردووە کە بە وتە و وشە ناخرێتە پێشچاو. تەنیا ئەو کەسانە لێی تێ ئەگەن کە ڕەوانێکی روون و ڕەوانییان هەیە.

((دڵ)) کە هۆی گەیاندنی خوێنە بە تەواوی بەدەن، بە لای سۆفییانەوە مەرکەزی ڕەوانیی ئینسانی و نوێنگەی تەجەللای نووری یەزدانییە.

کورتەی مانای زاهیری ئەو هۆنراوەیە ئەمەیە کە: هەر چەند تیری عیشقی ئەو لە مندا کاریتر بێ، دڵی من زۆرتر گرۆی ئەو ئەبێ. بەڵام وەکو لە سەرەوە وتمان مەبەستی مەولەوی لە ((تیری بەڵا)) واتە: تیری عیشق، تەوجوهی مەعنەوی ((پیر))ە کە وابوو پوختەی مانای هۆنراوەکە بەم چەشنەیە:

**پوختەی مانا:**

دیارە هەر چەند زۆرتر بکەومە بەر تەوەجوهاتی مەعنەوی ((پیر)) دڵم زۆرتر روون ئەبێتەوە و لە عیرفاندا بەهرەیێکی گەورەترم دەس ئەکەوێ.

## پارچەی دووەم

**پـــای شـــادیم دیســـان مـــاران گەســـتەوە**

**نـــە پییاڵـــەی چـــەم، ژار تـــۆ بەســـتەوە**

پـای شـادیم: پێـی شـادیم، پێـی خۆشـی و شـادمانیم. تـەرکیبێکی ئیزافـی ئیستعارییە.

دیسان: دووبارە. قەیدی تەکرار و دووپاتەکردنەوەیە.

ماران: مارگەل. جەمعی "مار"ە.

گەستەوە: گەستییەوە، گـازی لێ گرتـەوە - لـە ڕیشـەی "ئـەوە گەسـتەی[1]، گەســتەیەوە (گەســتنەوە). پاشــگری "تــەوە/-awa-/" لــەدوای کــردەوەی "گەستەوە"وە، بۆ مانای تەکرار و دووپاتەکردنەوەی کردەوەکەیە. مەولـەوی جگـە لە بەکاربردنی ئەو سەنعەتە ئەدەبییە جوانە کە لـە سـەرەوە ئیشـارەمان بـۆ کـرد، موبالەغەیێکی جوانیشی لـەو نیسبەتە فیعلییـەدا گەیانـدووە، ئـەوەش بریتییـە لـە هێنانی قەیدی تکراری "دیسان" بـۆ تەئکیـدی مانـای ئـەو تەکرارەکـەی تـر کـە لـە پاشـگری فعلەکـەوە دەرئەکـەوێ. لـەو سـەنعەتە ئەدەبییـەدا مەولـەوی ئـەوەی گەیاندووە کە لە ژیانی خۆیدا خۆشی و شـادیێکی نـەدیوە کـە پـەژارەیێك بەدوویدا نەیێت و دەرد و ڕەنجی ئەو پەژارەیە وەکو ژاری مار هەموو لەشی نەتەزێنێ.

نە: لە

پییاڵەی چەم: پیاڵەی چاو، کاسیلەی چاو. پێویستە وشەی "پی-یا-ڵە/ -pī-y ā-!a/" بەم چەشنە کە نووسیومانە واتە بە سێ هیجا (سیلاب) بخوێنرێتەوە تـا وەزنی هۆنراوەکە تێك نەچێ.

---

([1]) پاشگری "تەوە/ awa-/" لە شێوەی گۆرانی دا زۆرتر ئەکەوێتـە پـێش مەسـدەرەوە، وەك: ئـەوە ئامای (هاتنەوە) بەڵام لە فیعلدا لەدواوە ئەهێنرێ، وەك: ئاماوە (هاتەوە).

ژار: ژەحر، زەهر، ژەهر.

تۆ بەستەوە: چینی بەستەوە، گرسایەوە، کۆبووەوە – لە ریشەی مورەککەبی "تۆبەستەیەوە" (تۆبەستنەوە) تۆبەستن یا توێژك بەستن بۆ شتانی ئاوەکی خەست (هەس) وەك شیر و ماست لەکاتی زۆر مانەوەیان لەناو زەرف (هەوەڕ، قاپ، دەفر)ێك دا بەکارئەبرێ، کەوابوو مەولەوی بە هێنانی ئەو تەرکیبە ویستوویە ئەوە نیشان بدا کە لە ژیانی خۆیدا شادی و خۆشییێکی نەدیوە کە بەلاییێك بەدوویدا نەهاتبێ و جارجارێك خۆشی دەرد و رەنجی ئەو بەلایە وەکو ژاری مار هەموو لەشی نەتەزاندبێ و ئەسەری لەچاویا نەمابێتەوە. مەولەوی لەو هۆنراوەیەدا ئەوەشی گەیاندووە کە پیاو ئەتوانێ خۆشی و پەژارەی هەرکەسێ لە چاوانییەوە هەست بکا. لە نیوە هۆنراوەی "نە پییالەی چەم ژار تۆ بەستەوە" شاکارێکی تری ئەدەبی ئەکەوێتە پێش چاو ئەوەش بریتییە لەوە کە مەبەست لە "پیالە" پەرداخ یان ئەو زەرفە بلوورە بێ کە شەراب و شتانی ئاوەکی تری لەززەتبەخشی تێدا ئەخورێتەوە، واتە لە باتی ئەوە شەرابی موشاهەدات و مەحسووساتی خۆشی هێنەر و لەززەتبەخش بڕژێتە پیالەی چاومەوە و دڵم بە هەستکردنی سەرخۆش بێ و بگەشێتەوە، ژاری تاڵی و پەژارەی موشاهەداتی دڵ تەزێن دێتە نێو پیالەی چاومەوە و بە هەستکردنی هەموو لەشم ئەتەزێ و دائەڕزێ. بە کورتی ئەیەوێ بڵێ: لە ژیاندا هەمیشە بەشم بەڵا و موسیبەتە و ساتێ خۆشی و شادیم بە خۆمەوە نەدیوە.

لەو هۆنراوەیەدا جگە لەو ئاکارە ئەدەبییە جوانانە کە ئیشارەمان بۆ کردن، سەنعەتی بەدیعی بەراعەتول ئیستهلالیش ئەکەوێتە پێش چاو ئەوەش بریتییە لە هێنانی مەزموونی "مارگەستن" کە پارچەکە بەو بۆنەوە هۆنراوەتەوە، وە لە دواییدا باسی لێوە ئەکەین.

**ئەم جۆرە ئاکارە ئەدەبییانە کە بە رواڵەت سادە و ئاسان ئەنوێنن و لە مانادا لە بەرزترین پلەی فەساحەت و بەلاغەتدان، بەڵگەگەلێکی رووناکن بۆ ئیسباتی نبووغی مەلەوی لە بەدیهێنانی سەبکێکی تازە لە شیعری کوردیدا کە بە رواڵەت**

خەیاڵاوی و لە حەقیقەتدا نیشاندەری ویجدانییاتێکن کە هێنانە لەفز و، موجەسسەم کردنیان لە چوارچێوەی وەها شعرگەلێکی تەڕ و پاراودا لە وزەی هەر کەسێکدا نییە. جگە لەوەش مانا و مەزموونی هەر هۆنراوەیێکی ئەو سەبکە لە هەر مەبەست و رووداوەیێکدا، پیاو ئەخاتە وەها جیهانێکی جوان و رازاوەی خەیاڵییەوە کە بەیەکجاریی جیهانی مەحسوس و مەلمووسی لەبیر ئەباتەوە.

**پوختەی مانا:**

پێی شادی و خۆشیم دووبارە ماری موسیبەت و مەینەت گەستییەوە، ئاساری دەرد و رەنجی ئەو موسیبەت و مەینەتە وەك ژاراو لە کاسیلکەی چاومدا کۆبووەوە.

**سەنەم پەرست نیم ((سەمەد)) ناسەنان**
**دووی کۆرەی دەروون شیوەن راسەنان**

سەنەم: بت. سەنەم پەرست: کەسێ کە بت بە خودای خۆی بزانێ و بەندەیی بکات. سیفەتی مورەککەبە.

نیم: کردەوەی رابیتی بێ قاعیدەی مەنفییە لە ریشەی (بوون).

سەمەد: ((سەیید سەمەد))ی خانەگایی[1]. لە نێوانی دوو وشەی ((سەنەم)) و ((سەمەد))دا سەنعەتی جیناسی ناقس هەیە.

سەمەد ناسەنان[2]: خودا ناسم. سەیید سەمەد ناسم. لەو تەرکیبەدا دوو سەنعەتی بەدیعی بەکار براوە، یەکەم- ((ئیهام)) واتە ئەو دوو مانایە کە

---

(١) خانەگا گەورە گوندێکی سەییدنشینە کەوتووەتە لای خوارووی شاری ((پاوە)) و داوێنی کێوی ئاتەشگاوە، مەولەوی لەگەڵ ساداتی خانەگادا خزمایەتی بووە چونکە خۆشی سەیید بوو. خانەگا زانا و شاعیری زۆری لێ هەڵکەوتووە، بەداخەوە ناو و نیشانێکی کەمیان ماوەتەوە.

(٢) پاشگری ((=نان /-anān/)) لە دوای وشەی ((ناس))ەوە، پێکهاتووە لە دوو واحیدی سەوتی: ((=ن /-an/)) وە ((ان /-ān/)) کە یەکەمیان دەوری فاسیل ئەگێڕێ و مانایێکی نییە. دووەمیان زەمیر

ئیشارەمان بۆ کردووە. دووەم– ((موتابەقە)) بە گرتنە پێشچاوی مەزموونی ((سەنەم پەرست)) چونکە دوو مەزموونی ((سەنەم پەرست)) و ((خودا پەرست)) دژایەتی لە نێوانیاندا هەیە.

---

یا کردەوەی رابیتی زەمانی حاڵی یەکەم کەسی موفرەدە. کردەوە یا زەمیری رابیتی زەمانی حاڵ لە شێوە کوردی گۆرانیدا بەم چەشنەی خوارەوەیە:

مفرەد
- ان /-ān/: سەمەد ناسەنان (سەمەد ناسم)
- ی /-ī/: سەمەد ناسەنی (سەمەد ناسی)
- ن /-n/: سەمەد ناسەن (سەمەد ناسە)

جەمع
- مێ /-mē/: سەمەد ناسێنمێ (سەمەد ناسین)
- دێ /-dē/: سەمەد ناسێندێ (سەمەد ناسن)
- نێ /-nē/: سەمەد ناسێنێ (سەمەد ناسن)

ئەگەر موسنەد موفرەد و پیتی دوایی موسنەد پیتی بێ دەنگ بێ، لە یەکەم کەس و دووەم کەسدا پێش لە کردەوەی رابیتەوە فاسیلی ((ەن /-an/))، وە لە سێیەم کەسدا فاسیلی ((ە /-a/)) ئەهێنرێ، وەها کە لە وێنەکانی سەرەوەدا ئەو مەبەستەمان بۆ دەرئەکەوێ. بەڵام لە هەر سێ کەسی کۆمەڵدا لەبەر ئەوە موسنەد هەمیشە موسەوویتی ((ێ /ē/))ی نیشانەی کۆمەڵ ئەگرێ، لە هەر سێ کەسەکەدا پێش لە کردەوەی رابیتەوە، فاسیلی ((ن /-n/)) ئەهێنرێ وەك وێنەکانی سەرەوە. ئەگەر پیتی دوایی موسنەدی موفرەد پیتی دەنگدار بێ موسەوویتی ((ە /–a/))ی فاسیل لە دوای وشەی موسنەدەوە حەزف ئەکرێ و، پێش لە موسەوویتی ((ێ /ē/))ی نیشانەی کۆمەڵیشەوە، نیم موسەوویتی ((ی /y/)) ئەهێنرێ وێنە:

موفرەد
- من پیانانی (من پیاوم)
- تۆ = نی (تۆ = ی)
- ئاد = ن (ئەو = ە)

جەمع
- ئێمە = ییمێ (ئێمە = ین)
- شمە = ییندێ (ئێوە = ن)
- ئادێ = یینێ (ئەوان = ن)

لە لقە ناوچەییەکانی شێوەی گۆرانیدا وەکو شێوە کوردییەکانی تر هەندێ گۆرانی دەنگی و دەستووری وجوودی هەیە کە لێرەدا هەڵدانی پێویست نییە.

دوو: دووکەڵ. پیتی ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

کۆرە: کوورە – ئاوردانێ کە مەوادی مەعدەنی تێدا ئەتاوێننەوە. پیتی ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

دەروون: هەناو، دڵ، دڵ و جەرگ – کینایەیە لە ئیحساسی رەوانیی. وشەی ((دەروون)) جگە لەوە موزاف ئیلەیهە، ئیزافەش کراوەتە لای وشەی ((شیوەن)) و نیشانەی ئیزافەکەش کەسرەیێکی کورتە.

شیوەن: گریان، زاری. ئاە و ناڵە لەگەڵ گریاندا بۆ رووداوەییێکی دڵتەزێن. موزاف ئیلەیهە.

راس: راست، دوروست. سیفەتی موتڵەقی بەسیتە لەگەڵ ئەجزاکانی پێش لە خۆیدا تەرکیب کراوە کە وابوو ((دووی کۆرەی دەروون شیوەن ڕاس)) ئەبێ بە سیفەتی مورەککەب و موسنەدە بۆ موسنەدئیلەیهی مەحزووفی ((من)) و زەمیری ((ان /ān-/)) کردەوەی رابیتی زەمانی حاڵە.

مەولەوی لە سیفەتی مورەککەبی ((دووی کۆرەی دەروون شیوەن راس)) چەن تەرکیبی ئیزافەی ئیستعاری بەکار بردووە کە مانای هۆنراوەکەیان گەیاندووەتە ئەوپەڕی وردی و جوانی، ئەو تەرکیبە ئیزافییانەش بریتین لە تەرکیبی ئیزافی ((کوورەی دەروون)) وە ((دەروونی شیوەن)) لێرەدا ((شیوەن)) بە کەسێ تەشبیە کراوە کە لە سۆزشی ئەو موسیبەتە دووکەڵی کوورەی دەروونی بەرز بووبێتەوە کە وابوو لەو نیوە هۆنراوەیەدا سەنعەتێکی ((بەیان))ی: ئیستعارە لە ئیستعارەدا ئەکەوێتە پێشچاو کە لە پوختەی مانای هۆنراوەکەدا ئیشارەی بۆ ئەکەین.

**پوختەی مانا:**

ئینجا ئەگەر لە موسیبەتی کۆچی دوایی ((سەیید سەمەد))دا لە باتی ئەوە بڵێم دووکەڵی کوورەی دەروونم بەرز بووەتەوە، بڵێم دووکەڵی کوورەی دەروونی شیوەن و زاریم بەرز بووەتەوە، درۆم نەکردووە و راستم وتووە چونکە دۆستایەتی و خۆشەویستی من و ئەو، دۆستایەتی و خۆشەویستییێکی رواڵەتی و سوورەت

پەرستانە، نەبووە بەڵکە لە پەیوەندییێکی رەوانیی و یەزدانییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ساقی مەی! هەی داد! موغەنی، دەنگیٚ!
گەرمی مەی نەوای کزەی دەف و نەی
دەروێش، های، فەریاد، موتریب، ئاهەنگیٚ!
تێکەڵ بۆ چەنی زایەڵەی ((وەی وەی!))

ساقی: مەیگێڕ، ئەو کەسە کە شەراب دائەکا بۆ دانیشتووانی بەزمگە و مەجلیسی شادیی. ئەو وشەیە لە زاراوەی شاعیراندا زۆرتر بە مەجاز بۆ مەعشووقەی جوان بەکار ئەبریٚ کە بە جوانی خۆی عاشقان مەست و سەرخۆش ئەکا، لە زاراوەی عارفان و سۆفییاندا بریتییە لە: پیر، مورشید، پێغەمەر و خودا. وە هەندیٚ جاریش بۆ فریشتەی گیان کێشان (عیزرائیل) بەکار ئەهێنریٚ.

مەی: شەراب. لە زاراوەی شاعیران و عاشقاندا بە مانای ئەو لەززەت و خۆشییەش هاتووە کە لە وەسڵ و چاوپێکەوتنی مەعشووق هەست ئەکریٚ، بە لای عارفان و سۆفییانەوە بریتییە لە ئیلقای ئەنواری رەوانیی لە لایەن خودا و پێغەمەرەوە، وە بۆ تەوەجوهاتی مەعنەوی پیر و مورشیدیش بەکار ئەبریٚ.

هەی: ئەی. ئامرازی بانگکردن و هاوارکردنە. بۆ مانای تەحزیر و تەعەجوبیش بەکار ئەبریٚ.

داد: ئاه، فەریاد، هاوار، راستی، عەدالەت. لێرەدا بە مانای هاوار و فەریادە. تەرکیبی ((هەی داد)) بۆ موبالەغە لە هاوارکردندا بەکار ئەبریٚ. ئەگونجیٚ ((هەی)) ئامرازی بانگکردن بیٚ و موناداکەی ((مەردم)) بیٚ و حەزف کرابیٚ، وە ((داد))یش بە مانا عەداڵەت و دادگەری بیٚ کە وابوو مانای ئەو تەرکیبە ئەبیٚ بە: هەی مەردم دادگەریی بکەن و ئەم ستەمە رەوا مەزانن. بەڵام بیٚ گومان لێرەدا مانای یەکەم مەبەستە.

موغەننی: ئاوازخوێن، مەقامویٚژ، گۆرانیوێژ.

دەنگ: سەدا، سەوت، ئاواز. پیتی ((یٚ)) لە دوایەوە نیشانەی نەکارەتە. واتە ئەی موغەننی بۆ بیٚ دەنگی؟ ئاوازیٚ بخوێنە! ((دەنگ)) بۆ ئاواز و غەیری ئاوازیش بەکار ئەبریٚ.

دەروێش: کەسیٚ کە پەیڕەوی هەوا و هەوەسی نەفسانی نەبیٚ، هەژار، بیٚ عەلاقە بە ماڵ و سامانی دنیا. گۆشەگیر. پیاوی خوداناس. پەیڕەوی تەریقەی ((قادرییە)) کە یەکێکە لە تەریقە عیرفانییەکانی ئایینی ئیسلام. ((دەروێش))یش هەر بەو مانایانەیە.

ناوی ((دەروێش)) لە زمانی شیعری مەولەویدا بریتییە لە شەخسییەتێکی عیرفانی (بۆ ئێمە موبهەم) کە لە قۆناغە سەختەکانی ژیاندا، پەنای پیٚ ئەبا تا بە جەزبەییێکی رۆحییەوە کە لە کزە و ناڵەی ((دەف))ەکەیەوە، سەرچاوە ئەگریٚ، بێتە هاوارییەوە و تاڵیی و سوێری هەموو جۆرە رووداوەییێکی نالەبار و دڵتەزێنی ژیانی لە بیر بباتەوە و ئارامشێکی رەوانیی پیٚ ببەخشیٚ.

های: ئیسمی سەوتە لە کاتی پاڕانەوە و لالانەوەدا بەکار ئەبریٚ، بە مانای ئامرازی تەنبیە و بێدارکردنەوەش هاتووە.

فەریاد: هاوار لە حاڵی یارمەتی خواستندا بەکار ئەهێنریٚ. هێنانی تەرکیبی ((های فەریاد)) بۆ موبالەغە لە پاڕانەوەدایە.

موتریب: نەوازندە، سازلێدەر، سازندە، ساز ژەن، بە مانای ئاواز خوێن و گۆرانی وێژیش هاتووە.

وشەگەلی: ساقی، موغەننی، دەروێش و موتریب، مونادان، پیتی نیدای ((ئەی)) لە سەرەتایانەوە حەزف کراوە.

ئاهەنگ: مەقام، نەوا، بەزم، شادیی. پیتی ((یٚ)) لە دوایەوە نیشانەی نەکارەتە.

گەرمیی: حەرارەت، داخی.

مەی: شەراب، ((گەرمیی مەی)) تەرکیبی ئیزافییە، لە زاراوەی سۆفییان و عارفاندا کینایەیە لە تەئسیری تەوەججوهی مەعنەوی ((پیر)) یا تەئسیری ئەنواری یەزدانی لە رەوانیی ئینسانیدا.

نەوا: دەنگ. ئاواز.

کزە: ئەو دەنگەیە کە لە کاتی تەماسی شتێکی تەڕ یا ناوی لەگەڵ ئاور یا شتێکی داخ و سووربووەوەدا، دێتە گوێ، وەك: تەماسی گۆشت لەگەڵ ئاور یا شتێکی داخدا. بەو دەنگە ((چزە))ش ئەوترێ. دوو وشەی کزە و چزە بە مەجاز بۆ ئێشی سەختی برین و ئەسەری مەعنەوی (ویجدانی)ش بەکار ئەهێنرێن.

دەف: سازێکی دەستییە کە لە سێ شت پێك هاتووە: یەکەم– دایەرەیێکی چێوی یان وەك دایەرەی چێوی بێژنگ کە ((کەمە))ی پێ ئەوترێ. دووەم– حەڵقەگەلێکی بچووکی فلزی کە لە دیوی ناوەوە بە مێخ و بزمار بە دەوری ((کەمە))کەدا هەڵواسراون کە ((سلسلە))یان پێ ئەوترێ. سێیەم– پێستێکی خاوی ناسکی حەیوان کە ئەدرێ بە مل ((کەمە))کەدا ئەو پێستە تا وشکتر و زۆرتر بێ لە کاتی پەنجە لێداندا دەنگی خۆشترە. دەنگی دەف لە بەدیهێنانی هەیەجان و جەزبەی رۆحی دەروێشی تەریقەی قادری و کەسانێ کە خاوەنی سەفای رەوانیین شوێنێکی گرنگی هەیە، بە تایبەتی لە حاڵێکدا کە دەنگی لێدانی لەگەڵ ئاواز و مەقامێکی رۆحانی و مەحزووندا تێکەڵ بێ.

نەی: بلوێر، لوولە، شمشاڵ. وشەی ((شمشاڵ)) زۆرتر بۆ ئەو بلوێرە بەکار ئەبرێ کە لە ماددەی فلزی دروست کرابێ.

مەبەستی مەولەوی لە وشەی ((کزە)) لە تەرکیبی ئیزافی ((نەوای کزەی دەف و نەی)) تەئسیری مەعنەوی دەنگەکەیانە لە دڵی خاوەن دڵاندا.

یەکێ تر لە شاکارەکانی مەولەوی لە بیر وردیدا ئەوەیە کە ئەو زاتە بلیمەتە مانای مەجازی ((ئەسەری مەعنەوی)) دەنگی دەف و نەی لە مانای زاهری (لوغەوی) وشەی ((کزە)) وەرگرتووە. چونکە ئەگەر بە وردی گوێ بدەینە نەوای دەف و نەی، نەوعە چزەیێك تێکەڵ بە نەواکەیان ئەبیسترێ کە ئەو چزەیە لە

دەنگی دەفدا بە هۆی تەماسی پێستی دەفەکە لەگەڵ لێواری کەمەی دەفەکە لە کاتی پەنجە لێداندا دێتە گوێ، لە نەوای نەییشدا بە هۆی جووڵانی قامکی نەیژەن لەسەر کونەکانی نەیەکەوە لە کاتی دەرچوونی فووەکەی و تەماسی قامکی لەگەڵ لێواری کونەکاندا هەست ئەکرێ.

تێکەڵ بۆ: تێکەڵ بێ: کردەوەی ئیلتزامی سێیەم کەسی موفرەدە لە رشتەی ((تێکەڵ بیەی)) (تێکەڵبوون).

چەنی: لەگەڵ، لەتەك. پیتی ئیزافەی مورەککەبە.

زایەڵە: ناوی سەوتە بۆ دەنگی جۆر بە جۆری تێکەڵ لە کاتی قەومانی رووداوەیێکی دڵتەزێندا، وەك دەنگی هاوار و داد و فەریادی شیوەنکەران لە کاتی مردنی خۆشەوستێکیاندا. بۆ هاواری کەسێکی گیرۆدە و زەلیل و داماو و بێ دەسەڵاتیش بەکار ئەبرێ.

وەی وەی: ناوی دەنگی مورەککەبە بۆ شیوەنکردن، ئەو دەنگە تایبەتی ژنانە لە کاتی شیوەنکردن بۆ مردوودا کە بە دەست لە سینە و سەر و سوورەتی خۆیان ئەدەن و ئەو دەنگە بە گریانەوە دووبارە ئەکەنەوە.

ئیبتکاراتی فیکری و ئیبداعاتی ئەدەبی مەولەوی لە شیعری کوردیدا لە رادەیێکدا نین تا ئێمە لە جێگاییێکدا باسیان لێوە بکەین و لێیان بکۆڵینەوە، بەڵکە لە زۆرتری هۆنراوەکانی هەر پارچەییێکدا ئەکەونە پێشچاو، کە وابوو پێویستە ئەو ئیبتکار و ئیبداعانە لەگەڵ لێکدانەوەی مانای هۆنراوەکاندا باسیان لێوە بکرێ، وەها کە مەولەوی بۆ گەرمکردنی شیوەنەکەی لەم دوو هۆنراوەیەدا، لە ساقیی و جیلوەی جەماڵی و گەرمیی نەشئەی نەیەکەی، لە دەروێش و جەزبەی رۆحیی و ناڵەی دەفەکەی، لە کزەی دڵی نەیچیی و نەوای مەحزوونی نەیەکەی، لە ئاهی ئاورینی موتریب و چریکەی دڵلاوێنی نەواکەی، لە جۆشی دەروونی ئازیەتباران و، سۆزی دەنگی ((وەی وەی))ەکەیان ئەپاڕێتەوە کە بێنە هاوارییەوە و بەو دەنگە پڕ تەئسیرەیان لە عالەمی خەیاڵدا بەزمێکی پڕ لە ماتەمی بۆ بگرن و ئەو شیوەنە پڕ سۆزتر بکەن.

**پوختەی مانا:**

دەسا، ساقیی هەی داد! بە جوانی خۆت و بە نەشئەی مەیەکەت سەرخۆشم کە تا سەختیی ئەم موسیبەتەم بۆ ئاسان بێ. موغەننی هاوار! بە نەغمەی دڵلاوێنت دڵی غەمبارم بلاوێنەوە. دەروێش های فەریاد! بەو جەزبە رۆحییەتەوە، پەنجەیێ لە دەفەکەت دە و بە ناڵەی پڕ سۆزی، ناڵەی دەروونم بەرزتر کەوە. موتریب دەخیلە! بە کزەی نەوای نەیەکەت پەژارەی دەروونم دەربڕە. با ئەو بەزمە مەحزوونەش بە دەنگی پڕ سۆزی شیوەنی ((وەی وەی))ی شیوەنکەران گەرمتر و دڵ تەزێنتر بێ و...

**واچـــدێ: چ وادەی نشـــینگەی تەنگـــەن؟!**

**یـــاران چـــەمەڕان، بـــرا درەنگـــەن!**

واچدێ: بڵێن، کردەوەی ئەمری حازری جەمعە لە ریشەی ((واتەی)) (وتن).

چ: چ، ئەداتی ئیستفهامە.

وادە: وەعدە، وەخت، کات. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

نشینگە: نیشتگە، جێی دانیشتن، ناوی مەکانە لە ریشەی ((نشەستەن))ی فارسییەوە هاتووە. لە شێوەی گۆرانیدا ئەبێ بە ((نیشتەی)) (نیشتن). پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی تەوسیفە.

تەنگ: تەنگ، تەسك. سیفەتی موتڵەقە. واحیدی سەوتی ((ن= /-an/)) لە دوایەوە پێك هاتووە لە ((= /-a/))ی فاسیل و ((ن /-n/))ی زەمیری رابیتی زەمانی حاڵی سێیەم کەسی موفرەد. تەرکیبی: ((نشینگەی تەنگ)) کینایەیە لە قەبر.

یاران: دۆستان، هاواڵان. خۆشەویستان.

چەمەڕان: چاوەڕێن. پیتی ((ن)) لە دوایەوە زەمیری رابیتە. ((چەمەڕا)) سیفەتی مورەککەبە لە سێ جوزئی: چەم-ە-ڕا، پیتی ((ە /a/)) بەدەلە، لە پیتی ئیزافەی ((نە)) (لە) کە مانای تەرکیبیش ئەگەیێنێ.

برا: برا، لە حاڵەتی نیدادایە و پیتی نیدای ((ئەی)) لە سەرەتایەوە حەزف کراوە، واتە: ئەی برا! خیتابە لە ((سەیید سەمەد)).

درەنگ: درەنگ، دێر. پیتی ((ن)) لە دوایەوە رابیتە.

**پوختەی مانا:**

بڵێن: برا گیان، درەنگە، هەستە! چ وەختی ماتیی و بێ دەنگییە لەو جێگە تەنگ و تاریکەدا؟ دۆستانی هاوسەفەر چاوەڕێتن و...

## گردین تەدارەك ((بەغدا)) شان جەمەن
## وادەی زییارەت ((غەوسولئەعزەم))ەن

گردین: هەمووان، گشت جۆرە دۆست و هاواڵێ. پاشگری ((ین /īn-/)) لە دوایەوە پاشگری نیسبەتە و مانای جەمعی نەوعی ئەگەیێنێ وەها کە ((گرد)) (گشت) مانای جەمعی فەردی ئەدا. موعادیلی فارسی ئەبێ بە ((هەمەگی)).

تەدارەك: ئامادەیی، رێککەوتن، تەیاربوون. ئیزافە کراوەتە لای ((بەغدا)) و نیشانەی ئیزافەکەی کە کەسرەی کورتە، بۆ رێکیی وەزنی هۆنراوەکە حەزف کراوە. ئەگونجێ لێرەدا بە مانای وەساییل و شتومەك بێ.

بەغداشان: "بەغدا"یان. "شان" زەمیری موتتەسیلی سێیەم کەسی کۆمەڵە، لێرەدا موزاف ئیلەیهە. "شاری بەغدا" پایتەختی وڵاتی عیراقە و گەورەترین شاری ئەو وڵاتەیە و بارەگای "غەوس" لەو شارەدایە.

جەمەن: کۆیە، ئامادەیە، جەمعە، فەراهەمە. پیتی "ن" زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە. وشەی "جەم" لە زاراوەی "یارسان"ەکاندا ناوە بۆ کۆبوونەوەیێکی ئایینی کە لەو کۆبوونەوەدا رەسم و یاسای ئایینی خۆیان جێ بەجێ ئەکەن.

وادە: وەعدە، وەخت، کات. پیتی "ی" لە دوایەوە، نیشانەی ئیزافەیە.

زییارەت: چاوپێکەوتن، چوونە سەر قەبری پیر و پیاوچاکان. وشەی "زی-یا-رەت-" پێویستە بەم چەشنە کە نووسیومانە واتە بە سێ هیجا بخوێنرێتەوە تا وەزنی هۆنراوەکە تێك نەچێ، وە کەسرەی کورتی نیشانەی ئیزافەش لە بەر ئەوەی وتمان لە دوایەوە ناخوێنرێتەوە.

غەوسولئەعزەمەن: غەوسولئەعزەمە. لەقەبی سەیید عبدالقادری گەیلانییە. پیتی "ن" لەدوایەوە زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە. سەید عبدالقادری گەیلانی دامەزرێنەری یاسای تەریقەتی قادرییە و پەیڕەوانی ئەو تەریقەیە "دەروێش"یان پێ ئەوترێ، ئەو زاتە لەساڵی ٥٦١ی کۆچیدا لە دنیا دەرچووە.

**پوختەی مانا:**

هەموویان وەساییلی سەفەری بەغدایان ئامادە کردووە و کاتی زیارەتی بارەگای غەوسولئەعزەمە.

بێ تۆ بەو خوشۆع دەس بە دۆعاوە
کێ گەردەن کەچ بۆ بەو بارەگاوە؟!

بێ تۆ: بەبێ تۆ. ئەگەر تۆ نەبی.

بەو خوشۆع: بە ئەو خوشۆعەوە، بەو گەردنکەچی و لە خوا ترسییەوە. کۆمەڵە دەنگی "تەوە/awa-/" کە نیشانەی ئیلساق و ئیتتیساڵە، لە دوایەوە حەزف کراوە.

دەس بە دۆعاوە: لە حاڵی دەس بە دۆعابووندا، لە حاڵی دەس بەرزکردنەوە بۆ پاڕانەوە.

کێ گەردەن کەچ بۆ: چ کەسێ کز و لارە مل بێ؟

بەو بارەگاوە: لە پای ئەو بارەگایەدا. مەولەوی لەو هۆنراوەیەدا دوو مانای ورد و جوانی تریشی گونجاندووە، یەکەمیان لە تەرکیبی "بە ئەو خوشۆع" ناوی

ئیشارەی "ئەو"ی لەبەر ئەوە بەکاربردووە تا "خوشۆع"ی سەیید سەمەد لە خوشۆعی کەسانی تر کامیلتر نیشان بدا و ئەوە بگەیێنێ کە تەنیا ئەو شاییستەیە لەو بارەگایەدا، تەڵەبی فەیز و بەرەکەتی رۆحانی بکات. دووەمیان لە هێنانی تەرکیبی "بەو بارەگاوە" مانای ئاوێزان بوون و دەسەداوێن بوونی گەیاندووە، ئەوەش لە بەکاربردنی پیتی ئیزافەی "بە" و پاشگری "وە" بۆمان دەرئەکەوێ چونکە "بە" بۆ مانای ئیلساقە و "وە" مانای ئیتتیسالی نزوولی ئەدا، ئەگینا لەباتی ئەو تەرکیبە ئەم تەرکیبەی ئەهێنا: "جەو بارەگادا" (لەو بارەگایەدا) کە مانای زەرفییەت ئەگەیێنێ و موساوی وەزنی ئەو تەرکیبەشە و مانایێکی مەعمولیشی هەیە چونکە پیاو لە کاتی زیارەت کردندا ئەچێتە ناو بارەگاکەوە. کەوابوو بۆمان دەرکەوت کە مەولەوی لە تەرکیبێکی وەها سادە و ڕەواندا لە حاڵێکدا پلە و پایەیێکی بەرزی مەعنەوی بۆ سەیید سەمەدیش قایل بووە، ئەوەشی گەیاندووە کە "غەوث" وەها مەقامێکی بەرز و گەورەی رۆحانی هەیە کە تەنانەت پیاوێکی وەك سەیید سەمەد بەو سەفای باتنییەوە، خۆی بە شایستەی ئەوە نازانێ بچێتە ناو بارەگاکەیەوە، بەڵکە ئەبێ خۆی بە داوێنی بارەگاکەیدا ئاوێزان کا و بۆ دەرکی فەیز و بەرەکەت لێی بپاڕێتەوە.

بەڵێ ڕاستییان وتووە کە زمان گرنگترین رمووزی عالەمی خیلقەتە، چونکە ئەگەر باش وردبینەوە زمانی ئەمسالی مەولەوی ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەرئەخەن.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر تۆ بەو دڵە پڕ لە خوداناسییەوە لە گەڵیاندا نەبی، ئیتر کێ هەیە کە شاییستەی ئەوە بێ لە پای ئەو بارەگایەدا گەردنکەچ و دەس بە دۆعا، ڕاوەستێ و بۆ دەرکی فەیز و بەرەکەت بپاڕێتەوە؟!

**دەخیـــل! جەماعـــەت بـــێ ئیمامەتـــەن**
**ئیمامـــەت ماتـــەم وە بـــێ قامەتـــەن**

دەخیل: ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بە مانای ماڵوێران و پەرێشانیش هاتووە، لە کوردیدا بە چەن جۆر بەکار ئەبرێ، یەکەم– لە حاڵی ئیزافەدا وەك: دەخیلم. دووەم– لە حاڵی قەتع لە ئیزافە وەك: دەخیل. سێیەم– لە حاڵی مونادادا وەك: دەخیلە.[1] لە حاڵی یەکەمدا ئەم مانایە ئەدا: پەرێشانم، ماڵوێران و سەرلێشێواوم. لە حاڵی دووەمدا ئەم مانایە ئەدا: هاوار! فەریاد! لە حاڵی سێیەمدا ئەم مانایە ئەدا: هەی هاوار! هەی فەریاد! کە وابوو لە حاڵەتی یەکەمدا مانایێکی وەسفی هەیە و، لە حاڵەتی دووەم و سێیەمدا بە مانای ئیسمی سەوتە.

جەماعەت: کۆمەڵ. لێرەدا ئەو کۆمەڵە خەڵکە مورادە کە لە مزگەوت یا جێگایێکدا کۆ ئەبنەوە بۆ بەجێهێنانی نوێژی جەماعەت لە پشت سەری بەر نوێژێك واتە: ئیمامێکەوە.

بێ ئیمامەت: بێ پێشنوێژییە. واتە: جەماعەت پێش نوێژی نییە، لێرەدا ((پێش نوێژ)) کە ناوی مەسدەرە بەمانای سیفەت بەکار براوە واتە: ((ئیمامەت)) بە مانای ((ئیمام))ە.

ئیمامەت: بەرنوێژی. بەرنوێژی کردنی کەسێ بۆ کەسانی تر کە لە پشتی سەریەوە نوێژ بکەن.

ماتەم: پەرێشانی، پەشێوی، ئازیەتباری، خەفەت، خەم، پەژارە. لە تەرکیبی ((ئیمامەت ماتەم)) دوو ڕێگای دەستووری دوروستە: یەکەم– تەرکیبێکی تەوسیفی، لەم حاڵەدا ئەبێ بە موسنەد ئیلەیهی، وە تەرکیبی ((وە بێ قامەتەن))

---

(١) پیتی ((ە)) کە لە کوردیدا بە موسەووێتی /a/ی نیشانەی فەتحەش بەکار ئەهێنرێ، لە دوای وشەوە بۆ چەن مانا هاتووە، یەکێ لەو مانایانە بریتییە لە مانای ((نیدا)) واتە: بانگکردن وەها کە ئەوترێ: کوڕە وەرە! واتە: ئەی کوڕ وەرە! هەندێ جار مونادا حەزف ئەکرێ و وشەیێ تر کە مەتلووبە لە باتی ئەو ئەهێنرێ وەك ((دەخیلە)) کە لە بناغەدا ((ئەی یاران دەخیلم)) بووە. ماناکانی تری موسەووێتی ((ە /a/)) ئەمانەن: ١– تەعریف وەك: ((کوڕە)) کە سەوتی ((کە)) لە دووایەوە حەزف کراوە وەها کە ئەوترێ: ((کوڕە وتی)) واتە: ((کوڕەکە وتی)). ٢– گەڕاندنی سیفەت بە ناو وەك: سەوزە (گیا)، هۆنراوە (شیعر). ٣– ناوی مەسدەر وەك: کردە، بردە، وێژە، وتە. ٤– نیسبەت وەك: یەك شەوە، یەك مانگە، یەك ساڵە وە چەن مانای تر کە لێرەدا لێدووانی پێویست نییە.

ئەبێتە موسنەد و رابیت. دووەم– تەرکیبی ئیسنادی لەم حاڵەدا زەمیری رابیتی ((ن)) حەزف کراوە: لە هەردوو حاڵدا نیسبەتەکە نیسبەتێکی مەجازییە.

وە: بە.

بیّ قامەتەن: بیّ وتنی ویردی ((قەد قامەت...))ە[1]. یا بە بیّ باڵای ئیمامە کە راوەستیّ بۆ بەرنوێژیکردن چونکە وشەی ((قامەت)) لە کوردیدا بە مانای بەژن و باڵاش هاتووە، کە وابوو لە بەکاربردنی ئەو وشەیەدا سەنعەتی بەدێعی ((ئیهام)) هەیە. پیتی ((ن)) لە دوای هەردوو نیوە هۆنراوەکەوە کە لە عەرووزدا ئەبیّ بە پیتی ((وەسڵ)) وە لە دەستووردا زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە.

مەولەوی لەو هۆنراوەیەدا چەن هونەری ئەدەبی نواندووە: یەکەم– سەنعەتی ((موراعاتی نەزیر)) لە بەکاربردنی وشەگەلی جەماعەت و ئیمامەت و قامەتدا. دووەم– مەجازی لوغەوی بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە بەکاربردنی ناوی ئیمامەت لە باتی سیفەتی ئیمامەت و ناوی ماتەم لە باتی سیفەتی مات و، وشەی ئیمامەت لە باتی وشەی ((میحراب))[2] سەنعەتی ئیهام کە ئیشارەمان پیّ کرد. مەولەوی لەم هۆنراوەیەی و لە دوو هۆنراوەی دواییدا حاڵەتی پێشنوێژی کردنی سەیید سەمەدی لاواندووەتەوە.

**پوختەی مانا:**

دەخیلە هەستە! یاران کۆبوونەتەوە بۆ بەجێگەیاندنی نوێژی جەماعەت و ئیمامیان نییە و چاوەڕوانی هاتنی تۆن، بیّ تۆ میحراب و مزگەوت خەمین و ئازیەتبارن چونکە دەنگی ((قەد قامەت...)) وتنی جەماعەت نایێتە گویّ!

---

(١) دۆعای ((قەد قامەت)) ئەوەیە کە یەکیّ لە نوێژکەران لە کاتی هەستانەوە بۆ نوێژی جەماعەت لە پشتی سەری ئیمامەوە بە دەنگی بەرز ئەیخوێنیّ ئەو دۆعایەش ئەمەیە: الله اکبر الله اکبر اشهد ان لا اله الاّ الله اشهد انّ محمد رسول الله حیّ علی الّصلوة حیّ علی الفلاح قد قامت الّصلوة قد قامت الصلوة الله اکبر الله أکبر لا اله الاّ الله.

(٢) میحراب جێگاییێکی دیاریکراوە بۆ ئیمام لە کاتی بەرنوێژیکردندا.

گۆشـــەی تـــای هینـــدی مەنـــدیل بێگـــەرد
مابیـــل کـــەر ئـــەو لای ســـای گـــەردەن زەرد
قییـــام دەر وە بـــەژن ئـــەو قـــەد و قامـــەت
((قییامـــەت)) ســـازدەر چـــەنی ((قـــەد قامـــەت))

گۆشە: لفکە، بەو گۆشەی مێزەرە ئەوترێ کە لە لای راستی سەر و گەردندا شۆڕ ئەکرێتەوە.

تا: تاڵ، ریشە، ریشوو. ((ریشەی مێزەر)) بریتییە لە هەندێ لە ((تان))ی ئەم سەر و ئەو سەری پارچەی مێزەر یا دەستماڵ و دەسترۆك کە ((پۆ))ی لێ دەرئەهێنرێ و بە یەکا با ئەدرێ بۆ جوانی. پیتی ((ی)) لە دوای دوو وشەی ((گۆشە)) و ((تا))وە نیشانەی ئیزافەیە. ((گۆشەی تای)) واتە لفکەی ریشەداری... ئەگونجێ مەبەست لە وشەی ((تا)) پێچراو، دەقدراو، بادراو بێ چونکە ((تاکردن)) بەو مانایانە هاتووە.

هیندی مەندیل: مەندیلی هیندی، کەتانی هیندی، پارچەیێك بووە لە وڵاتی هیندوستاندا تنراوە. لە تەلەفوزی تەرکیبی ((هیندی مەندیل))دا پێویستە تەکیە بدرێتە سەر هیجای ((دی)) لە وشەی ((هیندی))دا تا وەزنی نیوە هۆنراوەکە تێك نەچێ. ((گۆشەی تای هیندی مەندیل)) واتە: لفکەی ریشەداری مێزەری کەتانی هیندی...

بێگەرد: بێ خەوش، بێ عەیب، خاوێن، سپیی. سیفەتە بۆ ((هیندی مەندیل)).

مابیل کەر: لار کەوە، شۆڕ کەوە، سەرەوخوار کەوە، ئاوێزان کە. کردەوەی ئەمری حازرە لە ریشەی مورەککەبی ((مابیل کەردەی)) (مابیل کردن). زەمیری یەکەم کەسی موفرەدی ((ە /a/)) لە دوایەوە بۆ تەخفیف فڕە دراوە، لە بناغەدا ((مابیل کەرە)) بووە.

ئەولا: بەلا، بە تەرەف، بە جیهەت. پیتی ((ی)) پیتی ئیزافەی مورەککەبە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە[1].

سا: سایە، سێوەر، سێبەر، سەیە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

گەردەن زەرد: تەرکیبێکی تەوسیفییە بۆ جوانیی گەردن بەکار ئەبرێ، ((لا مل زەرد))یش بۆ جوانی مل و گەردن ئەوترێ. نیشانەی تەوسیفی ئەو تەرکیبە بریتییە لە کەسرەییێکی کورت کە لە دوای پیتی ((ن))ی ((گەردەن))ەوە دەرئەخرێ.

قییام دەر: هەستێنە، قیام بدە. کردەوەی ئەمری حازرە لە ریشەی مورەککەبی ((قیام دای)) (قیام دان). پیتی ((ر)) لە دوای ئەو کردەوەوە بە بێ رێگا هێنراوە، ئەگونجێ لێرەدا بەدەل بێ لەبەر پیتی ((بـ))ی نیشانەی ئەمری حازر چونکە لە بناغەدا ((قیام بدە))یە. پیتی ((ر)) لەهەندێ لە کردەوەکانی ئەو ریشەیە لە شێوەی سۆرانیشدا ئەهێنرێ وەها کە ئەوترێ: ((نامەکە بدەرە فەرهاد یا نامەکەی بدەرێ)) دوو وشەی ((قی یام)) و ((قی یامەت)) بەو جۆرە کە نووسراون واتە یەکەمیان بە دوو هیجا و دووەمیان بەسێ هیجا ئەبێ بخوێنرێتەوە تا وەزنی هۆنراوەکە تێک نەچێ.

وە: بە، پیتی ئیزافەیە.

بەژن: باڵا، قامەت، قیافە.

ئەو: ئیسمی ئیشارەیە بۆ موشارئیلەیهی مەحسووس ئیعتبارکراو.

قەد و قامەت: بەژن و باڵا. پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی مەحسووس لە دوای ئەو تەرکیبەوە فڕە دراوە. تەرکیبی ((وە بەژن ئەو قەد و قامەت)) تەرکیبی ئیزافی ئیستعارییە بەم چەشنە کە ((قەد و قامەت)) بە ئینسان ئیعتبار کراوە و

---

(١) پیتی ئیزافەی مورەککەب تەرکیبێکە لە لێکدانی وشەگەلی: سەر، ژێر، لا، پێش، پاش، بەر، دوا، بۆ، گەڵ و وێنەکانیان پێکدێ وەک: لەسەر، بەلا، لە پێش، لە گەڵ، لە بۆ، لە بەر. لەبەر ئەوە جوزئی دووەمی پیتگەلی ئیزافەی مورەککەب جگە لە پیتی ئیزافەی مورەککەبی ((لەبۆ)) ناوی زەمان یا مەکانە، وە ئەو ناوانەش لە جوملەدا هەمیشە ئیزافە ئەکرێنە لای مەدخوولەکەیان، دوروستە پیتی ((ی))ی نیشانەی ئیزافە لە دوایانەوە بهێنرێ وەها کە لە مەتندا هاتووە.

((بەژن))ی پێ ئیزافە کراوە. فائیدەی ئەو ئاکارە وردە ((بەیان))ییە، موبالەغەیە لە جوانیی قامەتی سەیید سەمەددا کە لە نیوە هۆنراوەی دواییدا بۆمان دەرئەکەوێ.

قییامەت سازدەر: ڕۆژی مەحشەر بەرپا کە، قیامەت ساز کە. کردەوەی ئەمری حازرە لە ریشەی ((قیامەت سازدای)) (قیامەت سازدان)، وەکو وتوومانە پیتی ((ر)) لە دوای ئەو کردەوەوە بە بێ ڕێگا هاتووە.

چەنی: لەگەڵ.

قەد قامەت: ویردی پێش لە دابەستنی نوێژی جەماعەت ئەمەش لە کاتێکدا ئەو تەرکیبە تەرکیبێکی عەرەبی تێکەڵاو لە پیتی ((قەد)) و ((قامەت))ی فیعلی مازیی بێ، بەڵام ئەگەر تەرکیبی کوردی بێ ماناکەی ئەبێ بە ((بەژن و باڵا)) پیتی پەیوەندی ((و)) لە نێوانی ئەو دوو وشەدا حەزف کراوە. لە سوورەتی یەکەمدا مانای هۆنراوەکە بەم چەشنەیە: هەستە بەو بەژن و باڵا جوانەوە، لەگەڵ دەنگی ((قەد قامەت)) وتندا ڕۆژی مەحشەر بەرپا کە. لە سوورەتی دووەمدا مانای هۆنراوەکە بەم چەشنەیە: هەستە قیافەی جوانیی قەد و باڵات بنوێنە و بە جوانی ئەو قەد و باڵاتە ڕۆژی مەحشەر بەرپا کە.

لە نیوە هۆنراوەی ((قیامەت سازدەر چەنی قەد قامەت)) تەشبیهێکی مورەککەبی جوان بەم چەشنە بەکار براوە: ئەو شوێنە کە خەڵکی تێدا کۆ ئەبنەوە بۆ نوێژی جەماعەت تەشبیه کراوە بە سەحرای مەحشەر، وە دەنگی ((قەد قامەت)) وتن بە دەنگی نەفخی سوور، وە هەستانەوەی خەڵك بۆ نوێژ بە زیندووبوونەوە و هەستانەوەی خەڵك لە ڕۆژی حەشردا بۆ لێپرسینەوە، هەروەها سەنعەتی ئیهام و جیناسیش لە هێنانی وشەگەلی: قامەت و قەد قامەتدا ئەکەوێتە پێشچاو. **پوختەی مانای ئەو دوو هۆنراوەیە پێکەوەیە.**

**پوختەی مانا:**

دەسا هەستە مێزەرە ریشەدارە جوانەکەت لە سەر نێ و لفکەکەی بە لای گەردنی بێگەردتدا شۆڕ کەوە و بە قیامی قامەتی نەمامت ڕۆژی قیامەت بێنە دی.

**هامـدەمان پـەی بـەزم شـادیت جـەم بییـەن**

**چ خـەیرەن سـەدای کـار خـەیرت نییـەن؟**

هامدەمان: هاوالان، دۆستان، یاران، هاومالان. سیفەتی مورەککەبی جەمعە موفرەدەکەی ((هامدەم))ە.

پەی: بۆ، پیتی ئیزافەیە.

بەزم: ئاهەنگ، مەجلیسی شەراب و خۆشی و شادی و میوانی.

شادیی: زەماوەن، خۆشی، بێ خەمی. پیتی ((ت)) لە دوایەوە دووەم کەسی موفرەدی مالیکییەتە. لە تەرکیبی ((بەزم شادیت))دا دوو سوورەت ئەگونجێ، یەکەم- تەرکیبی ئیزافی، لەم سوورەتەدا ((بەزم)) بە مانای ((ئاهەنگ)) و ((شادی)) بە مانای ((زەماوەن))ە. دووەم- تەرکیبی عەتفی، لەم سوورەتەدا ئەو دوو وشەیە مورادیفن وە پیتی عەتفی ((و)) لە نێوانیاندا حەزف کراوە و لە بناغەدا بەم جۆرەیە: بەزم و شادیت.

جەم بییەن: کۆ بووەتەوە. کردەوە مورەککەبی زەمانی حالە لە ریشەی مورەککەبی ((جەم بییەی)) (کۆبوون، کۆبوونەوە). ئەو کردەوەیە با وەکو فاعیلەکەی جەمعە، بەلام لەبەر زەروورەتی شیعری بە موفرەد هێنراوە.

چ: ئامرازی ئیستفهامە، لێرە مانای سەرسووڕمانیش ئەگەیێنێ.

خەیر: مانای دیارە و موقابیلی ((شەر))ە، تەرکیبی ((چ خەیرەن؟)) (چ خەیرە؟)، چ کارێکی چاك رووی داوە؟ ئەو تەرکیبە پرسیارییە، بۆ تەفەئول بە خەیر لە کاتی پرسیار لە رووداوەیێك بەکار ئەبرێ. لەو تەرکیبەدا دوو رێگای دەستووری ئەگونجێ: یەکەم- تەرکیبی ((چ خەیر)) فاعل بێ و پیتی ((ن)) بە مانای کردەوەی وجوودی زەمانی حالی ((هەن)) بێ لەم سوورەتەدا واتە: چ خەیر هەن؟ (چ خەیر هەیە؟) دووەم- تەرکیبی ((چ خەیر)) موسنەد بێ بۆ موسنەد ئیلەیهی مەحزووفی ((ئانە)) (ئەوە)، وە پیتی ((ن)) زەمیری رابیتی زەمانی حال بێ، واتە: ئانە چ خەیرەن؟ (ئەوە چ خەیرە؟).

سەدا: دەنگ، دەنگوباس، هەواڵ. لێرەدا ئەگونجێ مەبەست دەنگی بەزمگێڕانی زەماوەن بێ.

کار خەیر: زەماوەن، شادیی. ئەو تەرکیبە دوو سوورەتی دەستووری تێدا ئەگونجێ: یەکەم– تەرکیبێکی مەزجی بێ لەم سوورەتەدا بە مانای زەماوەن و شادییە، لەم حاڵەدا پیتی ((ر)) لە دوای وشەی ((کار))ەوە ئەبێ بە ساکن واتە بە بێ حەرەکەت دەربخرێ. دووەم– تەرکیبێکی تەوسیفی بێ لەم سوورەتەدا ((کار)) بە مانای ئیش و عەمەل و وشەی ((خەیر)) بە مانای پیرۆز و موبارەکە، لەم سوورەتەشدا لەبەر زەروورەتی شیعری پێویستە کەسرەی کورتی نیشانەی تەوسیف لە دوای وشەی ((کار))ەوە فرە بدرێ و پیتی ((ر)) بە بێ حەرەکەت دەربخرێ. لە هەردوو سوورەتدا ئەو تەرکیبە کینایەیە لە زەماوەن.

نییەن: نییە، کردەوەی تامی مەنفی بێ ڕێگای زەمانی حاڵە لە ریشەی ((هەبییەی)) (هەبوون)، کە وابوو ((نییەن)) لە بناغەدا ((نەهەن)) (نەهەیە)یە. پاش گۆڕانی دەنگی ((ە /a/)) بە ((= /i/)) و فڕەدانی سامیتی ((ە /h/)) وە هێنانی نیم موسەوویتی فاسیلی ((ی /y/)) لە نێوانی دوو موسەوویتی ((= /i/)) و ((ە /a/))دا بووە بە ((نییەن /niyan/)). فاعیلی ئەو کردەوەیە وشەی ((سەدا))یە لە نیوە هۆنراوەی دووەمدا. مانای زارەکی ئەو نیوە هۆنراوەیە بەم جۆرەیە: دەنگی زەماوەنەکەت وجوودی نییە.

**پوختەی مانا:**

هەموو دۆستان و برادەران بۆ بەزمگێڕانی زماوەنەکەت کۆبوونەتەوە، چ خەیرە، دەنگێ لە شاییەکەتەوە نییە؟!

**مەیلت چەنیمان یەکجاری سەردەن**
**یا –دوور با– زامان مار کار لێت کەردەن؟**

مەیل: خۆشەویستی، پەیوەندی، حەز. پیتی ((ت)) لە دوایەوە زەمیری مالیکییەتە.

چەنیمان: لەگەڵمان. ((چەنی)) بە تەکیە لەسەر هیجای دوایی پیتی ئیزافەیە. بە تەکیە لەسەر هیجای سەرەتایی ئیسمە و بە مانای ((دەرزی))یە.

یەکجاری: بە تەواوی، بە جارێ. قەیدی مورەککەبی تەئکید یا کەیفییەتە.

سەردەن: سەردە. موسنەدە بۆ ((مەیل)) پیتی ((ن)) زەمیری رابتی سێیەم کەسی زمانی حاڵە.

یا: پیتی رەبتە و مانای تەردید ئەدا.

دوور با: قەیدی مورەککەبی فیعلییە بۆ دۆعا و نزا بەکار ئەبرێ واتە: دوور بێ، خودا نەخواستە، خودا نەکا. دوور بێ لە تۆ. لێرەدا پێویستە بزانین کردەوەی موشتەق لە ریشەی ((بوون)) لە ساختمانی کردەوەی ئیلتزامی و دۆعایی زۆرتر بە ((با)) دەرئەخرێ وەها کە ئەوترێ: فیدات بام. خۆزگە بهاتووبام بۆ لات.

زامان: برینان، زەخمان. جەمعی ((زام)) (برین)ە.

مار: گیاندارێکی درێژ و خزۆك و ژاراوییە. تەرکیبی ((زامان مار)) تەرکیبێکی ئیزافییە بەڵام بۆ رێکیی وەزن و کێشی شیعری پێویستە پیتی ((ن))ی وشەی ((زامان)) بە ساکن دەربخرێ واتە کەسرەی کورتی نیشانەی ئیزافەی لێ فڕە بدرێ. هێنانی وشەی کۆمەڵی ((زامان)) یا بۆ گەیاندنی مانای موبالەغەیە یا ئەگونجێ هەر جێ ددانێکی مارەکە بە برینێ ئیعتبار کرابێ، یا لە ئەسەری ئەو ژارەوە برینی زۆر لە لەشیدا هاتبنە دی.

کار لێت کەردەن: کاری لێت کردووە. کردەوەی مورەککەبی زەمانی حاڵە لە ریشەی مورەککەبی ((کارلێکردن)) ئەو تەرکیبە، تەرکیبێکی پەتیی شێوە گۆرانی نییە. گۆرانییەکەی بریتییە لە ((کار وەنەت کەردەن)) لە ریشەی مورەککەبی ((کار وەنە کەردەی)) (کارلێکردن).

**پوختەی مانا:**

ئایا مەیلت بە تەواویی لەگەڵمان سەرد بووە یا ژاری مار کاری لێت کردووە و هۆشت بە لای ئێمەوە نەماوە؟!

**رۆ! پــــەرێ ئـــەو مـــەیل رای خودایـیـــت رۆ!**

**رۆ! پـــەی وەفـــاو شـــەرت ئاشـــناییت رو!**

رۆ: ناوی سەوتە بۆ دەربڕینی ناڕەحەتی و پەژارەی دەروونی لە کاتی مردن و لەدەسدانی خۆشەویستێك.

پەرێ: بۆ، پیتی ئیزافەیە.

ئەو: ناوی ئیشارەیە چونکە موشار ئیلەیهی لەگەڵ هی دایە.

مەیل: پەیوەندی، حەز، عەلاقە. موشار ئیلەیهی و موزافە.

را: رێگا، رێگە، رێ. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی تەوسیفە. موزاف ئیلەیە و مەوسووفە.

خــودایی: نــاوی مەنســووبە، پــیتی ((ی))ی یەکــەم فاســیلی نێــوانی دوو موسەوویتە، وە پیتی ((ی)) دووەم نیشانەی نیسبەتە. ((خودایی)) ئەبێتە سیفەت بۆ ((را)) و پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی مەحسووس لە دوایەوە فڕە دراوە و لە بناغەدا بەم چەشنەیە: ئەو مەیل رای خوداییتە.

رۆ: بۆ تەئکید دووبارە کراوەتەوە.

پەی: بۆ پیتی ئیزافەیە.

وەفــا: مانــەوە لەســەر قــەوڵ و قــەرار. پێبەنــدبوون بــە خۆشەویســتی و دۆستایەتی.

شەرت: لە زاراوەی هەستیاراندا بە مانـای پـەیمان و بڕیـارە لـە نێـوان دڵبـەر و دڵبراودا.

ئاشنایی: یەکترناسین، لێرەدا بە مانای دۆستایەتییە.

لەم هۆنراوەیەدا مەولەوی ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە سەیید سەمەد جگە لەوە کە خاوەنی سیفاتی موتەعارەفی مرۆڤایەتی بووە، خاوەنی رەوانێکی پاکی عیرفانیش بووە.

**پوختەی مانا:**

هاوار، بۆ ئەو رێگە راستەی خودا ناسیتە، ئای، بۆ ئەو دوروستی شەرت و وفای دۆستایەتیتە!

**داد! پەی ئێش سەخت مار گەستەی کاریت**
**داد! پەی دەرد سەر ئێش نادیاریت**

داد: لێرەدا ناوی دەنگە، بۆ دەربرِینی داخ و خەفەتە.

پەی: بۆ، پیتی ئیزافەیە.

ئێش: ئێش، ژان، دەرد.

سەخت: گران، سەخڵەت، دژوار.

مار گەستە: ماران گازی. لێرەدا ناوی مەسدەرە چونکە بە مانای سیفەتی مەفعوولیش هاتووە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی تەوسیفە.

کاری: کارگەر، موئەسیر. سیفەتی موبالەغەیە[1]. پیتی ((ت)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهی یەکەم کەسی موفرەدە.

دەرد سەر: ئێشی سەر، تەرکیبێکی ئیزافییە زۆرتر بۆ کینایە لە گیرۆدەیی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان بەکار ئەبرێ، لێرەدا ئەگونجێ بە مانای ژانەسەر بێ چونکە ئەو کەسە کە مار ئەی گەزێ تووشی ژانەسەر و سەرئێشەییێکی سەخت ئەبێ، لەم

(١) موسەوویتی ((ی / آ)) کە نیشانەی کەسرەی درێژ و ((ی))ی ئەسڵیشی پێ ئەوترێ لە دوای هەندێ لە وشەگەلی کوردییەوە بۆ چەن مانا هاتووە، یەکێ لەو مانایانە ئەمەیە کە ئەگەر لە دوای ناوی ماناوە بهێنرێ، ئەو ناوە ئەگێرِێ بە سیفەتی موبالەغە وەك: جەنگ – جەنگی. بەزم – بەزمی. تەماشا – تەماشای. کار – کاری. رەزم – رەزمی.

سوورەتەدا وشەی ((ئێش)) کە بە دوایدا دێ بۆ تەئکیدە. لە سوورەتی یەکەمدا کە تەرکیبی ((دەرد سەر)) بە مانای گیرۆدەیی و ناڕەحەتی بێ، ئیزافەی وەلای ((ئێش)) ئیزافەیێکی بەیانییەیە واتە: ئەو دەردی سەرە کە بریتییە لە ئێشی نادیاریت.

نادیاریی: نادیاربوون، ناوی مەسدەرە بەڵام زۆرتر بە مانای سیفەتی ((نادیار)) بەکار ئەبرێ کە وابوو دوروستە ببێتە سیفەت بۆ ((ئێش)).

یەکێ تر لە هونەرە ئەدەبییەکانی مەولەوی ئەوەیە کە بە هێنانی وشەیێك یا چەن وشەی سادە، یەك دنیا مەعنەوییەت لە زیهنی ئینساندا موجەسسەم ئەکا، بۆ وێنە دەرد و رەنجی مارانگازی کە ئینفعالاتێکی سەختی جیسمی و رەوانییە، بۆ کەسێ مەحسووسە کە خۆی تووشی بوو بێ، وە بە وشە و وتەی کەسێکی تر ئەسەری ئەو واقیعییەتە ویجدانییە لەو کەسەدا دەرك ناکرێ، بەڵام مەولەوی بە بەیانی سیحراوی خۆی بە ڕێکخستنی چەن وشەی سادە لە چوارچێوەی ئەم هۆنراوەیەدا ئەو واقیعییەتە ویجدانییەی وەها دەرخستووە کە هەر کەسێکی خاوەن زەوق و سەلیقە بە خوێندنەوەی ئەو هۆنراوەیە خۆی لەو دەرد و رەنجەدا ئەبینێ، وەها کە ئەڵێ: داد پەی دەرد سەر ئێش نادیاریت!

**پوختەی مانا:**

داد، بۆ ئێشی سەختی مارانگازی کاریت! داد، بۆ گیرۆدەیی ئێشی نادیاریت!

ئای، تۆ نەدیت کام جە عەرووس نۆ
تا عەرووس خاك پشتان بی بە تۆ

ئای: ناوی دەنگە لە کاتی تووشبوونی کۆست و موسیبەت و ئێش و خەفەتدا بەکار ئەبرێ، بۆ مانای تەعەججوب و تەنبیهیش هاتووە. بۆ مانای تەعەججوب وەك: ئای ئەو گوڵە چەن جوانە! بۆ مانای تەنبیه وەك: ئای وەها مەکە! واتە هۆشیار بە، وەها مەکە!

تۆ نەدیت: تۆ چاوت پێ نەکەوت، تۆ نەتدی.

کام: ئارەزوو.

جە: لە پیتی ئیزافەیە.

عەرووس نۆ: بووکی تازە. تەرکیبی تەوسیفییە.

تا: پیتی پەیوەندی بۆ مانای غایەت و نیهایەت بەکار ئەبرێ.

عەرووس خاك: بووکی خاك، تەرکیبی ئیزافی بەیانییە واتە: عەرووسێ کە خاکە. ئەگونجێ ئیزافەیێکی تەشبیهی بێ.

پشتان بی بە تۆ: بوو بە پاڵشتی تۆ. واتە لە باتی ئەوە پاڵ بدەی بە بووکی تازەوە بووکی خاك پاڵی دا بە تۆوە. وشەی ((پشتان)) بە مانای جێ پشتە چونکە پاشگری ((ان)) لە دوایەوە بە مانای نیشانەی ناوی مەکانیش هاتووە وەك: ڕێزان، چۆمان، حاجی هۆمەران، خەلیفان، پلنگان.

**پوختەی مانا:**

ئای داخەکەم! تۆ لە بووکی تازەت بە ئارەزوو نەگەیشتی تا بووکی خاك بوو بە هاودەمت.

**جـــەی خـــار دنـــدان ژاراودار مـــار**

**خـــاتر نـــازار وێـــت مـــەدەر ئـــازار**

***

جەی: لەم، لە ئەم. کورتکراوەی ((جە ئی))یە کە بریتییە لە پیتی ئیزافەی ((جە)) (لە) و ناوی ئیشارەی ((ئی)) (ئەم): پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی مەحسووس لە دوای تەرکیبی موشار ئیلەیهی ((خار دندان ژاراودار[1] مار))ەوە بۆ تەخفیف یا بۆ ڕێکی وەزن، حەزف کراوە.

---

(١) ((ژاراودار)) سیفەتی مورەککەبە لە سێ جوزئی: ژار—او—دار. ((ژاراو)) ناوی مورەککەبە، وە ((دار)) پاشگری خاوەنیەتییە لە ریشەی ((داشتن /dāšt-in/)) کە موشتەرەکی کوردی و فارسییە بەڵام لە فارسیدا /dāšt-an/ تەلەفوز ئەکرێ. ئەو جۆرە ریشەگەلە کە موشتەرەکی کوردی و فارسین و لە هەردوو زماندا تەنیا لە چاوی چۆنییەتی موسەوویتەوە جیاوازییان هەیە، زۆرن وەك:

خار دندان: درووی ددان، تەرکیبی ئیزافی بەیانییە.

ژاراودار: ژەحـراودار، سـیفەتە بـۆ ((ددان)). هێنـانی پاشـگری ((او)) لـە دوای وشەی ((ژار))ەوە ئەگونجێ بۆ تەئکید بێ، چونکە ژەحری مار خۆی ئاوەکییە.

خاتر: بیر، هۆش، ئەوەی کە لە زیهندا تێپەڕ ئەکا.

نازار: نازدار، لەتیف، بە عیشوە، لەخۆڕازی. ناسك. سیفەتە بۆ ((خاتر)).

مـەدەر ئـازار: مەڕەنجێنـە، زەحمـەت مـەدە، ئـازار مـەدە. کـردەوەی مـەنهی مورەککەبە لە ریشەی ((ئازار دای)) (ئازاردان). مەولەوی لەم هۆنراوەیە بە دواوە تا

---

| | تەلەفوزی کوردی | تەلەفوزی فارسی |
|---|---|---|
| کوشتن | /kušt-in/ | /košt-an/ |
| مردن | /mird-in/ | /mord-an/ |
| بردن | /bird-in/ | /bord-an/ |
| کردن | /kird-in/ | /kard-an/ |
| داشتن | /dāšt-in/ | /dāšt-an/ |

ریشەی ((داشتن /dāšt-in/)) بە خۆی و موشتەققاتەکانییەوە لـە شێوە کوردییـەکانی لـەکی و لڕیـدا بەکار ئەبرێ بەڵام لە شێوە کوردییەکانی تری: کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو (سۆرانی) و گۆرانیـدا تەنیا موشتەقەکانی بەکار ئـەبرێ، وە ریشـەکەی بـەکار نـاهێنرێ، دیـارە ئـەم جـۆرە بەکاربردنـەش لـە هەندێ لە ریشەکانی تری زمانی کوردیدا باوە.

ئەوەش شایانی باسە کە لە زمانی فارسیدا وەك زمانی کوردی هەندێ پـیتی سـامیتی ریشـەی فیعلـی لـە سیفەت و کردەوەی ئەمر و موزاریعدا تەبدیل ئەبن بە پیتێکی سامیتی تر وەك:

| ریشەی فارسی | کردەوەی مازی | کردەوەی ئەمر | سیفەت | کردەوەی موزاریع |
|---|---|---|---|---|
| /rīxt-an/ | /rīxt/ | /be-rīz/ | /rīz-ande/ | /mī-rīz-ad/ |
| /raft-an/ | /raft/ | /be-rōw/ | /raw-ande/ | /mī-raw-ad/ |
| /kāšt-an/ | /kāšt/ | /be-kār/ | /kār-ande/ | /mī-kār-ad/ |
| /dāšt-an/ | /dāšt/ | /be-dār/ | /dār-ande/ | /mī-dar-ad/ |
| /negāšt-an/ | /negāšt/ | /be-negār/ | negār-/<br>/ande | mī-negār-/<br>/ad |

لەو وێنەیانەدا بۆمان دەرکەوت کە وشەی ((دار)) ریشەی فیعلییە لە مەسدەری ((داشتن)) کە موشتەرەکی کوردی و فارسییە، وە پیتی ((ر)) بەدەلە لە پیتی ((ش)) لە ساختمانی مەسدەردا.

دوایی پارچەکە دڵخۆشی سەیید سەمەد ئەداتــەوە کە لـەو ڕووداوە سـەخت و پیـاو کوژە، دڵ تەنگ نەبێ.

**پوختەی مانا:**

لە دەرد و ئێشی گازی ژاراوی مار خاتری ناسك و لـەتیفی خـۆت ئـازار مـەدە، چونکە...

## غــــەریبیت زییـــاد جــــە ســــەعادەت بــــی
## شـــــەهادەت هەمـــــدەم وە ســــیادەت بـــــی

غەریبیت: غەریبی تۆ، دوورکەوتنەوەت لە نیشتمان.

زییـاد: زۆر، لـە ڕیشـەی عـەرەبی ((زیـادەت)) کـە بـە مانـای ((زۆرایـەتی))ە گیراوە، لە کوردیدا بە مانای سیفەت بەکار ئەبرێ بەڵام لێرەدا تەرکیبی ((زیاد جە)) (زیاد کە) مانای ((سەرەڕا، بە عەلاوە، بە ئیزافـە)) ئـەدا. وشـەی ((زی–یـاد)) بـەو چەشنە کە نووسراوە واتە بە دوو هیجا ئەبێ بخوێنرێتەوە تا وەزنی هۆنراوەکە تێك نەچێ.

سەعادەت: خۆشبەختی، بەختەوەری.

بی: بـوو. لێـرەدا کـردەوەی کۆمەکـە لـە کـردەوەی مورەککـەبی: ((زیـاد جـە سەعادەت بی))دا لە ڕیشەی مورەککەبی ((زیاد جە سـەعادەت بیـەی)) (سـەرەڕای بەختەوەری بوون). واتە سەرەڕای بەختەوەری خوداناسیت غەریبیش بووی چـونکە لە غەریبی مردندا ئەجر و پاداشی هەیە.

شەهادەت: لە زاراوەی ئایینیدا دوو مانـای هەیـە: یەکـەم– گەواهیـدان لەسـەر ڕووداوەیێك. دووەم– کوژران لە ڕێگای خودادا، یان مردن بە بـەڵاییێکی ناگـەهانی و دەردناك. لێرەدا مەبەست لە ((شەهادەت)) مردن بە بەڵای مار گەستنە.

هەمـدەم: هـاودەم، مـۆنیس، شـەریك، هـاواڵ. لێـرەدا مەبەسـت لەگـەڵبوون و جووتبوون و یەکگیربوونە.

وه: به، پیتی ئیزافەیە.

سیادەت: گەورەیی، سەرۆکایەتی، ئاغایی. لێرەدا مەبەست لە بنەماڵەی پێغەمەری ئیسلام بوونە. تەرتیبی دەستووری نیوە هۆنراوەی دووەمی ئەم هۆنراوەیە بەم چەشنەیە: شەهادەت هەمدەم بی وە سیادەت. ((هەمدەم بی)) کردەوەی مورەککەبی زەمانی رابووردووی موتڵەقە لە ریشەی ((هەمدەم بییەی)) (هاودەمبوون، قەرینبوون، جووتبوون) واتە: شەهیدبوونیشت قەرین بوو لەگەڵ بەرزیی پلە و پایەی سەییدبوونیشتدا. مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا بە چوار خەسڵەتی چاك دڵخۆشی سەیید سەمەد ئەداتەوە کە ئەو چوار خەسڵەتە ئەبنە هۆی سەربەرزی و رووسووری ئەو لە رۆژی رەستاخێزدا، یەکەم- لە غەریبیدا مردن. دووەم- پارێزگاری لە ژیاندا کە هۆی بەختەوەرییە لە ئاخیرەتدا، سێیەم- شەهیدبوون بەو بەڵا ناگەهانی و دەردناکە. چوارەم- لە بنەماڵەی پێغەمەر بوون.

**پوختەی مانا:**

چونکە پاداشی لە غوربەت مردنتدا سەرەڕای پاداشی پیاوچاکی و خوداناسیتە، وە پاداشی شەهیدبوونیشت بەو بەڵایە لەگەڵ بەرزی پلە و پایەی سەییدبوونتدا یەکی گرتووە.

**تۆ نەوگوڵ باغ موستەفەویی بیت**
**گەنج خەزانەی مورتەزەویی بیت**

نەوگوڵ: نۆ گوڵ، تازە گوڵ. گوڵی جوان و تازە پێگەیشتوو.

باغ: باخ، باغ. جێگاییێکە دار و درەخت و گوڵ و گیای تێدا پەروەردە ئەکرێ.

موستەفەوی: مەنسووب بە ((موستەفا)) کە نازناو و لەقەبی پێغەمەری ئیسلامە و بە مانا هەڵبژێرراوە، واتە: تۆ لە بنەماڵەی پێغەمەر بووی.

بیـت: بوویـت، کـردەوەی رابـیتی رۆژگـاری رابـووردووی موتڵەقـە لـە ریشـەی ((بییـەی)) (بـوون). تـەرکیبی ئیزافـی تەشـبیهی ((نـەوگوڵ بـاغ موسـتەفەوی)) موسنەدە. ((تۆ)) موسنەد ئیلەیهە.

گـەنج: زێـڕ و زیـو و جـەواهیراتیٚ کـە لـە جێگاییٚکدا ئەشـاررێتەوە. بـە مانـای جێگای زێڕ و زیو و جەواهیراتیش بەکار ئەبریٚ. ((گەنجینـە)) مەنسـووب بـە گـەنج، جێگای گەنج.

خەزانە: خەزێنە، خەزنە، گەنجینە، جێگای گەنج و شتی نەختینە.

مورتەزەویی: مەنسووب بە ((مورتەزا)) نازناو و لەقەبی ((عەلی)) کوڕی ((ئەبو تالب))ە. بە مانای پەسەندکراوە، لە بەرەی ((عەلی)) بووی.

بیت: بووی. کردەوەی رابیتە.

**پوختەی مانا:**

تۆ تازە گوڵی باغی خانەدانی پێغەمەری ئیسلام و گەنجی بـەنرخی گەنجینـەی ((عەلی)) مورتەزا بووی.

**گـــوڵ عادەتشـــەن بـــیٚ خـــار نمـــەبۆ**
**رەویـــەی گـــەنج ئێـــدەن بـــیٚ مـــار نمـــەبۆ[1]**

---

(١) ((مەولەوی جارێکیان ئەم پارچە هەڵبەستەی ئەخوێنێتـەوە بـۆ ئەحمـەد پریسـیی ئاشـنای، ئـەویش دەس بەجیٚ ئەم تاقە شێعرە ئەڵیٚ:

نـە، نـە، ئـەو مـارە هـەر مـار غـار بـیٚ
پـەی پـا بـۆس پـاش وە ئینتیـزار بـیٚ

واتە: نەخێر وا نییە کە تۆ وتووتە، ئەو مارە ماری سـەر گـەنج نـەبووە، مارەکـەی ئەشـکەوتی ((ثـەور)) بووە کە هاتبوو بۆ زیارەتی پێغەمەر (درووی خـودای لەسـەر بـیٚ) وە دای بـە قاچـی حـەزرەتی ئـەبوو بەکرەوە، لێرەشدا هاتبوو بۆ زیارەتی شێخ عبدالصمد و قاچی ماچ کرد... بـە راسـتی ئەحمـەد پریسـی خەیاڵێکی وردی بەکار هێناوە. دیوانی مەولەوی کۆکراوەی مەلا کەریم لاپەڕەی ٩٨ .

گوڵ: ناوی عامە بۆ گشت گوڵێ بەکار ئەبرێ، لێرەدا مەبەست گوڵەباغ واتە گوڵی گوڵاوە.

عادەتشەن: عادەتییە، عادەتی هەیە. جوملەی فیعلی زەمانی حاڵە، کردەوەکەی بریتییە لە واحیدی سەوتیی ((ەن /an-/)) کە بە مانای ((هەن)) واتە: ((هەیە))یە و لێرەدا واتای مالیکییەت ئەدا[1].

بێ خار: بێ دڕك، بە بێ دڕوو. وشەی ((بێ)) پێشگری نەفییە، بڕێ جار لەگەڵ ناودا تەرکیب ئەکرێ و ئەیگێڕێ بە سیفەت. وەك: بێ دەرد، بێ مێشك، بێ تەربییەت کە مانا وەسفییەکەیان ئەبێ بە: سالم، خۆش. شێت، سەفیه. وەحشی، کێوی.

نمەبۆ: نابێ، وجوودی نییە. لە تەرکیبی ((بێ خار نمەبۆ)) دوو ڕێگای دەستووری دوروستە: یەکەم– ئەو تەرکیبە بەسەریەکەوە کردەوەی مورەککەبی موزاریعی مەنفی بێ لە ریشەی ((بێ خار بییەی)) (بێ دڕك بوون). دووەم– ((نمەبۆ)) کردەوەی بەسیطی موزاریعی مەنفی تام بێ لە ریشەی ((بییەی)) (هەبوون)، وە وشەی ((بێ خار)) قەیدی حاڵەت و چۆنییەتی بێ.

ڕەویە: ڕەوییە، بیرکردنەوە، تێبینی و فکرکردنەوە. لێرەدا بە مانای ڕەوشت و عادەتە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

گەنج: زێڕ و زیو و شتی نەختینە.

---

(١) تەجزییەی جوملەی ((گوڵ عادەتشەن)) (گوڵ عادەتییە)

گوڵ: فاعیل.

عادەت: مەفعوولی موستەقیم و موزاف.

ش: زەمیری سێیەم کەسی موفرەدی موزاف ئیلەیهە.

ەن /an-/: کە لە سوورەتی کردەوەی رابیتی زەمانی حاڵی سێیەم کەسی موفرەددایە، بە مانای ((هەن)) واتە: ((هەیە))یە.

تێ بێکی بە شوێنەوەیە

ئێدەن: ئەمەیە. ((ئێد)) (ئەمە) ناوی ئیشارەی نێزیکە. ((ەن /an-/)) رابیتی موفرەدی زەمانی حاڵە.

بێ مار نمەبۆ: بێ مار نابێ. رێگای دەستووری ئەم تەرکیبە وەك رێگای دەستووری تەرکیبی ((بێ خار نمەبۆ))یە. مەولەوی لە دوو هۆنراوەی ژمارە ١٨ و ١٩ ی ئەم پارچەیەدا تەشبیهێکی مورەککەبی جوانی لەسەر مانا و مەزموونی دوو وتەی(١) پێشینانەوە دامەزراندووە، وە لاواندنەکەی سەیید سەمەدی بەو تەشبیهە

---

(١) لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە وتەی پێشینان کە بەشێکە لە فەرهەنگی نەتەوایەتی چەن جۆرە:

یەکەم– مەتەڵ (زەربولمەسەل)، مەتەڵ پوختەی ئاکام و بەرهەمی رووداوەیێکی کۆنی کۆمەڵایەتییە کە لە چوارچێوەی جوملەیێك یا چەن جوملەدا لە موشابیهی ئەو رووداوەیەدا بەکار ئەبرێ. مەسەلەن ئەگەر کەسێك بیەوێ کارێك بە دزیی کەسێکەوە یا چەن کەسێکی ترەوە جێبەجێ بکا و بۆ شوێنە گومکێ خۆی بە کارێکی ترەوە خەریك بکا، لەم حاڵەدا ئەوترێ: ((کابرا خۆی کردووە بە تووڵ بڕ)) واتە وەها نیشان ئەدا کە کارێکی نهێنی بە دەستەوە نییە! ئەو ((مەتەڵ))ە لەم رووداوەیە وەگیرراوە کە: رۆژێ لە رۆژان کابرایێك ئەچێ لە باخێکدا مێوە بدزێ لە ناکاو خاوەن باخ پێی ئەزانێ. کابرا دەسبەجێ چەقۆیێك لە گیرفانی دەرئەهێنێ و دەس ئەکا بە تووڵ بڕین بۆ ئەوە خاوەن باخەکە بە دز نەیداتە قەڵەم، ئەنجا خاوەن باخەکە ئەڵێ: ((کابرا لە ترسا خۆی کردووە بە تووڵ بڕ))

دووەم– قسەی نەستەق (حیکمەت)، قسەی نەستەق مەزموونێك ئەگەیێنێ کە زۆرتر لە چوارچێوەی جوملەیێکدا ئەوترێ و حەقیقەتێك بۆ پیاو روون ئەکاتەوە و بیر و باوەڕ لە هەڵە و لێ گۆڕان ئەپارێزێ وەها کە کاتێ کەسێ بیەوێ لە چۆنییەتی کارێ تێبگا یا رێگای دوروستی چارەسەرکردنی ئەو کارە بدۆزێتەوە، بەو کەسە ئەوترێ: ((سەد حەکیم بەقەد دەردەدارێك نازانن)) واتە: کەسێ رێ و شوێنی دوروستی کارێك ئەزانێ و، سوود و زیانی باش لێك ئەداتەوە کە خۆی لەو کارەدا بێ و پێ بیەوە خەریك بێ.

سێیەم– پەند، پەند مەزموونێکە لە چوارچێوەی جوملەیێك یا چەن جوملەدا رێ و رەوشت و ئەخلاقی چاك و خراپ لەیەك جیا ئەکاتەوە و، رێگای راست و چەوتی ژیان نیشان ئەدا. وەك ئەوە ئەوترێ: ((چاکە بکە و بیدە بە ئاودا)) واتە چاکەکردن هیچ کاتێ بەفیڕۆ ناچێ و لە کاتی خۆیدا سوودی لێ وەرئەگیررێ.

چوارەم– گۆشە (کینایە)، گۆشە ئەوەیە کە جوملەیێك دوو مانای هەبێ یەکێکیان نزیك لە زیهن و ئەوی تریان دوور لە زیهن بێ بەڵام وێژەر مەبەستی مانا دوورەکە بێ، واتە مەبەستی وێژەر لازمی مانای جوملەکە بێ نە مانا موتابەقی جوملەکە، ئینجا ئەو مانا موتابەقییە ئەگونجێ واقیعییەتی هەبێ یا دوروستکراوی خەیاڵ و زیهن بێ، وێنەی یەکەم وەك ئەوە ئەوترێ: ((دار لەسەر ریشەی خۆیەوە شین

بیکر و پڕ مانایە رازاندووەتەوە و گەیاندوویەتە رادەی فەساحەت و بەلاغەتی شیعری وەهایێکی کە بەراستی جێگای سەرسووڕمانی گشت وێژەوانێکی شیعر ناسە. کینایەی: ((گوڵ بێ دڕك نابێ)) ئەوە ئەگەیێنێ کە هەر جۆرە شادیی و خۆشی و ئاسوودەییێك لە ژیاندا بە بێ دەرد و رەنج و خەفەت بۆ کەسێ نایێتە دی، وەها کە لەم بارەوە دووبارە وێژراوە: ((هەر پێکەنینێك گریانێکی بە شوێنەوەیە)) واتە هیچ خۆشییێك بە بێ ناخۆشی نابێ. هەروەها کینایەی: ((گەنج بە بێ مار نابێ)) ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە هیچ چەشنە گەورەیی و دەسەڵاتداری و ساماندارییێك بە بێ دوژمن و ناحەز، بۆ پیاو دەس نادا.

**پوختەی مانا:**

دیارە نە گوڵ بەبێ خار ئەبێ و نە گەنجیش بەبێ مار.

ئـــی رەســـــوول ئــــارۆ شــــەوقش پــــەرواز دا
بــــە نــــاز و ئیعــــراز قــــەدر تــــۆ ســـاز دا
رجــــام هــــەن فــــەردا نــــەو گەردەلوولــــدا
بویــــەری نــــە چــــێر ســــای ئــــەو رەســــوولدا

ئی رەسوول: ئەم رەسوولە، ئەم نێرراوە، ئەم پێ سپێراوە. ((ئی)) (ئەم) ناوی ئیشارەی موفرەدی نزیکە پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی مەحسووس[1] لە

---

ئەبێ)) دیارە مەبەستی وێژەر لەو جوملەیە، مانای رواڵەتی جوملەکە نییە بەڵکە ئەیەوێ ئەوە بگەیێنێ کە ((تەواروس)) لە هەر ئینسانێکدا شوێنێکی گرنگی هەیە. وێنەی دووەم وەك ئەوە ئەوترێ: ((تا رێوی قەباڵەی خۆی خوێند کولکیان وەشاند)) دیارە مانای رواڵەتی ئەو جوملەیە واقیعیەتی نییە بەڵکە دوروستکراوی زیهنە، وە وێژەری ئەو جوملەیە ئەیەوێ ئەوە بگەیێنێ کە فێڵ و فڕ بەکاربردن هەمیشە سوودی لێ وەرناگیرێ. لەو باسە ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە ئەو دوو وتەی پێشینانە کە مەولەوی لە هۆنراوەکەیدا هێناونی: ئەگونجێ لە چاوی ماناوە لەم بەشی چوارەمە بن.

(١) ناوی ئیشارە و زەمیری ئیشارە لە دوو شێوە کوردی گۆرانی و سۆرانیدا تا رادەیێك جیاوازی ساختمانییان هەیە بەم چەشنەی خوارەوە:

دوای موشار ئیلەیهەکەیەوە کە ((رەسوول))ە لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە. مەبەست لە ((رەسوول)) فریشتەی گیان کێشە کە یەکێکە لە چوار فریشتەی موقەررەب وە ناوی ((عیزرائیل))ە.

ئارۆ: ئیمڕۆ، ئیمڕۆژ، ئیڕۆ، ئەوڕۆ. مەبەست ئەم جیهانەیە.

شەوقش پەرواز دا: شادیی و خۆشی باڵی پێ گرتەوە. ((پەرواز دا)) کردەوەی تێپەڕی مورەککەبە. ((شەوق)) فاعیلە. ((ش)) زەمیری سێیەم کەسی موفرەدە و مەفعوولە. واتە: کاتێ بەو بەڵایە ئەجەڵی تۆ هاتە پێشەوە، شەوق و شادیی چاوپێکەوتنی تۆ ئەو فریشتەیەی هاندا و باڵی پێ گرتەوە و هات بۆ جێ بەجێ کردنی سپاردەی خۆی کە بریتییە لە کۆچ پێ کردن بۆ بارەگای یەزدانی و شادبوونەوەت بەو قەدر و مەنزیلەتە کە خودای گەورە بۆ تۆی داناوە.

بە: پیتی ئیزافەیە.

ناز: غوروور، بێ نیازی.

ئیعزاز: بەڕێز گرتن، گەورە گرتن.

قەدر تۆ ساز دا: ڕێزی تۆی بەجێ هێنا. واتە: ئەسبابی ڕێزگرتنی تۆی ئامادە کرد، ئەیەوێ ئەوە بگەیێنێ کە قەدر و مەنزیلەتی پیاوچاکان بە لای خوداوە، پاش مردنیان دەرئەکەوێ.

---

زەمیری ئیشارە

| گۆرانی | سۆرانی |
|---|---|
| ئێد (نێزیک) ئاد (دوور) | ئەم (نێزیک) ئەو (دوور) |
| ئێدێ (=) ئادێ (=) | ئەمان (=) ئەوان (=) |

ناوی ئیشارە

| گۆرانی | سۆرانی |
|---|---|
| ئینە (=) ئانە (=) | ئەمە (=) ئەوە (=) |
| ئینێ (=) ئانێ (=) | ئەمانە (=) ئەوانە (=) |

موشار ئیلەیهی ناوی ئیشارە ئەگونجێ مەحسووسێکی فەرزی و زیهنی بێ، لەم سوورەتەدا زۆرتر پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی حیسسی لە دوای موشار ئیلەیهەکەوە حەزف ئەکرێ وەها کە ئەوترێ: ئەم پیاو هات، ئەو پیاو چوو کە لە ئەسڵدا ئەم پیاوە هات، ئەو پیاوە چوو، بووە.

رجام هەن: هیوام هەیە، ئومێدەوارم، هیوادارم. کردەوەی مورەککەبن زەمانی حاڵە لە ریشەی ((رجا بییەی)) (ئومێدبوون، هیوابوون).

فەردا: سبەی، سبەینێ وشەیێکی فارسییە. لە گۆرانیدا ((سەوای، سەبای)) ئەوترێ. مەبەست جیهانێکی ترە، واتە جیهانی پاش مردن یا رۆژی رەستاخیزە.

نەو: نە ئەو، لەو، لە ئەو. ((نە)) پیتی ئیزافەیە، ((ئەو)) ناوی ئیشارەی دوورە چونکە موشار ئیلەیهی لەگەڵدایە.

گەردەلوول: بایێکە زۆرتر لە دەشت و بیاواندا بە دەوری خۆیدا ئەسوورێتەوە و وەکو تەنوورەی ئاوی لێ دێ و پل و پووش و خاك و خۆڵ لە ناوی خۆیدا ئەسووڕێنێتەوە و بەرەو ئاسمان بەرزی ئەکاتەوە. بەربڵاوی دایەرەی گەردەلوول تا ((قوتر))ی سەد میل بینراوە. لێرەدا کینایە لە رۆژی رەستاخیزە. پیتی ((ە)) نیشانەی ئیشارەی حیسسی لە دوایەوە حەزف کراوە، ئەسڵەکەی ((نە ئەو گەردەلوولە))یە.

دا: پیتی نیشانەی زەرفییەتە لە دوای مەدخوولێکی پیتی ئیزافەوە ئەهێنرێ کە کارێ لەو مەدخوولەدا واقیع بووبێ.

بویەری: ببووری، تێپەڕ بکەی. کردەوەی ئیلتزامی موزاریعە لە ریشەی ((ویەردەی)) (بووردن، تێپەڕین، تێپەڕکردن)

نە: لە.

چێر: ژێر. تەرکیبی ((نە چێر)) (لە ژێر). پیتی ئیزافەی مورەککەبە. نیشانەی ئیزافە کە ژێرێکی کورتە لەبەر تێکنەچوونی وەزن لە دوای وشەی ((چێر))ەوە، حەزف کراوە.

سا: سایە، سێبەر، سێوەر. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە. لێرەدا خۆشەویستی و میهرەبانی مەقسوودە. واتە: خۆشەویستی و میهرەبانی پێغەمەری ئیسلام شامیلی حاڵت بێ و لەو رۆژەدا ئازارێ نەبینی.

ئەو: ناوی ئیشارەیە.

رەسوول: مەبەست پێغەمەری ئیسلامە: پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی حیسسی لە دوایەوە حەزف کراوە.

دا: پیتی نیشانەی زەرفییەتە. ((ئەو رەسوول))(*) واتە: ئەو نێرراوی خودا کە کینایەیە لە پێغەمەری ئیسلام. هێنانی ناوی ئیشارەی دوور بۆ پێغەمەری ئیسلام بە موناسەبەتی حازربوونیە لە رۆژی رەستاخیزدا کە هێشتا نەهاتووە.

**پوختەی مانا:**

هەروەها کە ئەمڕۆ فریشتەی مەئموور بە خۆشی و شادییەوە هات و رەوانیی پاکی تۆی بۆ بارەگای بەرزی یەزدانی برد، هیوایە سبەینێش لە سارای پڕ لە مەترسی مەحشەردا بە لوتف و مەحەببەتی پێغەمەری گەورەی ئیسلام شاد بی.

---

(*) هەندێ وردەکاری لەسەر ئەم پارچە لە نوسخەکاندا نووسراوە. بەهۆی ئەوەوە د. موفتیزادە ئەو وردەکارییانەی نەدیوە لە مانا لێکدانەوەی ئەم جێگادا کەمێك لای کردووە. ئەو کەسەی کە ئەرکی کفن و دفنکردنی شێخ عەبدوصەمەدی لەئەستۆگرتووە ناوی ڕەسوڵ بووە. مەولەوی لێرەشدا وەردەکارییەکی جوانی بەکارهێناوە و دەڵێ: لەم دنیایەدا ئەم ڕەسووڵ بە ڕێزەوە بە ڕێی کردی، هیوادارم لەو دنیاشدا لە ژێر سایەی ئەو رەسووڵدا کە پێغەمبەرە -د- تێپەڕی! (م،ع،ق)

## پارچەی سێیەم

ئــــارەزووی ئـــــازیز وە نـــــەم ســــــەرداوە
نـــــە هـــــــەردەی دەروون ئـــــایر وەرداوە

ئـارەزوو: مـەیل، تامـەزرۆیی، ئیشـتیاق، پـیتی ((ی)) لـە دوایـەوە نیشـانەی ئیزافەیە.

ئـازیز: عـەزیز، گـەورە، خۆشەویسـت، دۆسـت، پـیر، هاومورید. مەعشـووق هاوفـەرد هاوشـیعر. مەولـەوی یەکـەم کەسـێ بـووە کـە ئـەو وشـەیەی لـە زۆرتـری هۆنراوەکانیـدا بـۆ ئـەو مانایانـەی سـەرەوە بـەکار هێنـاوە. ئـازیز کـە ((عـەزیز))ی عەرەبییە و بە سیفەت بـەکار ئـەبرێ، لـە کوردیـدا ئـەکرێ بـە نـاوی شـەخس و بـە هەردوو جۆر دەرئەخرێ. لە گەورە پیاوانم بیستووە: هۆی ئەوە کە مەولەوی زۆرتـر وشەی ((ئازیز))ی لە هۆنراوەکانیدا هێناوە، ئەمەیە کـە لـە سـەرەتای خوێندنیـەوە لەگەڵ ((شێخ عەزیز))ی خەڵکی گونـدی ((جانـەوەرە)) لـە مەڵبەنـدی خورخـورە و تیلەکۆ ئاشنا ئەبێ، دۆستایەتییێکی خـاوێن و بـێ خـەوش لـە نێوانیانـدا دێتـە دی، گەلێ لـە پارچـە هۆنراوەکـانی کـە وشـەی ((ئازیز))یـان تێدایـە، بـۆ شـێخ عـەزیزی هۆناونەتەوە کە وابوو ئەگونجێ ئەم پارچەیەشی بۆ ئەو هۆنابێتەوە، جگـە لـەوەش لە هۆنراوەییێکی ئەم پارچەیەدا کە باسی لێوە ئەکەین، ئیشارەی بەوە کـردووە کـە مەبەستی لە ((ئازین)) لێرەدا ((شێخ عەزین))ە.[1]

---

(١) بەداخەوە تا ئێستا نیشانەییێك لە چۆنیەتی ژیانی شێخ عەزیزی خەڵکی دێی جانەوەرەی خورخورە و تیلەکۆ، نەهاتووەتە دەست، وە دۆستایەتی ئەو و مەولەوی دەمـا و دەم هاتووەتـە خـوارەوە وەهـا کـە زۆربەی هەستیار و وێژەوانەکانی تری هاوچەرخیشی نە تەنیا شوێنەواریان نەماوە بەڵکە ناویشیان کوێر بووەتەوە، دیارە ئەمەش یەکێ ترە لە گەورەترین ستەمە نەتەوایەتییەکانی گەلە بەش خوراوەکەمان کە داگیرکەرانی لە خودا نەترس لە درێژایی مێژوودا پێمانیان رەوا دیوە.

وەنەم سەرداوە: سەری داوە لێم، هاتەوە بۆ لام. کردەوەی مورەککەبی مازیی موتڵەقی سێیەم کەسی موفرەدە لە ڕیشەی مورەککەبی: ((سەروە نەدایەوە)) (سەرلێدانەوە) کە لە چوار جوزئی: سەر (ناو)، وەنە (پیتی ئیزافە)، دای (پایەی مەسدەری)، پاشگری ((ەوە /-awa/)) (پیتی نیشانەی تەکرار) پێك هاتووە[1].

مەولەوی بە هێنانی ئەو تەرکیبە شاکارێکی تری ئەدەبیمان بۆ دەرئەخا و ئەیەوێ ئەوە بگەیێنێ کە پەیوەندییێکی ڕەوانیی پتەو لە نێوانی ئەو و ئارەزووی ئازیزدا هەیە، وەك چۆن کەسێ ئەگەر لە بیری دۆستی خۆیدا بێ جاروبار ئەچێ بۆ لای و سەری لێ ئەدا، ئارەزووی ئازیزیش وەك دۆستێکی وەفادار لە بیری ئەودایە و جاروبار ئەچێ بۆ لای و سەری لێ ئەدا، جا مەولەوی ((ئارەزووی ئازیز))ی بە دۆستێکی وەفاداری خۆی چواندووە کە بەزەیی بەودا بێ و جاروبار سەری لێ بدا و لێی بپرسێتەوە، کە وابوو مانای ئەو جوملەیە کە ئەڵێ: ((ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە)) ئەوە نییە کە زەمانێکی وەها بۆ مەولەوی بێتە پێشەوە کە ئارەزووی ئازیزی تێدا نەکات، بەڵکە مانای جوملەکە ئەمەیە کە مەولەوی ئانێك لە ئارەزووی ئازیز خاڵی نییە چونکە مانای سەرلێدانی ئارەزوو لە مەولەوی ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە مەولەوی خۆی بە عاشقی ((ئارەزووی ئازیز)) داوەتە قەڵەم و ئارەزووی ئازیزیشی بە مەعشووقی خۆی داناوە، دیارە عاشق بە بێ فاسیلەی زەمانی هەمیشە لە بیری مەعشووقی خۆیدایە بەڵام مەعشووق لە چاوی ئیستیغنا و غورووڕێکەوە کە هەیەتی ئەگەر جاروبارێکیش لە عاشقی خۆی بپرسێتەوە و سەرێکی لێ بدا، خەرقی عادەتی کردووە و لە ڕەوشی خۆی لایداوە. ئینجا

---

(١) پاشگری ((ەوە /-awa/)) لە دوای مەسدەر و کردەوەوە بۆ گەیاندنی مانای تەکرار و دووپاتەکردنەوە، ئەهێنرێ وەك: هاتنەوە، هاتمەوە. بەڵام لە شێوەی گۆرانیدا ئەگەر مەسدەر جوزئێکی تری لەگەڵدا نەبێ زۆرتر لە سەرەتای مەسدەرەکەوە ئەهێنرێ وەك: ئەوە ئامای (هاتنەوە)، ئامانێوە (هاتمەوە)، وە ئەگەر جوزئێ یا چەن جوزء لەگەڵ مەسدەردا تێکەڵ کرابێ، پاشگری ((ەوە)) وەك شێوەی سۆرانی لە دواوە ئەهێنرێ وەك: سەروە نەدایەوە (سەرلێدانەوە)، سەرم وە نەداوە (سەرم لێ داوە).

پێویسته لێرەدا له خۆمان بپرسین ئەگەر کەسێ عاشقی ئارەزووی کەسێکی تر بێ و هەمیشه له بیری ئارەزووی ئەودا بێ، ئەبێ تا چ رادەیێ عاشقی خودی کەسەکە بێ و بیری بە لایەوە بێ؟! بە خودا مەگەر هەر مەولەوی خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە و ئەو رادەیە دابنێ و روونی بکاتەوە چونکە له وزەی بیری ئێمەدا نییە.

پێویسته ئەوەش بزانین کە مەولەوی ئەو مانا وردە سەرسووڕهێنەرەی سەرەوەی لە رێگا دەستوورییێکی سادەوە دەرخستووە کە لە رواڵەتدا زۆر ئاسایی و بێ پێچ و پلووچ و رەوانە، ئەوەش بریتییە لەوە کە وشەی ((ئارەزوو)) پاش تەشبیهکرانی بە ئینسانێك لە جوملەکەدا کراوە بە فاعیل و جوزئی ساختمانی فیعلی مورەککەبی جوملەکە نییە، چونکە ئەگەر بوترابایێ: ((ئارەزووی ئازیزم کردەوە)) ئەو مانا وردەی سەروەی نەئەگەیاند.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

هەردە: کێو، شاخ، کەژ، کەش. ((هەرد)) کێوێکە بەردی زۆرتر بێ لە خاکی و وەجهە شەبەهی چواندنی ((دەروون)) بە هەرد بریتییە(!) کە چۆن پڕ پێ لە گژوگیا و دار و دڕك و هەڵدێر و جڕ و جانەوەر. موسەوویتی ((ه /a/)) لە دوایەوە کورتکراوەی ((ەکە /aka/))ی نیشانەی تەعریفە، وە لە بناغەدا ((هەردەکە))یە وەها کە ئەوترێ: ژنە – ژنەکە. شوانە – شوانەکە. ئەوەش ئەگونجێ لێرەدا نیشانەی تەسغیر یا تەشبیه بێ[1] واتە: هەردی بچووك یا دەروونی وەك هەرد پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەی بەیانییە مەفعوولی غەیرە موستەقیمە بۆ فیعلێ کە بە دوایدا دێ. پاشگری ((ه /a/)).

---

(١) موسەوویتی ((ه /a-/-/)) لە دوای ناوەوە بۆ چەن مانا هاتووە: ١– بۆ گەیاندنی مانای تەسغیر ئەوەش زۆرتر لە دوای ناوی کورت کراو یا بچووك کراوەوە، وەك: نالە، رۆسە، حەمە کە ئەسڵەکەیان: نادر، رۆسەم، محەممەدە. ٢– رابیتی سێیەم کەسی موفرەدی زەمانی حاڵ وەك: خوێندن بەکەڵکە. ٣– تەشبیه وەك: دەسە. پایە. ٤– نیسبەت وەك: یەك شەوە، دوو ساڵە. ٥– گەڕاندنی سیفەت بە ناو وەك: زەردە، هۆنراوە واتە: شیعر. ٦– نیشانەی ناوی مەسدەر وەك: کردە، وانە. ٧– نیشانەی تەرکیب وەك بەردەڕەش و چەن مانای تر.

دەروون: هەناو. دڵ و جەرگ و ئەو شتانەی کە لە ناو زکی ئینساندان. داخڵ و ناوی هەر شتێ. کینایەیە لە هێزی ئیحساس و ئیدراك.

ئایر وەرداوە: ئاوری بەر[1] دایەوە، ئاگری پێوەنایەوە. کردەوەی مورەککەبی مازیی موتڵەقی سێیەم کەسی موفرەدە لە ریشەی مورەککەبی ((ئایر وەردایەوە)) (ئاگر بەردانەوە) ئەو ریشەیە لە چوار جوزئی: ئایر /'āyir/ (ناو)، وەر (ناو)، دای (پایەی مەسدەری)، ەوە (پاشگری تەکرار) پێك هاتووە. لەم تەرکیبەدا دوو نوکتەی ئەدەبی هەیە: یەکەم: هێنانی پاشگری تەکراری ((ەوە)) لە دوای کردەوەکەوە بۆ ئەوە مەدلوولی ئەم جوملەیە لەگەڵ مەدلوولی جوملەی پێشوو کە لە مانادا پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بەرانبەری بکا چونکە جوملەی ((ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە)) لە مانادا ئەبێتە سەبەب بۆ جوملەی ((نە هەردەی دەروون ئایر وەرداوە)).

نوکتەی دووەم ئەوەیە: بەکاربردنی کردەوەی ((ئایر وەرداوە)) ئەوە ئەگەیێنێ کە ((هەردەی دەروون))ی مەولەوی ئامادەیی تەواوی بۆ سووتان هەیە چونکە شتێ تا ئامادەیی تەواوی بۆ سووتان نەبێ ئەو کردەوەیە و وێنەکانی وەك: ئاگر تێبەردان، ئاگر پێوەنانی بۆ بەکار نابرێ، وەها کە ئەوترێ ئاگرم بەردایە پووشەکە. کە وابوو ئەتوانین بڵێین ئەمەش یەکێ ترە لە شاکارە ئەدەبییەکانی مەولەوی کە لە جوملەیێکی زۆر سادە و رەواندا مانای وردی تاڵیبییەت و مەتلووبییەت یا جازیبییەت و مەجزووبییەتی رەوانیی خۆی بۆمان دەرخستووە.

---

(١) وشەی ((بەر)) بۆ چەن مانا هاتووە، هەندێ لەو مانایانە ئەمانەن: رەهایی و ئازادیی لەم حاڵەدا یا بە سوورەتی فیعلی مورەککەب بەکار ئەبرێ وەك: ئاوەکەم بەردا، یا لەگەڵ پاشگری ((الا /ālā/))دا تەرکیب ئەکرێ و ئەگەڕێ بە سیفەت وەك: بەرەڵا، پاش تەرکیب موسەوویتی ((ا /ā/)) گۆڕاوەتەوە بە ((ە /a/)). قەیدی زەمان و مەکان وەك: سەعاتێ لەمەوبەر هاتم کتێبەکەم لەبەر دەستتدا هەڵگرت. پانایی وەك: بەری ئەم پارچەیە نیو گەزە. بە مانای تەرەف و جیهەت وەك: باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە. بە مانای حیفز و حافیزە وەك: دەرسەکەم لەبەرە، واتە لە حیفزمدایە، وە بۆ چەن مانای تر.

پوختەی مانا:

ئارەزووی ئازیز وەکو یارێکی وەفادار دووبارە سەری لێم دا و ئاوری شەوقی دیداری ئازیزی لە دڵ و دەروونم بەردایەوە.

تاقەت بی وە هوون جە سەختیی زامان
تک تک چەنی هەرس رێزا وە دامان

تاقەت: توانایی، قودرەت، هێز. تەحەممول. موسنەد ئیلەیهە.

بی: بوو. کردەوەی رابیتی[1] زەمانی مازیی موتڵەقی سێیەم کەسی موفرەدە لە ریشەی ((بییەی /biyay/)) (بوون)[2].

وە: بە. لێرەدا پیتی تەقوییەتی ئیسنادە واتە: رەبتی موسنەد بە موسنەد ئیلەیهەوە پتەوتر ئەکا بە جۆرێ کە موسنەد ئەگێڕی بە موسنەد ئیلەیهی، ئەوەش

---

(١) نەخشی کردەوەی رابیت لە جوملەدا دوو جۆرە: جۆری یەکەم ئەوەیە سیفەتێك بە ئیسمێکەوە لە زەمانێکدا رەبت ئەدا وەك: من مامۆستا بووم، ئێستاش مامۆستام. جۆری دووەم یەکێ لەم پەیوەندییانەی خوارەوە لە نێوان موسنەد و موسنەد ئیلەیهیدا ئەهێنێتە دی:

١ – گێڕاندنی موسنەد بە موبەیینی موسنەد ئیلەیهی موبهەم وەك: ئەمە خانووە. ئەم ساختمانە مەدرەسەیە.

٢ – گەڕاندنی موسنەد ئیلەیهە بە موشبەبەه بۆ موسنەد وەك: فەرهاد لەو شەڕەدا شێرێکی نەبەز بوو، واتە: وەك شێر بوو.

٣ – گەڕاندنی شتێك بە شتێکی تر وەك: تاقەت بوو بە خوێن.

(٢) ئەو کردەوانە کە لە ریشەی ((بوون)) ئەگیرێن بۆ ئەم مانایانەی خوارەوە بەکار ئەبرێن:

١ – رەبت وەك: فەرهاد زانا بوو. فەرهاد زانایە.

٢ – کردەوەی تامی تێنەپەڕ کە وجوود و هەبوون ئەگەیێنێ وەك: فەرهاد مانگێ لەمەوپێش لەدایك بووە. شێرکۆ لە خوێندگەدایە.

٣ – کردەوەی تامی تێپەڕ کە مانای مالیکییەت و خاوەنییەتی ئەدا وەك: خانوویێکی باش بوو فرۆشتم. لەم سوورەتەدا زۆرتر لەگەڵ سیفەتی جامدی ((هە)) کە مانای خاوەنیەتی و وجوود ئەدا تەرکیب ئەکرێ و ئەوترێ: من خانوویێکم هەبوو، بەڵام ئەگەر زەمانی کردەوەکە زەمانی حاڵ بێ، هەمیشە ((هە))ی لەگەڵدا ئەهێنرێ وەها کە ئەوترێ: من خانوویێکم هەیە.

زۆرتر لە حاڵێکدایە کە کردەوەی رابیت پێش لە موسنەدەوە بهێنرێ وەك: فەرهاد بوو بە مامۆستا. هەندێجار سامیتی ((ب /b/)) لە سێیەم کەسی موفرەدا بۆ تەخفیف فڕێ ئەدرێ و تەنیا موسەوویتی ((ە /a/)) ئەمێنێتەوە، وە ئەوترێ: فەرهاد بووە مامۆستا. لە زەمانی حاڵ و ئایەندەشدا واحیدی سەوتی ((تە /ta/)) کە رەنگە لێرەدا نیشانەی تەکیە بێ، ئەهێنرێ و ئەوترێ: فەرهاد بووەتە مامۆستا یا ئەبێتە مامۆستا. بەڵام لە زەمانی ئایەندەدا ئیتر واحیدی سەوتی ((بە)) بەکار نابرێ.

هوون: خوێن. موسنەدە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

سەختی: ناوی مەسدەرە پیتی ((ی))ی نیشانەی ئیزافە لەبەر بێ نیازیی لە دووایەوە حەزف کراوە.

زامان: زەخمان. برینان. واتە: سەختی ئەو برینانە کە لە سووتانی دەروونم بەو ئاگرە هاتوونەتە دی.

تك تك: تك تك، قەترە قەترە، دڵۆپ دڵۆپ. قەیدە بۆ ((رێزا)).

چەنی: لەگەڵ، پیتی ئیزافەیە بە تەکیەدان لەسەر هیجای دووەم، وە ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای یەکەم بە مانای ((دەرزی))یە.

هەرس: فرمێسك. لە وتووێژدا بە موئەننەس بەکار ئەبرێ و ئەوترێ: هەرسی /harsī/ بە تەکیەدان لە سەر هیجای یەکەم.

رێزا: داوەری، هاتە خوار، دارژی. کردەوەی مازیی موتڵەقی بەسیتە لە ریشەی ((رێزی)) (داوەرین، وەرین، دارژین، رزین). لە باتی رێزای ((ئەرە رێزای، رێزایەرەی))ش بەکار ئەبرێ.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

دامان: داوێن. خوار، لای خواروو، پا. داوێنی کێو واتە: پای کێو، بنی کێو.

یەکێ تر لە شاکارە ئەدەبییەکانی مەولەوی ئەوەیە هەریەکە لە هۆنراوەکانی هەر پارچەیێکی جۆرە پەیوەندییێکی مانایی لەگەڵ هۆنراوەکانی پێش و پاشیدا

هەیە، چونکە مەبەستی مەولەوی لە هۆنینەوەی هەر پارچەیێك ئەوە نەبووە کە وەك هەندێ لە هۆنەران تەنیا هۆنراوە بهۆنێتەوە بۆ پارچەکەی، بەڵکە مەبەستی ئەوە بووە کە ئەجزای ئەو مەزموونە کوللییە کە لە زیهنیدا بووە لەگەڵ ئەو جۆرە پەیوەندییە وردە مەعنەوییانەی کە لە نێوان جوزئەکانی مەزموونە کوللییەکەدا هەیە، بە هونەرنماییێکی ئەدەبیی کەم وێنە لە ئەلفازی هۆنراوەکانی ئەو پارچەیەشدا نیشان بدا. جا لەبەر ئەوەی کە وتمان لێکدانەوەی مانای هەر یەکە لە هۆنراوەکانی هەر پارچەیێك بەو چەشنە کە خۆی مەبەستی بووە، پێویستی بە لێکدانەوەی پێش و پاشی ئەو هۆنراوەیە هەیە، گینا هونەرنماییەکانی مەولەویمان لە سەنعەتی ئەدەبی شیعریدا بەو جۆرە کە هەیە، بۆ دەرناکەوێ. بۆ وێنە لە هۆنراوەی پێش لەم هۆنراوەیەدا ئەڵێ: ((ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە نە هەردەی دەروون ئایر وەرداوە)). دیارە ئەگەر ئاگر بەردرێ لە شتێ یا ئەیسووتێنێ و بە تەواوی لەناوی ئەبا یا ئەیتوێنێتەوە و بە شکڵێ تر دەری ئەهێنێ، بەڵام مەولەوی لەو هۆنراوەیەدا ئەوەی روون نەکردووەتەوە و لە ئیبهامدا هێشتوویەتەوە. ئینجا بە دوای ئەو هۆنراوەیەدا ئەڵێ: ((تاقەت بی وە هوون...)) دیارە مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئەو ئیبهامەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە مەبەست لە ئەسەری ئەو ئاگرە تواندنەوەی هێز و توانایی بووە، کە وابوو خوێن بوونی توانایی و تێکەڵبوونی لەگەڵ فرمێسك و رژانە خواری لە چاوان پەیوەندی مانایی ئەو دوو هۆنراوەیە بە جوانی نیشان ئەدا.

**پوختەی مانا:**

ئەو ئاگرە هێز و توانایی تواندمەوە و کردی بە خوێن و لەگەڵ فرمێسکدا تێکەڵ بوو و تك تك لە چاوانمەوە هاتە خوار.

**خەم نە سەرجۆی هوون سارای دڵ جەم جەم**

**بارچنیی چوون فەوج قافڵەکەی عەجەم**

خەم: غەم، خەفەت، پەرێشانی، پەژارە.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

سەرجۆ: ناوی مورەککەبە، بە جێگاییێکی پان و بەرین و پڕ لە سەوزایی و دار و درەخت ئەوترێ کە جۆگەییێکی گەورەی پڕ لە ئاوی جاریی تێدا بێ و، خەڵك و رێبوار و کاروان لەو جێگایەدا بحەوێنەوە و پشوو بدەن[1]. پیتی ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە. ئەشگونجێ ((سەرجۆ)) ناوی مورەککەب نەبێ بەڵکە تەرکیبێکی ئیزافی بێ و نیشانەی ئیزافە لە دوای وشەی ((سەر))ەوە حەزف کرا بێ.

هوون: خوێن. موزاف ئیلەیهە بۆ ((سەرجۆ)) و موزافیشە بە ((سارا)) و کەسرەی کورتی نیشانەی ئیزافە لەبەر وەزنی هۆنراوەکە لە دوایەوە دەرناخرێ.

سارا: سەحرا. دەشت. زۆرتر بۆ دەشتێکی سەوز و ئاودار بەکار ئەبرێ. موزاف ئیلەیهە بۆ ((هوون)) و موزافیشە وە لای ((دڵ)). ئیزافەی ((سارا)) بە دڵ ئەوە روون ئەکاتەوە کە مەولەوی لەبەر ئەوە لە زۆرایەتی خەم و پەژارەی جێگر لە دڵیدا موبالەغەی کردووە، ویستوویە کە گەورەیی دڵیشی بەو سنعەتی ((سارا)) نیشان بدا تا ئەو هەموو خەم و پەژارەیەی تێدا جێ ببێتەوە.

جەم جەم: کۆمەڵ کۆمەڵ. قەیدی کەممییەتە بۆ فیعلی ((چنی)). لەم نیوە هۆنراوەیەدا سێ تەرکیبی ئیزافی ئیستعاری جوان و دڵڕفێن بەکار براوە — لە سوورەتێکا ((سەرجۆ)) ناوی مورەککەب بێ. وە ئەگەر تەرکیبی ئیزافی بێ، تەرکیبە ئیزافییەکان ئەبن بە چوار. با وەکو تەتابوعی ئیزافات لە چاوی عیلمی بەدیعەوە بە فەساحەتی کەلام زیان ئەگەیینێ، بەڵام جوانی لە رادەبەدەری ئەو ئیزافە ئیستعارییانە کە دیمەنێکی رازاوە و دڵڕفێن لە جیهانێکی بەربەڵاوی خەیاڵدا

(١) لە هۆنراوەی فۆلکلۆرێکدا ئەوترێ:

لە ویرت مەیۆ شەوەکەی سەرجۆ — لاڵە و پارەی من ((مەکە و لاوە))ی تۆ؟!

واتە: لە بیرت دێ ئەو شەوە کە لە ((سەرجۆ)) گەیشتین بەیەك، من بۆ کامە رەوایی لە تۆ ئەپاڕامەوە و تۆ هەر ((مەکە و لاوە))ت ئەوت وە ملت بە من نەئەدا؟!

بۆ پیاو موجەسەم ئەکا، ئەو زیانە ئەگێڕێ بە تەرشێح و تەزیین بۆ ئەو سەنعەتە شیرینە بەیانییە.

بار: ئەو شتومەکەیە کە بە پشتی چوارپێ یا گاری و وەسایلی تری مۆتۆڕی لە جێگاییێکەوە ئەیبەن بۆ جێگاییێکی تر، دیارە لێرەدا بارێ مەنزوورە کە بە پشتی چوارپێی وەك: هێستر و ئەسپ و گوێدرێژ گوێزرابێتەوە چونکە لە رۆژگاری مەولەویدا، وەسایلی مۆتۆڕی هێشتا نەهاتووەتە کوردستان.

چنی: لەسەریەك داینا. کردەوەی مازیی موتڵەقی بەسیتی تێپەڕی سێیەم کەسی موفرەدە لە ریشەی ((چنیەی)) (چنین) کە بە مانای لەسەریەکدانانە و، بۆ ماناگەلی تریش وەك: سەمەرکۆکردنەوەی دار و گیا و بافینی بەن و دەزوو بۆ گۆرەوێ و دەسکێش و شتانی تر هاتووە. ((خەم)) ئەبێ بە فاعیلی، وە ((بار)) مەفعوولیەتی.

چون: وەك، لێرەدا پیتی تەشبیهە.

فەوج: دەستە، کۆمەڵ. ناوی کۆمەڵە واتە لە لەفزدا موفرەد و لە مانادا جەمعە. ئەو وشەیە زۆرتر بۆ کۆمەڵی سەرباز بەکار ئەبرێ. بەڵام لێرەدا بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە زۆرایەتیدا بۆ ((قافڵە)) بەکار براوە. نیشانە ئیزافە لە دواییەوە دەرناخرێ تا وەزنی هۆنراوەکە تێك نەچێ.

قافڵە[1]: کاروان، کۆمەڵێ خەڵك کە پێکەوە بە ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ و وەسایلی تر سەفەر بکەن، و کاڵای بازرگانی رێبوار لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر یا

(١) لە رۆژگاری مەولەویدا دوو قافڵەی گەورە و بەناوبانگ لە نێوان ئێران و عێراق بە ناوچەکانی کوردستاندا هات و چوویان کردووە و، رێبوار و شتومەك و کاڵای بازرگانییان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر گوێزاوەتەوە. یەکێکیان: مەرکەزی شاری ((بەهار)) نزیکی شاری ((هەمەدان)) بووە و پێیان وتووە ((قافڵەی بەهاری))، ئەوی تریان مەرکەزی شاری ((ئیشتهارد)) نزیکی شاری ((قەزوین)) بووە و پێیان وتووە ((قافڵەی ئیشتهاردی)). لە کوردییا زۆرتر لە باتی قافڵە ((قەتار)) بەکار براوە. لە کتێبی: ((خورشید خاوەر))دا هاتووە: قەتارێ ئامان گەوهەر بار شەن خورشید خاوەر سەرقەتار شەن.

لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بگوێزنەوە. بە قافڵە، قەتاریش وێژراوە. بە سەرپەرشتی ئەو کاروانە قافڵەچی، قافڵە سالار، سەرقافڵە و سەرقەتاریان وتووە، ئەو ئەسپە کە لە پێش کاروانەکەوە ڕۆیشتووە، پێشاهەنگیان پێ وتووە. واحیدی سەوت ((ەکە /-aka/)) لە دوایەوە نیشانەی تەعریفە، پیتی ((ی))ش کە بە دوایا دێ نیشانەی ئیزافەیە.

عەجەم: بە مانای غەیرە عەرەبە، بەڵام لە زمانی کوردییا بە فارسەکان و تورکەکانی ئێران ئەوترێ. موزاف ئیلەیهە.

**پوختەی مانا:**

ئینجا فەوجی خەم و پەژارەی دووریی ئازیز وەك فەوجی قافڵەکەی عەجەم هێرشی هێنا و لەسەر جۆگەی ئەو خوێنەوە کە لە سارای دڵمەوە تێپەڕ ئەکا باری خست و دەستە دەستە بارەکانی هەڵچنی و پشووی دا.

**هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقیی**
**وادەی دەورەتەن هانا، های ساقیی!**
**دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵەوە**
**ژەنگ دڵ وە جام مەی بماڵەوە**

هەر: لێرەدا ئامرازی حەسرە، واتە: کورتکردنەوە و مەحدوودکردنی شتێ لەسەر شتێکی تر ئەگەیێنێ، وەك: هەر تۆم خۆش ئەوێ، لێرەدا، دیارە ((خۆشویستن)) بڕاوەتەوە لەسەر ((تۆ)) واتە: جگە لە تۆ کەسی ترم خۆش ناوێ. بە مانای ناوی موبهەمیش هاتووە ئەگەر لەگەڵ ناوی عامدا تەرکیب بکرێ وەك: هەر کەس، هەر شت لەم حاڵەدا مانای ((کولل))ی عەرەبی ئەدا.

---

لە ناو شاعرەکانی شێوەی گۆرانیدا ((فەخرولعولەما ))ی سنەیی پارچە هۆنراوەیێکی جوانی هەیە بە ناوی ((قەتاری ئیشتهاردی))، وە مەولەویش پارچەیێکی هۆناوەتەوە بە ناوی ((قەتارەی بەهاری)) کە لە ژێر ژمارەی ـــــ باسمان لێوە کردووە.

وه: به. پیتی ئیزافه‌یه.

زۆر: هێز، نێروو، توانایی، فره، خه‌یلێ. لێره‌دا به مانای ((هێز))ه. ته‌رکیبی ((هه‌ر وه زۆر)) قه‌یدی موره‌ککه‌بی حاڵه‌ته بۆ کرده‌وه‌ی ((مه‌نده‌ن)). واته: زۆر بۆ خۆم ئه‌هێنم نیوه هه‌ناسه‌یێك ئه‌ده‌م.

مه‌نده‌ن: ماوه. کرده‌وه‌ی موره‌ککه‌بی مازیی نه‌قڵییه له ریشه‌ی ((مه‌نده‌ی)) (مان). جوزئه‌که‌ی ((باقی))یه که‌وتووه‌ته دواوه ((مه‌نه‌ی))ش ئه‌وترێ.

نیم نه‌فه‌س: نیوه نه‌فه‌س، نیوه هه‌ناسه. ناوی موره‌ککه‌به و کینایه‌یه له لاوازی و ناته‌وانی و بێ هێزی، یا نیوه ره‌مه‌ق و نیوه گیان.

باقی: ماو. سیفه‌ته. لێره‌دا جوزئی ساختمانی فیعلی ((مه‌نده‌ن))ه و بۆ ته‌ئکیدی مانای فیعله‌که هێنراوه، به‌ڵام له‌به‌ر زه‌رووره‌تی شیعری لێی جیا بووه‌ته‌وه، چونکه له ئه‌سڵدا ((باقی مه‌نده‌ن))ه. فاعیلی ئه‌و فعله موره‌ککه‌به. بریتییه له ((نیم نه‌فه‌س)).

واده: وه‌عده. کات. پیتی ((ی)) نیشانه‌ی ئیزافه‌یه.

ده‌وره‌ته‌ن: ده‌وردانه‌وه‌ته. مه‌یگێڕانته. مه‌به‌ست له ده‌وردانه‌وه‌ی ساقیی، مه‌ی گێڕاندنیه‌تی له مه‌جلیسی عاشقاندا تا ئه‌گاته لای مه‌له‌ویش، ئینجا ئه‌گه‌ر مه‌به‌ست له ساقیی خاوه‌نی ئه‌و هێزه مه‌عنه‌وییه بێ، مه‌به‌ست له ((مه‌ی))یش ته‌وه‌ججوهی مه‌عنه‌وی خاوه‌نی ئه‌و هێزه‌یه.

ته‌رکیبی ئیزافی ((واده‌ی ده‌وره‌ته‌ن)) موسنه‌ده بۆ موسنه‌د ئیله‌یهێکی مه‌حزووفی وه‌ك: ئه‌م کاته. واحیدی سه‌وتی ((ه‌ن /-an/)) له دوایه‌وه زه‌میری رابیتی سێیه‌م که‌سی موفره‌دی زه‌مانی حاڵه.

هانا: په‌نا. ناوه، له‌گه‌ڵ مه‌سده‌رێکدا ته‌رکیب ئه‌کرێ بۆ فیعل دوروستکردن وه‌ك: هانابردن واته: په‌نابردن. لێره‌دا مه‌فعووله بۆ فیعلێکی مه‌حزووف وه‌ك: بده، هێناوه. واته: په‌نام بده، په‌نام هێناوه.

های: پیتی بانگکردنه، زۆرتر له حاڵێکدا به‌کار ئه‌برێ که له‌و بانگکردنه‌دا پاڕانه‌وه و یارمه‌تی خواستن و فریاکه‌وتن موراد بێ. بۆ مانای بێدار و

وریاکردنەوەش هاتووە وەك: های نزیکی ئەو ئاگرە نەکەوی! بە مانا ((هەی))ش بەکار ئەبریٚ.

ساقیی: مەیگێڕ. مەولەوی وشەی ((ساقی))ی لە هۆنراوەکانیدا زۆر بەکار بردووە، مەبەستی لە مەدلوولی ئەو وشەیە خاوەن هێزێکی مەعنەوییە کە دەسەلاَتێکی موتلەقی بەسەر رەوانیی ئینسانیدا هەبێ. ئەو خاوەن هێزە بە لای عورەفای ئیسلامییەوە یا بریتییە لە پیر و مورشید یا پێغەمەر یا خودا. هەندیٚ جاریش بریتییە لە فریشتەیێك کە لە لایەن خوداوە ئەو دەسەلاَتەی پیٚ درابیٚ. بڕیٚ جاری تریش مەبەست لەو وشەیە مەدلوولی حەقیقییە کە بریتییە لە مەعشووقەیێکی دلڕفێن کە لە مەجلیسی مەیخواردنەوەدا لە عوششاقی خۆی پەزێرایی بکا و بە جەمالی خۆی مەدهۆش و بە نەشئەی مەیەکەی سەرخۆشیان بکا و، خەم و پەژارەی تالی و سوێری ژیانیان لەبیر بباتەوە. مەبەستی زۆرتری شاعیران لە بەکاربردنی ساقیی و مەی و مەعشووق، مەدلوولی حەقیقی ئەو وشانەیە کە هۆنراوەکانی خۆیان بە پێکهێنانی بەزمگەیێکی خەیالی جوانی عاشقانە پیٚ ئەڕازێننەوە، لەم حالەدا موراد لە ((ساقی)) موتلەقی مەیگێڕی مەیخانەیە چ ژن بیٚ چ پیاو.

دەوریٚ دەر: دەوریٚ بدەوە. کردەوەی مورەککەبی ئەمری موفرەدی حازرە لە ریشەی ((دەوردای)) (دەوردان). پیتی ((ر)) بە بیٚ ریٚگا زیاد کراوە و جوزئی ریشە نییە[1].

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

ناز: غورروور، لە خۆ ڕازی بوون، تەرکیبی ((وە ناز)) قەیدی حالەتە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

---

(١) ئەوەش ئەگونجیٚ کە پیتی ((ر)) لەو کردەوەیەدا جوزئی ریشە بیٚ و لە ئەسلدا ((درای)) (دران) بووبیٚ ئەنجا بە مورووری زەمان پیتی ((ر)) لە ریشە و لە هەندیٚ لە کردەوەکانیدا حەزف کرابیٚ. وێنەی ئەو حەزفە لە هەندیٚ لە ریشەکان و کردەوەکانیاندا ئەکەوێتە پێشچاو وەك: کران – کران. بکە، ئەکەم، خسران – خران. خستن، بخە، ئەخەم. دیارە ئەو حەزفەش بیٚ ریٚگایە.

پیاڵە: پەرداخ، لێوان، کاسە. جام، ئەو زەرفە کە مەیی تێ ئەکرێ بۆ خواردنەوە. واحیدی سەوتی ((ەوە /awa-/)) لە دوایەوە لێرەدا بۆ گەیاندنی مانای موساحەبە و ئیتتسالە، واتە لەگەڵ پیاڵەی مەیدا دەورێ بدەوە.

ژەنگ: ئەگەر مەبەست لە ((ساقی)) ئەو خاوەن هێزە مەعنەوییە بێ کە باسمان لێوە کرد، وشەی ((ژەنگ)) کینایەیە لە هەوا و هەوەس و رەزاییلی نەفسانی، وە ئەگەر مەبەست مەعشووقەی خەیاڵی شاعران بێ، کینایەیە لە ناکامی و ناهومێدیی و مەحرومی لە شادی و خۆشی ژیان. وشەی ((مەی))یش بە پێی تەعبیری یەکەمی وشەی ((ژەنگ)) بریتییە لە تەوەججوهاتی مەعنەوی، وە بە پێی تەعبیری دووەم مانای حەقیقی خۆی مورادە. ئیزافەی ((ژەنگ)) بە دڵ ئیزافەی تەخسیسییە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

جام: پیاڵە.

مەی: ئەگونجێ مانای عیرفانی یا مانای حەقیقی موراد بێ.

بماڵەوە: بماڵەوە، خاوێن بکەوە. کردەوەی ئەمری حازری موفرەدە لە ریشەی ((ئەوە ماڵای)) یا ((ماڵایەوە)) (ماڵینەوە). پاشگری ((ەوە /awa-/)) لە دوایەوە لێرەدا مانای ئیستمرار و درێژەدان ئەدا. کردەوەی ماڵین لە کوردییا زۆرتر بۆ خاوێنکردنی جۆگە بەکار ئەبرێ، کە وابوو مەبەستی مەولەوی لە ماڵینەوەی ژەنگی دڵ ماڵینەوەی ژەنگی جۆگەی خوێنی سارای دڵیە کە لە هۆنراوەی پێشوودا هێناویە. وە لێرەدا ئەو تەرکیبە ئیزافییە لەبەر زەروورەتی شیعریی کورت کراوە.

مەولەوی بە هونەرنماییێکی بێ وێنە مەزموونی ئەم دوو هۆنراوەیەی بە مەزموونی هۆنراوە پێشووەکانی ئەم پارچەیەوە، پەیوەندداوە کە پەیبردن بەو پەیوەندییە، وردبوونەوەیێکی قووڵی پێ ئەوێ، ئێمە تا ئەو جێگایە کە توانیومانە ئەو پەیوەندییەمان لە پوختەی مانای هۆنراوەکاندا، دەرخستووە، وە لەمەولاش هەوڵ ئەدەین بە پێی دەسەڵاتی خۆمان ئەو پەیوەندییانە لە نێوان هۆنراوەکانی هەموو پارچەیێکدا نیشان بدەین.

**پوختەی مانا:**

لەبەر زۆری و سەنگینی باری خەم و پەژاری دووریی ئازیز بە ئاستەم نیوە گیانێکم تێدا ماوە، ساقیی هاوارە پەنام هێناوە! هەستە بە نازەوە دەورێ بدە و مەیەکەت بگێڕە و پیاڵەیێ لەو مەیەش بۆ من تێکە و بە نەشئەی ئەو مەیە ژەنگی ناکامی و مەحروومی لەو جۆگە خوێنە کە لە سارای دڵمەوە سەرچاوە ئەگرێ، بماڵەوە!

بـــۆی گوڵاڵـــەی دەرد دڵبـــەر عـــەزیزەن
مـــەزەی تـــام خـــەم یـــاران لـــەزیزەن
فەریادڕەسیم کـەر، نـە جـای گشـت کەسم!
مـــازە ئـــەو لـــەزەت بەرشـــۆ نـــە دەســـم!
ئیحیـــام کـــەر وە جـــام ســـاف یەکمـــەنیی!
بەڵکـــە بمـــانوون پـــەی خـــەمێو هـــەنی

بۆ: بۆ، بێن. موزاف و موسنەد ئیلەیهە.

گوڵاڵە: گوڵێکی سووری بچووکی کێوییە ئەو گوڵە چەن جۆری هەیە، ئەو جۆرەی کە لە کوێستان شین ئەبێ بێنێکی زۆر خۆشی هەیە کە ((سـوورە هەڵاڵـە)) یا ((سـوورە هەراڵـە))ی پـێ ئـەوترێ، وە تایبـەتی شـاخە بـەرزەکانی هـەورامان و جوانڕۆیە. وەها کە بە هۆنراوەکـەدا بۆمـان دەرئەکـەوێ مەبەسـتی مەولـەی لێـرەدا سوورە هەراڵەیە، وە کینایەیە لەو خوێنە کە لە سارای دڵیەوە سەرچاوەی گرتووە.

دەرد: ئـێش، نەخۆشـی، خـەم و پـەژارە. بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت ئێشـی ئـەو برینانەیە کە لـە ئەسـەری ئـاوری ئـارەزووی ئـازیزەوە لـە دەروونـدا هاتوونـە دی و خوێنیان لێ ئەتکێ.

دڵبەر: مەعشووق.

عـەزیز: خۆشەویسـت، بـەڕێز، گـەورە. لێـرەدا بـە ئیهـام[1] مەبەسـت ((شـێخ عەزیز))ی خەڵکی گوندی ((جانەوەرە))یە. بە پێی ئەم تـەعبیرە ((عـەزیز)) ئەبێتـە عەطفە بەیان بۆ ((دڵبەر)) و موسنەدە. واحیدی سەوتی ((ەن /-an/)) لە دوایـەوە رابیتی زەمانی حاڵە. کە وابوو لەم نیوە هۆنراوەیەدا هەم سەنعەتی بـەیانی و هـەم سەنعەتی بەدیعی هەیە. سەنعەتە بەیانییەکە بریتییە لە ئیزافاتی ئیستعاری: ((بۆی گوڵاڵەی دەرد...)). مانای ئەم نیوە هۆنراوەیە بەم جۆرەیە: ساقیی! بـە نەشـئەی مەیەکەت جۆگەی ئەو خوێنە کە لە برینەکانی دڵمەوە سەرچاوە ئـەگرێ بکـەوە بـا بۆی ئەو خوێنە کە لە بۆی گـوڵ بەلامـەوە خۆشەویسـترە لەگـەڵ بـۆی شـتی تـردا تێکەڵ نەبێ.

مەزە: بریتییە لەو چۆنییەتییە کە لـە کـاتی خـواردنی شـتێکدا هەسـت ئـەکرێ وەك: تاڵی، شیرینی، سوێری و ترشیی. موسنەد ئیلەیهە. پـیتی ((ی)) لـە دوایـەوە نیشانەی ئیزافەیە. مەزە بە مانای ((تام))یش بەکار ئەبرێ.

تام: تـەعم. چەشـتن، چـێژین. چـێژان. نانـە دەمـی خۆراکـێ بـۆ هەسـتکردنی مەزەی ئەو خۆراکییە. بە مانای مەزەش بەکار ئەبرێ.

خەم: غەم، پەژارە، خەفەت.

---

(١) وەها کە وتوومانە مەولەوی شاعیرێ نەبووە کە دابنیشێ و شعر بڵێ و دیوان بنێ بە یەکەوە، بەڵکـە زۆرتری پارچە هۆنراوەکانی بە سوورەتی نامەن یا بـۆ کەسـێکی نووسـیون یـا وەڵامـی نامـەی کەسـێکی داوەتەوە، جا لەبەر ئەوەیە کە گەلێ رەمز و کینایە لە هۆنراوەکانیدا ئەکەونە پێشچاو کە دەرککردنیـان بۆ ئێمە دژوارە. چونکە تەنیا خۆی و، ئەو کەسە کە نامەکەی بۆ نووسـیوە، لـەو کینایـە و رەمزانـە تـێ گەیشتوون. بۆ وێنە ئەگەر مەولەوی نـاوی کەسـێکی لـە پارچـە هۆنراوەکەیدا بردبێ زۆرتـر بـە ئیهـام و کینایە و سەناییعی تری ئەدەبی ئەو ناوەی هێناوە و زیکری کـردووە، وەهـا کـە لـەم پارچـەیەدا کـە بـۆ شێخ عەزیزی نووسیوە، ئەلێ: بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر ((عەزیز))ەن... هەروەها لە پارچەیێکی ترا کـە بۆ ((شێخ عومەر زیائەددین))ی نووسیوە ئەڵێ: ((زیا))ی دڵ! نامەت وەلای دڵڕیشان... لە پارچـەیێکی تریشا کە لەسەر مەزاری ((بابا یادگار)) نووسیوییە ئەڵێ: هیممەتت باعیس رەستگاری بۆ. یار بـۆ، دیـار بۆ، ((یادگار))ی بۆ، وە لە گەلێ پارچەی تریشا کە لەمەولا باسیان لێوە ئەکەین ئەو جـۆرە هونـەرنمایی یە جوانانەی نیشان داوە.

یاران: دۆستان.

لەزیز: لەززەت بەخش، خۆش مەزە. موسنەدە. واحیدی سەوتی ((ەن /-an/)) لە دوایەوە رابیتی زەمانی حاڵە.

فەریادڕەسیم کەر: فریام کەوە، وەرە بە هاوارمەوە. کردەوەی ئەمری مورەککەبە لە ریشەی ((فەریادڕەسی کەردەی)) (فریاکەوتن، بەدادەوەگەیشتن، بە هاوارەوە هاتن). ((فەریادڕەسی)) ناوی مەسدەرە لە سیفەتی ((فەریادڕەس))ی فارسی کە بە کۆمەکی مەسدەری ((کردن))ی کوردی کراوە بە مەسدەری مورەککەب و فیعلی لێ دورووست کراوە.

نە جای گشت کەسم: ئەی کەسێ کە لە جێگای گشت کەسی منی! ئەو تەرکیبە جوملەی سیلەیە (موعەرریفە) بۆ ناوی مەوسووول (موبهەم)ی ((کەسێ))ی مەحزووف کە عەتفە بەیان یا بەدەلە بۆ ((ساقی)). ئەوەش ئەگونجێ کە ئەو تەرکیبە لە مانای سیفەتدا بێ بۆ ((ساقی)): لەم سوورەتەدا مانای بەم چەشنەیە: ئەی ساقی کە لە جێی هەموو کەسی منی واتە: کە سیفەتت وایە لە هەموو خزم و خوێشێ بۆ من دڵسۆزتری. تەرکیبی ((نە جای گشت کەسم)) (لە جێی گشت کەسم) ئیستلاحێکە لە کاتی یارمەتی خواستن و پاڕانەوەدا بەکار ئەبرێ.

مازە: مەهێڵە، کردەوەی نەهیی موفرەدی موخاتەبە لە ریشە ((ئاستەی)) (هێشتن). ئەو کردەوە ئەسڵەکەی ((مەئازە))یە پیتی هەمزە لە ریشە، وە موسەوویتی ((ە /a/)) لە ئامرازی نەهی بۆ تەخفیف فڕە دراوە، بووە بە ((مازە)).

ئەو لەززەت: ئەو لەززەتە، ئەو خۆشییە. موسەوویتی ((ە /a/)) نیشانەی ئیشارەی حیسسی لەبەر زەرورەتی شیعری لە دوای موشار ئیلەیهەوە حەزف کراوە چونکە ئەسڵەکەی ((ئەو لەززەتە)) بووە.

بەرشۆ نە دەسم: دەرچێ لە دەسم. کردەوەی ئیلتیزامی مورەککەبی سێیەم کەسی موفرەدە لە ریشەی مورەککەبی ((نە دەس بەرشی یەی)) (لە دەس دەرچوون) بە مانای فەوتان، لەناوچوون.

ئیحیـام کـەر: زینـدووم بکـەوە. کـردەوەی مورەککـەبی ئـەمرە لـە ریشـەی مورەککەبی ((ئیحیا کەردەیەوە)) (ئیحیاکردنەوە)، پاشگری ((ەوە /-awa/)) کە لێرەدا مانای تەکرار ئەگەیێنێ لە دوایەوە بۆ تەخفیف حەزف کراوە. لە بـەکاربردنی ئەو تەرکیبـە مانـای حـەقیقی مەبەسـت نییـە بەڵکـە مەبەسـت لازمـی مانایـەتی کـە بریتییە لە بووژانەوە و هێز گرتنەوە و خۆشحاڵبوون چونکە لە هـۆنراوەی پێشـوودا ئەڵێ: هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی. لە هەر پارچـەیێکدا کـە ئـەو تەرکیبـە هاتبێ، مەبەست ئەو بەکاربردنەیە کـە ئیشـارەمان بـۆ کـرد. ئـەوەش ئـەبێ بگرینـە پێشچاو کە مەبەستی مەولەوی لە بەکاربردنی ئەو جۆرە تەرکیبانە مانـای مـەجازیی واتـە: عیرفانییـە، نـە ئـەو مانـا حەقیقییـە کـە مەبەسـتی زۆربـەی شـاعیرە عاشـق پیشەکانە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

جام: کاسە. زەرفێك کە لە پیاڵە گەورەتر بێ.

ساف: بێ خڵت و ملّت. پاڵێوراو. کینایەیە لە شەرابی خـالیس. یـا سیفەتە بـۆ ((مەی))ی مەحزووف.

مەن: مەن. ناوی واحیدی وەزن یا کەیلە کە میقداری شتی مایع یا جامدی پێ تەعیین ئەکرێ.

تەرکیبی ((جام ساف یەك مەنیی)) تەرکیبێکی تەوسیفییە واتـە: کاسـەیێ کـە یەك مەن شەراب بگـرێ. ئـەو تەرکیبـە ئیسـتلاحێکە شـاعیران بـۆ گەیانـدنی مانـای موبالەغـە بـە زۆر خواردنـەوەی شـەراب بـۆ دەفعـی غـەم و پـەژارەی ناکـامی و نەگەیشتن بە ئارەزووی دڵیان بەکاری ئـەهێنن. دیـارە مەولـەویش لـە رواڵەتـدا لـەو شاعیرانە پەیڕەوی کردووە، بەڵام لە واقیعدا مەبەستی مەولەوی لە بـەکاربردنی ئـەو ئیستلاحە، مانای عیرفانییە.

بەڵکە: بەڵکو. پیتی رەبتە بۆ مانای رجا و ئومێد و سەبەبییەت و غایەت بەکار ئەبرێ.

بمانوون: بمێنم. کردەوەی ئیلتیزامی موزاریعی یەکەم کەسی موفرەدە لە ریشەی ((مەنەی)) یا ((مەندەی)) (مان). واحیدی سەوتی ((بـ= /bi/)) لە سەرەتایەوە نیشانەی مانای ئیلتزامە. پیتی ((ن)) لە دوایەوە، بە بێ رێگا هێنراوە[1].

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

خەم: غەم، خەفەت، پەژارە. نیم موسەوویتی ((و /w/)) لە دوایەوە نیشانەی وەحدەتە و موسەوویتی ((ێ)) لە پێش ئەو نیم موسەوویتەوە، نیشانەی نەکارەتە[2]. لێرەدا پێویستە دووبارە یاداوەری بکەین کە هەر ئەندازە بکۆشین کە گۆشەیێکی بچووکی دەریای بێ مەرز و سنووری بیر وردیی مەولەوی دەرخەین

---

(١) لە دوای ئەو جۆرە کردەوانەوە کە بە موسەوویت دوایی یان دێ زۆرتر سامیتی ((ن /n/)) ئەهێنرێ وەك: کەروون (بکەم)، کەرۆن (بکات)، هێنانی ئەو پیتە وەك هێنانی پیتی ((ت))یە لەو جۆرە کردەوانە لە شێوەی سۆرانیدا وەك: بکات، بچێت، ئەکات، ئەچێت، نەقشی ئەو دوو پیتە لەو جۆرە کردەوانەدا، ئەگونجێ بۆ بەستنی ئەو موسەوویتانە بێ چونکە دوو سامیتی ((ن)) و ((ت)) لە دەنگە بەسراوەکانی زمانی کوردین.

(٢) نیشانەی نەکارەت لە شێوە کوردی گۆرانیدا وەك شێوەی سۆرانی (کرمانجی خواروو)، موسەوویتی ((ێ /ē/))یە، بەڵام نیشانەی وەحدەت کە ئەلکێ بە دوایەوە، بریتییە لە واحیدی سەوتی ((وە /-wa/))، وەها کە ئەوترێ: کوڕێوەم چەم پەنە کەوت (کوڕێکم چاو پێ کەوت). ئەگەر سیفەتێ بۆ ئەو جۆرە ناوانە بهێنرێت، دورووستە موسەوویتی ((ە /a/)) لە دوای نیشانەی وەحدەتەوە، فرە بدرێ و بوترێ: کوڕێو باڵا بەرزم چەم پەنە کەوت، وەها کە مەولەویش ئەڵێ: ((پەی خەمێو هەنی)) چونکە ناوی موبهەمی ((هەنی)) (تر) لە حوکمی سیفەت دایە. ئەوەش ئەبێ بزانین ئەو ناوانەی کە موسەوویتی ((ێ)) نیشانەی نەکارەت ئەگرن ئەگەر پیتی دواییان یەکێ لە موسەوویتگەلی: ((ا /ā/))، ((ۆ /ō/))، ((وو /ū/))، ((ە /a/)) بێ، نیم موسەوویتی ((ی /y/))ی فاسیل پێش لە نیشانەی نەکارەت و وەحدەتەوە ئەهێنرێ.

وەك: گەڵاییێوە (گەڵاییێك). کۆیێوە (کۆیێك)، موویێوە (موویێك)، نامەیێوە (نامەیێك). ئەو ناوانە کە پیتی دواییان موسەوویتی ((ێ /ē/)) بێ تەنیا نیشانەی وەحدەت ئەگرن و نیشانەی نەکارەت ناهێنرێ وەك: کناچێ (کچ) ئەبێ بە کناچێوە (کچێك). ئەو ناوانە کە پیتی دواییان موسەوویتی ((ی /ī/))یە، لە کاتی گرتنی نیشانەی نەکارەتدا، ئەو موسەوویتە تەبدیل ئەبێ بە موسەوویتی ((ێ /ē/)) و ئیتر نیشانەی نەکارەت ناهێنرێت وەك: ژەنی (ژن) ئەبێ بە ژەنێوە (ژنێك).

هێشتا توانایی ئەو کارەمان نییە، بۆ وێنە وشەی ((خەم)) کە ناوە، ئەگەر بمانەوێ کردەوەی لێ دوروست بکەین زۆرتر لەگەڵ مەسدەری ((خواردن))دا تەرکیب ئەکرێ و ئەوترێ: خەمخواردن، ئینجا مەولەوی لە هۆنراوەی ژمارە ٦ دا ئەو نوکتە وردە ئەدەبییە کە کەمتر کەسێ بیری پێ ئەگات ئەگرێتە پێشچاو و ئەڵێ: مەزەی تام خەم یاران لەزیزەن، واتە مەزەی خواردنی خەمی یاران بە لەززەتە. هەروەها ئەو هونەرنماییەشی لە وشەی ((گوڵاڵە)) لەو هۆنراوەیەدا دەرخستووە کە مەبەستی تەشبیهکردنی سووریی ئەو خوێنەیە کە لە هۆنراوەی ژمارە (٢)دا هێناویە بە سووری گوڵاڵە سوورەی بێنخۆشی کوێستانان.

هەنی: ئیتر، دیکە، تر. ناوی موبهەمە کە لێرەدا مانای سیفەت ئەگەیێنێ، وە بۆ تەئکیدی مانای نەکارەتە کە هێنراوە.

**پوختەی مانا:**

لەبەر ئەوە بۆی گوڵاڵە سوورەی ئەو خوێنە بەلامەوە خۆش و، تام و مەزەی غەم و پەژارەی دووری یارانیش بۆم لەزیزە، فریام کەوە تەنیا دڵسۆزم! با نەمرم و ئەو خۆشی و، لەززەتە لە دەس نەدەم، بە جامێ شەرابی یەکمەنیی بمبووژێنەوە بەڵکە بمێنم بۆ لەززەتبردن لە غەم و پەژارەیێکی تر.

# پارچەی چوارەم

**هـامن هـا ! مـن وار گـەرمیش جـۆش ئـاوەرد**
**فـــەزای بـــەزم نـــەزم نـــەو وەهـــاران بـــەرد**

هامن: هاوین، ناوی وەرزێکە لە چوار وەرزەی ساڵ لەو وەرزەدا هـەوای ناوچـە باشوورییەکانی کوردستان زۆر گەرم ئەبێ. بە جۆرێ کە لە مەزموونی ئەم پارچـەیە بۆمان دەرئەکەوێ، مەولەوی ئەم پارچـەیەی لـە یـەکێ لـە ناوچـە گەرمەسێرەکانی کوردستاندا بۆ یەکێ لە دۆستانی هۆنیوەتەوە.

ها: بۆ چەن مانا هاتووە، لێرەدا مانای وریاکردنەوە ئەدا.

مـن: زمـیری یەکـەم کەسـی مـوفرەدی مونفەسیلە، واحیـدی سـەوتی ((وار /-wār/)) لێرەدا پاشگری تەشبیهە واتە: وەك مـن، مـن ئاسـا. لـە تـەرکیبی ((هـامن ها ! من وار)) سەنعەتی جیناس بەکار براوە.

گەرمیی: ناوی مەسدەرە. پیتی ((ش)) لە دوایـەوە زەمـیری سـێیەم شەخسـی موفرەدە و ئەبێتە موزاف ئیلەیهی.

جوش ئاوەرد: جۆشی هێنا، هاتە جـۆش واتـە: گەیشـتە دوا پلـەی حـەرارەت. کردەوەی مورەککەبی سێیەم شەخسی موفرەدە لە ریشـەی ((جـۆش ئـاوەردەی)) (جۆش هێنان).

فەزا: مەیدان، زەوی پـان و بـەرین، سـەحنی خـانوو و هـەر شـتێکی مەحـدوود وەك: فەزای باغ و حەوشە و سـەرا. لـە ئیسـتلاحی جوغرافیـادا ئـەو جێگایەیـە کـە کـورەی زەوی و کـوراتی تـری تێـدا ئەسـوورێنەوە. هـەوایێ کـە زەوی دەور داوە. لێرەدا مەبەست لە ((فەزا)) هەوای بەهارییە واتە ئەو هەوایە کـە لـە وەرزی بـەهاردا هەست ئەکرێ.

بەزم: شادیی، خۆشی، ئاهەنگ گێڕان.

نەزم: تەرکیب، ڕێکی و پێکی. بوونی هەر شتێ لە جێگای خۆیدا. نەزمی بەهار واتە: تەرکیبی ئەو شتە جوانانە کە لە وەرزی بەهاردا لە کات و جێگای خۆیاندا دێنە دی.

نەو وەهاران: نەو بەهاران، تازە بەهاران. مەبەست لە هێنانی ((نەو وەهاران)) بە سیفەی کۆمەڵ ئەوەیە کە هەر جێگایێ بە پێی مەوقیعییەتی جوغرافییایی و گەرمیان و کوێستان بوونی، بەهارێکی تایبەت بە خۆی هەیە، مەخسووسەن سەر زەوی کوردستان لەو سەر زەوینانەیە کە هەر مەڵبەند و ناوچەیێکی بەهارێکی هەیە، ئەگەر لە ناوچەیێکی گەرمەسێر وەرزی بەهار بگاتە کاتی پیربوون و دوایی هاتن، لە ناوچەیێکی تری سەردە سێردا، وەرزی بەهار تازە دەس پێ ئەکا و ئەچێتە پێشەوە، جا بەو بۆنەوەیە کە مەولەوی وشەی ((وەهار))ی لەگەڵ وشەی ((نەو))دا تەرکیب کردووە و بە سیفەتی جەمعیش هێناویەتی تا هەردوو ماناکە بگەیێنێ.

بەرد: برد. کردەوەی مازیی موتڵەقە لە ریشەی ((بەردەی)) یا ((بەردەن)) (بردن). تەرکیبی ئیزافی ((بەزم نەزم نەو وەهاران)) تەرکیبی ئیزافی ئیستعارییە.

**پوختەی مانا:**

ئەوا گەرمای وەرزی هاوین وەك گەرمای کوورەی دەروونی من هاتە جۆش و فەزای فەرەحبەخشی بەزم و ئاهەنگی جوانی تازە بەهارانی لەناو برد.

**بووڵ وە یانەی خەم نەو گوڵاڵان شەند**
**چەمەن بێ نەوای ناڵەی بڵبڵ مەند**

بووڵ: بووڵ، خۆڵەمێش.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

یانە: خانوو، خانە، ماڵ. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

خەم: غەم، خەفەت، پەژارە.

نەو گوڵاڵان: نەو گوڵاڵان، تازە گوڵاڵان. مورەککەب بوون و کۆمەڵ بوونی ئەو وشەیە لەبەر ئەوەیە تا لەگەڵ مانای ((نەو وەهاران))دا کە لە سەرەوە باسمان لێوە کرد بەرانبەری بکا.

شەند: وەشاند. کردەوەی مازیی موتڵەقە لە ریشەی ((شەندەی)) (وەشاندن، پرژاندن، پژاندن). ((شانای))ش ئەوترێ کە بە مانای ((چاندن))ە. وشەی ((گەرمی)) فاعیلە بۆ ئەو کردەوەیە.

مانای ئەم نیوە هۆنراوەیە زۆر وردە و یەکێ ترە لە شاکارە ئەدەبییەکانی مەولەوی. مەزموونی ئەم نیوە هۆنراوەیە حاڵەتی گوڵاڵەکانی کوێستانە رەنگینەکانی کوردستانمان لە کاتی دواییهاتنی وەرزی بەهار و داهاتنی وەرزی هاویندا بۆ دەرئەخا، بەم چەشنە کە گوڵاڵەکان لە رۆژەکانی دوایی وەرزی بەهاردا هەستیان بەوە کردووە کە هاوین خەریکە نزیك ئەبێتەوە، ئینجا خەم و پەژارەی دواییهاتنی ژیان، دایانئەگرێ و رۆژ بۆ روژ رەنگ و روویان تەراوەتی جوانی لە دەس ئەدا و، موحیتی شادیی و خۆشییان پڕ ئەبێ لە خەم و پەژارە و ناهومێدی، تا گەرمای هاوین ئەگاتە پلەیێ کە ئیتر هێزی درێژەدان بە ژیانیان لێ ئەبڕێ لە ئاکامدا ئەیانپووزێنێ و ئەیانکا بە بووڵ. تەرکیبی ((بووڵ وە یانەی خەم نەو گوڵاڵان شەند)) لە ئیستلاحی: ((بووڵ بە ماڵی کەسێکا وەشاندن))ە وەرگیراوە کە کینایەیە لە ماڵوێرانکردن و لەناوبردنی هەستی و سامانی کەسێ. لە مەزموونی ئەو تەرکیبەدا سەنعەتێکی ئیستعاری جوان بەکار براوە کە لە ئیستلاحی عیلمی بەیاندا پێی ئەوترێ: ئیستعارەی مەکنییە. لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانین کە هۆنراوەکانی مەولەوی پڕن لە سەناییعی بەدیعی و بەلاغی و بەیانی، ئێمە ئەگەر بمانەوێ هەمووی ئەو سەناییعە دیاری بکەین ((مەسنەوی هەفتاد مەن کاغەز شەوەد)) کە وابوو تا ئەو جێگایە کە بۆ وردکردنەوە و لێکدانەوەی مانای هۆنراوەکان پێویست بێ، لە بارەی ئەو سەناییعەوە ئەدوێین.

چەمەن: چیمەن، زەوی پڕ لە گژوگیای سەوز، زەوی سەوزەڵان. جێگایێك کە دار و درەختی تێدا شین بووبێ و زەوییەکەشی لە گوڵ و گیا. گیایێکە لە چەشنی

((هەرێز و قمامی کێوی کە تۆکەی لە کەناری شەقام و جادە و، لە سەحنی مەیدان و باغ و باغچەدا ئەکێلرێ و هەمیشە سەوز و خوڕەمە. باغ و گوڵزار)).

بێ: پاشگری نەفیە لەگەڵ ناودا تەرکیب ئەکرێ ئەیگێڕێ بە سیفەتی مەنفی وەك: بێ مێشك، بێ ئەدەب، بێ مەزە. هەندێ جار لە جوملەدا نەفی مانای ((موساحەبە و لەگەڵبوون)) ئەکا، لەم حاڵەدا لەگەڵ مەدخوولەکەیدا ئەبێ بە قەید بۆ کردەوەی جوملەکە وەك: بێ تۆ ناچم بۆ خوێنگە. وەها کە مەولەویش ئەڵێ: چەمەن بێ نەوای ناڵەی بلبڵ مەند.

نەوا: ئاواز: نەغمە. ناوی یەکێ لە ئاوازە ئێرانییەکانە. ماڵ و سامان و دارایی. لێرەدا مەبەست ((ئاواز))ە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ناڵە: هاوار، دەنگ، دەنگی تەقینەوەی شتێ، هاوارکردنی پڕ سۆز، دەنگێ کە لە سۆزی دڵەوە دەربێ، یا لە ئێشێکەوە سەرچاوە بگرێ. لێرەدا مەبەست دەنگێکە لە سۆزی دڵەوە دەربێ. پیتی ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

بلبڵ: بولبول. باڵدارێکی بچووك و جوانکەلەیە و نەوعێکە لە ((چۆلەکە))، لە بەهار و هاویندا لەناو باغ و گوڵزاردا رائەبوێرێ و عاشقی گوڵ و گوڵزارە، کاتێ گوڵی چاو پێ بکەوێ، چەن جۆر ئاوازی دڵڕفێنی بۆ ئەخوێنێ، داستانی عیشقبازیی گوڵ و بولبول وەك داستانی عیشقبازیی شەم و پەروانە بەناوبانگە و، مەزموونی شیعری عاشقانەی پێ دەڕازرێتەوە.

مەند: ما. کردەوەی مازیی موتڵەقە لە ریشەی ((مەندەی)) یا ((مەندەن)) یا ((مەنەی)) (مان). فاعیلی ئەو کردەوەیە وشەی ((چەمەن))ە.

**پوختەی مانا:**

ماڵی پڕ لە خەم و پەژارەی (دواهاتنی بەهاری) گوڵاڵەکانی وێران کرد و چیمەن و گوڵزار بە بێ نەغمەی دڵڕفێنی بولبول مایەوە.

تـــای بـــەڕەزای شـــەنگ نـــە ســـای مـــەغاران
شــــــێونا چــــــون زوڵــــــف تازییـــــەداران

تا: تاڵ. هەودا: بە مانای ((تار))ی فارسییە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

بـەڕەزا: جـۆرە گیـاییێکی خواردنییـە لـە تـەمۆی شـاخە بـەردە بـەرزەکانی کوردستانەوە شین ئەبێ. زۆرتر لە سیەبەری ئەو تاشە بەردانەدا ئـەڕوێ کـە کـەمتر خۆریان لێ بکەوێ واتـە: بـەڕەزا تـام و مـەزەی وەك گیـای ((جەعفەری))یـە بـەڵام گەڵاکانی لە گەڵای جەعفەریی وردتر و لقەکانی شەنگ و شـۆختر و پڕتـرە. بنجێکـی پتەو و پڕ لقی هەیە، کاتی بەهار بە رووی تاشە بەردە جوانەکاندا شۆڕ ئەبێتـەوە و بـەدەم شـنەی شـەماڵەوە ئەشـنێ، نوێنگـەیێکی دڵـڕفێنی لـە پـەرێشـانی زولفـی مەعشووق ئەهێنێتە دی. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی تەوسیفە.

شـەنگ: لێـرەدا بـە مانـای جـوان و قەشـەنگ و خـۆش پێکـەوتوو. سـیفەتی موتڵەقی سەماعییە. زۆرتر لەگەڵ سیفەتی ((شۆخ))دا کە هاومانان، بەکار ئـەبرێ و ئەوترێ: شەنگ و شۆخ.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

سا: سایە، سێبەر. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە. بە مانـای پـیتی تەئکیدی تەڵەبی فیعلیش هاتووە، وەك: سا وەرە!

مەغار: ئەشکەوتێ کە سەقفەکەی بەرز بێ و ناوەکەی قووڵ نەبێ. بـەو جـۆرە ئەشـکەوتە[1]، ((بـەر زەرد)) و ((تـاق))یش ئـەوترێ. پاشـگری ((ان)) لـە دوایـەوە نیشانەی جەمعە.

---

(١) ئەشکەوت لە هەورامیدا ((مـەڕە))ی پـێ ئـەوترێ، وە موسـەوویتی ((ە /a/)) لـە دوایـەوە نیشـانەی تەئنیسە، لە کاتی دەرخستندا تەکیە ئەدرێتە سەر هیجای یەکەم. ئەشکەوت زۆرتر لە داوێنی شـاخدایە، بەڵام تاق و بەرزەرد و مەغار زۆرتر لە تەمۆی شاخەوەن.

شێونا: شێواندی، تێکی دا. کردەوەی مازی موتڵەقی تێپەڕە لە ریشەی ((شێونای)) (شێواندن). فاعیلی ئەو کردەوەیە وشەی ((گەرمی)) و مەفعولیشی وشەی ((تا))یە کە لە پێشیەوەیە.

چون: لێرەدا ئەداتی تەشبیهە.

زڵف: زوڵف، بەو کۆمەڵە مووە ئەوترێ کە ژنان بە دوو تەرەفی روخساریاندا شۆڕی ئەکەنەوە و سوورەتیانی پێ ئەڕازێننەوە و ئەبێتە مەوزووعی ئینشا بۆ شاعیرانی عاشق پیشە، وە شاعیرانی عیرفانیش لە لازمی مانای بە ئیعتباراتی جۆراوجۆر کەڵکی لێ وەرئەگرن.

تازییەداران: تەعزییەداران، ئازیەتباران. سیفەتی مورەککەبی کۆمەڵە بۆ مەوسووفێکی مەحزووف وەك: ئافرەتان، ئازیزان کە ئەبێتە موزاف ئیلەیهی بۆ ((زڵف)).

مەولەوی بە پێچەوانەی رەوشتی زۆربەی شاعیران هەموو جۆرە جوانی و حاڵاتی تەبێعەتی بە جوانی و حاڵاتی ئینسانی (کە لێرەدا مەبەست ئینسانی عاشق و ئینسانی مەعشووقە) تەشبیه کردووە، بۆ وێنە لەم هۆنراوەیەدا حاڵەتی پەژموردەبوون و بێ تەراوەتبوونی تاڵە شەنگ و شۆخەکانی ((بەڕەزا))ی لە هاویندا بە دژاوی و بێ رەونەقی زوڵفی ئافرەتانی جوان لە کاتی لە دەسدانی خۆشەویستێکیاندا چوواندووە. ئەگەر بە وردیی لەو رەوشتە بکۆڵینەوە یەکێ تر لە خوسووسییاتی شاعیرانەی مەولەویمان بۆ دەرئەکەوێ، ئەو خوسووسییەتەش ئەمەیە کە مەولەوی عاشقی ((جوانی)) موتڵەق بووە، ئینجا بۆ نیشاندانی ئەو مەبەستی خۆیە، رەوشتی خۆی لە شیعردا لە رەوشتی شاعیرە عاشقپیشەکان کە عاشقی جوانی ئافرەتان بوون، جیا کردووەتەوە. دیارە ((جوانی)) پەرەستی موتڵەقیش گرنگترین رەوشتی عورەفا و خوداناسانە چونکە عورەفا هەموو زەرراتی عالەمی ئیمکان بە نوێنگە و مەزهەری وجوودی مەعشووقی حەقیقی واتە: بەدی هێنەری عالەم، ئەزانن، کە وابوو هەموو شتێکیان لەم عالەمەدا بەلاوە جوانە و زهووری ئەو جوانییەش لە چاوی چۆنییەتی ئیستیعدادی مەزهەرییەتەوە رابیتی

نوقسـان و كـەماڵی هەیـە كـە بـە چـاوی نهـێنی خۆیـان ئـەو مەراتیبـە لەیـەك جیـا ئەكەنەوە. دیارە بـەرەی ئینسـان كـاملترین نوینگـەی خـەللاقییـەتی یەزدانییـە، وە تەتبیعەتیش لە مەزهەرییەتدا مەرتەبەی لە خواری مەرتەبـەی ئینسـانەوەیە. ئینجـا لەبەر ئەوەیە كە وتمان، مەولەوی هەمیشە لـە هۆنراوەكانیـدا جـوانیی تـەبیعـەت بـە جوانیی ئینسان تەشبیه ئەكا.

**پوختەی مانا:**

ئەو گەرمایە چینی تاڵە شەنگ و شۆخەكانی ((بەڕەزا))ی سـێبەری تاقـەكان و بەر ئەشكەوتەكانی وەك چینی زوڵفی نازارانی ئازیەتبار شێواند و بێ تـەراوەتی كرد.

هــا ! كــاوان دڵ چــون دڵڕێشــان
هــەڕ دان وە ســەردا هــەردان پــەی وێشــان

**ها:** بۆ چەن مانا هاتووە، لێرەدا پیتی وریاكردنەوەیە.

كـاوان: تواتوایـان كـرد، هـەنجن هـەنجنیان كـرد. كـردەوەی بەسـیتی تێپـەڕی مازیی موتڵەقی سێیەم كەسی جەمعە لە ریشەی ((كـاوای)) (كـاوین). پـیتی ((ش)) كە جوزئی ساختمانی زەمیری فاعیلی سێیەم كەسـی كۆمەڵـە بـۆ تـەخفیف حـەزف كراوە، ئەسڵەكەی ((كاواشان)) (كاوی یان)[1] بووە. ئەم جۆرە حەزفانە هەروەهاش

---

(١) لە زمانی كوردیـدا زەمـایری فـاعیلی ئـەفعالی تێپـەڕ و تێنەپـەڕی ئیخبـاری لـە زەمـانی رابـووردوودا فەرقیان هەیە، وە ساختمانی ئەو زەمیرانەش لە شێوە كوردیەكاندا تا رادەیێ لەیەك جیا ئەبنەوە: وێنە:

| | زەمایری فاعیلی ئەفعالی تێپەڕی مازیی ئیخباری | | زەمایری فاعیلی ئەفعالی تێنەپەڕی مازیی ئیخباری | |
|---|---|---|---|---|
| | شێوەی گۆرانی | شێوەی كرمانجی خواروو | شێوەی گۆرانی | شێوەی كرمانجی خواروو |
| موفرەد | م – بەردم /bard-im/ | م – بردم /bird-im/ | ان – كەوتان /kawt-ān/ | م – كەوتم /kawt-im/ |
| | ت – بەردت /bard-it/ | ت – بردت /bird-it/ | ی – كەوتی /kawt-ī/ | ی – كەوتی /kawt-ī/ |
| | ش – بەردش /bard-iš/ | ی – بردی /bird-ī/ | – – كەوت /kawt-/ | – – كەوت /kawt-/ |
| جەمع | مان – بەردمان /bard-mān/ | مان – بردمان /bird-mān/ | مێ – كەوتمێ /kawt-mē/ | ین – كەوتین /kawt-īn/ |
| | تان – بەردتان /bard-tān/ | تان – بردتان /bird-tān/ | دێ – كەوت دێ /kawt-dē/ | ن – كەوتن /kawt-in/ |
| | شان – بەردشان /bard-šān/ | یان – بردیان /bird-yān/ | ێ – كەوتێ /kawt-ē/ | ن – كەوتن /kawt-in/ |

بەرودوا پێکردنی زەمیری فاعیلی و زەمیری مەفعوولی لە ساختمانی کردەوە بەسیت و مورەککەبەکانی هۆنراوەکاندا، زۆرە کە هەریەکەیان لە جێگای خۆیدا نیشان ئەدەین.

کاو: ناوە بۆ ئەو شیوە نزار و نەرمانە کە لە لای سەرووی کێوە کوێستانەکانی کوردستانەوە، پشتیان لە خۆرهەلات و روویان لە خۆرئاوایە و تا هاوینێکی دێر کلێلە بەفرەکانیان ئەمێننەوە و، داوێنی ئەو کلێلە بەفرانە بە ئەنواعی گوڵ و گیای تازە و تەرچك و بۆنخۆش پۆشراوە، تەماشاکردنی ئەو ئاکارە جوانە سوروشتییە، هەر ئینسانێکی دلزیندوو ئەخاتە دەریای بێ بنوپەڕی عالەمی خیلقەتەوە و، بە بێ ئیختیار سەری تەعزیم بۆ بەدیهێنەری ئەو دیمەنە سەرسووڕهێنەر و دلڕفێنە، دا ئەنوێنێ. مەولەوی تەنیا شاعیرێکە کە جوانی و حالاتی ئەو ئەسرارە عەجیب و غەریبەی دەرك کردووە و توانیویە بە بەیانی موعجیز ئاسای خۆی ئەو حالات و جوانییە بهێنێتە قالبی لەفزەوە. پاشگری ((ان)) لە دوایەوە نیشانەی کۆمەلە. لە نێوان دوو وشەی ((کاوان))دا سەنعەتی جیناس هەیە. ئەگونجێ ((کاوان))ی یەکەم بە مانای ناو بێ و ((کاوان))ی دووەم بە مانای کردەوە. بەلام ئەگەر ((کاوان))ی یەکەم بە مانای کردەوە بگرین موناسیبترە چونکە لە نیوە هۆنراوەی دووەمدا کە ئەویش سەنعەتی جیناسی ناقیسی تێدا بەکار براوە، ئەو هاوجینسە کە کردەوەیە، لە سەرەتای نیوە هۆنراوەکەوە هێنراوە. بە پێی ئیعتیباری یەکەم ((کاوان))ی دووەم فاعیلە بۆ ((کاوان))ی یەکەم، وە بە پێی ئیعتباری دووەم ((کاوان))ی یەکەم ئەبێ بە فاعیل بۆ ((کاوان))ی دووەم.

دڵ: دڵ. مەفعوولە بۆ فیعلی ((کاوان)).

چون: وەك، چون. لێرەدا ئامرازی تەشبیهە.

---

وەها کە وتوومانە شێوە کوردی گۆرانی وەك شێوە کوردییەکانی تر ((گۆنە))ی زۆری هەیە، وە لە هەر گۆنەیێکدا جۆرە تەغیراتێکی سەوتی و ساختمانی هاتووەتە دی. ئێمە زۆرتر چۆنییەتی ساختمانی ئەو گۆنەیە ئەخەینە پێشچاو کە لە گۆنەی ئەدەبی (شیعری)دا بەکار براوە.

دڵڕێش: دڵ بریندار، دڵڕێش، دەردەدار. سیفەتی مورەککەبە بۆ کەسانێ بەکار ئەبرێ کە موسیبەتێکیان بۆ هاتبێتە پێشەوە. پاشگری ((ان)) لە دوایەوە نیشانەی کۆمەڵــە. حــەزفی مەوســووفی ســیفەتی ((دڵڕێشــان)) لێــرەدا بــۆ گرنگایــەتی مەوسووفەکەیە.

هەڕ: قوڕ. ئەم وشەیە لە وتووێژدا موئەننەســە و نیشـانەکەی موسـەوویتی ((ە /a/))یـە و ئـەوترێ: هـەڕە، وە بـە تەکیـەدان لەسـەر هیجـای یەکـەم دەرئـەخرێ. مەفعووله بۆ فیعلێ کە بە دوایەوەیە.

دان: دایـان. کـردەوەی مـازیی موتڵـەقی تێپـەڕی سـێیەم کەسـی کۆمەڵـە لـە ریشەی ((دای)) (دان). ((دا)) ماددەی مازییە، پـیتی ((ن)) پاشمـاوەی سـاختمانی زەمیری فاعیلی ((شان))ە، لەبەر زەروورەتی شیعریی کورت کراوەتەوە و لکاوە بـە دوای فعلەکەوە، ئەسڵەکەی ((هەڕەشان دا)) (قوڕیان دا) بووە[1].

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

سەر: سەر.

دا: بۆ چەن مانا هـاتووە، لێرەدا بـۆ گەیانـدنی مانـای ئیسـتیمراری فیعلـە لـە مـەدخوولی حـەرفی ئیزافـە (مـەفعوولی غـەیرە موسـتەقیم)دا ئـەتوانین بـە پـیتی نیشانەی زەرفییەت بیناسێنین[2]. ئەو پیتە تایبەتی شێوەی کرمانجی خوارووە[1].

---

(١) زەمیری فـاعیلی لـە کردەوەی تێپـەڕی مازیـدا ئـەلکێ بـە دوای مەفعوولـەوە و لـە پـێش فعلەکـەوە ئەهێنرێ وەها کە ئەوترێ: نانم وارد (نانم خوارد)، نانت وارد (نانـت خـوارد)، نـانش وارد (نـانی خـوارد) نانمان وارد (نانمان خوارد). نانتان وارد (نانتان خوارد)، نانشان وارد (نانیان خوارد).

(٢) وەها کە وتوومانە ساختمانی زمانی شیعری شێوەی گۆرانی و ساختمانی زمانی موحـاوەراتی لەیـەك جیان واتە: تەواوی قەواعیدی زمانی موحاوەراتی شێوەی گۆرانی لە زمای شـیعریدا ریعایـەت نـاکرێ بـە جۆرێ کە ئەتوانین بڵێین ساختمانی زمانی شیعری شـێوەی گـۆرانی تەرکیبێکـە لـە قەواعیـدی سـەرف و نەحوی شێوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) و، شێوەی گـۆرانی بـۆ وێنـە نیـوە هـۆنراوەی: هـەڕ دان وە سـەردا هـەردان پـەی وێشـان (هـەرگیان دا بـە سـەریاندا هـەردان بـۆ خۆیـان) شـێوەی گـۆرانی پـەتیی موحاوەراتی بەم چەشنەیە: هەڕەشان دا سەرەرە هەردێ پەی وێشان. دیارە ئەم رەوشتە تەنیا تایبەتی مەولەوی نییە کە زیـانێ بـە فەسـاحەت و بەلاغـەتی هۆنراوەکـانی بگـەیێنێ بەڵکـە هـەموو شـاعیرەکانی

هەردان: کێوان.

پەی: بۆ، پیتی ئیزافەیە.

وێشـان: خۆیـان. زەمـیری موشـتـەرەکی جەمعـە، ئەبێتـە مـوزاف ئیلـەیهی بـۆ موزافی مەحزووفی وەك: ((بەدبەختی)) کـە وابـوو ((پـەی وێشـان)) ئـەبێ بـە ((بۆ بەدبەختی خۆیان))، لە هاتنی موسیبەتی گەرمای هاوین.

لەم نیوە هۆنراوەیەشدا وەك نیوە هۆنراوەی یەکەم ماناییێکی تر ئەگونجێ بـەم چەشنە کە تـەرکیبی ((هەردان)) لە دوو جوزئی ((هەر)) کە لێرەدا ئـامرازی دەوام و ئیستیمرار بێ، وە ((دان)) کە فیعل بێ، پێك هاتبێ، ئینجا ماناکەی ئـەبێ بـە: هـەر دایان بەسەردا، واتە بە بێ وچان دایان بە سەریاندا. لەم سوورەتەدا دوورستـە هـەر یەکە لە دوو ((هەردان)) بە تـەرکیبی فیعلی و ئەوی تریان بە ناوی کۆمـەڵ ئیعتیبـار بکرێ. لێرەدا ئەوەش ئەبێ بزانین کە لە کوردەواریدا باوە لـە کـاتی کۆستکەوتن و بەڵا بۆ گەیشتندا، کۆستکەوتووان و، بەڵا بۆ گەیشتووان، قوڕ ئەپێون و بـە هـەردوو دەست ئەکێشن بە سەریاندا، کە وابوو مەولەوی لە نیوە هۆنراوەی یەکەمدا جگە لە

---

شێوەی گۆرانی جگە لە یەك دوو کەسێ کە لە پێشـەوە ناویانمـان بـردووە، ئـەو رەوشـتەیان بـووە بـێ گومان گرتنە پێشی ئەو سەبك و رەوشتەش لەبەر دوو شت بـووە: یەکـەم– شـێوەی گـۆرانی و شـێوەی سۆرانی دوو شێوە لە یەك زمانن ئەگەر لە زبانی شیعریدا کە دایەرەێکی تەنگی هەیە، هەنـدێ قەواعیـدی سەرفی و نەحوییان تێکەڵ بکرێ، نە تەنیا زیانێکی نییە بەڵکە مەیدانی هونـەرنمایی شاعیر لـە شیعردا بەربڵاوتر و وەسیعتر ئەکا. دووەم– وەها کە وتوومانە ریعایەتکردنی تەواوی قەواعیدی سەرف و نەحوی شێوەی گۆرانی لە شیعردا بە تایبەتی لە شیعری بیست هیجاییدا زۆر سەختە، وە دایـەرەی هونـەرنمایی شاعیر لە شیعردا تەنگتر ئەکاتەوە.

(١) پیتی نیشانەی زەرفییەت یا نیشانەی ئیستمراری فیعل لە مەفعوولدا بە وەسیلەی پیتی ئیزافـە، دوو جۆرە: جۆری یەکەم– پاشگری ((ەرە /-ara/))یە کە ئەلکێ بە دوای مەفعووله غەیرە موستەقیمەکەوە لە سوورەتێکدا، ئیستیقراری فیعلە کە لە سەتحی مەفعووله غەیرە موستەقیمەکەدا بێ وەك: هـەرەم دا بـە دیوارەکەیـەرە (هـەرگم دا بـە دیوارەکـەدا)، دورروسـتە پـیتی ئیزافـە لـە پـێش مەفعولـە غـەیرە موسـتەقیمەکەوە حـەزف کـرێ و بـوترێ: هـەرەم دا دیوارەکـەرە. جـۆری دووەم پاشـگری ((ەنـە /-ana/))یە لە سوورەتێکدا ئیستیقراری فیعلە کە لـە نـاوی مەفعوولـە غـەیرە موستەقیمەکەدا بـێ وەك: فەرهاد جە باخە نەوتەن (فەرهاد لە باخدا نووستووە).

سەنعەتی جیناس سەنعەتی ئیستیعاری و سەنعەتی تەشبێهی بەکار بردووە، وە لە نیوە هۆنراوەی دووەمدا تەنیا سەنعەتی ئیستیعاری و سەنعەتی جیناسی بەکار هێناوە.

رەنگە وەجهەشەبەه لە سەنعەتی بەیانی یەکەمدا بریتی بێ لەو شکاف و ترەکانە کە بە هۆی وشکبوونەوەی زەوییە نەرمانەکانی شێوە کوێستانییەکان لە کاتی گەرمای هاویندا دێنە دی، وە لە سەنعەتی بەیانی دووەمدا بریتی بێ لە وجوودی ئەو قوڕە کە پاش توانەوەی کێڵە بەفرەکان بەسەر لووتکەی کێوە کوێستانەکانەوە ئەمێنێتەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەوە ها شیوە پڕ لە گوڵ و گیا بۆنخۆشەکانی کوێستانەکان بە زۆر هێنانی گەرمای هاوین، وشکبوون و زەوییە نەرمانەکانیان وەك دڵی دڵبریندارەن شەق شەق بوو و، کێوە کوێستانەکانیش بۆ توانەوەی بەفرە جوانەکانیان وەك کۆستکەوتووان قوڕیان کرد بە سەریاندا.

**دووریـــچ ئـــایر وســـت ئـــەو یاناکـــەی مـــن**

**یـــانێ: یانـــەی دڵ وێرانەکـــــەی مـــــن**

دووریی: دووری. ناوی مەسدەرە، واحیدی سەوتی ((یچ /ĪČ-/)) لە دوایەوە پاشگری عەتفە و مانای شیرکەت و هاوبەشی ئەگەیێنێ. لە شێوەی ئەدەبیدا کە شێوەی کرمانجی خوارووە، ((یش /ĪŠ-/)) ئەوترێ.

ئایر وست: ئاگری خست، سووتاندی. کردەوەی مورەککەبی سێیەم کەسی موفرەدە لە ریشەی ((ئایر وستەی (ئاگرخستن، سووتاندن)[1]. زەمیری فاعیلی

(١) لە زمانی کوردیدا لە چاوی ساختمانەوە دوو جۆر کردەوە (فیعل) هەیە: جۆری یەکەم بریتییە لە کردەوەی بەسیت یا سادە کە لە ریشەی (مەسدەر)ی سادە درووست ئەکرێ وەك: واردم (خواردم) کە

((=ش /-iš/)) لـه دوای جـوزئی یەکـەمی ئـەو کردەوەیـەوە حـەزف کـراوە کـە لـە ئەسڵدا ((ئایرش وست)) (ئاگری خست) بووە، ئەو زەمـیرە ئەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی ((دووریی)).

ئەو: لە. پیتی ئیزافەیە.

یانە: خانوو، مـاڵ. واحیـدی سـەوتی ((ەکـە /-aka/)) لـە دوایـەوە نیشـانەی تەعریفە[1] وە پیتی ((ی))ش لە دوای ((یانەکە))وە نیشانەی ئیزافەیە.

من: من. زەمیری یەکەم کەسی موفرەدی مونفەسیلە کە لە هـەر سـێ حاڵـەتی فاعیلی و مەفعوولی و موزاف ئیلەیهبووندا بەکار ئەبرێ.

یانێ: واتە، ئامرازی تەفسیر و تەعبیرە[2].

یانە: خانوو، ماڵ. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

دڵ: دڵ. موزاف ئیلەیهە بە ئیزافەیێکی بەیانی واتە: ماڵێ کە بریتییە لە دڵ.

وێران: وێران، کاول، پاشگری ((ەکە)) لـە دوایـەوە نیشـانەی تەعریفـە، پـیتی ((ی))ش نیشانەی ئیزافەیە.

---

لە ریشەی ((واردەی)) (خواردن) دورووست ئەکرێ. جۆری دووەم بریتییە لە کردەوەی مورەککەب وەك: ئایروست (ئاگرخست) کە لە ریشەی ((ئایر وستەی)) (ئاگرخستن) دورووست ئەکرێ.

کردەوەی مورەککەب یا عیبارەتی فیعلی ئەوەیە جوزئێ یا چەن جوزئێ حەرفی یا ئیسمی یا جوزئێ وەسـفی یـا چـەن جـوزئێ حـەرفی و ئیسـمی پێکـەوە لەگـەڵ مەسـدەرێکی بەسـیتدا تێکـەڵ بکـرێن بـۆ بەدەسهێنانی مانا فیعلییێکی تازە لە مەجمووعی ئەو تەرکیبە. بۆ وێنە ناوی ((ئایر)) جوزئێکی ئیسمییە لەگەڵ مەسدەری بەسیتی ((وستەی))دا تەرکیب کراوە و بووە بە: ((ئایر وستەی)) کە مانـاییێکی تـازەی فیعلی ئەگەیێنێ، ئەو مانایەش بریتییە لە ((سووتاندن)).

(١) لەبـەر ئـەوە پـیتی دوایـی ((یانـە)) موسـەوویتە، موسـەوویتی ((ە /a/))ی سـەرەتایی لـە پاشـگری ((ەکەە)) حەزف کراوە.

(٢) بە لای منـەوە وشـەی ((یـانێ)) کـوردییێکی پەتییـەو لـە ((یـەعنی))ی عەرەبییـەوە نـەگیراوە بـەم چەشنە کە پیتی ((ع)) تەبدیل بووبێ بە پیتی ((ا)) چونکە ئەو وشەیە لـە زۆرتـری شـێوە کوردییەکانـدا بەکار ئەبرێ وە بە تایبەتی لە شێوەی گۆرانیدا کە مێژینەیێکی زۆری لە ئەدەبی کوردیدا هەیە، لە بـاتی ((یانێ))، ((یەعنی)) بەکار نەبراوە.

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا ئەیەوێ بڵێ: لە لایێکەوە گەرمای هاوین زۆری هێناوە و لە لایێ تریشەوە ئاگری دووری ئازیزیش بەربووەتە دەروونم و خانووی دڵمی کە بە دەرد و رەنجی ناکامی وێران بووە، سووتاندووە. مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە مەولەوی لە کاتی هاویندا ئەم پارچە هۆنراوەیەی بۆ دۆستێکی دوورکەوتووی هۆنیوەتەوە و تاسەی خۆی بۆ چاوپێکەوتنی دەربڕیوە.

**پوختەی مانا:**

سەرەڕای ئەوە کە هەوای ئاگرینی هاوین زۆری بۆم هێناوە، ئاگری ئارەزووی چاوپێکەوتنی ئازیزیش بەربووەتە دەروونم و خانووی وێرانی دڵی سووتاندووم.

**هەوا ئایرین، سەروەخت ئایرین**

**دڵە ئایرین، بەدبەخت ئایرین**

**وە بڵێسەوە گەردێم باقییەن**

**وادەی ئایرین بادەی ساقییەن**

هەوا: هەوا. موسنەد ئیلەیهە.

ئایرین: ئاگرین. سیفەتی نیسبییە و موسنەدە، زەمیری رابیتی زەمانی حاڵی ئەم جوملەیە و سێ جوملەی دوایی ئەم هۆنراوەیە لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە، ئەو زەمیرەش بریتییە لە واحیدی سەوتی: ((ەن /an-/)).

سەروەخت: وەرز، فەسڵ، کات. ناوی مورەککەبە و موسنەد ئیلەیهە.

ئایرین: موسنەدە.

دڵە: ناوی بچووککراوەیە. موسەوویتی ((ە /a-/)) لە دوایەوە، نیشانەی تەسغیر و تەحقیرە و موسنەد ئیلەیهە.

ئایرین: موسنەدە.

بەدبەخت: رۆژ رەش، چارە رەش، کڵۆڵ. سیفەتی مورەککەبە و لە جێی مەوسووفی مەحزووفی ((من))، دانیشتووە و موسنەد ئیلەیهە.

ئایرین: موسنەدە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

بڵێسە: گڵپە، بڵێسە، گڕ. پاشگری ((ەوە /-awa/)) لە دوایەوە نیشانەی ئیتتسالە.

گەردێم: زەررەییێکم، تۆزێکم، ڕێزەییێکم. ئەو تەرکیبە پێکهاتووە لە ((گەرد)) کە بە مانای زەررە و توزقاڵە، وە موسەوویتی ((ێ)) کە نیشانەی نەکارەتە، وە واحیدی سەوتی ((وە)) کە نیشانەی وەحدەتە و لەبەر زەروورەتی شیعری لە دوایەوە حەزف کراوە، وە ئەسڵەکەی ((گەردێوەم)) (گەردێکم) بووە.

باقییەن: ماوە. ئەو تەرکیبە لە سیفەتی ((باقی))، وە پیتی ((ی))ی فاسیل وە زەمیری رابیتی زەمانی حاڵی ((ەن /-an/)) پێکهاتووە. کە وابوو تەرکیبی ئیزافی ((گەردێم)) ئەبێ بە موسنەد ئیلەیهی، وە تەرکیبی ((باقی یەن)) موسنەد و رابیتە.

وادە: وەعدە، کات. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ئایرین بادە: ئاگرین مەی، واتە: شەرابی ئاگرین[١]. سیفەتی مورەککەبە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ساقییەن: مەیگێڕە. ئەو تەرکیبە پێکهاتووە لە سیفەتی ((ساقی))، وە پیتی ((ی))ی فاسیل، وە زەمیری رابیتی زەمانی حاڵی ((ەن /-an/)). کە وابوو تەرکیبی ئیزافی ((وادەی ئایرین بادەی ساقی)) موسنەدە بۆ موسنەد ئیلەیهی مەحزووف کە بریتییە لە ((ئەم کاتە)).

---

(١) بە دوو بۆنەوە سیفەتی ((ئاگرین)) بۆ ((مەی)) بەکار براوە، یەکەم- سووری رەنگ کە لە ئاگر و مەیدا وجوودی هەیە. دووەم- هەروەها کە ئاگر حەرارە و گەرمی هەیە مەییش پاش خواردنەوە، گەرما و حەرارەت ئەخاتە وجوودی ئینسانەوە.

**پوختەی مانا:**

هەوا ئاگرین و فەسڵ ئاگرین و دڵ ئاگرین و جەستەی منی بەدبەختیش ئاگرینە و بەم هەمووە گڕ و گڵپەوە، زەڕەیێ لە وجوودم ماوەتەوە، جا ئیتر کاتی شەرابی ئاگرینی ساقیشە.

بەشـــق پیاڵـــەی مەســـت چـــاوەکەت
بـــەو پەشـــێوی چـــین پـــای کڵاوەکـــەت
بـــا بـــێ مـــەی بەڵکـــەم ئـــایر مەســـتیی
سۆچـــنۆ یەکســـەر خاشـــاك هەســـتیی

بەشق: بە عیشق. پیتی ((ی)) ئامرازی سوێنددان و سوێندخواردنە. لێرەدا بۆ سوێنددانە واتە: سوێندت ئەدەم بە عیشقی ئەو تەرکیبە سوێندی (قەسەمی)یە و لە هۆنراوە عیشقییەکانی شاعیرانی شێوەی گۆرانیدا زۆر هاتووە.

پیاڵە: جام، پەرداخ. کاسەی بچووك. دەفرێك کە شەرابی تێدا ئەخورێتەوە.

مەست: سەرخۆش. لە رواڵەتدا سیفەتی موتڵەقە بۆ ((پیاڵە)) بەڵام لە مانادا سیفەتی ((چاو))ە. ئەگونجێ بە مانای سیفەتی فاعیلی بێ، واتە بە مانای ((مەستکەر)) بێ.

چاو: موزاف ئیلەیهی بەیانییە بۆ ((پیاڵە)). واتە پیاڵەیێ کە چاوە. واحیدی سەوتی ((ەکە)) نیشانەی تەعریفە و پیتی ((ت)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە. مانای ئەو نیوە هۆنراوەیە بەم چەشنەیە: سوێندت ئەدەم بە خۆشەویستی پیاڵەی چاوە مەستەکەت[1].

---

(١) لە تەرکیبی ((پیاڵەی مەست چاوەکەت)) سەنعەتێکی ئیستعاری ورد و جوان بەکار براوە. ئەوەش بریتییە لەوە کە چاوی مەعشووق لە کاتی روانین بۆ عاشق بە وەجهە شەبەهی نەشئە بەخشی، تەشبیە کراوە بە پیاڵەی مەی لە کاتی خواردنەوەدا. کە وابوو مەولەوی ویستوویە لەو تەرکیبە هونەرمەندانەدا ئەوە بگەیێنێ کە ساقیی هەم بە نەشئەی پیاڵەی چاوی و هەم بە نەشئەی پیاڵەی مەیەکەی مەست و

بەو: بە ئـەو. ((بــە)) لێـرەدا ئـامرازی سـوێنددانە. ((ئـەو)) ئیسـمی ئیشـارەیە چـونکە موشـار ئیلـەیهی لەگەڵدایـە، موسـەوویتی ((ە /a/))ی نیشـانەی ئیشـارەی مەحسووس لە دوای تـەرکیبی ئیزافی موشار ئیلەیهی ((پەشیوی چـین))ەوە حـەزف کراوە، لـە ئەسـڵدا ((بـە ئـەو پەشـێوی چـینە))یە، واتـە: سـوێندت ئـەدەم بـە ئـەو پەشێوی چینەی زوڵفی پای سەرو پێچەت[1].

پەشێوی: پەرێشانی. لێرەدا مەبەست تێکچوونی چین و تەرتیبی زوڵفە. دیـارە پەرێشانبوون بڵاو بوونەی زوڵفە.

چین: تـەرتیب، ڕێکی. موزاف ئیلەیهی کە ((زوڵف))ە حەزف کراوە.

پای کڵاوەکەت: پـای سەروپێچەکەت. کڵاوی تایبەتی ژنان چەن جـۆری هەیـە: سەروین، پووشین، کڵاوزەڕ، تاقیە، فێس. مەبەست ئەو کڵاوەیە کە ژنان لە سـەری ئەنێن یا ئەو هەوری و مشکییەیە کە ئەیبەستن بـە سـەرەوە. پـیتی ((ت)) زەمـیری موزاف ئیلەیهی موخاتەبی موفرەدە.

بـا: ئـەداتی تـەئکیـدی ئیلتزامـی جـێ بـەجێ کردنـی فیعلـە کـە لـە سـەرەتای فیعلەکەوە ئەهێنرێ وەك: بـا بخـۆم، بـا بنووسـم واتـە: پێویسـتە بخـۆم، پێویسـتە بنووسم: ئەبێ بخۆم، ئەبێ بنووسم.

بێ: بێت، با بێت. ئەم کردەوەیە لە باتی کردەوەگەلی ئـەمری: بڕێـژە، تێکـە، بـەکار بـراوە، واتـە: ئـەی سـاقیی! تـاوەکو مـن بـە نەشـئەی چـاوی تـۆ مەسـت و سەرخۆش بووووم، تکایە بەرگری مەکە لە هاتنی مەی لە گۆزە و شـەربەکەتەوە بـۆ

---

سەرخۆشی بکا تا بە تـەواوی غـەم و پـەژارەی ژیانی حـەیوانی لە بیر بچێتەوە و، بکەوێتە بـازاڕی جیهـانی مەعنەوییەتی رەوانییەوە.

(١) پەشێوی یا پـەرێشانی زوڵفی مەعشووق چەن حاڵەتی هەیە: یەکەم– حاڵەتی مەستی و سەرخۆشـی. دووەم– حاڵەتی بێ ئیعتینایی و بێ موبالاتی مەعشووق سەبارەت بە ئارایشدانی سـەر و زوڵـف، دیـارە ئەمەش نیشانەی بێ نیازی جوانی مەعشووق لە ئارایشدان و خۆجوانکردنی خـۆی ئەگـەیێنێ. سـێیەم– حاڵەتی ئازیەتباری و خـەفەتباری مەعشووق کە هۆشی بە لای ئارایشی سەر و زوڵفـی خۆیـەوە نـامێنێ. دیارە مەبەستی مەولەوی لێرەدا یەکێ لە دوو حاڵەتی یەکەم و دووەمە.

ناو پیاڵەی من با بە خواردنەوەی ئەو مەیە کە لە دەستی تۆوە ئەڕژێتە ناو پیاڵەکەم مەستتر و سەرخۆشتر ببم. وشەی ((مەی)) لە رواڵەتدا فیعلە بۆ کردەوەی ئیلتزامی ((با بێ))، وە لە مانادا مەفعوولە بۆ یەکێ لە کردەوەگەلی ئەمری حازری: ((برێژ، تێکە)) وە ((ساقی)) ئەبێ بە فاعیل. لەو چاوەوە کە مەولەوی هەستیارێکی عارف و خوداناس بووە، ئەگونجێ مەبەستی لە ساقی ((مەبدەئی فەیز))[1] بێ و مەبەستیشی لە مەی بەرەکاتی تەوەججوهاتی مەعنەوی بێ.

بەڵکەم: بەڵکە، بەڵکو. ئەداتی پەیوەندە، لێرەدا مانای رجا و ئومێد ئەگەیێنێ، واتە: ئومێدە، هیوایە. کە وابوو لە مانادا ئەبێتە قەیدی مورەککەبی حاڵەت و چۆنیەتی بۆ جوملەیێ کە بە دوایدا دێ.

ئایر: ئاگر. لێرەدا بۆ رێکی وەزنی شیعر تەکیە ئەدرێتە سەر هیجای ئاخر. واتە موسەوویتی مەرکەزی هیجا بە موسەوویتی درێژ تەلەفوز ئەکرێ بەم چەشنە: ئایر /ā-yīr'/. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە. فاعیلە بۆ فیعلی ((سۆچنۆ)) کە بە دوایا دێ.

مەستی: سەرخۆشی، مەستی.

سۆچنۆ: بسووتێنێ. کردەوەی ئیلتزامی موزاریعی تێپەڕە و بە تەرکیبکردنی لەگەڵ وشەی ((بەڵکەم))دا مانای هیوا و، ئومێد لە تەحەققوقی مەزموونەکەیا ئەگەیێنێ، واتە: هیوایە بسووتێنێ.

یەکسەر: بە تەواوی. قەیدی کەممییەتە بۆ نیسبەتی فیعلی جوملەکە.

خاشاک: رێزە و پێزەی هەر شتێکە ئەسڵەکەی لەناو چووبێ. مەفعوولە و موزافە.

هەستی: هەبوون، وجوود. خاشاک هەستی: رێزە و پێزەی وجوود.

---

(١) مەبەست لە ((مەبدەئی فەیز)) ئیستلاحی فەلاسیفە نییە کە بە فەلەکی قەمەر ئەوترێ، بەڵکە مەبەست مەنشەئی هەر هێزێکی یەزدانییە کە دەسەڵاتێکی مەعنەوی بەسەر تەزکییەی نفووسدا هەبێ.

لەم دوو هۆنراوە دواییيەدا سەنعەتی ئیلتفات لە غائیبەوە بۆ موخاتەب بەكار براوە، چونكە وشەی ((ساقی)) پێش لەم دوو هۆنراوەیە بە غاییب هێنراوە، و لە دوو هۆنراوەی دواییدا خیتابی لێ كراوە.

**پوختەی مانا:**

ساقیی! سوێندت ئەدەم بە پیاڵەی پڕ لە نەشئەی چاوە مەستەكانت و بە پەرێشانیی چینی زوڵفی پای سەرو نیە جوانەكەت، لە مەی پێدانم كۆتایی مەكە بەڵكە ئاگری مەستیی، پاشماوەی جەستەی سووتاوم بە تەواوی بسووتێنێ و لە قەید و بەندی ئەم جیهانە ماددییە رزگار بم.

## پارچەی پێنجەم

هەرچــــەنیی ناکـــاو دەمـــاخم تـــەم بـــی

ســـیاهەور دوود نـــە کەلـلـــەم جـــەم بـــی

بـــەرق و بزیســـکە و تـــەم داش وە هەمـــدا

پلوســـکەی ســـەیلا و ئامـــام وە چـــەمدا

خاشـــاك هەســـتیم لافـــاو بـــەردەوە

دەروون پێچـــــش داو دڵ وییـــــەردەوە

زانـــام هەمدیســـان دڵ کـــۆس نۆشـــەن

گەردەلوولشـــەن، ئـــارەزووی تۆشـــەن

هەر: ئەداتی حەسر و کورتکردنەوەی شتێ لەسەر شتێکی ترە، بە مانای ناوی موبهەمیش هاتووە، ئەگەر لەگەڵ ناوێکی عامدا تەرکیب بکرێ وەها کە لە پارچەی سێیەمدا ئیشارەمان بۆ کردووە.

چەنیی: لێرەدا ئامرازی موساحەبە و لەگەڵبوونە. بە مانای ئەداتی ئیستیفهام واتە: پرسیار لە چۆنیەتیش هاتووە، ئەوەش لە کاتێکدا تەکیە بدرێتە سەر هیجای ئاخر. بەڵام ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای یەکەم ناوە و بە مانای دەرزییە.

ناکاو: ناگەهان، لە پڕ، هەرکە، ناگا. قەیدی زەمانە و مانای روودانی شتێ ئەگەیێنێ کە کاتەکەی پێشبینی نەکرابێ. لە تەرکیبی قەیدیی ((هەرچەنیی ناکاو))دا زەمیری ئیشارەی: ((ئانە)) و ((ی))ی فاسیلی و موسەوویتی ((ێ /ē/))ی نیشانەی ئیبهام حەذف کراوە، کە وابوو ئەسڵی ئەو تەرکیبە، ((هەرچەنیی ئانەیێ[1] ناکاو)) بووە.

(١) یەکێ لە ناوگەلی موبهەم بریتییە لەو زەمیرە ئیشارەیە کە لە دوایەوە موسەوویتی ((ێ /ē/)) نیشانەی ئیبهام بهێنرێ وەك: ئانەیێ (ئەوەیێ) مەزمونی ئەو جوملەیە کە بە دوایدا دێ ئەبێ بە

دەماخ: دەماغ: مێشك، کەیف، حاڵەت، چۆنییەتی. لە عەرەبیدا بە ژێری ((د)) دەرئەخرێ، کە لە کوردی و فارسیدا بە ((لووت))یش ئەوترێ. لێرەدا بە مانای ئەو ((حاڵەت))ەیە کە لە ئیدراکاتی رەوانییەوە دێتە دی. پیتی ((م)) لە دوایەوە زەمیری یەکەم کەسە و موزاف ئیلەیهە. مەولەوی لە نیوە هۆنراوەی: ((هەرچەنیی ناکاو دەماخم تەم بی)) شاکارێکی سەرسوڕهێنەری مەعنەوی تری لە قاڵبی تەرکیباتێکی لەفزیی سادەدا، دەرخستووە، ئەوەش بریتییە لەوە: کە لە کاتی هەستکردنی کارەساتێکی دڵتەزێندا بیرکردنەوە لە شتێك ئەسەرێکی کاریی لە رۆحییەدا دانابێ حەرارەتێکی غەریزیی لە دەمارگەلی وجوودی ئینسانیدا دێتە دی و ئەو حەرارەتە دێتە دی و ئەو حەرارەتە ئاوی بەدەن گەرم ئەکا و تەم و بوخاری ئەو ئاوە لە مەنافیزی چاوەوە دەرئەکەوێ و تەبدیل ئەبێ بە فرمێسك و ئەڕژێتە خوارەوە. ئینجا مەولەوی ئەو حاڵەتە رەوانییەی خۆیە چواندووە بە حاڵەتی جیهانی تەبیعەت لە کاتی تەبدیلبوونی ئاو بە تەم و بوخار لە ئەسەری حەرارەتی خۆرەوە و بەرزبوونەوەی بۆ لای ژووروو و گەڕانی بە هەور و بەدیهاتنی بروسکە و بارانی خوڕی وەك لافاو. دیارە ئەوەش یەکێ ترە لە شاکارە ئەدەبییەکانی.

تەم بی: تەم بوو. کردەوەی موزەککەر، لێرەدا مانای جەعل و گەڕاندن ئەدا. واتە: دەماخم گەڕا بە تەم. مەبەست لە هێنانی ئەو تەرکیبە گەیاندنی مانای موبالەغەیە لە زۆرایەتی ((تەم))دا چونکە دەماخ (حاڵەت، یا مێشك) نابێ بە تەم و بوخار بەڵکە دەماخ مەنشەئە بۆ بەدیهاتنی تەم و بوخار.

سیاهەور: ناوی مورەککەبە لەناو و لە سیفەت، مەبەست هەورێکە کە رەنگی رەش بێ، وەك: رەشمار، رەشماڵ، کە یەکەمیان ناوە بۆ چەشنە مارێکی رەش و، دووەمیش ناوە بۆ دەوار. موزافە.

---

بەیانکەری ئەو ئیبهامە وە لە مەزموونی جوملەی دوویش ئەبێ بە موسنەد بۆ زەمیرە ئیشارە موبهەمەکە. وەك: ئەوەیێ کە پێموتی، لە بیرت نەچێ. ئەوەش ئەبێ بزانین کە موسەوویتی نیشانەی ئیبهام بۆ تەخفیف فڕە ئەدرێ و تەنیا ((ی)) فاسیل ئەمێنێتەوە و ئەوترێ: ئەوەی کە پێموتی...

دوود: دووکەڵ[1] موزاف ئیلەیهە، ئەگەر مەبەست لە ((سیاهەور)) دووکەڵی سووتانی دەروونیی بێ بەو حەرارەتە کە باسمان لێوە کرد، ئیزافەی بە ((دوود)) ئیزافەیێکی بەیانییە، وە ئەگەر مەبەست ئەو تەم و بوخارە بێ کە لەبەر زۆریی و تەراکوم وەك دووکەڵ رەش هەڵگەڕابێ، ئەبێتە ئیزافەیێکی تەشبیهی.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

کەللە: کەللەی سەر، تەپڵەکی سەر، تەوقی سەر. بەرزبوونەوەی تەم و دووکەڵی دەروون و ئەسەرکردنی لە مێشك کە لە لای سەرووی بەدەنەوەیە، تەشبیە کراوە بە بەرزبوونەوەی تەم و مژی ئاو و بوونی بە هەور و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان. پیتی ((م)) موزاف ئیلەیهە.

جەم بی: کۆبووەوە. کردەوەی مورەککەبی تێنەپەڕی مازیی موتڵەقە لە ریشەی ((جەم بییە)) (کۆبوونەوە) ((سیاهەور)) فاعیلیەتی.

بەرق و بزیسکە: بەرق و بروسکە. ((بزووسکەش)) ئەوترێ. موسەوویتی ((و /u/)) لە نێوان ئەو دوو وشەدا، ئامرازی پەیوەندە. ئەگەر پیتی دوایی وشەی پێش لەو موسەوویت بێ بە نیم موسەوویتی ((و /w/)) دەرئەخرێ، وەك: بزیسکە و تەم (بروسکە و تەم).

داش وە هەمدا: دای بەیەکدا، تێکەڵ بوو. کردەوەی مورەککەبی زەمانی مازیی تێنەپەڕە لە ریشەی مورەککەبی ((وە هەمدا دای)) (بە یەکدا دان). ئەو

---

(١) لە زبانی کوردیدا سەوتی ((د /d/)) دوو جۆر دەرئەخرێ. جۆری یەکەم نووکزبانیی و لەسسەیی و بەسراوە. جۆری دووەم بێخزبانیی و بازە، واتە: لە کاتی دەرخستنی دا نووکی زبان بە بێ ئەوە تەکیە بداتە سەر لەسسە بەرەو پاش ئەکشێ و بێخی بەرز ئەبێتەوە. دوکتۆر کەمال فوئاد ئەم جۆرە ((د))یە بە ((د))ی کلۆر ناو بردووە. ئەوەش ئەبێ بزانین کە ئەم جۆرە ((د))یە تایبەتی گۆنە کوردی ناوچەی ((سلێمانی))نییە بەڵکە لە شێوەی گۆرانیشدا بە زۆرایەتیی دەرئەخرێ.

ریشەیە پێك هاتووە لە ئەجزای: وە: پیتی ئیزافە. هەم[1]: قەیدی ئیشتراك و لەیەکدان. دا: ئەداتی زەرفییەت و ئیستقراری فعل.

دای: مەسدەری پایە.

پلووسکە: شۆڕاوە، بەو بارانە ئەوترێ کە بە خوڕ لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە و دلۆپ دلۆپ نییە. ((تاف)) و ((قەڵبەزە))ش بەو مانایە هاتوون. پلووسك ناوە بۆ ئەو دارەی کە هەڵی ئەکۆڵن و، لەسەر پاسار (گوێسوانە)ی بانی خانوو دایئەمەزرێنن بۆ ئەوە ئاوی باران لەو دارە هەڵکۆڵراوەوە، بڕژێتە خوارەوە. موسەوویتی ((ە /a/)) لە دوایەوە نیشانەی نیسبەت یا تەشبیهە. پیتی ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

سەیلاو: سێڵاو، لافاو. ناوی مورەککەبە لە دوو جوزئی: سەیل و ئاو. موزاف ئیلەیهە. وەجهە شەبەهی چواندنی فرمێسك بە سەیلاو، بریتییە لە سووریی ڕەنگ لە هەردوویاندا، هەروەهاش چۆن سەیلاو لە کێو بە خوڕ دێتە خوارەوە، فرمێسکیش ئەگەر زۆر بێ بە خوڕ لە چاوەوە دائەڕژێ.

ئامام وە چەم دا: هات بە چاوم دا. ئاما (هات): کردەوەی بەسیتی مازیی موتڵەقە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن). پیتی ((م)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهی یەکەم کەسە بۆ وشەی ((چەم)) (چاو) لەبەر زەروورەتی شیعریی لکاوە بە فیعلی ((ئاما))وە. وە (بە): پیتی ئیزافەیە. دا: پیتی نیشانەی زەرفییەتی ئیستقراری فیعلە. مانای ئەو هۆنراوەیە ئەمەیە: ئەو تەم و مژ و دووکەڵە لە دەروونمەوە بەرزبووەوە و، لە کەللەمدا تێکەڵ بوو، وەك هەورێکی ڕەش و تاریك

---

(١) وشەی هەم کە لە شێوەی سۆرانیدا بە ((هاو)) دەرئەخرێ پێشگرە و بۆ ماناگەلی: شەباهەت، هاوکاری و هاوبەشی لە سەرەتای ناوەوە بەکار ئەبرێ، وەك: هاودەس، هاوبیر، هاوکار. هەم: بە مانای قەیدی عەدەدیی ((هەردوو)) و قەیدی هاوبەشیی هاتووە، وەك: هەم ئەو هات هەم ئەم، واتە هەردوو هاتن. منیش هەم هاتم، واتە: من لە هاتندا هاوبەش بووم. لەم سوورەتەدا وەها کە لە وێنەکەدا دەرکەوت پاشگری ((یش /yš/ ، /ī š/–)) لە دوای وشەی هاوبەشەوە ئەهێنرێ. هەندێ جار بە مانای قەیدی تەئکیدی دووبارەکردن بەکار ئەبرێ وەك فەرهاد هەم هاتەوە.

دەسی کرد بە بزوسکە و چەخماخە وەشاندن و گرماندن ئینجا فرمێسکی خوێناوی و خوڕی وەك لافاوی لە چاومەوە بەردایەوە.

خاشاك: ڕێزە و پێزە و پاشماوەی شتێ کە ئەسڵەکەی تێدا چووبێ. لێرەدا مەبەست پاشماوەی جەستە یا وجوود و هەبوونە. موزافە.

هەستی: وجوود، هەبوون. پیتی ((م)) لە دوایەوە زەمیری یەکەم کەسی موفرەدی موزاف ئیلەیهە.

لافاو: سێڵاو، سەیلاو، لافاو. لە شێوەی گۆرانی وتاریدا ((لاوی))ش ئەوترێ، موسەوویتی ((ی /آ/)) لە دوایەوە، نیشانەی تەئنیسە.

بەردەوە: بردەوە، کردەوەی تێپەڕی مورەککەبە لە ڕیشەی ((ئەوە بەردەی، بەردەیەوە)) (بردنەوە). هێنانی پاشگری ((ەوە)) بۆ گەیاندنی مانای تەکرار و دووبارەکردنە. ئەگونجێ بۆ گەیاندنی مانای دەوامیش بێ. ئەگەر مەبەست مانای یەکەم بێ واتە: ئارەزووی ئازیز تا ئێستا چەن جار منی لەناو بردووە و زیندوو بوومەتەوە، ئەوا ئەم جارەش کوشتمی و لەناوی بردم. ئەگەر مەبەست مانای دووەم بێ واتە: خەریکم بە تەدریج لەناو ئەچم.

دەروون: هەناو، دڵ و جەرگ و ئەو شتانەی کە لە ناو زکی ئینساندان. داخڵ و ناوی هەر شتێ. کینایەیە لە هێزی ئیحساس و ئیدراك. فاعیلە بۆ فیعلێ کە بە دوایدا دێ.

پێچش دا: پێچی دا. کردەوەی مورەککەبی مازیی موتڵەقە لە ڕیشەی ((پێچ دای)) (پێچ دان).[1]

---

(١) ئەم ڕیشەیە زۆرتر بۆ مانای تێپەڕ بەکار ئەبرێ، لە حاڵەتێکدا مەفعوول پێش لە فعلەکەوە بهێنرێ. وە ئەگەر بۆ مانای تێنەپەڕ بەکار بهێنرێ بە پیتی ئێزافەی ((ئەو)) (لە) تێپەڕی پێ ئەکرێ وە مەفعوولەکە لە دوای فعلەکەوە ئەهێنرێ ئەوەش زۆرتر لە حاڵێکدایە کە فاعیل و مەفعوولی فیعلەکە یەك فەرد بێ وەها کە ئەوترێ: مارەکە پێچش دا ئەو وێش (مارەکە پێچی دا لە خۆی). لەو لێکدانەوەیە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئەسڵی: دەروون پێچش دا، دەروون پێچش دا ئەو وێش (دەروون پێچی دا لە خۆی) بووە و، تەرکیبی ((ئەو وێش)) کە مەفعوولی غەیرە موستەقیمە لەبەر زەروورەتی شیعری فڕێ

مەفعوولی غەیرە موستەقیمی ((ئەو وێش)) (لە خۆی) لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە. موسەویتی ((و /u/)) لە دوایەوە ئامرازی پەیوەندە. ((پێچ لەخۆدان)) بۆ دەربڕینی دەرد و ئێشێکی نادیار بەکار ئەبرێ وەها کە ئەوترێ: فەرهاد لەبەر ئێشی ناو زکی هەر پێچی لە خۆی ئەدا.

دلێ: دلێ. واحیدی سەوتی ((یچ /-īč/)) کە مانای پەیوەند ئەگەیێنێ لەبەر زەروورەتی شیعری لە دوایەوە حەزف کراوە و لە ئەسڵدا ((دڵیچ)) (دڵیش) بووە.

وییەردەوە: بووردەوە، لەسەرخۆی چوو، بێ هۆش بوو. کردەوەی مازیی موتڵەقی مورەککەبە لە ریشەی ((ئەوە ویەردەی، ویەردەیەوە)) مانای دەوام و تەکرار ئەگەیێنێ. مەولەوی لەم نیوە هۆنراوەیەدا حاڵاتی دەروونی و دڵیی لەو کارەساتەدا کە لە کاتی ئارەزووکردنی دیداری ئازیزدا بۆی هاتووەتە پێشەوە، بەیان ئەکا و ئەڵێ: دەروونم لە سەختیی ئەو حاڵەتە دژوارە کە بۆم هاتە پێشەوە، دەسی کرد بە پێچ لە خۆدان و دڵیشم لە حەسرەتدا. لەسەرخۆی چوو[1].

---

دراوە. وێنەی ئەوە کە زۆرتر بۆ مانای تێپەڕ بەکار ببرێ وەك ئەوە ئەوترێ: دەس و فەرهادیم پێچ دا (دەسی فەرهادم پێچ دا) دیارە لەم حاڵەدا تەرکیبی ((دەسی فەرهاد)) ئەبێ بە مەفعوولی موستەقیم و،زەمیری ((م)) ئەبێ بە فاعیل و پێش لە فیعلەکەوە هاتووە. ئەوەش ئەبێ بزانین ئەگەر بمانەوێ لە ناوی ((پێچ)) تەنیا ریشەی تێنەپەڕ دوروست بکەین، پێویستە لەگەڵ ریشەی ((واردەی)) (خواردن)دا تەرکیبی بکەین و بڵێین: پێچ واردەی (پێچ خواردن).

(١) بۆ ئەوە بە وردی لە مەزموونی ئەم چەند هۆنراوە تێ بگەین پێویستە بزانین مەولەوی لە زۆرتری هۆنراوەکانیدا بۆ نیشاندانی ئەو ئینفعالاتە ویجدانییەی خۆیە کە ویستوویە لە هۆنراوەکانیدا بەیانی بکا، هەریەکە لە حاڵات و عەوامێلی رەوانیی و ئەعزا و ئەندامی وجوودی خۆی بە ئینسانێك یا بە مەوجوودێکی تەبیعیی تەشبیە ئەکا و هاوبەشیان لە بەدیهاتنی ئەو ئینفعالاتە ویجدانییەی خۆیەدا بە هونەرنماییێکی بێ وێنە لە قاڵبی ئەلفاز و تەرکیباتێکی سادە و رەواندا جێ ئەکاتەوە.

بۆ وێنە مەولەوی لە سەرەتای ئەم پارچەیەوە ئەیەوێ واقیعییەتی ئینفعالاتی رەوانیی خۆی سەبارەت بە ئارەزووکردنی دیداری ئازیز کە هێنانە لەفزەوەی کارێکی زۆر سەخت و پڕ زەحمەتە، بە چەشنێکی زۆر سادە لە چەن هۆنراوەدا نیشان بدا، وەها کە هەریەکە لە: ((دەماخ، سیاهەور، بەرق و بزیسکە، پلووسکەی سەیلاو، خاشاك هەستی، دەروون و دڵ))ی بۆ بەدیهاتنی ئەو ئینفعالاتە بە عامیلێکی

زانام: زانیم، بۆم دەرکەوت، تێگەیشتم. کردەوەی مازیی موتڵەقی بەسیتە لە ڕیشەی ((زانای)) (زانین).

هەم دیسان: هەم دیسان، دووبارە. قەیدی مورەککەبە. مانای تەکرار و دووبارەکردن ئەگەیێنێ.

کۆس نۆشەن: کۆستی تازەیە، کۆستی تازەی هەیە، واتە: دڵ کۆستێکی تازەی کەوتووە موسیبەتێکی تازەی بۆ هاتووەتە پێشەوە. دیارە شیددەتی تەمایول بۆ هەر شتێ وەکو بەڵا و موسیبەت حاڵاتی تەبیعی پیاو تێک ئەدا و ئەیخاتە ناڕەحەتییەوە.

گەردەلوولشەن: گەردەلوولییە، گەردەلوولی هەیە، واتە: گەردەلوول ئەکا. گەردەلوول یا گێژەڵووکە بە بایێك ئەوترێ کە بە دەوری خۆیدا ئەسووڕێتەوە و تۆز و پلوپووش بەرز ئەکاتەوە. ((گەردەلوولکردن)) کینایەیە لە شەوق و عەلاقە دەربڕینی لە ئەندازە بەدەر.

ئارەزووی تۆشەن: ئارەزووی تۆیە، ئارەزووی تۆی هەیە.

**پوختەی مانا:**

هەر کە لەناکاو مێشکم داغ بوو و، ئاوی لەشم بوو بە تەم و لەگەڵ دووکەڵی دەروونمدا تێکەڵ بوو و، وەك هەورێکی ڕەش لە کەللەمدا کۆبووەوە و، بەرچاوم تاریك بوو و، تەزێکی سەخت وەك برووسکە سەرتاپای داگرتم و، لافاوی فرمێسك لە چاومەوە هاتە خوارەوە و، ڕێزە و پێزەی جەستەمی داماڵی و، دەروونم لەبەر ئێش دەسی کرد بە لەخۆدان و، دڵیشم لە حەسرەتدا لەسەرخۆی چوو، زانیم کە دڵم دووبارە تووشی بەڵا و موسیبەتێکی تازە بووە و، ئارەزووی چاوپێکەوتنی تۆی کەوتووەتە سەر.

---

سەربەخۆ و مەربووت بە یەك داناوە و لە عەینی حالیشدا چۆنییەتی حاڵاتی یەکەیەکەشیانی بە جوانیی دیاریی کردووە. دیارە ئەمەش یەکێ ترە لە هونەرنماییە بێ وێنەکانی.

جۆشـــش وەردە بـــێ چـــارێوەم نەکـــەرد
وە هـــەر حـــاڵ نەبـــەین شـــەرتێومان ویـــەرد
نـــەك چـــەنی خـــەیاڵ قیبلـــەم بســـازی
دەخیـــل، تـــەن خەســـتەن وە جییـــاش نـازی!

جۆشـش وەردە بـێ: جۆشـی خواردبـوو، هـاتبووە جـۆش، هـاتبووە کـوڵ. کردەوەی مورەککەبی زەمانی مازیی دوورە لە ریشـەی ((جـۆش وەردەی)) (جـۆش خواردن). کینایەیە لە شیددەتی شەوق و ئارەزوو.

چارێوەم نەکەرد: عەلاجێکم نەکرد، نەمتوانی دای مرکێنم. پێم ئارام نەکرا.

وە هەر حاڵ: بە هەر حاڵێك بوو، بە هەر جۆرێك بوو.

نـە بـەین: لـە بەینمانـدا، لـە نێوانمانـدا. زەمـیری ((مـان)) لەبـەر زەرووڕەتـی شیعریی لکاوە بە وشەی ((شەرتێو))ەوە کە لە دوایەوەیە.

شەرتێومان ویەرد: لە نێوانماندا شەرتێك بوورد، لە نێوانی خۆماندا شەرتێکمان کـرد، واتـە: بڕیارێکمـان دا. ((ویـەرد)) کـردەوەی مـازیی موتڵەقـە لـە ریشـەی ((ویەردەی)) (بووردن).

نەك: کورتکراوەی ((نەکەرۆ)) (نەکا)یە[1].

چەنی: لەگەڵ. تەکیە ئەدرێتە سەر هیجای ئاخر.

قیبلە: کینایەیە لە دڵبەر، مەعشووق، ئازیز.

بازی: رێك کەوی.

تەن: لاشە، بەدەن، جەستە.

خەستەن: ماندووە، ناتەوانە.

وە: بە.

---

(١) تەرکیبی ((نەکا)) جوملەی فیعلی مەنهییە، فاعیلی بریتییە لە مەزموونی جوملەیێك کە بە دوایدا دێ. ئەو تەرکیبە لە جوملەدا ئەبێ بە قەیدی تەئکیدی نەهی.

جییاش نازی: جێی نەهێڵی. کردەوەی مورەککەبی مەنهییە لە ریشەی مورەککەبی ((جیا ئاستەی)) (جێهێشتن). مەزموونی ئەم هۆنراوەیە بە سوورەتی نەقڵی موستەقیمە، کە وابوو جوملەی: (وتم پێی)) لە تەقدیردایە.

مەولەوی بۆ بەدیهێنانی ئەو مەزموونە جوانە هەریەکە لە ئیدراك و جەستە و دڵی خۆی و خەیاڵی ئازیزی لە رێگای تەشبیه و ئیستعارە وە بە ئینسانێك داناوە و پێوەندییێکی وردی سەرسوورهێنەری لە نێوانیاندا هێناوەتە دی و ئەو نەتیجە گرنگەی گرتووە کە لە هۆنراوە دواییەکاندا بۆمان دەرئەکەوێ.

**پوختەی مانا:**

دڵ بۆ دیداری تۆ هاتبووە جۆش و نەمتوانی دای مرکێنم، ناچار لەگەڵی رێك کەوتم و پێموت بە شەرتێ ئیزنت ئەدەم بچی بۆ لای کە منیش لەگەڵ خۆت ببەی، بەڵام دەخیلە نەکا لە ژێرەوە لەگەڵ خەیاڵی ئازیزدا رێك کەوی و پێکەوە بۆی دەرچن و جەستەی منی دەردەدار و ماندووی رێگای سەختی دڵداری بەجێ بهێڵن!

**سەر هەردە و سەر هەرد، مەنزڵ ئەو مەنزڵ**
**دڵ ئەو شۆن تۆن، من ئەو شۆن دڵ**

سەر هەردە و سەر هەرد: تەرکیبێکە لە ((ئی سەر هەرد و ئەو سەر هەرد)) (ئەم سەر کێو و ئەو سەر کێو) واتە: لەم سەر کێوەوە بۆ ئەو سەر کێو رێگامان بڕی.

مەنزڵ ئەو مەنزڵ: لەم مەنزڵەوە بۆ ئەو مەنزڵ کەوتینە رێ.

دڵ ئەو شۆن تۆن: دڵ بە دوای تۆوەیە، دڵ کەوتووەتە دوای تۆ، دڵ بە دووی تۆدا ئەگەڕێ.

من ئەو شۆن دڵ: منیش بە دوای دڵەوەم. واتە: دڵ کەوتووەتە دوای تۆ، منیش کەوتوومەتە دوای دڵ.

پوختەی مانا:

بە پێی ئەو بڕیارە بۆی کەوتینە ڕێ، ئێستا دڵ بە دوای تۆوەیە و منیش بە دوای دڵەوەم – لەم سەر کێوەوە بۆ ئەو سەر کێو و، لەم مەنزڵەوە بۆ ئەو مەنزڵ.

**دیم بەد عەهدیش کەرد هەواش سەندەوە**

**تەن حەسرەتمەتد بی جییا مەندەوە**

دیم: دیم، چاوم پێ کەوت: کردەوەی مازییە لە ریشەی ((دییەی)) (دیتن، دین). واتە: بۆم دەرکەت، زانیم.

بەد عەهدیش کەرد: پەیمانی شکاند، بێ شەرتیی کرد.

هەواش سەندەوە: شەوق و ئارەزوو هەڵی گرت و بۆی دەرچوو.

تەن حەسرەتمەند بی: حەسرەت چووە دڵیەوە کە...

جییامەندەوە: بەجێ مایەوە. هێنانی پاشگری ((ەوە)) لە دوای ئەم دوو نیوە هۆنراوەیەوە، ئەوە ئەگەیێنێ کە چوونی ((دڵ)) بۆ لای ئازیز و بەجێمانی ((تەن)) تەنیا ئەم جارە نەبووە، بەڵکە زۆر جاران ڕوویداوە.

پوختەی مانا:

بەڵام بەداخەوە بۆم دەرکەوت کە دڵ بەدعەهدیی کرد و شەرتەکەی بەڕێوە نەبرد، شەوق هەڵی گرت و جەستەی ماندووی منی بە حەسرەتەوە بەجێ هێشت.

**جە بێ شەرتیی دڵ زامەتم سەختەن**

**وێت یاونەوە، های نەسیم! وەختەن**

جە: لە.

زامەتم سەختەن: زەحمەتم[1] سەختە، واتە لەوە کە دڵ شەرتەکەی نەبردە سەر و، منی بەجێ هێشت دەردم گرانە.

وێت: خۆت.

یاونەوە: بگەیێنەوە. کردەوەی ئەمرە لە ریشەی ((ئەوە یاونای، یاونایەوە)) (گەیاندنەوە). پاشگری ((ەوە)) مانای تەکرار ئەگەیێنێ.

های: ئای. ئامرازی نیدایە لە کاتی هاوارکردن بۆ فریاکەوتن و، یارمەتیدان بەکار ئەبرێ.

نەسیم: بای شەماڵ.

وەختەن: وەختە. واتە: کاتی ئەوەیە خۆت بگەیێنی و فریام بکەوییەوە.

مەولەوی لەم هۆنراوەیەشدا نەقڵی قەوڵی موستەقیمی کردووە، واتە: ئەو وتووێژە کە لەگەڵ بای شەماڵدا کردوویەتی بۆ ئازیزی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: پاش ئەوە کە دڵ بەجێی هێشتم وتم: های نەسیم...

**پوختەی مانا:**

لە بێ شەرتیی و بێ وەفایی دڵ دەردم گرانە، ئای شەماڵ دەسمە داوێنت، وەختییەتی، خۆت بگەیێنەوە و، فریام کەوە!

**رەحمێ کەر وە حاڵ خەمان هەرزاندا**

**تەشریف بەر بدیە وە سەر بەرزاندا**

رەحمێ کەر: رەحمێ بکە، بەزەییت بێت.

---

(١) پیتی ((ح))ی وشەگەلی عەرەبی کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، زۆرتر ئەگۆڕێتەوە بە یەکێ لەم پیتانە:

هـ- هەق: حەق.

أ- زامەت: زەحمەت.

ی- مەینەت: میحنەت.

و- مەوبەت: مەحەببەت.

وه حالْ خەمان هەرزاندا: بە حالْی کەسێکدا کە خەم و پەژارە بە لایەوە ئەوەندە زۆرە، نرخێکی بۆ دانانرێ.

تەشریف بەر: تەشریف ببە، برۆ. کردەوەی ئەمرە لە حالْی رێزگرتنی موخاتەبدا بەکار ئەبرێ.

بدیە: بڕوانە. کردەوەی ئەمرە لە ریشەی ((دیای)) (روانین، چاوخستن)(١).

وه: بە.

سەر بەرزان: سەر کێوان، قولەی کێوە بەرزەکان. پیتی ((دا)) لە دوایەوە نیشانەی ئیستقراری فیعلە لە مەدخوولی پیتی ئیزافەدا کە مانای زەرفییەت ئەگەیێنێ.

**پوختەی مانا:**

بەزەییت بێ بە حالْی پڕ غەم و پەژارەمدا و برۆ و بڕوانە بەسەر هەموو کێوە بەرزەکاندا.

**هەر جایێ چون بەخت دوور جە نەوهالاْن–**
**سییا بی، تاریک جە سییا مالاْن**
**گێج دوود ئاخ هەواش پەرکەردن**
**ئانە یاتاخگەی گەردەن بێگەردەن.**

هەر جایێ: هەر جێگەیێ، هەر جێیێ.

چون: وەك.

---

(١) ریشەی ((دیای)) بە مانای روانین و چاوخستنە، وەها کە لە زمانی وتاریدا بۆ کردەوەی زەمانی مازیی ئەوترێ: دیانێ پەی تۆ: روانیم بۆ تۆ، بەلاْم لە زمانی ئەدەبیدا زۆرتر ((دیام، دیان)) (روانیم) ئەوترێ، واتە: ساختمانی زەمیرەکانیان فەرقیان هەیە.

ریشەی ((دیەی)) بە مانای روانین و چاوپێکەوتنە وەها کە لە زمانی وتاریی و ئەدەبیدا بۆ کردەوەی زەمانی مازیی ئەوترێ: فەرهادم دی.

بەخت: تالع، شانس. چارە.

جە: لە.

نەوهالٚ: نەونەمام. کینایەیە لە مەعشووقەی جوان و گەنج و تازە پێگەیشتوو ((ان)) لە دوایەوە نیشانەی کۆمەڵە. ((دوور جە نەوهالاٚن)): دوور لە ئازیزان. سیفەتی مورەککەبە بۆ مەوسووفی مەحزووفی وەك: عاشقان.

سیا بی: رەش بوو. ئەبێتە خەبەر بۆ ((هەر جایێ)) پیتی عەتفی ((و)) لە دوایەوە حەزف کراوە.

تاریك: تاریك بوو. خەبەر بە عەتفە بۆ ((هەر جایێ)).

جە: لە.

سیامالٚ: رەشماڵ، دەوار. چادرێکی رەشە کە هۆزگەلی گەرمیان و کوێستانکەر هەڵی ئەدەن و لە ژێریدا ئەحەوێنەوە. ((ان)) لە دوایەوە نیشانەی کۆمەڵە.

گێج دوود ئاخ: گێژەڵووکەی دووکەڵی ئاخی دەروون سووتاوی عاشق—

هەواش پەڕکەردەن: هەوای پڕ کردووە—

ئانە: ئەوە.

یاتاخگە: جێگا، هەوارگە جێگایێ کە خێڵ و هۆزی کۆچەری تێیدا ئەبەزن. ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

گەردەن زەرد: کینایەیە لە مەعشووقی جوان و لەتیف. ((ەن)) رابیتی زەمانی حاڵە.

**پوختەی مانا:**

هەر جێگایێ کە لەبەر زۆریی دەوار وەك بەختی عاشقانی دوور لە مەعشووق رەش و تاریك بوو، وە گێژەڵووکەی دووکەڵی ئاخی دەروون سووتاوان ئاسمانی داپۆشی بوو، ئەو جێیە، هەوارگەی ئازیزە.

گـــا گـــێج و سەرســـام نـــە گـــرداو دا
گـــا خەفتـــەن نـــە تـــۆی خەفـــەت خـــاودا

گا: گاهێ، زەمانێ.

گێج: گێژ.

سەرسام: موتەحەییر، پەرێشان، سەرلێشێواو.

نە: لە.

گرداو: گێژاو. ((دا)) لە دوایەوە نیشانەی زەرفییەتە.

خەفتەن: خەوتووە.[1]

نە تۆ: لە ناو. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

خەفەت خاو: خەوی خەفەت و پەژارە. ناوی مورەککەبە. ((دا)) لە دوایەوە نیشانەی زەرفییەتە.

مەولەوی لە زۆرتری پارچە هۆنراوەکانیا سەنعەتی ((تەی و بەست)) بەکار ئەبا، واتە: لە مەوزۆعێکەوە ئەچێتە سەر مەوزۆعێکی تر، وە لەو مەوزۆعەوە مەزموونێ دەرئەکەوێ کە لە پێشەوە نەهاتووەتە لەفزەوە. بۆ وێنە لە هۆنراوەی پێش لەم هۆنراوەیەدا تەنیا ناو و نیشانی ئەو کۆمەڵە دەوارە بە بای شەماڵ ئەدا کە دەواری ئازیزیان تێدایە، ئینجا بە بێ ئەوە ئەو مەزموونە بهێنێتە لەفزەوە کە چۆن دەواری ئازیز لە نێو ئەو دەوارانەدا بدۆزێتەوە، دەسبەجێ ئەچێتە سەر بەیانی حاڵاتی ئازیز لە دەوارەکەیدا. مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئیشارەیە بە مەدلوولی قسەی نەستەقی پێشینان کە وتوویانە ((دڵ ئایەنەی دڵە)) چونکە ئەم

---

(١) کردەوەی مازیی نەقلّی یا زەمانی حالّی ((خەفتەن)) لە ریشەی ((خوفتەن)) (خەوتن)ی فارسییەوە وەرگیراوە، لە گۆرانیدا ((وتەی /witay/)) (خەوتن) ئەوترێ کە مازیی نەقلّی ئەبێ بە ((وتەن)) (خەوتووە). سەوتی ((ت /t/)) لە ئەمر و موزاریعدا ئەگۆڕرێتەوە بە سەوتی ((س /s/)) و ئەوترێ: بووسە (بخەوە)، مووسوو (ئەخەوم) لە هەندێ گۆنەدا ((مەوسوو)) (ئەخەوم)یش ئەوترێ.

هۆنراوەیە ئەوە ئەگەیێنێ کە هەروەها مەولەوی ئازیزی خۆش ویستووە ئازیزیش خۆشەویستی مەولەوی لە دڵدا بووە.

**پوختەی مانا:**

کە چوویتە ناو دەوارەکانەوە، ئازیزت چاو پێ ئەکەوێ، تاوێ لە گێژاوی غەم و پەژارەدا بێحاڵە و، تاوێکی تر خەوی خەفەت و پەرێشانی دایگرتووە.

**جە نەشئەی گەرمیی هەوای کۆرەی مەیل**
**چای تینیش کەم کەم جە نم بییەن کەیل**

جە: لە.

نەشئە: بەدیهاتن، پەیدابوون، داهاتن. لێرەدا بە مانای ئەسەرە. واتە: لە ئەسەری گەرمی هەوای کوورەی مەحەببەت و خۆشەویستییەوە.

چای تینی: چاڵی تینی کە بە قووڵایی لای ژوورووی سینە و لای خوارووی گەردەن ئەوترێ. قووڵایی چەڵەمەی سینە. ((ش)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە.

کەم کەم: وردە-وردە، هەر لەبەرەوە، بە تەدریج.

جە: لە.

نم: کینایەیە لە ئارەقی کەم.

کەیل: پڕ.

**پوختەی مانا:**

لە ئەسەری گەرمی هەوای کوورەی مەیل و مەحەببەتەوە چاڵی تینیی بە تەدریج پڕ بووە لە ئارەق.

**وێت ئاسا وە نەرم وێت نە رووی نم دەر**
**وەو شنۆی فێنک دڵش بێدار کەر**

وێت: خۆت.

ئاسا: وەك. پاشگری تەشبیهە. خۆت ئاسا: وەك خۆت. بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە، بای شەماڵ خۆی بە خۆی تەشبیه کراوە، واتە: ئەو کارە تەنیا تایبەتی تۆیە، وە هەر تۆ ئەتوانی جێ بەجێی بکەی.

وە نەرم: بە نەرم، بە یەواش.

نە: لە.

دەر: بدە. کردەوەی ئەمرە لە ریشەی ((دای)) (دان). پیتی ((ر)) بە بێ ڕێگا هێنراوە.

وەو شنۆی فێنك: بەو شنەی فێنك. ((وەو...)) لە ئەسڵدا ((وە ئەو شنۆی فێنکە))یە. سەوتی ((ك)) لە ناوی ئیشارەی ((ئەو))، وە سەوتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی حیسسی لە دوای موشار ئیلەیهی ((فێنك))ەوە، حەزف کراوە. هێنانی ناوی ئیشارە بۆ گەیاندنی مانای تەخسیسە، واتە فێنکییێك کە شاییستە بێ تەنیا لە شنەی تۆوە ئەخێزێ.

دڵش: دڵی.

بێدار کەر: بێدار کەوە. کردەوەی مورەککەبی ئەمرە لە ریشەی ((بێدار کەردەی)) (بێدارکردن) موسەویتی ((ە /a/)) کە زەمیری یەکەم کەسی موفرەدی موخاتەبە لە دوایەوە حەزف کراوە. لە ئەسڵدا ((بێدار کەرە))یە[1].

**پوختەی مانا:**

ئینجا خۆت ئاسا یەواش بشنیە بە رووی ئەو ئارەقەدا و بەو شنەی تایبەتی خۆتە دڵی فێنك کەوە تا لە خەو بێدار بێتەوە.

---

(١) لە شێوەی گۆرانیدا بە پێچەوانەی شێوەی سۆرانی کەمتر سەوتی دوایی ڕەگی فعلی لە زەمانەکانی ئەمر و موزاریعدا حەزف ئەکرێ، بۆ وێنە لە شێوەی گۆرانیدا لە ریشەی ((کەردەی)) ئەوترێ: کەردم (کردم). کەرە (بکە). کەروو (ئەکەم). لە ریشەی بەردەی (بردن) ئەوترێ: بەردم (بردم). بەرە (ببە). بەروو (ئەبەم). لە ریشەی واردەی (خواردن) ئەوترێ: واردم (خواردم). وەرە (بخۆ). وەروو (ئەخۆم).

بــەڵام شــنیای تــای سەرســورمەی بێگــەرد
ئــازار نــەدۆ هــیچ ســای گــەردەن زەرد

شنیای: لەرینەوە، لەرزینەوە.

تا: ریشە، ریشوو.

سەرسورمە: سەروپێچە، سەروین. مەبەست لە مـەزموونی ئـەو تەرکیبـە کێش رەشتی و هەوری و جەتفەییێکە ئەبەسرێ بە سەرەوە.

بێگەرد: بێ عەیب.

ئازار نەدۆ: ئازار نەدا، زەرەر نەگەیێنێ، زەحمەت نەدا.

سای گەردەن زەرد: وشەی ((سا)) بە مانای سـێبەرە بـەڵام لێـرەدا بـە مانـای لامل و بناگوێیـە. ئـەو تەرکیبـە کینایەیـە لـە لاملـی جوان و لـەتیفی مەعشووق یا مەمـدووح. ئـەگونجێ لـە وشـەی ((سـا)) (سـێبەر)دا ئیسـتیعارە بـەکار برابـێ بـەم چەشنە کە بە قەرینەی ((ئازاردان)) وشەی ((سا)) تەشبیه کرابـێ بـە ئینسـانێك یا مەوجوودێکی لەتیف و ناسکی جیسمی، لەم حاڵەدا مانای ئەو تەرکیبـە ئـەبێ بەمـە کە: لەرینەوەی ریشووی سەروینەکەی کە بە لای گەردنی جوانیـدا شـۆڕ بووەتـەوە، زەحمەت نەدا بە سێبەری لاملی جوان و شیرینی!

**پوختەی مانا:**

بەڵام تکایە، شنیانەکەت ئەوەندە یەواش بێ کـە ریشـووی سـورمەکەی سـەری لە کاتی لەرینەوەدا، ئازار نەدا بە سێبەری لاملی جوان و لەتیفی.

مەپەرســۆ و ســەیلاو ئەســرینان تاوتــاو
برێــــز وە روودا و ئێــــدش دەر جـــــواو:

مەپەرسۆ: ئەپرسێ. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((پەرسای)) (پرسین).

سەیلاو: لافاو.

ئەسرین: فرمێسک. ((ئەسر))یش ئەوترێ. ((ان)) لە دوایەوە نیشانەی کۆمەڵە.

تاوتاو: بێ وچان. ((تاو)) بۆ چەن مانا هاتووە: سات و لەحزە، هێز، سورعەت و توندی، رووناکی خۆر. لێرەدا مەبەست لەحزە بە لەحزەیە، واتە بە بێ فاسیلە. ئەگونجێ بە مانای ((توند، توند))یش بێ.

برێز: بڕێژە. کردەوەی ئەمرە لە ریشەی ((ریختەن))ی فارسی.

وە روودا: بە روودا.

ئێدش: ئەمی. پیتی ((ش)) زەمیری موزاف ئیلەیهە بۆ ((جواو)) کە جوزئی کردەوەی مورەککەبی ((جواو دەر))ە، لە ئەسڵدا ((جواوش دەر)) بووە، واتە: وەڵامی بدەوە.

**پوختەی مانا:**

پاش ئەوە لە خەو بێدار بووەوە، هەواڵی منت لێ ئەپرسێ، تۆش ئەمەی وەڵام بدەوە:

**سفتەکەی سەرسام، تەن ناتەوانا**

**دیم خەستەن، کەفتەن، هەر ئێد مەوانا:**

سفتەکە: سووتاوەکە. ((ی)) نیشانەی تەوسیفە.

سەرسام: سەرلێشێواو.

تەن ناتەوانا: جەستە بێ هێز.

دیم: چاوم پێ کەوت. لە ریشەی ((دیەی)) (دیتن، چاوپێکەوتن). ئەگونجێ لێرەدا بە مانای ((زانیم، بۆم دەرکەوت)) بێ.

خەستەن: ماندووە.

کەفتەن: کەوتووە.

هەر ئێد مەوانا: هەر ئەمەی ئەوت. ((ئێد)) (ئەم) کە زەمیری ئیشارەی نزیکە، لە باتی ((ئینە)) (ئەمە)ی ناوی ئیشارەی نزیک بەکار براوە. مەوانا (ئەخوێند) لە

ریشەی ((وانای)) (خوێندن)ە کە لێرەدا بە مانای ((واتەی)) (وتن)ە. ئەگونجێ بە مانای ((خوێندنەوە))ش بێ، کە مەبەست خوێندنەوەی ئەو دوو هۆنراوەیە بێ کە بە دوایدا دێ.

**پوختەی مانا:**

عاشقە سووتاو و سەرلێشێواو و ناتەوانەکەتم چاو پێکەوت کە لەبەر ماندووبوون لە سەر رێگاوە کەوتووبوو و لەبەر خۆیەوە هەر ئەمەی ئەخوێندەوە و دووبارەی ئەکردەوە:

**یە سەختیی زامەت، یە دەرد موشکڵ**
**یە دووریی ئازیز، یە بێ شەرتیی دڵ**
**ئەجەڵ! نیم رەمەق باقییەن، سادەی!**
**جەو دما بوختان مەوینانێت پەی.**

یە: ئەمە.

سەختیی زامەت: سەختیی زەحمەت و رەنج.

ئەجەڵ: کاتی دواهاتنی ژیان. لەم هۆنراوەیەدا سەنعەتی ئیستعارە بەکار براوە، بەم چەشنە کە ((ئەجەل)) بە قەرینەی ئەوە کە پیاو ئەکوژێ تەشبیه کراوە بە ئینسان و وتووێژی لەگەڵدا ئەکرێ.

نیم رەمەق: نیوە گیان.

باقییەن: ماوە.

سا: لێرەدا ئامرازی تەئکیدە.

دەی: زووکە، دەس پێ بکە. ناوە و بە مانای کردەوەی ئەمرە لە مانای پەلەکردن و زووکردندا بەکار ئەبرێ.

جەو دما: لەمەودوا، لەمەولا، لەمە بە دواوە.

بوختان مەوینانێت پەی: بۆختانت بۆ ئەبەستن، کارێکت لێ نیسبەت ئەدەن کە تۆ نەتکردووە واتە: ئەو چوار بەڵایە بە بێ هاتنی وادەی مردن ئەمکوژن لە دواییدا خەڵك ئەڵێن: ((ئەجەڵ کوشتی)) کەچی تۆ دەسێکت لە کوشتنی مندا نەبووە.

**پوختەی مانا:**

ئەمە سەختیی رەنج و زەحمەتی رێگا و ئەمە دەردی بێ دەرمانی دڵداریی و ئەمە پەژارەی دووریی ئازیز و ئەمەش بێ شەرتیی دڵ. ئەم بەڵایانە خەریکن بمکوژن، ئەی ئەجەڵ! تەنیا نیوە گیانێکم تێدا ماوە، تا ئەو نیوە گیانەم لەدەس نەداوە، فرسەتە وەرە خۆت بمکوژە، ئەگینا پاش مردنم بوختانت بۆ ئەکەن و ئەڵێن ئەجەڵ کوشتی! کەچی من بە بێ ئەجەڵ مردووم!

## پارچەی شەشەم

**ئایەنـــەی کامـــڵ ئازیزەکـــەی فـــەرد!**
**فیـــدای ئامـــات بـــوون ســـەفایێت ئـــاوەرد**

ئایەنەی کامڵ: ئاوێنەی باڵانما و بێ عەیب. مەبەست ئاوێنەیێکە هەر شتێ لە بەرانبەریەوە بێ، بە تەواویی و بە جوانیی نیشانی بدا. ئەو تەرکیبە کینایەیە لە ((شێخ محەممەد بەهائەددین)) کوڕی ((شێخ عوسمان سراجەددین)) کە ڕێبەری تەریقەی عیرفانی مەولەوی بووە، وە بە مانای ((نوێنەگەی تەواو))ە.

ئازیز: مەبەست ((شێخ سراجەددین باوکی شێخ بەهائەددین))ە پاشگری ((ەکە)) لە دوایەوە نیشانەی تەعریفە و ((ی))ش نیشانەی تەوسیفە.

فەرد: تەنیا، تاك، تاكانە. واتە: ئازیزە تاکانەکە[1]. ئەگونجێ مەبەست لەو تەرکیبە ((خودا))ش بێ چونکە لە ئیستلاحی سۆفییاندا دڵی عاریفی کامل نوێنەگەی نووری خودایە.

فیدای ئامات بوون: بە قوربانی هاتنت بم. ((ئاما)) مەسدەری مورەخخەمە لە ((ئامای)) (هاتن). ((ن)) لە دوای کردەوەی ((بوو))ی موزاریعی دۆعاییەوە، زائیدە و بۆ بەستنی موسەوویت ئەهێنرێ.

سەفایێت: خۆشییێکت، شادییێك. موسەوویتی ((ێ /ē/)) نیشانەی نەکارەتە و مانای گەورەیی و گرنگی ئەگەیێنێ. ((وە = ك))ی وەحدەت لە دوایەوە حەزف کراوە، لە ئەسڵدا ((سەفاییوەت)) بووە. ((ی /y/))ی پێش لە موسەویتی ((ێ

(١) لە کوردیدا پاشگری تەعریف ئەلکێ بە دوای مەوسووفەوە و موسەوویتی ((ە /a/))ی نیشانەی تەرکیب لە باتی ((ی))ی نیشانەی تەوسیف ئەلکێ بە دوای مەوسووفەکەوە وەها کە لە تەرکیبی تەوسیفی: ((کوڕی ژیر))دا پاش هێنانی پاشگری تەعریف ئەوترێ: کوڕە ژیرەکە، کە وابوو تەرکیبی ((ئازیزەکەی فەرد)) لە ئەسڵدا، ئازیزە فەردەکەیە.

/ē/)) فاسیلی نێوان دوو موسەوویتە. مەبەست لە ((سەفا)) ئەو ئینبساتە ڕەوانییەیە کە مورید لە چاوپێکەوتنی مورشید بۆی دەس ئەدا.

ئاوەرد: هێنا. لە ڕیشەی ((ئاوەردەی)) (هێنان).

**پوختەی مانا:**

ئەی کەسێ کە نوێنگەی تەواوی تەنیا ئازیزی منی! بە قوربانی هاتنت بم چ شادیی و خۆشییێکت لەگەڵ خۆت هێنا؟!

**خەیلێن گەرد پات نە دیدەم دوور بێ**

**یانەی چەم وێران تەمام خاپوور بێ**

**خاس بی تەشریفت هەم ئاوەردەوە**

**گەرد پات وەتەن ئاوا کەردەوە**

خەیلێن: ماوەیێکە، دەمێکە، ڕۆژگارێکی زۆرە.

گەرد پات: تۆزی پێت، خاکی پێت. واتە: خاکی کەوشت، خاکی ژێری پێڵاوت.

نە: لە.

دیدەم: چاوم. ناوی مەسدەرە لە ڕیشەی ((دیدەن))ی فارسی کە بە مانای ((بینش))ە، لە کوردییا بۆ ساختمانی چاویش بەکار ئەبرێ.

دوور بێ: دوور بوو. بێ بەش بوو.

یانە: خانوو. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

چەم: چاو. تەرکیبی ((یانەی چەم)) ئیزافەی تەشبیهییە.

تەمام: تەواو، یەکجار.

خاپوور بێ: وێران بوو. ئەو تەرکیبە بۆ تەئکیدی مانای ((وێران)) هێنراوە.

لەم هۆنراوەیەدا چاو تەشبیە کراوە بە خانوویێك کە بۆ ئەوە ئاوەدان بمێنێ پێویستی بە خاکەبان و بانەناو هەیە.

خاس بی: چاك بوو، باش بوو.

تەشریفت هەم ئاوەردەوە: دووبارە تەشریفت هێنایەوە.

گەرد پات: تۆزی پێت. خاکی ژێری پێڵاوت.

وەتـەن: نیشتمان، جێگـا. مەبەسـت سـاختمانی چـاوتە کـە جێگـای مێوانـە خۆشەویستەکەیە. لە کوردەواریدا ئەگەر کەسێ مێـوانێکی خـۆش بـوێ پێـی ئـەڵێ: پاو پێڵاوت لەسەر چاوم، جێگای تۆ گلێنەی چاومە.

ئاوا کەردەوە: ئاوەدان کردەوە.

پوختەی مانا:

ماوەیێکی زۆر چاوم لە خـاکی پێـت بێبـەش بـوو، خـانووی چـاوم کـە جێگـای خۆتە، بە تەواوی وێران بوو، بە خـودا کـارێکی چـاکت کـرد کـە دووبـارە تەشـریفت هێنایەوە و بە خاکی پێت خانووەکەی خۆت ئاوەدان کردەوە.

**ســـاقیی! ئینــــە بــــەزم وەســــڵ یارانـــــەن**

**چــەرخیچ هــــەر ئــــەو چــــەرخ هەردەجارانـــەن**

**دەورێ دەر وە نــــــــاز وە پیاڵــــــــەوە**

**ژەنــــــگ دڵ وە زاخ مــــــەی بماڵــــــەوە**

**جامێومــــان جــە دەس تــۆ هــــەم ســــەندە بــــۆ**

**فرســــەتەن، نەســـیو نــــەك نەمەنـــدە بــــۆ.**

ساقیی: مەیگێڕ. مەبەست ئەو هێزە مەعنەوییەیە کە سۆفییان بە سەرچاوەی بەرەکاتی یەزدانی ئەزانن.

ئینە: ئەمە. ئیشارەیە بە کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ مێوانەکەیدا.

بەزم: شادیی و خۆشی دەربڕین بە شێوەیێکی تایبەتی.

وەسڵ: بەیەکگەیشتن، کۆبوونەوە.

یاران: دۆستان، لێرەدا مەبەست هاومەسلەکانی رێگـای عیرفانییـە. ((ەن)) لـە دوایەوە کردەوەی رابیتی زەمانی حاڵە.

چەرخ: کینایەیە لە ئاسمان. ((یـچ = یـش)) لـە دوایـەوە پاشـگری پەیوەنـدە. ((گەردوون))یش ئەوترێ.

هــەردەجاران: کــورتکراوەی ((هــەردەورجاران))ە، واتــە: رۆژگــاری پێشــوو. ((ەن)) لە دوایەوە، کـردەوەی رابـیتی زەمـانی حاڵـە. مەولـەوی لـەم هۆنراوەیـەدا، بەوە ئیشارە ئەکا کە ئەو مەقامـە رێبەرییـە کـە شـێخ عوسمـانی مورشـیدی بوویـە شێخ بەهائەدینی کوڕیشی بوویە، وە خۆشـی هـەر موریدەکـەی جارانـە و فـەرقێکی نـەکردووە، ئینجـا لـە سەرچـاوەی ئـەنواری یـەزدانی کـە بـە ((سـاقی)) نـاوی ئـەبا ئەپارێتەوە کە لە فەیز و بەرەکەتی مەعنەوی ئەو کۆبوونەوە بێ بەشی نەکا.

دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵـەوە: بـە نـازەوە دەورێ بـدە و جامـە شـەرابەکەت بگێـڕە بۆمـان. مەبەسـت لـە وشـەی ((نـاز)) لێـرەدا بریتییـە لـە تـەوەججوهاتی مەعنەویی. ((مەی))یش بریتییە لە بەرەکاتی یەزدانی.

ژەنگ دڵ: کینایەیە لە ڕەزاییلی نەفسانی.

وە: بە.

زاخ مەی: ئیزافەی بەیانییـە ((زاخ)) مـادەیێکی مەعـدەنی بلووری ڕەنگـە کـە زاخاوی زێڕ و زیو و شتانی تری پـێ ئـەدرێ و ژەنـگ و چڵکیان لا ئـەبا و ڕەنگیـان برقــەدار ئــەکا، وە بــۆ دەوا و دەرمــانیش بــەکار ئــەبرێ. واتــە: بــەو بەرەکاتــە مەعنەوییە، دڵم لە هەوا و هەوەسی حەیوانی پاك بکەوە.

جامێومان: جامێکمان، پیاڵەیێ مەیمان.

جە دەس تۆ: لە دەس تۆ.

هەم: دووبارە.

سەندە بۆ: سەندبێ، کردەوەی ئیلتزامییە لـە ریشـەی ((سـەندەی)) (سـەندن) کە لێرەدا بە مانای وەرگرتنە. ئەداتی ئیلتزامی ((با)) لە سەرەتای ئـەو کـردەوەوە حەزف کراوە، لە ئەسڵدا ((با سەندە بۆ)) (با سەندووبێ)یە.

فرسەتەن: فرسەتە.

نەسیو: نەسیب، بەش، قسمەت. زەمیری موزاف ئیلەیهی ((مان)) لە دوایەوە حەزف کراوە. ئەگونجێ مەبەست لە ((ساقی)) لێرەدا خودی شێخ بەهائەددین بێ چونکە مەولەوی پاش وەفاتی شێخ سراجەددین، ئەوی بە رابەری تەریقەی عیرفان قەبووڵ کردووە.

نەك: نەکا.

نەمەندە بۆ: نەمابێ.

**پوختەی مانا:**

ساقی! ئەمە بەزمی بەیەکگەیشتنی یارانە و، گەردوونیش هەر ئەو گەردوونەکەی جارانە، تکایە بە نازەوە، جامە مەیەکەت بگێڕە و بەو مەیە دڵمان زاخاو بدەوە، با پیاڵەیێ ترمان لە دەستەوە، وەرگرتبێ، فرسەتە نەکا ئیتر قسمەت و نەسیومان نەمابێ.

# پارچەی حەوتەم

کـام سـاران سـەد رەنـگ نـوور پێدا وەشتەن–
کشتش کشت دەشت هەر هەشت بەهەشتەن؟!
فـــەزای ســـایەی عـــەرش دانـــای جەلیلـــەن
یـا بارەگـای پـاك ((سـەیید خـەلیل))ەن؟!

کـام: ئـامرازی پرسـیاری تەردیدییـە. ئەگـەر لێپرسـراوی لەگـەڵا نـەبێ زۆرتـر موسـەوویتی ((ە /a/)) لـە دوایـەوە ئـەهێنرێ، وەهـا کـە ئـەوترێ: خـانووی ئێـوە کامەیە؟

سارا: سەحرا، دەشت. ((ن)) لە دوایەوە رابیتی زەمانی حاڵە.

سـەد رەنـگ نـوور: نـووری سـەد رەنـگ، واتـە: نـوورێ کـە سـەد رەنـگ ئەدرەوشێتەوە. کینایەیە لە دەشتێکی پڕ گوڵ و گیای رەنگاوڕەنگ کە جیلوەگـای نووری یەزدانییە.

پێدا وەشتەن: پێیدا باریوە. کردەوەی مورەککەبی زەمـانی حاڵـە لـە ریشـەی ((پێـدا وەشـتەی)) (پێـدا بـارین). ئـەو تەرکیبـە جوملـەیێکی ئیسـتفهامی تەعەججوبییە.

کشت: زەراعەت، ئەو شتانە کە لە رێگای کێڵانـەوە شـین ئـەبن، وەك: گـەنم و جۆ و شتانی تر، بەڵام لێرەدا مانای عامترە و هەموو چەشنە گژ و گیـایێکی کێـویی ئەگرێتەوە. ((ش)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە.

کشت دەشت هەر هەشت بەهەشتەن: گوڵ و گیای ئەو سەحرایە لـە جوانیی و پاراوییدا عەینی گوڵ و گیای دەشت و سەحرای ئەو هەشت بەهەشتەیە کـە خـودای گەورە بۆ بەندەگەلی موتیعی خۆی لـە دوای مـردن ئامـادەی کـردووە. ئـەو هەشـت بەهەشتە ئەمانەن: بەهەشـتی خولـد، بەهەشـتی داروسـەلام، بەهەشـتی دارولقـەرار،

بەهەشتی عەدن، بەهەشتی مەئوا، بەهەشتی نەعیم، بەهەشتی عیللیین، بەهەشتی فیردەوس. ((ەن)) لە دوای ((بەهەشتەن))ەوە، رابیتە.

فەزای سایەی عەرش دانای جەلیلەن؟! ئایا ئەم سێبەرە لە فەزای ئەم دەشتەدا، سێبەری عەرشی خودای گەورەیە؟! یا سێبەری بارەگا و مەزاری پاکی ((سەیید خەلیلە))[1]؟! ((ەن)) لە دوای ((خەلیلەن))ەوە، رابیتە.

**پوختەی مانا:**

ئەمە چ سارا و دەشتێکی پڕ لە بەرەکەتە کە هەزار جۆرە نووری یەزدانی پێدا باریوە و گوڵ و گیای جوانی عەینی گوڵ و گیای دەشت و سارای هەشت بەهەشتی مەوعوودە؟!

ئایا ئەم سێبەرە لە فەزای ئەم دەشتەدا سێبەری عەرشی بەرینە، یا سێبەری بارەگای پاکی ((سەیید خەلیلە))؟!

**ئەسرار پەردەی غەیب مەحرەم پەیك!**
**سایەی خودایی، سەلامون عەلەیك!**

ئەسرار پەردەی غەیب مەحرەم پەیك!: ئەی کەسێ کە قاسیدی مەحرەمی ئەسراری پشتی پەردەی عالەمی ئولووهییەتی! ((مەحرەم پەیك)) تەرکیبی تەوسیفییە - بە پێشکەوتنی سیفەت لە مەوسووف کە بە سوورەتی ناوی مورەککەب دەرهاتووە، ئەوەش بۆ گەیاندنی گرنگایەتی مانای وەسفی

---

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سەر مەرقەدی ((سید خلیل)) وتووە کە یەکێکە لە ئیمام زادەکان وە لە نزیکی قەڵای شیروانە نێژراوە. بە بۆنەی ئەوەوە وتوویەتی کە لەگەڵ جەنازەی قادر بەگی کوڕی کەیخەسرەو بەگی جاف چووە بۆ ئەوێ. ئەو قادر بەگە بە گولەی وێڵ کوژراوە. دیوانی مەولەوی، لەسەر نووسینی مەلا عبدالکریمی مدرس لاپەڕەی ٣٥٧.

زۆرم هەوڵ دا کە ژیاننامەی ((سەیید خەلیل))م دەس کەوێ جگە لەوەی کە مامۆستا مەلا کەریم نووسیویە شتێکی ترم نەدۆزییەوە. لە زاناکانی ((یارسان)) ئەهلی حەقم بیستووە کە ناوبراو پیاوێکی خوداناس و دنیابێزار بووە، وە یەکێ بووە لە ڕێبەرەکانی جەرگەی یارسان.

((مەحرەمی))یە، تەرکیبی ((مەحرەم پەیك)) لە ئیزافە بە ((ئەسرار)) قەتع کراوە و کەوتووەتــە دواوە بــۆ نیشــاندانی گرنگایــەتی مــوزاف ئیلــەیهی کــە بریتییــە لــە ((ئەســرار))، وە هــەروەهاش بـۆ گەڕانـدنی ئـەو تەرکیباتـە ئیزافـی و وەسـفییە بـە ســوورەتی نــاوێکی مورەککــەب تــا تــەتابوعی ئیزافــات کــە بــە فەســاحەت زیــان ئەگەیێنێ، نەیێتە دی. مەزموونی ئەو نیوە هۆنراوەیە، ئیشارەیە بەوە کە بە لای سۆفییانەوە ئەولیایش وەکو ئەنبیا لە لایەن خوداوە مـەئمووری ئیرشادی خـەڵکن بەڵام ئەنبیا لـە ڕێـی وەحیـەوە و مەئمووریـیەتی ئـەولیا لـە ڕێـی ئیلهامەوەیە و، ئیرشادی ئەولیا تابیعی ئەحکامێکە کە ئەنبیا بە خەڵك ئیبلاغی ئەکەن، کـە وابـوو لەبەر ئەوە ئەحکامی ئایینی ئیسلام کامیلترینی ئەحکامی ئایینـەکانی تـرە، ڕێگـای ئیرشادی ئەولیاکانیشی کامیلترینی ڕێگاکانی ئیرشادی ئەولیای ئایینەکانی ترە.

سایەی خودایی!: ئەی کەسێ کە عەینی وجوودی نیت و لـەویش جیـا نیـت[1] لێرەدا پێویستە مەبەست لە ((سایەی خودایی)) سێبەری کـامیلی خـودایی بـێ کـە مەرتەبـەی عـالیی وجـوود ئەگرێتـەوە، ئـەگینا ئـەو جوملەیـە مانـای ستاییشـی ناگــەیێنێ، چــونکە بــە لای ســۆفییانەوە تــەواوی عالــەمی وجــوود ((ســێبەری خوداییــە))[2].

سەلامون عەلەیك!: درورودی خودات لەسەر بێ!

---

(١) دیارە سێبەری هـەر شـتێ عـەینی وجوودی خـاوەن سێبەرەکە نییـە بەڵکـە نیشـاندەری وجوودی خاوەنەکەیە و لە عەینی حاڵدا لێیشی جیا نابێتەوە. سۆفییان لایان وایە کە وجوودی عالەمی ئیمکان لـە چاوی وجوودی خوداوە، وەك وجوودی سێبەر و، خاوەن سێبەرەکەیە، واتـە: ئـەم عالەمـە نیشـاندەری وجوودی خودایە، ئینجا ئەم عالەمەش لە چاوی کەماڵ و نوقسانەوە، بە مەراتیبی عالی و دانیـی دابـەش ئەکرێ، عالیترین مەراتیبی وجوود، وجوودی پێغەمەران و ئـەو ئینسـانانەیە کـە لـە ڕێگـای موجاهـەداتی نەفسانییەوە، گەیشتبێتنە دوا پلەی تەجەررود لە سیفاتی پەستی حەیوانیی.

(٢) خودالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵای دشەیی مفتی شاری سنە لـەم بـارەوە لـە باوەڕنامـەی ((خـودا یـارت بۆ))دا ئـەڵێ: مـەوجوود هـەر ئـادەن، ماسـیوا سـایەن ئازاتـە پاکـە زات و خودایـەن: خـاوەنی وجوودی موتڵەق هەر ئەوە و، وجوودی غەیری ئەو، وەکو سێبەرە بۆ وجوودی ئەو، ئەو زاتە پاکە کە وجـوودێکی وەهای هەیە، زاتی خودایە.

مەولەوی لە دوو هۆنراوەی پێشوودا سەنعەتی بەدیعی ((تەجاهولولعاریفین))ی بەکار بردووە و، لەم هۆنراوەیەشدا سەنعەتی ئیلتیفات لە غائیبەوە بۆ موخاتەب.

**پوختەی مانا:**

ئەی کەسێ کە پەیکی مەحرەمی ئەسراری پشتی پەردەی عالەمی ئولووهییەتی! ئەی کەسێ کە نیشاندەری تەواوی وجوودی موتلەقی یەزدانیت، دروودی خودات لەسەر بێ.

**کەردەم نالایق ئەر وە سڵاوەن**
**رووزەردیم موحتاج وە یەک جواوەن**

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا روو ئەکا لە رەوانیی پاکی ((سەی خەلیل)) و لێی ئەپاڕێتەوە کە بە میهرەبانییەوە، وەڵامی سەلامەکەی بداتەوە تا لە رووی هەڵبێ کە تکای لێ بکا بۆ پەنادانی ئەو کەسە کە هێناویانە لە ئاستانەی بارەگای ئەودا بینێژن ئینجا ئەڵێ: ئەگەر لە چاوی کردەوەمەوە، شایستەی ئەوە نیم بێمە حوزوورت و سڵاوت لێ بکەم، بەڵام لە چاوی رووزەردیی و خەجاڵەتباریمەوە، نیازم بەوە هەیە کە بە وەڵامێك دڵخۆش و ئومێدەوارم کەی. بێ گومان مەزموونێکی وەها جوان و بەلیغ و بیکر لە چوارچێوەی وەها وشەگەلێکی سادە و رەوان و ئاساییدا نیشانەیێکی ترە بۆ پەیبردن بە پلەی بەرزی قودرەتی تەفەککور و بەیانی ئەو زاتە لە هونەری ئەدەبیدا و بەڵگەیێکی رووناکیشە بۆ شایستەیی زبانی کوردی کە مەیدانی داوە بە وەها هونەرمەندێکی کەموێنە تا لە ئەوپەڕی هونەرنماییدا ئەسپی تیژڕەوی فەساحەت و بەلاغەتی خۆی لەو مەیدانەدا بە بێ ئەوە گرێ و کۆسپێ بێتە رێی، لنگ بدا.

**هەریەك شەفێعێش پەی وێش ئاوەردەن**
**من خەجاڵەتیم وە شەفێع کەردەن**

شەفێعێش: شەفێعێکی، تکاکارێکی. ئەو تەرکیبە لە سێ جوزئـ پێك هـاتووە: شەفێع – تکاکار. موسەوویتی ((یٚ /ē/))ی نیشانەی نەکارەت. ((ش))ی زەمیر کـە لێرەدا حاڵەتی فاعیلی هەیە.

پـەی وێـش: بـۆ خـۆی. ((وێ)) زەمـیری موشـتەرەکە بـە ئیلحـاقی زەمـایری شەخسی تەحسیس پەیدا ئەکا، وەها کە ئەوترێ: وێم، وێت، وێش. وێمـان، وێتـان، وێشان.

ئاوەردەن: هێناوە. کردەوەی زەمانی حاڵ لە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هێنان).

**پوختەی مانا:**

هەر کەسێ کە هاتووەتە ئاستانەی تۆ کەسێك یا شتێکی کردووەتە تکاکار کـە داواکارییەکەی جێبەجێ بکرێ، منیش خەجاڵەتیی و شەرمەساریی خـۆم کردووەتـە تکاکار.

**یـــــەکێ جـــــە دۆســـــان وە زام نـــــۆوە**
**ســـەر نیـــان وە خـــاك ئاســـانەی تـــۆوە**
**مێمـــــان غـــــەریو کەرەمســــــەرای تـــــۆن**
**موحتـــاج وە رێـــزەی ســـفرەی خـــوان تـــۆن**
**درێغیـــی مەکـــەر ئامـــان ســـەد ئامـــان!**
**مەفـــــەرما: مێمـــــان بـــــێ تۆشــــە ئامـــــان**

جە: لە.

وە زام نۆوە: بە برینی تازەوە.

مێمان غەریو: مێوانی غەریب، مێوانی دوورکەوتوو.

کەرەم سەرا: مێوانخانەی بەزل و بەخشش.

درێغیی مەکەر: کۆتایی مەکە. کردەوەی مورەککەبی ئەمرە لە ریشەی ((درێغی کەردەی)) (کۆتایی کردن). موسەوویتی ((ە /a/)) کە زەمیری یەکەم کەسی موفرەدە لە دوایەوە بۆ تەخفیف فڕە دراوە، وە ئەسڵەکەی ((درێغی مەکەرە))یە.

ئامان سەد ئامان: تەرکیبێکە بۆ پاڕانەوە و پەناخواستن لە کاتی ناچاریدا بەکار ئەبرێ، وشەی ((سەد)) کە ناوی ژمارەیە مانای موبالەغە ئەگەیێنێ.

مەفەرما: مەفەرموو. کردەوەی نەهییە لە ریشەی ((فەرماوای)) (فەرموون). واحیدی سەوتیی ((وە /wa/)) لە دوایەوە بۆ تەخفیف فڕە دراوە.

تۆشە: توێشوو، ئەو خواردەمەنییەیە کە رێبوار لە کاتی سەفەردا لەگەڵ خۆی ئەیبا. لێرەدا مەبەست کردەوە و رەوشتی چاکی دنیاییە.

ئامان: هاتووە. کردەوەی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

**پوختەی مانا:**

داواکارییەکەم ئەمەیە کە یەکێ لە دۆستان بە برینێکی تازەوە سەری ناوەتە سەر خاکی ئاسانەت، مێوانێکی غەریبی دیوەخانەی کەرەم و بەخششی تۆیە و، نیازی بە رێزەی خوانی رجات هەیە، لە مێواندارییی کۆتایی مەکە و، مەفەرموو ئەم مێوانە بە بێ توێشووی ئاخیرەت هاتووە.

**یا خەلیل دەخیل، کێ عادەت کەردەن**
**تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن؟!**

مەولەوی لەم هۆنراوە سادەیەدا وەها مەزموونێکی گەورە و گرنگی جێ کردووەتەوە کە هەر خاوەن زەوقێکی ئەدەبی غەرقی دەریای تەعەججوب ئەکا و دەدان بەوەدا ئەنێ کە گەوهەری مەزموونێکی وەها جوان هەر شایستەی سەدەفی ئەلفازێکی وەها شیرین و رەوانە و پێویستی بە تەعبیر و تەفسیر نییە.

## پارچەی هەشتەم

**پێشـــانیم هـــەوەس زانـــووش جازمـــەن**

**تـــەعزیم جـــەناب پیریـــی لازمـــەن**

پێشانیی: نێوچاوان، تەوێڵ.

هەوەس: مەیل، ئارەزوو.

زانوو: زرانی، زەنگۆڵ، ئەژنۆ. ((ش)) زەمیری سێیەم کەسی موفرەدی موزاف ئیلەیهە.

جازم: قاتیع، حەتمی، سابت، بێ تەردید. ((ەن)) لە دوایەوە زەمیری رابیتە.

تەعزیم: رێزگرتن. مەبەست خەمبوونەوە و کۆمبوونەوەیە، چونکە لە کاتی پیریدا پشتی پیاو کۆم ئەبێتەوە، وەك ئەوە کەسێ بییەوێ رێز لە کەسێکی گەورە بگرێ و سەری لێ دانەوێنێ.

جەناب: عونوانێکە بۆ رێزگرتنی ئەفرادی گەورە و گرنگ بەکار ئەبرێ و بە مانای جەنب وجیهەتە[1].

**پوختەی مانا:**

پێشانیم هاتووەتەبەراو هەوەسی نێزیکبوونەوەی ئەژنۆمی کردووە، وەك ئەوە ئەیەوێ لە جەنابی پیری تەعزیم بکا چونکە جەنابی پیری تەشریفی هێناوە و رێزلێگرتنی پێویستە.

---

(١) حاڵەتی پیریی لە چاوی عیرفانەوە، حاڵەتێکی گرنگ و گەورە و بەرێزە چونکە لەو حاڵەتەدا قوای حەیوانی زەعیف ئەبێ و جەنبەی رەوانیی بەهێزتر ئەبێ و ئینسان ئەو شایستەییە ئەهێنێتە دەس کە کەم کەم لە خودا نزیکتر بکەوێتەوە، جا بەو بۆنەوەیە کە مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا عونوانی ((جەناب))ی بۆ بەکار ئەبا و رێزگرتنی هاتنی بە پێویست ئەزانێ.

## بــــالاّ كـــــەردەوە مـــــەیل ئـــــەولای پەســــــتیی
## وردیكەلاّنـــــــــــەن دەروازەی هەســــــــــتیی

بالاّ: بەژن، قەد، قامەت.

مـەیل كـەردەوە: مـەیلی كـردەوە، ئـارەزووی كـردەوە، چـووەوە. كـردەوەی مورەككەبە لە ریشەی ((مـەیل كەردەیـەوە)) (مەیلكردنـەوە، چـوونەوە). پاشگری ((ەوە)) لە دوایەوە بۆ گەیاندنی مانای تەكرارە.

ئەولا: بۆ لا. پیتی ئیزافەی مورەككەبە.

پەستیی: خواری. لە هێنانی ئەو وشەیە سەنعەتی ئیهام بـەكار بـراوە، چـونكە مانای نێزیك بە زیهنی ئەو وشەیە بریتییە لە ((خواری)) كە موقـابیلی ((ژووری)) یـا ((سەری))یە، وە مانای دوور لە زیهنی بریتییە لە عالەمی ((ناسووت)) واتە عالـەمی عەناسر، چونكە بە لای فەلاسیفە و عورەفاوە تەواوی ئەم جیهانە لە دوو عالەم پێك هاتووە: عالەمی مەلەكووت یا عالـەمی موجـەررەدات. عالـەمی ناسـووت یـا عالـەمی عەناسر. نەوعی ئینسان و، وجوودی جیسمیی واتـە سوورەتی نەوعیی لە تـەركیباتی عەناسرە، وە ووجوودی رەوانیی واتە نەفسی ناتیقەی لـە عالـەمی موجـەررەدات یـا عالەمی مەلەكووتە. عالەمی عەناسر عالەمێكی بچووك و مەحدوودە، بـەلاّم عالـەمی موجەررەدات عالەمێكی گەورە و نامەحـدوودە. عالـەمی موجـەررەدات لەبـەر ئـەوە قەبوولّی كەون و فەساد ناكا و وەك خۆی ئەمێنێتەوە، پێی ئەوترێ عالـەمی عـالیی واتە عالەمی بـان و ژوور، وە عالـەمی عەناسـر لەبـەر ئـەوە هەمیشـە لـە ئـالّوگۆڕ و تەغییردایە، بە عالەمی دانیی و خوار ناو ئەبرێ. جا لەبەر ئەوە ووجوودی جیسمیی ئینسان لە سەرەتاوە لە تەركیباتی عونسریی پێك دێ و كـەم كـەم روشـد ئـەكا تـا ئەگاتە تەمەنی پیری و دووبارە قوای جیسمی زەعیف ئەبێ و بەرەو خوار ئەبێتەوە بۆ مردن و تەجزیەبوونی جیسمی و بەرزبوونەوەی رەوانیی بـۆ عالـەمی مەلـەكووت، مەولـەوی ئـەلّێ: ((بـالاّ كـەردە وە مـەیل ئـەو لای پەسـتی)) واتـە: جیسـمم كـە لـە

تەركیبی ئەجزای عونسرییەوە نەشئەتی كردووە، دووبارە بەرەو تەجزییەبوون دەچێ و جوزئەكانی ئەگەڕێنەوە بەو عونسورە ئەسڵییانە كە لێیانەوە پێك هاتووە.

وردیكەڵانە: بچكەلانە. پاشگری ((ەڵانە /a!āna-/)) لە دوای وشەی ((وردی))یەوە، بۆ گەیاندنی مانای تەئكید و تەحبیبە. پیتی ((ن)) لە دوای ئەو پاشگرەوە، زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە.

دەروازەی هەستیی: دەربازەی هەبوون، دەرگای خانووی عالەمی ووجوود. ئەو تەركیبە، ئیزافەیێكی ئیستعارییە و موسنەد ئیلەیهە بۆ ((وردیكەڵانە)) و كەوتووەتە دواوە.

مەبەست لە مەزموونی ئەم نیوە هۆنراوەیە، ئەوەیە كە بە لای عورەفاوە عالەمی وجوود وەها كە ئیشارەمان بۆ كرد لە چاوی عالەمی ئولووهییەتەوە، عالەمێكی مەحدوود و بچووكە، واتە: وەكو خانوویێكی بچكۆلەیە و بێ ئەرزشە و شاییستەی دڵبەستەیی نییە، دیارە دەرگای خانوویێكی وەها بچووك و بێ ئەرزشیش بۆ هات و چووكردن ئەبێ بچووك و بێ ئەرزش بێ تا تەناسوب لە نێوانی خانووەكە و دەرگاكەیدا ببێ كە وابوو نیوە هۆنراوەی یەكەم رەنگە ئیشارە بێ بە مەزموونی ئایەتی ((مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ))[1]، وە نیوە هۆنراوەی دووەمیش ئیشارە بێ بە لازمی مانای ئایەتی ((إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ))[2].

**پوختەی مانا:**

ووجوودم هێزی روشدی خۆی لەدەس داوە و خەم بووەتەوە و ئەیەوێ لە دەرگای بچووكی عالەمی هەبوون بچێتە دەرەوە و سوورەتی نەوعی موتەلاشی ببێ و دووبارە تەبدیل ببێتەوە بە عەناسر.

---

(١) سوورەتی (طه) ٥٥

(٢) سوورەتی (غافر) ٣٩

((مەعدوومی))! کەردەی بەدی هەزار تەرز

زانووی ئومێدت ناوەڕۆ ئەو لەرز

ئەو کەس مەزانۆ و، سەتتارەن ئارۆ

جەو بوزورگتەرەن سوب ئەو رووت نارۆ

مەعدوومی: نازناوی شیعریی ((مەولەوی))یە، بڕێ جار لە هۆنراوەکانیدا ((مەعدووم))یشی بەکار بردووە.

کردەی بەد: کردەوەی خراپ. تەرکیبێکی تەوسیفییە. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی تەوسیفە، چونکە تەرکیبی ((هەزار تەرز)) کە بە دوایدا دێ سیفەتە بۆ ((بەد)).

زانوو: زرانی، ئەژنۆ. ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

ئومێد: هیوا. ((ت)) زەمیری موزاف ئیلەیهە. تەرکیبی ((زانووی ئومێد)) ئیزافەی ئیستعارییە.

ناوەڕۆ ئەو لەرز: نەهێنێتە لەرز. کردەوەی مەنهیی مورەککەبە لە ریشەی ((ئەو لەرز ئاوەردەی)) (بە لەرز هاوردن، بە لەرز هێنان). واتە: کردەوەی خراپی ئەم جیهانەت نەترسێنێ و ناهومێدت نەکا.

ئەو کەس: ئەو کەسە. پیتی ((ە))ی نیشانەی ئیشارە و ((کە))ی ئامرازی پەیوەند، لە دوایەوە فڕە دراوە ئەسڵەکەی ((ئەو کەسە کە))یە. مەبەست لەو ناوە موبهەمە خودای گەورەیە.

مەزانۆ: ئەزانێ، جوملەی یەکەمی موعەرریفە پیتی ((و)) لە دوایەوە ئامرازی پەیوەندە.

سەتتارەن: عەیب و، تاوان پۆشە. ((ەن /-an/)) رابیتی زەمانی حاڵە. تەرکیبی ((سەتتارەن)) لە تەئویلی فعلدایە و ئەبێتە جوملەی دووەمی موعەرریفی. ئەسڵی ئەم نیوە هۆنراوەیە بەم جۆرە: ئەو کەسە کە بە گونا و تاوان ئەزانێ و دای ئەپۆشێ لەم جیهانەدا...

ئارۆ: ئەمڕۆ، ئیمڕۆ. مەبەست ئەم جیهانەیە.

جەو بوزورگتەرەن: لەوە گەورەترە، میهرەبانیی و کەرەمی لەوە بانترە. ئەم تەرکیبە موسنەد ئیلەیهە بۆ ((ئەو کەس)).

سوب: سوبح، بەیانی. مەبەست جیهانی رەستاخێزە.

ئەو رووت نارۆ: نەهێنێت بە رووتدا. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((ئەو رووئاردەی، ئەو روو ئاوەردەی)) (بەروودا هێنا).

**پوختەی مانا:**

مەعدوومی! ترسی کردەوەی خراپی هەزار جۆرت ئەژنۆی ئومێدت نەهێنێتە لەرز، چونکە ئەو خودایە کە ئێستا بە هەموو کردەوە خراپەکانت ئەزانێ و چاویان لێ ئەپۆشێ و لەم جیهانەدا سزات نادا، بێ گومان میهرەبانیی و کەرەمی لەوە زۆرترە، لەو جیهانیشدا ئەو کردەوە خراپانەت نەداتە روو و لێت ببوورێ.

**سفیدیت قەڵخان پەی رووی سیات بۆ**
**کەمانیت شەفیع تیر دیات بۆ**
**بنەمۆ پیریی و تەن ناتەوانیت**
**وەی دوو فەردەوە، ئەو دەس جوانیت**

سفیدی: سپییەتی، کینایەیە لە مووی سپی کە نیشانەی پیرییە. پیتی ((ت)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە.

قەڵخان: قەڵغان، مەتاڵ، سپەر. لێرەدا مەبەست پەناگا و تکاکارە.

پەی: بۆ.

رووی سیات: رووی رەشت. لە هێنانی تەرکیبی ((رووی سیا))دا سەنعەتی ئیهام بەکار براوە: مانای دووریی بریتییە لە مووی رەشی سەر و سوورەتی تەمەنی گەنجی، مانای نزیکی بریتییە لە تاوانباری و خراپەکاری و نافەرمانی رۆژگاری ژیانی.

بۆ: بێ. کردەوەی رابیتی ئیلتزامییە لە ریشەی ((بیەی)) (بوون).

کەمانیی: خەمی، خەمبوونەوە. واتە: قامەتی خەمی وەك کەوان. ((ت)) زەمیری موزاف ئیلەیهە.

شەفێع: تکاکار.

تیر دیا: تیری روانین. ئیزافەیێکی بەیانییە کە مەقلووبی ئیزافەی تەشبیهی ((دیای تیر))ە. ((ت)) زەمیری موزاف ئیلەیهە. مەبەست لە ((تیری روانین)) تەوەججوهی نەفسە بۆ موحەررەمات.

بۆ: بێ. کردەوەی ئیلتزامییە و مانای رجا و ئومێد ئەگەیێنێ.

بنەمۆ: بەنەوی، بگرێ. کردەوەی ئیلتزامی موزاریعە لە ریشەی ((نەمای)) (نەوین). ((پیری و تەن ناتەوانین)) فاعیلە بۆ ئەو کردەوەیە.

وەی: بەم، بە ئەم. لە ئەسڵدا ((وەئی)) بووە، تەرکیبێکە لە دوو پیتی ئیزافە و ناوی ئیشارە. تیپی[1] ((هەمزە)) لە سەرەتای ناوی ئیشارەوە بۆ سووکیی فڕە دراوە، بووە بە ((وەی)).

دوو فەردەوە: دوو بەیتەوە. ((فەرد)) بە مانای ((بەیت، شیعر))ە. ((ەوە)) لە دوای ئەو تەرکیبەوە بۆ مانای ئیتتسالە. تەرکیبی: ((وەی دوو فەردەوە)) قەیدی حاڵە.

ئەو دەس جوانیت: لە دەس جوانیت. مەبەست غوروور و نەفامیی کاتی گەنجییە. مەفعوولە بۆ ((بنەمۆ)) واتە: پیریم لە حاڵێکدا ئەم دوو هۆنراوەیە بکا بە

---

(١) وشەی ((پیت)) بە مانای ((حەرف))ێکە کە یەکێکە لە ئەقسامی ((کەلیمە)). وشەی ((تیپ)) بە مانای ((حەرف))ێکە کە بۆ تاکەکانی حورووفی ((هیجا)) بەکار ئەبرێ. بە جۆرێ تر، یەکەم بە مانای ((ئەدات)) و دووەم بە مانای ((حەرفی موهمەل))ە کە لە زبانەوانیدا پێی ئەوترێ ((فۆنیم)) واتە: واحیدی سەوتی بێ مانا کە موقابیلی ئەبێ بە ((مۆنیم)) واتە: واحیدی سەوتیی مانادار کە شامیلی ((پیت))یش ئەبێ.

ویردی زبانی، دەسی جوانیم بگریّ و بیباتە حوزووری خودا تکای غوروور و نەفامی بۆ بکا.[1]

ئەوەی کە ئاشکرایە هۆنراوەکانی مەولەوی پڕن لە هونەرکاری بەدیعی و بەیانی ورد و جوان و مامۆستایانە کە هەڵدان و ناساندنییەکەی ئەو سەنعەتانە وەختێکی زۆر و، تەمەنێکی دوور و درێژی پیّ ئەویّ، کە وابوو تەنیا ئیشارە بەو سەنعەتانە ئەکەین کە زۆرتر سەرنجڕاکێشن و نیازیان بە باسلێکردنێکی زۆر نییە بۆ وێنە لەم چەن هۆنراوەیەدا هونەرکاری زۆر بەکار براوە، تەنیا هونەرکارییێك کە زۆرتر سەرنج ڕائەکێشیّ ئەمەیە کە قامەتی خەم لە تەمەنی پیریدا تەشبیه کراوە بە کەوان، وە تەوەجوهی نەفس بۆ موحەررەمات کە زۆرتر لە چاوەوە دەرئەکەویّ، تەشبیه کراوە بە تیر کە لە ڕاستیدا تەشبیهێکی بیکری هونەرکارانەیە.

**پوختەی مانا:**

هیوایە کە مووی سپی تەمەنی پیریت ڕووڕەشی تاوانبارییی ڕۆژگاری هەرزەکاریت بشارێتەوە. کۆمبوونەوەی قامەتیش ببیّ بە تکاکار بۆ لێبووردن لە نافەرمانیت. پیریی و ناتەوانیشت بە مەزمووونی ئەم دوو هۆنراوەیە دەستی نەفامی گەنجایەتیت بگریّ و بیباتە حوزوور.

---

(١) لەم هۆنراوەیەدا وەکو هۆنراوەکانی تر ئەنواعی تەشبیهات و ئیستعاراتی ورد و جوان بەکار براوە کە ئەگەر هەموویان دەرخەین، زەمان و مەکانێکی زۆری پیّ ئەویّ، بۆ وێنە لەم هۆنراوەیەدا تەشبیهێکی مورەککەبی جوان بەکار براوە کە چەن ئیستعارەی تێدا ئەکەوێتە پێشچاو، وەها کە حاڵەتی ((پیری)) بە عەلاقەی موحتەرەمبوونیەوە، تەشبیه کراوە بە پیاوێکی چاك و پاك و خۆشەویستی خودا. وە حاڵەتی ((لاویەتی))ش بە عەلاقەی غوروور و سەرکەشی نەفسانیبوونیەوە بە پیاوێکی تاوانبار و خراپکار چوێنراوە کە ئەو پیاوە چاکە دەسی بگریّ بیباتە لای خودا و تکای لێبووردنی بۆ بکات. لەو تەشبیهە مورەککەبەدا چەن ئیستعارەی مەکنییە وجوودی هەیە، ئەوەش بریتییە لە هێنانی موشەببەهـ لەگەڵ سیفاتی موشەببەهون بیهدا.

عـــەزاوم ئەرســـەد جـــە حـــەد بەرشـــييەن

جـــــە رووســـــيابيم گرانتـــــەر نييـــــەن

مـــن كـــە خەجالـــەت خزمـــەت ئامـــا پـــێم

جەهەننـــەم، ســـەد ســـاڵ دۆزەخ ببـــۆ جـــێم

عەزاو: سزا، جەزرەوە. ((م)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە.

ئەر سەد: ئەگەر سەد. وشەی ((سەد)) وە وێنەکانی ئەگەر لە جوملەییێکدا نۆرایەتی جێبەجێکردن یا جێبەجێبوونی کارێك بگەیێنیٚ، ئەبێتە قەیدی چەندایەتی (کەممییەت).

جە حەد بەرشییەن: لە ئەندازە دەرچووە. کردەوەی مورەککەبی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((جە حەد بەرشییەی)). (لە حەد دەرچوون، لە ئەندازە دەرچوون).

جە: لە.

رووسیایی: رووڕەشی، کینایەیە لە تاوانباریی و گوناهکاری.

گرانتەر: سەنگینتر، زۆرتر، سەختتر.

نیەن: نییە. تەرکیبێکە لە سیٚ واحیدی سەوتی: ((ن= /-ni/)) ((ی /y/))، ((ەن /-an/)) کە یەکەم و سێیەمیان مانادارن و دوو مانای نەفی و رەبت ئەگەیێنن، وە دووەمیان بیٚ مانایە و، نەخشی فاسیلی هەیە.

کە: لێرەدا ئەداتی تەفسیرە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە دوای ناوێکی ناسراو یا زەمیرێکدا بهێنریٚ، وە جوملەییێك کە بە دوایدا دیٚ، حاڵەت و چلۆنایەتی ئەو ناوە یا ئەو زەمیرە، بەیان بکات.

خەجاڵەت خزمەت ئامان پێم: شەرمەزاریی خزمەتم پیٚ هاتووە. کردەوەی مورەککەبی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((خەجاڵەت پەنە ئامای)) (شەرمەزاری بەملدا هاتن).

جەهەننەم: دۆزەخ. لێرەدا قەیدی غایەتە. تەرکیبی ((سەد ساڵ))یش ئەبێتە قەیدی چەندایەتی.

ببۆ جێم: ببیٚ بە جێگام.

بە پێی ئەحکامی ئایینی ئیسلام، ئەم ژیانە ئەبڕێتەوە و بەرەی ئینسان دوایی دیٚ و لە رووی زەوییەوە نامێنیٚ، پاش ماوەیێك هەموو تاکەکانی بەرەی ئینسان لە سەرەتای بەدیهاتنیانەوە تا دوایی ئەم جیهانە، زیندوو ئەبنەوە و لە دادگای یەزدانیدا موحاکەمە ئەکرێن، ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمەرەکانی نەبووە، ئەخرێنە دۆزەخەوە و، بۆ هەمیشە تێیدا ئەمێننەوە و بە ئاگر سزا ئەدرێن. ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمەرەکانی بوو بیٚ، ئەگەر لە دنیادا هیچ جۆرە نافەرمانییێکی خودا و پێغەمەرانیان نەکردبیٚ، ئەچنە بەهەشت و بۆ هەمیشە بە خۆشیی و کامەرانی تێیدا رائەبوێرن، بەڵام ئەگەر ئەو خوداپەرستانە لە ژیانی دنیادا، نافەرمانی خودا و پێغەمەرەکانیان کردبیٚ، ئەبنە دوو دەستەوە، دەستەی یەکەم خودای گەورە یا بەزەیی پێیاندا دیٚ و بە بۆنەیێکەوە ئەیانبەخشیٚ و ئەچنە بەهەشتەوە. دەستەی دووەم لە بەرانبەر نافەرمانییەکانیانەوە بۆ ماوەیێك لە دۆزەخدا سزا ئەدرێن و لە دواییدا، ئەوانیش رەوانەی بەهەشت ئەکرێن. مەولەوی لە سەرەتای ئەم پارچەیەدا هیواداره کە لە دەستەی یەکەم بیٚ خودای گەورە بەزەیی پێدا بیٚ و لە تاوانەکانی چاوپۆشی بکا و لێی ببووریٚ لەم دوو هۆنراوەشدا ئەوەی گەیاندووە کە ئەگەر لە دەستەی دووەم بیٚ و لە بەرانبەر نافەرمانییەکانییەوە بخرێتە دۆزەخ و بە ئاگر سزا بدریٚ ئەو سزادانەی بەلاوە ئاسانترە لە سزای شەرمەزاریی و خەجاڵەتباریی لە پێشگای یەزداندا.

**پوختەی مانا:**

با وەکو سزای تاوانباری و نافەرمانیم لە ئەندازە دەرچووە، بەڵام ناگاتە سزای رووڕەشیی و شەرمەزاریم لە پێشگای یەزداندا. من کە خەجاڵەتی نافەرمانیم بەرووداب یٚ چش ئەگەر ساڵەهای ساڵیش لە دۆزەخدا سزا بدرێم.

موتریـــــب بـــــۆ وە داد دڵگیریمـــــەوە

پیریـــــی هـــــا ئامـــــا وە پیریمـــــەوە

نـــــەوات وێرانـــــەی دڵ کـــــەرۆ ئـــــاوا

چـــــەنیی فـــــەرد ((بێســـــاران مـــــاوا)):

موتریـب: نەوازەنـدە، سـازلێدەر، ئـاوازخوێن. لێـرەدا مەبەسـت ئـەو هێـزە مەعنەوییەیە کە بەهرەی رەوانیی بە سۆفییان و عارفان ئەدا.

بۆ: وەرە، بێ. کردەوەی ئەمرە لە ریشەی ناموونەززەمی[1] ((ئامای)) (هاتن).

وە: بە.

داد: هاوار.

دڵگیریمەوە: پەرێشانیمەوە.

ها: ئەوەها. ئەداتی تەنبیهە.

ئاما: هات. کردەوەی مازییە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

وە: بە.

پیریمەوە: پێشوازمەوە. لە هێنانی دوو وشەی ((پیری)) بە مانای تەمەن زۆری و ((پیری)) بە مانای پێشواز، سەنعەتی جیناسی تام بەکار براوە.

نەوا: ئاواز، دەنگ، مەقام. ((ت)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە.

کەرۆ: بکات. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((کەردەی)) (کردن).

ئاوا: ئاوەدان.

(١) ریشەی ناموونەززەم، ئەو ریشەیە کە لە رەگی فیعلی موشتەققاتەکانیدا ئاڵوگۆڕێکی دەنگی هاتبێتە دی وەك: ریشەی ((ئامای)) (هاتن) کە رەگی فیعلی بریتییە لە ((ئام)) بۆ دوروستکردنی کردەوەی ئەمری حازر، واحیدی سەوتیی ((ب= /bi/)) لە سەرەتایەوە دائەنرێ وە زەمیری موخاتەبی ((ە /a/)) ئەلکێ بە دوایەوە ئەبێ بە ((بئامە)) لەبەر کەسرەتی ئیستعمال دوو سەوتی ((م /m/)) و ((ء /ʔ/)) لەگەڵ موسەوویتی ((= /i/)) وە زەمیری ((ە)) حەزف کراوە بووە بە ((با /bā/))، موسەوویتی ((ا /ā/))ش گەڕاوە بە موسەوویتی ((ۆ /ō/)) بووە بە ((بۆ)).

چەنی: لەگەڵ. لێرەدا پیتی ئیزافەیە و مانای موساحەبە ئەگەیێنێ.

بەستە: کۆمەڵە هۆنراوەیێک کە مەزموونێکی تەواو بگەیێنێ و بە ئاواز بخوێنرێ.

فەرد: هۆنراوە، شیعر.

بێساران ماوا: کینایەیە لە مەلا مستەفای بێسارانیی کە یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد لە شێوەی گۆرانیدا.

**پوختەی مانا:**

موتریب! وەرە بە هاواری پەرێشانیمەوە، ئەوە ها پیریی هاتووەتە پێشوازمەوە، تکایە بە خوێندنەوەی ئەم چەن هۆنراوەی ((بێسارانی))یە، وێرانەی دڵم ئاوەدان کەوە.

**((ئانە گرد جە وەخت نادانیم بییەن**
**فەسڵ سەرمەستیی و جوانیم بییەن**
**ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد**
**وادەی پیریمەن جوانیم وییەرد**
**وادەی پیریمەن یاوانم تۆبە**
**تۆبەی تۆبەمەن، کەرەمدار تۆبە!))**

ئانە: ئەوە. زەمیری ئیشارەی دوورە، بۆ نزیك ئەوترێ: ئینە (ئەمە).

گرد: گشت، هەموو. ناوی جەمعە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

وەخت: کات، رۆژگار. وەقت.

بییەن: بووە. کردەوەی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((بییەن)) (بوون).

فەسڵ: وەرز، زەمان، سەردەم.

ئیسە: ئیستە، ئێستا.

ها: ئەوەها. ئامرازی ورياكردنەوەيە.

پەشيمانيم بەرد: پەشيمانيم برد، پەشيمان بووم. كردەوەی مورەككەبی مازيی موتڵەقە لە ريشەی ((پەشيمانی بەردەی)) (پەشيمانی بردن، پەشيمان بوون).

وادە: وەعدە. ((ی)) لە دوايەوە نيشانەی ئيزافەيە.

پيريمەن: پيريمە. ((ەن)) لە دوايەوە زەميری رابيتی زەمانی حاڵە.

وييەرد: تێپەڕی كرد، بوورد. كردەوەی مازيی موتڵەقە لە ريشەی ((ويەردەی)) (بووردن).

ياوانم نۆبە: نۆرەم گەيشتووە. لەبەر زەروورەتی شيعريی زەميری موزاف ئيلەيهی ((م)) لكاوە بە فيعلی ((ياوان))ەوە. لە ئەسڵدا ((نۆبەم ياوان))ە. مەبەست لە ((نۆرەگەيشتن)) نزيكبوونەوەی كاتی مردنە، واتە: كاتی مردنی منيش نزيك بووەتەوە. چونكە هاتنی پيريی نيشانەی دواهاتنی ژيانە.

كەرەمدار: خاوەن گەورەيی و ميهرەبانيی. سيفەتی مورەككەبە بۆ ((يەزدان)) واتە: ئەی خودای كەريم!

تۆبە: پەشيمانيی، گەڕانەوە لە گونا و نافەرمانيی، ئەو وشەيە لە جێگای ئەم جوملەدا دانيشتووە: من پەشيمانم لە نافەرمانييەكانم.

**پوختەی مانا:**

هەمووی ئەو نافەرمانييانەم بە كاتی نەزانی و لە رۆژگاری مەستيی و هەرزەكاريمدا بووە، ئێستا، كە رۆژگاری گەنجايەتيم تێپەڕيوە و سەرەتای پيريمە، ئيتر كاتی تۆبەكردنمە و لە گشت نافەرمانييەكانم پەشيمانم چونكە هاتنی پيريی نيشانەی نێزيكبوونەوەی كۆچی دواييمە و كاتی تۆبەكردنم گەيشتووە، خودای گەورە تۆبە!

## پارچەی نۆیەم

**بـــەرزان هـــیلال تـــار وەروان قـــەرار دا**

**نمـــوورەی شـــەهر شـــۆر دڵان دیـــار دا**

بەرزان: ملان، لووتکەگەل. مەبەست کێوە بەرزە کوێستانییەکانە[1].

هیلال تار: وەك تاڵی هیلالی مانگی یەك شەوە. پاشگری ((تار)) لێرەدا مانای تەشبیە ئەدا. ئەم تەرکیبە جوزئی فیعلی ((قەراردا))یە کە لە دواوە دێ کە ئەبێ بە ((هیلال تار قەرار)) واتە: وەك تاڵی باریکی هیلالی پێ کرد. کە وابوو ((بەرزان)) فاعیل ((وەروان)) ئەبێتە مەفعوول.

وەروان: بـــەفران، بەفرگـــەل. مـــوفرەدی ئـــەبێ بـــە ((وەروە)) ((بـــەفر))، موسەوویتی ((ە /a/)) لە دوایەوە، نیشانەی تەئنیسە، لە کاتی دەرخستندا تەکیە ئەدرێتە سەر هیجای یەکەم.

نموررە: سەرەتا. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

شـەهر: مـانگ. لێـرەدا مەبەسـت قورسـی قەمـەر نییـە بەڵکـە مەبەسـت نـاوی هەریەکە لە دوانزە واحیدی زمانی ساڵی قەمەرییە.

شۆر: عیشق و ئەوین، هەیەجان، جۆش و خرۆش.

دڵان: دڵگەل.

---

(١) لە کوردستاندا دوو جۆر کێو هەیە جۆری یەکەم ئەو کێوانەن کە بەرد و شاخ و داخیان زۆرترە لە خاك و نەرمایی، ئەم جۆرە کێوانە دار و درەخت و گژ و گیایان کەمتر لێ شین ئەبێ. جۆری دووەم ئەو کێوانەن کە خاك و نەرمایی یان زۆرترە لە بەرد و شاخ و داخ، ئەم چەشنە کێوانە پڕن لە کانیاوی جوان و هەموو جۆرە گوڵ و گیای بۆنخۆشیان لێ شین ئەبێ، بەهار و هاوینی ئەم جۆرە کێوانە کە رازاونەتەوە بە خوڕەی کانیاو و، هاژەی بەفراو و، نەسیمی فێنك و گوڵی رەنگاوڕەنگ و قاقبەی کەو و، چریکەی بولبولان و، نەغمەی باڵدارانی کوێستانی و قاڕە و باڕەی ئاژەڵ... مەولەوی بە نەوای خەمگینی شمشاڵ نوێنگەی بەهەشتێکی رووی زەوی بۆ تەماشاچییان ئەهێنێتە دی.

دیاردا: دەرکەوت. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((دیاردای)) (دەرکەوتن).

لەم هۆنراوەیەدا تەشبیهێکی مورەککەبی جوان بەکار براوە بەم چەشنە کە کلێڵەکانی بەفری لانزارانی کێوە بەرزە کوێستانییەکان کە لە سەرەتای بەهاردا تاوی خۆریان لێ ناکەوێ و لە لاپاڵی کاوەکاندا وەك کەوانێکی باریك و جوان لار ئەبنەوە و تا دێرێ ئەمێننەوە، تەشبیە کراون بە هیلالی قورسی مانگی یەك شەوە. سەرەتای وەرزی بەهاریش تەشبیە کراوە بە سەرەتای مانگ کە واحیدی دوانزە ئەجزای زەمانی ساڵی قەمەرییە. هەیەجان و شۆری عیشق و ئەوینی دڵدارانیش لەو وەرزەدا کە سەردەمی بووژانەوەی هێزی ژیانێکی تازەی تەبیعەتە، تەشبیە کراوە بە هەیەجان و شۆری خوداپەرستی عارفان و سۆفییان لە سەرەتای مانگەکانی بەجێگەیاندنی عیبادەتی یەزدان وەك رەمەزان و قوربان و موحەررەم.

**پوختەی مانا:**

بەفرگەلی لارە کاوەکانی کێوە بەرزەکان خاڵخاڵ بوون وەك هیلالی مانگی یەکشەوە سەرەتای فەسڵی جۆش و خرۆشی دڵی دڵدارانیان نیشان دا.

**نەسیم وە بۆی چین چنوور رووی هەرد**

**سوب ((سەباحل خەیر)) دەماخ دڵ کەرد**

نەسیم: بای نەرم و فێنك. بۆ ((شەماڵ))یش بەکار ئەبرێ.

وە: بە.

بۆ: بۆن، رایەحە. بێن.

چین چنوور: لقەکانی گیای چنوور کە چین چین لەسەریەك قەرار ئەگرن. چنوور گیاییێکی کێوی و کوێستانی بنج گەورەیە، بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە و لە بنەماڵەی ((کەما)) و ((لۆ))یە. گەڵاکانی باریك و ورد و پڕ و درێژن ساختمانی گیای چنوور شەباهەتێکی زۆری بە گیای ((شویت))ەوە، هەیە کە لە مەزرادا بۆ خواردن

ئەیکێڵن، بەڵام بنجی چنوور گەورەترە. لێرەدا چینی لقە شەنگ و شۆخەکانی چنوور بە چینی زوڵفی بۆن خۆشی نازاران تەشبیە کراوە.

رووی هەرد: سەری کێو، رووی بەرد. مەبەست لە تەرکیبی ((چنوور رووی هەرد)) پەخش و بڵاوبوونەوەی شیپی لقە جوانەکانی چنوورە بەسەر تاشە بەردەکاندا.

سوب: سبح، مەبەست ((بەیان))ە، واتە: ئەو کاتە کە تاریکیی شەو دوایی دێ و رووناکیی خۆر لە ئاسۆوە دەرئەکەوێ و کێوە جوانەکانی کوردستان روون ئەکاتەوە.

سەباحل خەیر: بەیانی باش. تەرکیبێکی عەرەبییە و هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە. ((سەباخەیر))یش ئەوترێ. سەباحل خەیر کەرد (بەیانی باشی وت). کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((سەباحل خەیر کەردەی)) (بەیانی باش وتن).

دەماخ دڵ: لووتی دڵ، حاسسەی بۆکردنی دڵ. مەفعوولە بۆ ((نەسیم)). مەبەست لە مەزموونی ئەو تەرکیبە ئینبساتی رەوانییە لە هەستکردنی بۆنی خۆشی ئەو نەسیمە کە لە بەیاندا لە کاوە پڕ گوڵ و گیا بۆن خۆشەکانەوە هەڵئەکا و ئەو بۆنە خۆشە ئەدا بە دەماخی ئینساندا و دڵی پێ ئەگەشێتەوە.

مەزموونی ئەم هۆنراوەیە، تەشبیهێکی مورەککەبە کە لای کەم دوو ئیستعارەی موسەررەحەی تێدا ئەکەوێتە پێشچاو.

**پوختەی مانا:**

بای بەیان بە هێنانی بۆنی خۆشی چینی لقە جوانەکانی چنووری کوێستانان ((بەیانیی باش))ی بە دڵی دڵداران وت (و مژدەی هاتنی بەهاری دا).

**جـە پرشـەی شـەونم، نـە تـۆی پـەردەوە**
**نـەرگس مـەس مـەس[1] چـەم وەڵاو کـەردەوە**

جە: لە.

پرشە: پرژە، پرژ. ناوی مەسدەرە لە ریشەی ((پرشیای)) (پـرژان) کـە پـاش ئاڵوگۆڕی سەوتی بووە بە ((پژیای)).

شەونم: هەوایێکی نماوییە کە تەبدیل ئەبیٚ بـە دڵۆپـگـەلی ورد و لـە بـەیانییانی بەهاراندا ئەنیشێتە سەر پەڕەی گوڵ و گیا.

نە تۆی پەردەوە: لە ناو پەردە. ئـەم تەرکیبـە دوو مانـا هەڵئـەگریٚ، یەکـەم- ئەگونجیٚ مەبەست لە ((پەردە)) تاریکـەی بـەیان بـیٚ، چـونکە لـەو وەختـەدایـە کـە بوخاری هەوا تەبدیل ئەبیٚ بە قەتەراتی ورد و ئەنیشێتە رووی پـەڕەکانی گـوڵ، لـەم سوورەتەدا ماناکەی بەم چەشنەیە: نێرگس کە هێشـتا غونچـە بـوو و وەك خـەوتوو چاوی نابوو بەیەکدا، لە پرژانی شەونم کـە لـە نـاو پـەردەی تاریکـەی بەیانـدا، لێـی پرژا، خەبەری بووەوە و چاوە جوانەکەی بە مەستیی کردەوە، واتـە: لـە غونچـەوە بوو بە گوڵی پشکووتوو. دووەم- رەنگە مەبەسـت لـە ((پـەردە)) پـەڕەکانی گـوڵی نێرگس بیٚ کە لە حاڵی غونچەییدایە و هێشتا نەپشکووتووە، لەم سوورەتـەدا مانـای ئەو تەرکیبە بەم چەشنەیە: نێـرگس کـە لـە نێـو پـەردەی غونچـە بـوو، لـە پـرژەی شەونم خەبەری بووەوە و، چاوە جوانەکەی بە مەستیی کردەوە، واتە: بوو بە گوڵی پشکووتوو.

لەم هۆنراوەیەشدا وەك هۆنراوەکانی تر تەشـبیهێکی مورەککـەبی ورد و جـوان بـەکار بـراوە کـە چـەن ئیسـتعارەی تێـدا ئەکەوێتـە پێشچـاو. لەبـەر ئـەوە مانـای هۆنراوەکەمان لێرەدا لێکداوەتەوە ئیتر نیازمان بە نووسینی پوختەی مانا نییە.

---

(١) تەکراری وشەی ((مەس)) بۆ گەیاندنی مانای تەئکیـد و موبالەغەیـە، وە لـە مانـادا ئەبێتـە قەیـدی چۆنییەتی.

سەوزە وستەن فەرش ئـەو چـەمەن دەس دەس
گـــوڵان جـــام وە دەس، بڵـــبڵان ســـەرمەس

سەوزە: گیا[1].

وستەن: خستوویە، رای خستووە. لە ریشەی ((وستەی)) (خستن) کـە لێـرەدا بە مانای ((ئەرە وستەی)) (راخستن)ە.

ئەو: لە. پیتی ئیزافەیە.

چەمەن: سەوزەزار. زەوی پڕ گوڵ و گیا. لێرەدا تەشبیه کـراوە بـە مەجلیسی بەزم.

دەس دەس: رەنك رەنگ. چین چین. جۆر جۆر.

گوڵان: بنجە گوڵەکان، دار گوڵەکان.

جام وە دەس: پیاڵە بە دەس. دار گوڵەکان تەشبیه کراون بە ساقی و غونچە نیو پشـکووتووەکانیش بـە پیاڵـەی مـەی و بولبـولانیش بـە عاشـقان و ئەویـندارانی سەرخۆش. ئەم هۆنراوەش تـەشبیهاتێکی جوان و کەم وێنەی تێدا بەکار براوە.

**پوختەی مانا:**

سەحنی چەمەن دەس دەس فەرشـی گیـای تەڕچك و جـوانی راخسـتووە، دار گوڵــەکان وەك ســاقی تــەنناز پیاڵــەی غونچــە گوڵیــان بەســەر دەســتی چــڵە جوانەکانیانــەوە راگرتــووە. بولبـولانیش وەك عاشـقانی شـەیدا، لـە نەشئەی بـۆنی خۆشی ئەو غونچە گوڵانە مەست و سەرخۆشن.

مـــــەنام مەکـــــەردێ گرانـــــەن دەردم-
ئـــــەر شـــــێویابۆ قافیـــــەی فـــــەردم

---

(١) وشەی ((سەوز)) سیفەتی موتڵەقە، بە هێنانی پاشگری ((ە /a/)) گەڕاوە بە ناو، وەك: هۆنراو واتە: مەنزووم، وە هۆنراوە، واتە: نەزم - شیعر.

مەنام[1] مەکەردی: مەنعم مەکەن، سەرزەنشتم مەکەن، رەخنەم لێ مەگرن. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((مەنع کەردەی)) (مەنع کردن).

گرانەن دەردم: دەردم گرانە، دەردم سەختە.

ئەر: ئەگەر.

شێویابۆ: تێکچووبێ.

قافیە: لە شیعری ((مەسنەوی))دا بریتییە لەو دوو وشەیە کە لە ئاخری دوو نیوە هۆنراوەوە ئەهێنرێ کە پیتی ئەسڵی دوایی ئەو دوو وشەیە یەك پیتە، وەك دوو وشەی ((دەرد)) و ((فەرد)). بەو پیتەش ((رەوی)) ئەوترێ.

فەرد: هۆنراوە، شیعر، بەیت.

لە مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ، مەولەوی هەروەها کە لە مەزموون و موحتەوای شیعری کلاسیك و سوننەتیی کوردیدا سەبك و رەوشتێکی تازەی هێناوەتە دی، ویستوویە لە چاوی ساختمانیشەوە، فۆرم و قاڵبێکی تازە بە شیعری کوردی بدا، وەها کە لە دوای باسی جوانی بەهار ئەڵێ: هەموو شتێ لە خۆشی و شادی هاتنی بەهاردایە بەڵام من لەو خۆشیی و شادییە بێ بەشم چونکە جوانی بەهار بۆ منی دڵسووتاو و مەحرووم لە دیداری ئازیز، جگە لە پەژارە و ئازار سوودێکی نییە، جوانیی بەهار کاتێ بۆ من لەززەت بەخشە کە لەگەڵ کامەرانی لە دیداری ئازیزدا بێ کە وابوو نابێ رەخنەم لێ بگرن و سەرزەنشتم بکەن کە ئەگەر سەنگینیی باری خەم و پەژارە بووبێ بە هۆی تێکچوونی قافیەی هۆنراوەکانم. ئینجا دەس ئەکا بە سکاڵاکردن لە دەرد و رەنجی ناکامیی خۆی و ئەو ناکامییە ئەکاتە هۆی تێکچوونی قافیەی شیعرەکانی و ئەیرژێنێتە ئەو قاڵبە جوانە تازەوە کە لە شیعری کوردی کلاسیکدا مێژینەیێکی نییە.

---

(١) پیتی ((ع)) لە سەرەتای وشەوە تەبدیل ئەبێ بە ((ء)) وەك ئاڵەم (عالەم)، وە لە ناوەراستدا تەبدیل ئەبێ بە ((ا)) وەك: مالووم (مەعلووم).

**پوختەی مانا:**

مەنعم مەکەن ئەگەر قافیەی هۆنراوەکانم تێك چووبێ چونکە لەم وەختەدا دەردم گرانە و خەم و پەژارەم زۆرە.

**فـەریاد جـە شـۆری ئـەرز چـارەی مـن**

**هـەر سـەوزەی مـراد مـن نادیـارەن**

فەریاد!: هاوار، ئای!. ناوی دەنگە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

شۆری: سوێریی. شۆریی ئەرز چارەی من. تەرکیبێکە لە تەتابوعی ئیزافاتی ئیستعاریی. ئەرزی شۆر، ئەرزی شۆرە، شۆرە زار بە زەوییێك ئەوترێ کە ((خوێ))ی هەبێ، وە گژ و گیای لێ شین نەبێ.

چارە: نێوچاوان، تاڵە، تالع، بەخت. ((چارەنووس))یش ئەوترێ و بە مانای ((عەلاج))یش هاتووە، لەم حاڵەدا ئەوترێ ((چارەسەرکردن)) (عەلاج کردن).

سەوزەی مراد: ئیزافەی ئیستعارییە.

نادیارەن: نادیارە، نابینرێ، پەنهانە. ((ەن)) رابیتی زەمانی حاڵە.

**پوختەی مانا:**

ئای چەندە بەدبەختم! لەم بەهارەدا کە دەشت و کێو سەوز و باغ و چەمەن پڕ لە گوڵ و بولبولە، تەنیا شۆرە زاری تالعی من سەوزەی مورادی لێ شین نەبووە.

**داد جـە هـەوای بـەد بەدسـتارەی مـن**

**هـەر نـەو گوڵاڵـەی مـن نـە پێـوارەن**

داد: هاوار، ئای. ناوی دەنگە.

جه: له.

هەوای بەد: هەوای خراپ، هەوای ناسازگار. ئەو هەوا ساردەیە کە هەندێجار لە سەرەتای بەهاردا ئەبێتە هۆی لەناوچوونی گوڵ و گیا. ئەو تەرکیبە کینایەیە لە ئەسەراتی تالعی شووم.

بەدستارە: ئەستێرەی شووم، ئەستێرەی نەحس، تالعی شووم. لەم دوو هۆنراوەیەدا تەشبیهی مورەککەبی مەعقوول بە مەحسووس بەکار براوە، واتە حاڵاتی نەفسانی تەشبیە کراوە بە حاڵاتی زەوی لە وەرزی بەهارێکی ناسازگاردا کە هیچ جۆرە شوێنەوارێکی بەهاری لێ دەرنەکەوێ.

نە پێوارەن: لە پەنهاندایە. واتە هەر تازە گوڵی ئارەزووی من دیار نییە و لە زەوی بەختم سەری دەرنەهێناوە.

**پوختەی مانا:**

ئای لە نەگبەتیی ئەستێرەی تالعی نەحسی من کە لەم بەهارەدا تەنیا نەو گوڵاڵەی ئومێدی من لە زەوی بەختم سەری دەرنەهێناوە ! کەوایە:

**یــا وەلوەلــەی دەف شـــادەروێش، جۆشـــێ**
**بـــەو ســـەدای ریشـــەی دڵ ئاشـــناوە**
**یــا جــۆش ســەمتوور موتریــب، خرۆشــێ!**
**چــەنی ئــی دوو فــەرد حەســرەت مــەعناوە:**

یا: ئەی. لێرەدا بۆ نیدای موتڵەق نییە بەڵکە مانای هاوار و فەریاد ئەگەیێنێ.

وەلوەلە: دەنگ، ناڵە، هاوار، مەبەست ئەو دەنگەیە کە لە لێدانی دەفەوە ئەبیسرێ.

شادەروێش: دەروێشی کامڵ، دەروێشێ کە بە ئیستلاحی سۆفییان هەمیشە حوزووری قەلبیی و جەزبەی رۆحیی هەبێ.

جـۆش: مەبەسـت جەزبـە و هەیـەجانی رۆحـی عارفانەیـە. ((یّ)) نیشـانەی نەکارەتە، لێرەدا مانای گرنگایەتیی و گەورەیی ئـەدا. وشـەی ((جـۆش)) مەفعوولـە بۆ فعلێکی مـەحزووف واتـە: جۆشـیّ بێنـە دی، جۆشـیّ بنوێنـە، جۆشـیّ ساز کـە، هەیەجانیّ لە دڵدا بێنە دی.

مەولـەوی لـەم هۆنراوەیـەدا ((وەلوەلـە))ی دەف و لـە هـۆنراوەی دواییشـدا ((جۆشی سەمتوور)) بە مەجاز ئەکا بە موونادا کە مەبەستی گەیاندنی مانای حوسنی تەڵەب و موبالەغەیە، ئەگینا لە حەقیقەتدا ((دەروێش)) و ((موتریب)) موونا دان.

بەو سەدای ریشەی دڵیّ ئاشناوە: بەو ئاوازەوە کـە بـۆ ریشـەی دڵـم ئاشـنایە و خووی پێوە گرتووە. مەبەست لە ((ریشەی دڵیّ)) هێزی رەوانیی ئینسانییە یا جۆش سەمتوور موتریب: ئەی جۆشی سەمتووری موتریب!

خرۆش: هاوار، دەنـگ، هەیـەجان. دوو وشـەی ((جـۆش و خـرۆش)) زۆرتـر لـە حاڵی تەرکیبدا بەکار ئەبرێن، ئەو تەرکیبـە مانـای هەیـەجان و جەزبـەی رەوانیـی و شەوق و مەیلێکی غەیرە تەبیعی ئەگەیێنیّ. ((یّ)) نیشانەی نەکارەتـە و لێـرەدا بـۆ گەیاندنی مانای مەزنایەتیی و گرنگایەتیی هێنراوە و ئەبێتـە مـەفعوول بـۆ فیعلێکـی موقەددەر کە مانای تەڵەب بگەیێنیّ.

وەها کە ئەزانین پەیوەندییێکی بتەوی مەعنەویی لە نێوان گیانی گیانلەبەران و مۆسیقادا هەیە، وجوودی ئەو پەیوەندییەش بە تەجرەبە سابتە و نیازێکی بە بەڵگە و دەلیـل نییـە و تەنانـەت لـە فەرهـەنگی عامییانەشـدا وێـژراوە: ((مۆسـیقا غـەزای رۆحـە)). لێـرەدا ئـەم پرسـیارە دێتـە پێشـەوە کـە ئێمـە ئـەبینین نـەوای مۆسـیقا مەسەلەن، شوێنێکی وەها گـەورە ئەکاتـە سـەر گیـانی وشـتر و مـەجزووبی ئـەکا و ئەیخاتە عالەمی خەلسەوە کە دەیان کیلۆمیتر رێگا بە بارێکی سەنگین و گرانەوە بە بیّ خواردن و خواردنەوە و پشوودان، ئەبڕیّ و هیچ جۆرە مانـدووبوونێك لـە خۆیـدا هەست ناکا، کە وابوو چ ئیمتیازێك هەیە بۆ ئەسەری نەوای مۆسیقا لـە ئینسـاندا تـا لەو بارەوە ئینسان لە حەیوان جیا ببێتـەوە؟ لـە وەڵامـدا پێویسـتە بـوتریّ بـە لای سۆفییان و عارفانەوە لە وجوودی ئینساندا دوو جۆر هێز هەیە، یەکیّ لەو دوو هێزە

پێی ئەوترێ گیانی حەیوانیی کە پەیوەندیی بە عالەمی ناسووتەوە هەیە و موشتەرەکی بەرەی ئینسان و ئاژەڵە، ئەو هێزەکەی تر پێی ئەوترێ رەوانیی ئینسانیی یا نەفسی ناتیقە کە پەیوەندی بە عالەمی مەلەکووتەوە هەیە و تایبەتی بەرەی ئینسانە و لە ئاژاڵ جیای ئەکاتەوە، وە ئەو هێزە مەلەکووتییەیە کە خودا لە بارەیەوە ئەفەرموێ: ((ئێمە هێزێکمان لە رەوانیی خۆمان کردە پەیکەری ئادەم)) واتە بەرەی ئادەم. پاش ئەو کورتە لێکدانەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەسەری نەوای مۆسیقا لە ئینسانێکی کامیل و عارفانی وەك مەولەویدا لە رێگای رەوانیی ئینسانییەوەیە نەك رێگای گیانی حەیوانییەوەیە کە موشتەرەکی ئینسان و ئاژەڵە.

چەنی: لەگەڵ. ئامرازی پەیوەندە.

ئی دوو فەرد: ئەم دوو هۆنراوەیە.

حەسرەت مەعنا: مانای حەسرەت هێنەر، مانای حەسرەتاوی. سیفەتی مورەککەبە بۆ ((دوو فەرد)). پاشگری ((وە)) لە دوایەوە، بۆ تەئکیدی مانای موساحەبە و لەگەڵبوونە.

مەولەوی لە شەش هۆنراوەی دوایی ئەم پارچەیەدا سەنعەتێکی جوانی ئەدەبی تریشی بەکار بردووە، ئەوەش بریتییە لەوە کە ئەگەر نیوە هۆنراوە هاوقافیەکان بخەینە یەك، مانای هۆنراوەکان تێك ناچێ، بۆ وێنە ئەگونجێ بخوێنینەوە: ((فەریاد جە شۆریی ئەرز چارەی من داد جە هەوای بەد بەدستارەی من)) تا دوایی.

**پوختەی مانا:**

تکایە دەروێش، بە دەنگی دڵ لاوێنی دەفەکەت جەزبە و هەیەجانێ لە دڵمدا بێنە دی! موتریب تۆش بە نەوای فەرەحبەخشی سەمتوورەکەت لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم دوو هۆنراوە حەسرەتاوییەدا، جۆش و خرۆشێ بخە دەروونمەوە.

**بـــەڵ ســـــەوز ببـــۆ تـــۆم ئارەزووەکـــەی دڵ**

**هـــای چـــەمە دەخیـــل، شـــەوێ شـــەونمێ!**

**بــــەڵ رووبنمـــــانۆ ئـــــەو نــــازك نــــەوگوڵ**

**ئاهـــــــە، نەســـــــیمێ وادەی ســــــوبدەمێ!**

بەڵ: بەڵکە ((بەڵکو))ش ئەوترێ. پیتی پەیوەندە و مانای ئومێد و رجا ئەگەیێنێ.

سەوز ببۆ: شین ببێ. واتە: تۆم ئارەزووەکەی دڵ: تۆوی ئارەزووەکەی دڵم. تەرکیبی ((تۆم ئارەزوو...)) ئیزافەی ئیستعارییە. واتە: تۆوی گیای ئارەزووی دڵم. پاشگری ((ەکە)) مانای تەعریف. واتە: ئەو ئارەزووە کە خۆم و دۆستانم ئەیناسین، ئەوەش بریتییە لە خۆنیشاندانی ((نەو گوڵ...)) کە لە هۆنراوەی دواییدا ناوی ئەبا.

های: ئەی. ئامرازی نیدایە لە حاڵی پاڕانەوەدا بەکار ئەبرێ. بەڵام لێرەدا تەنیا مانای پاڕانەوە... ئەگەیێنێ چونکە لەگەڵ پاشگری نیدادا هاتووە.

چەمە: ئەی چاو! موسەوویتی ((ە /a/)) لە دوای ((چەم))ەوە، پاشگری نیدایە.

دەخیل: وشەیێکی عەرەبییە لە کاتی پاڕانەوەدا بەکار ئەبرێ، واتە هاوارە پەنام هێناوە، فریام کەوە.

شەوێ: شەوێك. لە شەوێکدا.

شەونمێ: شەونمێك. مەفعوولە بۆ فیعلی مەحزووفی ((ببارێنە)).

بەڵ: بەڵکە.

روو بنمانۆ: روو بنوێنێ، دەرکەوێ، بپشکووێ. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((رووانمانای)) (روونواندن، دەرکەوتن، خۆنیشاندان).

ئاهە: ئەی ئاه! ((ە)) لە دوایەوە پاشگری نیدایە.

نەسیمێ: بایێکی نەرم. ((ێ)) نیشانەی نەکارەتە. مەفعوولە بۆ فیعلێکی مەحزووف وەك: هەڵکە!

وادە: وەعدە، وەخت.

سوبدەمێ: دەمی بەیانییێك. سەحەرگاییێك. ((ێ)) نیشانەی نەکارەتە. هێنانی ((ێ))ی نیشانەی نەکارەت لە دوای هەندێ لە وشەگەلی دوایی ئەو نیوە هۆنراوانەوە بۆ گەیاندنی مانای گرنگایەتییە.

مەولەوی لەم پارچەیەدا بەو ئیبتکارە بێ وێنەی خۆیە سێ مەبەستی گرنگی جێ کردووەتەوە:

یەکەم: چۆنییەتی نیشانەگەلی هاتنی بەهاری دڵڕفێنی کێو و دەشتە کوێستانییەکانی کوردستان.

دووەم: چۆنییەتی حاڵاتی دڵتەزێنی پەرێشانیی و ناکامیی خۆی لەو سەردەمەدا.

سێیەم: ئارەزووکردنی بەدیهاتنی بەهارێکی جوانی ڕۆحانیی لە خۆیدا.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە یەکێ لە ڕەوشتەکانی مەولەوی لە دانانی هۆنراوەکانیدا ئەوەیە کە هەمیشە حاڵەتی قەبز و بەستی ڕەوانیی خۆی کە دوو حاڵەتی عیرفانین و لە عورفی عامدا بە پەژارە و شادیی تەعبیر ئەکرێن، بە حاڵاتی تەبیعەت لە وەرزەکاندا تەشبیه ئەکا بۆ ئەوە ئیدراکات و ئینفعالاتی دەروونی خۆی بە چەشنێکی مەحسووس لە هۆنراوەکانیدا جێ بکاتەوە پایەی ئەو ڕەوشتەش لەسەر بناغەی تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووسەوە دامەزراوە، دیارە تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووسیش کارێکی ئاسان نییە و مەهارەتێکی زۆری لە زمان و ئەدەب و شیعر و شاعیریدا پێ ئەوێ تا شاعیر بتوانێ ئەو مەبەستی خۆیە بە جوانی دەربڕێ و سەرنجی خوێنەر بۆ مەزموونی هۆنراوەکانی ڕاکێشێ. مەولەوی بە هۆی ئەو سەرمایە مەعنەوییەوە کە لە گەنجینەکانی عولوومی زاهیری و باتنی ناویە بە یەکەوە، بەهرەیێکی گەورەی بردووە و شاییستەیێکی کەم وێنەی بۆ ئیبداعی ئەو ڕەوشتە هێناوەتە دەس، جگە لەوەش عەوامیل و دەسەك گەلێکی تر وەك

چۆنییەتی ژیان و موحیتی بارهاتن و هەستان و دانیشتن لەگەڵ چینە جۆر بە جۆرەکانی رۆژگارەکەی شوێنێکی گرنگیان لە رۆحییەیدا هێناوەتە دی و ئەو گەنجینە مەعنەوییەیە پڕ پیت و بەرەکەتتر کردووە. ئەڵبەت تەنیا وجوودی ئەو گەنجینە مەعنەوییە لە رۆحییەیەی مەولەویدا نەبووەتە هۆی پێگەیاندنی بەڵکە ئیستعداد و، هەست و ئیدراك و تێبینییێکی بلیمەتانەش لەگەڵ ئەو گەنجینەیەدا دەستیان داوەتەوە دەستی یەکەوە و گەیاندوویانە بەو پلە و پایە کەم وێنەیە کە ئینفعالاتی دەروونی ئینسان و حاڵاتی جۆر بە جۆری تەبیعەت بە چەشنێکی سیحراویی لە هۆنراوە رەوان و پاراوەکانیدا بهێنێتە قاڵبی ئەلفازەوە.

مەزموونی ئەم پارچەیە بە تێکڕایی ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە مەولەوی لە سەردەمی بەهاردا چاوەڕوانییێکی بۆ گەیشتن بە ئارەزووییێکی عیرفانیی هەبووە، وەك چاوپێکەوتنی مورشید و فەیز و بەرەکەت وەرگرتن لە دیداری، یان بەدیهاتنی پەیوەندی رەوانیی لەگەڵ تەوەججوهاتی یەزدانیدا ئەوەش بە قەرینەی بەکاربردنی ئیستلاحاتی: جۆش و خرۆشی دڵ و شەوبێداری و گریان کە تایبەتی رێ و رەوشتی عورەفا و سۆفییانە.

**پوختەی مانا:**

ئەی چاو دەخیلم! لە نیوە شەوێکدا شەونمی فرمێسك ببارێنە بەڵکە تۆی گوڵی هیواو ئارەزووم شین ببێ. ئەی ئاهی دەروونی پڕ دەردم! تۆش نەسیمێکی سەحەریی هەڵکە بەڵکە ئەو تازە غونچە جوانەی هیوا و ئارەزووی منیشە لەم بەهارەدا بپشکوێتەوە.

# پارچەی دەیەم

## فەسـڵێ نـەوپاییز تـازە کـەردەن مـەیل
## رەزان هـەرزان کـەرد رەشـتەی نـەو سـوەیل

فەسڵ: وەرز، وەخت.

نەو پاییز: تازە پاییز، پاییزی تازە. واتە: پاییزی ئەم ساڵ.

تـازە کـەردەن مـەیل: مـەیلی تـازە کردووەتـەوە. کـردەوەی مورەککەبـە لـە ریشـەی ((مـەیل تـازە کـەردەی)) (مـەیل تـازەکردن). ئـەگونجێ وشـەی ((تـازە)) جوزئی ساختمانی فیعل نەبێ بەڵکە قەید بێ بۆ فیعلەکە، لەم سوورەتەدا مانای ئەو تەرکیبە بەم چەشنەیە: نەوپاییزی ئەمساڵ تازە دا هاتووە. واتە سەرەتای پـاییزی ئەمساڵ هاتووەتە پێشەوە.

رەزان: مێوان. مێو [1] یا رەز بە داری ترێ و هەنگور ئەوترێ. ((ان)) پاشگری کۆمەڵە.

هەرزان کەرد: زۆری کرد. هـەرزانبوونی شـت زۆربـوونی ئـەو شـتە ئەگـەیێنێ. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((هەرزان کەردەی)) (هەرزانکردن).

رەشـتە: رەژراو، رەنگکـراو. سـیفەتی مەفعوولییـە لـە ریشـەی ((رەشـتەی)) (رەشتن). [2]

نەو سوەیل: تازە سوهەیل، تازە گەلاوێژ [3] واتـە: گەلاوێـژی تـازە هـەڵهاتووی ئەمساڵ.

---

(١) مێو بە مانای ((مووم))یش کە هەنگ شانی هەنگوینی لێ دوورووست ئەکا، هاتووە.

(٢) وشەی رەشتن بۆ رەنگکردنی شتێك بەکار ئەبرێ کە ئەو رەنگە لەو شـتەدا جـوان بنـوێنێ وەهـا کـە ئەووترێ ئەو کچە چاوی بە کلە رەشتووە، کەمتر ئەووترێ چاوی بە کلە رەش کردووە.

(٣) ئەستێرەیێکی پرشەداری رووناکە لە نیوەی مانگی ئاخری هاویندا لـە بـورج ئـەکنییێ واتـە: بـەر لـە بەیان لە ئاسۆ هەڵدێ وە لە کوردیدا بەو مانگە ((گەلاوێژ)) ئەوترێ. ئەڵێن: هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ

پوختەی مانا:

فەسڵی پاییزی نوێ مەیلی تازە کردووەتەوە و هاتووەتە پێشەوە. گەڵای باخە مێوەکان زەرد بووون و بە پرشەی ئەستێرەی گەلاوێژی تازە هەڵاتوو لە ئاسۆ، رەژراون و رەنگیان نارنجی هەڵگەڕاون.

**گێچ سەرکاوان جە سەردیی بین کەیل**

**بۆ مەدان چون بۆی بێ وەفایی لەیل**

گێچ سەرکاوان: گێژ. لێرەدا مەبەست پێچ و خەمی شیو و دۆڵی لای ژووروی کێوە کوێستانەکانە کە جێ هەواری هاوینانی خێڵە کوردەکانن. سەرکاوان — سەرشیوانی کوێستانی.

جە: لە.

سەردیی: سەرما.

بین کەیل: پڕبوون. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((کەیل بیەی)) (پڕبوون) واتە: پێچ و خەمی شیوە کوێستانییەکان بە بۆنەی هاتنی پاییزەوە، پڕبووون لە سەرما.

بۆ مەدان: بۆ ئەدەن. کردەوەی موزاریعی مورەککەبە لە ریشەی ((بۆ دای)) (بۆدان). واتە ساردیی ئەو کاو و شیوە کوێستانییانە لە ساردیی مەیلی ئازیز ئەچێ.

---

ئەبێتە هۆی فێنکبوونەوەی هەوای گەرمی هاوین. هەروەهاش مەشهوورە پرشنگی ئەستێرەی گەلاوێژ لە رەنگی میوە و گەڵای دار و گوڵ و گیاشدا ئەسەر ئەکا و رەنگی زەردیان بە رەنگێکی سووری زەردفام کە رەنگی نارنجی پێ ئەوترێ هەڵئەگێڕێ، بە تایبەتیی لە سەرەتای پاییزدا کە گەڵای دار و درەخت دەس ئەکا بە زەردبوون، ئەو رەنگە سوورە کە لەگەڵ رەنگی زەردا تێکەڵ ئەبێ جوانتر خۆی ئەنوێنێ. لەبەر ئەوە داری مێو لە سەرەتای پاییزدا زووتر زەرد ئەبێ، پرشەی ئەستێرەی گەلاوێژ، باشتر ئەسەری لێ ئەکا و رەنگە زەردەکەی بە رەنگێکی سووری کاڵی جوان هەڵئەگێڕێ جا هەر لەبەر ئەوەیە کە مەولەوی ئەڵێ: رەزان هەرزان کەرد رەشتەی ئەو سوەیل.

چون: وەك. لێرەدا ئامرازی تەشبیهە.

بۆ: بێن، بۆن. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

بێ وەفایی لەیل: ساردی مەیل و مەحەببەتی ئازیز. لە مەزموونی ئەو هۆنراوەیەدا تەشبیهێکی مورەککەبی مەحسووس بە مەعقوول ئەبینرێ.

تا کەسێ لە سەرەتای پاییزدا کێو و کاوە کوێستانەکانی کوردستانی چاو پێ نەکەوتبێ و خەمگینی و ماتەمیی دۆڵ و شیوە پڕ لە گوڵ و گیا زەرد و هەڵپرووسکاوەکانی لە تەم و مژی پاییزی سەر لووتکە بەرزەکاندا هەست نەکردبێ کە چۆن ئەو جوانیی و تەراوەت و دڵڕفێنی بەهار و هاوینەیان لە دەس داوە و هەوای ساردی دڵتەزێن و فەزای پڕ لە خەم و پەژارەی نزیکبوونەوەی زستان دای گرتوون؟ هەروەهاش تا کەسێ دەردی عاشقی نەچەشتبێ و ساردی مەیل و بێ وەفایی مەعشووقی پاش گەرمی مەیل و خۆشەویستی، دڵی نەتەزاندبێ، بەو هونەرنماییە ئەدەبییەی مەولەوییە لەو تاقە هۆنراوە جوانەدا پەی نابا و لەو تەشبیهە لەتیف و کەس ڕێ لێ نەکەوتووەی ئەوە تێناگا.

**پوختەی مانا:**

دۆڵ و شیوی لووتکە بەرزەکانی کوێستانان پڕ بوون لە هەوای ساردی پاییزی و ڕەنگ و بۆی ساردی مەیلی ئازیزیان گرتووەتە خۆیان.

**ئازیز! تاقەت شیی ئاخر نەفەسەن**
**ڕەحمێ کەر ئامان ئیستغنا وەسەن**

تاقەت شی: توانایی نەما. زەمیری موزاف ئیلەیهە ((م)) حەزف کراوە. واتە: تاقەتم چوو.

ئاخر نەفەسەن: ئەم هەناسەیە، دوا هەناسەیە. ((ەن)) رابتی زەمانی حاڵە.

ڕەحمێ کەر: ڕەحمێ بکە.

ئامان ئیستغنا: هاوار، دەخیلە. ناوی سەوتە.

وەسەن: بێ نیازیی و بێ مەیلیی بەسە[1].

**پوختەی مانا:**

ئازیز! لە دووریی تۆ توانایی لە دەس داوە و دوا هەناسەیێکم تێدا ماوە، دەخیلە! بێ مەیلیی و بێ وەفایی بەسە.

**بەرکـــــەنار کـــــزەی دەروون پـــــەڕداخان**
**پـــــەی تـــۆ تەســـدێعەن ســـەردیی ئێڵاخـــان**

بەرکەنار: سەرفەنەزەر لە سۆزی دڵی عاشقانی دەروون پڕ لە داخی دووریت. واتە: ئەگەر بەزەییت بە عاشقی دەروون سووتاویشتدا نایێت کە زوو بگەڕێیتەوە بۆ گەرمیان، هیچ نەبێ لەبەر ساردی هەوا لەوێدا مەمێنەوە چونکە...

پەی تۆ تەسدێعەن: بۆ تۆ زەحمەتە ساردی هەوای کوێستانان.

ئێڵاخ: لەیلاخ، کوێستان. ((ان)) نیشانەی کۆمەڵە.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر بەزەییت بە حاڵی عاشقانی دەروون پڕ لە زەردیشتدا نایێ کە زووتر بگەڕێیتەوە بۆ گەرمیان، بۆ تۆ زەحمەتە ساردی هەوای کوێستانان.

**جـــە قـــەتارەی خێـــڵ دیـــدە ســـیاوان–**
**بـــاقی هـــەواران گـــەرمیان ئـــاوان–**
**گەرمەســـێر دڵ ((مەعـــدوومی)) نـــەبۆ**
**وارگـــەش خاڵییـــەن، دیـــدەم! دوور جـــە تـــۆ**

(١) وشەگەلی: ئیستغنا و جەفا و جەور و بێ مەیلی و بێ وەفایی لە ئیستلاحی سۆفییاندا بە مانای وشەی ((جەلال))ە کە بۆ حاڵەتی بێ پەروایی ((مورشید)) یا ((مەبدەئی فەییان)) بەکار ئەبرێ. هەروەهاش وشەگەلی: وەفا و سەفا و مەیل بە مانای وشەی ((جەمال))ە کە بۆ حاڵەتی تەوەججوهی ((مورشید)) یا ((مەبدەئی فەییان)) بەکار ئەبرێ.

جە: لە.

قــەتارە: ریــز، ســەف. ریزبەســتن. کەوتنــە دوای یــەك لــە ڕۆیشــتندا. ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

خێــڵ: هــۆز، تایفــە، ئێــل، کۆمــار. ((خێــڵ)) بــە چــەن خێزانێــك ئــەوترێ کــە پەیوەندیی خزمایەتییان پێکەوە هەبێ و لــە گــەرمیان و کوێــستان کردنــدا پێکــەوە بــژین و لــە یــەك جێگــادا کــۆ ببنــەوە. هــەر خێڵێــك لــە گــەرمیان و کوێــستانەکاندا جێگاییێکی تایبەتییان هەیە کە هەموو ساڵێك لــە هاوینــان و زســتاناندا لــەو جێگایــە دائەبەزن و خەریکی ئاژاڵداریی ئەبن. ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

دیدە سیاوان: چاو ڕەشــان. مەعشــووقگەلی چــاوڕەش. ســیفەتی مورەککــەبی کۆمەڵە.

باقی هەواران: هەوارەکانی تری گەرمیان... موسنەد ئیلەیهە.

ئــاوان: ئــاوەدانن. ((ئــاوا)) موســنەدە. ((ن)) رابــیتی زەمــانی حاڵــە. نیــوە هۆنراوەی پێشوو قەیــدی موتــەممیمــە[1] بــۆ موســنەد و لەبــەر زەروورەتــی شــیعریی کەوتووەتە پێش موسنەد ئیلەیهەوە[2]. لە ئەسڵدا بەم چەشنەیە: هەوارەکانی تر لە قــەتارەی خێڵــی چــاو ڕەشــان، ئاوەدانــە. واتــە هــەموو هــەوارەکانی گــەرمیان لــە خێڵەکان ئاوەدان بوونەتەوە.

گەرمەسێر دڵ: گەرمیانی دڵ. ئیزافەیێکی بەیانیی ئیستعارییە.

مەعــدوومیی: نازنــاو و تەخەللوســی شــیعری مەولەوییــە. لــە بــڕێ شــوێندا ((مەعدووم))یش بەکار براوە.

نەبۆ: نەبێ. قەیدی ئیستسنای مەنفییە، واتە: تەنیا گەرمەسێری دڵی مــن لــەو گەرمەسێرانە نییە کە هەوارگەی ئاوەدان بێ.

---

(١) مەبەست لە ئیســتلاحی ((قەیــدی موتــەممیم)) موتەممیمێکــە بــە پــیتی ئیزافــە بــە فیعلــی جوملــەوە پەیوەندی هەبێ، بەو جۆرە قەیدە موتەممیمی غەیرە موستەقیمیش ئەوترێ.

(٢) قەیدی موتەممیم یا موتەممیمی غەیرە موستەقیم زۆرتر پێش لە فیعلی جوملەوە ئەهێنرێ.

وارگه: هەوارگه. ((ش)) زەمیری موزاف ئیلەیهە.

خالی یەن: خالّییه، چۆڵه.

ئـازیز! بـه قاعیـدەی بـەدیع سـەنعەتی ((حەشـو))ە. مەبەسـت لـه ((ئـازیز)) ئەگونجێ ((شێخ سەراجەدین))ی مورشیدی یا ((شێخ بەهائـەدین))ی کوڕی شێخ سەراجەدین بێ[1]. ئەوەش به قەرینەی ئەو ئیستلاحاته عیرفانییانه که لـه هۆنراوه دواییەکانی ئەم پارچەیەدا بەکاریان ئەبا.

دوور جه تۆ: دوور لـه تـۆ. رسـتەیێکی دۆعاییـه لـه کاتێکا بـەکار ئـەبرێ کـه کەسێ له بارەی تووشبوونی ئازار و بەڵاییێکەوه بدوێ و حـەز نـەکا خۆشەویسـتێکی تووشی ئەو ئازار و بەڵایه ببێ.

**پوختەی مانا:**

خێڵی نـازاره چاوڕەشـەکان دەسـته دەسـته لـه کوێسـتانەوه بـەرەو گـەرمیان کەوتوونەته رێ و هـەموو هـەوارەکانی گـەرمیانیان ئـاوەدان کردووەتـەوه و عاشـقه دڵسـووتاوەکانیان بـه دیـداریان شـادبوونەتەوه، ئازیزەکـەم! تـەنیا هەوارگـەی گەرمیانی دڵی ((مەعدوومی)) دوور له تۆ خاڵی ماوەتەوه.

**کۆچـێ کـەر وه خـەیر مـەنزڵ ئـەو مـەنزڵ**
**تـا قـەدیم وارگـەی گـەرمیان دڵ**

کۆچێ کەر: بارێ بکـه. کـردەوەی مورەککەبـه لـه ریشـەی ((کـۆچ کـەردەی)) (بـارکردن). ((ێ)) لـه دوای وشـەی ((کـۆچ))ەوه، نیشـانەی نەکارەتـه و مانـای گرنگایەتیی ئەگەیێنێ.

وه خـەیر: بـه خـەیر و موبـارەکیی. قەیـدی مورەککـەبی دۆعاییـه. واتـه: کۆچکردنەکەت به خەیر و سلامەت بێ.

---

(1) مەولەوی پاش فـەوتی شێخ سـەراجەدین بـه شێخ بەهائـەدینی کوڕی گەورەی شێخ سـەراجەدین تەمەسسوکی کردووه.

ئەو: بە. پیتی ئیزافەیە.

قەدیم وارگە: هەواری قەدیم، هەواری جاران، کۆنە هەوار. ناوی مورەککەبە. لەو نیوە هۆنراوەیەدا دوو ئیزافەی ئیستعاری بەکار براوە.

**پوختەی مانا:**

کە وابوو تۆش بەخەیر و سەلامەت کۆچ کە و لە کوێستانەوە مەنزڵ بە مەنزڵ بکەوە ڕێ تا ئەگەیتەوە هەوارگەی جارانی گەرمیانی دڵی من.

**نەیاوایی های ساقی! زۆر ئاوەرد**
**تەفاوەت نە بەین وەسف ((ئازین)) کەرد**
**نمەدۆ نە چەم تار دڵەی تەنگ**
**بێ وەفایی دۆس جەفا سەفا ڕەنگ**

نەیاوایی: نەگەیشتوویی، خامیی، کاڵیی. ناوی مەسدەری مەنفییە، مەبەست بە دەرەجەی کەمال نەگەیشتن لە عیشقدایە[1].

---

(١) سۆفییان لە ڕەوشت و مەسلەکی خۆیاندا چەند حاڵەتیان بۆ دێتە پێشەوە، ئەو حاڵەتانە لە چاوی سەرچاوەکانیانەوە دوو جۆرن: حالآتی نەفسانیی، حالآتی ڕۆحانیی. حالآتی یەکەم بریتین لە: کینە، حەسەد، تەماع، ڕق، خۆبەزلزانین، سامان دۆسی، پلە و پایە پەرستیی و وێنەکانیان. حالآتی دووەم بریتین لە: خۆشەویستیی، هاوکاریی، قەناعەت، خۆ بە بچووك زانین، گوێ نەدان بە ماڵ و سامانی دنیا و وێنەکانیان. سەرچاوەی حالآتی نەفسانیی ((مەعیدە))یە و سەرچاوەی حالآتی ڕۆحانیی ((لەتیفەی قەلب))ی ئینسانە. یەکێ لە حالآتی نەفسانیی لە ئیستلاحی سۆفییاندا پێی ئەوترێ حاڵەتی ((قەبز)) ئەوەش لە کاتێکدا بۆ سۆفی دەس ئەدا کە بە تەواوی حالآتی نەفسانی لەبیر نەچووبێتەوە و مەحوی حالآتی ڕەوانیی نەبووبێ، لەم کاتەدا کە خۆی لە حالآتی حەیوانیدا ئەبینێ، لە خۆی خەجاڵەت ئەکێشێ و خۆی بە مەوجوودێکی پەست و بێ بایەخ ئەزانێ، وەها کە مەولەوی ئیشارە بەو حاڵەتە ئەکا و ئەڵێ: ((نەیاوایی های ساقی! زۆر ئاوەرد)) واتە: حالآتی نەفسانی زۆری بۆم هێناوە... هەروەهاش یەکێ لە حالآتی ڕۆحانی سۆفییان پێی ئەوترێ حاڵەتی ((بەست)): سۆفی لەم حاڵەتەدا حالآتی نەفسانیی بە تەواوی فەرامۆش ئەکا و ئەکەوێتە عالەمی بێ قەید و بەندی ڕۆحانییەوە، وەها کە مەولەوی ئارەزووی ئەو حاڵەتە ئەکا و لە ((ساقی)) ئەپاڕێتەوە کە بە شەرابی نووری یەزدانیی دەروونی لە ڕەزاییلی ئەو

های ساقیی! : ئەی مەیگێڕ: مەبەست مەبدەئی فەییازە، واتە: ئەو هێزە یەزدانییەیە کە ئینسان لە ڕەزاییل ئەپارێزێ.

زۆر ئاوەرد: زۆری هێنا. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((زۆر ئاوەردەی)) (زۆرهێنان، بەهێزبوون)، واتە: حاڵەتی نەفسانیم زۆری بۆم هێناوە.

تەفاوەت نە بەین وەسف ئازیز کەرد: فەرقی خست لە نێوان سیفاتی ئازیزدا. واتە: خامیی من لە عیشقدا بووەتە هۆی ئەوە کە فەرق بخەم لە نێوان میهرەبانیی و بێ میهریی ئازیزدا، بەڵام ئەگەر لە عیشقدا گەیشتوویم و فەنام بووبێ.

نمەدۆ نە چەم تار دڵەی تەنگ: نابێ لە دڵی پەرێشانم...

بێ وەفایی دۆس جەفا سەفا ڕەنگ: بێ وەفایی دۆستێ کە جەفا و سەفای ئەبێ وەك یەك بێ واتە: ئەگەر عاشقێکی حەقیقی ئازیز بم نابێ تەسەووری بێ وەفایی لێوە بکەم بەڵکە بێ وەفاییشی بەلامەوە ئەبێ وەك وەفاداریی بێ. تەرکیبی ((بێ وەفایی دۆس)) فاعیلە بۆ کردەوەی ((نمەدۆا)) (نادا) لە نیوە هۆنراوەی پێشوودا. تەرکیبی ((جەفا سەفا ڕەنگ)) (جەفا وەك سەفا) سیفەتی مورەککەبە بۆ ((دۆس)).

بۆ وردکردنەوەی مانای ئەم هۆنراوەیە پێویستە بزانین کە لە کوردیدا بۆ تەسەوورکردن یا تەسەوور نەکردنی شتێ یا بە مەحاڵزانینی ڕوودان یا ڕوونەدانی ڕووداوەییێك، ئیستلاحی ((ئەو دڵ دای)) (لە دڵ دان) بۆ موسبەت، ((ئەو دڵ نەدای)) (لە دڵ نەدان) بۆ مەنفیی بەکار ئەبرێ وەها کە ئەوترێ: نادا لە دڵم فلانە کەس ئەو کارە بکات، یا ئەدا لە دڵم فلانە کەس ئەو کارە بکات، واتە: تەسەوور ئەکەم... یا تەسەوور ناکەم... مەولەوی ئەو ئیستلاحەی بە تەشبیهاتێکی جوان ڕازاندووەتەوە و لەم هۆنراوەیەدا بەم چەشنە بەکاری بردووە کە دڵی تەشبیە کردووە بە ((تار)) کە سازگەلی مۆسیقا و مەرکەزی دڵیشی کە لە ئیستلاحی

---

حاڵەتە نەفسانیی و حەیوانییە خاوێن کا و بیخاتە ناو ئەو حاڵەتە ڕۆحانییەوە و مەحوی عیشقی یەزدانیی بێ تا بێ میهریی و بێ وەفاییشی بەلاوە هەروەك وەفاداریی و میهرەبانی بێ.

سۆفییاندا پێی ئەوترێ ((لەتیفەی قەلب)) تەشبیه کردوە بە چاوگەی تار کە ئەو جێگایەیە لە کاتی لێداندا ((میزراب))ی لێئەدرێ و تەلەکانی تار ئەهێنێتە دەنگ، وە مانای ((بێ وەفایی دۆس))یش کە تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووسە، تەشبیه کردووە بە ((میزراب)) ئینجا لەو تەشبیهە جوانە ئەم مانایە دێتە دەس: بێ وەفایی دۆس نادا لە چاوگەی تاری دڵی خەمباری عیشق، واتە: تەسەووری بێ وەفایی لێوە ناکرێ.

**پوختەی مانا:**

ساقیی! کاتی ئەوەیە کە فریام کەوی چونکە خامیی و نەگەیشتوویی لە عیشقدا ناسینی ئازیزی لێ گۆڕیوم و بێ وەفایی لێ نیسبەت ئەدەم، ئەگینا عاشقی گەیشتوو و فانیی لە عیشقی مەعشووقدا هەرگیز تەسەووری بێ وەفایی لە مەعشووقی خۆیەوە ناکا و جەور و جەفاشی بە لایەوە هەروەك سەفا و مەحەببەت ئەنوێنێ.

**چون تەمام نەی تەم غەفڵەتەنان گوم**
**ساقیی نەك وە جام، های وە خوم وە خوم**
**تا یەکسەر مایەی خامیم بسانۆ**
**چون جەماڵ جەلال جە لام بنمانۆ**

چون: ئامرزای عیللەتە، واتە: لەبەر ئەوە.

تەمام: بە تەواویی.

نەی تەم غەفڵەتەنان گوم: لە تەم و دووکەڵی غەفڵەتدا گومم. ((غەفڵەت)) لە ئیستلاحی سووفییاندا یەکێکە لە حاڵاتی نەفسانی کە لە ئەسەری زۆرگرتنی هێزی حەیوانییەوە بۆ ئینسان دەس ئەدا و جەنبەی ڕۆحانیی دائەپۆشێ و لە یادی یەزدان یا مورشید دووری ئەخاتەوە.

ساقیی!: بۆ گەیاندنی مانای تەئکید دووبارە کراوەتەوە.

نەك: ئەداتی نەهیە. تـەركیبی: ((نـەك وە جـام)) كـورتكراوەی جوملـەی ((بـە جام شەرابم پێ نەدەی))یە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

جام: پیاڵە، لێوان، پەرداخ. مەبەست ئەو زەرفـە بچووكەیە كـە شـەرابی تێدا ئەخورێتەوە.

های: ئامرازی بانگكردن و هاواركردنە. لێرەدا مانای پاڕانەوە ئەگەیێنێ.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

خوم: كووپە. ئەو زەرفە گـەورە گڵێنەیـە كـە شـەرابی تێدا درووست ئـەكرێ. ((هومە))شی پێ ئەوترێ، دووبارەكردنەوەی ((خوم)) لە هۆنراوەكەدا بۆ گەیانـدنی مانای تەئكیدە، تەركیبی ((وە خوم وە خوم)) كـورتكراوەی جوملـەی ((بـە كووپـە شەرابم پـێ بدە))یـە. نیـوە هـۆنراوەی یەكـەمی ئـەم هۆنراوەیـە عیللەتـە بۆ نیـوە هۆنراوەی دووەم، واتە: لەبەر ئەوە رەزاییلی نەفسانیی بە تەواوی زۆری بۆم هێناوە و ناسـینی ئـازیزی لـێم گۆڕیـوە، پیاڵـەی شـەراب لـەو ڕەزاییلـە خـاوێنم ناكاتـەوە، دەخیلە بە كووپە شەرابم پێ بدە.

تا: پیتی ئیزافەیە و مانای غایەت ئەگەیێنێ.

یەكسەر: بە تەواویی، یەكجاریی. قەیدی كەیفییەتە.

مایە: ماددە، هۆ، عیللەت. ئەو شتە كـە ئەبێتـە هـۆی بـەدیهاتنی شتێكی تـر. ((ی)) نیشـانەی ئیزافەیـە. مەبەسـت جەنبـەی حەیوانییـە كـە ئەبێتـە مەنشـەئی رەزاییلی نەفسانیی واتە: تا ئەو شەرابە مەنشەئی ئەو رەزاییلـی نەفسـانییەم لـەناو ببا و بمگەیێنێتە كەماڵاتی رۆحانیی.

خامیی: كاڵیی، نەگەیشتوویی. مەبەست ئەو نەگەیشتووییەیە كە لە هـۆنراوەی ژمارە — دا هێنراوە. ((م)) زەمیری موزاف ئیلەیهە.

بسـانۆ: بسـێنێ، لـێ وەرگـرێ، لـەناو ببـا. كـردەوەی ئیلتزامییـە لـە ریشـەی ((سانای)) (سەندن، وەرگرتن، لابردن).

چون: ئامرازی تەشبیهە.

جەماڵ: جوانیی. ئەم وشەیە لە زاراوەی سۆفییاندا بۆ حاڵەتی میهرەبانیی و لێپرسینەوەی پیر بەکار ئەبرێ.

جەلال: گەورەیی. ئەم وشەیە لە زاراوەی سۆفییاندا بۆ حاڵەتی بێ میهریی و بێ موبالاتیی پیر بەکار ئەبرێ.

جە لام: بە لامەوە، لە لامەوە. ((جە)) پیتی ئیزافەیە، ((لا)) ناوی مەکانە، ((م)) زەمیرە. ئەو تەرکیبە ئەبێتە پیتی ئیزافەی مورەککەب.

بنمانۆ: بنوێنێ. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((نمانای)) (نواندن). واتە: حاڵەتی بێ میهریی و بێ وەفایی ئازیز بە لامەوە، هەر وەك حاڵەتی میهرەبانیی و وەفاداریی بێ.

**پوختەی مانا:**

جا لەبەر ئەوەی لە تەم و مژی غەفڵەتا گوم بوووم، ساقی فریام کەوە، نە بە پیاڵە بەڵکە بە خوم کووپە تا یەکجار هۆی خامیی و نەگەیشتوویم لەناو با و، حاڵەتی جەلالی ئازیزم بە لاوە هەر وەك حاڵەتی جەماڵی بنوێنێ.

# پارچەی یازدەهەم

دەرد وە بـــــان دەرد زامـــــان کـــــاری
گـرد جـە لام جـەم بـێ یـە تەشـریف بـاری

دەرد: ئێش، ژان. ئەم وشەیە بە مانای خەفەت و پەژارەش بەکار ئەبرێ.

وە: لە. پیتی ئیزافەیە.

بان: سەر. ناوی مەکانە. پیتی ((ی))ی نیشانەی ئیزافـە لـە دوایـەوە ژێرێکـی کورتە. ((دەرد وە بان دەرد)) واتە: ئێش لەسەر ئێش.

زامـان کـاری: بریـنـانی سـەخت. تـەرکیبێکی تەوسـیفییە. ((کـاری)) سـیفەتی موبالەغەیە چونکە موسەوویتی ((ی /آ/)) لە دوای نـاوی مانـاوە نیشـانەی سـیفەتی فاعیلییە وەك: جەنگی، زۆرتر بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە بەکار ئەبرێ.

گرد: گشت، هەموو.

جە لا: لە لا. پیتی ئیزافەیە.

جەم بێ: کـۆ بووبـووەوە. کـردەوەی مـازیی بەعیـدە لـە ریشـەی مورەککـەبی ((جەم بیەی)) (کۆبوون، کۆبوونەوە).

یە: ئەمە. ناوی ئیشارەی نزیکە. پیتی ئیزافەی ((پەی)) (بۆ) – حەزف کراوە، واتە: بۆ ئەمە.

تەشـریف بـاری: تەشـریف بـێنێ. ((بـاری)) سـووککراوەی ((باوەری))یـە لـە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هێنان).

دەم بە دەم لەو زانایانە کە ئاگایان لە چۆنیەتی ژیانی مەولەوی بووە بیستوومە کە ئەم پارچەیەی بۆ شێخ عەزیزی ((جانەوەرە))یی نووسیوە[1] کە بڕیار وابووە بچێ بۆ لای مەولەوی، بەڵام شێخ عەزیز نەخۆش کەوتووە و نەیتوانیوە بچێ. ئەنجا نامەیێکی بۆ مەولەوی نووسیوە کە دۆعاییێکی چاوەزاری بۆ بنێرێ ئەویش لەگەڵ دۆعاکەدا ئەم پارچە هۆنراوەیەی بۆ ئەنووسێ.

مەزموونی ئەم هۆنراوەیە، ئەوە دەرئەخا کە چاوەڕوانی و دەسخەڕەیی پیاو ئەخاتە گێژاوی دەرد و رەنجی ئیزتراب و پەرۆشییەوە، وەها کە باپیرانمان وتوویانە: ((دەسی پیاو ببڕە و دەسخەڕەی مەکە)).

**پوختەی مانا:**

هەر ساتێ کە لە چاوەڕوانی هاتنت تێ ئەپەڕی و نەدەهاتی، برینێکی سەختی لە دەروونم ئەکرد و ئێشێکی تری لەسەر ئێشی برینەکانی ترم زیاد ئەکرد، ئێشەکانی ئەو برینانە هەموویان بە لامەوە کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوە تەشریف بێنی.

**ئای! یە چێشت کەرد تەشریفت ناوەرد؟**
**دەردت دا وە دەرد، مەینەت زیاد کەرد**

ئای: ئاخ، ئاه. ناوی دەنگە لە کاتی هەستکردنی ئێشێکی جیسمی یا رەوانیدا بەکار ئەبرێ.

یە: ئەمە.

چێشت کەرد؟: چیت کرد؟

---

(١) مامۆستا مەلا کەریم لە لاپەڕە ٢٣١ ی دیوانی مەولەویدا نووسیویە: "مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ ئامینە خان ناوێك نووسیوە کە یەکێك بووە لە کچە بەگزادەکانی جاف. وە بە هۆی شیرخواردنەوە مەحرەم بووە بە مەولەوی".

تەشریفت ناوەرد: تەشریفت نەهێنا. ((ناوەرد)) لە ئەسڵدا ((نەئاوەرد)) (نەهێنا) بووە موسەوویتی ((ە /a/)) لەگەڵ تیپی ((هەمزە))دا بۆ سووکی فڕە دراوە بووە بە ((ناوەرد)).

دەردت دا وە دەرد: واتە: ئێشی چاوەڕوانیت بە ئێشی مەئیووسی هێنایە ئێش. ئەمەش یەکێ تر لە هونەرنماییە بێ وێنای مەولەوییە کە بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە پەژاری نەهاتنی ((ئازیز)) ئیستعارەیێکی جوانی لە مەزموونی ئەو تەرکیبە دوروست کردووە بەم چەشنە کە ئێشی چاوەڕوانی بە ئینسانێك چواندووە کە بە پەژارەی ناهومێدی تووشی رەنج و ئازار ببێ.

مەینەت زیاد کەرد: نەهاتنەکەت خەم و خەفەتی زۆر کرد. دیارە ئێش دان بە ئێشێکی تری کەسێ، ئەبێتە هۆی زۆرایەتی خەم و پەژارەی ئەو کەسە.

**پوختەی مانا:**

ئای! ئەمە چیت کرد تەشریفت نەهێنا، دەرد و رەنجی برینەکانی چاوەڕوانیمت بە دەرد و رەنجی یەئس و ناهومێدی نەهاتنت کاریتر کرد و بوو بە هۆی زۆربوونی خەم و پەژارەم؟

**ئیسەیچە دیدەم! چەم ها وە راوە**

**هالای دلۆەشم بەو تەمەنناوە.**

ئیسەیچە: ئێستاش، ئێستاکەش.

دیدەم: چاوم! ئەی کەسێ کە چاوی منی!

چەم ها وە ڕاوە: چاو ها بە ڕێوە.

هالای: هێشتا. ((هێما))ش ئەوترێ.

دلۆەشم: دڵخۆشم.

بەو تەمەنناوە: بەو هیوا و ئاواتەوە.

لە مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە مەولەوی لەگەڵ ئەو دەرد و رەنجە سەختەشدا کە لە چاوەڕوانی هاتنی((ئازیز))ی تووشی بووە، بە ئاواتی چاوپێکەوتنی کە پێش لەوە کە وەعدەی هاتنیشی بداتێ، هەر دڵخۆش بووە و ئومێدی دیداری ئازیزی لە دڵدا هەبووە چونکە عاشق هەزار جۆرە دەرد و بەڵاشی تووش ببێ، هومێدی گەیشتن بە مەعشووق لە دڵی دەرناچێ.

**پوختەی مانا:**

ئەی رووناکی چاوم! ئێستاش هەر چاوم بەڕێوەیە بۆ هاتنت و هێشتا بەو ئاوات و ئارەزووەوە دڵخۆشم.

**ئـــەمرت موتاعـــەن ((ئەتـــەعنا)) وەنـــدم**

**دۆعـــای چـــەمەزەخم جـــە پـــیران ســـەندم**

ئەمرت: فەرمانت. مەرجیعی زەمیری موخاتەب، ئەو کەسەیە کە پەیامی بۆ مەولەوی ناردووە یا نامەی بۆ نووسیوە کە چاوەڕوانی چوونی نەکات.

موتاعەن: رەوایە. واتە: فەرمانی تۆ سەرپێچیی لێ ناکرێ.

ئەتەعنا: فەرمانمان برد، ملمان دا بە فەرمانی ئێوە. ئەو وشەیە ئەگونجێ ئیقتیباس بێ لە ئایەی ٣٨٥ی سوورەی بەقەرە.

وەندم: خوێندم. کردەوەی مازییە لە ریشەی ((وەندەن)) یا ((وەندەی)) (خوێندن). ((وەنەی، وانای))ش ئەوترێ. واتە: جێبەجێکردنی فەرمانی تۆم بە لاوە، وەك جێبەجێکردنی فەرمانی خودایە. دیارە ئەوەش بۆ عاشقێکی عارفی وەك مەولەوی نابێتە عەیب و نەقس چونکە ئەمسالی مەولەوی هەر جۆرە جوانیییێك بە جیلوەیێ لە جوانیی یەزدان ئەزانن. جگە لەوەش ئیقتیباس لە سەبك و مەزموونی قورئانی بۆ ئودەبا و عورەفا کارێکی دوروست و بەجێیە.

دۆعای چەمەزەخم: دۆعای چاوەزار. ((چاوەزار)) بە نووسراوەیێکی ئایینی ئەوترێ کە بە پارچەیێك بەرگی ئەگیررێ و بۆ بەرگری لە شوێنی زیانەدەری

((چاولێدان)) بە دەزووێك ئەخرێتە گەردن یا ئەبەسرێ بە قۆڵەوە یا ئەدووریٚ بە کڵاوەوە.

ئەگەر ئەو نووسراوە بۆ بەرگری لە هەموو جۆرە بەڵا و ئازارێك بیٚ یا بۆ جەلبی مەنافیع بیٚ، ((دۆعا)) و ((نووشتوو))ی پیٚ ئەوتریٚ.

جە: لە. تیپی ئیزافەیە.

پیران: پیاوچاکان. ((پیر)) لێرەدا مەبەست کەسێکە کە ریٚ و رەوشتی خوداناسیی گرتووبێتە پێش و لەو رەوشتەدا گەیشتووبێتە پلە و پایەی مامۆستایی و رێبەری.

لێرەدا ئەگونجیٚ کە داوای نووشتووی چاوەزار لە خودی مەولەوی کرابیٚ کە خۆی بینووسیٚ، بەڵام بۆ گەیاندنی مانای (شکستە نەفسی) خۆ بە بچووك دانان، ناوی ((پیران))ی هێناوە.

سەندم: وەرمگرت. کردەوەی مازییە لە ریشەی ((سەندن)) (وەرگرتن). لە وتووێژدا ((ئەسەی، سانای)) بەکار ئەبریٚ. کردەوەی مازییان ئەبیٚ بە: ئەسەم، سانام (سەندم).

**پوختەی مانا:**

فەرمانت رەوایە و ((ئەتەعنا))م خوێند، نووشتووی چاوەزارم لە پیران وەرگرت و —

**تەعویز بەند ریشەی دڵەی سەد پارەم**
**بەرگش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم**
**حافز بۆ وە عیشق مەستان ((یاهو))**
**بپێچەش نەدەور باهووی بیٚ ئاهوو**

تەعویز بەند: ئەو دەزووە یا ئەو قەیتانەیە کە ئەخریٚ لە دۆعا بۆ خستنە گەردن یا بۆ بەستن بە قۆڵەوە.

دڵـە: دڵـی بچـووك. موسـەوویتی ((ە /a/)) لـە دوایـەوە نیشـانەی تەسـغیری تەحقیرییە.

سەد پارە: سەد تیکە، سەد پارچە. واتە: دڵی لەتلەت کراو بە دەرد و پـەژاری دووریی.

بەرگش پەڕەی جـەرگ وە دەرد ئـاوارەم: بـەرگی پـەڕەی جـەرگم. بـە دەرد و ڕەنج دەربەدەر کراو و لاکەوتووم. واتە: ئەو جەرگە کە بـە ئـێش و ئـازاری دڵداریی کـەڵکی نـەماوە و کەتووەتـە لاوە. نیسـبەدانی ((ئـاوارەبوون)) لـە ((جـەرگ)) نیسبەتێکی مەجازییە چونکە ئاوارەبوون بۆ ئینسان بەکار ئەبرێ نەك بـۆ یـەکێ لـە ئەندامانی پەیکەری ئینسـان. دیـارە ئـەم سـەنعەتە ئەدەبییـە بـۆ گەیانـدنی مانـای موبالەغە لە هۆنراوەکانی مەولەویدا، بـە زۆرایـەتی پێشـچاو ئەکـەوێ. لەبـەر ئـەوە ((جەرگ)) و ((دڵ)) دوو ئەندامی گرنگی دەروونی ئینسانن، شوعەرا بـۆ نیشـاندانی کـاریبوونی دەرد و ئـازاری دەرونـی، زۆرتـر تەئەسسـوراتی ڕەوانیـی خۆیـان لـەوان نیسبەت ئەدەن وەها کە ئەوترێ: ((دڵی بریندار، جەرگی لەت لـەت...)). مەولـەوی لەم هۆنراوەیـەدا بـۆ دەربڕینی خۆشەویسـتی لـە ئەنـدازە بـەدەری خـۆی، بـەرگ و بەندی ئەو نووشتەیە لە پـەڕەی جـەرگ و ریشـەی دڵـی خـۆی دوروسـت ئـەکا و بـۆ ئازیزی ئـەینێرێ، دیـارە ئەمـەش یـەکێ تـرە لـە شـیرینکارییە ئەدەبییـەکانی. لـەم هۆنراوەیـەدا واحـدی سـەوتی ((ەن /an-/)) = ((ە /a-/)) کـە کـردەوەی ڕابـیتی زەمانی حاڵە لە دوای هەردوو نیوە هۆنراوەکانەوە حەزف کراوە کە لە ئەسـڵدا بـەم چەشنە بووە: ... سەد پارە مەن، ... ئـاوارە مـەن (سـەد پـارەم ...، ئـاوارەم...) بـەکاربردنی نـاوی ژمـارەی ((سـەد)) لـەم جـۆرە شـوێنانەدا بـۆ گەیانـدنی مانـای موبالەغە و تەئکیدە.

حافز بۆ وە عیشق مەستان ((یاهوو)): جوملەیێکی دۆعاییە، واتە: بە عیشـقی ئـەو کەسـانەوە هەمیشـە سەرخۆشـی زیکـری ((یـاهوو))ن ئـەم نووشـتووەیە کـە پیاوچاکان نووسیویانە و بە پەڕەی جەرگم بەرگیم گرتووە و، ریشەی دڵم کردووەتە تەعویز بەندی، لە هەموو دەرد و بەلاییێکی چاوی بەد، بتپارێزێ.

حافز بۆ: پارێزەر بێ. جوملەیێکی موعتەرەزەی دۆعایییە. واتە: لە خودا داوا ئەکەم ئەو نووشتووە کە بەو چەشنە ئامادەم کردووە و بۆم ناردووی لە هەموو بەڵایێ بتپارێزێ.

وە عیشق مەستان ((یاهوو)): بە عیشقی ئەو کەسانەوە کە هەمیشە سەرخۆشی زیکری ((یاهوو))ن. ((یاهوو)) تەرکیبێکی نیدایی عەرەبییە کە عورەفا بۆ پاڕانەوە لە خودا بەکاری ئەبەن. تەرکیبی ((وە عیشق مەستان یاهوو)) پەیوەندی بە جوملەی ((بپێچەش))ەوە هەیە کە لە دوایەوە دێ.

بپێچەش: بی پێچە.

نە دەور: لە دەور.

بازووی بێ ئاهوو: قۆڵی بێ عەیب. ((ئاهوو)) لێرەدا بە مانای عەیب و نەقسە. ((بێ ئاهوو)) سیفەتی مورەککەبی مەنفییە واتە: جوان و لەتیف.

**پوختەی مانا:**

– بە پەردەی جەرگی بە دەردی دووریی لەکارکەوتووم بەرگم گرت و ریشەی دڵی بە تیری عیشق لەت لەت کراوم کرد بە بەندی و ناردم بۆت، بە عیشقی ئەو کەسانەوە کە سەرخۆشی یادی یەزدانین بی پێچە بە دەوری قۆڵی جوان و لەتیفتدا، هیوایە لە ئازاری چاوی بەد بتپارێزێ.

**ئینە عادەتێن وە زاهیر ئامان**
**وەرنە هەی سەرخیڵ نازک ئەندامان!**

ئینە: ئەمە.

عادەتێن: عادەتێکە. خوو و رەوشتێکە. ((عادەتیۆەن))یش ئەوترێ. دوو پاشگری ((یۆ)) وە ((یۆ))

وە زاهیر ئامان: لە ڕواڵەتدا هاتووەتە خوارەوە. ((ئامان)) (هاتووە). واتە: دۆعای چاوەزار بۆ تۆ ناردن کە چاوی بەد لێت کاریی نەبێ، ڕەسم و یاسایێکی ئاسایی و ڕواڵەتییە چونکە –

وەرنە: سووککراوی: ((وەئەگەرنە))یە. واتە: ئەگەر ئەم ڕەسم و یاسا ڕواڵەتییە نەگرینە پێشچاو و لە حەقیقەت بڕوانین –

هەی سەرخێڵ نازك ئەندامان! : ئەی سەردەستەی نازك بەدەنان!

مەولەوی مەزموونی ئەم هۆنراوەیەی کردووەتە پێشەك بۆ مەزموونێکی وردی ئەدەبیی کە بە بیری کەمتر کەسێکا هاتووە، ئەو مەزموونەش کە لەمەولا دێ، ئەوەیە کە بە خۆشەویستەکەی ئەڵێ: لەتافەت و نەزاکەتی وجوودی تۆ گەیشتووەتە رادەیێك کە لە ئاوێنە لەتیفترە، حەسوود ئەگەر بڕوانێ بۆت، خۆی لە تۆدا ئەبینێ، کە وابوو چۆن چاوی بە تۆ ئازار ئەگەیێنێ؟!

**پوختەی مانا:**

ئەمە ڕەسم و یاسایێکی ڕواڵەتی و ئاساییە کە من نووشتووی چاوەزار بۆ تۆ ئەنێرم، ئەگینا ئەی سەردەستەی بەدەن لەتیفان!

**تۆ یەنـد ناسـکیت جـە حـەد وییـەردەن**
**بینـایی خـەیاڵ ڕاگـەش گـم کـەردەن**

یەند: ئەوەندە.

جە حەد وییەردەن: لە ئەندازە تێپەڕی کردووە. ((ویەردەن)): بووردووە، لە ریشەی: ویەردەی (بووردن).

بینایی خەیاڵ: ئیزافەیێکی ئیستعارییە.

ڕاگەش گم کەردەن: ڕێی گوم کردووە. واتە: ئەوەند ناسك و لەتیفی، تەنانەت بینشی چاوی خەیاڵیش وجوودی تۆی لێ گوم بووە و ناتبینێت، ئیتر چاوی ئینسان چۆن ئەتوانێ بتبینێ؟

**پوختەی مانا:**

ناسکی و لەتیفی تۆ ئەوەندە لە رادە و ئەندازە تێپەڕی کردووە تەنانەت چاوی خەیاڵ سەری لێ شێواوە و ناتوانێ دەرکت بکا و بتدۆزێتەوە.

**سـەفات خەجاڵـەت دان وە جـام جـەم[1]**

**دیـدەی بـەد مـەر عـەکس وێـش وینـۆ بـە چـەم**

سەفات: سافی و پاکیت.

خەجاڵـەت دان: شـەرمەندەیی داوە. کـردەوەی مورەککەبـە لـە ریشـەی: خەجاڵەت دای (خەجاڵەتدان).

وە: بە. تیپی ئیزافەیە.

جام جەم: جامی جەم، جامی جیهان نمای جەمشید[1].

دیـدەی بـەد: چـاوی بـەد. سـیفەتی ((بـەد)) لـەم هۆنراوەیـە و لـە هـۆنراوەی دواییشـدا ئـەگونجێ جێنشـینی مـوزاف ئیلەیـە بـێ، واتـە: چـاوی ئینسـانی بـەد، ئەشگونجێ سیفە بێ بۆ ((دیدە)) واتە: چاوی خراپ. لە سوورەتی یەکـەما ئەبێتـە تەرکیبێکی ئیزافی، وە لە سوورەتی دووەمدا تەرکیبێکی تەوسیفییە.

مەر: مەگەر.

عەکس وێش: وێنەی خۆی.

وینۆ: ببینێ. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((ویناى)) (دیتن، بینین).

وە چەم: بە چاو.

**پوختەی مانا:**

لەتافەتی تۆ جامی جەمی شەرمەندە کردووە، چـاوی حەسـوود مەگـەر وێنـەی خۆی لە تۆدا ببینێ.

---

(١) لە پارچەی یەکەمدا مانای جامی جەم لێکدراوەتەوە.

**دیـــدەی بـــەد دەردش نادیـــاریی بـــۆ!**

**جـە کـۆ مـەوینۆت تـا لێـت کـاریی بـۆ؟**

دەردش: دەردی، ئێشی، نەخۆشیی، ئەو ئازارەی کە سزای رۆحی ئەدا.

نادیاریی بۆ: نادیـاریی بـێ، پـەنهانی بـێ. نادیـارییبوونی دەرد و رەنـج و ئـێش زۆرتر بۆ سزای رەوانیی بەکار ئەبرێ، نـە بـۆ سـزای جیسـمی. تـەرکیبی: ((دەردش نادیاری بۆ)) جوملەی دۆعاییە و واتە: دەردی خاوەنی چاوی بـەد نادیـاری بـێ یا دەردێ بگرێ دەرمـانی نـەبێ و نـەتوانێ ئـازارت پـێ بگـەیێنێ. ((نادیـاری)) نـاوی مەسدەرە و لەبەر زەروورەتی قافیە یا گەیاندنی مانای موبالەغە لە باتی ((نادیـار)) کە سیفەتە، بەکار براوە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

کۆ: کوێ. ناوی مەکانی موبهەمە و زۆرتر بۆ پرسیارکردن بەکار ئەبرێ.

مەوینۆت: ئەتبینێ. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((وینای)) (بینین).

تا: هەتا، هەتاکە، تا. تیپی رەبتە و مانای سەبەبییەت ئەگەیێنێ.

کاریی بۆ: کاریی بێ و ئازارت پێبگەیێنێ.

**پوختەی مانا:**

(کە وابوو) چـاوی بـەد یـاخودا دەردێ بگـرێ دەرمـانی نـەبێ، چـۆن ئـەتوانێ بتبینێ تا زیانت پێبگەیێنێ؟!

# پارچەی دوانزەهەم

**وەش ئامــای وە خــەیر، هــەی بەرگوزیــدە!**
**بــۆ نــە جــای مــەردم جاکــەر نــە دیــدە**

وەش ئامای: خۆش هاتی، تەرکیبێکە لە کاتی هاتنی مێواندا ئەوترێ.

وە خەیر: بە خەیر. واتە: پیت و بەرەکەتت هێنا.

هــەی بەرگوزیــدە: ئــەی هەڵبــژێراو. ســیفەتی مەفعوولییــە لــە ریشــەی (بەرگوزیدەن)ی فارسی.

بۆ: وەرە، بێ. لە ریشەی نامونەززەمی (ئامای)[1]

نە: لە . پیتی ئیزافەیە.

جا: جێگا، جـێگە. لـە وتووێـژدا (یـاگێ) ش ئـەوترێ. پیتـی (ی) لـە دوایـەوە نیشانەی ئیزافەیە.

مـەردم: وشـەیێکی فارسـییە. بـەڵام لـە فارسـییا بـە بـۆری (د) دەرئـەخرێ. (مەردومەك) یشی پـێ ئەڵێن و بە مانای (ئینسانولعەین)ی عەرەبییە.

لە کوردییا: کچـێنە، گلێنـە، بیبەیلـە ئـەوترێ. وشـەی (مـەردم) ئـەگونجێ بـە مانای خەڵك بێ کە لێـرەدا مەبەسـت بێگانەیـە. ئـەو کاتـە مانـای هۆنراوەکـە وەهـا ئەبێ: وەرە لە بەرانبەرمەوە دانیشە با لە باتی وێنەی بێگانـە، وێنـەی تـۆ بکەوێتـە نێو چاومەوە. ئینجا بینایی چاوم لە خۆشی دانیشـتنی تـۆ لـە جێگـای ئـەوا لەگـەڵ چاوم ئاشتیان ببێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی.

جاکـەر: جـێ بکـە. واتـە: جـێگیر بـە. لـە ریشـەی جاکـەردەی (جێکردنـەوە. جێگیربوون).

---

(١) بڕوانە: لاپەڕەی... پارچە (٨)

نه: له. پیتی ئیزافەی بەسیتە و بە مانای پیتی ئیزافەی مورەککەبی (لەناو)ە.

دید: مەبەست لەم وشەیە کە بۆ چاو بەکار ئەبرێ. گلێنەی چاوە. واتە ئەو خاڵە رەشە خرتەیە کە لە ناوەندی رەشایی چاودایە و رووناکی ئەدا بە گیانی مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر کە جیهانی دەرەوەی پێ ئەبینن.

مەزموونی رواڵەتی ئەم هۆنراوەیە وا ئەگەیێنێ کە مەولەوی میوانێکی خۆشەویستی هاتبێ و بۆ (خۆش هاتن) پێ وتنی ئەم پارچەیەی هۆنابێتەوە. بەڵام مەزموونی هۆنراوە دواییەکانی تری ئەم پارچەیە کە باسی لێوە ئەکەین، ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە لە حاڵەتێکی عیرفانیدا ئەم پارچەیەی هۆناوەتەوە.

**پوختەی مانا:**

خۆش هاتی و بەرەکەتت هێنا ئەی تەنیا خۆشەویستەکەم، وەرە لە جێگای گلێنەی چاوم لەناو چاومدا جێی خۆت بکەوە.

خەیلێن بینایی جە دیدەم رەمان
بەڵ سوڵحشان بۆ بینایی و چەمان

خەیلێن: زۆرە. رۆژگارێکی زۆرە.

بینایی: مەبەست هێزی بینینە. بینائی، یا بینایی ناوی مەسدەرە و وشەیێکی موشتەرەکی کوردی و فارسییە.

(بینین) کە مەسدەرە، وەك هەندێ مەسدەرەکانی تر بە مانای ناوی مەسدەریش بەکار ئەبرێ.

جە دیدەم: لە چاوم.

رەمان: رای کردووە، هەڵهاتووە، دەرچووە. کردەوەی مازیی نەقلییە لە ریشەی (رەمای) (هەڵهاتن). بەکاربردنی ئەو تەرکیبە ئەوە ئەگەیێنێ کە پەیکەری مەولەوی لەبەر دەرد و رەنجی دڵداریی ئەوەندە کز و لاواز بووە، بینایی چاو لێی بێزار بووە و لە چاوی هەڵهاتووە. دیارە ئەمەش سەنعەتێکی زۆر بەرزی ئەدەبییە.

بەڵ: بەڵکە، پیتی پەیوەندە و مانای هیوا و هومێد یا سەبەب و عیللەت ئەگەیێنێ.

سوڵحشان بۆ: ئاشتییان بێ. ئاشتیی بکەن. ئاشت ببنەوە.

کردەوەی مورەککەبی ئیلتیزامییە. لە ریشەی (سوڵح بیەی) (ئاشتیی بوون) کە بەمانای (ئاشتیی کردن) یا (ئاشتبوونەوە)یە.

بینایی و چەمان: بینین و چاوگەل.

واتە: ئەگەر تۆ لە جێگای بیبیلەی چاومدا دانیشی، هێزی بینین کە لەبەر بێزاریی لە چاوانم هەڵاتووە، ئەگەڕێتەوە بۆ ناو چاوانم و، ئیتر ئەو بێزاریی و نەفرەتەی نامێنێ و پێکەوە ئاشتیی ئەکەن.

تەرکیبی (بەڵ سوڵحشان بۆ بینایی‌و چەمان) یش سەنعەتێکی ئیستیعاری جوانی تێدا بەکار براوە.

**پوختەی مانا:**

چونکە ماوەیێکی زۆرە هێزی بینین لە چاوانم بێزار بووە و هەڵهاتووە، بەڵکە بە دانیشتنی تۆ لە جێگای گلێنەی چاوانمدا ئەو هێزە بگەڕێتەوە بۆ ناو چاوانم و پێکەوە ئاشتیی بکەن.

**ساقیی! تەرس دەرد دووریی جەمین گوڵ**
**وەسڵم جێ کەردەن وە ژار قاتڵ**

ساقی!: ئەی مەیگێڕ. مەبەست ئەو هێزە گەورە مەعنەوییەیە کە سەفا ئەدا بە دڵ و جەلا ئەبەخشێ بە رەوانی ئینسانی.

تەرس: ترس، خۆف.

دەرد: ئێش. واتە: ترسی تووشبوونی ئێشی دوورکەوتنەوەی.

جەمین گوڵ: سیفەتی مورەککەبە و مەوسووفەکەی بریتییە لە خۆشەویستەکەی کە هاتووە بۆ لای.

وەسڵم: کۆبوونەوەم لەگەڵ ئازیزدا.

جێ: لێ. پیتی ئیزافەیە و تایبەتی زەمیری موتتەسیلە. بۆ زەمیری مونفەسیلو ناو (جە)، (لە) بەکار ئەبرێ. کە وابوو تەرکیبی (وەسڵم جێ کەردەن) لە ئەسڵدا (وەسڵم جێم کەردەن)ە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە. مانای جەعلو تەسیر ئەگەیێنێ.

ژار قاتڵ: زەهری بکوژ. ژاری کوشندە. زەحری کوژەر. تەرکیبی تەوسیفییە.

مەولەوی وەك هەمیشە لەم پارچەیشدا پاش دەربڕینی خەم و پەژارەی ژیانی عالەمی جیسمانیی، دووبارە روو ئەکاتەوە عالەمی رەوانیی و لە مەیگێڕی مەیخانەی عیشقی حەقیقیی ئەپاڕێتەوە، بەو مەیە کە بریتییە لە جیلوەی جەمالی مەعشووقی راستەقینە، سەرخۆشی کا و دەرد و ژاری عالەمی جیسمانی لەبیر بباتەوە و، بیخاتە جیهانێکی بێ سەر و بنی کامەرانیی رەوانییەوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە رەنگە مەولەوی، وەها کە لە سەرەوە ئیشارەمان بۆ کرد، لە حاڵەتێکی عیرفانیدا، یادی مەعشووقی حەقیقیی سەری لێ دابێ و ئەم پارچەیەی هۆنابێتەوە و لەززەتی رەوانی لێ بردبێ. ئینجا لەو حاڵەدا لە ساقیی ئەپاڕێتەوە کە بە نەشئەی ئەو مەیە سەرخۆشی کا، تا عەلاقە و پەیوەندی بە عالەمی جیسمانییەوە نەمێنێ و لەو یادە خۆش و لەززەتبەخشە رەوانییە غافڵ نەبێ و بۆ هەمیشە مەحوی یادی جەماڵی مەعشووق بێ.

ئەگەر لە مانای وردی عیرفانی ئەم پارچە هۆنراوەیەشی چاوپۆشیی بکەین و تەنیا مانا رواڵەتییەکەی بگرینە پێشچاو، یەکێ تر لە شاکارەکانی مەولەویمان بۆ دەرئەکەوێ کە چۆن لە چوارچێوەی هۆنراوەیێکی سادە و رەواندا ئینفیعالاتی رەوانی عاشق لە حاڵی کۆبوونەوە لەگەڵ مەعشووقدا سەبارەت بە بیرکردنەوەی لە دەرد و پەژارەی جیابوونەوە لە مەعشووق، بە چەشنێکی مەلمووس و مەحسووس، نیشان ئەدا و ئەڵێ: (ساقیی تەرس دەرد دووریی جەمین گوڵ، وەسڵم جێ کەردەن وە ژار قاتڵ).

پوختەی مانا:

مەیگێڕ ترسی بیرکردنەوە لە دەرد و پەژارەی جیابوونەوە لە (ئازیز) لەززەت و خۆشیی ئەم کۆبوونەوەی لیٚ کردووم بە ژاری قاتلٚ؛ چونکە:

هەر کاتێت زانا فەلەك کەلەك بەست

دامنەکەی وەسلم وەرداوە جە دەست

هەر کاتێت زانا: هەر ئەوەندەت زانی. قەیدی مورەککەبە و مانای فوجائەت و ناگەهانی ئەدا. (زانا) (زانی) کردەوەی مازییە لە ریشەی (زانای)، (زانین).

فەلەك: گەردوون، رۆژگار. لە زاراوەی شاعیراندا هەموو جۆرە رووداوێك لە عالەمی عەناسیردا لە فەلەك نیسبەت ئەدریٚ.[1]

کەلەك بەست: فێلٚ و نەیرەنگی جۆر کرد. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی (کەلەك بەستەیٚ) کینایەیە لە نەیرەنگ بەکاربردن. فێلٚ و فەن سازکردن.

دامنەکە: داوێنەکە، چاکەکە. دامنە (داوێن) پاشگری (ەکە) لەدوایەوە نیشانەی تەعریفە. واتە: ئەو داوێنە کە زۆر جار دەستم پێوەگرتووە یا دەستم پێوە پێچاندووە. (داوێن) بە لاخوارووی لیباسی شۆڕ ئەوتریٚ. (دەسگرتن بە داوێن یا دەس پێچاندن بە داوێندا) زاراوەییێکە لە کاتی پاڕانەوە لە کەسێك بۆ جێبەجێکردنی کاریٚ بەکار ئەبریٚ. کە وابوو (دامنەکەی وەسلٚ) تەرکیبی ئیزافیی ئیستیعارییە.

وەرداوە: بەرداوە. کردەوەی مازیی مورەککەبە لە ریشەی (وەردایەوە)، (بەردانەوە). بەکاربردنی ئەو کردەوەیە ئەوە نیشان ئەدا کە مەولەوی چەن جار

---

(١) ئەم ئیستیلاحە لە بیروباوەڕی حوکەمای یۆنانەوە سەرچاوەی گرتووە کە (فەلەك) ی مانگ بە عیللەتی هەموو جۆرە رووداوەیێك لە کورەی زەویدا ئەزانن. جا لەبەر ئەوە بە فەلەکی مانگ (مەبدەئی فەییان)یش ئەوتریٚ.

داوێنی وەسڵی ئازیزی لەدەس بەرداوە. واتە: چەن جار لەگەڵیا کۆبووەتەوە و لێی دوورکەوتووەتەوە، چونکە پاشگری (ەوە) لێرەدا مانای تەکرار ئەگەیێنێ.

نیوە هۆنراوەی (دامنەکەی وەسڵم وەرداوە جە دەست) دوو مانا هەڵئەگرێ:

یەکەم: ئەو مانایەیە کە لە سەرەوە ئیشارەی بۆ کرا، ئەوەش لەسەر ئەم بناغەیە کە فێڵبازیی فەڵەك سەبەب بێ بۆ ئەوە کە مەولەوی داوێنی وەسڵ لە دەس بەردا. لەم سوورەتەدا زەمیری موتتەسیلی (م) لە (وەسڵم) دا ئەگەڕێتەوە بۆ مەولەوی و ئەبێ بە فاعیلی فیعلی وەرداوە.

مانای دووەم: ئەوەیە کە فەڵەك دەس بداتە فێڵ سازکردن و داوێنی وەسڵ لە دەستی مەولەوی بەربداتەوە. دیارە کە ئەم مانایەش لەسەر ئەو بناغەیە کە (فەڵەك) هەروەها کە فاعیلی کردەوەی (کەڵەك بێت) فاعیلی کردەوەی وەرداوەش بێ، وە زەمیری (م) ی (وەسڵم) موزافە ئیلەیهی بێ بۆ (دەست) بەڵام لەبەر زەروورەتی شیعری لکابێ بە دوای وەسڵەوە. لەم سوورەتەدا تەرکیبی ساختمانی دەستووری نیوە هۆنراوەکە بەم جۆرەیە: فەڵەك فێڵی سازکرد و داوێنی وەسڵی لە دەستم بەردایەوە.

**پوختەی مانا:**

چونکە هەر ئەوەندەت زانی کە فەڵەك فێڵێکی سازکرد و داوێنی وەسڵی ئازیزی لە دەست دەرهێنام و لێمی دوورخستەوە:

**سا دەی وە جامێ دڵم بکەر شاد**
**بەڵکە بویاروون بەزمێ وە ئازاد**

سا: ئامرازی تەئکید و تەنبیهە.

دەی: ئامرازی هاندان و تەشویقە.

وە: پیتی ئیزافەیە.

جام: لێرەدا مانای کاسە و پیاڵە و پەرداخ ئەدا. مەبەست دەفرێکە شەرابی تێ ئەکرێ و ئەخورێتەوە. (ێ) لە دوایەوە نیشانەی نەکارەتە و مانای وەحدەتیش ئەگەیێنێ.[1]

بکەر شاد: بکە شاد، شاد بکە. لە ریشەی (کەردەی) (کردن).

بەڵکەم: بەڵکو. پیتی رەبتە و مانای سەبەبییەت یا رەجا و هیوا ئەدا.

بویاروون: بگوزەرێم، رابوێرم. کردەوەی ئیلتیزامییە لە ریشەی (ویارای). (بواردن. رابواردن).

بەزمێ: ئاهەنگێ.

وە ئازاد: بە ئازاد. واتە: بەڵکە بە ئازادیی ئاهەنگێ بگێڕم.

**پوختەی مانا:**

سادەی ساقیی بە جامێ مەی دڵم شاد کە، بەڵکە لەم هەلە خۆشەدا بەزمێ بە ئازادیی ساز کەمو...

**جـــە دەس بێگانـــان یـــاوون رەهـــایی**

**مـــەس بـــوون وە شـــنۆی بـــۆی ئاشـــنایی**

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

بێگانان: مەبەست غەیری (ئازیز)ە. واتە: با بیرم بە لای هیچ کەس و چشتێکی ترەوە نەمێنێ و مەحوی تەماشای ئازیز بم، وە ئیتر وێنەی کەسێکی ترو شتێکی تر لە نێو گلێنەی چاوما هەست نەکەم.

یاوون رەهایی: رزگار بم. ئەم کردەوەیە، تەرجەمەی کردەوەی مورەککەبی ئیلتیزامی فارسی (رەهایی یابەم)ە. لە ریشەی (رەهایی یاوای) (رەهایی یافتەن): گەیشتن بە رزگاریو ئازادی. بەڵام لە بەر زەروورەتی شیعریی جوزئی (رەهایی)

---

(١) نیشانەی وەحدەت لە گۆرانیدا پاشگری (وە) یە کە لە دوای (ی) ی نەکارەتەوە ئەهێنرێ، لێرەدا لەبەر زەروورەتی شیعریی حەزف کراوە.

کەوتووەتە دواوە. ریشەی (یاوای) بە ماناگەلی: گەیشتن، پێگەیشتن، ئامادەبوون، بەدەسهێنان بەکار ئەبرێ.

مەس بوون: مەست بم.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

شنۆ: ناوی مەسدەرە بە مانای جووڵانەوە و حەرەکەتی یەواشە، بۆ باو شتانی تر بەکار ئەبرێ. (شنە)ش هەر بەو مانایەیە، لە ریشەی (شنیای) (لەرینەوەو جووڵانەوە). لە فارسییا ناوی مەسدەری (وەرزش)ە لە مەسدەری (وەزیدەن).

بۆ: بێن، بۆن، رایەحە. (بۆی ئاشنایی) تەرکیبی ئیزافی ئیستیعارییە.

**پوختەی مانا:**

لەئازاری هاودەمی بێگانان رزگار بمو بە هەستکردنی بۆنی خۆشی دۆستایەتیی ئازیز سەرخۆش بم)).

## پارچەی سێزدەهەم

وەفـای چـەرخ چـەپ راس بـێ تـان و پـۆن
جـەفا بـێ پایـان، دەردسـەر بـێ شـۆن

وەفا: پایەداری و مانەوە لەسەر ڕێ و ڕەوشتی دۆستایەتی و خۆشەویستی. ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

چەرخ: گەردوون، فەلەك، ڕۆژگار.

چەپ: سیفەتە بۆ ((چەرخ))، واتە: چەرخێ کە گەڕانی بە پێچەوانەی ئارەزووی مرۆڤە.

راس: بەراستی. قەیدی تەئکیدە.

بێ تان و پۆن: بێ رایەڵ و پۆیە، تەرکیبێکە بۆ کەسێ بەکار ئەبرێ کە ڕێ و ڕەوشتێکی راستەوخۆ و دوروستی نەبێ و قاعیدە و قانوونێ بۆ وتار و کرداری دانەنرێ. لەو تەرکیبەدا سەنعەتی ئیستعارە بەکار براوە.

جەفا: جەور، ستەم. زەمیری ((ش)) (ی) کە ئەگەڕێتەوە بۆ ((وەفا)) یا ((چەرخ)) لەگەڵ ((ن))ی زەمیری رابیتی زەمانی حاڵ لە دوای موسنەدی ((بێ پایان))ەوە لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە.

دەردسەر: دەردی سەر. کینایەیە لە ڕەنج و ئازار و گیروگرفت لە ژیاندا. لە بناغەدا بریتییە لە ژانەسەر، واتە سەرئێشە.

بێ شۆ: زۆر، بێ ئەندازە. ((ن)) زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە.

**پوختەی مانا:**

وەفای چەرخی چەپکردار بە راستی بایەخێکی نییە، بەڵام جەور و جەفای بێ پایان و دەرد و ڕەنجی لە رادەبەدەرە.

بـــەدیی نێکییـــەن، نێیکـــی بـــەدنامیی
فامـــای شـــێتییەن، شـــێتیی پـــەڕفامیی

بەدیی: خراپیی، بەدی.

نێکیی: چاکی، خاسیی، باشی.

بەدنامیی: بەدناویی.

فامای: فامین.

شێتی: تێکچوونی دەزگای لێکدانەوەی شت لە مێشکدا.

پەڕفامیی: ژیری و تێگەیشتن.

**پوختەی مانا:**

خراپـە چـاکەیە و چـاکە خراپەیـە، تێگەیشـتن شـێتییە و شـێتیی ژیریـی و تێگەیشتنە.

ســـارای هیدایـــەت تاریـــک مـــــەوینوون
رای نـــەجات یـــەکجار باریـــک مـــــەوینوون

سارا: سەحرا، دەشت.

هیدایەت: ڕێ پێ نیشاندان، ڕێ نوێنی، ڕێ بردن. مەبەست ڕێ بردن بە ڕێگای ڕاستی خوداپەرەستییە، دیـارە هەرکەسـێ ئـەو ڕێگـە ڕاسـتە بگرێتـە پـێش بـە ئینسانێکی ڕاستەقینە ئەژمێررێ.

((سارای هیدایـەت)) ئـەگونجێ ئیزافـەی تەشبیهی مـەقلووب بـێ وەك: گوڵی روخسار، بەڵام ئەگەر ((هیدایەت)) لە زیهندا تەشبیه کرابێ بـە مـەکانێکی بـەربڵاو، ئەتوانین بڵێین ئیزافەیێکی ئیستعارییە.

مەوینوون: ئەبینم. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((وینای)) (بینین).

را: ڕێگا، ڕێ.

نەجات: ڕزگاریی.

باریك: کینایەیە لە سەختیی. واتە: ڕێگای ڕزگاری لە هەوا و هەوەسی نەفسانی زۆر سەخت دێتە پێشچاوم.

**پوختەی مانا**

سارای هیدایەت تاریك و ڕێگای ڕزگاری زۆر باریك ئەبینم.

**ناڵـــەم نـــەی ئاســـا ئاڵـــەم گـــرت نـــە وەر**

**شیشەی مەی! ((پەمە))ت جە گۆش هەوادەر**

ناڵە: هاوار. ناوی دەنگە. لێرەدا بریتییە لە جۆرە دەنگێ کە مرۆڤ لە کاتی تووشبوونی ئازار و ئێشدا دەری ئەبڕێ.

نەی ئاسا: وەك نەی. ((ئاسا)) پاشگری تەشبیهە.

ئاڵەم: عالەم، جیهان.

گرت نە وەر: گرت لەبەر، گرتەبەر. واتە: ناڵەم گشت جێگاییێکی جیهانی داگیر کرد.

شیشەی مەی: ئەی شووشەی مەی!

پەمە: لۆکە.

جە: لە.

گۆش: گوێ.

هەوادەر: پەرت بکە، فڕە بدە، هەوادە. کردەوەی مورەککەبی ئەمرە لە ریشەی ((هەوادای)) (فڕەدان)، تیپی ((ر)) لە دوایەوە بە بێ ڕێگا هێنراوە. ((لۆکە لە گوێ فڕەدە، لۆکە لە کوێ دەربێنە، گوێی خۆت کەڕ مەکە)) زاراوەگەلێکن بۆ کەسێ بەکار ئەبرێن کە ڕووداوەیێکی گەورە قەومابێ و ئەو کەسە گرنگایەتی بەو ڕووداوەیە نەدا و گوێی نەداتێ.

لەم نیوە هۆنراوەیە و لە نیوە هۆنراوەی دواییدا تەشبیهێکی مورەککەبی جوان بەکار براوە – بەم چەشنە کە شووشە، چوێنراوە بە کەسێ کە داوای یارمەتی لێ بکرێ.

مەولەوی وەك هەمیشە پاش دەربڕینی ئاه و نالە سەبارەت بە ناپایەداری ڕۆژگار و زۆرگرتنی هەوا و هەوەسی نەفسانی و ڕەواجی بازاڕی ناڕاستی و نادوروستی و دوورکەوتنەوە لە ڕێ و ڕەوشتی ئینسانی، پەنا ئەباتەوە بۆ مەی و مەیگێڕی مەیخانەی عیرفان و خوداناسیی تا بە مەزەی ئەو مەیە سەرخۆش لە عالەمی حەیوانی بێ هۆش بێ.

**پوختەی مانا:**

لە حەسرەتدا نالەم وەکو نالەی نەی عالەمی داگرتووە، شووشەی مەی دەخیلە! ((لۆکە لە گوێ دەربێنە)) و بیدار بەوە و فریام کەوە!

**جە تۆ: قەهقەهە، جە پیالە: مەی**
**جە ساقیی: هادەی! جە ئێمە: بابەی!**

جە تۆ: لە تۆ. مەرجیعی زەمیری ((تۆ))((شووشە))یە.

قەهقەهە: قاقای پێکەنین. مەبەست ئەو دەنگەیە کە لە کاتی ئاو خاڵی کردن لە شووشە و گۆزە و هەوا چوونە جێی ئاو، ئەبیسرێ کە بە ((قوڵپە، قرمە)) ناو ئەبرێ. ئەو دوو وشەیە و وێنەکانیان کە ناوی دەنگن بۆ تەئکید بە دووپاتەییش بەکار ئەبرێن و ئەوترێ: قرمە قرم، قوڵپە قوڵپ، گرمە گرم، هاژە هاژ و وێنەکانیان.

((جە تۆ)) (لە تۆ) تەرکیبێکی ناقیسە و بۆ دابەشکردنی کار لە نێوان چەن کەسدا یا دانانی ئەرك (وەزیفە)ی کەسێ بەکار ئەهێنرێ، وەها کە ئەوترێ: ((لە من کارکردن و لە تۆش ئافەرین وتن)) واتە: ئەرکی من کارکردنە و ئەرکی تۆش ئافەرین وتنە.

مەولەوی لەم تەرکیبەدا وەکو ئیشارەمان بۆ کرد، شووشەی مەیی چواندووە بە کەسێ کە لە کاتی هاوارلێکردنی بۆ یارمەتیدان، بەڕووخۆشی و پێکەنینەوە، بێتە هاوارەوە. ئینجا ئەو پێکەنینە چۆن پێکەنینێك بێت و هۆی پێکەنینەکەش چی بێ؟ لێکدانەوەیێکی وردی عیرفانی هەیە کە هەر خاوەن زەوقێ ئەتوانێ بە گوێرەی زەوقی خۆی لێکی بداتەوە. بەلای منەوە رەنگە هۆی قاقای شووشەی مەی، واتە: سەرچاوەی نووری یەزدانیی، بریتی بێ لە بێ بایەخ جیلوەدانی ژیانی ئەم جیهانە ماددییە و دڵخۆشکردن بە لەزاییزی حەیوانی و کاتیی.

جە پیاڵە مەی: لە جامیش مەی وەرگرتن، واتە: ئەی شووشە تۆ بە پێکەنینەوە مەی بڕێژە و پیاڵەش مەی بگرێتە ناو خۆی.

جە ساقی هادەی: لە ساقیش جامی مەی گێڕاندن و ((ها بگرە بخۆوە)) وتن. ((ها)) لێرەدا ئامرازی تەنبیە و بێدارکردنەوەیە. ((دەی)) بۆ هەڵنیان و هاندانی جێبەجێکردنی کارێ بەکار ئەبرێ.

جە ئێمە بابەی: لە ئێمەش ((بابێ)) وتن. ((با)) لێرەدا ئامرازی تەئکیدی لزوومی جێبەجێکردنی کردەوەی ئیلتزامییە، لە فارسیدا بە سوورەتی قەیدی فیعلیی ((بوگزار)) بەکار ئەبرێ. ((بێ)) موخەففەفی ((بەیۆ)) (بێ، بێت)ە و کردەوەی نامونەززەمی موزاریعی ئیلتزامییە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن). لە زاراوەی سەرفی عەرەبیدا ئەمری غائبی پێ ئەوترێ.

**پوختەی مانا:**

تۆ بە قاقای پێکەنینەوە مەی بڕێژە ناو جام و جامیش پڕ بێ لە مەی و ساقیش جام بگێڕێ و ئێمەش بە خۆشییەوە لێی وەرگرین و بیخۆینەوە.

**((مەلا)) جە کەسرەت لەوحش بۆ سادە**

**مەنسووخ نەزانۆ حەلاڵی بادە**

مەلا: مەلا. لەقەبێکە بۆ خوێنەواری ئایینی بەکار ئەبرێ. لێرەدا مەبەست ئەو کەسەیە کە ئەحکامی دینی ئیسلام بە خەڵك رائەگەیێنێ.

جە کەسرەت: لە زۆریی. واتە: لە زۆربوونی مەیەکە.

لەوحش: لەوحەی، تەختەی. ئەو شتەی کە ئەحکامی ئیسلامی پێوە نووسیوە. ((ش)) زەمیری سێیەم کەسی موفرەدە. واتە: لەوحەی مەلا. ((لەوح)) یا ((لەوحە)) لێرەدا دوو مانا هەڵئەگرێ: یەکەم- تەختەیێ کە لە رۆژگاری پێشوودا شتیان بەسەرەوە، نووسیوە. دووەم- کینایە بێ لە زیهنی مەلا.

بۆ: ببێ. کردەوەی رابیتی ئیلتزامییە لە ریشەی ((بوون)) (بیەی)، لەبەر زەرووڕەتی شیعری کەوتووەتە پێش موسنەدی ((سادە)).

سادە: لێرەدا مانای ((پاك)) ئەدا، واتە: ئەو شەرابە ئەوەندە زۆر بێ، بڕژێ بەسەر لەوحەی زیهنی مەلادا و لەوحەی زیهنی لە حوکمی((وکنتم سکاری))[1] بەتاڵکردنی حوکمی (انما الخمر والمیسر..))[2] حەلاڵی شەراب پاك بکاتەوە یا مەیخواردنەوە بە حەڵاڵ بزانێ. پاکی بکاتەوە. ئەم تەعبیرە پەیوەندی بە مانای یەکەمی ((لەوح))ەوە هەیە، بەڵام ئەگەر مانای دووەمی ((لەوح)) بگرینە پێشچاو، واتە: زۆرایەتی ئەو مەیە کە بریتییە لە مەحەببەتی یەزدانی، ئەوەندە زۆر بێ دڵ و دەروونی مەلا لە عالەمی تەکلیف و ئەحکامێ کە بۆی دانراوە پاك بکاتەوە و بیخواتەوە و لە عالەمی حەیوانی دەری کا و بیگەیێنێتە عالەمی رەوانیی پەتی.

مەنسووخ نەزانۆ: بە باتڵ کراو نەزانێ. ((نەزانۆ)) کردەوەی ئیلتزامی مەنهییە لە ریشەی ((زانای)) (زانین).

حەلاڵی بادە: حەلاڵی مەی. ((بادە)) تایبەتی زبانی فارسییە. بەڵام ((مەی)) موشتەرەکی کوردی و فارسییە و هەردوکیان بە مانای ((خەمر))ی عەرەبین.

---

(١) ئیشارە بە ئایەتی: ((ولاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى)) النساء: ٤٣

(٢) ئیشارەیە بە ئایەتی: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ)) المائدة: ٩٠

پوختەی مانا:

با ئەو مەیە ئەوەندە زۆر بێ تەنانەت مەلاش بیخواتەوە و بیری بە لای حەرامبوونیەوە نەمێنێ.

**((زاهید)) مایەی هۆش هیچ نەمانۆ پێش**

**پەشێو بۆ تەقواش چون مێزەرەی وێش**

زاهید: عونوانێکە بۆ کەسێ بەکار ئەبرێ کە لەزاییز و خۆشیگەلی دنیا لە خۆی دوور بخاتەوە و گۆشەگیری و عیبادەت بکاتە پیشەی خۆی.

مایەی هۆش: کینایەیە لە ئاوەز و عەقڵ، واتە ئاوەزی پێ نەمێنێ.

هیچ: لێرەدا قەیدی تەئکیدی نەهیە.

نەمانۆ: نەمێنێ. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((مەنەی)) (مان).

پێش: پێی.

پەشێو بۆ: پەرێشان بێ. تێك بچێ، بشێوێ.

تەقواش: پارێزگاریی و لەخواترسیی. ((ش)) زەمیری سێیەم کەسی موزاف ئیلەیهی موفرەدە و مانای تەخصیص ئەدا. واتە: رێگای پارێزگاریی لێ بشێوێ.

مێزەرە: مێزەر. پارچەیێکە پیاوانی دینی ئەیبەستن بە سەریانەوە.

وێش: خۆی. دیارە کە پیاو سەرخۆش بێ و هۆشی بەسەر خۆیەوە نەمێنێ، مێزەرەکەشی ئەشێوێ و ئەکەوێتە ملی. مەزموونی ئەو تەشبیهە جوانە ئەوەیش ئەگەیێنێ کە گەلێ لەو کەسانە کە مێزەری زەهادەت و لەخوداترسی ئەبەستن بە سەریانەوە ئامانجیان خەڵك خەڵەتاندن و سوود بەدەست هێنانە، کە وابوو مێزەری ئەو جۆرە زاهیدانە لە حەقیقەتدا مێزەرێکی بێ ئەساس و شێواو و نادوروستە وەها کە پارێزگاری و لەخوداترسییەکەشیان ریایە و بنەڕەتێکی دوروستی نییە. ئەو دوو مانایە کە بۆ هۆنراوەی بەر لەم هۆنراوەیە ئیعتبارمان کرد، بۆ ئەم هۆنراوەیە و

هۆنراوەی دوای ئەم هۆنراوەیەش ئیعتبار ئەکرێ. واتە: ئەگونجێ ئەو هۆنراوانە هەم مانای رواڵەتی و ئاساییان لێ وەرگیرێ، هەم مانای عیرفانی.

**پوختەی مانا:**

هەروەها زاهیدیش بیخواتەوە و سەرخۆش بێ و ئاوەزی پەرێشان و شێواو بێ وەك مێزەرەکەی خۆی.

مـــن نـــەوون وە تـــەنگ نەفامییـــەوە

وێـــم بـــدەون وە دەس بەدنامییـــەوە

من نەوون وە تەنگ نەفامییەوە: منیش نەبم بە تەنگ نەفامییەوە. واتە: گوێ نەدەم بەوە کە پێم بڵێن نەفامە. پاشگری پەیوەند ((یچ)) (=یش) لە دوای ((من))ەوە، لەبەر زەروورەتی شیعری فڕە دراوە. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامی مەنهییە لە ریشەی مورەککەبی مەنهی: ((وە تەنگەوە نەویەی)) (بە تەنگەوە نەبوون) کە بە مانای دەربەس نەبوون و موقەییەد نەبوونە ئەو کردەوە مورەککەبە لەم جوزئانەی خوارەوە پێك هاتووە:

وە: بە. پیتی ئیزافە.

تەنگ: بەستن، توندکردنەوە.

ەوە: پاشگری ئیلساق و لکان.

نە: ئامرازی نەهیە لە کردەوەی ئیلتزامیدا، وە لە کردەی مازیی ئیخباریدا ئەبێتە ئامرازی نەفی.

ویەی: بوون، مەسدەری بەسیتی کۆمەکە. ((بیەی))ش ئەوترێ.

نەفامیی: تێ نەگەیشتن، نەفەهمی. چاك و خراپ لێك نەدانەوە. ئەم وشەیە وەها کە لەسەرەوە وتمان هەردوو مانای ئاسایی و عیرفانی هەڵئەگرێ چونکە نەفامی لە زاراوەی عورەفادا بە مانای بڕینی پەیوەندی لە جیهانی حەیوانی و تەسلیمی مەحزی قەزا و قەدەری یەزدانییە.

وێم بدەون وەدەس بەدنامییەوە: خۆم بدەم بە دەس بەدناوییەوە، واتـە: خـۆ لە بـەدناوی نـەپارێزم. کـردەوەی مورەککـەبی ئیلتزامییـە لـە ریشـەی مورەککـەبی ((وێ بە دەسەوە دای)) (خۆبەدەسەوەدان) کە بـە مانـای خـۆ تەسلیم کردنـی بـێ قەید و شەرتە. وشەی ((بەدنامی))ش هەردوو مانای ئاسایی و عیرفانی هەڵئـەگرێ. چونکە ئـەو کەسـانە کـە زیـادەڕەوی لـە مـەی خواردنـەوە ئەکـەن و لـە رادەبـەدەر سەرخۆش ئەبن، بیریان بـە لای عـەیب و عـار و شـوورەییەوە نـامێنێ. هـەروەهاش ئەگەر مانای عیرفانی بگرینە پێشچاو کەسانێ کە مەستی خۆشەویستی یەزدانی بن، بە تەواوی لە قەید و بەندی ژیانی ئاسایی ئەم جیهانە ئازاد ئەبن و پێبەندی عەیب و عاری ئیعتباری نین.

**پوختەی مانا**

زۆری ئەو مەیە ئەوەندە منیش مەست بکا، گوێ بە نەفامی نـەدەم و خـۆم لـە بەدناوی نەپارێزم.

## دێوانـــــــان ئاســـــا بجۆشـــــوونەوە
## بەلاگـــــەل چـــون مـــــەی بنۆشـــوونەوە

دێوانان ئاسا: وەك دێوانان. ((دێو)) ناوە بۆ نەوعێ لە جنۆکە، ئەڵێن خۆی بـە شکڵگەلی جۆر جۆر دەرئەهێنێ و ئادەمزاد ئەترسێنێ. هەنـدێ جـار ئـەو ترسـە لـە برێ کەسدا ئەبێتە هۆی لەدەسدانی هێزی ئاوەز و شعوور، ئینجا بەو کەسە ئەوترێ دێوانە، واتە کەسێ دێو و درنج ترساندبێتی. دێـو و درنـج لـە داسـتان و ئەفسـانەی گەلا نەخشێکی گەورەی هەیە. پاشگری ((انە)) لێرەدا بۆ گەیاندنی مانای نیسـبەتە ((دێوانە)) لە زاراوەی عورەفا و شوعەرادا، بۆ کەسـێ بـەکار ئـەبرێ کـە بـە بۆنـەی خۆشەویستی لە ئەندازەبـەدەری مەعشـووقی حـەقیقی یـا مـەجازی یـەوە، ئـاوەز و شوعووری ئاسایی لەدەس دابێ.

بجۆشوونەوە: بجۆشێمەوە، بێمەوە جۆش و خرۆش. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامییە لە ریشەی ((جۆشایەوە، ئەوە جۆشای)) (جۆشانەوە) تیپی ((ن)) پێش لە پاشگری تەکراری ((ەوە)) وە لە شێوەی گۆرانی ئەدەبیدا وەها کە لە چەن جێگادا وتوومانە، بە بێ رێگا لە دوای هەندێ کردەووەوە ئەهێنرێ، وەك: کەروو (بکەم)، ئەبێ بە: کەروون. مەبەست لە ((جۆشان)) یا ((جۆشین)) لێرەدا هەیەجانێکی رەوانییە لە حاڵەتێکی تایبەتیدا بۆ سۆفییان و دەروێشان بەدی دێ، ئەو حاڵەتە هەمیشەیی نییە بەڵکە جاروبار بە بۆنەگەلێکەوە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەس ئەدا، جا هەر لەبەر ئەوەیە پاشگری ((ەوە)) کە لێرەدا مانای تەکرار و دووبارەبوون ئەدا لە دوای ((بجۆشوون))ەوە، هێنراوە نەوعێ لەو حاڵەتە کە ((جەزبە))شی پێ ئەوترێ، لە سۆفییان و دەروێشاندا دێتە دی کە شعووری ئاساییان لەدەس ئەدەن و هەندە کارێکی نەکراو و سەرسورهێنەر وەك دار و بەرد خواردن و چوونە ناو ئاگر و، تیغ وەشاندن و شتانی تر، لە خۆیانەوە نیشان ئەدەن. پاش گەرانەوە سەر حاڵی ئاسایی ئەگەر لێیان بپرسی: ئەو کارە نائاساییانەتان لەو حاڵەدا چۆن جێبەجێ کردووە؟ ئەڵێن: ئێمە لەو حاڵەدا ئاگامان لە خۆمان نییە، هیمەتی مەشایەخ و کەرامەنی ئەولیا ئەو کارە نەکراوانەمان بۆ جێبەجێ ئەکەن! دیارە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیێکی زۆر گرنگە تا ئێستا زانستی مرۆڤ نەیتوانیوە بە تەواوی شی بکاتەوە.

بەڵاگەل: دەردگەل، موسیبەتگەل، ئازارگەل، ناکامیگەل.

چون مەی: وەك مەی.

بنۆشوونەوە: بخۆمەوە، واتە: ئەو مەیە ئەوەندە مەستم کا و هێز و تینم پێ بدا بەسەر هەموو جۆرە سەختی و موسیبەتێکدا زاڵ ببم و تەحەممولیان لە ئاسانی و ئاساییدا وەکو مەی خواردنەوە بێ.

مەولەوی لە شەش هۆنراوەی دوایی ئەم پارچەیەدا بە جوانیی سەرچاوەی ئەو حاڵەتە رەوانییە و چۆنیەتی بەدیهاتنی لە مرۆڤدا بۆمان دەرخستووە، بەم چەشنە کە ساقیی بریتییە لە سەرچاوەی ئەو هێزە و مەی بریتییە لەو هێزە گەورەیە کە

ساقیی ئەیرژێنێتە دڵی مرۆڤەوە، مەستیش بریتییە لە ئەسەراتی ئەو هێزە یەزدانییە کە بەسەر هەموو هێزێکی جیهانی ماددیدا کە بە ((بەڵاگەل)) ناوی بردووە، زاڵ ئەبێ.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو هێزە یەزدانییە کە ئەبێتە هۆی بەدیهاتنی جەزبە و هەیەجانی رۆحی لە مرۆڤدا و گشت هێزێکی عالەمی تەبیعەت زەبوون ئەکا، دەرکەوتنی لە تاکەکانی مرۆڤدا نیسبییە واتە: لە هەر کەسێکا بە پێی شاییستەیی و ئیستعدادی وجوودی ئەو کەسە دەرئەکەوێ و بەهرەی لێ وەرئەگیرێ، وەها کە هێزی بروسکەی کارەبا لە هەر دەزگاییێکا بە گوێرەی ئیستعدادی ئەو دەزگایە سوود ئەدا، بۆ وێنە لە سەماوەردا ئاوی ئەهێنێتە کوڵ و لە کامپیۆتەردا مەجهوولاتی زانیاری مرۆڤی کەشف ئەکا.

**پوختەی مانا:**

وەك دێوانان بێمەوە جۆش و خرۆش و مەینەتگەل و موسیبەتگەلی ئەم ژیانە تاڵە وەك مەی بنێم بە سەرمەوە.

**شەرارەی مەستیی مەی بەرشۆم جە دڵ**

**وەو چراخەوە یاوون وە مەنزڵ**

شەرارە: گڕ، حەرارەت، شۆڵەی ئاگر.

مەستیی مەی: مەبەست ئاساری ئەو هێزە یەزدانییە.

بەرشۆم جە دڵ: دەرچێ لە دڵمەوە، واتە: گڕی ئەسەری ئەو مەیە لە دڵمەوە بەرز ببێتەوە. ((بەرشۆ)) کردەوەی ئیلتزامی مورەککەبە لە ریشەی ((بەرشی یەی)) (دەرچوون). زەمیری ((م)) کە زەمیری موتتەسیلی موزاف ئیلەیهە بۆ ((دڵ)) لەبەر زەروورەتی شیعری لکاوە بە کردەوەکەوە. هەروەهاش پاشگری ((ەوە)) کە نیشانەی سەرەتای دەسپێکردنە لە دوای ((دڵ))ەوە، بۆ رێکیی وەزنی هۆنراوەکە، حەزف کراوە. وشەی ((شەرارە)) بۆ هەردوو مانای ئاسایی و عیرفانی

ئەگونجێ چونکە خواردنەوەی جۆرە گەرمی و حەرارەتێ ئەخاتە لەشەوە، بەڵام لێرەدا مانای عیرفانی لێ گیرراوە کە باسمان لێوە کرد.

وەو: کورتکراوەی ((وە ئەو)) (بە ئەو)ە. تەرکیبێکە لە پیتی ئیزافە و ناوی ئیشارە.

چراخ: چرا، ئەو وشەیە زۆرتر لە زمانی ئەدەبی گۆرانیدا بەکار ئەبرێ، لە زمانی وتووێژدا ((چراوی)) ئەوترێ. کە لە دەرخستندا تەکیە ئەدرێتە سەر هیجای یەکەم. پاشگری ((ەوە)) لە دوایەوە، بۆ گەیاندنی مانای موساحەبەیە.

یاوون: بگەیێم. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((یاوان)) (گەیشتن). پیتی ((ن)) وەك وتوومانە بە بێ رێگا هێنراوە.

وە مەنزل: بە جێگا. واتە بگەمە مەنزڵگەی خۆم.

**پوختەی مانا:**

ئینجا گڕی مەستیی ئەو مەیە لە دڵمەوە بەرز ببێتەوە، وەك چراییکی رووناك تاریکیی ژیانی حەیوانیی ئەم جیهانەم بۆ رووناك بکاتەوە و بە ئاسانیی بگەیێمە مەنزڵگەی راستەقینەی خۆم.

## پارچەی چواردەهەم

**دڵـــە وەردەی نـــەفس گونـــاە ئـــاوەردە!**

**ســـــیفەت وە رووی زات وە پـــەردە کـــەردە!**

دڵە!: ئـەی دڵـی بچـووك و هـەژار، ئـەی دڵ. موسـەوویتی ((ە /a/)) لـە دوای ((دڵ))ەوە ئەگونجێ بۆ گەیانـدنی مانـای تەسـغیر و تـەحقیر بـێ، لـەم سوورەتەدا پیتی نیدای ((ئەی)) لە سەرەتایەوە، حەزف کراوە، هەروەها ئەشگونجێ کە پیتی ((ە)) هەر دوو ماناکە بگەیێنێ.

وەردە: خوراو. موخـەففـەفی ((وارده))یـە. سـیفەتی فـاعیلی مـازیی سـازە لـە ریشەی ((وارده‌ی)) کە بە مانای سیفەتی مەفعوولی ((وریـا)) بـەکار بـراوە و مانـای سیفەتی موتڵەق ئەدا[1]. ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

نەفس: مەبەست نەفسی ئەممارەیە کە نەفسی حەیوانیشی پێ ئەوترێ. بە لای سۆفییانەوە لە ئینساندا دوو هێز هەیـە، هێـزی حـەیوانی و هێـزی ئینسـانی، هێـزی حەیوانی سەرچـاوەی سـیفاتی رەزیلـەی شـەیتانییە و هێـزی ئینسـانی کـە نەفسـی ناتیقەشـی پـێ ئـەوترێ مەنشـەئی سـیفاتی حەسـەنەی یەزدانییـە. ((مەعـدە))ی ئینسان ناوەند و مەرکەزی نەفسـی حـەیوانی و ((دڵ)) ناوەنـدی نەفسـی ناتیقـە یـا رەوانیی ئینسانییە کە ئەبێتە جیلوەگای نووری یەزدانی.

گونـاە ئـاوەردە[2]: گوناهبـار، گونـا هێنـاو، گوناکـار، ((ئـاوەردە)). سـیفەتی مازیی سازە لە ریشەی ((ئاوەردەی)) کە لە جێگای سیفەتی موتڵـەقی مورەککەبدا بەکار براوە.

---

(١) لە شێوە کوردیی گۆرانیدا ئەو مەسدەرە مەعلوومانە... (تەواو نەکراوە).

(٢) تەرکیبی ((وەردەی نەفس گوناە ئاوەردە)) بەسەریەکەوە سیفەتی مورەککەبە بۆ ((دڵ)).

شێوە ئەدەبی گۆرانی وەك شێوەکانی تری زمانی کوردی لەبەر ئەوە لە سەرەتاوە دەستوورێکی بۆ دانەنراوە، سەرف و نەحوێکی مەزبووت و جەم و جۆری نەبووە، وە زمانی فارسی کە زمانێکی زیندوو بووە و لە قەواعیدی سەرف و نەحوا خزمایەتییێکی نزیکی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە، شوێنێکی زۆری کردووەتە سەری و تەنانەت لە زۆر جێگادا قەواعیدی سەرف و نەحوی زمانی فارسی تێکەڵ بووە، وەها کە مەولەوی لە بەکاربردنی دوو سیفەتی ((وەردە)) و ((گوناە ئاوەردە)) بەو جۆرە کە روونمان کردەوە، لە رێزمانی فارسی کەڵکی وەرگرتووە.

سیفەت وە رووی زات وە پەردە کەردە: سیفەتی بەخشەری و میهرەبانیی خوات بە رووی زاتیدا کێشاوە و کردووتە بە پەردە لە نێوان خۆت و زاتی خودادا واتە: لە کاتی بێ ئەمری کردنی خودادا هەر سیفاتی غەففاری و رەحمان و رەحیمیی خودا ئەبینی و ئیتر ترسێکت لە زاتی خودا نییە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە مەولەوی زات و سیفاتی خودا بەیەك نازانێ و لە یەك جیای کردوونەتەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەی دڵی هەژار کە نەفسی ئەممارە خواردووتی و باری کردووی لە گوناح و نافەرمانی خودا و بۆ نافەرمانیکردنی تەنیا سیفەتی رەحیمییت گرتووەتە پێشچاو و کردووتە بە پەردە لە نێوان خۆت و زاتی خودادا بۆ ئەوە چاوت بە زاتی خوداوە نەبێ.

**جە رووی بێ شەرمیی پەردەت دەردەوە**

**هیچ نەویت وە تەنگ ئەو دیم پەردەوە**

جـــه روو: لـــه روو، لەبـــەر . پـــیتی ئیزافـــەی مورەککەبـــە. ((ی)) نیشـــانەی ئیزافەیە[1].

بێ شەرمی: بێ حەیایی. ناوی مەسدەرە لە سیفەتی مەنفی ((بێ شەرم)) (بێ حەیا).

پـەردە: پارچـەیێکە ئـاوێزان ئـەکرێ بـە رووی شـتێکا کـە ئـەو شـتە لـەو دیـو پەردەکەوە ئەبینرێ. ((ت)) زەمیری فاعلییە.

دەردەوە: گرتـــەوە. کـــردەوەی مورەککەبـــە لـــە ریشـــەی ((ئـــەوە دەردەی)) (گرتنـــەوە). بـــە مانـــای داکێشـــان و داخســـتن و ئـــاوێزانکردنیش هـــاتووە. پاشـــگری ((ەوە)) مانای تەکرار و ئیدامە ئەدا.

هیچ: قەیدی نەفییە بۆ تەئکیدی مانای نەفی جوملەی دوای هاتووە.

نەویت وە تەنگ: گوێت نەدا بە...

ئەودیم پەردەوە: ئەودیو پەردەوە. واتە: تەوەججوهت بەو کەسە نەکرد کە لەودیو پەردەکەوەیە.

**پوختەی مانا:**

بە بێ شەرمی سیفەتی ((رەحیمی))ت کرد بە پەردە لە نێوان خۆت و خوداتـا و ئیتر نەبووی بە تەنگ ئەودیوی پەردەوە و لە زاتی خودا ترسێکت نەما.

**((ســـــــــەتتاری)) لاو دا وە یانەتـــــــــەدا**

**((کـــــــەریمی)) شـــــــوومی وە شـــــانەتەدا**

ســـەتتاری: شـــاردنەوەیی، پەردەپۆشـــی. مەبەســـت ســـیفەتی چاوپۆشـــیکرنی خودایە سەبارەت بە گونا و تاوانی گوناکاران و تاوانباران.

---

(١) ئەگەر جوزئی دووەمی پیتی ئیزافەی مورەککەب یەکێ بێ لە ناوی مەکانی موبهەم، کاتێ کە لە پێش ناوێکەوە بهێنرێ، صوورەتی ئیزافە ئەگرێتە خۆی و پیتی ((ی))ی نیشانەی ئیزافە لە دوایەوە ئەهێنرێ.

لاو: لافاو. سەیلاو. سێڵاو.

دا: کردەوەی رابووردووە لە ریشەی ((دای)) (دان).

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

یانە: خانوو، ماڵ. ((ت)) زەمیری موزاف ئیلەیهە. موسەوویتی ((ە /a/)) لە دوایەوە، بۆ رێکی وەزنی شیعر هێنراوە. ((دا)) نیشانەی زەرفییەتە لە دوای مەدخوولی پیتی ئیزافەوە ئەهێنرێ. تەرکیبی: ((لاو دا وە یانەتەدا)) (لافاوی دا بە ماڵتدا)، زاراوەیێکی گۆرانییە لە باتی: ((قوڕی دا بە ماڵتدا)) بەکار ئەبرێ. ئەو زاراوەیە بۆ شوێنی کاریی شتێ بەکار ئەبرێ کە زیانێکی زۆر بگەیێنێ.

کەریمیی: بەخشەری، گەورەیی، لێبووردوویی. واتە: لێبووردوویی خودا.

شوومیی: نەگبەتی، بەدبەختی.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

شانە: شان. ((ت)) زەمیری موزاف ئیلەیهە. موسەوویتی ((ە /a/)) لە دوایەوە، بۆ رێکی وەزنی شیعر هێنراوە.

دا: نیشانەی زەرفییەتە. واتە: ئومێدەواربوون بە سیفەتی لێبووردوویی خودا، نەگبەتی داوە بە شانتدا. ئەمەش زاراوەیێکە بۆ ئەو کەسانە ئەوترێ کە کارێ یا شتێ بوویێتە هۆی بەدبەختی و داماوییان. هەندێ جار وشەی ((لۆنگ)) لە سەرەتای ئەو زاراوەوە ئەهێنرێ و ئەوترێ: ئەو کارە لۆنگی[1] نەگبەتی داوە بە شانتدا.

**پوختەی مانا:**

گرتنە پێشچاوی سیفەتی سەتتاری خودا قوڕی داوە بە ماڵتەوە و ئومێدەواربوون بە سیفەتی لێبووردنیشی نەگبەتی هێناوە بە شانتدا.

---

(١) لۆنگ: لەم زاراوەدا پارچەیێکی کۆن و شڕ و وڕە هەژار و لێقەوماوان بۆ شاردنەوەی بەدەنی رووتی خۆیان ئەیگرنە کۆڵ.

**کــــەردم وە عـــامیی ڕەحمەتـــە کـــەی وێـــش**
**وادەی بـــەزم گـــەرم خزمەتەکـــەی وێـــش–**
**ویـــەرد، نـــەزاناش ســـیوای ئـــەو هـــەنی**
**ئـــاخ زانـــاییی ئـــەو چـێش کـــەروو چـەنی؟!**

کەردم: کورتکراوەی تەرکیبی: ((فەرزم کەرد))ە، واتە: فەرزم کرد. ئەو زاراوەیە بۆ زیانگەیاندنی لای کەمی شتێ بەکار ئەبرێ کە لای زۆری ئەو شتە لەوانە بێ کە ئینکار بکرێ.

بە: پیتی ئیزافەیە و مانای سەبەبییەت ئەدا.

عامی: گشتی، گشتایەتی، هەموو کەس گریی. ناوی مەسدەرە.

وێش: خۆی. زەمیری موشتەرەکی موفرەدە.

وادە: وەعدە. مەبەست کاتی دانراو و دیاریکراوە کە بریتییە لە کاتی زیندووبوونەوە لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا. پیتی ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە.

بەزم گەرم: بەزمی گەرم، کۆبوونەوەی پڕ جۆش و خرۆش. تەرکیبێکی تەوسیفییە.

خزمەتەکەی وێش: پێشگاکەی خۆی. پاشگری تەعریفی ((ەکە)) لە دوای ((ڕەحمەت)) و ((خزمەت))ەوە ئیشارەیە بە سیفەتی بەخشەریی خودا و کۆبوونەوەی خەڵك لە ڕۆژی حەشردا کە خودا لە چەن جێگای قورئاندا تەسرێحی پێ کردووە.

وییەرد: بوورد، چاوپۆشی کرد. کردەوەی مازییە لە ریشەی ((ویەردەی)) (بووردن).

نەزاناش: نەیزانی. کردەوەی مەنفی مازییە لە ریشەی ((زانای)) (زانین).

سیوای ئەو: جگە لەو، بێجگە لەو. ((سیوا)) ئەداتی ئیستیسنایە، زەمیری ((ئەو)) ئەبێتە موستەسنا.

هەنی: ئیتر، کەسێکی تر، کەسێکی دیکە. ناوی موبهەمە بۆ ئینسان و غەیری ئینسان بەکار ئەبرێ. لە فارسیدا ئەبێ بە دیگەر، دیگەری.

ئاخ: ناوی دەنگە لە کاتی غەم و پەژارە و ئێش و دەرد و رەنجی زاهیری و نهێنیدا بەکار ئەبرێ.

زانایی ئەو: تەرکیبی ئیزافییە، واتە: پێزانین و ئاگایی خودا. مەفعوولی با واسیتە بۆ کردەوەی ئیستفهامی ((چێش کەروو)) کە لەبەر زەروورەتی شیعری کەوتووەتە پێشەوە.

چێش کەروو: چی بکەم. جوملەی ئیستفهامییە.

چەنی: لەگەڵ. پیتی ئیزافەیە و مانای موساحەبە ئەدا. بۆ ئەوە ببێتە هاوقافیەی ((هەنی)) لە ئاخری جوملەکەوە هێنراوە، کە وابوو ساختمانی ئەو جوملەیە بەم چەشنەیە: چەنی زانایی ئەو چێش کەروو یا چێش کەروو چەنی زانایی ئەو، واتە لەگەڵ زانینی خودا بە تاوانباریم چی بکەم، چۆن لە روویدا شەرمەزار نەبم؟!

**پوختەی مانا:**

فەرزم کرد کە خودا بە رەحمەتی عامی خۆی لە رۆژی رەستاخێزدا لە سووچ و تاوانم چاوی پۆشی و بێجگە لە خۆی کەسێ تر بە سووچ و تاوانمی نەزانی بەڵام ئای، بۆ پێزانینی ئەو چی پێ بکەم و چۆن لە رووم هەڵدێ لە حوزووریا بنوێم؟!

نەو دەمدا جە یاد کەردەی وییەردەم
جەو حاڵەت سەخت وە دۆزەخ بەردەم
هەر دەلاڵەتێش مەلاڵەتێوەن
هەر لوتفێش پەرێم خەجاڵەتێوەن

نەو دەمدا: لە ئەو دەمەدا، لەو کاتەدا. ((نە)) پیتی ئیزافەیە، ((ئەو)) لێرەدا ناوی ئیشارەیە و موسەوویتی ((ە /a/))ی نیشانەی ئیشارە لە دوای موشار ئیلەیهی ((دەم))ەوە حەزف کراوە.

جە یاد: لە یاد.

کەردە: ناوی مەسدەرە لە ریشەی ((کەردەی)) (کردن). ((ی)) نیشانەی تەوسیفە.

وییەردە: بووردوو، سیفەتی فاعلییە(1) و مانای سیفەتی موتڵەق ئەدا. ((م)) زەمیری موزاف ئیلەیهە.

جەو: لە ئەو. ((جە)) پیتی ئیزافەیە، نیشانەی ئیشارە لە دوای موشار ئیلەیهی مورەککەبی ((حاڵەت سەخت وە دۆزەخ بەردە))وە حەزف کراوە، ((م)) زەمیری موزاف ئیلەیهە. خەجاڵەت سەخت وە دۆزەخ بەردەم: شەرمەزاری سەختی بە دۆزەخ بردووم. واتە: ئەو شەرمەزارییە دەردادوییە کە لە چوونە دۆزەخ بۆ من سەختترە. مەولەوی لێرەدا ئەیەوێ بەو بەیانە جوان و سیحراوییەی خۆیە ئەوە بگەیێنێ کە دەرد و رەنجی شەرمەزاریی پێزانینی خودا بە تاوانباریم و تەرێقبوونەوەی حوزووری لە کاتی لێبووردنیدا، لە سزای دۆزەخ سەختترە!

هەر دەلاڵەتێش: هەر نەوازش و لاواندنێکی، واتە: جۆرە بەخشش و لێبووردنێکی خودا لە رۆژی رەستاخێزدا بۆ من.

مەلاڵەتێوەن: دەرد و پەرێشانییێکە بۆم. چونکە شاییستەی ئەو لێبووردن و بەخشینە نیم. واحدی سەوتیی ((ێوە /-ēwa/)) لە دوای وشەی ((مەلاڵەت))ەوە نیشانەی نەکارەتە. هەندێ جار ((وە /-wa/)) بۆ تەخفیف حەزف ئەکرێ وەها کە لە تەرکیبی ((هەر دەلاڵەتێش))دا ئەکەوێتە پێشچاو. واحدی سەوتی ((ەن /-an/)) رابیتی زەمانی حاڵە.

---

(1) سیفەتی فاعلی و سیفەتی مازیی ساز و سیفەتی لە ریشەی لازم یەک ساختمانیان هەیە، بە پێی مانای جوملە لەیەک جیا ئەبنەوە.

هەر لوتفیش: هەر خۆشەویستی و میهرەبانییێکی.

پەرێم: بۆم. ((پەرێ)) پیتی ئیزافەیە و ((پەی))یش هەر بەو مانایەیە.

خەجاڵەتیوەن: تەرێقبوون و، شەرمەزارییێکە.

**پوختەی مانا:**

لەو کاتەدا کە بە سەرلەبەری لە حوزووریدا ئەوەستم و بیر لە کردەوەی خراپی رابووردووم ئەکەمەوە و ئەو حاڵەتە سەختە کە لە چوونە دۆزەخ بۆم سەختترە ئەگرمە پێشچاو، هەر دڵنەوازییێکی بۆم لە تەریقیدا دەرد و رەنجێکە و هەر میهرەبانییێکی شەرمەزارییێکە.

**هەوای وەش نەسیم وەسڵی و حوزووری**
**سەمومەن پەرێم چون شنۆی دووری**

هەوای وەش نەسیم-: شنەی شەماڵی فەزای خۆشی-

وەسڵی و حوزووری: کە لە شەوق و شادیی کۆبوونەوە و لە حوزووربووندا سەرچاوە ئەگرێ-

سەمومەن پەرێم: ئاگراوی و سووزێنەرە بۆم.

چون: ئەداتی تەشبیهە.

شنۆ: هاتنی بای یەواش و لەسەرخۆ و نەرم و نیان.

((شنە))ش هەر بەو مانایە. لە فارسیدا ((وەزش /wazeš/)) (= wazíš) ئەوترێ. برێ جار ((شنۆ)) یا ((شنە)) بۆ ئەو جۆرە بایە بەکار ئەبرێ وەها کە مەولەوی لێرەدا بەکاری بردووە. واتە: ئەو شەرمەزارییە شنەی بای خۆش و فێنکی کاتی وەسڵی ئازیزی لێ کردووم بە بای ئاگراوی و سووزێنەری دووری.

**پوختەی مانا:**

ئەو شەرمەزارییە هەوای خۆش و دڵرفێنی فەزای وەسڵ و کۆبوونەوەی وەك هەوای دووری لە ئازیز بۆم تاڵ و ژاراوی کردووە.

هـــای نـــایی، نـــاییٚ! موتریـــب مـــەقامیٚ!

موغـــــەننی تـــــەرزیٚ! ســـــاقییا جـــامیٚ!

های: ئامرازی بانگکردنە لە کاتی داماویدا بەکار ئەبریٚ.

نایی: ناوی مەنسووبە مانای سیفەتی فاعیلی یا سیفەتی موتڵەق ئەدا، چونکە پاشگری ((ی /آ/)) لە دوای ناوی ماناوە هەندێجار نیشانەی مانای وەسفییە، وەك: جەنگی، بەزمی (= جەنگ کەر، بەزمگر). کە وابوو ((نایی)) بە مانای ((نەی ژەن))ە. لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە مەبەست لە وشەی ((نای))، ئەو شتە کون کونە نییە کە فووی پێدا ئەکریٚ و بەهۆی گرتن و بەردانی ئەو کونانەوە ئەو دەنگە تایبەتییانەی لێیەوە دەرئەکەویٚ، بەڵکە مەبەست فەنن و هونەرێکە کە ئەو دەنگە جوان و دڵڕفێنانە لەو شتەوە ئەهێنێتە دی کە وابوو وشەی ((نایی)) ناوی مانای مەنسووبە کە دوروستە مانای وەسفی لیٚ بگیریٚ و بە مانای ((نەی ژەن)) واتە: خاوەنی هونەری نەی ژەندن و بلوێر لێدان بیٚ.

ناییٚ: نەواییٚ، واتە: ئاهەنگێکی. ((یٚ)) لە دوایەوە نیشانەی نەکارەتە. ئەمەش بەڵگەیێکە بۆ ئەو مانایە کە لە وشەی ((نایی)) ئیعتبار کرا.

موتریب: بەزمگێڕ.

مەقامیٚ: بەزمیٚ، ئاهەنگیٚ.

موغەنني: ئاواز خوێن، گۆرانی وێژ. لە سیاقی نیدادا قەراری گرتووە. واتە: های موغەنني!

تەرزی: ئاوازیٚ، واتە: مەقامیٚ بخوێنە.

ساقییا: ئەی مەیگێڕ. پیتی ((الف)) لە دوایەوە نیشانەی نیدایە. ((ی))ش نەخشی فاسیلی هەیە، واتە: بۆ جیاکردنەوەی دوو موسەوویتی: ((ی /آ و ا/ā)) هێنراوە.

جامیٚ: پیاڵەیێ، واتە: ئەی ساقیی تۆش جامیٚ مەیم پیٚ بدە. ((یٚ))ی نیشانەی نەکارەت لە دوای ((جام)) و وشەکانی ئەم هۆنراوەوە، بۆ گەیاندنی مانای گەورەیی و گرنگایەتی هێنراوە.

**پوختەی مانا:**

هاوارە نەیژەن! دەنگیٚ لە نەیەکەتەوە بێنە و موتریب ئاهەنگیٚ بگێڕە و گۆرانیوێژ گۆرانییێك بێژە و مەیگێڕ دەخیلە جامیٚ مەیم بدەریٚ.

**تا دەماخ نەی بەزم نەشئەیێ سانۆ**

**وە زیندە مانۆ تا ئەبەد مانۆ**

تا: ئامرازی پەیوەندە و مانای عیللەت ئەگەیێنیٚ.

دەماخ: مەبەست رەوانیی ئینسانییە.

نەی: لەم، لە ئەم. ((نە)) پیتی ئیزافەیە. ((ی)) کورتکراوەی ((ئی)) ناوی ئیشارەیە.

بەزم: ئاهەنگ. کۆڕی ساز و ئاواز.

نەشئەیێ: سەرخۆشییێك، خۆشحاڵییێك.

سانۆ: بسێنیٚ. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((سانای)) (سەندن)، واتە: لەو بەزمە خۆشی و لەززەتیٚ بهێنێتە دەس.

مانۆ: بمێنیٚ. واتە: بەڵکە ئەو شەرمەزاری و خەجاڵەتییە لە ناوی نەبا و بمێنیٚ و لەناو نەچیٚ بەڵام چ جۆرە مانیٚ-

تا: پیتی ئیزافەیە و مانای غایەت و نیهایەت ئەدا.

ئەبەد: هەمیشە، هەتاهەتایە.

وە زیندە مانۆ: بە زیندوویی بەو نەشئەوە بمێنیٚ. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامییە لە ریشەی ((وە زیندە مەنەی)) (بە زیندوومان) پیتی ئیزافەی ((وە)) (بە) بۆ گەیاندنی مانای تەئکید هێنراوە. واتە: بەو نەشئەیە ژیانێکی هەمیشەیی

وەها بێنێتە دەس کە مەشموولی مەزموونی: ((وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ)) بێ نەك لە گرۆی ((وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ))[1]

**پوختەی مانا:**

تا ڕەوانم لەو بەزمەدا نەشئەیێ بگرێ و لەناو نەچێ و بمێنێ و هەتاهەتایە بەو نەشئەیەوە زیندوو بێ.

**شــــنۆش نـــەو دەمـــدا نـــەی دڵـــەی تەمـــدا**

**ڕیشـــــەی ویــــر غـــــەیر بـــــدۆ وە هەمـــــدا**

شــنۆ: شــنــە. هــاتنی بــای فێنــك و ئــارام. بــەو جــۆرە بایــە ((نەســیم)) و ((شەماڵ))یش ئەوترێ. ((ش)) لـە دوایـەوە زەمـیری سێیەم ئەندامی موفرەدە و ئەگەڕێتەوە بۆ ((شنۆ)).

نەو: لەو. کورتکراوەی ((نە ئەو)) (لە ئـەو)ە. ((نــە)) پـیتی ئیزافـە و ((ئـەو)) ناوی ئیشارەیە.

دەم: وەخت، کـات. ((ە))ی نیشـانەی ئیشـارە لەبـەر زەروورەتـی شیعری لە دوایەوە حەزف کراوە. لە ئەسڵدا ((نەو دەمە)) بووە.

دا: پیتی نیشانەی زەرفییەتە لە دوای مەدخوولی ئیزافەوە ئەهێنرێ.

نەی: لەم. کورتکراوەی ((نەئی)) تیپی هەمزە بۆ سووکی فڕە دراوە، بووە بە: نەی.

دڵە: بچووککراوەی ((دڵ))ە، واتە: دڵی بچووك و بێ بایەخ. ((ی)) لە دوایـەوە نیشانەی تەوسیفە.

تەم: بە مانای بوخاری ئاوە کە بەرز ئەبێتەوە و هەوری لـێ دێتـە دی. وشـەی تەم لێرەدا بە مانای: ((تەماوی)) یا ((تەم گرتوو))ە چونکە نـاو نـاگونجێ ببێ بە

---

(١) ڕووگەلێ لەو ڕۆژەدا سپی و لە تەماشای جەماڵی پەروەردگاری خۆیان شادن و ڕووگەلێکیش ڕەش و شەرمەندەن. ئایەگەلی: ٢٣، ٢٤، ٢٥ لە سورەتی ((القيامة)).

سیفەت بەڵام بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە دوروستە لە جێی سیفەت بەکار ببرێت. ((دا)) لە دوایەوە نیشانەی زەرفییەتە.

وشەی ((تەم)) لە هۆنراوەکانی مەولەویدا زۆر بەکار براوە، هۆی ئەوەش ئەمەیە کە ((تەم)) نیشاندەری خەم و پەژارە و ناکامییە، وەها کە لە فۆلکلۆریشدا هاتووە: من و ((دەماوەن)) شەرتێمان کەردەن: ئەو ((تەم)) و من خەم تاوە رۆی مەردەن. لە لایێ تریشەوە، وەکو وتوومانە، مەولەوی جگە لە سیفەتە بارزەکانی تری شاعیرێکی نیشتمانی بووە، واتە: عاشقی سوروشتی جوان و دڵڕفێنی کوردستان بووە، ئەو ستاییشە ئەو لە نیشتمانەکەیەوە، کردوویە، لام وا نییە لە شوێنەواری شاعیرێکی تردا ببینرێ. مەولەوی لە ژیانیدا سەختی و ناکامی زۆری کێشاوە شیعرەکانی نوێنگەلێکی تەواوی ئەو خەم و پەژارە دڵتەزێنانەن کە لەو سەختی و ناکامییانەوە بۆی هاتوونەتە دی. ئینجا تەماشای دیمەنە خەمگینەکانی تەم و مژی سەر لووتکەی شاخ و کێوە بەرزەکانی کوردستان کە لە رۆژانی بارانیی وەرزی پاییزدا لە دوورەوە خۆیان ئەنوێنن، شوێنێکی گەورە و گرنگیان کردووەتە سەر بیری شاعیرانەی مەولەوی و هەستی ناسك و لەتیفیان وەها بۆ لای خۆیان راکێشاوە، وەك ئەوە کە ئەو دیمەنانە ئاوێنەیێکی نیشاندەری تەواوی ئەو حاڵەتە خەمگین و پڕ لە پەژارەی دەروونی خۆین کە بە چاوی سەر تەماشایان ئەکا و ئەڵێ:

ویر: بیر، فیکر، یاد. غەیر: دیگەر، دیکە، ئیتر. مەبەست لە مەزموونی تەرکیبی ئیزافی ئیستعاری: ((ریشەی ویر غەیر)) بە زاراوەی سۆفییان، فەنای ئەتەممە، واتە: خۆشی و شادیی ئەو بەزمە وای لێ بکا بێجگە لە یادی خودا یادی کەسێ یا شتێکی تر نەیێ بە دڵیا.

بدۆ وەهەمدا: بدا بەیەکدا. واتە: هەڵی کەنێ. کردەوەی مورەککەبی موزاریعی ئیلتزامییە لە ریشەی ((وە هەمدای)) (تێکدان، لەیەکدان). کینایەیە لە نابوودکردن و لەناوبردن. ((دا)) نیشانەی زەرفییەتە.

پوختەی مانا:

خۆشی و لەززەتی ئەو بەزمە، لەو کاتی (وەسڵ)ەدا ریشەی یادی غەیر لەم دڵە تەم گرتوو (پەرێشان)ی منەدا لە بن دەربێنێ و بیرم تەنیا مەحوی جەماڵی ئەو بێ.

بەڵ دڵەی چەن ساڵ ئینتزارەکەش
لەززەتێ بەرۆ جە دیدارەکەش

بەڵ: پیتی پەیوەندە و مانای ئومێد و تەوەققوع ئەگەیێنێ. ((بەڵکە، بەڵکو))ش ئەوترێ.

چەن ساڵ ئینتزار: سیفەتی مورەککەبە بۆ ((دڵە)) کە ناوی بچووککراوەیە، واتە: دڵی چەن ساڵ چاوەڕوان. وشەی ((ئینتزار)) بە مانای ((مونتەزیر))ە و بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە بە سوورەتی مەسدەر هێنراوە. پاشگری تەعریفی ((ەکە)) لە دوای ئەو تەرکیبەوە بۆ تەئکیدی مانای تەحقیرە. زەمیری ((ش))[1] ئەگەڕێتەوە بۆ ((زات)) کە مەبەست زاتی خودایە.

لەززەتێ بەرۆ: خۆشییێکی پێ بگات. لەززەتێ ببات. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامی موزاریعە لە ریشەی ((لەززەت بەردەی)) (لەززەت بردن). نیشانەی نەکارەتی ((ێ)) لە دوای ((لەززەت))ەوە، بۆ نیشاندانی گرنگایەتیی ئەو لەززەتەیە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

دیدار: ناوی مەسدەرە لە ریشەی فارسی ((دیدەن)) (دیتن) کە بە مانای چاوپێکەوتن و رووبەڕووبوونە. وشەی ((دیدار)) ئەگونجێ لە ئەسڵدا ((دیار)) بووبێ لە ریشەی ((دیەی)) (دیتن)ی گۆرانی. هێنانی پاشگری تەعریفی ((ەکە)) لە دوایەوە، بۆ گەیاندنی مانای ((عەهد))، واتە ئەو چاوپێکەتنە کە خودا لە رۆژی

---

(١) زەمیری ((ش)) ئەگەر لە دوای صامیت یا نیم موسەوویتەوە بهێنرێ بە ((=ش /iš-/)) دەرئەخرێ. وەك: ((دەسش /das-iš-/)).

قیامەتا وادەی داوە و چەن ساڵە چاوەڕوانیی ئەکەم، واتە: بە تەمای ئەوەم کە ژیانم دوایی بێت و قیامەت بێتە پێشەوە و بە دیداری پەروەردگار شاد ببمەوە.
زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ زاتی خودا.

**پوختەی مانا:**

بەڵکە دڵی هەزار و چەن ساڵ چاوەڕوانی چاو پێکەوتنی، لەززەتێ ڕەوانیی لە جەماڵی ببا.

## پارچەی پانزەهەم

چە من تا دووریی ئەر سەد فرسەنگ بۆ
ئەر بۆ ڕازیی بوو زوانم لەنگ بۆ

جە: لە. پیتی ئیزافەیە و مانای ئیبتدا و ئیتتسال ئەگەیێنێ. پاشگری ((ەوە)) کە نیشانەی گەیاندنی ئەو دوو مانایەیە، لە دوای مەدخوولی ((جە))وە کە بریتییە لە ((من)) لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە.

تا: پیتی ئیزافەیە و مانای نیهایەت و غایەت ئەدا.

دووریی: ناوی مەسدەرە بەڵام لێرەدا تەشبیه کراوە بە دوژمن و ناحەزێ کە هەمیشە هەوڵ بدا تەگەرە و دووبەرەکایەتیی بخاتە نێوان عاشق و مەعشووقەوە کە لە زاراوەی شاعیراندا بە ((رەقیب)) ناو ئەبرێ.

ئەر: سووککراوەی ((ئەگەر))ە و ئامرازی شەرتە.

سەد: ناوی ژمارەی ئەسڵییە، لێرەدا کە لەگەڵ ((فرسەنگ))دا تەرکیب کراوە بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە بێ نیهایەتیی غایەتدا هێنراوە.

فرسەنگ: فرسەخ. ناوی ئەندازەیە و بۆ مەسافەتێ بەکار ئەبرێ کە نزیکەی دوانزە هەزار گەز بێ.

بۆ: بێ. کردەوەی رابیتی موزاریعی وەجهی شەرتییە لە ریشەی ((بیەی)) (بوون). موسنەد ئیلەیهی ئەو جوملە شەرتییە بریتییە لە ((مەسافە)) واتە: ئەگەر مەسافە لە منەوە تا ((دووریی))، سەد فرسەخ بێ-

ئەر: ئەگەر. ((بۆ)) کورتکراوەی کردەوەی مورەککەبی ((مومکین بۆ))یە. واتە: ئەگەر بشێ، ئەگەر بگونجێ، ئەگەر مومکین بێ.

رازی بوو: رازی بم. جوملەی شەرتی ((ئەگەر بگونجێ رازی بم))یش بۆ گەیاندنی مانای غایەتی بێ نیهایەتە لە رازیی نەبووندا.

زوانم لەنگ بۆ: زبانم لاڵ بێ. جوملەی دۆعاییە و ئەبێتە وەڵامی شەرت. مەزموونی ئەم جوملەیەش هەر بۆ گەیاندنی مانای موبالەغەیە لە رازینەبوون لە دوورکەوتنەوە لە مەسافەی سەد فرسەخی لە ((دووری)). مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا بەو شێوە بێ وێنەی خۆیە ئەیەوێ ئەو پەڕی بێزاریی خۆی لە دووریی دیداری دۆست دەربڕێ بەڵام چۆن دەربڕینێ؟! دەربڕینێکی وەها کە لە توانایی کەسێکی ترا نییە ئەو مانا دەروونییە گەورە و گرنگە لە چوارچێوەی تاقە هۆنراوێکا وەها دەرخا کە هەر کەسێکی خاوەن زەوق لە کاتی خوێندنەوەی هۆنراوەکەدا...

**پوختەی مانا:**

ئەگەر فاسیلەی نێوانی من و ((دووری)) سەد فرسەخیش بێ، ئەگەر پێی رازیی بم، یاخودا زمانم لاڵ بێ. مەولەوی پاش ئەوە لەو تاقە هۆنراوەیەدا بەو بەیانە سیحراوییە سەرسووڕهێنەرە، رق و بێزاریی خۆی تەنانەت لە وشەی ((دووری)) دەربڕی و روونی کردەوە کە تا چ رادەیێك حەز ناکا لە دۆست و هاوەڵانی خۆی دوور بکەوێتەوە، ئەیەوێ عوزری بە بەڵگە بهێنێتەوە بۆ ئەو دۆستی خۆیە کە چۆن بووە ماوەیێك لەو دۆستی خۆیە دوور کەوتووەتەوە لە کاتێکا خۆیشی حەزی لەو دوورییە نەکردووە، ئینجا بەڵگەکەی بەم چەشنە دەس پێ ئەکا و ئەڵێ:

بـــەڵام چـــێش کـــەروون؟ بـــەڵام هـــامڕازەن!

فەڵـــەک کەڵەکچـــین چـــەنیم کەچـــبازەن

بەڵام: ئەداتی رەبتە و مانای ئیستدراك ئەگەیێنێ.

چێش کەروون: چی بکەم؟ تەرکیبێکـە لـە کـاتی ناچاری و بـێ دەسـەڵاتی لـە زەمـانی حاڵـدا بـەکار ئـەبرێ. ((ن)) لـە دوای ((کـەروو))ەوە، نەخشـی بەسـتنی موسەوویتی هەیە.

بەڵا: دەرد، موسیبەت، گیرۆدەیی. رەنج. سەختی. زەمیری ((م)) لە دوایـەوە، لـە ئەسـڵدا مـوزاف ئیلەیهـە بـۆ ((هـامڕاز)) کـە لـە دوایـەوە دێ، ئەسـڵەکەی بـەم چەشنەیە: بەڵا هامڕازمەن (بەڵا هاوڕازمـە). جوملـەیێکی ئیسـنادیی زەمـانی حاڵـە. مەبەست لە ((بەڵا)) و وێنەکانی وەك: موسیبەت، دەرد، رەنج لە زاراوەی شاعیراندا عیشق و ئەوینە هەروەها کە وشەگەلی: زاڵم، قاتل، رێگر و وێنەکانیان بۆ مەعشووق بەکار ئەبرێ.

لە نێوان ((بەڵام))ی یەکەم کە وشەیێکی بەسیتە و ((بـەڵام))ی دووەم کـە لـە دوو وشە تەرکیب کراوە، بە پێی قەواعیـدی عیلمـی ((بـەدیع)) سـەنعەتی جیناسـی ناقیس بەکار براوە.

فەڵەك: گەردوون. کینایەیە لە رۆژگار.

کەڵەکچین: فێڵباز. ئەگونجێ سیفەت بێ بۆ ((فەڵـەك)) یـان موسـنەد بـێ و بـە قەرینەی زەمیری رابیتی جوملەی دوایی، رابیتی ((ەن)) لـە دوایـەوە حـەزف کرابـێ کە بەم جۆرە بووبێ: فەڵەك کەڵەکچینەن (فەڵەك فێڵبازە).

چـەنیم: لەگـەڵم. ((چـەنی)) پـیتی ئیزافەیـە و مانـای موسـاحەبە ئەگـەیێنێ. چونکە تەکیە دراوەتە سەر هیجای دووەم.

کەچبازەن: کەچبازە، ناڕاستە، واتە: لەگەڵما بەڕاستی نابزوێتـەوە و کۆسـپ و گرێ ئەهێنێتە رێم بۆیێ لێت دوور کەوتوومەتەوە.

پوختەی مانا:

بەڵام چ بکەم. گیرۆدەی بەڵا و موسیبەتم و ڕۆژگار بە مەیل و ئارەزووی خۆم بۆم نایێتە پێشەوە؟

گـــاز مەینـــــەتش ئیســـــتخوان کـــــاوان

((زیـــا))ی دیـــدە و دڵ مـــەگێرەم تـــاوان!

گاز: بە دوو مانا هاتووە، یەکەم بە مانای قەپگرتن بە ددان کە ئەبێتە ناوی مانا. دووەم بە وەسیلەیێك ئەوترێ کە بزمار و مێخی پێ دەرئەکێشرێ و شتی پێ ئەگوشرێ. لێرەدا ڕەنگە مەبەست مانای دووەم بێ، بە هەردوو مانا، ئیزافەی گاز بە ((مەینەت)) ئیزافەی ئیستعارییە.

مەینەت: میحنەت، زەحمەت، ڕەنج. زەمیری ((ش)) لە دوایەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ((فەڵەك)).

ئیستخوان: پێشە، ئێسقان.

کاوان: هێناوەتە ئێش. کردەوەی مازیی نەقڵییە لە ریشەی ((کاوای)) (هێنانە ئـێش)، واتـە: گـازی ڕەنـج و زەحمـەتی فەڵـەك ئێسـقانی گوشـیوم و هاڕیویـە و هێناویەتە ئێش. دەرد و ڕەنجێ کە مەدلوولی ((کاوین)) بێ لـە دەرد و ڕەنجێ کە مەدلوولی ((ئێشان)) بێ، سەختتر و دەردناکترە، بۆیێ مەولەوی بۆ ئەو دەرد و ڕەنجە کە ((فەڵەك)) تووشی کردووە، کردەوەی ((کاوان)) بەکار ئەبا چونکە ئەو کردەوەیە ئێشی پەنهانی و دەروونیی بە ئێسقان ئەگەیێنێ و بە سوورەتی جەعلیش بەکار ئەبرێ و ئەوترێ ((کاونای)) (کاواندن) لەم حاڵەدا زۆرتر مانای لازم ئەدا. مەبەست لە مەزموونی ئەو نیوە هۆنراوەیە ئەوەیە کە عیشق و ئەویني مەعشووق شوێنی کردووەتە سەر تەواوی ڕێزە و پێزەی وجوودم.

زیای دیدە و دڵ: ئەی ڕووناکی چاو و دڵم: لە بەکاربردنی وشەی ((زیا))دا سەنعەتی ئیهام بەکار براوە، چونکە هەم مانای ڕووناکی ئەگەیێنێ و هەم جۆرێ

لەقەبی شێخ عومەر ((زیائەدین)) برای بچووکی ((شێخ محەمەد بەهائەدین))ە.
مەولەوی ئەم پارچەیەی لە وەڵامی نامەی ئەو شێخ عومەرەدا نووسیوە کە گلەیی لە مەولەوی کردووە کە نەچووە بۆ لای[1].

مەگێرەم تاوان: تاوانم مەگرە. تاوانکارم مەزانە. کردەوەی مورەککەبی مەنهییە لە ریشەی ((تاوان گرتەی)) (تاوان گرتن) واتە: لەبەر ئەوەی کە وتم بە تاوانکارم مەزانە کە نەهاتووم بۆ لات.

**پوختەی مانا:**

ئەی ((رووناکی))ی چاو و دڵ! ئەگەر نەمتوانیوە بێم بۆ لات، بە تاوانکارم مەزانە چونکە فشاری مەینەت و ستەمی گەردوون ئێسقانی بە تەواوی هاڕیوم و لەبەر ئێش هێزم تێدا نەماوە.

مەولەوی ئەیەوێ کارەساتی فێڵبازیی گەردوون کە بووەتە هۆی ئەو ئێش و رەنجە سەختە، بە چەشنێکی بێ وێنە لە عالەمی خەیاڵدا بپەروەرێنێ و بەو هونەرە جوانەی خۆیە بیهێنێتە قاڵبی لەفزەوە و بیکاتە بەڵگەی ئەوە کە نەیتوانیوە بچێ بۆ لای ئەو دۆستەی، ئینجا پەروەراندنی ئەو کارەساتە خەیاڵاوییەشی بەم جۆرەیە کە وەکو هەمیشە چەن شەخسییەتێ لە ووجوودی خۆی دورووست ئەکا و، ((خۆی)) بە شەخسییەتێ دائەنێ کە ئەو شەخسییەتە دوروستکراوانە بە زاراوەی زانایانی عیلمی کەلام سەبارەت بە ((خۆی)) نە دۆخی خۆی بن[2] و نە لە خۆیشی جیا بن، ئەو شەخسییەتانەش ئەمانەن: لەم، گیان، هۆش، بیر، خەیاڵ، دڵ، جەرگ، چاو، فرمێسك، خوێن، حەرارەت، رتووبەت، هەناسە، برژانگ، گۆشت، پێست، ئێسقان و ئەندامەکانی تری پەیکەری، ئینجا ((خۆی)) کە لە راستەقینەدا شەخسییەتێکی

---

(١) مامۆستا مەلا کەریم لە لاپەرەی ١٥١ی دیوانە چاپکراوەکەی مەولەویدا نیشارەی بەو مەبەستە کردووە، بەڵام ناوی شێخ بەهائەدینی نەبردووە.

(٢) هەندێ لە زانایانی عیلمی ((کەلام)) لە تاریفی زات و سیفاتی خودادا وەها بیروڕایان دەرخستووە کە سیفاتی خودا نە عەینی زاتی خودان و نە غەیری زاتی خودان بەڵکە ئەو سیفاتە لەگەڵ زاتی خودادا جۆرە پەیوەندییێکیان هەیە کە وەك پەیوەندیی زات و سیفاتی مەوجوداتی عالەمی ئیمکان نییە!

پێك هاتوو لەو ئەندامانەیە، بە شەخسییەتێكی جیاواز دائەنێ كە فەرمانڕەوایی بەسەر ئەو شەخسییەتانەدا هەبێ، وەها كە لەم پارچە هۆنراوەیەدا ئەو مەبەستەمان بە جوانیی بۆ دەرئەكەوێ كە ساختمانی پەیكەری خۆی بە ساختمانی قەلاَیێك ئەچوێنێ كە پێكهاتبێ لە بورج و شوورە و بازاڕ و دووكانێك كە لەو بورجەدا ئێشكچی و لە دووكانی ئەو بازاڕەدا، كالاَی جۆر بە جۆر هەبێ، ئینجا لافاوێ بێت و بورج و بارووی ئەو قەلاَیە وێران كا و دایماڵێ و دووكان و بازاڕی ئەو قەلاَیە بە بێ ئێشكچی و پارێزەر بمێنێتەوە و جەردە كە بریتییە لە مەعشقووق، بە هەلی بزانێ و تەواوی كالاَ و نەختینەی ئەو دووكان و بازاڕە كە بریتییە لە گیان و دڵی، تالاَن كا.

لێرەدا پێویستە ئەوە دەرخەین كە مەولەوی لە دوو جوزئی ئەو تەشبیهە مورەككەبەدا دوو سەنعەتی ((تەعمیم)) و ((تەجرید))ی بەكار بردووە: لە جوزئی ((دووكانچەی بەدەن)) مانایێكی عامی گرتووەتە پێشچاو كە بریتییە لە مەكانێكی مەحدوود كە هەموو جۆرە شتێكی تێدا جێ ببێتەوە. لە جوزئی ((كالاَ))ش مانایێكی تری ئیرادە كردووە كە بریتی بێ لە ئینسان كە گیاندار تا دورووست بێ ((ناڵچە))ی بۆ بەكار ببرێ چونكە ناڵچە بۆ كالاَی بە مانا شتومەك و ئەسبابی بێ گیان یا گیانلەبەری غەیری ئینسانیش بەكار نابرێ بەڵكە بۆ كەوشی ئینسان بەكار ئەبرێ، دیارە ئەگەر ئەو تەئویلە نەگرینە پێشچاو، با وەكو ئەو تەشبیهە مورەككەبە لە مەزموونی پارچە هۆنراوەیەكدا تێكڕایی زۆر جوانە، بەلاَم لەو دوو جوزئەدا قاعیدەی سەنعەتی تەشبیه ناكەوێتە پێشچاو. جگە لەوەش كە وێژرا، كاتێ ئەو تەئویلە رەخنەیێكی لێ ناگیرێ كە لە كردەوەی ((بەردەوێ)) (بردبووی)، مانای ((ئەسیركردن و بەدیل گرتن)) بگرین چونكە مانای دزین و تالاَنكردن و بردن، كەمتر بۆ ئینسان بەكار ئەبرێ، بەڵكە ئەسیركردنی بۆ بەكار ئەهێنرێ.

قـــەڵای ویـــرم ســـەیل هوونـــاو بـــەردەوێ

بـــورج ئاگـــاییم وێـــران کـــەردەوێ

کێشکچـــی خـــەیاڵ خـــەم فـــام ســـەندەوێ

دووکانچـــەی بـــەدەن بـــێ کـــەس مەنـــدەوێ

قەڵا: قەلعە. دز، دژ. بە ساختمانێ ئەوترێ کە دانیشتووانی لە پەلاماری دوژمن بپارێزێ. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ویر: بیر. هۆش. ((م)) لە دوایـەوە زەمـیری یەکـەم ئەنـدامی مـوزاف ئیلەیهـە. ئیزافەی ((قەڵا)) بە ((ویر)) تەشبیهییە.

سەیل: لافاو، سێڵاو.

هووناو: خوێناو. مەبەست خوێنی دڵە کە لەگەڵ ئاوی فرمێسکدا تێکـەڵ بـبێ و لە کاتی گریاندا لە چاوەوە، سـەرەوژێر بـبن. تـەرکیبی ((سـەیل هوونـاو)) (لافـاوی فرمێسکی خوێنین) تەرکیبێکی ئیزافی بەیانییە، واتە: لافاوێ کە خوێناوە.

بەردەوێ: بردبوو. کردەوەی مازیی دوورە لە ریشەی ((بەردەی)) (بردن).

بورج: خانووێکی مەخرووت و مەحکەم و بەرزە کە لە چوارگۆشـەی ((قـەڵا)) و سەربازخانەدا دوروست ئەکرێت و کێشکچی شەو و رۆژ تێیدا کێشك ئـەدا تـا دوژمـن نەتوانێ بۆ ئەو قەڵایە یا ئەو سەربازخانەیە هێرش بهێنێ.

ئاگاییم: خەبەرداربوونم، ئاگاداربوونم. واتە: بورجێ کە جێگای کێشکچی قەڵای بەدەنم بوو.

وێران کەردەوێ: وێران کردبوو. واتـە: ئـەو لافـاوە خوێناوییـە بـورجی قـەڵای بەدەنمی وێران کردبوو. مـازیی مورەککـەبی دوورە لـە ریشـەی ((وێـران کـەردەی)) (وێرانکردن).

کێشکچی خەیاڵ: ئیزافەی بەیانییە، واتە: کێشکچییێك کە بریتییە لە خەیاڵم.

خەم: پەژارە، خەفەت. فاعیلە بۆ کردەوەی ((بەردەوێ)) کە لە دواوە، دێ.

فام: فەهم، شعوور، دەرك. مەفعووله بۆ فاعلی ((خەم)). زەمیری ((ش)) له دوایەوه لەبەر زەروورەتی شیعریی حەزف کراوه، له ئەسڵدا بەم چەشنەیە: فامش (فامی).

سەندەویٚ: سەندبوو. کردەوەی مازیی بەعیده له ریشەی ((سەندەی)) (سەندن). واته: پەژارەی ویرانبوونی بورجی ئاگاییم له ترسی هاتنی ئەو لافاوه خوێناوییەدا، فام و شعووری کێشکچی خەیاڵمی نەهێشتوو بوو، ئیتر هۆشی به لای ئەوەوه نەمابوو که لەم وەختەدا رەنگه دوژمن هێرش بباته ناو قەڵای بەدەنمەوه و، هەرچی تێدایە، ببیا.

دووکانچەی بەدەن: دووکان. دووکانی بچووکی بەدەنم.

بیٚ کەس مەندەبیٚ: بیٚ خاوەن، بیٚ کێشکچی مابوو. واته: لەبەر کێشکچی خەیاڵم له ترسی ئەو لافاوەدا هۆشی به خۆیەوه نەمابوو و لەسەرخۆی چوو بوو، دووکانچەی قەڵای لاشەم به بیٚ خاوەن و به بیٚ پارێزەر مابووەوه.

**پوختەی مانا:**

قەڵای بیر و هۆشم لافاوی خوێناوی فرمێسك بردبووی، بورجی ئاگاداریمیشی وێران کردبوو، پەژارەی ترسی ئەو لافاوه فام و شعووری به کێشکچی خەیاڵم نەهێشتبوو ئیتر کەسیٚ نەبوو له دووکانچەی بەدەنم پاسەوانی بکات.

**فرسەت زاناویٚ تەریدەی قاتڵ**
**یەکسەر بەردەویٚ کاڵای گیان و دڵ**

فرسەت زاناویٚ: به هەلی زانی بوو. کردەوەی مورەککەبی مازیی دووره له ریشەی: ((فرسەت زانای)) (به هەل زانین).

تەریدەی قاتڵ: تەریده لێرەدا به مانای جەردە و، تاڵانکەر و، رێگره. تەرکیبی تەوسیفییە، واته: تاڵانکەری پیاوکوژ. وەها که له سەرەوه وتمان مەبەست مەعشووقه.

یەکسەر: بە تەواوی. لێرەدا قەیدی مورەککەبی چەندایەتییە.

بەردەویێ: بردبوو. کردەوەی دوورە لە ریشەی ((بەردەی)) (بردن).

کالای گیان و دڵ: مەتاعی گیان و دڵ. ئیزافەی بەیانییە، واتە: کالایێ کە بریتییە لە گیان و دڵ.

**پوختەی مانا:**

لەو حاڵەدا جەردە (مەعشووق) بە هەلی زانی بوو، هاتبوو کالای گیان و دڵی بە تالان بردبوو.

**خەبەر بیم هۆشم ئاما بە وەردا**
**ئی لا گیان، ئەولا دڵ، دام وە سەردا**

خەبەر بیم: بەخەبەر بووم، وریا بوومەوە، بێدار بوومەوە. کردەوەی مورەککەبی مازیی موطلەقە لە ریشەی ((خەبەر بیەی)) (خەبەربوون، ئاگاداربوون، بێداربوون).

هۆشم ئاما بەوەردا: هۆشم هاتەوە بە بەردا، کردەوەی مورەککەبی مازیی موطڵەقە لە ریشەی ((هۆش بە وەردا ئامای)) (هۆش بە بەردا هاتن) کە بە مانای بێداربوونەوەیە. واتە: پاش ئەو کارەساتە، وریا بوومەوە و هاتمەوە سەرخۆ. حاڵم هاتەوە سەرخۆ.

ئی لا گیان: ئەو تەرکیبە کورتکراوەی ((بە ئەم لادا روانیم بۆ گیان نەبوو))یە.(*)

ئەو لا دڵ: کورتکراوەی ((بە ئەولادا روانیم بۆ دڵ نەبوو))(*) ئەو تەرکیبە زاراوەیێکە بۆ لەدەسدانی کوت و پڕی چەن شت بەکار ئەبرێ. دیارە بەکاربردنی ئەم جۆرە زاراوە پڕ مانایانە لە هۆنراوەدا کارێکی ئاسان نییە و تەنیا مەولەوی توانیویە ئەو هونەرە گەورەیە لە خۆیەوە نیشان بدا.

---

(*) زاراوە گۆرانییەکەی بەم جۆرەیە: پی لارە دیان گیان نەبێ. پەو لارە دیان دڵ نەبێ.

دام وه سه‌ردا: دام به سه‌رمدا. واته: به‌م لا و به‌و لای خۆمدا روانیم نه گیانم مابوو نه دڵم مابوو، له خه‌فه‌تدا، به هه‌ردوو ده‌ست دام به سه‌ری خۆمدا. له کورده‌واریدا باوه که‌سێ کۆستێکی بکه‌وێ یا به‌ڵایێکی تووش بێ که چاره‌یێکی بۆ نه‌دۆزرێته‌وه، له تاوی غه‌م و په‌ژاره‌دا به هه‌ردوو ده‌ست ئه‌دا له ته‌وقی سه‌ری خۆی.

بێ گومان ئه‌و که‌سانه که له ره‌سم و یاسای کۆمه‌ڵی کورده‌واری شاره‌زان، په‌ی به‌وه ئه‌به‌ن که مه‌وله‌وی له به‌کاربردنی ئه‌و ته‌رکیبه ساده و ئاساییانه له هۆنراوه‌کانیا که ده‌ریایێ مانای ورد و جوانیان تێدا شارراوه‌ته‌وه، چ هونه‌رێکی گه‌وره و گرنگی له خۆیه‌وه نیشان داوه.

**پوخته‌ی مانا:**

کاتێ وریا بوومه‌وه و هۆشم هاته‌وه جێی خۆی. روانیم نه گیانم مابوو نه دڵم، هه‌ردوکیان تاڵان کرابوون.

**لادێ ئـــێش ســـه‌خت، لادێ وه‌یـــڕۆ وه‌ی**
**واتم: چـــار نییـــه‌ن مـــه‌ر وه شـــۆن و پـــه‌ی**

لادێ: له‌حزه‌یێ، ساتێ، تاوێ.

ئێش سه‌خت: واته: تاوێ ئێشی په‌ژاره‌ی ئه‌و زیانه‌م ئه‌کێشا.

لادێ وه‌یڕۆ وه‌ی: تاوێ تریش هاوارم ئه‌کرد و ((وه‌یڕۆ وه‌ی))م ئه‌وت. ((وه‌ی ڕۆ وه‌ی)) ناوی ده‌نگی موره‌ککه‌به له کاتی کۆستکه‌وتن و تووشبوونی موسیبه‌تێکی گه‌وره و دڵته‌زێندا به‌کار ئه‌برێ. به‌کاربردنی ئه‌م زاراوه‌ش لێره‌دا له‌و هونه‌رکارییه بێ وێنانه‌یه که له سه‌ره‌وه باسمان کرد.

واتم: وتم. له ریشه‌ی ((واته‌ی)) (وتن). واته: له دڵی خۆمدا وتم.

چار نییه‌ن: چاره‌یێك نییه. کارێکم پێ ناکرێ، عیلاجێ نییه.

مه‌ر: مه‌گه‌ر. لێره‌دا ئه‌داتی ئیستیسنایه.

وه: به. پیتی ئیزافەیە.

شۆن: ئەسەر، نیشانە، عەلامەت، جێ پێ. لێرەدا مەبەست جێ پێ هەڵکردنی کەسێ یا گیانلەبەرێکە کە بە دزییەوە ڕۆیشتبێ یا چووبێ یا برابێ.

وه: به. پیتی ئیزافەیە.

پەی: شوێن، ئەسەر، جێ پێ. واتە: کارێکم پێ ناکری جگە لەوە شوێنی پێی گیان و دڵم هەڵگەم تا بزانم بۆ چ جێگایێك براون. لە کوردەواریدا باوە کە ئەگەر لە ماڵێك چوارپێیێك یا شتومەکێك بدزرێ یا بە تاڵان ببرێ خاوەنی ئەو شتە دزراوە یا بە تاڵان براوە، ئەکەوێتە شوێنی دز و تاڵانکەرەکان تا لە جێگایێکا بیاندۆزێتەوە ئەو جێگە کە ماڵە دزراو و تاڵانکراوەکەی تێدا شاراوەتەوە و دزەکان و تاڵانکەرەکان ئەیکەن بە بنکەی خۆیان پێی ئەوترێ: مەکۆ، مەکۆگە، مەکۆگا.

لێرەدا پێویستە بزانین کە یەکێ تر لە هونەرکارییە شیرین و کەموێنەکانی مەولەوی لە هۆنراوەکانیا ئەمەیە کە لە تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووسدا بۆ نیشاندانی مەبەستێکی عاشقانە یا حاڵەت و ئینفعالاتێکی شاد یا دڵتەزێن، چەن شەخسییەت لە ووجوودی خۆی یا چەن حاڵەت لە حاڵەتێك کە بۆی هاتووەتە پێشەوە لە عالەمی خەیاڵدا دوروست ئەکا و بە چەشنێکی بێ وێنە لە ڕێگای تەشبیە لە تەشبیە یا ئیستعارە لە ئیستعارەدا چۆنیەتی ئەو حاڵاتە خەیاڵییانە یا ئەو ئینفعالاتە ڕەوانییانە بەو تەشبیهات و ئیستعاراتە جوانانە ئەڕازێنێتەوە و بەو شەخسییەتە دوروستکراوانەوە پەیوەندی ئەدا و لە هۆنراوە پاراوەکانیدا بە شێوەیێکی سیحراویی ئەیگونجێنێ وەها کە لە وردکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم پارچەیە و پارچەکانی ترا، ئەوەی کە وتمان بە جوانیی بۆمان دەر ئەکەوێ.[1]

---

(١) ئیزافەی بەیانی تەشبیهی ئەوەیە کە لە بەکاربردنی تەرکیبی ئیزافیدا مانای تەشبیە هەبێ و لە هەمان کاتدا. موزاف ئیلەیە بەیانکەری ماهییەتی موزاف بێ.

پوختەی مانا:

تاویَ ئێشی سەختی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەم ئەکێشا و تاویَ تر هاوار و ڕۆ ڕۆم ئەکرد. لە دواییدا وتم: چارەیێك نییە مەگەر شوێنی گیان و دڵم هەڵگەم تا بزانم لە چ ڕێگاییێکەوە برراون.

دیـــم ناڵچـــەکەی داخ دڵـــەی پـــڕ جـــە هـــوون
شـــەقڵش هـــا نـــە رووی گـــەرد رای دەروون

دیم: دیتم، چاوم پـیَ کـەوت، روانـیم. واتـە: کـاتیَ دەسم کرد بـە گـەڕان بۆ شوێنهەڵکردنی گیان و دڵـم بـۆ ئـەوە بـزانم بـە چ ڕێگاییێکدا برراون، واتـە بـە دیل گیرراون، چاوم کەوت بە –

ناڵچە: بریتییە لە ناڵێکی بچووك کە لەو ڕۆژگارەدا، خەڵك ئەیاندا لـە پاژنـەی کەوش بۆ ئەوە کەوشـەکە نـەدڕیَ و دەوامـی هـەبیَ. ئـەداتی تـەعریفی ((کـە)) بۆ گەیانـدنی گرنگایـەتی مانـای ((عەهـد)) هێنـراوە، واتـە: ئـەو ناڵچـە مـەعرووف و مەعهوودە کە هـەمووومان ئەیناسـین و بریتییـە لـە داخـی دەروونم. ((ی)) نیشـانەی ئیزافەیە.

داخ: چەن جۆر بەکار ئەبریَ، یەکەم بۆ دەربڕینی ئاه و ناڵەی ئێش و پەژارەی دەروون لەم حاڵەدا، ناوی دەنگە. دووەم بۆ مۆرێکی ئاسنینی تایبەت کە لە نێو ئاگردا سوور ئەکرێتەوە و جێگاییێکی ئاژەڵیَ[1] و چوارپێی پـیَ داخ ئـەکریَ بۆ ئـەوە دیاری بـن و بناسـرێنەوە. لـەم سوورەتەشـدا نـاوی ئالـەت و ئـەفزارە. سێیەم بەو شوێنە سووزێنراوە ئەوتریَ کە ئەو ئاسنە سووزاندوویە. لەم حاڵەدا ناوی مـەکان یـا ناوی مانایە. چوارەم مەدلوولی بریتییە لە ئەسڵی کاری داخکردنیش، ئـەوتریَ لـەم

---

(١) لە ڕۆژگارێکا کۆیلەگرتن باو بووە، سەرمایەدارەکان و دەرەبەگەکان لـە ئامریکا و، وڵاتـەکانی تـردا کۆیلەکانی خۆیان بـە مۆرە تایبەتییـەکانی خۆیـان داخ ئـەکرد بـۆ ئـەوە دیاری بن، وە ئەگەر هـەڵبێن بیانناسنەوە!

حاڵەشدا ناوی مەسدەرە. ئیزافەی (ناڵچە) بە ((داخ)) ئیزافەی بەیانیی تەشبیهی وە ئیزافەی داخ بە ((دڵ)) ئیزافەی ئیستعارییە.

دڵە: پیتی ((ە)) لە دوایەوە نیشانەی تەسغیر و تەحقیرە. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی تەوسیفە.

پەڕ جە هوون: پڕ لە خوێن. سیفەتی مورەککەبە بۆ ((دڵە)). با وەکو ئەو سیفەتە قەیدێکی واقیعی و هەمیشەییە بۆ دڵ، واتە: دڵ هەمیشە پڕە لە خوێن و بە بەدەندا بڵاوی ئەکاتەوە، بەڵام لەو خوێنە بە مەجاز ئیرادەی دەرد و رەنج و پەژارە کراوە.

شەقڵش: شکڵی، شوێنی، ئەسەری. ((ش)) زەمیری موزاف ئیلەیهی سێیەم ئەندامی موفرەدە، ئەگەڕێتەوە بۆ ((ناڵچە)).

ها: هەیە.

نە رووی: لە رووی. پیتی ئیزافەی مورەککەبە. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

گەرد رای: گەردی رێگای: مەبەست لە گەرد خاکی کوتراو و وردکراوی رێگایە کە لەبەر زۆرایەتی هات و چووی خەڵك وەکو ئاردی لێهاتبێ. پیتی ((ی)) لە دوای ئەو تەرکیبە ئیزافییەوە، نیشانەی ئیزافە ((را))یە کە ئیزافە کراوە بە ((دەروون)).

دەروون: مەبەست دەزگای پێنج هەستی رەوانییە کە بریتین لە: حافیزە، موخەییەلە، حیسسی موشتەرەك، واهیمە، موتەسەرریفە کە ناوەندی فیعلی و ئینفعالاتی پەنامەکی ووجوودی ئینسانن، وە لەو شتانە کە پێنج هەستی رواڵەتی (زاهیری) لە جیهانی دەرەوە، وەری ئەگرن، ئەکۆڵنەوە. پێنج هەستی رواڵەتیش ئەمانەن: باسیرە، لامیسە، سامیعە، شاممە، زائیقە. بەڵام وشەی ((دروون)) لە زاراوەی شاعیراندا بۆ دڵ و جەرگ و شتانی تری ناو سك و سینە بەکار ئەبرێ.

مەولەوی لەم تەرکیبە تەشبیهییەدا، دەروونی خۆی لە عالەمی خەیاڵدا بە دەشت و کۆسارێ چواندووە کە رێگایێکی تێدا کێشرابێ و هات و چووی زۆری پێدا

کردبیٚ، ڕەنگە مەبەستی لەو ڕێبوارەش یادی مەعشووقیٚ بیٚ کە ئەوەندە بەو ڕێگایەدا هاتبیٚ و ڕۆیشتبیٚ خاکی ئەو ڕێگایەی کردبیٚ بە گەرد.

**پوختەی مانا:**

پاش ئەوە باش ورد بوومەوە، شوێنی ناڵچەی داخی کەوشی دڵم لە رووی گەردی ڕێگای دەشتی دەروونمەوە دیار بوو.

**ڕەوانتەر جە هەرس وە سەد قەترە و دەو**
**تا وە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو**

ڕەوانتەر: توندتر، سەریعتر.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

هەرس: فرمێسك. لە زمانی ئەدەبیدا ((ئەسر، ئەسرین))یش بەکار ئەبریٚ. وشەی ((هەرس)) لە زمانی وتووێژدا موئەننەسە، ((هەرس)) ئەوتریٚ.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

قەترە و دەو: تەرکیبێکە بۆ پەلەکردن لە ڕۆیشتندا بەکار ئەبریٚ. ((تەقڵەدەو، تەقڵە و دەو))یش ئەوتریٚ. ((قەترە)) بە تێی گەورە لە عەرەبیدا بە مانای توند ڕۆیشتنە. واتە: شوێنی پێی دڵم هەڵکرد و توندتر لە جەرەیانی فرمێسکی خۆم کەتمە شوێنی دڵ و گیانم...

تا: پیتی ئیزافەیە و مانای غایەت و نیهایەت ئەدا.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

مەکۆگەی: کەمینگا، هەشار. جێی خۆشاردنەوە و کەمینگرتنی جەردە و ڕێگر. ((مەکۆگا))ش ئەوتریٚ. مەبەست ئەو جێگایەیە کە مەعشووقی لێیە. واتە شوێنی پێی دڵم گەیاندە ئەو جێگایە کە مەعشووقی لیٚ بوو. پیتی ((ی)) لە دووایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ئاسانە: بەردەرگا. ((ەکە)) لە دوایەوە نیشانەی تەعریفە ((ی))ش نیشانەی ئیزافەیە.

ئەو: زەمیری موزاف ئیلەیهە، ئەگەڕێتەوە بۆ ((تەریدە)) کە مەبەست مەعشووقە.

**پوختەی مانا:**

پاش ئەوە شوێنی پێی دڵم دۆزییەوە، بە راکردنێ کە توندتر بوو لە خوڕەی فرمێسکی چاوم، بە دوویدا رۆیشتم تا جێ پێکەم گەیاندە بەردەرگای ماڵی مەعشووق.

**لالاٚم و نـــالاٚم: حاشـــــات موشـــــکڵەن**

**گیــان فیـدای تــۆ بــۆ، یــە بەڵگــەی دڵــەن**

لالاٚن و نالاٚن: واتە: بەدەم ناڵینەوە لە مەعشووق لالاٚمەوە و پاڕامەوە و، تکام لێی کرد و وتم:

حاشات موشکڵەن: لە ژێر دەرچوون و مل پێدا نەکردنی بردنی دڵ و گیانم، کارێکی سەختە و ناتوانی ئینکاری بکەی.

گیان فیدای تۆ بۆ: گیان بە فیدای تۆ بێ. ئەگونجێ جوملەیێکی دۆعایی بێ، واتە یاخودا گیانم بە قوربانت بێ، بە قوربانت بم! لەم سوورەتەدا بە قاعیدەی عیلمی بەدیع، ئەو جوملەیە ئەبێ بە جوملەی ((حەشو)). ئەشگونجێ کە جوزئی مەزموونی هۆنراوەکە بێ، لەم سوورەتەدا مانای ئەو نیوە هۆنراوەیە بەم چەشنەیە: چش لە گیانم فیدای سەرت بێ و نامەوێ، بەلاٚم بۆ بردنی دڵ بەڵگەم هەیە چونکە شوێنی پێیم هەڵکردووە تا بەردەرگای تۆ ئەبێ بمدەیەوە.

یە بەڵگەی دڵەن: ئەمە بەڵگەی دڵە: ئەم شوێنی پێیە کە تا بەردەرگای تۆ هەڵمکردووە. بەڵگەی ئەوەیە کە دڵم بە لاتەوەیە.

پوختەی مانا:

بە ئاھ و ناڵەوە لە مەعشووق پاڕامەوە پێموت: گیانم بە قوربانت بێ، شوێنی پێی دڵم هەڵکردووە تا بەردەرگای تۆ، ئیتر نابێ حاشای لێ بکەی و لە ژێری دەرچی، ئەگەر گیانم نادەیەوە، باشە گیانم فیدای تۆ بەڵام دڵم پێ بدەوە.

سیوای تۆ -ئازیز!- نەی زەمانەدا
کێن گوزەر کەرۆ وەی وێرانەدا؟

سیوای تۆ: بێجگە لە تۆ ئازیز! مەبەست لە ((ئازیز)) لێرەدا ((شێخ محەممەد بەهائەددین کوڕی شێخ عوسمان سەراجەدین))ە کە پاش فەوتی شێخ عوسمان ئەوی بە رابەری تەریقەی عیرفانی خۆی قەبووڵ کردووە. ((شێخ عومەر زیائەدین))یش کە برای بچووکی ((شێخ بەهائەددین))ە، وەك مەولەوی موریدی شێخ بەهائەددینی برای بووە.

نەی زەمانەدا: لەم رۆژگارەدا، لەم وەختەدا کە ئەو کارەساتە رووی لێم داوە قەڵای بیر و هۆشم بەو جۆرە لافاوی خوێناوی دەرد و پەژارەی دڵداری و عیشق و ئەوین وێرانی کردووە.

کێن: کێیە، چ کەسێکە. واتە چ کەسێ ئەگاتە پلە و پایەی جوانی یا عیرفانی تۆ کە لە مندا کردەوەی ئەسەر بکا و گیان و دڵی من بکێشێ بۆ لای خۆی؟

گوزەر کەرۆ: تێپەڕ بکا. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامی ئیستفهامی تەعەجوبییە لە ریشەی ((گوزەر کەردەی)) (تێپەڕکردن، گوزەرکردن).

وەی: بەم. تەرکیبێکە لە پیتی ئیزافەی ((وە)) (بە) و ناوی ئیشارەی ((ئەم)).

وێرانەدا: مەبەست قەڵای وێرانکراوی هۆش و بیریە کە لەسەرەوە ناوی برا. ((دا)) لە دوایەوە نیشانەی زەرفییەتە. مەولەوی بۆ سابتکردنی ئەوە کە دڵی گیانی بە لای ئازیزەوەیە، دوو بەڵگە بەیان ئەکا: یەکەم- هەڵکردنی شوێنی پێی دڵ تا بەر دەرگای ئازیز. دووەم- ئەوەیە کە بە ئازیز ئەڵێ: بێجگە لە تۆ کەسێ تر

رووناکاتە ساختمانی وێرانی ووجودی من. لەم بەلگەیەدا بە ((ئیهام)) ئەوەش ئەگەیێنێ کە لەم رۆژگارەدا بێجگە لە تۆ عارفێکی وەها نییە کە بتوانێ بە هێزی مەعنەوی خۆی دڵ و گیانی من بۆ لای خۆی بکێشێ. مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئەوە ئەگەیێنێ کە هەروەها کە مەولەوی بێجگە لە یادی ((نازین)) یادی کەسێکی تر ناکا، نازیزیش جاروبار بیری ئەو بە دڵیا دێ.

**پوختەی مانا:**

چونکە بێجگە لە تۆ کێیە لەم رۆژگارەدا بە وێرانەی دەروونی مندا تێپەڕ بکات.

**نە نیم نیگایێ، نە کەرد تەماشا**

**چێدیچ وێنەی ماڵ یاران کەرد حاشا**

نە نیم نیگایێ: واتە: نە بە گۆشەی چاوێ تەماشای کردم. لەو تەرکیبەدا کردەوەی ((کەرد)) (کرد) بە قەرینەی کردەوەی ((کەرد)) لە جوملەی دواییدا حەزف کراوە، ئەسڵەکەی بەم جۆرە بووە: نە نیم نێگایێ کەرد کە ئەبێ بە کردەوەی مورەککەبی مەنفی لە ریشەی ((نیم نیگا کەردەی)) (نیو نیگا کردن، گۆشەی چاو خستن).

نە کەرد تەماشا: نە تەماشایشی کردم. مەبەست گەیاندنی ئیستغنای مەعشووقە کە لە زاراوەی سۆفییاندا پێی ئەوترێ ((عالەمی جەلال)).

چێدیچ: لەمیش. کورتکراوەی: ((جە ئێدیچ))ە. جە: پیتی ئیزافەیە و ئێد: زەمیری ئیشارەی نزیکە. یچ: (یش) پیتی پەیوەندە و مانای تەساوی ئیشتراك لە حوکمدا ئەگەیێنێ.

وێنەی: وەکو. ئەداتی تەشبیهە. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ماڵ یاران: هیی یاران. واتە: دڵی یاران. ((یارا)) کینایەیە لە هاومەسلەکان. کە عاشقان و موریدان ئەگرێتەوە.

((ماڵ)) بۆ چەن مانا هاتووە: مـەملووك، مەحسـووس، خـانوو، ئـاژەڵ، کـاڵا و مەتاع و شت. لە باتی ماڵ ((هی، هین))[1]یش بەکار ئەبرێ.

وشەی ((یار)) کە بە مانای دۆست، هاوەڵ، هاودەم، هاوڕاز و مەعشووق بـەکار ئەبرێ، لە زاراوەی سۆفییانی ((ئەهلی حەق))دا بە مانـای موریـدە و بـە مورشـیدی گەورەش سان (شا) ئەوترێ. تەرکیبی ئیزافی ((یارسان)) بە مانـای موریـدی شـایە کە بۆ گرۆی پەیڕەوانی سوڵتان ئیسحاق یا سان سەهاك کە بارەگای لە دێی شێخان لە گوێ ((سیروان)) نزیکی ((نەوسوود))دایە.

کەرد حاشا: لە ژێری دەرچوو، ملی پێدا نەکرد، دای بە ژێریـا، ئینکـاری کـرد. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((حشا کەردەی)) (حاشاکردن).

**پوختەی مانا:**

لەگەڵ ئەو بەڵگەیانەشدا، نە گۆشەی چاوێکی بۆ خستم و نە تەماشـای کـردم. لە بردنی دڵی منیش وەك بردنی دڵی یاران، حاشای کرد.

---

(١) ئەو دوو وشەیە ئەگەر ئیزافە بکرێن ناوی کینایەن لە ملووك یـا مەخسـووس، ئەگـەر ئیزافـە نـەکرێن ئەگونجێ ناوی موبهەمیش بن.

## پارچەی شانزەهەم

**هـــا، تـــەن ئـــەلوەدای زینـــدەگانیش کـــەرد**

**قـــەدەم رەنجـــە کـــەر، هامفەردەکـــەی فـــەرد!**

ها: ئامرازی ورياكردنەوەيە.

تەن: لاشە، بەدەن.

ئەلوەدای زیندەگانیش کـەرد: مـاڵاوایی لـە ژیـان کـرد. ((ئەلویـدا)): مـاڵاوایی، خودا حافیزی، (ئەلوەداع). ((ی)) نیشانەی ئیزافەیە. ئەلوەدا کەرد (ماڵاوایی کرد). کردەوەی مورەککەبی شەرتییە لە ریشەی ((ئەلوەدا کەردەی)) (ماڵاوایی کردن) کە بە مانای بەجێ هێشتنە، ئەداتی شەرتی ((هەر کاتێ)) لە سـەرەتای ئـەو جوملـەوە حەزف کراوە. واتە: هەر کاتێ بەدەن ژیانی بەجێ هێشت.

لێـرەدا پێویسـتە ئـەوە بـزانین کـە ئەگـەر جـوزئی کـردەوەی مورەککـەبی موتعەددی لەو ناوانە بێ کە بگونجێ ئیزافە بکرێ بـە نـاوێ تـر، هـەر مـەفعوولێ بـۆ کردەوەکە بهێنرێ، ئەبێ بە مـوزاف ئیلـەیهی بـۆ ئـەو جوزئـە، وەهـا کـە تـەرکیبی: ((ئەلویدای زیندەگانیش کـەرد))، ((زینـدەگانی)) کـە مەفعوولـە، بـووە بـە مـوزاف ئیلەیهی جوزئی ئیسمیی کردەوە مورەککەبەکە، کە بریتییە لە ((ئەلویـدا)). ((ش)) زەمیری تەئکیدی فاعیلییە ئەگەڕێتەوە بۆ ((تەن)) کـە فاعیلـە. هـەر کـاتێ بـەدەن ژیانی بەجێ هێشت.

قەدەم رەنجە کەر: قـەدەم رەنجـە بکـە، زەحمـەت بکێشـە. ئـەو تەرکیبـە بۆ نیشاندانی رێز و گەورە گرتن بەکار ئەبرێ.

هامفەردەکـەی فـەرد: ئـەی هـاورازە تاقانەکـەم! ((هامفـەرد)) لـە زاراوەی شوعەرای شێوە کوردی گۆرانیدا، بە کەسێ ئەوترێ کە هاو مەسـلەك بـێ لـە شیعر وتنـدا لەگـەڵ کەسێکی تـردا چـونکە ((فـەرد)) بـۆ شـیعر بـەکار ئـەبرێ، بـەڵام لـە

وتووێژی ئاساییدا زۆرتر مانای هاومالّ ئەدا. هەروەها فەرد بە ماناگەلی تاك، تاکانە، بێ هاومالّ و بێ وێنەش هاتووە، وەها کە وشەی ((فەرد)) لە تەرکیبی ((هامفەردەکەی فەرد))دا ئەو مانایانە ئەگەیێنێ. نیشانەی تەعریفی ((ەکە)) لە دوای ((هامفەرد))ەوە، ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە مەولەوی ئەم پارچەیەی بۆ دۆستێکی زۆر نزیکی نووسیوە کە لە عیشقی مەجازیی یا عیرفانیدا هاوڕاز و هاوڕێبازی بووە.

**پوختەی مانا:**

هەر کاتێ بەدەنم لە ژیان مالّاوایی کرد و بەجێی هێشت، ئەی هاوڕازە تاقانەکەم، زەحمەت بکێشە و وەرە سەر قەبرم!

**لابەر تەختە سەنگ ئەڵحەد سەرای ئێش**
**جەم کەر گەرد خاك جەستەی خەستەی وێش**

لابەر: لاببە، هەڵگرە. کردەوەی مورەککەبی ئەمرە لە ڕیشەی ((لابەردەی)) (لابردن). ((ە)) کە زەمیری دووەم ئەندامی موفرەدە لەبەر زەروورەتی شیعری لە دوایەوە حەزف کراوە، وە ئەسڵەکەی لابەرە، بووە.

تەختە سەنگ: تەختە بەرد، ئەو بەردە پانە کە ئەینێن بەسەر ئەڵحەدی قەبرەوە و مردووی پێ دا ئەپۆشن.

ئەڵحەدسەرا: جێگای ئەڵحەد. ناوی مورەککەبی مەکانە، چونکە ((سەرا)) زۆرتر بۆ پاشگری مەکان بەکار ئەبرێ، کە وابوو ئەو تەرکیبە بە مانای قەبرە. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ئێش: دەرد، ڕەنج. ئەلحەدسەرای ئێش تەرکیبێکی ئیزافییە، واتە: قەبری عیشق، قەبرێکە عیشقی تێدا مەدفوونە، چونکە ئێش لێرەدا بە مانای عیشقە.

جەم کەر: جەم کەوە، کۆ بکەوە. کردەوەی مورەککەبە لە ڕیشەی ((جەم کەردەی)) (کۆکردنەوە).

جەستە: لاشە، بەدەن. ((ی)) نیشانەی تەوسیفە.

خەستە: لێرەدا بە مانای مردوو و کوژراوە. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

وێش: خۆی. زەمیری سێیەم ئەندامی تەکە، ئەگەڕێتەوە بۆ مەعشووق.

**پوختەی مانا:**

قەبرەکەم هەڵدڕە و تەختە بەردی ئەڵحەد سەرای عیشقم لابە و گەردی خاکی بەدەنم کە کوژراوی تیری عیشقی خۆیەتی، کۆ بکەوە.

**ئامێتـــەن وە یـــاد بـــاڵای تـــورک تـــەڕ**

**یـــانێ نمناکـــەن زوو مـــەبۆ وە هـــەڕ**

ئامێتەن: تێکەڵە. کردەوەی مازیی نەقڵی مورەککەبە لە ریشەی ((ئامێتە بییەی)) (تێکەڵبوون). ئامێتە (تێک ئالاو) سیفەتی موتڵەقە لەگەڵ مەسدەری ((بییەی)) (بوون)دا تەرکیب کراوە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

یاد: لێرەدا مانای مەجازی لێ گیراوە، بەم چەشنە کە تەشبیه کراوە بە ((ئاو)) هەروەها کە ئاو ئەبێتە هۆی ژیانەوەی شت، یادی مەعشووقیش ئەبێتە هۆی ژیانەوەی خاك و خۆڵی لاشەی پتورکاوی عاشق.

تورك: کینایەیە لە ئافرەتی جوان. ئەڵێن لەبەر ئەوە تورکستان ئافرەتی جوانی زۆری لێیە، هەر ئافرەتێ زۆر جوان بێ بە ((تورك)) ناو ئەبرێ. شاعیرە فارسەکان ئەو وشەیان بەو مانایە زۆر بەکار بردووە. ئەگونجێ ئەو وشەیە ((تەرك)) بخوێنرێتەوە بە مانای ((تووڵ، شووڵ، خامە))ی یەك ساڵە و تەڕ و تەڕچك بێ لە فارسیدا ((تەرکە)) ئەوترێ. من لام وایە ئەگەر ((تەرك)) بخوێنرێتەوە، پەسەنترە چونکە وشەی ((تەڕ)) کە بە مانای ((تازە و تەڕچکە)) لە تەرکیبی ئیزافیی

تەشبیهیی ((باڵای تەرک تەڕ)) (باڵا وەك تووڵی تازە و تەڕچك)دا جوانتر مانای دێ، واتە: مەعشووقێ کە باڵای وەکو تووڵی ساوای تەڕ و تازەیە.

یانێ: واتە. یەعنی. ئەگەر وشەیێکی سەربەخۆی کوردی بێ، ئەبێتە ئامرازی تەفسیر و تەعبیر، بەڵام ئەگەر گۆڕاوی ((یەعنی))ی عەرەبی بێ، کردەوەیە و بۆ تەفسیر و تەعبیر بەکار ئەبرێ.

نمناکەن، نمناکە، نماوییە. ئاوی تێکەڵە.

زوو مەبۆ وە هەڕ: زوو ئەبێ بە قوڕ. ((هەڕ)) لە وتووێژدا موئەننەسی مەجازییە و ئەوترێ: ((هەڕە)) بە تەکیەدان لەسەر هیجای یەکەم. بە ((ر))ی خەفیف بە مانای ((گوێدرێژ))ی مێیە.

**پوختەی مانا:**

ئەو خاکە لەگەڵ ئاوی یادی مەعشووقدا تێکەڵە، واتە: بەو ئاوە نمناکەوە بە کەمێ شێلان زوو ئەبێ بە قوڕ.

دوروس کەر جەو هەڕ شێوەی بلبڵێ
بنیەش نە سەر شاخ گوڵێ یا چڵێ

دوروس کەر: دوروست بکە. کردەوەی ئەمرە لە ریشەی مورەککەبی ((دوروس کەردەی)) (دوروستکردن).

جەو هەڕ: لەو قوڕە. تەرکیبێکی زەرفییە لە ئەجزای شێوە کوردیی گۆرانی و، شێوە کوردیی سۆرانی. شێوە کوردییە گۆرانییەکەی بریتییە لە: جە ئا هەڕێ (لە ئەو قوڕە).

بنیەش: بینێ. دایبنێ. واتە: پەیکەری ئەو بلبڵە لەسەر شاخەی گوڵێ یا چڵی درەختێ دابنێ.

ئەگونجێ مەبەستی مەولەوی لەو جێگایە کە ئەو دار گوڵ و درەختانەی تێدایە جێگای کۆبوونەوەی عاشقان و دڵبراوان بێ کە مەعشووق جاروبار لەو جێگایەوە

تێپەڕ ئەکا و گۆشەی چاوێکی بۆ ئەخا، کە وابوو ئەو تەرکیبە، تەشبیهێکی مورەککەبی زیهنی و خەیاڵی زۆر قووڵە کە چەن جۆر ئیستعارەی لێ دوروست ئەکرێ، وردکردنەوەی هەر یەکەیان چەن لاپەڕە، رەش ئەکاتەوە.

**پوختەی مانا:**

لەو قورە بڵبڵێ دوروسکە و داینێ لەسەر شاخە گوڵێ یا لقە دارێکەوە.

**بەڵکەم ئەو سەییاد جە ناکاو جارێ**

**بویەرۆ پەی گەشت سەیر و شکارێ**

بەڵکەم: بەڵکە، بەڵکو. پیتی پەیوەندە و مانای هومێد و هیوا ئەگەیێنێ.

ئەو سەییاد: ئەو سەییادە. کینایەیە لە مەعشووق. تەرکیبێکی شێوەی سۆرانییە. نیشانەی ئیشارەی حیسسی ((ە)) لە دوایەوە حەزف کراوە.

جە ناکاو: لە ناکاو.

جارێ: کەرەتێ، دەفعەیێ.

بویەرۆ: ببوورێ، تێپەڕ بکا، گوزەر بکا. کردەوەی موزاریعی ئیلتزامییە لە ریشەی ((ویەردەی)) (بووردن).

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

گەشت: گەردش، گەڕان، پیاسەکردن.

سەیرو: تەماشا، تەفریح، سەیران. ((و)) لە دوایەوە پیتی پەیوەندە.

شکارێ: راوکردنێ، نەچیرەڕاوێ. ((ێ)) لە دوایەوە نیشانەی نەکارەتە. کینایەیە لە عاشق کوشتن وەها کە لە سەرەوە باسمان لێوە کردووە.

**پوختەی مانا:**

بەڵکە ئەو مەعشووقە، لە ناکاو جار و بارێ بۆ سەیر و سەیاحەت و کوشتنی عاشقان بە تیری نیونیگای لەو جێگایەوە تێپەڕ کا.

نەچـــیرگای وێشـــەن وە پـــارێز کـــەم کـــەم
بەڵـــــەدەن مـــــەدیۆ مەکـــــەرۆم وە چـــــەم

نەچیرگای وێشەن: نەچیرگای خۆیە، راوگەی خۆیە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

پارێز: ئەم وشەیە لە زاراوەی راوچییاندا ئەو مانایە ئەگەیێنێ کە راوچی بە خۆپەنهانکردن لە چاوی نەچیر، یەواش یەواش لێی نزیک ئەکەوێتەوە تا مەسافەتێ کە تیر لێی کاریی بێ.

کەم کەم: کەم کەم لەو نەچیرگایە نزیک ئەبێتەوە.

بەڵەدەن: شارەزایە. واتە: زۆر سەری داوە لەو نەچیرگایە. مەبەست ئەوەیە کە جێ و رێی جەرگەی عوششاق ئەناسێ.

مەدیۆ: ئەڕوانێ. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((دیای)) (دیتن، روانین).

مەکەرۆم وە چەم: ئەمکاتەوە چاو، ئەمدۆزێتەوە، ئەمناسێتەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەو جێگایە، راوگەی خۆیەتی و شارەزای هەموو شوێنێکییە. کەم کەم بە پارێزەوە دێتە پێشەوە و، ئەڕوانێ و ئەمکاتەوە چاو.

خـــــەدەنگێ هـــــەنی هـــــەوا دەرۆوە
پـــــەرێ مـــــەرگێو تـــــەر ئیحیـــام کـــەرۆوە

خەدەنگ: تیر. مەبەست تیری روانینی مەعشووق یا تەوەججوهی مەعنەوی مورشید و رەهبەری تەریقەی عیرفانییە.

هەنی: تر، ئیتر، دیکە. ناوی موبهەمە، بەڵام لێرەدا نەخشی سیفەتی هەیە بۆ ((خەدەنگ)).

هەوا دەرۆوە: فڕە بداتەوە، دەرکاتەوە. بخاتەوە، هەوا بداتەوە. کردەوەی مورەککەبی موزاریعی ئیلتزامییە لە ریشەی ((هەوادایەوە)) (هەوادانەوە). تیپی

((ر)) له مادەی موزاریعدا به بێ ڕێگا هێنراوه. واته: بەڵکه گۆشەی چاوێ ترم بۆ بخا.

پەرێ: بۆ. پیتی ئیزافەیە-

مەرگێو تەر: مردنێ تر، مەرگێ تر.

ئیحیام کەرۆوه: بمژێنێتەوه، زیندووم بکاتەوه. عورەفا لایان وایه ژینی ئاسایی نەوعێکه له مردن، چونکه ئەم ژیانه کاتییه بریتییه له زیندانیبوونی ڕەوان له بەدەندا دیاره زیندانیش شتێکی له مردوو نەگەڕاوەتەوه که وابوو پیاوی زیندانی و پیاوی مردوو له زۆر شتا لەیەك ئەچن، جا هەر لەبەر ئەوەیه که عورەفا له حاڵی ژیانی مەحدوودی ئاساییدا خۆیان به مردوو ئەزانن، بەڵام پاش ئەوه مردن لەو مەحدوودییەته ڕزگار ئەبن و ژیانێکی غەیره مەحدوودی هەمیشەیی ئەهێننه دەس، وەها که مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا ئیشارەی بۆ کردووه:

لێرەدا پێویسته بزانین که مانای ئەم هۆنراوەیه له ڕواڵەتا لەگەڵ مەبەستی مەولەوی که له هۆنراوەی دواییدا، دەرئەکەوێ، ناکۆکیی هەیه چونکه مەبەستی مەولەوی بریتییه لەوه که کوژران به تیری نیونیگای مەعشووق بۆ ئەو ژیانه هەمیشەییه که باسمان لێیەوه کرد، ئەگەر جارێك بێ، لەززەت و خۆشیی کەمتره لەوه که چەن جار بێ، واته: یەکجار کوژران به دەستی مەعشووق یەك لەززەتی هەیه، بەڵام چەن جار کوژران چەن لەززەت و خۆشیی به عاشق ئەگەیێنێ. دیاره ئەو مەبەستی مەولەوییەش له حاڵێکدا دەرئەکەوێ که تەرکیبی ((پەرێ مەرگێوتەر)) (بۆ مردنێ تر) موتەممیمی غەیره موستەقیم بێ بۆ کردەوەی ((هەوا دەرۆوه)) (هەواداتەوه، بخاتەوه) له نیوه هۆنراوەی یەکەمدا، ئینجا مانای هۆنراوەکه بەم چەشنه ئەبێ: بەڵکه تیرێ دەرکا بۆ کوشتنێ تر تا بەو کوشتنه زیندووم بکاتەوه. تەرکیبی ((تا بەو کوشتنه)) که مانای غایەت ئەگەیێنێ، به قەرینەی حاڵ و مەقام حەزف کراوه.

له وردکردنەوەی مانای ئەو هۆنراوەیەدا، یەکێ تر له هونەرکارییه بێ وێنەکانی مەولەویمان بۆ دەرئەکەوێ، ئەوەش بریتییه لەمه که با وەکو به لای عارفانەوه

مردن، ڕەوانیی ئینسان لە قەید و بەندی ژیانی کاتیی ئەم جیهانە مادییە ڕزگار ئەکا و ئەیخاتە ژیانێکی هەمیشەیی پڕ لە خۆشی و شادییەوە، بەڵام بە لای عاشقی ڕاستەقینەوە، دووبارە زیندووبوونەوە و گەڕانەوە بۆ جیهانی مادیی بۆ ئەوە بە دەستی مەعشووق دووبارەکوژ بکرێتەوە، لەززەت و خۆشیی زۆرترە لە یەکجار کوژران و مانەوە لەو ژیانە هەمیشەییەدا، وەها کە مەولەوی خۆیشی لە هۆنراوەی دوای ئەم هۆنراوەیەدا ئەو هونەرکارییەی دەرخستووە.

**پوختەی مانا:**

بەڵکە تیری نیونیگای خۆی بۆم بخا و دووبارەکوژم بکاتەوە تا بەو کوشتنە دیسان بمژیێنێتەوە.

**هەر ساتێ سەد جار بەو تیر نەو تەرکەش**
**زینــدەگی و مــەردەن ئامــان وەشــەن وەش!**

بەو تیر: بەو تیری نیونیگایە.

نەو تەرکەش: لەو تیردانەدا. ((تەرکەش)): تیردان، جێگای تیر. ئەگونجێ کینایە بێ لە چاوی مەعشووق یا تەوەججوهاتی مەعنەوی پیر.

زیندەگی و مەردەن: ژیان و مردن. واتە: هەر ساتێ سەد جار کوژران بە تیری عیشقی مەعشووق و زیندووبوونەوە بۆ دووبارە کوژران بەو تیرە...

ئامان: ئای! دەخیل!: وشەیێکە بۆ لالانەوە و پاڕانەوە بەکار ئەبرێ بەڵام لێرەدا مانای ئاواتخواستن و تەعەجوب ئەگەیێنێ.

وەشەن وەش!: خۆشە، خۆش، دووبارەکردنەوەی ((وەش)) لە دوای جوملەی ((وەشەن))ەوە، بۆ گەیاندنی مانای تەئکیدە.

**پوختەی مانا:**

ئای چەن خۆشە هەر ساتێ سەد جار بەو تیری عیشقە کوژران و زیندووبوونەوە! بۆ دووبارە کوژران!

## پارچەی حەڤدەهەم

چـــەرخە یـــە تـــۆنی ئـــی مەیلـــە کـــەردی!

بەختـــە یـــە تـــۆنی شـــادیی ئـــاوەردی!

چەرخە: ئەی چەرخ، ئەی فەڵەك! تیپی ((ە)) لە دوای وشـەی ((چـەرخ))ەوە، پیتی نیدایە.

یە: ئەمە. نـاوی ئیشـارەی نزیکـە و تایبـەتی شـێوە کـوردیی ((لەکی))یـە. لـە شێوە کوردی ((گۆرانی))دا ((ئینە)) ئەوترێ.

تـۆنی: تـۆی. تیپـی ((ن)) پـێش لـە زەمـیری رابـیتی ((ی))ەوە، نەخشـی جیاکردنـەوەی هەیـە. ئـەو تیپـە تـەنیا لـە پـێش زەمـیری رابیتی سـێیەم ئەنـدامی موفرەدەوە ناهێنرێ وەها کە ئەوترێ: منەنا (منم)، تۆنی (تـۆی)، ئـادەن (ئـەوە)، ئێمەنمێ (ئێمەین)، شمەندێ (ئێوەن)، ئادێنێ (ئەوانن).

هـەروەهاش پـێش لـە دوو پـیتی (ە) و (ێ)ی نیشـانەی ئیشـارەی حیسسـیی موفرەد و کۆمەڵەوە ئەهێنرێ، وەك: ئینـە (ئەمـە)، ئانـە (ئـەوە)، ئـینێ (ئەمانـە)، ئانێ (ئەوانە).

ئی: ئەم، ناوی ئیشارەی موفرەدی نزیکە، ((مەیل)) ئەبێ بە موشار ئیلـەیهی، پیتی ((ە)) لە دوایەوە نیشانەی ئیشارەی حیسسییە.

ئی مەیلە کەردی: ئەم مەحەببەتەت کرد، ئەم میهرەبانییـەت کـرد؟ کـردەوەی مورەککـەبی لازمـی زەمـانی رابـووردووی موتڵەقـە، جـوزئی ((مـەیل)) کـە موشـار ئیلەیهە بۆ ناوی ئیشارەی ((مـەیل)) لـە مانـادا ئـەبێ بـە مـەفعوول بـەڵام لـە حـاڵی تەرکیبدا مانای لازم ئەگەیێنێ.

بەختە: ئەی بەخت، ئەی هات، ئەی شانس! ئـەم تەرکیبـەش وەکـو تـەرکیبی ((چەرخە))یە.

شادیی ئاوەردی: شادیی و خۆشیت هێنا؟ کردەوەی موتتەعەدییە لە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هێنان). مەولەوی لەم هۆنراوەیە و لە هۆنراوەی دواییدا وەکو هەمیشە سەنعەتی ئیستعاری بەکار بردووە واتە: چەرخ و خەمی بە ئینسان چواندووە و، قسەیان لەگەڵ ئەکا.

**پوختەی مانا:**

ئەی فەڵەك! ئەمە تۆی ئەم میهرەبانییەت کرد؟ ئەی بەخت! ئەمە تۆی کە شادیی و خۆشیت هێنا؟

**خەمە! فرسەتێ، ئامانەن ئامان!**
**دەردە! مووڵەتێ، نامەی لەیل ئامان!**

خەمە: ئەی خەم، ئەی پەژارە!

فرسەتێ: دەرفەتێ، واتە: مووڵەتێ بدە!

ئامانەن ئامان: دەخیلە دەخیل. ((ئامان))ی دووەم مانای تەئکید ئەگەیێنێ.

دەردە: ئەی دەرد!

مووڵەتێ: دەرفەتێ بدە!

لەیل: کینایەیە لە مەعشووق کە مەبەست شێخ بەهائەددین[1] رابەری تەریقەی عیرفانی مەولەوییە.

ئەگەر لە ناوەرۆکی هۆنراوەکانی ئەم پارچەیە باش ورد ببینەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە مەولەوی ئەم پارچەیەی لە کاتێکا هۆناوەتەوە کە لە ((تەوێڵێ))دا

---

(١) مەولەوی جارێکیان ئەڕوا بۆ ((تەوێڵە)) بۆ زیارەتی شێخ بەهائەددین، چەند ڕۆژێ لەوێ ئەمێنێتەوە، بەڵام چونکە شێخ نەخۆش ئەبێ ناتوانێ چاوی پێ بکەوێ، لەو بەینەدا شێخ نامەیێکی بۆ ئەنێرێ و هەواڵی ئەپرسێ، ئەمیش بەم شیعرانە وەڵامی ئەداتەوە. دیوانی مەولەوی نووسراوی مامۆستا مەلا کەریم لاپەڕەی ١٦٦.

بووه و ویستوویه له شێخ ماڵاوایی بکا و بگەڕێتەوه بۆ جێگای خۆی که له دەوروبەری ((هەڵەبجه))دا بووه، ئەوەش رەنگه بەم جۆره بووبێ:

کاتێ که مەولەوی چووه بۆ ((تەویڵێ)) بۆ زیارەتی شێخ، شێخ نەخۆش بووه و له حەرەمسەرادا کەوتووه و نەیتوانیوه بێت بۆ خانەقا بۆ چاوپێکەوتنی موریدان و مێوانان. پاش چەن رۆژێ شێخ ئاگادار ئەبێ که مەولەوی هاتووه بۆ زیارەتی، شێخ له حەرەمسەراوه نامەیێ ئەنووسێ بۆ مەولەوی و عوزری بۆ ئەهێنێتەوه که لەبەر نەخۆشی نەیتوانیوه چاوی پێ بکەوێ، بەلام ئەگەر بتوانێ چەن رۆژێ تر بمێنێتەوه، لەگەڵی ئەچێ بۆ دەوروبەری ((هەڵەبجه))، مەولەوی لەبەر چەن هۆیێك نەیتوانیوه لەوه زیاتر دابنیشێ ئینجا بەم پارچه هۆنراوەیه وەڵامی نامەکەی شێخ ئەداتەوه و ماڵاوایی لێ ئەکا و ئەگەڕێتەوه بۆ شوێنەکەی خۆی.

ئامان: هاتووه، کردەوەی مازیی نەقڵییه له ریشەی ((ئامای، ئامان)) (هاتن).

**پوختەی مانا:**

ئەی خەم دەخیله! فرسەتێکم پێ بده! ئەی دەرد! تۆش مووڵەتێکم بدەیێ! نامەی لەیلم بۆ هاتووه بەڵکه تاوێ ئاسووده بم و له خوێندنەوەی لەززەتی رۆحیی ببەم.

تەحریر خوردەی رەیحان بێزەکەت
تەقریر شیرین شەکەرڕێزەکەت
یاوا وەسەر وەخت خەستەی دەردەکەت
مەڵهەم دا نه زام دووریی کەردەکەت

تەحریر خورده: نووسراو. تەرکیبێکی فارسی و مانای سیفەتی مەفعوولی مورەککەب ئەدا. پیتی ((ی)) له دوایەوه نیشانەی تەوسیفه.

ڕێحان بێز: ڕێحان[1] لەبەرچاوخەر. سیفەتی مورەککەبە بۆ ((تەحریر خوردە)) واتە: خەتە لە ڕێحان جوانتر و بۆنخۆشترەکەت. ((بێز)) کە پایەی سیفەتی مورەککەبی ((ڕەیحان بێز))ە، لە ریشەی ((بێزای)) (بێزان، بێزیان) واتە: لەبەرچاوخستن و حەز لێ نەکردن گیراوە.

((بێزای)) بە مانای ((بێژان، داوەرین، داوەراندن))یش هاتووە کە بە ((بێژنگ کران یا بێژنگ کردن)) مانا ئەکرێ.

تەقریر: مەبەست دەرخستنی وشەگەلێکە کە خەتی ئەو نامەیە نیشانیان ئەدەن.

شیرین: سیفەتی یەکە بۆ ((تەقریر)) کە هەردوو مانای جوان و تام خۆشی لێ ئەگیرێ.

شەکەرڕێز: سیفەتی دووەمە بۆ ((تەقریر))، واتە ئەو وشەگەلە کە لە چوارچێوەی ئەو خەتەدا لە دەمی تۆوە دەرخراون شەکریان لێ ئەبارێ، یان ئەو وشەگەلە کە مانای جوان و شیرینی وەك شەکر ئەگەیێنن. ((ڕێز)) کە پایەی سیفەتی مورەککەبی ((شەکەر ڕێز))ە لە ریشەی ((ڕێزای)) (وەرین، ڕزین)ە.

یاوا: گەیشت، لە ریشەی ((یاوای)) (گەیشتن).

وەسەر: بەسەر، پیتی ئیزافەی مورەککەبە. تەرکیبی ((وەسەر وەخت)) مانای ((فریاکەوتن و بە هاوارەوە ڕۆیشتن یا گەیشتن)) ئەدا.

---

(١) ((ڕێحان)) گیاییێکی تەشبیە بە گوڵی گەنمە بە بێ ئەوە برژانگی هەبێ، تۆیێ وەك دانەی ڕەشکە و کونجی لەو گوڵە ئەگیرێ و، جوان و بۆن خۆش و خواردنییە، نزیکەی گەزێ بەرز ئەبێتەوە، گەڵا و ساقێکی لەتیف و ڕێك و پێکی هەیە، گوڵی ڕێحان لە باخچە و گوڵزارا ئەچێنرێ. ڕێحان دوو جۆرە، جورێکی ڕەنگی گەڵا و ساقی سەوزە و جۆرەکەی تری ڕەنگی گەڵا و ساقی ڕەشێکی تێکەڵ بە ڕەنگی سووری هەیە، ئەم جۆرەی جوانتر و مەرغووبترە، لە شیعری فۆلکلۆری و ئەدەبیدا زوڵف و خاڵی مەعشووقی پێ تەشبیە ئەکرێ، هەروەهاش جۆرە خەتێکی نەستەعلیقی پێ ئەچوێنرێ و لێی نیسبەت ئەدرێ کە پێی ئەوترێ ((خەتی ڕێحان)) واتە: خەتێ کە وەك گیای ڕێحان ساف و ڕێك و پێك و کێشراو و نەخشین و جوانە.

خەستەی دەردەکەت: ماندووی دەرد و رەنجی خۆشەویستیی تۆ. ((خەستە)) (ماندوو) سیفەتی فاعیلیی فارسییە و کینایەیە لە: نەخۆش و دەخەزدار[1].

وشەی ((دەرد)) کینایەیە لە عیشق و ئەوین.

مەڵهەم: دەرمانێکی ئاوەکییە ئەدرێ لە برین ئێشی ئەسرەونێ.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

زام: برین. کینایەیە لە ئەسەراتی مەعنەویی عیشق و خۆشەویستی.

دووری کەردە: سیفەتی مورەککەبە بۆ ((زام))، واتە: برینێ کە بە هۆی خەم و پەژارەی دووری تۆوە لە دەروونمدا هاتووەتە دی.

**پوختەی مانا:**

نووسراوە جوان و بۆنخۆشەکەت کە لە مەزموونەکەیەوە شەکر ئەباری، گەیشتە فریای نەخۆشی پەژارەی عیشقت و، وەکو مەڵهەم برینی دەردی دووریی تۆی سارێش کرد.

مــن کێنــان خامــەت وە یــادم کــەردەن؟
حوســنت زیــاد بــۆ پــەی دڵان بــەردەن
جــەمینت هــەر ســات نــە جــەلایێ بــۆ
هــەر جــەلا پــەی مــن وە بــەڵایێ بــۆ
نــیم نیگــات رەفێــق تــیر ئەنــدازیی بــۆ
دڵــەی مــن نیشــان وە جانبــازیی بــۆ

من کێنان: من کێم، واتە: من چ بایی و بایەخێکم هەیە کە...؟
خامەت: پێنووست، قەڵەمت.

(١) دەخەز: نەخۆشی، مەرەز، رەنجووری.

وه یـادم کـەردەن: بـە یـادمی کـردووە وە بـیری هێناومەتـەوە. کـردەوەی ئیلتزامیـی مورەککەبـە لـە ریشـەی ((وەیادکـەردەی)) (بـەیادکردن، یـادکردن، یادهێنانەوە).

حوسنت زیـاد بـۆ: جوانیـت زۆرتـر بـێ. جوملـەیێکی دۆعاییـە، واتـە: یاخودا جوانیت زۆرتر بێ، لەبەر زەروورەتی سیفەتی موتڵەقی ((زیاد)) لە جێگای سیفەتی موقایەسەیی ((زیادتەر)) (زیادتر) بەکار براوە.

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

دڵان: دڵگەل، واتە: دڵی عاشقگەلێ کە دڵی منیش یەکێکە لەو دڵگەلە.

بەردەن: بردن ((بەردەی))ش ئەوترێ.

جـەمین: جـەبین، تـەوێڵ، پێشـانی. مەبەسـت روخسـار و دەم و چـاوە. پیتی ((ت)) لە دوای ((حوسن))ەوە، زەمیری موزاف ئیلەیهە.

هەرسات: هەرلاد، هەر تاو، هەر لەحزە.

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

جـەلا: روونـاکی، رۆشـنی، پـاکی، پرشـنگ، بـەرق، بریقـە. پـیتی ((یٚ)) لـە دوایەوە، نیشانەی نەکارەتە و بۆ گەیاندنی مانای گرنگایـەتی و گـەورەیی هێنـراوە. پیتی ((ی))ی پێش لە پێشیەوە، نەخشی فاسیلی هەیە، واتە: بۆ جیاییکردنەوەی دوو موسەوویت هاتووە.

بۆ: بێ، کردەوەی ئیلتزامیی دۆعاییە لە ریشەی ((بیەی)) (بوون).

هەر جەلا: هەر پرشنگێ لە جوانیی روخسارت.

پەی من: بۆ من.

وە بەڵاییێ بۆ: بە بەڵا و موسیبەتێ بێ، واتە: یا خـودا جـوانیی روخسـاری تـۆ زۆرتـر ورشـەدارتر بـێ، تـا بـەڵا و موسـیبەتی منـیش (کـە مەبەسـت عیشـق و خۆشەویستییە) سەختتر ببێ.

نـیم نیگـا: بـە گۆشـەی چـاوڕوانین، لێـرەدا مەبەست گۆشـەی چـاو خستنی مەعشووقە بۆ عاشق، ((ت)) زەمیری موزاف ئیلەیهە.

رەفێق تیر ئەندازیی بۆ: ئەو نیونیگای تۆیە، نیونیگاییێکی ئاسایی و هەڵکەوت (تەسادوفی) نەبێت، بەڵکە نیونیگاییێکی بە دڵ و بە ویست و ئیرادە بێت. چونکە چاوخستن بۆ هەدەف دوو جۆرە، جۆرێکیان ئاسایی و مەعمولییە، واتە: پیاو لە ناکاو چاوی پێیدا هەڵئەتەقێ بە بێ ئەوە بیەوێ تیری بۆ بخا، ئەو جۆرەکەی تری لەگەڵ تیرهاویشتندایە کە مەبەستی ئەوەیە تیری بۆ بخا و بەو تیرە بیپێکێ، هەروەها روانینی مەعشووق بۆ عاشقیش دوو جۆرە جۆرێکی تەسادوفی و بێ ئیرادەیە، ئەو جۆرەکەی تری لەگەڵ ویست و ئیرادەدایە، دیارە مەبەستی مەولەوی لە روانینی مەعشووقی جۆری دووەمی ئەو روانینەیە. دیارە روانین و تەوەجوهێ کە لە دڵی مەعشووقەوە سەرچاوە بگرێت، زۆرتر شوێن بکاتە سەر دڵی عاشق.

((تیر ئەندازی)) تەرکیبێکی فارسییە[1]، واتە: تیرهاویشتن کە کینایەیە لە تەوەجوهی دەروونیی مەعشووق بۆ عاشق.

دڵەی من: دڵی هەژار و بێ بایەخی من. ((ە)) لە دوای ((دڵ))ەوە بۆ گەیاندنی مانای بچووکایەتی و هەژارییە.

نیشان: نیشانە، ئامانج، هەدەف.

وە جانبازیی بۆ: واتە: دڵی منیش ئامادە بێ بۆ ئەوە گیانی بکاتە فیدای تۆ. بە جۆرێ تر: تۆ بە دڵ بۆ من بڕوانی و منیش دڵم بکەمە ئامانجی تیری روانینی تۆ.

---

(١) لێرەدا پێویستە بزانین هەروەها کە زمانی عەرەبی شوێنی کردووەتە سەر زمانی فارسی و وشە و ئیستلاحاتی زۆری ئەو زمانە هاتووەتە ناویەوە، بەو جۆرە زمانی فارسیش شوێنێکی گەورەی کردووەتە سەر زمانی کوردی و وشە و ئیستلاحاتێکی زۆری ئەو زمانەی تێدا کۆ بووەتەوە.

ئەو شوێنکردنە چەن هۆی بووە:

١- کەم کارپێکردنی زمانی کوردی لە خوێندن و نووسیندا.

٢- نەبوونی دەستووری پێویست بۆ رێك و پێك بەکاربردنی وشەگەل و تەرکیباتی زمانی کوردی.

٣- رەسمیی نەبوونی زمانی کوردی لە وڵاتدا کە بووەتە هۆی نەبوونی ئیستلاحاتی زانیاری و کۆمەڵایەتی و ئیتر.

٤- بەکاربردنی وشەگەل و ئیستلاحاتی زمانە بێگانە زیندووەکان لە لایەن نووسەران و هۆنەرانەوە بۆ نیشاندانی پلە و پایەی بەرزی زانیاری خۆیان وە چەن هۆی تر.

لەو سێ هۆنراوەیەدا مەلەوی بە بەیانێکی سیحرئاوی و کەموێنە، ئەوپەڕی پلە و پایەی عیشق و خۆشەویستیی خۆی بۆ مەعشووقی یا مورشیدی خۆی بە شێوەیێکی ئاسایی لە چوارچێوەی پێنج جوملەی دۆعاییدا، دەربڕیوە کە ئەگەر بە وردیی لە مەزموونی ئەو جوملە دوعاییانە بکۆڵینەوە قودرەت و توانایی مەولەویمان لە خەلقی مەزموونی قورس و قووڵ و دلڕفێن و نیشاندانی ئەو مەزموونە لە تەرکیباتێکی سادە و رەوانی شیعریدا بۆ دەرئەکەوێ، بۆ وێنە: جوملەی دوعایی: ((حوسنت زیاد بۆ پەی دڵان بەردەن)) لە رواڵەتدا تەرکیبێکە لە چەن وشەی سادە و ئاسایی و ئاسان و سەر زمانی، پێکهاتووە، بەڵام لە چاوی مەزموونەوە، بیر و هۆشی هەر خاوەن مێشکێکی ئەدەبی ئەخاتە دەریاییێکی بێ بنی تەعەجوب و سەرسووڕمانەوە!

پوختەی مانا:

من کێم پێنووست یادی کردووم؟! یاخودا جوانیت زیاتر بێ بۆ دڵانبردن و روخسارت هەرسات پرشەدارتر بێ و هەرپرشەییێکی دەردی عیشقی من گرانتر بکات و تیری نیونیگات هەمیشە لە کەوانا بێ و دڵی هەژاری منیش بە گیانبازیی نیشانە بێ بۆی!

واتم: مەیل لەیل پەی کەسێ کەسەن
جە تەنخوای سوحبەت زاهیریی وەسەن
خەیاڵم کەفتەی ئاسانەکەی تۆن
چ حاجەت زاهیر ئاما و ئامۆشۆن؟

واتم: وتم. کردەوەی رابووردووە لە ریشەی ((واتەی)) (وتن)، واتە: لە دڵی خۆمدا وتم.

مەیل: خۆشەویستی، مەحەببەت.

لەیل: کورتکراوەی ((لەیلا))یە کە لە ئەسڵدا ناوی مەعشووقی ((قەیس)) ناسراو بە مەجنوون بووە و لە دواییدا بە بۆنەی شۆرەت و گرنگییەوە، بۆ نەوعی مەعشووق بەکار براوە.

پەی کەسێ کەسەن: بۆ کەسێ کەسە، واتە: بۆ کەسێ کە بە راستی عاشق و ئەویندارە ئەو تەرکیبە لە قسەی نەستەقی ((هەر کەسێ کەسە ئیشارەیێکی بەسە)) گیراوە.

جە تەنخوای: لە باتیی. ((تەنخوا)) ناوی مورەککەبی فارسییە لە دوو وشەی: ((تن)) و ((خواه)) پێك هاتووە. ((ی)) لە دوایەوە، نیشانەی ئیزافەیە.

سوحبەت زاهیری: هاودەمی ڕواڵەتی.

وەسەن: بەسە. کافییە.

کەفتە: کەوتوو، سیفەتی موتڵەقە لە ریشەی ((کەفتەی)) (کەوتن). ((کەوتەی))ش ئەوترێ. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

ئاسانەکەی تۆن: بەردەرگاکەی تۆیە.

چ حاجەت: چ نیازێ، چ پێویستی یێ[1]...

زاهیر ئاما و ئامۆشۆن: بە ڕواڵەت هاتن و هاتوچۆیە؟ واتە: ئەگەر پەیوەندی دەروونی لە نێواندا بێ، ئیتر پێویستی بە هاتوچۆکردنی ڕواڵەتیی نییە. تەرکیبی ((ئامۆشۆ)) تەئکیدە بۆ مەسدەری مورەخخەم یا ناوی مەسدەری ((ئاما)) (هاتن). تەرکیبی ((ئامۆشۆ)) کورتکراوەی ((ئامای و شییەی)) (هاتن و چوون)ە کە لە فارسیدا ئەبێ بە ((ئامەد و شوود)) (ئامەدەن و شوودەن).

**پوختەی مانا:**

لە دڵی خۆمدا وتم: بۆ کەسێ کە ئەهلی دڵ بێ، مەیلی باتنی ئازیزی بەسە و نیازی بە هاتوچۆی زاهیریی نییە، من کە خەیاڵم پاسەوانی بەردەرگای تۆیە، ئیتر چ ئیحتیاجێکم بە هاتوچۆیە؟!

---

(١) ((نیاز)) بە مانای قەسد و ئیرادە و ویستیش بەکار ئەبرێ.

دیـــام، خـــەیر دووریـــت زۆرش ئـــاوەردەن-
ئامـــــانیٚ، بەڵکـــە ئینـــە چـــەپگەردەن-
هـــەر پاســـە شـــادیش نییـــەن بەینـــەتش
بـــەڵ بـــیٚ بـــەقا بـــۆ جـــەفا و مەینـــەتش-
ســـێر ســـاوون وە چـــەم ئـــەو پـــاڵای بێگـــەرد
چـــێش هـــەر زیـــاد کـــەرد دەرد وە بـــان دەرد

دیـام: روانـیم. کـردەوەی مـازیی موتڵەقـە لـە ریشـەی ((دیـای))[1] (روانـین، تەوەججوهکردن، نەزەرکردن، تێفیکرین)، واتە: تێفیکریم، موتەوەججیە بووم...

خەیر: نە، لێرەدا ئامرازی نەفییە. هەندێجار بۆ گەیاندنی مانای تەئکید لەگەڵ پیتی نەفیی ((نە))دا تەرکیب ئەکریٚ و ئەوتریٚ: نەخەیر[2].

زۆرش ئاوەردەن: زۆری هێنـاوە، زۆری هـاوردووە. مەسدەری مورەککەبە لـە ریشەی ((زۆر ئاوەردەی)) (زۆرهێنان).

ئامانیٚ: هاتم.

بەڵکەم: بەڵکە، بەڵکو. پیتی رەبتە و مانای هومێد و هیوا ئەگەیێنیٚ.

ئینە: ئەمە. ناوی ئیشارەی نزیکە.

چەپگەرد: سیفەتی مورەککەبە بۆ ((فەلـەك))، ((ەن)) (ە) کردەوەی رابیتی زەمانی حالـە. دوو تـەرکیبی: ((ئینـە چـەپگەردەن)) (ئەمـە چـەپگەردە) و ((ئینـە خودان)) (ئەمە خودایە)، بۆ داوای کۆمەك و یارمـەتی بـەکار ئـەبرێن، واتـە: هیوایـە خودا کاریٚ وەها بکا کە...

هـەر پاسـە: هـەروەها. ئـامرازی رەبـتی مورەککەبـە بـۆ تەشـبیهکردنی دوو مەزموون لە سەرەتای دوو جوملەوە ئەهێنریٚ.

---

(١) ریشەی ((دیەی)) بە مانای دیتن و چاوپێکەوتنە.

(٢) من لام وایە وشەی ((خەیر)) عەرەبییە و هەر بە مانـای پیـت و بەرەکـەت و چاکە و چاکییە، بەڵام لەبەر ئەوە مانای ((نەفی)) مانایێکی پیرۆز و موبارەك نییە، لە باتی ((نە))، ((خەیر)) بەکار ئەبریٚ.

*شادیش نییەن*: شادی نییە. ((ش)) زەمیری تەئکیدی فاعیلییە، ئەگەڕێتەوە بۆ ((چەپگەرد)).

بەینەت: پەیوەندی و دۆستی. ((ش)) زەمیری سێیەم کەسی تەکی موزاف ئیلەیهە.

بەڵ: کورتکراوەی ((بەڵکە))یە، مانای هیوا و ئومێد ئەگەیێنێ.

بێ بەقا بۆ: بێ بەقا بێ، بێ دەوام بێ. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامی زەمانی حاڵە. واتە: هیوادارم دەوامی نەبێ. تەرکیبی ((بێ بەقا بۆ)) ئەگونجێ جوملەی ئیسنادی ئیلتزامی بێ، بەم چەشنە کە ((چەپگەرد)) موسنەد ئیلەیه و ((بێ بەقا)) کە سیفەتی مورەککەبی مەنفییە ببێ بە موسنەد و ((بۆ)) کردەوەی رابیتی ئیلتزامی زەمانی حاڵ بێ[1].

جەفا و مەینەتش: جەفا و میحنەتی. زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ((چەپگەرد)). ((جەفا و مەینەت)) یا ئەبێ بە فاعیل یا موسنەد ئیلەیه بۆ تەرکیبی ((بێ بەقا بۆ)).

سێر: تێر، پڕ بە دڵ.

ساوون: بساوم، بماڵم. کردەوەی ئیلتزامی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((ساوای)) (ساوین، پێ دا هێنان).

وە چەم: بە چاو، بە چاودا.

پاڵا: پێڵاو، کەوش.

بێگەرد: پاک و پیرۆز.

---

(١) ئەگەر هەر کاتێ سیفەتێ لەگەڵ یەکێ لە کردەوەگەلی مەسدەری ((بوون))دا تەرکیب بکرێ، ئەگەر مەبەست دەوام و سەباتی مانای حەدەسی بێ، سیفەتەکە، ئەبێ بە موسنەد و کردەوەی مەسدەری ((بوون)) ئەبێ بە رابیت و تەرکیبەکە پێویستی بە موسنەد ئیلەیهە، وە ئەگەر مەبەست سدووری حەدەس لە فاعیلەوە و بێ، سیفەتەکە ئەبێ بە جوزئی کردەوەی مەسدەری بوون، وە بە سوورەتی کردەوەی مورەککەب دەردێ و پێویستی بە ((فاعیل))ە.

چێش: چی، کەچی. پیتی پەیوەندە، لە نێوان دوو جوملەدا ئەهێنرێ کە مەزموونی جوملەی دووەم پێچەوانەی مەزموونی جوملەی یەکەم بێ.

هەر زیاد کەرد: هەر زۆری کرد. ((هەر)) لێرەدا مانای تەئکید ئەدا.

دەرد وەبان دەرد: ئێش لەسەر ئێش. دەرد لە بانی دەرد، واتە: ئێش و دەردی عیشقم هەر زۆرتر و گرانتر بوو.

**پوختەی مانا:**

(ئازیزم کاتێ لێت دوور بووم دڵخۆشیی خۆم ئەدایەوە) و ئەموت مەیلی ئازیز بۆ کەسێ کەس بێ دووری و نزیکی بۆ نییە و هاتوچۆی زاهیری پێ ناوێ، بەڵام دیم نەخێر، دەردی دووریت زۆری هێناوە و وەقرەی لێ بڕیوم، ناچار کەوتمە رێ و هاتم بۆ خزمەتت بەم هومێدە کە هەروەها رۆژگار خۆشیی و شادیی تا سەر نییە دەوامی نییە، بەڵکە جەفا و جەوریشی زۆر نەخایێنێ و دەرفەتی ئەوەم بداتێ کە بە ئاستانەت شاد ببمەوە و تێر کەوشەکانت ماچ کەم و بیانئێمە سەر چاومەوە، کەچی هاتم جگە لەوە خەم و پەژارەی دووریم چەن بەرانبەر بکات، سوودێکی نەبوو، (چونکە تۆ نەخۆشیت و لە حەرەمدا کەوتووی و ناتوانم بە دیدارت شاد بمەوە). کە وابوو

وەشڵێ وە مەینەت وەخت مەهجووری
سەد رەحمەت ئەو قەور دووری و رەنجووری–
ئەر سەد تۆی دەروون پەرێت قەقنەس بێ
یانەی دڵ وە یاد ئاوا بێ، وەس بێ
ئیسە حەسرەتان پێم مەدان ئەندێش
هەر یەك جە لایێ مەکێشۆم پەی وێش
خوسووس تۆ وەی رەنگ مەوینوون دڵگیر
چەمان دەروونم مەپێکان وە تیر

وەشلیٚ وە...: خۆزگە بە...: تەرکیبێکە بۆ ئاوات خواستن لە شتیٚ یا لە کەسیٚ بەکار ئەبریٚ. لە فارسیدا ((خوشابە...)) و لە عەرەبیدا ((طووبا لـ...)) ئەوتریٚ.

ئەو: لە. پیتی ئیزافەیە.

قەور: قەبر، گۆڕ. تەرکیبی ((سەد رەحمەت ئەو قەور...)) (سەد رەحمەت لە قەبر...) لە شوێنێکا بەکار ئەبریٚ کە کەسیٚ یا شتیٚ خراپ و ناحەز بووبیٚ و تیاچووبیٚ و بەدوایا، کەسیٚ یا شتیٚ خراپتر ناحەزتر هاتبیٚ. ئەو تەرکیبە لە زەربولمەسەلی ((سەد رەحمەت لە قەبری کفندزی پێشوو))ەوە، وەرگیراوە. رووداوەیێك کە لە رۆژگاری رابووردوودا ئەو زەربولمەسەلەی لێوە هاتووەتە دی، بەم جۆرە بووە:

کابرایێکی مردووشۆر بووە کە هەمیشە هەندیٚ لە پارچەی کفنی مردووەکانی دزیوە و خاوەن مردووەکان پێیان زانیوە بەڵام شتێکیان نەوتووە، پاش ماوەیێك ئەو مردووشۆرە مردووە و کابرایێکی تر بووە بە مردووشۆر، ئەم کابرایە لە مردووشۆری پێشوو بیٚ ئینسافتر ئەبیٚ و بەشیٚ زۆرتر لە کفنی مردووەکان ئەدزیٚ، ئینجا خەڵك ئەڵێن: ((رەحمەت لە قەبری کفندزی پێشوو)).

ئەرسەد: تەرکیبێکە بۆ گەیاندنی مانای غایەت و موبالەغە بەکار ئەبریٚ.

پەریٚ: بۆ. پیتی ئیزافەیە. ((ت)) زەمیری دووەم ئەندامی تەکە.

قەقنەس: باڵدارێکی ئەفسانەییە لە نێو ئاگردا ئەژییێت.

بیٚ: بوو. کردەوەی رابیتی زەمانی رابووردووە واتە: با وەکو دەروونم لە گەرمیی ئارەزووی چاوپێکەوتنا بوو بوویە کوورەی ئاگریٚ کە قەقنەس هێلانەی تێدا دوروست بکا، بەڵام چون...

یانە: خانوو، ماڵ. ((یانەی دڵ)) ئیزافەیێکی ئیستعارییە.

وە یاد: بە یاد. زەمیری موزاف ئیلەیهی: ((ت)) لە دوای ئەو تەرکیبەوە لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە.

ئاوا بیٚ: ئاوا بوو.

وەس بیٚ: بەس بوو. کردەوەی مورەککەبی لازمە لە ریشەی ((وەس بیەی)) (بەس بوون).

ئیسە: ئێستا، ئێستە. واتە: ئێستا، کە هاتووم و چەن رۆژێکە لێرە ماومەتەوە و ناتوانم تۆم چاو پیٚ بکەویٚ،...

حەسرەتان: ئەفسووس گەل، ناهومێدی گەل.

پێم مەدان: پێم ئەدەن. کردەوەی موزاریعی ئیخبارییە لە ریشەی ((دای)) (دان).

ئەندێش: لێرەدا بە مانای خەم و پەژارەیە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

مەکێشۆم: ئەمکێشیٚ. کردەوەی موزاریعی ئیخبارییە لە ریشەی ((کێشای)) (کێشان).

پەی وێش: بۆ خۆی.

خوسووس: بە تایبەتی.

وەی رەنگ: بەم رەنگە، بەم جۆرە.

مەوینوون: ئەبینم. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((وینای)) (چاوپێکەوتن، بینین). لێرەدا مەبەست لە بینین ئاگاداربوونە، چونکە مەولەوی ئەو ماوەیە کە لە ماڵی ئازیزدا بووە، لەبەر ئەوە ئازیزی نەخۆش بووە و لە نێو ژن و منداڵدا کەوتووە نەیتوانیوە چاوی پیٚ بکەویٚ و پاش چەن رۆژ مانەوە لە خانەقادا بەم نامەیە ماڵاوایی لە ئازیزی ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی کە لە دەوروبەری شاری ((هەڵەبجە))دا بووە.

چمان: وەك ئەوە.

مەپێکان: ئەپێکن. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((پێکای)) (پێکان).

**پوختەی مانا:**

خۆزگە بە مەینەتی وەختی مەهجووری و سەد رەحمەت لە قەبری دووری و رەنجووری، با وەکو لەو حاڵەدا لە تاوی دەردی مەحروومی، دەروونم وەك کوورەی

ئاگر ئەسووتا، بەڵام ئەوەم بەس بوو کە هەمیشە دڵم بە یادی تۆ شاد و سەرخۆش بوو، ئێستا، کە هاتووم بۆ چاو پێکەوتنت و لێت نیزیك بووومەتەوە و ناتوانم بتبینم، لە حەسرەتدا دەروونم پڕ بووە لە خەم و پەژارەی جۆر بە جۆر و هەر یەکە بە چەشنێك سەختتر لە کاتی دووری و مەحروومی، سزا و ئازارم ئەدا، بە تایبەت هەواڵی نەخۆشی و کزی تۆ وەك تیر جەرگی لەت لەت کردووم و...

دڵ خـــــەریك مـــــەوج گێجـــــاو دەردەن
زوانم دایـــــیم ویـــــردش ئـــــی فـــــەردەن:
مـــن نـــەوون، ئـــازیز -گـــەردەن بلـــووری! -
کـێن رەحمـەت کـەرۆ وەسـڵش ئـەو دووری؟!
خـاس بـێ ئـەر سـەد جـار شـادیی وەبـادبیم
دووراودوور وە دیـــن ئاســـانەت شـــاد بـــیم

خەریك: مەشغووڵ، سەرگەرم. لێرەدا بە مانای گیرۆدە[1] و گرفتارە.

زوانم: زبانم، زمانم.

ویرد: وشەیێکی عەرەبییە بۆ دۆعا و نزاگەلێکی ئایینی بەکار ئەبرێ کە هەمیشە بخوێنرێن.

ئی فەردەن: ئەم بەیتەیە. فەرد بۆ تاقە شیعر و کۆمەڵە شیعریش بەکار ئەبرێ. ((ئی)) (ئەم) ناوی ئیشارەی نێزیکە.

نەوون: نەبم. کردەوەی ئیلتزامی مەنهیی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((بیەی)) (بوون). تەرکیبی ((مـن نـەوون)) لە مانای تەرکیبی ئیستیسنایی ((بێجگە لە من))دایە، واتە: بێجگە لە من کێیە کە وەسڵی رەحمەت بکا لە دووریی؟! ئەو مەزموونە بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە عیشق و خۆشەویستیدا لە چوارچێوەی

---

(١) گیرۆدە: کورتکراوەی گیروەردە = گیرخواردووە.

تەرکیبێکی ئیستعاری ورد و جواندا هێنراوە – بەم چەشنە کە نیسبەتی فیعلی جوملە لە باتی ئەوە لە خاوەنی ((وەسڵ و دووری)) بدرێ، لە ((وەسڵ و دووری)) دراوە.

گەردەن بلووری: سیفەتی مورەککەبە بۆ ((ئازیز)) واتە: ئەی کەسێ کە گەردنت لە جوانیدا وەکو بلوور ئەدرەوشێتەوە!

کێن: کێیە، چ کەسێکە؟

رەحمەت کەرۆ: رەحمەت بکا. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامییە لە ریشەی ((رەحمەت کەردەی)) (رەحمەت کردن). تەرکیبێکە لە زەربولمەسەلی: ((سەد رەحمەت لە قەبری کفن دزی پێشوو)) گیراوە کە لەم پارچەیەدا باسمان لێیەوە کردووە.

مەزموونی ئەم هۆنراوەیە، ئەوە ئەگەیێنێ کە مەولەوی بۆ ئازیز روون ئەکاتەوە کە کاتێ لێی دوور بووە و نەهاتووە بۆ لای خەم و پەژارەی لە ئێستا کەمتر بووە کە هاتووە و لێی نێزیك بووەتەوە؛ چونکە هاتن بۆ ئاسانەی ئازیز خەم و پەژارەمی لە چەن لاوە لە جاران زۆرتر کردووە:

یەکەم– تیژتربوون و بڵێسەدارتربوونی ئاگری عیشق بە هۆی نزیکبوونەوە لە مەعشووق.

دووەم– بیستنی هەواڵی دڵتەزێنی نەخۆشیی ئازیز.

سێیەم– بێبەشبوون لە دیداری ئازیز و دووبارە دوورکەوتنەوە لە ئاسانەی بە بێ چاو پێکەوتنی.

وەسڵش: وەسڵی، واتە: جگە لە من کێیە ئەوەندە چارە رەش و بەدبەخت بێ کە لە حاڵی وەسڵ و نێزیکی لە مەعشووقدا ئاوات بخوازێ لە دووری و مەحروومی؟! ((ش)) زەمیری موزاف ئیلەیهە و ئەگەڕێتەوە بۆ ((کێ)).

ئەو دووری: لە دووری، واتە: دووربوون لە ئازیز. ((ئەو)) پیتی ئیزافەیە بە مانای ((لە))یە.

خاس بێ: چاك بوو، خاس بوو.

ئەر سەد جار: تەرکیبێکە بۆ گەیاندنی مانای غایەت و موبالەغە بەکار ئەبرێ.

شادیی وە باد بیم: شادیی و خۆشیم لەم ماوەیەدا کە هاتووبووم بۆ لات. بە هۆی چاو پێ نەکەوتنتەوە درابوو بە باد بەلام...

وە دین ئاسانەت شاد بیم: بە دیتنی ئاسانەت شاد بووم. بەلام ئەو خۆشییەم لە دلدا بوو کە بێم و چاوم بە دیتنی ئاسانەت روون ببێتەوە.

تەرکیبی ((بیم)) کە لێرە و لە چەن جێگای تردا بەکار براوە تەرکیبێکی تێکەڵ لە رێزمانی شێوە کوردیی گۆرانی و شێوە کوردیی سۆرانییە، چونکە لە شێوە کوردیی گۆرانیدا لە باتی ((بیم)) ئەوترێ: بێنێ. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە سەرەتاوە وتوومانە ساختمانی دەستووری شێوە کوردیی گۆرانیی ئەدەبی و وتووێژی، تا ڕادەیێ لە یەك جیان.

**پوختەی مانا:**

دڵم گیرۆدەی مەوجی گێژاوی دەرد و پەژارەیە و زمانم هەمیشە ئەم هۆنراوەیە، دووبارە ئەکاتەوە: ئازیز، گەردن بلووری بێگەرد! بێجگە لە عاشقێکی ناکام و دڵسووتاوی وەك من، کێیە کە لە کاتی وەسڵ (واتە: لە کاتی گەیشتن بە جێگای مەعشووق)دا، ئاوات لە وەختی دووری بخوازێ؟ با وەکو هاتنەکەشم بۆ لای تۆ بێسوود بوو و لە دیدارت مەحرووم بووم بەلام ئەو کەڵکەی هەبوو لەو ماوەیەدا کە لێرە بووم لە دوورەوە، چاوم بە ئاسانەتەوە بوو و بە دیتنی خۆشحاڵ و دڵشاد بووم.

ئیسە ها فەڵەك کەڵەك بەستەوە
تۆڕداو دووریش ها وە دەستەوە
خەفەت، وادەتەن! مەینەتان سادەی!
وەخت وارایتەن ئەسرین دەی پەی کەی؟
ئازیزت ئاستەن، ها ئەو دماوە
تەنە، بۆ بێ گیان سا شۆ وەڕاوە!

ئیسه: ئێستا.

**ها**: ئەوەها، ئەوەتا. ئامرازی تەنبیه و بێدارکردنەوەیە.

فەڵەك: گەردوون، ڕۆژکار. لە ئەسڵدا مەبەست مەبدەئی فەییازە کە فەلەکی قەمەریشی پێ ئەوترێ، چونکە بە لای فەلاسیفەی یۆنانەوە، فەلەکی قەمەر لە عالەمی عەناسیردا هەموو جۆرە ڕووداوەیێك ئەهێنێت، لە زاراوەی شاعیراندا چەرخ و چەپگەردیشی پێ ئەوترێ.

کەڵەك: چەن مانای هەیە: وشکە دیوارێ کە لە بەردی تەنیا بچنرێ، فێڵ و نەیرەنگ، کەرەسەیێ کە لە چەن تەختەداری وشك و چەن کونەی پڕ لە با دورووست ئەکرێ و ئەخرێتە سەر ئاوی ڕووبار و خەڵك سواری ئەبن و بە پارۆ، یان گوریس ئەم بەر و ئەو بەری پێ ئەکەن و بار و کەل و پەل و ئاژەڵیشی پێ ئەپەڕێننەوە.

بەستەوە: واتە: دووبارە کەڵەکی بەست. فەلەك کەڵەك بەستەوە، تەرکیبێکی ئیستعاری زۆر جوانە کە دوو مانا هەڵئەگرێ، یەکەم- فێڵ و تەڵەکە و نەیرەنگ بەکاربردن بۆ گیرۆدەکردنی مەولەوی لە نێو داوی دووریدا. دووەم- کەڵەك دوروستکردن و تۆڕداو بەکاربردن بۆ ڕاوکردنی مەولەوی لە نێو دەریای عیشق و ئەویندا. لە نێوان دوو وشەی ((فەڵەك)) و ((کەڵەك))دا سەنعەتی جیناسی ناقیس بەکار براوە.

پاشگری ((ەوە)) لە دوای کردەوەی ڕابووردووی ((بەست))ەوە، بۆ گەیاندنی مانای تەکرار و دووبارەیە، ئەو تەرکیبە ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە کاری کەڵەك بەستنی فەڵەك بۆ مەولەوی تەنیا ئەم جارە نەبووە، بەڵکە کاری هەمیشەیی بووە.

تۆڕداو: داوێکە لە بەن یا دەزوو وەك ڕەشکە ئەتەنرێ یا ئەچنرێ تەنافێکی درێژ کێشراوە بە دەوری تۆڕەکەدا لە وشکی، یان لە نێو ئاوی ڕووبار یا دەریادا بڵاوی ئەکەنەوە بۆ باڵدار گرتن لە وشکی و ماسیی گرتن لە نێو ئاودا. کاتێ بیانەوێ باڵدار یا ماسیی پێ بگرن لە دوورەوە تەنافەکە ئەکێشن و ئەترافی تۆڕداوەکە دێتەوە یەك و ئەو باڵدار یان ماسییانە کە لە نێوی تۆڕەکەدا بووون ڕێی دەرچوونیان نامێنێ.

مەبەست لە ((تۆڕداو)) گیرۆدەکردن و زەلیلکردنە، چونکە عاشقی دوور لە مەعشووق گیرۆدە و زەلیلە، کە وابوو تەرکیبی ((تۆڕداوی دووری)) لە ئەسڵدا تەرکیبێکی تەشبیهی بووە، واتە: دوورییێ کە وەك تۆڕداوە، بەلام بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە تەشبیهەکەدا، بە سوورەتی تەرکیبی ئیزافیی بەیانی دەرهاتووە، واتە: تۆڕداوێ کە بریتییە لە دووریی، ئەمەش یەکێ ترە لە هونەرکارییە کەموێنەکانی مەولەوی. ((ش)) زەمیری فاعیلییە ئەگەڕێتەوە بۆ ((فەڵەك)).

ها وە دەستەوە: هەیە بە دەستەوە. بە پێی مانای یەکەمی ئەم هۆنراوەیە، ئەو تەرکیبە مانای ئەبێ بە: خەریکی فێڵ و تەڵەکە سازکردنە بۆ دووبارە دوورخستنەوە لە ئازیز، وە بە پێی مانای دووەم مانای ئەبێ بە: تۆڕداوی دووریی گرتووە بە دەستەوە. بۆ دووبارە گرتن و مەحرووومکردن لە دیداری ئازیز.

مەزموونی ئەم هۆنراوەیە، ئەوە ئەگەیێنێ کە مەولەوی ئەیەوێ ((تەوێڵێ)) بەجێ بهێڵێ و لە ئازیز دوور بکەوێتەوە، چونکە وەها کە وتمان ئەم پارچەیەی بۆ مالاوایی کردن لە ئازیزی نووسیوە.

وادەتەن: وەعدەتە، کاتی هاتنتە.

سادەی: ئامرازی تەئکیدی مورەککەبە، بۆ مانای هەڵنیان بۆ جێبەجێکردنی کارێ بەکار ئەبرێ.

وارایتەن: بارینتە.

ئەسرینان!: ئەی فرمێسکگەل!

پەی کەی؟: بۆ کەی؟ واتە: ئەی فرمێسکان! ئێستا، کە فەڵەکی چەپگەرد خەریکە بە نەیرەنگ دووبارە لە ئازیزم دوور ئەخاتەوە، کاتی ئەوەیە بە تاو لە چاومەوە بڕژێنە خوار.

ئازیزت ئاستەن: ئازیزت هێشتووە، واتە: ئازیزت بەجێ هێشتووە. کردەوەی مازیی نەقڵییە لە ریشەی ((ئاستەی)) (هێشتن). مەولەوی لێرەدا خیتاب لە خۆی ئەکا.

**ها** ئەو دماوە: ها لە دواوە، واتە: بەجێی بهێڵی و بیخەیتە دوای **خۆتەوە.**

((ئەو)) (لە) پیتی ئیزافەیە.

تەنە! : ئەی تەن، ئەی لاشە! ((ە)) لە دوایەوە، **پاشگری نیدایە.**

بۆ: وەرە، بێ. بەکاربردنی ئەم کردەوەیە لەم حاڵەدا.

بێ گیان: لێرەدا مەبەست لە گیان، ئازیزە، چونکە گیانی عاشقی راستەقینە، بریتییە لە مەعشووق، مەولەویش ئەوە دەرئەخا کە گیانی بریتییە لە ئازیز ئەگەر بەجێی بهێڵێ چۆن ئەتوانێ بچێ بەڕێوە و لێی دوور بکەوێتەوە!

سا: ئامرازی تەئکیدە.

شۆ: برۆ. کردەوەی ئەمری حازرە لە ریشەی ((شییەی)) (چوون).

وە ڕاوە: بە ڕێگاوە، بە ڕێوە.

**پوختەی مانا:**

ئێستا ئەوە ها فەڵەك دووبارە فێڵ و کەڵەکی ساز کردووە و داوی دووریی بۆم ناوەتەوە و ئەیەوێ لە ئازیز کە نەمتوانی ببینم، دوورم بخاتەوە، ئیتر ئەی خەم وادەی هاتنتە و ئەی مەینەت سا دەی هێرش بێنە و ئەی فرمێسك تۆش بە خوڕ ببارە؛ چونکە ئازیز کە گیانی منە بەجێ ئەمێنێ و لێی دوور ئەکەومەوە، سا وەرە ئەی لەش بە بێ گیان بچۆ بەڕێوە!

**شـــــنەفتم، گیـــــانم، بـــــاڵا تـــــووڵ نـــــەی!**
**ئـــیرادەت کـــەردەن چـــەنی خەســـتەت بـــەی**
**مەگـــەر پـــای تـــەدبیر بەدبـــەختیی ڕێـــش بـــۆ-**
**گیـــان هـــەوای سوحبەت جەستەکەم پـــێش بۆ**
**وەرنـــــە شـــــێتە وێـــــم، دڵوەشـــــیی دڵـــــەن**
**گیـــان جـــە تـــەن بەرشـــیی ئامـــاش موشـــکڵەن**

شنەفتم: بیستم، کردەوەی مازییە لە ریشەی ((شنەفتەی)) (بیستن). لە وتووێژدا ((ئەژنەویەی)) ئەوترێ.

گیانم!: مەبەست لە گیان وەها کە وتوومانە، ئازیزە، واتە: ئازیزم!

بالا توولێ نەی: بالا وەك توولی قامیش، ئیزافەی تەشبیهییە و مەبەست لە بەکاربردنی، گەیاندنی جوانیی ئەندامی مەعشووقە.

ئیرادەت کەردەن: ویستووتە. کردەوەی مورەککەبی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((ئیرادە کەردەی)) (ئیرادەکردن، ویستن).

چەنی: لەگەڵ. پیتی ئیزافەیە و مانای موساحەبە ئەگەیێنێ. ئەگەر تەکیە لەسەر هیجای یەکەم بدرێ، بە مانای دەرزییە.

خەستە: نەخۆش، ماندوو. مەبەست نەخۆش و دەردەداری عیشق و ئەوینە. ((ت)) لە دوایەوە، زەمیری موزاف ئیلەیهە و ئەگەڕێتەوە بۆ ئازیز.

بەی: بێی. کردەوەی ئیلتزامی زەمانی حاڵە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن) کە لە ئەسڵدا ((بئامی)) بووە، لەبەر زۆرایەتی بەکاربردن کۆمەڵە دەنگی ((ئام)) فڕە دراوە و ژێری کورتی ((بـ)) گۆڕراوەتەوە بە سەری کورت (فەتحە)، بووە بە ((بەی)). لە مەزمووونی ئەم هۆنراوەیە، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئازیزی مەولەوی لەو نامەیەدا کە لە کاتی نەخۆشیدا لە ماڵەوە بۆی نووسیوە، پێی راگەیاندووە کە ئەگەر چەن رۆژێ تر لە تەوێڵێ لە خانەقادا بمێنێتەوە، لەگەڵیا ئەچێ بۆ دەوروبەری هەڵەبجە، بەڵام مەولەوی وەها کە لە هۆنراوەی دواییەکانیا بە جۆرێکی سیحراویی دەری ئەخا، نەیتوانیوە لەوە زیاتر لە تەوێڵێدا بمێنێتەوە.

مەگەر: ئامرازی پرسیارە، بەڵام لێرەدا لەبەر ئەوە پێش لە جوملەی ئیستیسناییەوە هاتووە مانای حەسر ئەگەیێنێ.

پای تەدبیر بەدبەختیی: پێی بەدبەختیی. ئیزافەی ئیستعارییە.

رێش بۆ: رێش بێ، بریندار بێ، شکا بێ.

مەزمووونی ئەو نیوە هۆنراوەیە، ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە مەولەوی وەکو هەمیشە خۆی لە ئەوپەڕی ناکامی و تێشکاوی لە عیشقدا ئەبینێ، ئینجا ئەو ناکامی

و تێشکاویشە بە چەشنێ بەیان ئەکا کە پیاو سەری سوور ئەمێنێ وەها کە هاوڕێبوونی ئازیزی کە لەگەڵیا بچێ بۆ سەفەر، ئەبەستێتەوە بە شکانی پێی راوێژی بەدبەختیی و چارەڕەشییێك کە هەمیشە چنگە یەخەی بووە و نەیهێشتووە لە ژیانیدا تاوێ بە ئارەزووی خۆی بگات! غایەتی ئەو بەدبەختییەش لە تەرکیبێکی سادە و ئاساییدا بە سەنعەتێکی ئیستعاری دوو مەرحەلەیی نیشان ئەدا کە لام وا نییە تا ئێستا بیری هیچ شاعیرێکی پێگەیشتبێ - وەها کە ئەڵێ: مەگەر پای تەدبیری بەدختی رێش بۆ (مەگەر پێی راوێژی بەدبەختیی شکا بێ) کە ((پێی راوێژ)) تەرکیبی ئیزافی ئیستعاری یەکەمە و ((راوێژی بەدبەختیی)) تەرکیبی ئیزافی ئیستعاری دووەمە. دیارە ئەم جۆرە سەنعەتە ئەدەبییانە بۆ نیشاندانی ئینفعالاتی دەروونییە کە لە توانایی کەمتر شاعیر و ئەدیبێکا هەست ئەکرێ، بۆ مەولەوی کارێکی سادە و ئاساییە چونکە هەموو هۆنراوەکانی مەولەوی پڕن لەم جۆرە سەناییعە ئەدەبییە سەرسووڕهێنەرانە وەها کە لە چەن جێگادا وتوومە، ناگونجێ هەمووی ئەو سەناییعە ئەدەبییانە لەم نووسراوەدا لێك بدەمەوە تەنیا لە بارەی هەندێ لەو سەناییعە جوان و کەم وێنانەوە، باس ئەکەم کە پێویستییان بە لێکدانەوە هەیە.

هەوا: عیشق، ئارەزوو، مەیل، هاوڕێیی.

سوحبەت: هاودەمی، هاوڕازیی.

جەستە: لەش، بەدەن.

پێش بۆ: پێی بێ.

مەزموونی ئەم نیوە هۆنراوەش ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە مەولەوی بێجگە لە بەستنەوەی خۆشبەختیی هاوسەفەربوونی ئازیز بە شکانی پێی راوێژی بەدبەختی، دووبارە ئەو خۆشبەختییە ئەبەستێتەوە بە گەڕانەوەی گیانی بۆ بەدەنی کە بە لای ئازیزەوە بەجێ ماوە، یان گیانێ کە بریتییە لە ئازیز و بەجێی هێشتووە، واتە: هەروەها گەڕانەوەی گیان بۆ لەش پاش دەرچوونی لە لەش کارێکی نەشیاوە،

هاتنی ئازیزیش لەگەڵ من لەو سەفەرەدا، کارێکی نەگونجاوە. بە جۆرێ تر مەولەوی ئەیەوێ بڵێ من ئەو شانسەم نییە کە ئازیز لەم سەفەرەدا ببێ بە هاوڕێم.

وەرنە: ئەگەر نە، ئەگینە. کورتکراوەی جوملەی شەرتی مەنفییە کە ئەسڵەکەی ((وە ئەگەر وا نەبێ))یە. ئەگونجێ مانای ئەداتی ئیستیسناش بگەیێنێ، لەم سوورەتەدا واتە: بێجگە لەو دوو حاڵە...

شێتە: نەفام، شێتۆکە، بێ ئاوەز.

وێم: خۆم.

دڵوەشیی دڵەن: دڵخۆشیی دڵە، واتە: مەگەر لە رووی نەفامییەوە دڵخۆشیی دڵم بدەمەوە کە بە ئارەزووی خۆم ئەگەم و لەم سەفەرەدا ئازیز ئەبێ بە هاوڕێم.

جە تەن: لە لەش، لە بەدەن.

بەرشیی: دەرچوو، کردەوەی مورەککەبی لازمە لە ریشەی ((بەرشی یەی)) (دەرچوون).

ئاماش: هاتنی، واتە هاتنەوەی، گەڕانەوەی بۆ لەش.

موشکڵەن: مەحاڵە، واتە: چونکە گیان لە بەدەن دەرچوو، گەڕانەوەی بۆ بەدەن مەحاڵە.

**پوختەی مانا:**

بیستوومە گیانە، بەژن و باڵا جوان! کە ئەتەوێ لەگەڵ دەردەداری خۆتدا بێیت، من ئەو شانسەم نییە بەو ئارەزووەم بگەم، مەگەر پێی راوێژی بەدبەختیی شکا بێ یان گیانم کە تۆیت و لێم جیا بوویتەوە، دووبارە هاودەمیی لەشمی ئارەزوو کردبێ. یان لە رووی نەفامییەوە بەوە دڵخۆشیی دڵم بدەمەوە، ئەگینا گیان کە لە بەدەن دەرچوو گەڕانەوەی بۆ نییە.

## پارچەی هەژدەهەم

**را ((جەعفەر ئاباد)) سارای گەرمیی مەیل!**

**مەنزڵ ((شیراز)) شار(*)، سەودای عیشق لەیل!**

ڕا ((جعفەر ئاباد)) سارای گەرمیی مەیل! : ئەی کەسێ کە ڕێگات جەعفەر ئابادی سەحرای گەرمیی عیشق و مەحەببەتە! ئیزافەی ((جعفەر ئاباد)) بە ((سارای گەرمیی مەیل)) ئەگونجێ ئیزافەی تەشبیهی یا بەیانی بێ.

مەنزڵ شیراز شار، سەودای عیشق لەیل: ئەی کەسێ کە جێگات شاری شیرازی دەردی عیشقە! ئیزافەی ((شیراز شاریش)) بە ((سەودای عیشقی لەیل)) ئەو دوو حاڵەتە کە بۆ نیوە هۆنراوەی یەکەم وێژرا، هەڵئەگرێ.

**پوختەی مانا:**

ئەی کەسێ کە ڕێگای ((جەعفەر ئاباد))ی سەحرای گەرمی مەحببەتت بڕیوە، وە ئەی کەسێ کە مەنزڵت شاری ((شیراز))ی سەودای عیشقی لەیلە!

**دەس و دیم وە ئاو ((روکناباد)) شەوق!**

**ئیمام میحراو سەر موسەللای زەوق!**

دەس و دیم: دەسنوێژ. مەبەست ئامادەیی و بوونی شەراییتە بۆ گرتنەپێشی ڕێگای خوداناسی.

وە ئاو: بە ئاو.

---

(*) لە نوسخەکانی بەردەستی مندا دەڵێن: ئەم پارچەی بە ئیستیخارە و تەفائول بە دیوانی حافظ فەرمووە. (بڕوانە: دیوانی مەولەوی:، محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم ل: ٧٠٨).

روکناباد شەوق: تەرکیبی ئیزافی بەیانیی یا تەشبیهییە. واتە شـەوق و عەلاقـە بۆ ڕێگای خوداناسی.

سەر موسەللای زەوق: تەرکیبی ئیزافیی یا تەشبیهییە. واتە: زەوقـی عیرفـانی مەبەست ئوستادی و مەهارەتە لـە سۆفییەتی و خوداناسـیدا. ئـەگونجیٚ مەبەستی ئوستادی لە شیعر و شاعیریشدا بیٚ.

**پوختەی مانا:**

ئەی کەسیٚ کە بە ئاوی سەرچاوەی شەوق و شۆری بڕینی ڕێگـای خوداناسـیی دەسنوێژت گرتووە! وە ئەی کەسـیٚ کـە لـە موسـەللای مـەهارەت و لێهـاتوویی بـۆ تەیکردنی ڕێگای خوداناسیی پێش نوێژیت بۆ ڕێڕەوانی ئەو ڕێگایە کردووە.

خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەکـەی ((ئەلەسـت))
دەمـاخ وە نەشـئەی بـادەی فـەنا مەسـت!
خـەیلێوەن ئـازیز شـای نـەو نـەمامان
پـەی شـیفای زامـان نامەکـەش نامـان
هـیچ نـەوەردەن نـام خەسـتەی دەردەکـەش
نەکـەردەن خـەیاڵ مەینـەت کەردەکـەش

خەیلێوەن: زۆرە. ماوەیێکی زۆرە.

ئـازیز: مەبەسـت ((شـێخ عـەزیز))ی خـەڵکی دێـی ((جانـەوەرە))ی مەڵبەنـدی تیلەکۆیە. وەها کە لە پارچەی ژمـارە ـــــ دا وتوومانـە مەولـەوی و شـێخ عـەزیز هاوفەقیٚ بوون و دۆستایەتییێکی زۆر گەرم و بتەویان پێکەوە بووە. بە جـۆریٚ کـە لە گەورە پیاوانم بیستووە، شێخ عەزیز و مەولەوی وەها ڕێك ئەکەویٚ کە لەیەك جیا ئەبنـەوە، شـێخ عـەزیز ئەچـیٚ بـۆ شـاری ((سـنە)) لـە خوێنگـەی مزگـەوتی ((دارولئیحسان)) دائەمەزریٚ و خەریکی خوێندن ئەبیٚ، مەولەویش ئەچیٚ بۆ شـاری

بانە و لەویٚ دەس ئەکا بە دریٚژەدان بە خویٚندن. ماوەییٚکی پیٚ ئەچیٚ هیچ جۆرە هەوالیٚ لە شیٚخ عەزیزەوە بە مەولەوی ناگات. مەولەوی ئەم پارچە هۆنراوەیەی بۆ ئەنووسیٚ و ئەینیٚریٚ بۆ شاری سنە. ماوەییٚ تری پیٚ ئەچیٚ، لە سنەوە هەوالٚ بە مەولەوی ئەگات کە شیٚخ عەزیز تووشی نەخۆشی ((ئاولٚە)) بووە، ئینجا مەولەوی پارچەی ژمارە ــــــ ی کە بە نیوە هۆنراوەی ((های شەمالٚ چەن جار ڕاتەی کەردەنی)) دەست پیٚ ئەکا بۆ ئەهۆنیٚتەوە و بۆی ئەنیٚریٚ.

شای نەو نەمامان: واتە: لە هەموو جوانچاکیٚ جوانچاکتر، چونکە وشەی ((شا)) عونوانیٚکە ئەدریٚ بە گەورەترین ئەندامی کۆمەڵ.

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

زامان: برینان. زەمیری ((ش)) ئەگەڕیٚتەوە بۆ ((ئازیز)).

نامان: نەهاتووە. کردەوەی مازیی نەقلیی مەنفییە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

هیچ نەوەردەن نام–: هیچ نەیبردووە ناوی–، هەوالیٚکی نەپرسیوە. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((نام بەردەی)) (ناوبردن). ((هیچ)) بۆ تەئکیدی مانای نەفی هیٚنراوە. تیپی ((ب)) لە کردەوەکانی ئەو ریشەیەدا گۆڕراوەتەوە بە تیپی ((و)).

خەستە: لیٚرەدا بە مانای دەردەدار و نەخۆشی عیشق و دلٚدارییە.

دەرد: ئیٚش، نەخۆشیی. زۆرتر بە مانای عیشق بەکار ئەبریٚ، کە وابوو ((دەردەدار)) یانیٚ ((عاشق)). خەستەی دەردەکەش بە مانای ((نەخۆشیی عیشقەکەی))ە. زەمیری ((ش)) ئەگەڕیٚتەوە بۆ شیٚخ عەزیز.

نەکەردەن خەیالٚ: نەیکردووە خەیالٚی–. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((خەیالٚ کەردەی)) (خەیالٚکردن، بیرکردن) کە بە مانای ((بیرکردنەوە))یە.

مەینەت وەردەکەش: بەلاٚ و موسیبەت خواردووەکەی، واتە: خەم و پەژارەی دووری لەناوبردووەکەی. سیفەتی مورەککەبی ئیستعارییە و بۆ گەیاندنی سەختیی ئازاری خەم و پەژارەی دووریی و بیٚ خەبەریی لە ئازیز بەکار براوە. زەمیری ((ش)) ئەگەڕیٚتەوە بۆ ((ئازیز)).

**پوختەی مانا:**

ماوەییێکی زۆرە، ئازیز شای نەونەمامان، نامەییێکی بۆ شیفای زامان نەهاتووە و، هیچ ناوێکی لە دەردەداری خۆی نەبردووە و یادێکی لەم دڵبراوە مەینەتبارەی خۆیە نەکردووە!

یادش گوزەرگای دڵ جە یاد بەردەن
مەیلش رای خاتر فەرامۆش کەردەن
ساتێ وە ساڵێ جە لام ویەردەن
هەرەس وە ماڵم! ماچیی دڵ سەردەن!

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

ویەردەن: بووردووە، تێپەڕیوە. کردەوەی مازیی نەقڵییە لە ریشەی ((ویەردەی)) (بووردن).

هەرەس: کۆمەڵە بەفرێکی زۆرە کە لە لێژیی شاخ و کێوی بەرزەوە، وەك لافاو سەرەوژێر ئەبێتەوە و، هەر شتێ لە رێگایا بێ داینەماڵێ و ئەیبا. هەرەس تایبەتی دوو وەرزی ساڵە، یەکەم– وەرزی زستان کە بەفری زۆر ببارێتە سەر شاخ و کێوی بەرز و لێژ. دووەم– وەرزی بەهار کە بەفر دەس کا بە توانەوە و ئاو بکەوێتە ژێری.

هەرەس وە ماڵم: واتە: دەك هەرەس ماڵم راماڵێ و وێرانی کا. ئەو جوملەیە لە کاتێکا بەکار ئەبرێ کە کەسێ رووداوەییێکی دڵتەزێن ببیسێ یان تووشی خەفەت و ئازارێ بووبێ.

ماچی: ئێژی، ئەڵێی، واتە: وەها دیارە، وەها بزانم، وەها دەرئەکەوێ. کردەوەی موزاریعە و سووککراوەی ((مەواچی))یە لە ریشەی ((واتەی)) (وتن). ((ت)) لە کردەوەکانی موزاریع و ئەمردا ئەگۆڕرێتەوە بە ((چ)).

دڵ سەردەن: دڵ سەردە، بێ مەیل و میهرە.

**پوختەی مانا:**

ئازیز سەبارەت بە من بێ مەیل بووە و نایەوێ یادێکم لێ بکا، ئەو ماوەیە کە هەواڵێکی لێم نەپرسیوە، هەر ساتێکم بەلاوە، ساڵێ بووە. دەك هەرەس بە ماڵم وا دیارە لەگەڵما دڵ سەرد بێ.

**دڵ بـــێ ئارامـــەن دایـــیم مـــەدۆ چـــڵ**
**مـــن هـــەر مەواچـــوون پـــەی دڵوەشـــیی دڵ:**
**مـــن تاڵـــە وە تـــاڵ تـــاڵیی تـــاڵ وەردە**
**گـــەرد بەدبـــەختیی وە روودا مـــەردە**
**نـــام نـــە ســـەر زوان شـــیرینش تـــاڵم**
**نـــام پـــەی خـــاترش گـــەردەن خـــەیاڵم**
**نـــەدارۆ تاقـــەت تـــەحریرم خامـــەش**
**مەپێچـــۆ وە هـــەم جـــە دەردم نامـــەش**
**مـــاوای دڵ گـــەرمیش جـــە حـــەد بەرشـــییەن**
**لایـــق وە مـــەنزڵ یـــاد ئـــەو نییـــەن**
**خـــاترم یەنـــد خـــار مەینـــەت هـــا تێشـــدا**
**پـــای مـــەیلش موشـــكڵ بویـــەرۆ پێشـــدا**

دڵ بێ ئارامەن: دڵم بێ ئارامە.

داییم مەدۆ چڵ: داییم چڵ ئەدا، کردەوەی مورەککەبی موزاریعە لە ریشەی ((چڵ دای)) (چڵدان)، مەبەست سەخت ئێش کردنە، واتە: دڵم هەمیشە بە سەختیی ئێش ئەکا.

مەواچوون: ئێژم، ئەڵێم. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((واتەی)) (وتن). تیپی ((ن)) لە دوایەوە نەخشی دەستووری نییە و بە بێ ڕێگا هاتووە، ئەگونجێ بۆ بەستن و تەکیەدان لەسەر موسەوویتی ((وو)) کە زەمیری یەکەم ئەندامی موفرەدە، هێنرابێ.

پەی دڵوەشیی دڵ: بۆ دڵخۆشیی دڵم، واتە: من هەمیشە بە مەزمونی هۆنراوەگەلی خوارەوە دڵ خۆشیی دڵم ئەدەمەوە.

تاڵە: تالع، چارەنووس. وەها کە لە شوێنگەلی تردا وتوومانە، ئەو وشەیە لە ئیستلاحی ئەستێرەناساندا بۆ ئەستێرەیێك بەکار ئەبرێ کە لە کاتی بەدنیاهاتنی کەسێکا لە ئاسۆ، هەڵدێ، ئینجا ئەستێرەناسان لە رووی تەبێعەتی ئەو ئەستێرەوە چارەنووسی ئەو کەسە لێك ئەدەنەوە و ئەڵێن: فلانە کەس چارەنووس (تالع)ی چاکە یا خراپە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

تاڵ تاڵی: تەرکیبێکی ئیزافی بەیانییە، واتە: تاڵێك کە بریتییە لە سەختیی و پەژارەی ژیان. ((تاڵ)) مەزەیێکە کە دژی مەزەی ((شیرین))ە، بەڵام لە ئیستلاحی دەباغچییاندا، واتە: ئەو کەسانە کە پێستی خاو دەباغ ئەدەن بە بەرهەمێکی درەختیی، یان گیایی ئەوترێ کە مەزەی تاڵە و پێستی خاو بۆ ماوەیێك ئەخرێتە نێو تاڵاوەکەیەوە پێستەکە لە خاویی ئەکەوێ، ئەو بەرهەمەش وەك: پێستی هەنار، پێستی یەکەمی گوێز کە کەمکۆڵیشی پێ ئەوترێ، پێستی بەڕوو کە دوو جۆرە: جۆری یەکەم پێستێکە وەك کڵاو کە بنی بەڕووەکەی لەناودایە و پێی ئەوترێ: ((جەوت)) یان ((جەفت)): جۆری دووەم پێستێکە کە ناوکەکەی تێدایە. مازوو کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی دار مازوو کە لە چەشنی دار بەڕووە. پێستی دەباغدراو بە تاڵاوی پێستی هەنار و مازوو ئەبێ بە چەرم، پێستی دەباغدراو بە تاڵاوی کەمکۆڵ و

جەوت ئەبێ بە کونە کە ئاوی تێ ئەکرێ. پێستی دەباغدراو بە تالاوی پێستی دووەمی بەڕوو ئەبێ بە مەشکە کە دۆ و ماستی تێ ئەکرێ.

تاڵ وەردە: تاڵ خواردوو، واتە: منی چارەنووس بە تاڵی ((تاڵ)) دەباغدراو تاڵدراو، دەباغی کراو. لە نێوان تاڵە و تاڵدا سەنعەتی جیناسی زائید بەکار براوە. تاڵە وە تاڵ تاڵی تاڵ وەردە، سیفەتی مورەککەبە،

گەرد بەدبەختیی وە رووِدا مەردە: گەردی بەدبەختیی بە رووِدا مردوو. سیفەتی مورەککەبە، واتە: منی تۆزی بەدبەختیی بە رووِدا مردوو. شتێ کە ماوەیێکی زۆر لە ژێر تۆز و خۆڵ بمێنێتەوە و هیچ سوودێکی لێ وەرنەگیرێ و کەڵکی هیچێ پێوە نەمێنێ، لەبارەیەوە ئەوترێ: ((فلان شت ئەوەندە لە ژێر تۆز و خاکدا ماوەتەوە، تۆز و خاك بە روویدا مردووە))(*). مەولەوی بە هێنانی ئەو دوو سیفەتە مورەککەبە کە پڕن لە سەناییعی ئەدەبیی بەرز و کەموێنە، ئینفیعالاتی سەخت و دڵتەزێنی نەفسانیی لە حاڵی ناکامی و تێشکانی عیشقیی خۆی لە ژیاندا بە تایبەت لە کاتی دووری لە ئازیز و هەواڵ نەپرسینیدا، وەها ئەخاتە روو و نیشانی ئەدا، لە سەرەتاوە بە کارێکی ئاسان و ئاسایی ئەداتە چاوەوە، بەڵام پاش کەمێ وردبوونەوە لە چۆنیەتیی رێکخستنی ئەلفازی ئەو تەرکیباتە بۆ نیشاندانی ئەو حاڵەتە نەفسانییە دان بەوەدا ئەنێین کە ئەو هونەرە تایبەتی مەولەوییە. چەن شتمان لە ناسینی مەولەویدا بۆ دەرئەکەوێ:

یەکەم– دەستی باڵای مەولەوی لە خەلقی وردترین و نازکترین مانادا بۆ موجەسەمکردنی ئینفعالاتی رەوانیی.

دووەم– شارەزاییی مەولەوی لە هەموو کون و قوژبنی دەشت و بیاوان و لە هەموو هەرد و کۆساری سارد و گەرم و لە هەموو شاخ و داخی هەڵەت و پڕ لە مەترسیی... بۆ ئەوە بیانکاتە نوێنگە لە کاتی دەربڕینی خەم و پەژارە و ناکامیی

---

(*) یان ئەوترێ: "ئەڵێی خۆڵی مردووی بەسەردا بێژراوەتەوە". م، ع، ق.

ژیواریدا. سەوزە و باغ و کانیاو و گوڵ و گوڵزاری ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە شادی و خۆشیی جیهانی تەخەیول.

سێیەم– مەهارەتی کەموێنەی لە سەناییعی بەدیعی و بەیانی و بەلاغیدا.

چوارەم– ئاگادارییێکی تەواو لە فەرهەنگی عامیانە (فولکولۆر)ی کوردی کە ئاداب و روسووم و مەتەڵ و تەنز و توانج و ئامۆژگاری و قسەی نەستەق ئەگرێتە بەر.

پێنجەم– هەموو جۆرە ئیستلاحێکی زانیاری و کۆمەڵایەتی و پیشەیی و ژیانی شارسانیی و دێیی و هەواری و کۆزگەیی و کەپرنشینی و دەوارنشینی.

نام: ناو. جوزئی سیفەتی مورەککەبی ((ناو تاڵ))ە کە ((تاڵ)) لەبەر زەروورەتی شیعری کراوەتە قافیە و زەمیری رابیتی یەکەم ئەندامی ((م))ی پێوە لکاوە و کەوتووەتە دواوە کە وابوو مانای نیوە هۆنراوەی یەکەمی: ((نام نە سەر زوان شیرین تاڵم)) بەم جۆرەیە: لەسەر زبانی شیرینییەوە، ناو تاڵم، چونکە تاڵەم بە تاڵی تاڵیی تاڵ دراوە (دەباغ دراوە). وێنەی مورەککەبی ((ناو تاڵ)) لە وتووێژدا زۆرە وەك: ((خوێن تاڵ، ون تاڵ، زەرە تاڵ، ناوچاو تاڵ، قسە تاڵ)) دیارە بەکاربردنی هەریەکەیان ڕێ و شوێنێکی تایبەتی هەیە، بۆ وێنە ((قسە تاڵ)) بۆ کەسێ بەکار ئەبرێ کە هەمیشە رووشکێنی بکا، واتە: قسەگەلێ بکا کە بیسەر ئەو قسانەی پێ ناخۆش بن.

نام: یا، یان. پیتی رەبت (عەتف)ە مانای تەردید ئەگەیێنێ. لە نێوان ئەو دوو ((نام))ە لەو هۆنراوەیەدا سەنعەتی جیناسی تام بەکار براوە.

پەی خاترش: بۆ خەیاڵی، بۆ بیرکردنەوەی. ((پەی)) (بۆ) پیتی ئیزافەیە. زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ئازیز.

گەردەن خەیاڵم: گەردە خەیاڵی من. ئیستلاحی ((گەردبوون بۆ خەیاڵ)) لە کاتێکدا بەکار ئەبرێ کە کەسێك کەسێکی تری خۆش بوێ بەلام کەسەکەی تر خۆشی لەو نەیێ و حەزی لێ نەکا و لە ناوبردنی قەڵس و ناڕەحەت ببێ و نەیەوێ هەرگیز بیری لێ بکاتەوە، ئینجا لەو حاڵەدا، ئەوترێ: فلانە کەس لە ناوبردنی

فیساره کەس خاتری گـەرد ئـەگریّ، واتـە نارەحـەت ئـەبیّ. ئـەم جۆره ئیستلاحه جوان و پڕ مانایه که مەولەوی لە شیعرەکانیا بەکاری بـردووه، بووەتـە هـۆی ئـەوە کە هۆنراوەکانی لە دوا پلەی بـەرزیی مانـادا خۆیـان ئـەنوێنن و وەك ئەستێرەیێکی رووناك لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا ئەدرەوشێنەوە.

مەولەوی وەها کە خۆی ئیشارەی پیّ کردووه، بۆ دڵخۆشی دانەوەی دڵی چەن هۆ و بەڵگە ئەهێنێتەوە کە دڵی لەوە دلگیر نەبیّ کە ئازیز هەواڵێکی لیّ نەپرسیوه. ئـەو بەڵگەیانـەش بـریتین لـە شـەش بەڵگـە کـە لـە هـۆنراوەی ((نـام نەسـەرزووان شیرینش تاڵم)) دەس پیّ ئەکەن تا دوایی هۆنراوەی ((خاترم یەند خار...)).

مەولەوی وەك هەمیشە کـە لـە خـۆی چـەن شەخسییەت دوروست ئـەکا، لـەم پارچەیەشـدا دڵـی بـە شەخسـییەتێکی جیـاواز و مـەربووت بـە خـۆی دائـەنیّ و لـە بارەیەوە ئەکەوێتە وتووێژ، وەهـا کـە ئـەڵیّ ((مـن هـەر مەواچوون پـەی دڵۆەشـیی دلّ...)).

نەدارۆ: نیەتی. کـردەوەی مـوزاریعی مەنفییـە لـە ریشـەی ((داشـتن))ی شێوه کوردی...

تاقەت: لێرەدا بە مانای مەیل و، حەز و پێخۆشبوونە.

خامە: قەڵەم، پێنووس. زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ((ئـازیز)). مانـای ئـەو نیوه هۆنراوەیە، بەم جۆرەیە: یان پێنووسی ئازیزە پێی خۆش نییە ناوم بنووسیّ.

مەپێچۆ وە هەم: ئەپێچیّ بەیەکا، پێچ ئەخوا. کردەوەی مورەککەبی موزاریعە لە ریشەی ((پێچای وە هەم)) (بەیەکا پێچان). ئـەو کردەوەیـە ئـەگونجیّ لازم یان موتەعەددی بیّ.

جـە دەردم نامــەش: لــە ئەســەری ئێشــی منــەوە نامــەی. ئەگــەر کـردەوەی ((مەپێچۆ وە هەم)) لازم بیّ، مانـای ئـەم نیـوه هۆنراوەیـە بـەم جۆرەیـە: یـان ئـەو قاقــەزە کــە ئــازیز ئــەیگریّ بــە دەســتەوە و ئەیــەویّ نـاوی مـنی تێدا بنووسـیّ، لـە ئەسەری ئێشی دەردی منــەوه، پـێچ ئـەخوا و لوولـە ئـەبیّ و ئـیتر نـاوی مـنی تێدا نانووسریّ. وە ئەگەر ئەو کردەوەیە مانـای موتەعـەددی لـیّ بگیریّ، مانـای نیوه

هۆنراوەکە بەم جۆرە ئەبێ: یان کاتێ ئازیز قاقەز ئەگرێ بە دەستەوە کە نامەم بۆ بنووسێ، دەرد و ئێشی من ئەکەوێتەوە بیری و خاتری ئازار ئەدا و تاقەتی نووسینی نامێنێ و قاقەزەکە ئەپێچێتەوە و ئەیخاتە لاوە.

ماوای دڵ: جێگای دڵ، مەنزڵی دڵ. تەرکیبی ئیزافیی بەیانییە، واتە: جێگایێك کە بریتییە لە دڵ.

گەرمیش جە حەد بەرشییەن: گەرمای لە حەد دەرچووە، گەرمای زۆری هێناوە، واتە: گەرمای دڵم لە ئەسەر تیژبوونی ئاگری ئیشتیاقی چاوپێکەوتنی ئازیز لە ئەندازە دەرچووە.

لاییق وە مەنزڵ یاد ئەو نییەن: شایستەیی نییە ببێتە جێگای یادی ئازیز...

خاترم: دڵ، دەروون، بیر، موخەیەلە.

یەند: ئەوەندە.

خار مەینەت: درکی دەرد و رەنج. مەبەست لە ((خار)) لێرەدا، ئەو ئێش و ئازارە رەوانییەیە کە لە ناکامی گەلێ عیشق و دڵدارییەوە، بۆ عاشق دێتە دی. ئیزافەی ئیستعارییە.

ها تێشدا: هەیە تێیدا، تێیدایە. زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ((خاتر)).

پای مەیلش: پێی مەیلی. ئیزافەی ئیستعارییە. زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ئازیز. ئیزافەی ئیستعارییە.

موشکڵ: سەخت، بە سەختی.

بویەرۆ: ببوورێ، تێپەڕ بکا. کردەوەی موزاریعی ئیلتزامییە لە ریشەی ((ویەردەی)) (بووردن، تێپەڕکردن)

پێشدا: پێیدا. زەمیری ((ش)) ئەگەڕێتەوە بۆ ((خاتر)).

**پوختەی مانا:**

دڵم لە نەهاتنی هەواڵێ لە لایەن ئازیزەوە، بێ ئارامە و لە حەسرەتا چڵ ئەدا و منیش هەر خەریکی دڵخۆشیدانەوەیم پێی ئەڵێم: من کە تالعم بە تاڵاوی سەختیی و تاڵیی تاڵ دراوە و تۆز و گەردی بەدبەختیی بە روومدا مردووە، بێ گومان ناوم

لەسەر زبانی شیرینییەوە، تالّە بۆیێ ناوم بە زباندا ناهێنێ. یان بە خەیاڵکردنی من خاتری لەتیفی گەرد نەگرێ و پێی خۆش نییە یادم لێوە بکا. یان پێنووسی ئازیز بایەخێکم بۆ دانانێ کە ناوم لە رووی قاقەزەوە بنووسێ. یان ئەو قاقەزە کە ئازیز ئەیگرێ بە دەستەوە کە نامەم بۆ بنووسێ، لە تاوی دەرد و رەنجی من پێچ ئەخوا و لوولە ئەبێ و ئیتر ناوی منی تێدا نانووسرێ. یان مەنزلگەی دڵم کە جێی هەمیشەییی یادی ئازیزە، لەبەر ئەوە پلەی گەرمای ئاگری ئارەزوومەندیی چووەتە سەر، بۆ ئەوە ناشێ کە یادی رووی تێ بکا.

سەد دەلیل ماروون نییەن فەراقەت
چە من هەی تامڵ، چە ئەو کۆن تاقەت؟

سەد دەلیل: سەد بەڵگە. ئەو تەرکیبە ژمارەییە بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە هێنراوە.

ماروون: ئەهێنم، ئەهێنمەوە. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هێنان، هێنانەوە)، واتە: سەد بەڵگە ئەهێنمەوە بۆ دڵم و پێی ئەڵێم، لەبەر ئەو شتانەیە کە وتم، ئازیز هەواڵێ، ناپرسێ، نەك لەبەر ئەوەیە کە خودانەخواسە تووشی ئازارێ بووبێ.

تیپی ((ن)) لە دوایەوە نەخشی دەستووری نییە، تەنیا بۆ بەستنی موسەوویتی بڵاو هێنراوە.

نییەن فەراقەت: نییە فەراغەت، واتە فەراغەتم نییە، تاوێ ناوەستم. ئەو تەرکیبە قەیدە بۆ مەزموونی نیوە هۆنراوەی دووەم، واتە: تاوێ فەراغەتم نییە هەمیشە ئەڵێم: ئەی دڵ پەلە مەکە و سەبرت ببێ، ئەو لە وەڵاما ئەڵێ: کوا توانایی سەبرکردنم؟! تەرکیبی ناوبراو لە کاتێکا بەکار ئەبرێ کە کەسێ بەڵا و موسیبەتێکی سەخت و دەردایی بۆ هاتبێتە پێشەوە و کەسێکی تر خەریکی دڵخۆشیدانەوەی بێ، بەڵام ئەو کەسە توانایی نەبێ کە دەرد و رەنجی ئەو بەڵا و

موسیبەتە بخاتە پشتی گوێ و بە هیچی بزانیێ، هەر خەریکی هاوار و پەلەقاژەکردن بێ، ئینجا کابرای دڵخۆشیدەر ئەڵێ: من هەمیشە بەو کابرایە ئەڵێم: ئەی فلان! سەبرت ببێ و پەلەقاژە مەکە! ئەو لە وەڵاما ئەڵێ: کوا ئەو تواناییە کە سەبر بکەم و لەبەر ئەو ئێش و رەنجە خۆم راگرم!

ئەگونجێ جوملەی دووەمی ئەو تەرکیبەش هەر وتەی مەولەوی خۆی بێ ئینجا مانای تەرکیبەکە بەم جۆرە ئەبێ: من هەمیشە بە دڵم ئەڵێم: تامڵ کە و سەبرت ببێ، بەڵام کوا توانایی سەبرکردن بۆ ئەو؟!

جە من هەی تامڵ، جە ئەو کۆن تاقەت: ئەو دوو تەرکیبە کورتکراوەی: لە من ئەی دڵ تامڵ بکە وتن و لە ئەو کوا توانایی تامڵ کردن، وتنە، واتە: من هەر ئەڵێم: ئەی دڵ سەبر بکە! ئەو لە وەڵامدا ئەڵێ: کوا توانایی سەبر کردنم!

یەکێ تر لە هونەرنمایی یەکانی مەولەوی ئەوەیە کە با وەکو شێوە کوردیی گۆرانی، زمانی زکماکیی نەبووە، جۆرە تەرکیبات و ئیستلاحاتێکی جوان و پڕ مانای ئەو شێوەیەی لە هۆنراوەکانیا بەکار بردووە کە گومانی ئەوە ناکرێ تەنانەت ئەوانەش کە زمانی زکماکییان شێوە کوردیی گۆرانی بووبێ و لە ئەدەبیشدا خاوەنی هێزێکی گەورە بووبن توانیبێتیان ئەو تەرکیبات و ئیستلاحاتە جوانە لە شیعردا بەکار ببەن. بۆ وێنە تەرکیبی: ((جە من هەی تامڵ، جە ئەو کۆن تاقەت)) تەرکیبێکی سادە و سەرزمانییە بەڵام ئەوانەی کە زمانی زکماکییان وەکو ئەزانین شێوە کوردی گۆرانییە و خاوەنی زەوقی ئەدەبیشن، ئەزانن ئەو تەرکیبە سادەیە، چ مانایێکی بەرز و دڵگیر و ناسکی هەیە و چۆن لە ناکاو جیهانی لە ئیحساس و ئینفعالی عاشقانە ئەخاتە دڵی مرۆڤەوە کە ناگونجێ بە قەڵەم بەیان بکرێ.

**پوختەی مانا:**

سەد دەلیل بۆ دڵم ئەهێنمەوە و هۆی هەواڵ نەپرسینی ئازیزی بۆ بەیان ئەکەم هەمیشە پێی ئەڵێم: پەلە مەکە و سەبرت ببێ، بەڵام ئەو لەوەڵاما ئەڵێ: کوا توانایی سەبرکردنم؟!

بـۆ بەشـق ئـەو جـام، ئـەو بـەزم و ئـەو جـەم
بـــێ مـــەیلیی ئـــازیز نـــەوینی وە چـــەم
مـــەزانی چـــەنیم چـــەم هـــا وە ڕاوە
ئـــەر وەی زوو مـــەیۆ پـــەیکێ جـــە لاوە
بـــاوەرۆ نامـــەی جـــام جەمینەکـــەم
دیـــدەی دنیـــا و دیـــن، دنیـــا و دینەکـــەم
یـــەك غـــەزەڵ مەتڵـــەع مـــژدەی ئـــی دڵ بـــۆ
بـــاوەر بـــەڵ پـــەی دڵ تەسـکین حاسـڵ بـــۆ
وەر بـــۆ نـــەی شـــەڵا ((نمـــێ))ش تێکـــەڵ بـــۆ
خواجـــە! تـــۆ پـــیرت بـــا هـــەر مژمـــەڵ بـــۆ

بۆ: وەرە، بێ. کردەوەی ئەمری حازرە لە ریشـەی ((ئامـای))[1] (هـاتن). ئـەو کردەوەیە لە باتـی ((تکایە)) بەکار ئەبرێ، و مانای پاڕانەوە ئەگەیێنێ.

بەشق ئەو جام: بـە خـاتری ئـەو جامـە، واتـە: سوێندت ئـەدەم. بـە عیشـق و خۆشەویستیی ئەو جامە. ئەو تەرکیبە لە شیعری شێوە کوردیی گۆرانیدا زۆر بـەکار ئەبرێ. مەبەست لە وشەی ((جام)) لە تەرکیبی ئیشارەیی ((ئەو جـام))دا، جامێکـە کە بە قەرینەی ((بادە)) لە نیوەی دووەمی هۆنراوەی سێیەمدا دەرئەکەوێ، وەهـا کە ئەڵێ: ((دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنا مەست)) چونکە ((بادە)) کە بریتییە لـە ((مەی)) مەعموولەن لە نێو جامدا ئەخورێتەوە، کە وابوو ئیشارە لە تەرکیبی ((ئەو جام))دا ئیشارەی زیهنییە، نە حیسسی.

ئەو بـەزم: ئیشـارەیە بـە ((بـەزمی ئەلەسـت)) لـە نیـوەی یەکـەمی هـۆنراوەی سێیەمدا.

---

(١) بۆ: کورتکراوەی ((بئامە))یە، وەها کە ((بێ))ش کورتکراوەی ((بهایە))یە.

ئەو جەم: ئیشارەیە بە ((حەڵقم)) لە نیوەی یەکەمی هۆنراوەی سێیەمدا، چونکە ((حەڵقە)) وەها کە لە سەرەوە مانای لێ درایەوە، لێرەدا بریتییە لە دایەرەیێك کە لە کۆبوونەی چەن کەس بە دەورە دانیشتبێتن یان بە پێوە راوەستابێتن بۆ جێبەجێکردنی زیکر و فیکری ئایینی یان ئاهەنگگێڕان و بەزمگرتنی عاشقانە.

وشەی ((جەم)) بە مانای کۆمەڵە، بەڵام لە ئیستلاحی گرۆی ((یارسان))، واتە: ئەهلی هەق دا بۆ کۆبوونەوەیێکی ئایینی بەکار ئەبرێ کە زیکر و فێکرێکی خوداناسی تایبەتی خۆیانی تێدا جێبەجێ ئەکرێ.

ئازیز: لێرەدا بریتییە لە مەعشووقی حەقیقی کە ((خودا))یە.

نەوینی وە چەم: نەبینی بە چاو. ((نەوینی)) کردەوەی موزاریعی مەنهی دۆعاییە لە ریشەی ((وێنای)) (بینین، دیتن). لە مەزموونی ئەو جوملە دۆعاییە، هونەرکارییێکی جوان و کەم وێنەی تری مەولەوی، هەست ئەکرێ کە بریتییە لەوە کە مەولەوی کە لە ((خواجە حافز)) ئەپاڕێتەوە و دۆعای خێری بۆ ئەکا کە ئەویش وەکو خۆی بێ مەیلی ئازیز بە چاو نەبینێ و تووشی ئەو دەردە گرانە نەبێ کە خۆی تووشی بووە. ئا لەم جۆرە هونەرکارییانەدایە کە مەولەوی لە چوارچێوەی جوملەیێکی سادەی و ئاساییدا، وەها ئینفعالاتێکی گەورە و گرنگی رەوانیی دەرئەخا کە هەر خاوەن دڵێ بە خوێندنەوەی ئەو جوملەیە، ئەو ئینفعالاتە گەورە و گرنگە رەوانییە لە خۆیدا هەست ئەکا.

مەزانی(*): ئەزانی. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((زانای)) (زانین).

چەنیم: چۆنم. زەمیری ((م)) کە موزاف ئیلەیهە بۆ ((چەم))، لەبەر زەروورەتی شیعری لکاوە بە ((چەنی))ەوە.

---

(*) ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای ئاخر، مانای کردەوەی ئیخباریی موسبەتی موزاریع ئەدا، وە ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای سەرەتایی، مانای کردەوەی موزاریعی ئیخباریی مەنفی ئەگەیێنێ.

چەم ها وە ڕاوە: چاو ها بە ڕێوە، واتە: ئەزانی چۆن چاوم بە ڕێوەیە. لە مەزموونی ئەو تەرکیبە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە مەولەوی خۆی لەگەڵ ((حافز))دا بە هاودەرد ئەزانێ، بۆیێ ئەڵێ: تۆ خۆت دەردی سەختی دووریی و بێ هەواڵی لە ئازیزت چەشتووە و سزای چاوەڕوانی و ئینتزارت کێشاوە و ئەزانی من لە چ حاڵێکی دڵ تەزێندام و چۆن چاوەڕێی هاتنی هەواڵی ئازیزم!

ئەر: کورتکراوەی ((ئەگەر))ە و ئامرازی شەرتە.

وەی: کورتکراوەی ((وەئی))یە. وە: بە. پیتی ئیزافەیە. ((ئی)): ئەم. ناوی ئیشارەیە.

زوو: ئەبێتە موشار ئیلەیە بۆ ((ئی)) و ((ە)) نیشانە ئیشارەی حیسسی لە دوایەوە فرە دراوە، واتە: ئەگەر بەم زووە.

مەیۆ: دێ. کردەوەی موزاریعی ئیخبارییە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

پەیکێ: قاسدێ، نارراوێ کە هەواڵی ئازیزی پێ بێ.

جە لاوە: لە لاوە. ((لە لاوە هاتن)) بە مانای فریاکەوتنە، واتە: ئەگەر بەم زووییە، پەیکێ فریام کەوێ و لە دەردی چاوەڕوانی رزگارم ئەکا...

باوەرۆ: بهێنێ. کردەوەی موزاریعی شەرتییە لە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هاوردن، هێنان).

جام جەمینەکەم: ئاوێنە روخسارەکەم، واتە: ئازیزە ئاوێنە روخسارەکەم کە ماوەیێکە هەواڵم لێ ناپرسێ.

جام: ئاوێنە، ئەگونجێ مەبەست ((جامی جەمشید))یش بێ.

جەمین: جەبین، پێشانی، نێوچاوان، تەوێڵ، لێرەدا مەبەست تەواوی روخسار و دەم و چاوە. ((جام جەمین)) تەرکیبێکی وەسفییە بۆ موبالەغە کە بۆ جوانیی دەم و چاوی مەعشووق بەکار براوە.

دیدە: چاو. لێرەدا مەبەست ئازیزە، واتە: ئەو ئازیزە جام جەمینە کە چاوی دیتنی دنیا و دینمە، بەڵکە خودی دنیا و دینمە.

یەك غەزەل: غەزەلێ، پارچە هۆنراوەیێ. غەزەل لە ئیستلاحی ئەدەبیی فارسیدا لە چاوی ساختمان و ناوەڕۆکەوە بە پارچە هۆنراوەیەك ئەوترێ کە ژمارەی هۆنراوەکانی بە جۆرێکی ئاسایی لە پێنج هۆنراوە کەمتر نەبێ و لە یانزە تا پانزە هۆنراوەش تێپەڕ نەکا و مەزموونی هۆنراوەکانیش زۆرتر دلداری یا نەو عاشقانە بێ. قافیەی دوو نیوە هۆنراوەی یەکەم لەگەل تەواوی نیوە هۆنراوەی دووەمی هۆنراوەکانی ترا یەکێ بێ نیوە هۆنراوە یەکەمەکان لە چاوی قافیەوە، ئازاد بن.

مەتلەع: بە هۆنراوەی یەکەم و، ((مەقطەع)) بە هۆنراوەی غەزەل یا قەسیدە ئەوترێ شاعیر لە هۆنراوەی ((مەقطەع))دا نازناو (تەخەلوس)ی خۆی ئەگونجێنێ. ((ش)) زەمیری موزاف ئیلەیهی ((مەتلەع)) لەبەر وەزنی شیعر فرە دراوە، واتە: مەتلەعش (مەتلەعی).

باوەر: بێنە، بێرە، لە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هاوردن، هێنان).

مژدەی ئی دل بۆ: مژدەی ئەم دلە بێ: واتە: یەکەم هۆنراوەی ئەو پارچەیە، مژدە بێ بۆ ئەم دلە هەژار و پەرێشان و موزتەریبەی منە. ((ە))ی نیشانەی ئیشارەی حیسسی و تەحقیر، لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە.

بەل: بەلکە، بەلکو. پیتی رەبتە و مانای هیوا و هومێد ئەگەیێنێ.

پەی دل: بۆ دل، واتە: ئەو دلە کە چۆنییەتی پەرێشانی و بێتاقەتی بەیان کرد.

تەسکین: ئارامی لەو پەرۆشی و بێ تاوییە کە وترا.

حاسل بۆ: دەس بدا، بێتە دی، بێتە بەرهەم، کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامییە و مانای تەوەقوع و چاوەڕوانی ئەدا لە ریشەی ((حاسل بیەی)) (حاسلبوون، بەدیهاتن).

وەر: کورتکراوەی ((وە ئەگەر))ە کە تەرکیبێکە لە پیتی رەبت و پیتی شەرت.

بۆ: ببێ. لێرەدا بە مانای ((بشێ)) (بگونجێ) لە ریشەی ((شیای))[1] (گونجان) بەکاربراوە.

نەی شەلا: کورتکراوەی ((نە ئینشائەلا))یە، واتە: خودانەخواسە، نەخوازەلا، خودا نەکردە.

((نمێ))ش تێکەڵ بۆ: ((نمێ))[2] (نایێ)ی تێکەڵ بێ، واتە: ئەگەر خودانەکردە وشەی ((نمێ)) کە کورتکراوەی کردەوەی مەنفیی کردەوەی موسبەتی ((مەیۆ))[3]یە، لە ناو ئەو غەزەلەدا بێ، چونکە مەولەوی لە هۆنراوەی پێشوودا، کردەوەی موسبەتی ((مەیۆ)) (دێت، بێت)ی بەکار بردووە، وەها کە ئەڵێ: ((ئەر وەی زوو مەیۆ پەیکێ جە لاوە)) (ئەر بەم زووانە، پەیکێ لە لاوە دێ).

بەداخەوە هەندێ کەس لەبەر ئەوە لە ئەدەبی شێوە کوردی گۆرانی شارەزاییی تەواویان نەبووە، لە نوسخە دەسنووسەکاندا وشەی ((نمێ))یان وەك گەلێ شوێنی تر بە هەڵە نووسیوەتەوە و بە هەڵەش مانایان لێك داوەتەوە مامۆستا مەلا کەریمیش لە دیوانە چاپییەکەی مەولەویدا، هەر ئەو هەڵەیەی دووبارە کردووەتەوە.

خواجە: ئەی خواجە حافز!

تۆ پیرت: تۆ سوێند ئەدەم بە پیر و مورشیدت.

با هەر مژمەڵ بۆ: با هەر موجمەل بێ، واتە: مەزموونی غەزەلەکە با هەر پەرێشان بێ و مەتڵەب نەدا بە دەستەوە. ((مژمەڵ)) لێرەدا بە مانای بێ بەرهەم و بێ نەتیجەیە.

---

(١) ((شیەی)) بە مانای چوون و رۆیشتنە.

(٢) ((نمێ)) (نایێ، نایێت) کورتکراوەی ((نمەیۆ))یە.

(٣) ((مەیۆ)) ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای سەرەتایی، کردەوەی مەنفییە، واتە: (نایێ)، وە ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای ئاخر، کردەوەی موسبەتە، واتە: (بێت، دێت).

**پوختەی مانا:**

وەرە سوێندت ئەدەم بە عیشقی ئەو جامە و ئەو بەزم و ئاهەنگ و کۆڕە، وە لە خوداشم ئەوێ وەکو من بێ مەیلیی ئازیز بە چاو نەبینی. ئەزانی بە چ پەرۆشێکەوە چاوەڕێم. ئەگەر بەم زووانە پەیکێ ئەگەیێت و نامەی ئازیزە جام جەمین و هیوای دنیا و دینەکەم بۆ دێنی، غەزەلێ بێنە کە سەر غەزەلەکەی مژدەیێ بێ بۆ دڵم، بەڵکە دڵم ئارام بگرێ. ئەگەریش بێت و خودا نەکردە ئەو غەزەلە نەهاتنی پەیك بگەیێنێ، خواجە! تۆ پیرت با مژمەڵ بێ و پێی ناوێ بە سەراحەت پێم بڵێیت و دەردم گرانتر کەی چونکە من هەر لە زووەوە بەختی رەشی خۆم ناسیوە.

## پارچەی نۆزدەهەم

هـەی هـوو، هـای چـەندێن نامـان خەبـەرێ!
تـای تامـڵ بڕیـان، نەسـیم سـەفەرێ !-
تـا وە سـەربەرزان هـەردان لـەیلاخان
وە خزمـەت سـەرئێل بڵنـد دەماخـان

هەی هوو: تەرکیبێکە لە دوو ناوی دەنگی ((هەی)) و ((هوو)) کە یەکەمیان بۆ پیتی بانگکردنیش بەکار ئەبرێ، پێك هاتووە و مانای دووریی ڕۆژگاری ڕوودانی ڕووداوەیێك لە ڕۆژگاری رابووردوودا ئەگەیێنێ.

های: بۆ ماناگەلێ: تەئکید، بانگکردن، وریاکردنەوە، هاوارکردن و پەرێشانی دەربڕین بەکار ئەبرێ، ئەگونجێ لێرەدا مانای پەرێشانی بگەیێنێ.

چەندێن: چەندێکە. ماوەیێکی زۆرە. ئەو تەرکیبە کورتکراوەی ((چەندێوەن))ە کە پێکهاتووە لە ((چەند)) ناوی کەمییەت، ((ێ)) نیشانەی نەکارەت، ((وە)) نیشانەی وەحدەت، ((ن)) رابیتی موفرەدی ڕۆژگاری ئێستا.

مەزموونی ئەم پارچە هۆنراوەیە، ئەوە ئەگەیێنێ کە مەولەوی لە ئازیزی گلەیی کردووە کە لە گەرمیان بەجێی هێشتووە و خۆی چووە بۆ کوێستان، تەنانەت لە کوێستانیشەوە، هەواڵێکی لێ نەپرسیوە و خەریکی رابواردن بووە و بە تەواوی ئەوی لە بیر چووەتەوە. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە مەولەوی تاقە هۆنراوەیێکی ((وەلی دێوانە))ی لە پارچەکەی خۆیدا تەزمین کردووە، کە وەلی دێوانە گلەیی لە ((شەم))ی مەعشووقی کردووە کە لە کوێستان خەریکی سەیر و سەیاحەت بووە و هەواڵێکی لە ئەو کە لە گەرمیاندا بوو، نەپرسیوە. ئا لێرەدا یەکێ تر لە هونەرە ئەدەبییەکانی مەولەویمان بۆ دەرئەکەوێ کە لەگەڵ ئەوەدا گلەیی لە ئازیز ئەکا کە لە گەرمیان بەجێی هێشتووە و تەنانەت لە کوێستان یادێکی لێ نەکردووە، خۆی ناشکێنێتەوە کە لە گەرمیاندا ناخۆش رائەبوێرێ و گەرما ئازاری ئەدا، چونکە

هەناسەی ساردی دڵی هەوای گەرمیانی لە ((سارالّ)) کە هاوینە هەواری ئازیز بووە، بۆ ساردتر کردووە و ئیتر نیازێکی بە کوێستان ڕۆیشتن نییە. ئینجا ئەگەر بە وردی لە چۆنییەتیی ئەو خۆنەشکاندنەوە و خۆهەڵکێشانەی مەولەوی بەرامبەر بێ میهری و بێ مەیلی ئازیز، بە وردی بکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئەو خۆهەڵکێشانەش هەر لای ژووروی عیشق و عەلاقەی مەولەوی بە ئازیز ئەگەیێنێ و زۆرتر خەم و پەژارەی دووری ئازیزی دەرئەخا و ئینفعالاتی دەروونیی جوانتر نیشان ئەدا و ئەیخاتە روو، چونکە هۆی ساردیی هەناسەی دڵی مەولەوی کە وەها کوێستانێکی بۆ بەدیهێناوە، بریتییە لە ناهومێدی و ناکامییێك کە لە بێمەیلیی ئازیزەوە بۆی هاتووەتە دی!

نامان: نەهاتووە. کردەوەی مەنفیی ڕۆژگاری ئێستایە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

تای تامڵ: تاڵی سەبر و تەحەمول. تەرکیبی ئیزافیی ئیستعارییە.

بڕیان[1]: بڕاوە، بڕراوە. کردەوەی ڕۆژگاری ئێستایە لە ریشەی ((بڕیان)). ئەگونجێ لازم بێ، یان مەجهوول بێ، چونکە لە شێوە کوردی گۆرانی و هەندێ لە لقەکانی شێوە کوردی سۆرانیدا، کردەوەی لازم و کردەوەی مەجهوول یەك ساختمانیان هەیە، وەها کە لە لقێ لە شێوە کوردیی سۆرانیدا ئەوترێ: بڕیا، ئەبڕیێ، وە لە شێوە کوردی گۆرانیشدا ئەوترێ: بڕیا، بڕیۆ کە مەبڕیۆش ئەوترێ.

نەسیم: شەماڵ، مەبەست بایێکی نەرم و فێنکی نیوەشەوان یان بەیانیانیی بەهار و هاوینە کە قاسیدێکی تەواو تەیار و ئەمینی نێوانی عاشق و مەعشووقە و هەمیشە عاشقانی دوورکەوتوو لە مەعشووق بەو بایەدا پەیام و دەردەدڵی خۆیان بۆ مەعشووقان ئەنێرن!

سەفەرێ: واتە: وەختی ئەوەیە کە لە منەوە سەفەرێ بکەی.

---

(١) ئەگونجێ کردەوەی لازم یان مەجهوول بێ، چونکە لە شێوە کوردیی گۆرانیدا، ئەو دوو کردەوەیە، یەك ساختمانی هەیە.

تا وه سەربەرزان هەردان لەیلاخان: تا بگەیێی بەسەر لووتکە بەرزەکانی کێوە کوێستانەکان. ((لەیلاخ، ئێلاخ)) بە مانای شوێنی سەردەسێر و کوێستان. ((لەیلاخ)) ناوە بۆ مەڵبەندێکی حاسڵ خێز و پڕ بەرهەم، دەوروبەری شاری ((سنە))ش لێرەدا مەبەست ئەو جێگا کوێستانانەی کوردستانە کە هۆزە کۆچەرییەکانی کورد بە هاویناندا بۆ ئاژەڵ لەواڕاندن، تێیاندا ئەبەزین.

وه خزمەت: بە خزمەت، واتە: تا ئەگەیێتە خزمەت...

سەرئێل[1]: سەرۆك ئێل، سەرۆك هۆز. ئەگونجێ مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ یەکێ لە بەگزادە جافەکان نووسیبێ. چونکە مەولەوی وەکو ئەو کەسانە کە مەڕومالاّتیان نەبووە، بە هاوینانیش هەر لە گەرمەسێر ماوەتەوە و چاوەڕوانیی کردووە کە گەرمای هاوین دوایی بێت و سەرەك هۆزە دۆستەکانی لەگەڵ هاوماڵەکانیاندا زووتر بگەڕێنەوە بۆ گەرمیان.

بلند دەماخان: سیفەتی مورەککەبی کۆمەڵە. بڵند دەماخ (بەرزە دەماخ، دەماخ بەرز) بە کەسێ ئەوترێ کە لەخۆڕازی و بە دەعیە و دەمار بێ، بەلاّم لێرەدا رەنگە، کینایە بێ لە مەعشووقی جوانی موتەشەخیس و مەغروور، کە وابوو سەرئێل بڵند دەماخان، واتە: بالاّدەستی مەعشووقە مەغروورەکان. گومان ئەچێ کە لەو تەرکیبە ئیزافییەدا سەنعەتی ئیهام بەکار برابێ کە مانای نزیکی بریتی بێ لە گەورەی هەموو سەرەك هۆزە جافەکان و مانای دووریشی بریتی بێ لە جوانترینی مەعشووقە مەغروورەکان.

**پوختەی مانا:**

ئای! ماوەیێکی زۆرە لە ئازیزەوە هەواڵێکم بۆ نەهاتووە. بە جارێ سەبر و ئارامم لێ بڕاوە، بای شەماڵ دەخیلە بکەوە رێ بۆ سەر لووتکە بەرزەکانی کێوە کوێستانەکان تا ئەگەیێتە خزمەت سەرئێلی نازارە دەماخ بەرزەکان.

---

(١) مەولەوی ئەم غەزەڵەشی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی نووسیوە. دیوانی مەولەوی – ملا عبدالكریمی مدرس – لاپەڕە ٥١٦

نـــام ئـــی زام ســـــەخت جــــە تــــاڵی واڕا
وە نــــەرم، ئــــەر وە لــــەفز شــــیرین ویــــارا

نام ئی زام سەخت: ناوی ئەم برین سەختەی...

سیفەتی مورەککەبی ((زام سەخت)) کینایەیە لە خودی مەولەوی واتـە: نـاوی ئەم مەولەوییە زام سەختە.

لێرەدا یەکێ تر لە شاکارە ئەدەبییەکانی مەولەویمان بۆ دەرئەکەوێ، ئـەوەش بریتییە لەوە کە لەم جۆرە شوێنانەدا کە بییەوێ لە حاڵەت و چۆنییەتیی خـۆی یا مەعشووق یا دۆستێ لە دۆستانی یا شتێکی تـر بـدوێ و لای ژوورووی ئـەو حاڵەتـە موجەسەم و مەحسووس بکا، ئەو حاڵەت و چۆنییەتییە یـا سـوورەتی سـیفەتی بـێ مەوسووف ئەهێنێ یا سیفەتەکە لەگەڵ مەوسووفەکەدا تەرکیب ئەکا و مەوسووفەکە ئەکاتە جوزئی ساختمانی سیفەتەکە. دیارە لەو دوو سوورەتەدا هەمیشە گرنگایەتی روو ئەکاتـە سـیفەتەکەوە، بـە چەشـنێك کـە مەوسـووفەکە بـریتی ئـەبێ لـە عـەینی سیفەتەکە. نەك سیفەتەکە حاڵەتێکی جیا لە مەوسووفەکە بێ، بۆ وێنە لە تـەرکیبی ((ئەم زام سەختە)) ئەوە هەست ئەکرێ کە مەولـەوی مـەدلوولی ((زام سـەخت))ە، نە ئەوە کە ((زام سەخت)) حاڵەتێ بێ، بۆ مەولەوی!

جە تاڵی واڕا: لە تاڵی گۆڕیی، واتە: تاڵیی ناوی ئەم زام سەختەی لابرد، واتـە: لە بێ مەیلییەوە، هاتە سەر مەیل و لە نەفرەتەوە، هاتە سـەر مەحەبـەت. ئـەوەش ئەگونجێ کە مەبەست لە گۆڕینی تاڵیی ناوی، ئەوە بێ کە نـاوی تـاڵی مەولـەوی بـە لەفزی شیرینیدا بهێنرێ و شیرینی لەفزەکەی تاڵییەکەی ناوی لەناو ببا، دیـارە ئـەم ئیعتبارەش هەر کینایەیە لە نەفرەت و مەحەبەتی مەعشووق.

ئەر: کورتکراوەی ((ئەگەر))ە کە ئامرازی شەرتە و لەبـەر زەروورەتـی شـیعری لە سەرەتای نیوە هۆنراوەی یەکەمەوە، هاتووەتە نێو نیوە هۆنراوەی دووەم.

ویـارا: بگـاردی، واتـە بـە لـەفزی شـیرینیدا هێنـای. کـردەوەی رابـووردووی شەرتییە لە ریشەی ((ویاردەی)) (بگاردن، گوزەراندن، رەدکردن، جاری کردن).

**پوختەی مانا:**

ئەگەر ناوی تاڵی ئەم زام سەختەی لە ژێر لێوەوە، بە لەفزی شیرینیدا هێنا و هەواڵی پرسیم.

**واچـــە: دیـــم مەویـــەرد ســـاتێ وە ســـاڵێ**

**مـــــەوارا هـــــەردەم حـــــاڵێ وە حـــــاڵێ**

واچە: بڵێ، بێژە. کردەوەی ئەمری حازرە لە ریشەی ((واتەی)) (وتن، وێژین).

مەویـەرد: ئـەبوورد، تێپـەڕی ئـەکرد، تـێ ئەپـەڕی. کـردەوەی رابـووردووی ئیستمراریيە لـە ریشـەی ((ویـەردەی)) (بـووردن)، واتـە: بڵـێ بـە ئـازیز لـە خـەم و پەژارەی دووریی تۆ ساتێکی بە ساڵێ لێ ئەبوورد و...

مـەوارا: ئـەگۆڕا. کـردەوەی رابـووردووی ئیسـتمراریيە لـە ریشـەی ((واڕای)) (گـۆڕان) کـە کـورتکراوەی ((واڕیـای))ە، چـونکە ((واڕای)) (گـۆڕین) موتەعەدیيـە لێرەدا ناگونجێ.

مانای ئەو نیوە هۆنراوەیە ئەبێ بە: هەر تاوی بە حاڵێ ئەگوڕا.

**پوختەی مانا:**

بڵێ بە ئازیز: چاوم پێ کەوت، لەبەر سەختیی خـەم و پـەژارەی دووریـی تـۆ، ساتێکی بە ساڵێ لێ ئەبوورد و، هەر تاوێ بە حاڵێ ئەگۆڕا.

**گـا مەویـەرد نـە سـەر، هـوون چـەمەی چـەم**

**تەکرار مەکەرد فـەرد ((دێوانە))کـەی ((شـەم)):**

**ســـەیر ســـەر بـــەرزان ئێلاخـــان کـــەردی**

**های شـەم حـەیفت کـەرد مـن جـە یاد بـەردی!**

گا مەویەرد نەسەر: گاهێ ئەبوورد بە سەریدا

هوون چەمەی چەم: خوێنی چاوگەی چاوی، واتـە: تـاویَ ئەوەنـدە فرمێسـکی خوێن لە چاوگەی چاویەوە، ئەڕژایە خوار، خۆی لە نـاو خوێنەکـەدا غـەرق ئـەبوو و خوێن لە بان سەریەوە جاری ئەبوو.

تەکرار مەکەرد: دووبارەی ئەکردەوە.

فەرد: شیعر، ئەو وشەیە لە ئیستلاحی شاعیرانی شـێوە کـوردیی گۆرانیـدا، بـە مانای ((شیعر، بەیت))ە.

دیوانەکەی شەم: مەبەست ((وەلی دێوانە)) یە کە عاشقی ((شەم)) بووە.

سەیر سەر بـەرزان ئێڵاخـان کـەردی: سـەیر و سـەیاحەتی لووتکـە بـەرزەکانی کوێستانت کرد.

های ((شەم))! حەیفت کەرد من جە یاد بەردی: ئای شـەم! حـەیفت کـرد لـەو کوێسـتانە خۆشـانەدا، منـت لـەبیر بـردەوە. مەبەسـتی مەولـەوی لـە تـەزمینی ئـەو هـۆنراوەی ((وەلـی دێوانە))یـە، ئەمەیـە کـە ئـازیزی مەولـەوی وەکـو ((شـەم)) لـە کوێستانەکاندا عاشقی خۆی لەبیر بردووەتەوە و هەواڵێکی لیَ ناپرسیَ.

**پوختەی مانا:**

گاهیَ ئەوەندە ئـەگریا و فرمێسـکی خـوێنینی لـە چاوگەی چـاویەوە ئەڕشـت، خۆی لە ناو گۆماوی فرمێسکە خوێنینـەکانیا نوقـوم ئـەبوو و خـوێن بەسـەر سـەریا جـاریی ئـەبوو و لـە دڵـەوە ئـەم تاقـە هـۆنراوەی ((وەلـی دێوانە))یـەی دووبـارە ئەکردەوە: سەیر و سەیاحەتی لووتکە بەرزەکانی کوێستانانت کرد، ئای ((شـەم))! حەیفت کرد کە یادێکت لە منەوە نەکرد.

**گـــا مـــەوات: دووریـــت درێغـــش نەکـــەرد**
**گـــەرمای گـــەرمیان کۆتـــاییش نـــاوەرد**

مەوات: ئەیوت. کردەوەی مازیی ئیستمرارییە لە ریشەی واتەی (وتن).

دریغش نەکەرد: کۆتایی نەکرد، قوسووری نەکرد، واتە: لە لایێکەوە دووریت هەرچی لە دەستی هات کردی پێی کردم، لە لایێ تریشەوە، گەرمای گەرمیان کۆتایی نەکرد لە سزا دانم.

گەرمای گەرمیان: مەبەست لە ((گەرمیان)) مەڵبەندی دەوروبەری خانەقی و هەندێ لە ناوچە گەرمەسێرەکانی ئەترافی هەڵەبجەیە کە ئێلی جاف بە پاییزان و زستانان لەو شوێنانەدا ئەمێننەوە.

کۆتاییش ناوەرد: کۆتایی نەهێنا. کردەوەی مورەککەبی رابووردووە لە ریشەی ((کۆتایی ئاوەردەی)) (کۆتایی هێنان).

مەبەستی مەولەوی لە مەزموونی ئەو هۆنراوەیە ئەمەیە کە لە لایێکەوە پەژارەی دووری لە ئازیز بە تەواوی لە ناوی بردووە و لە لایێ تریشەوە دوایی نەهاتنی هەوای گەرمی گەرمیان کە گەڕانەوەی ئازیزی لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان، خستووەتە دواوە، دەردی گرانتر کردووە. ئینجا مەولەوی ئەیەوێ لە بەرانبەر بێ مەیلی و بێ موبالاتی ئازیزەوە خۆی نەشکێنێتەوە و بڵێ با وەکو تۆ لە کوێستان رائەبوێری و منت لە گەرمیان بەجێ هێشتووە و هەواڵێکم لێ ناپرسی، بەڵام منیش دڵسۆزێکم هەیە کە لەم تەنگانەدا فریام کەوێ و لە سزای گەرمای گەرمیان رزگارم کا، ئەو دڵسۆزەش دڵمە کە ماڵی هەناسەی ساردی ئاوابێ کە وەها کوێستانێکی بۆ هێناومەتە دی کە چلەی هاوینی گەرمیانی بۆ کردووم بە ئاخر مانگی پاییزی سارالّ...!

**پوختەی مانا:**

گاهێ تر ئەیوت: دووریی تۆ کۆتایی نەکرد لە سزادانم و گەرمای گەرمیانیش دوایی نەهات و تا توانی ئازاری دام.

بەڵام ئەلحەق دڵ وە فریام یاوا
ها یانەی سەردی هەناسەش ئاوا

بەڵام: پیتی ئیستسنایە.

ئەلحەق: تەرکیبێکی عەرەبییە و بە مانای ((بە راستی)) بەکار ئەبرێ.

وە فریام یاوا: بە هاوارمەوە گەیشت. کردەوەی مورەککەبی رابووردووە لە ریشەی ((وەفریا یاوای)) (بەفریاگەیشتن).

ها: لێرەدا مانای تەئکید ئەدا و لە جێی پیتی ((وەك)) بەکار براوە، چونکە ئەو وشەیە هەمیشە لە سەرەتای جوملەی دوعاییەوە بەکار ئەبرێ.

یانە: ماڵ، خانوو. ((یانەی سەردی هەناسەیش ئاوا)) (ماڵی ساردیی هەناسەی ئاوا) بێ. تەرکیبی ((ماڵی... ئاوا بێ)) ئیستلاحێکی دۆعاییە، بۆ کەسانێ بەکار ئەبرێ کە کارێکی چاکی جێبەجێ کردبێ، وەك لە سەرەوە روونمان کردەوە مەولەوی سپاس ئەکا لە ساردیی هەناسەی دڵی کە کوێستانێکی لە ((سارال)) ساردتر بۆ بەدیهێناوە!

**پوختەی مانا:**

بەڵام بە راستی لەو گەرمایەدا دڵم گەیشتە فریام، دەك ماڵی ساردیی هەناسەی ئاوا بێ...!

**شەوان هامرازەن، رۆوان هاوماڵەن**
**قەلبولئەسەدم قەوس ((سارال))ەن**

شەوان هامرازەن: واتە: ساردی هەناسەی دڵم بە شەوان هاوڕازمە و بە رۆژانیش هاوماڵمە.

رۆ (رۆژ). پاشگری ((ان)) لە دوای ((شەو)) و ((رۆ))وە، با وەکو لە رواڵەتدا مانای کۆمەڵ ئەگەیێنێ، بەڵام لێرەدا نیشانەی زەرفییەتە وەك: چۆمان، رێزان، خەلیفان، پاڵنگان... کە وابوو، شەوان، واتە: لە شەودا، رۆوان، واتە: لە رۆژدا. بەڵام لە سەرەوە، بۆ لەبەرچاوگرتنی مانای رواڵەتی، بە کۆمەڵ مانامان لێ داوەتەوە.

هاومالّ: لێرەدا مەبەست هاو رەشماڵە، چونکە ئەو رەشماڵانە کە لە شوێنێکا، ئەبەزن ((هاومالّ))یان پێ ئەوترێ.

قەلبولئەسەد: ناوەڕاستی مانگی دووەمی هاوین کاتێ کە ٤٥ رۆژ لە هاوین رۆیشتبێ کە لەم کاتەدا هەوا ئەگاتە دوا پلەی گەرما.

قەوس: ئاخر مانگی پاییز. لەم مانگەدا هەوا روو بە ساردی ئەچێ.

سارالّ: مەڵبەندێکی کوێستانیی بەرز و بەربڵاو و پڕ لە ئاو و گژوگیایە، کەوتووەتە نێوان دوو شاری ((سنە)) و ((سەقز))ەوە. بەر لە رۆژگاری دەسەڵاتی پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەوی، زۆرتری هۆزە جافەکان کە بە زستاندا لە گەرمیانی دەوروبەری خانەقی و هەڵەبجە نیشتەجێ بوون، بە هاویناندا کۆچیان ئەکرد بۆ مەڵبەندی ((سارالّ)) و تا نێزیکی ئاخر و ئوخری پاییز لەوێ ئەمانەوە، ئینجا دووبارە ئەگەڕانەوە بۆ گەرمیان.

**پوختەی مانا:**

ئەو ساردییە بە شەوا هاوڕاز و، بە رۆژیشا هاوماڵمە و گەرمای چلەی هاوینی گەرمیانی بۆ کردووم بە قەوسی پاییزی ((سارالّ)).

**گا مەوات ئازیز ئای جە ئەوگاریم**
**ئای سوبحانەڵا جە ئینتزاریم!**
**نیگام وراستەن وە ڕاگوزەردا**
**مژدێم بەڵ پەی بێ ناگا جە دەردا**

گا مەوات: گاهێ تر لەبەر خۆیەوە ئەیوت.

ئەوگاری: پەرێشانی، خەمگینی. ((م)) زەمیری موزاف ئیلەیهە، واتە: ئای ئازیز چەنێ پەرێشانم!

سوبحانەڵڵا: پاك و خاوێن خودایە. تەرکیبێکی عەرەبییە و لێرەدا بۆ گەیاندنی مانای تەعەجوب و سەرسووڕمان و پاڕانەوە بەکار براوە، واتە ئای خودا گیان چەنێ چاوەڕوانم!

وراسـتەن: دووریـوە. کـردەوەی زەمـانی حاڵـە لـە ریشـەی ((وراسـتەی)) (دووریـن)، واتـە: چـاوم دووریـوە بـە رێگـوزەردا. ئـەو تەرکیبـە ئیسـتعارییە، ئیستلاحێکە بۆ گەیاندنی مانای موبالەغـە لـە چاوەڕوانیدا، بـەکار ئـەبرێ، چونکە شتێ بدووررێ بـە شـتێ تـردا، قـەت لێـی جیا نابێتـەوە، دیارە ئەمـەش ئەوپـەڕی چاوەڕوانی و ئینتزار ئەگەیێنێ.

مـژدێم: مـژدەییێکم. کـورتکراوەی ((مـژدیۆەم))ە، ((م)) زەمـیری مـەفعوولی غەیرە سەرێحە و لە ئەسڵدا مـەدخوولی پـیتی ئیزافـەی ((پـەی))ە. کـە بـەم جـۆرە بووە: پەیم بێ مژدێوە (بۆم بێ مژدەیێك). ئەم چەشنە تەرکیبە لـە کوردییا زۆرە، وەك: نامەییێکم بۆ هات، کە ئەسڵەکەی ((بۆم هات نامەیێك))ە.

بەڵ: بەڵکە، بەڵکو. پیتی رەبتە و مانای هیوا و هومێد ئەدا.

بێ: بێت. کردەوەی ئیلتزامیی موزاریعە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

جە دەردا: لە دەرگاوە. ((دەر)) مەبەست دەرگای خانوو نییە، بەڵکە مەبەست جێگاییێکە کە مژدەهێنەری لێوە دەرکەوێ.

**پوختەی مانا:**

گاهێ تر ئەیوت ئازیز، ئای لە پەرێشـانیم! ئـای سـوبحانەڵڵا لـە چاوەڕوانیم! چاوم دووریوە بە رێگوزەردا، بەڵکە ناگا مژدەییێکم لە لاییێکەوە بۆ بێت.

**دڵ وە تـــەمامیی نییـــەن نـــە جـــادا**

**خـــەریکم نـــە بـــەین خـــۆف و رجـــادا**

**داخـــۆم بـــە وەســـڵێ لاونیمـــەوە**

**یـــا هـــەر وە هیجـــران تاونیمـــەوە؟!**

دڵ: دڵم، واتە: دڵم بە تەواوی نییە لـە جێـی خۆیـدا. ئـەو تەرکیبـە لـە کاتێکا بەکار ئەبرێ کە کەسێ لە حاڵەتی پەرۆشییێکی سەختدا بێ بۆ ئاگاداری لـە شـتێك کە چۆنییەتییەکەی بۆی دەرنەکەوتبێ، وەها کە مەولەوی خۆی لە نیـوە هۆنراوەی

دووەمدا مانای ئەو تەرکیبە روون ئەکاتەوە و ئەڵێ: ((خەریکم نە بەین خۆف و رجادا)) واتە: مەشغوولم لە نێوان ترس و هیوادا. دیارە کەسێ کە حاڵەتی رەوانیی پەرۆش و موزتەریب بێ، تاوێ ترسی ئەوەی هەیە کە رووداوەیێکی ناخۆشی بۆ بێتە پێشەوە و، تاوێ تریش ئەو هیوایەی هەیە کە ئەو رووداوە ناخۆشەی بۆ نەیێتە پێشەوە. ئینجا لەم حاڵەدا ئەوترێ دڵم نییە لە جێی خۆیدا، واتە: حاڵەتێکی دامرکاو و پێ بەجێم نییە، یان ئەوترێ: لە نێوانی خۆف و رجادا، واتە: لە نێوان ترس و هیوادا، داماوم.

مەولەویش لە نێوان ترس لە بێ وەفایی و هیوا بە وەفاداریی ئازیزدا ماوەتەوە.

وەها کە ئەڵێ:

**داخـــــۆم بـــــە وەســـــڵێ لاونیمـــــەوە**

**یـــــا هـــــەر وە هیجـــــران تاونیمـــــەوە؟!**

داخۆم: ئامرازی پرسیارە لە مەزموونێ کە بەدیهاتن یا پێکهاتنی ئەو مەزموونە دڵخواز بێ. ((داخۆ، داخوا))ش ئەوترێ.

بە وەسڵێ: بە کۆبوونەوەیێ، بە چاوپێکەوتنێ، بە بەیەکگەیشتنێ.

لاونیمەوە: بملاوێنییەوە، دڵخۆشم کەی، نوازشم کەی. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((ئەوەلاونای، لاونایەوە)) (لاواندنەوە).

تاونیمەوە: بم تاوێنییەوە، بمتوێنییەوە. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((ئەوەتاونای، تاونایەوە)) (تواندنەوە) کە لێرەدا بە مانای سزادان و ئازاردانە.

**پوختەی مانا:**

ئازیز، داخۆم بە وەسڵێ دڵخۆشم ئەکەی، یان هەر بە دووریی خۆت سزام پێ ئەدەی؟!

تا ئێرە وتەی مەولەوییە کە ئاه و ناڵەی لە دووریی ئازیز کردووە و، بڕیار وایە کە ((نەسیم)) لە گەرمیانەوە بکەوێتە رێ بۆ کوێستان و بە خزمەتی ئازیز بگات و،

بیگێڕێتەوە بۆی. دوو هۆنراوەی دوایی، وتەی زمانی حاڵی ((نەسیم))ە کە پێویستە پاش بەیانی چۆنییەتیی ژیانی مەولەوی لە گەرمیاندا بە ئازیزی بڵێ:

یــــە کـــــزەی دەروون گرفتـــــاریی ئـــــەو
یــە حاڵــەت ســەخت دڵ ئــەو گــاریی ئــەو
تەفســیلەن وە ســۆز حــاڵی کــەردم پێــت
هـــەنی تــۆ زانـــی چـــەنی رەحـــم وێـــت

یە: ئەمە. تایبەتی شێوە کوردیی ((لەکی))یە. لە شێوە کوردیی گۆرانیدا ((ئینە)) ئەوترێ.

دڵ ئەوگاری: دڵ پەرێشانی. ناوی مەسدەری مورەککەبە.

ئەو: زەمیری مونفەسیلی تەکە و مەرجیعەکەی بریتییە لە مەولەوی.

تەفسیلەن: بە درێژە.

حاڵی کەردم پێت: حاڵیم کرد پێت، بۆم بەیان کردی، تێمگەیاندی.

هەنی: ئیتر. ناوی موبهەمە و لە جوملەدا نەخشی قەیدی هەیە.

زانی: ئەزانی. کردەوەی موزاریعە لە ریشەی ((زانای)) (زانین).

چەنی: لەگەڵ. پیتی رەبتە و مانای موساحەبە ئەگەیێنێ.

رەحم: ((روحم))ی عەرەبییە و بە مانای بەزەیی و میهرەبانییە.

وێت: خۆت.

**پوختەی مانا:**

ئەمـە بـوو کـزەی دەروون و گرفتـاریی ئـەو، ئەمـە بـوو حاڵـەتی سـەختی پەرێشانیی دڵی ئەو کە درێژەی بە سۆزەوە پێم حاڵی کردی، ئـیتر خـۆت ئـەزانی و رەحم و بەزەیی خۆت.

## پارچەی بیستەم

شـــادیی گـــەرد خـــەم چـــوون نـــەدۆ وە بـــاد؟
خـــەم چـــوون وە یاگـــەی شـــادی نـــەبۆ شـــاد؟!
ئـــازیز وە کـــەرەم مـــن تەڵـــەب کـــەردەن
مـــــن دەرد دووری تـــــەوانام بـــــەردەن

وەك جاروبـار دووبارەمـان کردووەتـەوە، هـەر یەکـە لـە پارچـە هۆنراوەکانی مەولەوی بە بۆنەیێکەوە، وێژراون، ئەو بۆنەیانە هەندێکیان دیاری کراون، یان لـە نـاوەرۆکی پارچـەکان، دەرئەکـەون، هەنـدێ تـر ئـەو هـۆ و بۆنەیانـە، تـا ئێسـتا نەزانراون. یەکێ لەو پارچانە کـە هێشـتا هـۆی هۆنینـەوەی نـەزانراوە، ئـەم پارچـە هۆنراوەیە.

ئـەم پارچـەیە لـە رواڵـەتا لـەوە ئەچـێ کـە لـە وەڵامـی نامـەی دۆسـتێکا، هۆنرابێتەوە، بەڵام ئەگەر وردببینەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە نامەیێکی سۆفییانەیە و، رەنگە بۆ یەکێ لە پیرەکانی هۆنیبێتەوە.

چوون: چۆن، چلۆن. ناوی پرسیارە لە کەیفییەت.

نەدۆ وە بـاد: نـەدا بـە بـا، لـەناو نـەبا، واتـە: چۆن شـادیی و خۆشـی خـەم و خەفەت لەناو نەبا؟!

یاگە: جێگە. لە وتووێژا ((یاگێ)) ئەوترێ، واتە: بە موئەنەس دەرئەخرێ.

نەبۆ شاد: شـاد نـەبێ، واتـە: چـۆن خـەم و پـەژارە جێگـای شـادی و خۆشـی نەگرێ؟!

ئازیز: مەعلووم نییە مەبەستی مەولەوی لێرەدا لـە ((ئـازیز)) کێیـە، بـەڵام لـە ناوەرۆکی پارچەکە، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئەم پارچەیەی لـە وەڵامـی ((شـێخ

سراجەالدین))ی هەوراماندا، نووسیبیّ. ئەشگونجیّ، وەڵامی دۆستێکی دابێتەوە. لە لایێ تریشەوە، رەنگە مەبەست لە ((ئازیز)) شێخ عەزیزی جانەوەرەیی دۆستی بیّ. بە هەر جۆریّ حیساب بکریّ مەزموونی پارچەکە مەزموونێکی عیرفانیی زۆر بەرزە. وەك وتوومانە مەولەوی لەبەر ئەوە هەمیشە نوقمی دەریای خۆشەویستیی یەزدانی بووە، لە هەموو شتێکا جیلوەی جەماڵی دۆستی حەقیقی کردووەتەوە چاو و، هەموو جوانییێکی بە نوێنگەییّ لە کەماڵی جوانیی ئەو زانیوە و، هەر خۆشەویستییێکیشی بە لاوە وێنەیّ بووە لەو خۆشەویستییە یەزدانییە، کە وابوو، مەزموونگەلی هۆنراوەکانیشی کە بە هەر بۆنەیێکەوە، هۆنراوبنەوە، گەوهەرگەلێکن کە لەو دەریایەوە هاتوونەتە دەس و بە رەنگ و بۆی عیرفانییەوە، زاخاو دراون و بۆنخۆش کراون، وەها کە مەزموونی ئەم پارچەیە لە رواڵەتدا ئەوە ئەگەیێنیّ کە یەکیّ لەو کەسانە کە ناوبران مەولەوی بانگ کردبیّ، بەلام ئەو نەیتوانیبیّ بچیّ بۆ لای، ئینجا مەولەوی بەو بانگکردنە، رەنگ و بۆیێکی عیرفانی داوە، وەها کە لە لێکدانەوەی هۆنراوەکانی ئەم پارچەیەدا بە کورتی نیشانی ئەدەین.

وە کەرەم: بە کەرەم، واتە: لە رووی لوتف و گەورەییيەوە.

من تەڵەب کەردەن: منی تەڵەب کردووە. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((تەڵەب کەردەی)) (تەڵەبکردن، ویستن، بانگکردن)، واتە: منی ویستووە کە بچم بۆ لای.

تەوانام بەردەن: توانایی بردووم، هێزی تێدا نەهێشتووم. کردەوەی مورەککەبە لە ریشەی ((تەوانایی بەردەی)) (توانایی بردن، هێز پیّ نەهێشتن)، واتە: با وەکوو ئازیز لە رووی گەورەییيەوە منی بانگ کردووە کە بچم بۆ لای، بەلام من دەردی دووریی توانایی رۆیشتنی لیّ بڕیوم. لێرەدا لەبەر زەرووڕەتی شیعری، سیفەتی ((تەوانا)) لە جێگای ناوی مەسدەری ((تەوانایی)) بەکار براوە.

یەکیّ تر لە هونەرکارییە ئەدەبییە کەموێنەکانی مەولەوی ئەمەیە کە لەو دوو هۆنراوەیەدا سەنعەتی ((لەف و نەشر))ی مورەتەبی مەزموونی بە شێوەیێکی زۆر جوان و دڵڕفێن، بەکار بردووە. ئەو لەف و نەشرەش بەم جۆرەیە کە: مەزموونی

نیوە هۆنراوەی یەکەمی هۆنراوەی دووەم، روو ئەکاتە مەزموونی نیوە هۆنراوەی، هۆنراوەی یەکەم، وە مەزموونی نیوە هۆنراوەی دووەمی هۆنراوەی دووەم روو ئەکاتە مەزموونی نیوە هۆنراوەی دووەمی هۆنراوەی یەکەم کە لەف و نەشرە کە بەم جۆرەیە:

شادی گەردی خەم چۆن نەدا بە باد

کە ئازیز بە کەرەم منی تەڵەب کردووە و خەم چۆن بە جێگای ئەو شادییە، شاد نەبێتەوە کە من دەردی دووریی تەوانای رۆیشتنی لێ سەندووم؟!

**پوختەی مانا:**

چۆن شادیی گەردی خەم نەدا بە با کە ئازیز لە رووی لوتفەوە منی تەڵەب کردووە؟! لە لایێ تریشەوە، چۆن خەم جێی ئەو شادییە نەگرێتەوە کە من دەردی دووریی، توانایی رۆیشتنی پێ نەهێشتووم؟!

**دڵ چوون وەش نەبۆ گیان چوون نەتاوۆ؟!**

**لەیل ئینتزار بۆ، مەجنوون نەیاوۆ؟!**

دڵ چوون وەش نەبۆ: دڵ چۆن ساغ و سالم نەبێ، واتە ئیتر دڵ چۆن دەردی دووریی کاری لێ ئەکا و نەخۆشی نەخا؟

گیان چوون نەتاوۆ: گیان چۆن نەتوانێ. کردەوەی مەنهی ئیلتزامییە لە ریشەی ((تاوای)) (توانین) نەك لە ریشەی ((تاویای)) کە بە مانای ((توانەوە و، زەوب بوون))ە، واتە گیانیش چۆن توانایی رۆیشتنی نەبێ کە...

لەیل: کینایە لە ((ئازیز))ە.

ئینتزار بۆ: مونتەزیر بێ، چاوەڕوان بێ، بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە چاوەڕوانی مەسدەر لە جێگای سیفەتدا بەکار براوە، ئەوەش لە زمانی کوردیدا زۆرە.

مەجنوون: کینایەیە لە ((مەولەوی)).

نەیاوۆ: نەگەیێ. کردەوەی مەنهی ئیلتزامییە لە ریشەی ((یاوای)) (گەیین، گەیشتن).

مەزموونی ئەم هۆنراوەیە، ئەوە ئەگەیێنێ کە جۆرە سەنعەتێکی بەدیعی شەبیە بە ((تەجاهولو العاریفین))ی تێدا بەکار برابێ چونکە مەولەوی لە هۆنراوەکانی سەرەوەدا ئەڵێ: ئازیز لە رووی گەورەییەوە منی بانگ کردووە، بەڵام من دەردی دووری، توانایی لێم سەندووە و ناتوانم بچم. کەچی لەم هۆنراوە دواییەدا، ئەو قسەی خۆیە ئەداتە دواوە و ئەڵێ: دڵ چۆن گیرۆدەی دەردی دووری نەبێ و، گیان چۆن توانایی چوونی نەبێ لە کاتێکا ئازیز چاوەڕوان بێ و من خۆمی پێی نەگەیێنم؟!

لێرەدا یەکێ تر لە شاکارە ئەدەبییەکانی مەولەویمان بۆ دەرئەکەوێ کە لەم هۆنراوەیەدا ناتوانایی رەوانیی و جیسمی لەیەك جیا ئەکاتەوە و ئەڵێ: دڵ چۆن خۆش نەبێ، واتە: دڵ چۆن ساغ و ساڵم و بێ دەرد نەبێ و، گیان چۆن نەتوانێ، واتە: گیان چۆن هێزی تێدا نەبێ کە لەیل چاوەڕوان بێ و مەجنوون خۆی نەگەیێنێ؟!

**پوختەی مانا:**

ئیتر دڵ چۆن دەردی دووریی نەخۆشی نەخا و گیانیش چۆن هێزی تێ نەکەوێ کە ئازیز چاوەڕوان بێ و من خۆم نەگەیێم؟!

دڵ چۆن دەرد و پەژارەی ئەمێنێ و گیان چۆن هێزی تێ ناکەوێ کە ئازیز چاوەڕوانی چوونی من بێ و من خۆم نەگەیێنم؟ دڵ چۆن خۆش نەبێ و گیان چۆن نەتوانێ، لەیل چاوەڕوان بێ و مەجنوون خۆی نەگەیێنێ؟!

## بـــێ ئـــەمریی فـــەرمان ئـــازیز تـــا وەکـــەی؟
## های دەروێش، نەیچی، مەیچی، دەف، نەی، مەی

هۆنراوەکانی مەولەوی جۆرە حاڵەتێکی ڕەوانییان هەیە کە نیشاندانی ئەو حاڵەتە بە شەرح و تەفسیر، کارێکی ئاسان نییە، بۆ وێنە لە خوێندنەوەی ((بێ ئەمریی فەرمان ئازیز تاوەکەی...)) دنیاییێکی خەیاڵی پڕ لە خۆشەویستی هەست ئەکرێ کە تەنیا ئەو کەسانە دەرکی ئەکەن کە بەهرەییێکیان لە عیشق و ئەوین بردووە و لە مانای خۆشەویستیی راستەقینە تێ گەیشتبوون.

تا وەکەی: تا بەکەی، واتە: تا کەی بە هۆی ناخۆشی و ناتواناییەوە، فەرمانی ئازیز جێبەجێ نەکەم و نەچم بۆ خزمەتی! مەولەوی لێرەدا ئەوە ئەگەیێنێ کە ئازیز چەن جار دەعوەتی لێیەوە کردووە، بەڵام ئەو لەبەر ناخۆشی و ناتوانایی، بۆی ڕێك نەکەوتووە کە بچێ بۆ لای، ئینجا وەکو هەمیشە لە جیهانی مەحدوودی خۆشەویستی مەجازییەوە ئەچێتەوە بۆ عالەمی بێ پەڕ و سنووری خۆشەویستیی حەقیقی و ئاهەنگێکی بە رواڵەت دڵداری و لە راستەقینەدا عیرفانی بۆ کەوتنە رێی بۆ لای ئازیز لە بەزمگێڕەکانی کۆڕی مۆسیقای تایبەتی کوردی ساز ئەکا و لە سۆزێ کە لەو ئاهەنگ و بەزمەوە، دێتە دی، ئەپارێتەوە کە لە کاتی رەوانەکردنیا هێزێکی وەهای تێدا بهێنێتە دی کە بتوانێ فەرمانی ئازیز جێبەجێ بکا و بە خزمەتی شاد ببێتەوە، ئینجا ئیتر مەولەوی خۆی ئەزانێ ئەو ئازیزە کە بۆ چوون بۆ لای پێویستە بەزمێکی وەهای بۆ ساز بێ، ئەبێ چ جۆرە ئازیزێ بێ؟!

های: ئامرازی بانگکردنە لە کاتی پاڕانەوە و، یارمەتی خواستندا.

دەروێش: لە ئیستلاحی سۆفی و عورەفادا، بە کەسێ ئەوترێ کە پەیڕەوی تەریقەی عیرفانیی ((قادری)) بێ، لەگەڵ سۆفیدا فەرقیان ئەوەیە کە سۆفی ئەزکار و ئەورادی خۆی سیرری بەجێ دێنێ، بەڵام دەروێش، بە جەهری جێبەجێی ئەکا و زۆرتر پرچ ئەهێڵێتەوە، واتە: مووی سەری درێژ ئەکاتەوە. دەنگی دەف لە

دەروونی دەروێشدا هەیەجانێکی رەوانیی ئەهێنێتە دی کە لەو حاڵەدا ئـەتوانیٚ هـەر کارێکی غەیرە تەبێعی جێبەجیٚ بکا.

لە کـاتی ذیکـری دەروێشـا دەنگـی شمشـاڵ (نـەی)یش لەگـەڵ دەنگـی دەفـدا تێکەڵ ئەکریٚ کە زۆرتر شوێنە ئەکاتە سەر هەیەجانی رەوانیی دەروێش.

مەبەست لە مەدلوولی دوو وشەی دەروێـش و سـۆفی لێـرەدا، پیـاوی عـارف و خوداناسە، واتە: ئەو کەسانەیە کە پێیان ئەوتریٚ ئەهلی تەریقەی عیرفان.

نەیچی: ئەو کەسە کە نەی ئەژەنیٚ.

مەیچی: ئەو کەسە کە مەی ئەگێڕیٚ.

دەف، نەی، مەی: واتە: دەروێش تۆ دەف لێبدە و، نەیچی تۆ شمشـاڵ بژەنـە و، مەیگێڕ تۆش مەی بڕێژە! با کۆڕەکە مەست و سەرخۆش بیٚ و هەیەجانی رۆحـی بەهێزتر بیٚ.

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا سەنعەتی لەف و نەشری مورەتتەبی بـەکار بـردووە، وەها کە لە نیوە هۆنراوەی دووەمدا، دەف بۆ دەروێش و نەی بۆ نەیچـی و مـەییش بۆ مەیچی ئەگەڕێتەوە.

**پوختەی مانا:**

تا کەی بیٚ ئـەمریی فـەرمانی ئـازیز بکـەم، هـای دەروێـش پەنجـەیێك بـدە لـە دەفەکەت و نەیچی بە نەوایٚ دڵ بلاوێنەوە و، مەیچی تۆش بە جامیٚ بمبووژێنەوە.

بـــەڵ بـــاڵ بەیـــداخ تاقـــەت ئـــەو پـــا بـــۆ
بـــۆی تەئســـیر بـــەزم بەدرەقـــەی ڕا بـــۆ

بەڵ: بەڵکە، بەڵکو. پیتی رەبتە و مانای هیوا و هومێد ئەگەیێنیٚ.

بەیداخ: ئاڵا. باڵی بەیداخ ئیزافەیێکی ئیستعارییە. ئیزافـەی ((بەیـداخ))یش بـە ((تاقەت)) (توانایی)، دووبارە ئیزافەیێکی تری ئیستعارییە.

ئەو پابۆ: بە پا بێ، بەرز بێتەوە. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامی موزاریعە لە ریشەی ((ئەو پابیەی)) (بە پابوون، هەستانەوە) کە بریتییە لە بەرزبوونەوە و، لەرینەوەی ئاڵا لە کاتی بەڕێوەبردنیا لە لایەن کۆمەڵێکەوە کە بۆ جێبەجێکردنی کارێکی ئایینی ئەکەونە رێ.

لە کوردەواریدا باوە، کاتێ کەسێ بچێ بۆ ((حەج)) یان بۆ زیارەتی پیرێکی گەورە، یان بگەڕێتەوە، چەن دەروێش ئەکەونە بەر چەن کەسێك بە زیکرکردن و دەفلێدان و شمشاڵ ژەندن، ئاڵایێك بەرز ئەکەنەوە و ئەکەونە رێ، تا فاسیلەیێکی دوور ئەو کەسانە رەوانە ئەکەن، یان ئەچن بە پیرییانەوە. ئینجا مەولەوی کە ئەیەوێ بکەوێتە رێ بۆ لای ئازیز، بەزم و ئاهەنگێکی خەیاڵی بۆ رەوانەکردنی خۆی ساز ئەکا و، لە سۆزی مەعنەوی ئەو بەزمە ئەپارێتەوە کە بۆ چوون بۆ لای ئازیز هێزێکی گەورەی تێدا بهێنێتە دی، وەها کە ئەڵێ ((بۆی تەئسیر بەزم... تا دوایی)).

بۆی تەئسیر بەزم: ئیحساسی ئەسەری ئەو بەزمە خەیاڵییە. وشەی ((بۆ)) لێرەدا بە مانای هەستکردن و پێزانینە.

بەدرەقەی ڕابۆ: رەوانەکەری رێگام بێ، واتە: ئیحساسی ئەسەری مەعنەوی ئەو بەزمە، هێزم تێ بخا و رەوانەی خزمەتی ئازیزم بکا. ((بەدرەقە)) ناوی مەسدەرە، بە بۆنەی ئیزافەکردنی بە ((ڕا)) (رێگا)، مانای سیفەتی فاعیلیی ئەدا، واتە: بەدرەقەکەری رێگا.

**پوختەی مانا:**

بەڵکە باڵی ئاڵای هێزی مەعنەوی بێتە لەرینەوە و ئیحساسی تەئسیری ئەو بەزم و ئاهەنگە توانایی رۆیشتنم بداتێ و رەوانەی خزمەتی ئازیزم بکا.

دەفناسـا بـەو سـۆز ناڵـە و سـەداوە
روو ئـەو یـاران بـوو پشـت ئـەو دمـاوە

دەف ئاسا: وەك دەف.

روو ئەو یاران بوو: رووم لە یاران بێ، واتە: وەکو دەف بە سۆز و ناڵەوە، رووم لە یاران پشتم لە دواوە لـە بێگانـان بـێ. یـەکێ تـر لـە هونەرکارییـە ئەدەبییـەکانی مەولـەوی کـە جاروبـار ئیشـارەمان بـۆ کـردووە، ئەمەیـە کـە لـە هـەموو جـۆرە سـەناییعێکی ئـەدەبی بـە تایبـەتی تەشبیهی مورەککەبدا، قـودرەتێکی عـەجیب و غـەریبی بـووە. دیـارە دەفـژەن ئەکەوێتـە بـەر ئـەو کۆمەڵـە کـە ئەکەونـە رێ بـۆ رەوانەکردن، یان پێشوازکردن. ئینجا رووی دەف لە یارانە و پشتی لـە بێگانـان کـە ئەکەونە پشتی دەفەکەوە.

پشت ئەو دماوە: پشت لە دواوە، واتە: منیش لە کاتی رۆیشتندا رووم لە ئازیز بێ و پشتم لە غەیری ئازیز.

**پوختەی مانا:**

وەکو دەف بە سۆز و ناڵەوە رووم لـە یـاران بـێ و پشـتم لـە دواوە لـە غـەیری یاران بێ

دەس گێروو وەی سەر سـەدای نـەی پـەی پـەی
تـا وەئینتهـای ئـەو سـەر سـەدای نـەی

دەس گێروو: دەس بگرم. کردەوەی مورەککەبی ئیلتزامییە لە ریشەی ((دەس گرتەی)) (دەسگرتن)، موتەوەسسیل بم.

وەی: بـەم. کـورتکراوەی ((وەئـی)) (بـە ئـەم)ە، واتـە: موتـەوەسسـیل بم بـە سەری دەنگی نەیەکەوە.

پەی پەی: بە بێ وچان، بیلائینقتاع، واتە: ئەو دەنگە هەر لە گوێما بێ.

تا ئەو سەر سەدای نەی: تا ئەگەمە ئەو سەری دەنگی نەیەکە.

مەولەوی لێرەدا بە تەواوی لە دەریای بێ بنی عیرفاندا هاتووەتەوە مەلە و پەل و باڵی خۆی بە مەیلی خۆی رائەوەشێنێ و ئێمەی هەژاری مەلە نەزانی لە لێوارەی وشکی ئەو دەریایەدا بە تەماشاکردنی ئەو هونەرنمایی خۆیە، موتەعەجیب و سەرگەردان کردووە. ئێستا بە پێی دەرکی ناقیسی خۆمان بزانین مەبەستی مەولەوی لە نەی و لە سەدای نەی و لە دەسگرتن بەم سەری سەدای نەیەکەوە تا ئەو سەری سەدای نەیەکە، چییە؟

مەبەستی مەولەوی لە ((نەی)) لێرەدا ئازیزە کە بریتییە لە رابەر و مورشیدی تەریقەی عیرفان و وەسیلەی پەیوەندانی بە یەزدانەوە. مەبەستی لە ((سەدای نەی)) ئەو رابیتە مەعنەوییەیە کە لە نێوان خۆی و یەزداندا بە هۆی نەیەکە، واتە: مورشیدەکەیەوە، دامەزراوە. ئەمەش بە پێی ئەسڵێکە کە سۆفییان باوەڕیان پێی هەیە، ئەوەش بریتییە لەمە کە پیرگەل و مورشیدگەل رابیتی نێوانی خەلق و خالقن.

مەولەوی ئەم مەزموونەی کە وێژرا لە نامەیێکا کە بۆ رەوانیی شێخ حەسەنی مەولاناوایی نووسیوە، گەیاندووە، وەها کە ئەڵێ:

نوقتەی ئینتهای دایرەی تەمام!
نەی دەست نەیچی تووتی دمای جام!

**پوختەی مانا:**

موتەوەسسیل بم بە سەری سەدای نەیەوە تا بە بێ وچان ئەگەمە ئەو سەری سەدای نەیەکە.

**چون پیاڵەی ساف، دەروون جە مەی کەیل**
**بنمانوو خاس خاس عەکس چیهرەی لەیل.**

چون پیاڵەی ساف: وەك پیاڵەی شەرابی ساف. لێرەدا بە بۆنەی زیکری سیفەتی ((ساف))ەوە، مەوسووفەکەی کە بریتییە لە ((مەی)) حەزف کراوە.

دەروون جە مەی کەیل: دەروون لەمەی پڕ.

بنمانوو: بنوێنم، نیشان بدەم. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((نمانای)) (نواندن، نیشاندان)، واتە وەکو پیاڵەی شەرابی ساف کە وێنەی ساقیی تێدا دەرئەکەوێ، منیش دەروونم ئەوەندە پڕ بێ لە مەی وێنەی لەیل بە جوانی نیشان بدەم.

وەکو لە سەرەوە وتمان مەولەوی لەم پارچەیەدا بە تەواوی چووەتە عالەمی عیرفانەوە و ئەڵێ لەو بەزمە مەعنەوییەدا، ئەوەندە شەرابی عیشقی حەقیقیی بخۆمەوە، بگەمە دوا پلەی ((فەنای ئەتەم)) و جگە لە وێنەی مەعشووق شوێنەوارێ لە وجوودمەوە نەمێنێ.

**پوختەی مانا:**

وەك پیاڵە شەرابی ساف و بێ خەوش کە وێنەی ساقیی تێدا دەرئەکەوێ، منیش ئەوەندە شەرابی عیشقی حەقیقی بخۆمەوە، وێنەی مەعشووق نیشان بدەم و جگە لە وێنەی ئەو، شوێنەوارێ لە خۆمەوە نەمێنێ.

## پارچەی بیست و یەکەم

**پەشێوی وە نەزم لۆلۆی ئەسرین دا**
**پەروین دایرەی خورشید تەزین دا**

مەولەوی لە کاتێکا ئەم پارچەیەی هۆناوەتەوە کە کۆمەڵێ لە ئافرەتانی جوان خەریکی شیوەنکردن بوون بۆ مردنی کەسێ[1].

مەزموونی ئەم پارچەیە لاواندنەوە نییە، بەڵکە نیشاندانی چۆنییەتیی ئەو شیوەن و ڕەشپۆشی و ئازیەتییەیە کە لە لایەن چەن ژنێکی جوان و زەریفەوە، پێك هاتووە و، سەرنجی مەولەوی ڕاکێشاوە، ئینجا بزانین مەولەوی بەو سەرنجە ناسك و لەتیفەی خۆیە، ئەو دیمەنەمان چۆن بۆ تاریف ئەکا!

پەشێوی: پەرێشانی، ماتی، تێکچوون. بێ نەزمیی.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

نەزم: تەرتیب، ڕێکی. لێرەدا مەبەست یەك لە شوێن یەك بوونە.

لۆلۆ: مرواری.

ئەسرین: فرمێسك، تەرکیبی ((لۆلۆی ئەسرین)) تەرکیبی ئیزافیی تەشبیهی مەقلووبە. ئەگونجێ تەرکیبی ئیزافیی بەیانیش بێ. وشەی ((پەشێوی)) جوزئی ئیسمیی فیعلی مورەککەبی ((پەشێوی دا))یە لەبەر زەروورەتی شیعری، فاسیلە کەوتووەتە نێوانیانەوە. فاعیلی ئەو کردەوەیە ((پەشێوی)) مەحزووفە کە بە مانای خەم و پەژارەیە و بە قەرینەی ((پەشێوی)) کە لە سەرەتای نیوە هۆنراوەکەوە،

---

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە لاواندنەوەی پەریزاد خان ناوێکا وتووە کە یەکێك بووە لە ژنە بەگزادەکانی جاف. لاپەڕەی ١١٠ دیوانی چاپی.

هێنراوه، حەزف کراوه و له ئەسڵدا بەم جۆرەیە: پەشێوی، پەشێویی دا بـه نـەزم و تەرتیبی ڕژانی فرمێسکی وەك مرواری.

پەروین: کۆ، سورەیا. کۆمەڵە ئەستێرەیێکە لـه نزیکـی ئەستێرەکانی تـرازوو (میزان)دا. لێرەدا به عەرەبی ((سورەیا))ی پێ ئـەوترێ. مەبەسـت کۆمەڵـه دڵۆپی فرمێسکه لەسەر گۆنای جوانی ئەو جوانه ژنانه که له جوانیدا له کۆمەڵە ئەستێرەی ((کۆ)) ئەچن.

دایـیرەی خورشـید: دەوری قورسـی خـۆر، مەبەسـت ئـەترافی ڕوخسـاری ئافرەتانی جوانه که وەك خۆر خەت و پرشەداره.

تـەزیین دا: ڕازانـدەوه. کـردەوەی مورەککەبـه لـه ڕیشـەی ((تـەزیین دای)) (ڕازاندنـەوه)، واتـه: کۆمەڵـه فرمێسـکی وەك کۆمەڵـه ئەسـتێرەی ((کـۆ)) ئـەترافی ڕوخساری وەك خۆری ئافرەتانی زەریف و جوانی، ڕازاندەوه. مەبەست ئەوەیـه کـه دڵۆپگەلی فرمێسك له گۆشەی چـاوی ئـەو ئافرەتـه جوانانـەوه، بـه کۆمـەڵ بـه لای گۆنایانـدا ئەڕژێتـه خـوارەوه. لـه حـاڵی تەعـەجوبکردن مەبەسـت لـه مـەزموونی ((پەروین دایرەی خورشید تەزیین دا))، موبالەغەیه له جوانیی ئەو فرمێسـکانه کـه له ئەترافی گۆنای ئەو ژنه جوانانەدا ئەڕژێنه خـوارەوه، واتـه: تەعـەجوب لەمەدایـه که شەفافیی ئەو فرمێسکانه، ئەوەنده له ڕاده دەرچووه، بووەته هۆی ڕازاندنەوەی دەم و چـاوی وەك خـۆری ئـەو ئافرەتـه جوانانـه، لـه سـوورەتێکا کـه ڕوونـاکیی ئەستێره له ئەترافی خۆردا نابێ دەرکەوێ!

مەزموونی ئەم هۆنراوەیه، ئەوه ئەگەیێنێ که ئەو شیوەنه، شیوەنێکی گەرم و دڵتەزێن بووه، چونکه ئەو ژنـه جوانانـه دڵۆپی فرمێسـکی یـەك لـه شـوێن یـەك لـه چاویان بەرنەبووەتەوه، بەڵکه دڵۆپەکان به کۆمـەڵ کۆمـەڵ ڕژاونەتـه خـوار، دیـاره ئەمەش گریانێکی بەکوڵ و بەسۆز ئەگەیێنێ.

**پوختەی مانا:**

ماتیی و پەرێشانی نەزم و تەرتیبی دڵۆپی یەك له شوێن یـەکی فرمێسـکی وەك مرواریی چاوی ئافرەتانی جوانی، پەرێشان کرد و بـه کۆمـەڵ لـه چـاو بەرئەبنـەوه،

ئـەو فرمێسـکانە ئەوەنـدە شـەفاف و برقـەدارن، وەك كۆمەڵـە ئەسـتێرەی ((كۆ)) ئەترافی روخساری وەك خۆری ئەو ژنە جوانانەیان رازاندووەتەوە!

**جـــای نـــاخوون هـــوون نـــەو گۆنـــای بێگـــەرد**
**ئیشـــــارەت وە مـــــانگ ماتـــــەمی دڵ كـــــەرد**

جای ناخوون: جێگای ناخوون[1].

هوون: خوێن، واتە: جێگای ناخوونێ كە خوێنە، واتە: ناخوونێ كە جێگاكەی خوێن نیشانی ئەدا، كە وابوو ئیزافەی ((ناخوون)) بە ((هوون)) ئیزافـەی بەیانییـە. ئەگونجێ ئەو تـەركیبـە، تەوسیفی بـێ بـەم جۆرە كـە نیشـانەی سیفەتی نیسبیی ((ی)) لـە دوای ((هـوون))ەوە، لەبـەر زەروورەتـی شـیعری حـەزف كرابـێ، وە لـە ئەسڵدا ((ناخوون هوونی)) بێ.

نەو: لەو، لە ئەو.

ئیشارەت كەرد: ئیشارە كرد. كردەوەی مورەككەبـە لـە ریشـەی ((ئیشـارەت كەردەی)) (ئیشارەكردن، نیشاندان).

وە: بە. پـیتی ئیزافەیـە، ((مـانگ ماتـەمی دڵ)) مـەفعوولی غـەیرە سـەرێحە و كەوتووەتە نێوان هەردوو جوزئی كردەوەكەوە.

مەولەوی بەو تەركیبە تەشبیهییە جوانە، رەنگە مەبەستی یەكێ یان هـەمووی ئەم مانایانە بووبێ:

یەكەم– ئەو رووداوە كە لە سەرەتای مانگی موحەڕەمدا رووی دابێ و بە ئیهام گەیاندبێتی چونكە ئەو مانگە بە خوێنی شەهیدانی كەربەلا خوێناوی بووە.

---

(١) لە كوردەواریدا باوە كە ژنان لە كاتی شیوەنكردنا بۆ مردوویان رووی خۆیان بە ناخوون ئەڕنن و خوێناویی ئەكەن.

دووەم– لە هیلالی مانگی یەك شەوە کاتێ ئەکرێتەوە چاو کە لێواری ئاسۆی خۆرئاوا، پاش ئاوابوونی خۆر هێشتا بە تیشکی زەعیفی خۆر سوور بێ، دیارە لەم حاڵەشدا رەنگی هیلالەکە، سوور ئەداتە چاوەوە.

سێیەم– مەبەست لە مانگی ماتەمی دڵ، هەر سەرەتای قەومانی ئەو رووداوەیە بووبێ، کە ئەو دەم و چاو بە ناخوون رنینە، نیشانی داوە.

**پوختەی مانا:**

جێگای خوێناوی ناخوون لەسەر گۆنای نازارانەوە کە وەك هیلالی مانگی یەك شەوەیە، سەرەتای مانگی پەرێشانی و ماتەمی دڵانی بە هۆی مردنی ئەو کەسەوە کە شیوەنی بۆ ئەکرێ، نیشان دا.

شیرینی قامەت قییامەت نەوەرد
سەڵای فەرز بەرگ ئازیەتی ئاوەرد
هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ
حەڵاڵی کاڵای ماتەم پۆشان بۆ

شیرینی قامەتی: جوانیی بەژن و باڵا.

قییامەت نەوەرد: قییامەت تەیکەر، قییامەت بۆ عاشق بەرپاکەر، قیامەت بەعاشق نیشاندەر، واتە: بەژن و باڵای ئەو ژنانە لەکاتی شیوەن کردنا ئەوەندە شیرین و جوانن، قیامەت بە پیاو نیشان ئەدەن. وشەی ((قیامەت)) کە بۆ رۆژی زیندووبوونەی هەموو مردووان بەکار ئەبرێ بە مانای رۆژی حەشر و رەستاخێزە. لە ئەدەبی کوردیدا بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە لە کردەوەییێك یان سیفەتێك یان رووداوەییێك ئەهێنرێ، وەها کە ئەوترێ: ((فلانە کەس لە نووسیندا حەشر ئەکا)) واتە: لە رادەبەدەر ئەنووسێ. ((لارە و لەنجەی ئەو کچە، قییامەت دێنێتە پێشچاو)) واتە: عیشوەگەریی ئەو کچە پیاو ئەکوژێ و زیندووی ئەکاتەوە. ((کاکە

ئەو هەرا هەرایە چییە؟ لە وەڵاما ئەوترێ: قییامەتە!)) واتە: بگرە و بەردەیێکی عەجیب و غەریبە...!

مەولەوی لە چەن پارچەدا دوو وشەی قییامەت و حەشری بۆ موباڵەغە لەو شتانەدا کە وترا، بەکار بردووە.

تەرکیبی ((قییامەت نەوەرد)) سیفەتی مورەککەبە و ئەبێ بە سیفەت بۆ ئافرەتانی جوانی ئازیەتبار، واتە: قامەتی ئافرەتانی جوانی قییامەت نیشاندەر بە عاشقان، چونکە مەولەوی وەها کە وتمان لە زۆر جێگادا، قییام، واتە: هەستانەوەی نازارگەلی بە ((قیام))ی رۆژی قیامەت تەعبیر داوەتەوە. ئەمەش موبالەغەیە لە جوانیی بەژن و باڵای نازارگەلدا کە ئەبێتە هۆی مردن یا زیندووبوونەوەی هەموو عاشقان لە ئەسەری ئەو جوانییەوە.

شـــــیرینی قامـــــەت قییامـــــەت نـــــەوەرد
ســــەڵای فـــەرز بـــەرگ ئازیـــەتی ئـــاوەرد
هـــەنی فتـــوای شـــەرع بـــادە نۆشـــان بـــۆ
حـــــەڵاڵی کـــــاڵای ماتـــــەم پۆشـــــان بـــــۆ

شیرینی قامەت: جوانی بەژن و باڵا. لە وشەی ((قامەت)) دوو مانای ئیستعاری ئیعتبار کراوە:

یەکەم— قامەت وتن بۆ نوێژ خوێندن.

دووەم— قییامی رۆژی حەشر کە بە رۆژی ((قییامەت)) تەعبیر ئەکرێ ئەوەش بە بۆنەی قییامی باڵای جوانی ئەو ژنە ئازیەتبارانەوە بۆ شیوەنکردن کە لەبەر جوانی و دڵڕفێنی قامەتیان هەموو مردو... لە مانای یەکەم واجببوونی بەرگی ئازیەتی بۆ عاشقان لازم دێ چونکە ئەو مەعشووقە جوانانە قییامیان کرد و بۆ شیوەن بەرگی رەشی ئازیەتییان لەبەردایە. لە مانای دووەم هەڵگیرانی ئەحکامی حەڵاڵ و حەرام و ئازادبوونی مەی خواردنەوەی عاشقان و مەباحبوونی رەشپۆشی

بۆ ئازیەتباران، لازم دێ، چونکە لە ڕۆژی قیبامەتدا ئەحکامی دینی ئیسلام کە پەیوەندیی بە ژیانی ئیستاوە هەیە، بەڕێوە نابرێ. ئەگەر بوترێ ئەو تەرکیبە سیفەتە بۆ ئەو کەسە کە مردووە، تەعبیرێکی زۆر دوورە، چونکە مەولەوی لە سەرەتای پارچەکەوە ستایشی ئەو ژنە جوانانە ئەکا کە خەریکی گریان و شیوەن کردنن، وە لە ئاخری پارچەکەشدا ئەڵێ: ((وەشەن ئەو کاڵا)) تا دوایی، دیارە مەبەست باڵای بەرز و جوانی ئەو ئافرەتە ئازیەتبارانەیە بە لیباسی رەشی ئازیەتییەوە، نەك مردووی ڕاك و بە کفنەوە! لە هێنانی دوو وشەی ((قامەت)) و ((قیبامەت))دا سەنعەتی جیناسی ناقیس بەکار براوە.

سەڵا: ئەگونجێ تەحریفکراوی ((سەلات))ی عەرەبی بێ کە بۆ ماناگەلی درووود و دۆعا و نوێژ بەکار ئەبرێ. رەنگە ریشەیێکی کوردیشی هەبێ و بە مانای بانگەوازکردن بێ.

فەرز: واجب، کارێ کە قانوونی ئایینی پیاو بە کردنی مەجبوور ئەکا.

بەرگ ئازیەتی: لیباسی ئازیەتی کە بریتییە لە لیباسی رەش کە لە کاتی مردنی کەسێکی خۆشەویسدا ژنانی خزم و دۆستی ئەو کەسە ئەیکەنە بەریان.

ئاوەرد: هێنا. کردەوەی مازیی موتڵەقە لە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هێنان). لێرە مەبەست بڵاوکردنەوەیە. ئەگونجێ مەبەستی مەولەوی لە مەزموونی ئەم هۆنراوەیە ئەمە بێ کە ئەو ژنە جوانە رەشپۆشانە کە بەو قامەتە قیبامەت بەرپاکەرەوە، هەستاونەتەوە بۆ شیوەنکردن[1]، بانگەوازی واجببوونی لەبەرکردنی بەرگی ئازیەتییان بۆ عاشقان بڵاو کردووەتەوە، وەها کە پێشنوێژ لە کاتی هەستانەوە بۆ نوێژخوێندن بە بانگەوازی ((قەد قامەت...)) لە نێو نوێژخوێناندا واجببوونی نوێژ خوێندن، بڵاو ئەکاتەوە. ئەو تەرکیبە تەشبیهییە جوانە، بە بۆنەی

---

(١) لە کوردەواریدا بە تایبەت لە ناو هۆزی جافا باوە هەر کاتێ گەورەیێ یان خۆشەویستێ بمرێ، ژنان لیباسی رەش ئەکەنە بەریان و هەڵئەسنەوە سەر پێ و بە ((وەی وەی)) وتن قژیان ئەپووتێننەوە و دەم و چاویان ئەڕنن، بێ گومان ئەم پارچەی مەولەوییە کە خۆی جاف بووە، ئەو دیمەنی شاعرانەمان بەو قودرەتە بێ وێنەی بەیانەوە، بۆ دەرئەخا.

تەناسوبی مانایی دوو وشەی ((سەلا)) و ((قییام))ەوە کە لە هەردوو مەزموونی موشەببەه و موشەببەهـ بیهدا نەخشێکی گرنگیان هەیە، پێك هاتووە.

هەنی: ئیتر، ناوی موبهەمە لێرەدا بە مانای ((تا))ی پیتی ئیزافەیە کە مانای غایەت ئەگەیێنێ.

فتوا: بەو حوکمە ئەوترێ کە زانای ئایینی لە لێکدانەوەی ئەحکامی فیقهی ئەو ئایینە، ئەی هێنێتە دەس و بە کۆمەڵی ڕائەگەیێنێ.

شەرع بادەنۆشان بۆ: قانوون، لە ئیستلاحی ئایینیدا لێرەدا مەبەست کۆمەڵە قانوونی ئایینیی ئیسلامە، واتە: ئیتر با عاشقانی بادەنۆش لە شەرعی خۆیاندا فتوا بدەن بۆ حەڵاڵی بادەنۆشی.

بادە نۆشان: مەینۆشان، سیفەتی مورەککەبە بۆ عاشقان.

حەڵاڵیی: ئازادی، موجازبوون، مەمنۆع نەبوون، ڕەوابوون.

کالا: لێرەدا مەبەست لیباس، سیپاڵ و بەرگە.

ماتەم پۆشان: بەرگی ماتەم پۆشان. سیفەتی مورەککەبی کۆمەڵە بۆ ئەو کەسانە کە ئازیەتبارن. یان ئەو کەسانە ماتەمپۆشی تێشکانی عیشقن، واتە: لە عیشقدا بە ئارەزووی خۆیان نەگەیشتوون.

بۆ: بێ. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((بیەی)) (بوون).

مەولەوی وەك هەمیشە لە مانای ئیستعاری مانایێکی تری ئیستعاری دووروست ئەکا و مەزموونێکی بە بۆنەی تەناسوبی مەعنایی دوو وشەی ((سەلا)) و ((قییام))ەوە کە لە هەردوو مەزمووندا نەخشێکی گرنگیان هەیە(!).

چەن جوانە ئەو بالا بەو بەرگە ڕەشەوە، تو خودا لێی گەڕێ با هەر ئەو بەرگە ڕەشەی لەبەرا بێ!

**پوختەی مانا:**

شیرینی قامەتی قییامەت بەرپاکەری ئافرەتانی ئازیەتبار، بانگەوازی فەرزبوونی بەرگی ئازیەتی بڵاو کردەوە و فتوای حەڵاڵی مەینۆشی بۆ مەینۆشان و ڕەشپۆشیی بۆ خەمباران دا:

وەشـــەن ئـــەو کـــالا چـــون بـــەو بـــالاوە
بـــازەش ئـــەو بـــالا هـــەر وەو کـــالاوە
حـــەیات جـــە زوڵمـــات جییـــا نمـــەبۆ
کـــاوە وە بـــێ بـــەرگ ســـییا نمـــەبۆ

وەشەن: خۆشە، جوانە، پێکەوتووە.

ئەو کالا: ئەو لیباسە، ئەو بەرگە. مەبەست بەرگی رەشی ئازیەتیی رەشە لەبەر ئافرەتانی ئازیەتباردا.

چون بەو بالاوە: کە بەو بالاوەیە. ((چون)) پیتی رەبتە و بە مانای ((کە))یە. ((ە))ی کردەوەی رابیتی زەمانی حاڵە و ((ی))ی فاسیلی نێوانی دوو موسەویت لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوە. پیتی رەبتی ((چون)) لێرەدا مانای عیللییەت و سەبەبییەت ئەدا، چونکە مەولەوی ئەیەوێ بڵێ: بەرگی رەش یا وەکو ناحەز و نیشانەی خەم و پەژارەیە، بەلام لەبەر ئەوە لەبەر ئەو ئافرەتە جوانانەدایە، لە هەموو جۆرە بەرگێکی تر جوانتر جیلوە ئەکا، جا هەر لەبەر ئەوەیە کە وتمان، لە نیوە هۆنراوەی دووەمدا هەر ئەو مەزموونە دووپاتە ئەکاتەوە و ئەڵێ: ((بازەش...)) تا دوایی.

بازەش: لێی گەڕێ! کردەوەی ئەمری حازرە لە ریشەی ((ئاستەی)) (هێشتن). ((ش)) (=ی) زەمیری سێیەم ئەندامی مەفعوولییە ئەگەڕێتەوە بۆ ((بالا)) لە نیوە هۆنراوەی یەکەمدا.

وەو: بەو، بە ئەو. ئەم نیوە هۆنراوەیە تەئکید و گرنگایەتی مەزموونی نیوە هۆنراوەی یەکەم ئەگەیێنێ.

حەیات: ئاوی حەیات، ئاوی ژیان. (بڕوانە پارچەی ((پەشێو وێنەی ویم...)) ).

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

زوڵمات: تاریکیی. وشەیێکی عەرەبی و کۆمەڵە، لە کوردییا بە موفرەد بەکار ئەبرێ.

جییا نمەبۆ: جییا نابێ. کردەوەی مورەککەبی مەنفییە لە ریشەی ((جیابیەی)) (جیابوون).

کاوە: کەعبە کە لە شاری ((مەککە))دایە و قیبلەی موسوڵمانانە.

وە بێ بەرگ سیا: بە بێ بەرگی رەش.

نمەبۆ: نابێ، واتە: کەعبە بە بێ بەرگی رەش نابێ و هەر ئەو بەرگە رەشەی پێ ئەکەوێ و ئەی ڕازێنێتەوە.

مەزموونی ئەم هوونراوەیە کە مەقتەعی پارچەکەیە، دوو عیللەتە بۆ دوو مەزموونی هۆنراوەی پێشوو کە بریتییە لەمە کە ئەڵێ: ((ئەو بەرگە رەشە، شاییستەیە هەر لەبەر ئەو باڵا جوانانەدا بێ)) ئەوەش لەبەر ئەمەیە کە بەدەنی سپی و جوانی ژنان لە نێو لیباسی رەشدا جوانتر ئەنوێنێ. چونکە ئەو بەدەنە جوانە کە (!)

لە راستەقینەدا هەر یەکە لە مەزموونی ئەو دوو عیللەتە موشەببەه بیهە بۆ هەریەکە لە دوو مەزموونی هۆنراوە پێشووە کە، ئەو دوو عیللەتە بە رێگای لەفف و نەشری مشەوەش هێنراون وەها کە نیوە هۆنراوەی یەکەمی هۆنراوەی مەقتەع روو ئەکاتە نیوە هۆنراوەی دووەمی پێشوو، وە نیوە هۆنراوەکەی تری روو ئەکاتە نیوە هۆنراوەکەی تری هۆنراوە پێشووەکە کە بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێ.

لەتافەتی ئەو بەدەنە سپییە هەر بەو بەرگە رەشەوە، دەرئەکەوێ وەها کە لەتافەتی ئاوی ژیانیش هەر لەو رەشیی تاریکستانەدا خۆی ئەنوێنێ.

جوانیی ئەو بەرگە رەشەش هەر لەبەر ئەوەیە کە لەبەر ئەو باڵا جوانەدایە وەها کە جوانیی بەرگی رەشی کەعبەش هەر بەو بۆنەوەیە کە پەیکەری پاکی ئەوی گرتووەتە باوەش!

مەولەوی لەو تەعلیل و تەشبیهە جوانەدا موناسەبەتێکی زۆر جوانی لە نێوان ئەو موشەببەه و موشەببەهبیهانەدا گرتووەتە پێشچاو کە پیاو لە نێو دەریای

سەرسووڕمان لە بیروردیی مەولەویدا نوقم ئەکا، ئەوەش بریتییە لە پاکی ئەو ژنە جوانە ئازیەتبارانە و پاکیی خانووی کەعبە. مەحاڵبوونی گەیشتن بە وەسڵی ئەو ژنە جوانانە و مەحاڵبوونی گەیشتن بە خواردنەوەی ئاوی ژیان!

**پوختەی مانا:**

چەن جوانە ئەو بەرگە رەشە بەو باڵا و بەدەنە سپییەوە، لێ گەڕێ تۆخودا، با ئەو باڵا جوانە و ئەو بەدەنە سپییە هەر بەو بەرگە رەشەوە بێ، چونکە ئاوی ژیان لە تاریکی جیا نابێتەوە و خانووی کەعبەش بە بێ بەرگی رەش نابێ! (*)

---

(*) لەم پارچەدا رەشنووسەکە زۆر شپرزەیە و یەك دوو لاپەڕەی ژمارەیان نییە و، تێکەڵاویی و ئاڵۆزیی روویداوە. ئەوەتا دووجار مانای "شیرینی قامەت..." کراوە.

## پارچەی بیست و دووەم

**نـــــەهات و نـــــەهات دڵ ماتـــــەن ئیمشـــــەو**

**ئەڵبـــەت شـــنۆی شـــەو بەراتـــەن ئیمشـــەو**

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

هـات: نـاوی مەسـدەرە لـە ریشـەی ((هـاتن)) بـە مانـای ((شـانس، ئیقبـاڵ، بەخت))ە.

نەهات: ناوی مەسدەری مەنفییە لە ریشەی ((هاتن)) بە مانای ((بەدشانسیی، بێ ئیقباڵیی، بەدبەختیی، نەگبەتیی))یە. ئەوترێ: فڵانە کەس لە هاتدایە، واتە: لـە خۆش ئیقباڵی و خۆشبەختیدایە. فڵانە کەس لـە نەهاتدایـە، واتـە: لـە بەدبـەختی و نەگبەتیدایە. ئەوترێ: فڵانە کەس لـە نێـوان هـات و نەهاتدایـە، واتـە: چارەنووسـی دیار نییە[1].

دڵ ماتەن: دڵ ماتە. دڵ پەرێشانە ئەم شەو. مانای ئـەو نیـوە هۆنراوەیـە بـەم جۆرەیە: ئەم شەو لە ئیزتراب و پەرۆشیدا دڵم پەرێشانە.

ئەڵبەت: لێرەدە!

شنۆ: هاتن. ((شنە))ش هەر بەو مانایەیە کە بۆ هاتنی بای ئارام و نەرم و نیان بەکار ئەبرێ، وەها کە ئەوترێ: ((شنۆ، شنەی شەماڵ))، واتە: هاتنی بای شـەماڵ. لە فارسیدا ((وەزش)) ئەوترێ. لێرەدا بە مەجاز بە مانای ((داهـاتنی شـەو)) بـەکار براوە. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

---

(١) پێویستە بزانین کە لە ئەدەبی کوردیی گۆرانیدا، ئیستلاحاتێك هەن کە لـە ئـەدەبی شێوە کوردیی ئێسـتادا نـین، دیـارە ئەمـەش یەکێکـە لـە تایبەتییـەکانی ئـاڵوگۆڕی سـاختمانی زمـان کە هەمیشـە لـە گۆڕاندایـە، بـەڵام ئـەو گۆڕانـە وردە وردە ئەچێتە پێشـەوە و پـاش سـاڵانێکی زۆر لـە سـاختمانی زمـان دەرئەکەوێ.

بەرات: ناوە بۆ شەوی پانزەهەمی مانگی شەعبان کە پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام لایان وایە، خودا هەموو ساڵێ لەو شەوەدا چاوێ بە دەفتەری قەزا و قەدەردا ئەگێڕێ و ئاڵوگۆڕێکی تازە لە چارەنووسی هەموو شتێکا لە هەموو بارەیێکەوە لە عالەمی مەوجووداتدا ئەهێنێتە دی.

لە ناوەرۆکی ئەم پارچەیە، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە مەولەوی لە شەوی ((بەرات))دا ئەم پارچەیەی بۆ یەکێ لە دۆستانی هۆناوەتەوە کە ماوەیێك بووە لێی دوور کەوتووەتەوە، دەرد و پەژارەی ئەو دوورکەوتنەوە، شوێنێکی وای بردووەتە دڵیەوە کە مردنی هێناوەتە پێشچاوی و هیوای ئەوەی پێ نەماوە کە ئیتر چاوی بەو دۆستەی بکەوێتەوە، ئینجا ئەو کارەساتەی بە شەوی بەراتەوە پەیوەند داوە و بە چارەنووسی خۆی لەو شەوەدا داناوە.

**پوختەی مانا:**

ئەمشەو لە نێوان هات و نەهاتدا دڵم مات و پەرێشانە، بێ گومان هۆی ئەوەیە کە شەوی بەرات هاتووەتە پێشەوە.

## سیاهەی دەفتەر میرزای ئەزەلەن
## زییادیی و نوقسان رزق و ئەجەلەن

سیاهەی دەفتەر: نوسراوێکە ئەندازەی دەخڵ و خەرجی تێدا نووسرابێ.

میرزای ئەزەل: نووسەری ئەزەل. ئەگونجێ میرزای ئەزەل کینایە بێ لە خودا یان فریشتەیێ کە پێسپێرراوی ئەو کارە بووە، چونکە فریشتەگەل پێش لە ئادەمیزاد دورووست کراون ((ئەزەل)) بێ سەرەتا، واتە: زەمانێ کە سەرەتای نەبێ، موقابیلەکەی ئەبێ بە ((ئەبەد))، واتە: زەمانێ بێ دوایی زەمانێ کە نەبڕێتەوە.

رزق: رۆزی، ئەو شتەی کە ئینسان ئەیخوا و پێی ئەژی.

ئەجەل: ماوە، مودەتی دانراو و دیاریکراو. لێرەدا مەبەست ماوەی دیاریکراوی ژیانی مرۆڤە، واتە: لە شەوی بەراتدا رۆزی و ماوەی ژیانی مرۆڤ کەم و زیاد ئەکرێ.

**پوختەی مانا:**

میرزای ئەزەل لەم شەوەدا بە دەفتەری چارەنووسی بەرەی مرۆڤدا چاو ئەگێڕێ و ڕۆزی و ماوەی ژیانی خەڵك کەم و زیاد ئەکا.

**ئەو ها وە بەرات بێ ئەندازەوە**
**ئێد وە تالێقەی عومر تازەوە**

ها: کورتکراوەی ((هەیە))یە کە بە مانای ((هەست))ی فارسییە.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

بەرات: نووسراوێکە کە فەرمانڕەوا لەودا پارە بۆ کەسێك یا بۆ مەسرەفێك حەواڵە بدات.

ئێد: ئەم. زەمیری ئیشارەی نزیکە.

تالیقە: تەعلیقە. شەرحێ کە لە حاشیە یا داوێنی کتێب یا نامیلکەیێکدا ئەنووسرێ، لێرەدا مەبەست ئەو شتەیە کە لە چاوپیاخشاندنی چارەنووسدا تازە ئەنووسرێتەوە.

عومر: تەمەن.

**پوختەی مانا:**

یەکێ بەراتی زۆری بۆ دەرئەچێ، یەکێ تر فەرمانی تەمەنی تازەی بۆ تازە ئەکرێتەوە.

**کەسێ قووتش نوقڵ راز یاوەرەن**
**شەخسێ زیندەگیش وەسڵ دڵبەرەن**

قووت: خواردەمەنی. ئەندازەیێ لە خۆراك کە پیاو پێی بژی. ((ش)) لە دوایەوە، زەمیری موزاف ئیلەیهە.

نوقلّ راز: ئیزافەی بەیانییە، واتە: نوقلێ کە رازە. ئەم جۆرە ئیزافەیە لە راستەقینەدا ئیزافەی تەشبیهی مەقلووبە، بەڵام بۆ گەیاندنی مانای موبالەغە موزاف ئیلەیە کەتووەتە پێش موزافەوە، وە ئەسڵەکەی ((رازی نوقلّ))ە. ((راز)) بە مانای داستان و چیرۆکە و زۆرتر بۆ وتوویژ لە نێوان عاشق و مەعشووقدا بەکار ئەبرێ.

یاوەر: دۆست، یار، هاودەم.

**پوختەی مانا:**

کەسێ خۆراکی لە نوقلّی راز و نیازی دۆست بۆ ئەنووسرێ. کەسێ تر ژیانی لە وەسڵی دلّبەرا بۆ دابین ئەکرێ.

**هانا هامدەردان، چێش مەکەردێ پێم؟!**

**من دیام نە رووی تەقسیمنامەی وێم.**

هانا: ناوی دەنگە لە کاتی یارمەتی خواستن و پەنابردندا بەکار ئەبرێ.

چێش مەکەردێ پێم: چیم پێ ئەکەن، واتە: چۆن فریام ئەکەون و یارمەتیم ئەدەن؟!

دیام: روانیم. کردەوەی رابووردووە لە ریشەی ((دیای)) (روانین، تەماشاکردن). ریشەی ((دیەی)) بە مانای دیتن، روئیەت، دین کردەوەی رابووردووی ئەم ریەشەیە ئەبێ بە ((دیم)) (دیدتم). ئەم ریشەیە بە مانای بەدنیاهێنانی منداڵیش هاتووە، وەها کە ئەوترێ: فلانە ژن دوێنێ منداڵێکی دی، واتە: منداڵێکی هێنایە دنیاوە.

نە رووی: لە رووی. پیتی ئیزافەی مورەککەبە.

تەقسیمنامە: نووسراوێ کە چۆنیەتی ژیانی لە هەموو بارەیێکەوە تێدا نووسراوە.

**پوختەی مانا:**

هاوار! هاودەردان چیم لێ ئەکەن، من ئەمشەو تەماشای تەقسیمنامەی خۆم کردووە.

**ژار دووریـــــی دۆس ئـــــازیزم نۆشـــــم**
**نمـــــەیۆ رازان شـــــیرین نـــــە گۆشـــــم**

نیوە هۆنراوەی یەکەمی ئەم هۆنراوەیە، سیفەتی مورەککەبە و لە ئەسڵدا بەم جۆرەیە:

ژار دووری دۆس ئازیز نۆشم: تـاڵاوی دووریـی دۆسـی ئـازیز نۆشـم، واتـە: لـەو تەقسیمنامەیەمدا نووسراوە کە من ئیتر چاوم بـە ئـازیز ناکـەوێ و ئـەبێ هـەر ژاری دووریی بخۆمەوە.

نمەیۆ: نایێ. کردەوەی موزاریعی مەنفییە لە ریشەی ((ئامای)) (هاتن).

نە: لە. پیتی ئیزافەیە.

گۆشم: گـوێم. واتـە: ئـیتر راز و نیـازی شـیرینی ئـازیز نایێتـە گـوێم. مەولـەوی ئەیەوێ ئەوە بگەیێنێ کە کاتی مردنی نزیك بووەتەوە.

**پوختەی مانا:**

لەو تەقسیمنامەیەدا نووسراوە کە ئـیتر چـاوم بـە ئـازیز ناکەوێتـەوە و دەنگە جوانەکەشی ئیتر نابیسم!

**یـــانێ جـــە شـــوومیی بـــەخت سـیای مـــن**
**ئیمشـــەو لـــەرزان تـــەڵ تووڵەکـــەی لای مـــن**

یانێ: واتە. ئامرازی تەفسیرە و تەفسیری ((مـن دیـام نـە رووی تەقسیمنامەی وێم)) ئەکاتەوە.

جه: له. پیتی ئیزافەیه.

شوومی: نەگبەتی، بەدیومنی.

لـەرزان: لـەرزیوه. کـردەوەی رابـووردووی نـەقلّیی لـە ریشـەی ((لـەرزای)) (لـەرزین). کینایەیـە لـە شـکانەوه. لقـیّ بشـکیّتەوه، ئەکەویّتـە لەرینـەوه و لەرزیوونەوه. ئەوەش بە پیّی هۆنراوەی دوایی کە ئەلّیّ: وەلّگ زیندەگیم...

تەلّ: لق، چلّ. تالّ و تا بۆ رشتەی دەزوو و بەن و موو بەکار ئەبریّ.

توولّ: شوولّ. ئەو چلّە ساف و باریك و درێژەیـە کـە لـە بێخ یـان لـە لاتەنـەی ساقی دارەوه شین ئەبیّ. بە نەمامیش ئەوتریّ کە لێرەدا بەم مانا هێنراوه.

لە تـەرکیبی ئیزافیـی ((توولّەکـەی لای مـن)) وشـەی ((عـومر)) (تـەمـەن)[1] کـە موزاف ئیلەیهە، لەبەر زەروورەتی شیعری حەزف کراوه، ئەسـلّەکەی بـەم جۆرەیـە: توولّەکەی عومری من، واتە: نەمامی تەمەنی من. وشـە ((لا)) کـە بـە مانـای ((هـی، هین))ی زەمیری خاوەنیەتی (ملّکی)یە، لە جێگای ((عومر))دا دانیشتووه.

وەلّـــگ زینـــدەگیم هـــا وە هـــەواوه
دیمـــاو دیمشـــەن وە بـــای فـــەناوه

وەلّگ: چلّ، لق. تەرکیبی ئیزافی ئیستعارییه.

زیندەگیم: ژیانم.

(۱) قواعد دستوری

۱– فعل به صورت مصدر در جمله مانند: خۆشە لەژێر سێبەری شاخا نووستن

۲– فعل به صورت صفت در جمله مانند:

۳– لە اضافەی بەیانی دا ئەگەر بەیانی ماهیەتی موضاف هەلّنەگریّ، مانای تەشبیە ئەدا کە بۆ موبالەغە بە سوورەتی ئیستعارە هێنراوه.

دوا دووا دوو

dūā dūuā duā

ها: هەیە. لێرەدا ئەگونجێ بە مانای کردەوەی رابیتی ((ە))ی زەمانی حاڵ بێ و ((وەڵـگ)) بـبێ بـە موسـنەد ئیلەیـە کـە بـەم جـۆرەی لـێ بـێ: بـە هەواوەیـە، ئەشگونجێ بە مانای ((هەبوون)) بێ و وشەی ((وەلگ)) ببێ بە فاعیلی.

دیماو دیمشەن: دیوە و دیویـە، واتـە: بـای فـەنا ئـەیخا بـەم دیـو و بـەو دیـوا. تەرکیبی ((بای فەنا)) تەرکیبی ئیزافی بەیانی[1] یا ئیستعارییە.

**پوختەی مانا:**

یانێ لە شوومیی بەختی رەشم، ئەمشەو لقی نـەمامی تەمـەنم لـەرزیوە و بـای فەنا بەسەر چڵی ژیانم ئەم دیو و ئەو دیوی پێ ئەکا.

**ئـــــەلوەدای تـــــاریخ کامەرانیمـــــەن**

**نیشـــــانەی ئـــــاخر زیندەگانیمـــــەن**

ئەلوەدا: ئەلوەداع، خودا حافیزی، ماڵاوایی.

کامەرانیمەن: کامەرانیمە.

زیندەگانیمەن: ژیانمە.

**پوختەی مانا:**

کاتی ماڵاوایی لە ماوەی تاریخی کامەرانیمە و نیشانەی دواییهاتنی ژیانمە.

**یـــاران ویـــەردن نۆبەمـــەن دەی دەی**

**ئیســـە وەکـــارەن، ســـاقیی! نەشـــئەی مـــەی**

یاران: دۆستان، هاوماڵان.

ویەردەن: بووردن، تێپەڕین. کـردەوەی رابـووردووە لـە ریشـەی ((ویـەردەی)) (بووردن، تێپەڕین).

---

(١) ئیزافەی بەیانی وەکو وتوومانە هەندێ جار لە مانادا ئیزافەی تەشبیهییە.

نۆبەمەن: نۆرەمە.

دەی: ئامرازی تەشویق و هەڵنیانە. بۆ تەئکید دووبارە کراوەتەوە.

ئیسە: ئیستە، ئێستا.

وەکار: بەکار، شوێنکەر، مونەسیر. سیفەتی فاعیلییە. ((ن)) لە دوایەوە زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە.

ساقیی: مەیگێڕ.

**پوختەی مانا:**

یاران هەموو رۆیشتن نۆبەی منیش هاتووە، ساقیی! وەرە ئێستا نەشئەی سەرخۆشیی مەی بەکار دێ.

**سادەی تای دوگمەی یەخەی دڵپەسەند**

**ئازادکەر چون دڵ بەندییان جە بەند**

سادەی: ئامرازی مورەککەبی تەئکیدە.

تای دوگمە: تاڵی دوگمە، دەزووی قۆلپچە، ئەو تاڵە دەزووە کە لە یەك لای یەخەوەیە، ئەبەسرێ بە دوگمەی ئەو لای یەخەکەوە. لەو رۆژگارەدا باو بووە کە لە باتی ئەوە لاییێکی یەخەی کراس کون بکەن و دوگمەی ئەو لای یەخەکەی لێوە دەربێنن، و یەخەکە ببەستن، تاڵێ دەزوویان دووریوە بەو لایەدا و بەستوویانە بە دوگمەی ئەو لای یەخەکەوە.

یەخەی دڵپەسەند: هێنانی سیفەتی ((دڵپەسەند)) بۆ یەخە لەتافەتێکی یەکجار زۆری تێدایە، چونکە یەخەی کراسی مەعشووق لە کاتێکا بەسرابێ ئەو باخ و بێستانە جوانەی تێدا شارراوەتەوە کە عاشق هەزاران گیان بۆ چاوپێکەوتنی فیدا ئەکات! کە وابوو مەولەوی حەقیەتی لە ساقیی ئەپاڕێتەوە کە لە کاتی خەمبوونەوەیدا بۆ مەیگەڕاندن بەندی دوگمەی یەخەی کراسەکەی بترازێنێ!

ئازادکەر: ئازاد بکە، بەرەڵا بکە. کردەوەی مورەککەبی ئەمری حازرە لە ریشەی ((ئازاد کەردەی)) (ئازادکردن، بەرەڵاکردن).

چون: وەك. ئامرازی چواندنە.

بیّ دەردان: ئەوانەی کە دڵیان بەسراوی داوی عیشق نییە.

جە بەند: لە بەندکراوی و لە بەسراوی.

مەولەوی لێرەدا دوگمەی یەخەی کراسی مەعشووقی چواندووە بە دڵی ئازاد لە بەند و داوی عاشقی. ئەو تاڵە دەزووەی کە دوورراوە بە لایێ لە ملیوانی یەخەکەوە و بەسراوە بە دوگمەی لایێ تری یەخەی کراسەکەوە و ملیوانەکەی پێ داخراوە، چواندووە بە بەندی دەس و پێی زیندانی و بەندی. ئینجا لە مەعشووقی مەیگێڕ ئەپارێتەوە کە ئەو بەندکراوە کە دوگمەی یەخەی کراسەکەی بێ لە کاتی مەیگێڕاندا، ئازادی کا لە بەند، دیارە لە ئازادکردنی ئەو بەندییەش چ شیرینکارییێکی عالەمی خیلقەت خۆی نیشان ئەدا!

**پوختەی مانا:**

سادەی تای دوگمەی یەخەی دڵپەسەند ئازاد کە وەك دڵی بێ دەردان لە بەند.

**پەشێوکەر لانەی دڵان جە سەردا**
**گۆشەی عەرەقچین باوەر بە وەردا**
**مایل بۆ کەمێ ئەو ئەو گۆشەی چەم**
**گۆشەی چەم ئەو جام، جام ئەو ئەهل خەم**

پەشێوکەر: پژگ و بڵاو بکە، تێك دە. بشێوێنە.

لانە: هێلانە، ئەو جێگایە کە گیاندار سەقامی تێدا ئەگرێ و تێیدا ئەحەوێتەوە.

جە سەردا: لەسەردا، واتە: ئەی ساقیی! خەم ببەوە، با زوڵف و ئەگریجەکانت لەسەردا بەرەو خواربنەوە و، پەرێشان بن و دڵانی ئەو عاشقانە کە لە چین و شکەنجی ئەو زوڵف و ئەگریجانەدا هێلانەیان کردووە، هێلانەکانیان بشێوێ.

عەرەقچین: کڵاو، تاقیە، ئەو کڵاوە جوانە کە ژنان ئەینێنە سەریان.

باوەر: بهێنە. کردەوەی ئەمرە لە ریشەی ((ئاوەردەی)) (هاوردن، هێنان، هانین).

بە وەردا: بە بەردا، واتە: لە کاتی خەمبوونەوەدا بۆ مەیگەڕاندن، گۆشەی تاقیەکەشت بێنە بە بەرا با لار ببێتەوە بۆ لای پێشانیت.

مایل بۆ: مایل بێ، لار بێ، لار ببێتەوە.

ئەو: ئەو. زەمیری سێیەم ئەندامی تەکە و ئەگەڕێتەوە بۆ ((عەرەقچین)).

ئەو: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

گۆشەی چەم: گۆشەی چاو، واتە: تاقیەکەشت لە کاتی خەمبوونەوەدا، با کەمێ لار ببێتەوە بۆ گۆشەی چاوت. ئەوەش لەبەر ئەمەیە کە ژنان ئەگەر کڵاو و پێچەکەیان لار بنێنە سەریان زۆر خۆشیان پێ ئەکەوێ.

ئەو جام: لە جامی شەراب، واتە: لە کاتی خەمبوونەوە بۆ مەیگێڕاندن با گۆشەی چاوت بۆ جامە شەرابەکە بڕوانێ کە بە دەستتەوەیە.

ئەو ئەهل خەم: لە ئەهلی خەم و پەژارەی دەردی دڵداری. یان لە ئەهلی عیشق، ئەوەش بەم ئیعتبارە کە ((خەم)) بە مانای عیشق بێ، چونکە مەولەوی لە زۆر جێگادا وشەگەلی: خەم، خەفەت، پەژارە، دەرد و وێنەکانیانی بە مانای عیشق و ئەوین بەکار بردووە، وەها کە سیفەتگەلی ئەو ناوانەشی وەك: خەمبار، دەردەدار و وێنەکانیانی بە مانای عاشق و ئەویندار هێناوە.

واتە: ئەو جامەش کە مەیگێڕ گرتوویە بە دەستەوە، چاوی لەو دڵبراوانەوە بێ کە لەو کۆڕە عاشقانەدا کۆ بوونەتەوە[1].

---

(١) لەو هونەرنمایی مەولەوییە کە بە چەشنێکی دڵڕفێن چۆنییەتیی مەیگەڕاندنی ساقی لە کۆڕی عاشقاندا ئەخاتە پێشچاو، لەتیفەیێکی جوانم کەوتەوە بیر کە چەن ساڵ لەمەوپێش، برادەرێ لە پیاوە ناسراوەکانی کورد لە تاران، کابرایێکی کوردی دەس و چاو پاکی ئەویست کە لە دیوەخان خزمەتی مێوانەکانیان بکات. یەکێ لە دۆستان کە لەگەڵ مندا بوو، کوڕێکی کوردی پێ ناساند، پاش چەن ڕۆژ

پوختەی مانا:

بە خەمبوونەوەت بۆ مەیگێڕان زوڵف و ئەگریجەکانت بەردەوە با ئەو دڵانە کە لە نێو چین و شکەنجی زوڵفەکانتا هێلانەیان کردووە، هێلانەکانیان تێك بچیٚ، گۆشەی تاقیەکەشت کەمیٚ لار بکەوە بۆ گۆشەی چاوت، گۆشەی چاوە مەستەکەشت با بڕوانیٚ بۆ جامی مەیەکە و جامی مەیەکەش روو بکاتە دڵبراوەکانی کۆڕە عاشقانەکەمان.

**دەورت گەرد جەور دەوران دۆ وە باد**

**ناز واچۆ: بنۆش، غەمزەکەت: نۆش باد**

**تا فووارەی وشك لوولەی پێشەی ڕێش**

**هەر یەك پرشەی زووخ هۆرشانۆ پەی وێش**

**وە شنۆی نەشئەی مەستیم وانۆوە**

**یەك ئیمجار جە دەس دووریم سانۆوە.**

دەورت: دەوردانەوەت بۆ جامی مەیگەڕاندن.

گەرد جەور: ئیزافەی ئیستعارییە، مەبەست لە مانای ((جەور)) رەنج و ناکامی لە عیشقدایە.

دەوران: رۆژگار، گەڕانی گەردوون. گەردشی رۆژگار.

دۆ: بدا. کردەوەی ئیلتزامییە لە ریشەی ((دای)) (دان).

وە باد: بە باد، بە با، واتە: ئەی ساقیی! با دەوردانەوەت لە مەیگەڕاندندا ستەمی گەردشی رۆژگار لەناو ببا. کردەوەی مورەککەبی ((گەرد وە باد دای)) (گەرد بە باددان)ی هەرشتیٚ کینایەیە لە لەناوبردن و نەهێشتنی ئەو شتە.

---

چووینەوە بۆ ماڵیان بە پێکەنینەوە وتی: ئەو کوڕە بەکار نەهات چونکە لە کاتی چای گێڕاندا تەماشای پیاڵەکانی نەدەکرد کە لە ناو سینییەکەدا بوون، بەڵکە چاوی ئەبڕییە نێو چاوانی مێوانەکان!

واچۆ: بڵێ، بێژێ. کردەوەی ئیلتزامییە لە چاوگەی ((واتەی)) (وتن). لە تەرکیبی ((ناز واچۆ)) (ناز بڵێ) سنعەتی ئیستعاری بەکار براوە.

نۆش باد: واتە غەمزەکەشت بڵێ: نۆش باد. لەم تەرکیبەشدا سنعەتی ئیستعاری بەکار براوە. تەرکیبی ((نۆش باد)) تەرکیبێکی فارسییە لە کۆڕی مەیخواردنەوەدا بە مەیخۆرەوە، ئەوترێ. لە کوردیدا ئەوترێ: نۆش، نۆشت بێ، نۆشی گیانت، نۆشی گیانت بێ.

تا: پیتی ئیزافەیە و مانای تەعلیل ئەدا. ئەگونجێ مانای غایەتیشی لێ وەربگیرێ.

فوارە: لە فەووارەی عەرەبییەوە گیراوە. بە لولولەیێکی ئاسنی یان قوڕیی ئەوترێ کە عەموودیی دائەنرێ و ئاو هەڵئەدا.

وشك: سیفەتە بۆ فوارە، واتە: ئەو فوارەیە کە ئاوی لێوە هەڵناقوڵێ و ئاوەکەی وشك بووە.

لوولەی پێشە: لوولەی ئێسقان، ئیزافەیێکی بەیانییە، بەڵام تەرکیبی ((فوارەی وشکی لوولەی پێشە)) بەسەریەکەوە، تەرکیبێکی تەشبیهی زۆر جوانە.

و: پیتی رەبتە.

رێش: برین، زەخم. واتە: تا فوارەی وشکی چاوگەی برینیش...

هۆرشانۆ: هەڵوەشێنێ. هەڵدا، هەڵبخا. کردەوەی لێکدراوی ئیلتزامی لە چاوگەی ((هۆرشانای)) (هەڵخستن، هەڵدان).

پەی وێش: بۆ خۆی، واتە: هەریەکە لە لوولەی فوارەی وشکی ئێسقان و چاوگەی برینم، بۆ خۆی پرشەی زووخ هەڵدا.

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

شنۆ: شنە. هاتنی بای نەرم.

نەشئە: بەدیهاتن. پەیدابوون. تەرکیبی ((شنۆی نەشئە)) تەرکیبێکی ئیزافی ئیستعارییە.

مەستیی: سەرخۆشیی. ((م)) زەمیری مەفعوولییە بۆ کردەوەی ((وانۆوە)) کە لە ئەسڵدا بەم جۆرەیە: وانۆمەوە، واتە: دام بنێ، بە حیسابم بهێنێ.

وانۆوە: بخوێنێتەوە. لێرەدا بە مانای قەراردان، دانان، بە حیساب هێنانە.

یەك ئیمجار: ئەم جارێ.

جـە دەس هەسـتیم سـانۆوە: لـە دەسـتی هەسـتیم دەربێنێتـەوە، واتـە: بـە یەکجاریی بمکـوژێ و لـە عالـەمی ((هـەبوون))ی کـاتی بمخاتـە عالـەمی ((هـەبوونی هەمیشەیی)). رزگارم کا.

مەبەسـتی مەولـەوی لـە مـەزموونی ئـەم هۆنراوەیـە ئەوەیـە کـە تـەنیا دەرد و پـەژارەی دووری ئـازیز لـەم شـەوی بەراتـەدا نەبێتـە هـۆی مردنـی بەڵکـە نەشئەی مەستیی ئەو مەییە کە ساقیی ئەیداتێ ئەمەندە بەهێز بێ، بیکوژێ و لە عالەمی پڕ جەور و جەفای ژیان رزگاری کا.

**پوختەی مانا:**

با ئەو مەیگەڕاندنەت خەم و پەژارەی رۆژگـاری ناکـامیم لـەناو ببـا و نـاز بڵێ: بنۆشە و، غەمزەکەشت بڵێ: نۆشت بێ! منیش ئەوەندە مەی بخۆمەوە تـا لوولـەی ئێسـقانە وشـك و پـڕ لـە زووخـەکانم پـڕ بـن لـە مـەی و ببووژێنـەوە و ئـەو مەیـە زووخەکەیان وەك فوارە هەڵداتە دەرەوە. لەم شەوی بەراتەدا، بە حیسابی مەستیی ئەو مەیە بۆ هەمیشە لەم دنیا دەرچم نەك بـە غـەم و پـەژارەی دووریی ناکامی لە ئایەندەدا بمرم.

## پارچەی بیست و سێیەم

هەر چەند هیجرانت یەند زۆر ئاوەردەن
ئیزرائیل جە رەنج سەر ئازاد کەردەن
بەلام دەردێوتەر جا گرتەن نە دڵ
نەک چون ئەوتەر دەرد، دڵ پێش مەدۆ چڵ.

هەر چەند: پیتی پەیوەندە و مانای غایەت ئەگەیێنێ.

یەند: ئەوەندە. ناوی موبهەمە و مانای چەندایەتی ئەگەیێنێ.

زۆر ئاوەردەن: زۆری هێناوە، لە ئەندازە بەدەر زۆر بووە. کردەوەی لێکدراوی رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((زۆر ئاوەردەی)) (زۆرهێنان).

ئیزرائیل: ناوی یەکێ لە چوار فریشتە موقەررەبەکەیە، پێسپێرراوی گیانکێشانی تاکەکانی بەرەی مرۆڤە.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

رەنج: زەحمەت، سەختی، واتە: زەحمەتی هاتن بۆ گیانکێشانم.

سەر ئازاد کەردەن: رزگار کردووە، کردەوەی لێکدراوی رۆژگاری رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((سەر ئازاد کەردەی)) (ئاسوودەکردن، رزگارکردن). واتە: با وەکو دەردی دووریت ئەوەندە زۆری هێناوە کە بە بێ وادە ئەمکوژێ و ئیزرائیلی لە زەحمەتی هاتن بۆ گیانکێشانم رزگار کردووە، بەلام...

دەردێوتەر: دەردێکی تر.

جا گرتەن: جێی گرتووە. کردەوەی لێکدراوە لە چاوگەی ((جا گرتەی)) (جێگرتن).

نە دڵ: لە دڵ، لە دڵمدا.

نەك: ئامرازی نەفییە، ((ك)) بۆ گەیاندنی مانای بەكار ئەبرێ.

چون: لێرەدا ئامرازی تەشبیهە.

ئەوتەر دەرد: ناوی موبهەمی لێكدراوە كە بە مانای سیفەتی لێكدراو بەكار ئەبرێ.

پێش: پێی، لێكدراوێكە لە پیتی ئیزافەی ((پێ)) (پێ) و زەمیری ((ش)) (ی).

مەدۆ: ئەدا. كردەوەی موزاریعە لە چاوگەی ((دای)) (دان).

چڵ: ئێش، ژان، گل. ئەو چوار وشەیە لە چاوی ماناوە لەیەكەوە نزیكن. وشەی ((چڵ)) بۆ ئێشێك بەكار ئەبرێ كە تاو تاو زۆر بگرێ وەك ئەوە ئەو جێگە ئێشە لەقە بوەشێنێ. ((پێ چڵ دان)) یان ((چڵ پێ دان)) بە مانای (هێنانە ئێشە). واتە: ئەو دەردە پێشووە، بە جێی خۆی، بەڵام دەردێ تر دڵمی هێناوەتە ئێش.

**پوختەی مانا:**

با وەكو دەردی دووریت ئەوەندە زۆری هێناوە كە خەریكە بە بێ وادە بمكوژێ و زەحمەتی گیانكێشانم لەكۆڵ ئیزرائیل بخات، بەڵام دەردێكی ترم تووش بووە كە لە دەردی دووریت زۆرتر دڵم ئازار ئەدا. ئەوەش بریتییە لەمە كە...

لە مەزموونی ئەم پارچەیە وەهامان بۆ دەرئەكەوێ كە رەنگە مەولەوی لە كاتی فەقێیەتیدا ئەم پارچەیەی بۆ شێخ عەزیزی دۆستی هۆنابێتەوە كە لێی جیا بووەتەوە و لەگەڵ دۆستێكی ترا لە جێگاییێكی تر خەریكی خوێندن بووە. چونكە لە رۆژگاری فەقێیەتیدا كە من خۆم بەسەرم هاتووە، زۆر جار وەها رێك ئەكەوێ كە بە هۆییێكەوە دوو دۆست لە یەك جیا ئەبنەوە و هەل و مەرجی كات و جێگا وەها پێویست ئەكا كە پێكەوە نەبن.

بە هەر جۆرێكی بژمێرین مەولەوی لەو دۆستەی گلە ئەكا و ئەڵێ: تۆ بە دۆستایەتی من بایەخێكت نەدا و لە من جیا بوویتەوە و لەگەڵ كەسێكا بووی بە دۆست كە وەك من لە خۆشەویستیی تۆدا نەتواوەتەوە و بایی راستەقینەی تۆ نازانێ و تەنیا لە رواڵەتدا خۆی بە دۆستی تۆ ئەداتە قەڵەم...

داخـۆم جـە تـەنخوای دووی خەسـتەکەی وێـت
چـێش بـۆ وە سـەیوان شـەو تـا ڕۆ پـەرێت؟!

داخۆم: ئامرازی پرسیارە. ((داخۆ، ئاخۆ، داخوا))ش ئەوترێ.

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

تەنخوا: عەوەز، جیاتی، باتی. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

دوو: دوود. دووکەڵ. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

خەستەکەی وێت: نەخۆشەکەی خۆت. ((خەستە)) بە مانای نەخۆشی عیشقە.

چێش: چی.

بۆ: بێ، ببێ. کردەوەی ئیلتزامییە لە چاوگەی ((بیەی)) (بوون).

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

سەیوان: سایەبان وەك: چەتر و چادر و ڕەشماڵ و شتی وا.

پەرێت: بۆت.

**پوختەی مانا:**

داخۆ لە باتی دووکەڵی دەروونی پڕ لە ئاگری خۆشەویستیی دەردەدارەکەی عیشقی خۆت، شەو تا بەیانی چی بێ سەیوانی لەشی نازەنینت لە گەرما و سەرما بتپارێزێ؟!

جیـــاتی مـــژەی ســـفتەی باڵاکـــەت
چـــێش بـــۆ وە جـــاڕووی گـــەرد پاڵاکـــەت؟!

جیاتی: باتی، عەوەض. لەبەر زەرووڕەتی وەزنی شیعر، پێویستە بە سێ کەرت (هیجا) بەم چەشنە: ((جـ - یا - تی)) بنووسرێ و بخوێنرێتەوە.

مژە: برژانگ.

سفتە: سووتە، سووتاو. ((ی)) لە دوایەوە، نیشانەی ئیزافەیە، واتە: لە باتیی برژانگی سووتاوی حەرارەتی فرمێسکی چاوانم کە لە تاوی دووری بالای تۆوە، ئەجۆشیٚ.

چێش: چی.

بۆ: کردەوەی رابیتی ئیلتزامییە لە چاوگەی ((بیەی)) (بوون).

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە، واتە: چی ووجوودی هەبیٚ؟

جارِوو: گزك، کیسك، کسك. ((ی)) لە دوایەوە نیشانەی ئیزافەیە.

پالاٚ: پێلاو، کەوش.

**پوختەی مانا:**

داخۆم لە باتی مژەی سووتاوی جۆشی فرمێسکی چاوم لە تاوی دووری بالات، چی ووجوودی هەبیٚ بۆ گسگدانی گەرد و خاکی کەوشەکانت؟!

**پایی چون مەنیای -دیدەم!- وە دیدەم**
**ئازار بیٚ پەرێش مژەی خەمیدەم**
**دەك عومرم چون وەسلٚ بالات تەمام بۆ**
**چێو، بیٚ ئازار بۆ، مەشیۆ پەیش کام بۆ؟!**

پاییٚ: پایێك، پێیێك.

چون: پیتی رەبتە.

مەنیای: ئەتنیا، ئەنیات. کردەوەی رابووردووی ئیستمرارییە لە چاوگەی ((نیای)) (نیان).

دیدەم!: چاوەکەم!

وە: بە. پیتی ئیزافەیە.

دیدە: چاو. ((م)) لە دوایەوە زەمیری موزاف ئیلەیهە.

ئازار بیّ: بوو. کردەوەی لێکدراوی رابووردووە لە چاوگەی ((ئازار بییەی)) (ئازاربوون). ئەگونجیّ ((ئازار)) ناوی بە مانا سیفەتی ئازاردەر بیّ ئەو کاتە دوروستە ببیّ بە موسنەد بۆ ((پا)) و ((بیّ)) کردەوەی رابیتی ئیلتزامی بیّ.

پەرێش: بۆی.

خەمیدە: خەم خواردوو، خەم بوو و، چەمیو، چەماو. واتە ئەو برژانگەم کە لە ژێر پێیدا لار بووەتەوە و چەماوەتەوە.

دەك: ئامرازی دۆعا و نزاکردنە و مانای تەئکیدیش ئەدا.

چون: لێرەدا ئامرازی تەشبیهە.

وەسلّ بالاّت: تەرکیبی ئیزافییە، واتە: یاخودا عومرم نەمێنیّ و دوایی بێت وەك دوا هاتنی شادبوونەوە بە بالاّت. مەولەوی بە مەزموونی ئەو دۆعا لەتیف و جوانە کە شاکارێکی ئەدەبیی بیّ وێنەیە، ئەوەشمان بۆ دەرئەخا کە ئیتر تەمای ئەوەی بڕیوە کە چاوی بە ئازیزی بکەوێتەوە، واتە: ئەیەویّ بە مەزموونی ئەو دۆعایە رەنجان و دلّئێشانی خۆی بە ئازیزی راگەیێنیّ!

**پوختەی مانا:**

ئەو پێیە، چاوەکەم! کە تۆ ئەتنیا بە چاومدا، ئەوەندە ژێر پێت ناسك و لەتیف بوو، برژانگی چەماوەم ئازاری پیّ ئەگەیاند، دەك عومرم وەك وەسلّی بالاّت دوایی بێت! شتیّ کە تۆ پێی پێدا بنێی و ئازاری پێت نەدا ئەبیّ چی بیّ؟!

رووییّ چون سەر چەم نازش مەوەرد
جە سای دیای چەم دلّ مەگرتش گەرد-
هەی رۆ! سا ئیسە چەنی مەویارۆ
چێش بۆ گەرد نەبۆ و نیگاش بدارۆ؟!

چەم: لێرەدا بە مانای چۆم و رووبار و رۆخانەیە.

نـاز: جـوانی، نەزاکـەت، لەتافـەت. ((ش)) زەمـیری سـێیەم ئەنـدامی تەکـە، ئەگەڕێتەوە بۆ ((روو)).

مەوج مەوەرد: مەوجی ئەخوارد، شەپۆلی ئەوەشاند. کردەوەی لێکدراوە لـە چاوگەی ((مەوج واردەی)) (مەوج خواردن).

جە: لە. پیتی ئیزافەیە.

سا: سێبەر، سایە.

دیای: روانین. ((دیەی)) بە مانای چاوپێکەوتنە.

چەم: لێرەدا بە مانای ((چـاو))ە. ((چـەم دڵ)) (چـاوی دڵ) تـەرکیبی ئیزافـی ئیستعارییە.

مەگرتش گەرد: گـەردی ئـەگرت، ئـازاری پـێ ئەگەیشـت. کردەوەی لێکدراوی رابووردووی ئیستمرارییە لە چاوگەی ((گەرد گرتەی)) (ئازار پێگەیشتن).

هەی رۆ: ناوی دەنگی لێکدراوە لـە دوو وشـەی ((هـەی)) ئـامرازی بـانگکردن (ندا)، و ((رۆ)) ناوی دەنگی دەربـڕینی خـەم و پـەژارە بـۆ قـەومانی کارەساتێکی دڵتەزێن.

سا: ئامرازی تەئکید و بێدارکردنەوەیە.

ئیسە: ئێستە، ئێستا.

چەنی: ئامرازی پرسیارە، لە کاتی دەرخستندا تەکیـە ئەدرێتـە سـەر هیجـای ئاخر، وە ئەگەر تەکیە بدرێتە سەر هیجای یەکەم بە مانای دەرزییە.

چێش بۆ: چی بێ.

گەرد نەبۆ: گەرد نەبێ، ئازاری نەبێ.

نیگـاش بـدارۆ: نیگـای بـدێرێ، رایگـرێ، ئـازاری نـەدا، بیپـارێزێ. کردەوەی لێکدراوی موزاریعی ئیلتزامییە لـە چاوگەی ((نیگاداشـتەی)) (نیگاداشـتن، راگرتن، پاراستن).

**پوختەی مانا:**

روخساریّ کە لەتافەتی وەك ئاوی سەرچاوەی روون مەوجی ئەخوارد و سێبەری روانینی چاوی دڵ ئازاری پێ ئەگەیاند، هەی رۆ! ئێستا، کە لە من براوە، چۆن رائەبوێریّ و چی بیّ بتوانیّ رایگریّ و لە ئازار بیپارێزیّ!

**ئاخ مەیل تازەن پاسە کەردەن پێت**
**وەرنە کزەی دڵ سا نەشنەفتەبێت؟!**

ئاخ: ناوی دەنگە لە کاتی دەربڕینی پەرێشانی و پەژارەدا بەکار ئەبریّ.

مەیل تازەن: عیشق و خۆشەویستی تازەیە. ((ن)) زەمیری رابیتی زەمانی حاڵە، موسنەد ئیلەیهی: ((ئانە)) (ئەوە) بە قەرینە، حەزف کراوە، واتە: خۆشەویستیی منت خستووەتە پشت گویّ و یەکیّ ترت خۆش ئەویّ، بۆییّ هەواڵیّ لە من ناپرسی.

پاسە: وەها. قەیدی تەشبیهە بۆ فاسیلەی دوور بەکار ئەبریّ، بۆ فاسیلەی نزیك ئەبیّ بە ((پێسە)) بە تەکیە لەسەر هیجای ئاخر.

کەردەن: کردووە. کردەوەی زەمانی حاڵە لە چاوگەی ((کەردەی)) (کردن)، واتە: ئەو عیشقە تازەیە وەهای کردووە پێت کە منت لەبیر چووەتەوە.

وەرنە: پیتی رەبتی لێکدراوە و مانای ئیستدراك و جیاکردنەوە ئەگەیێنیّ.

سا: ئامرازی تەئکیدە.

نەشنەفتەبێت: نەبیستووبووت، واتە: مەگەر لە کزەی دڵی من کە بە ئاگری عیشقی تۆ ئەسووتا، ئاگادار نەبووی – وەها منت لەبیر چووەوە و مەیلی خۆت دا بە کەسێکی تر؟!

**پوختەی مانا:**

ئاخ مەیلی تازەیە وای لێت کردووە منت لەبیر چووەتەوە، مەگەر تۆ کزەی دڵی سووتاوی منت نەبیستووبوو؟! بۆچ بە جارێ ئەم سووتاوی ئاگری عیشقی خۆتە لەبیر بردەوە و، مەیلت لەگەڵ یەکێ تردا تازە کردەوە!

**منت شی جە یاد، خاست کەرد دیدەم؟!**

**بە وێت خاتر شاد، خاست کەرد دیدەم؟!**

شی جە یاد: چوو لە یاد، لەبیرچووەوە. ئەو تەرکیبە کردەوەی لێکدراوی رابووردووە لە چاوگەی ((جە یاد شییەی)) (لەبیرچوون، لەبیرچوونەوە، فەرامۆشکردن).

خاست کەرد: خاست کرد، چاکت کرد.

دیدەم: چاوم، ئەی چاوم!

بە وێت: بۆ خۆت، واتە: هەر خۆت خاتر شاد بی بە عیشقی تازەت، ئیتر چش لە من! مەولەوی بە مەزموونی ئەم هۆنراوەیە، تەنز و توانجی داوە لە مەعشووقی، واتە: کارێکی باشت نەکرد کە مەیلت لە من بڕی و دات بە یەکێکی تر.

**پوختەی مانا:**

چاوەکەم چاکت کرد منت لەبیر بردەوە و خۆت بە عیشقی تازەوە بە شادیی رائەبوێری؟!

**سا هەر سۆزی جۆش ئاه سەرد من**

**هەر گەرمی پڕتاو کۆرەی دەرد من**

**هەر وەفای دەمدەم ئاشنایی ئەو**

**هەر ئەو عەهد و شەرت روویاپوویی ئەو**

سا: ئامرازی تەئکیدە. پێش لە ناوەوە ئەهێنرێ و

هەر: ئامرازی ئیبهام و تەعمیمە، ئەو تەرکیبە لێرەدا مانای ئیستفهامی ئینکاری ئەگەیێنێ.

سۆزە: ناوی دەنگە و بۆ دەنگی هاتنی بای نەرمی زۆر ساردی زستان بەکار ئەبرێ کە ئەو بایە دەم و چاو و دەس و پلی مرۆڤ وەك هالاوی ئاگر هەڵقرچێنێ، وەها کە ئەوترێ: ((هەوا زۆر ساردە سۆزەی دێ)). هەندێ جاریش ئەوترێ: ((... کزەی دێ)).

جۆش: لێرەدا بە مانای هەنگام و زۆرایەتی و خرۆشانە، واتە: سۆزی سەختیی بای هەناسەی ساردی من.

وەفای دەمدەم: خۆشەویستییێك کە زاری و زاهیری بێ.

روویارووریی: رواڵەتی.

**پوختەی مانا:**

ئایا سۆزەی بای سەختی هەناسەی ساردی ناکامیی من و گەرمای پڕ تاوی کورەی ئاگری عیشقی من و، وەفا و ئاشنایی دەمدەمیی ئەو و، عەهد و پەیمانی رواڵەتیی ئەو، وەك یەکە؟!

**های رەحمەت ئەو قەور سەودایی کامڵ**

**سەرمەشق مەینەت ((بێساران)) مەنزڵ:**

**((یانەوێرانیی هەر وە من ئامان))**

**((مەتاوو گرتەی کەسێو تەر دامان))**

های: ناوی دەنگە، لێرەدا بۆ مانای دۆعا و نزا بەکار براوە.

ئەو: لە. پیتی ئیزافەیە.

قەور: قەبر، گۆڕ، گڵکۆ.

سەودایی: عاشق.

سەرمەشق مەینەت: سیفەتی لێکدراوە و کینایەیە لە سەردەستەی عاشقان. ((مەینەت)) (میحنەت، رەنج) مەبەست عیشق و ئەوینە. مەولەوی لێرەدا ئەوە ئەگەیێنێ کە تاقە هۆنراوەییێکی ((بێسارانی)) لە ئاخری پارچەکەی خۆیدا تەزمین کردووە، چونکە لە نێو شاعیراندا رەسمە ئەگەر شاعیرێك هۆنراوەی شاعیرێکی تر لە نێو هۆنراوەکانی خۆیدا بهێنێ، پێویستە بە سەراحەت یا بە کینایە ناوی ئەو شاعیرە ببا.

بێساران: ناوی شارۆلکەییێکە لە مەڵبەندی ((ژاوەرۆ))ی لای شاری سنە کە جێگای ((مەلا مستەفا))ی شاعیری بەناوبانگە.

یانەوێرانی:ماڵوێرانیی، کینایەیە لە بەدبەختیی و ناکامیی.

هەر: ئەداتی حەسرە.

وە من: بە من.

ئامان: هاتووە. کردەوەی رابووردووی نەقڵییە لە چاوگەی ((ئامای)) (هاتن).

مەتاووو: ناتوانم. کردەوەی موزاریعی مەنفییە لە چاوگەی ((تاوای)) (توانین)، واتە: ناکرێ، نابێ.

گرتەی: (گرتن).

کەسێوتەر: کەسێ تر.

دامان: داوێن، واتە: نابێ بۆ ئەم بەدبەختییە کە تووشم بووە، داوێنی کەسێ تر بگرم و تاوانباری کەم.

**پوختەی مانا:**

ئای رەحمەت لە قەبری عاشقی کامڵ و سەردەستەی هەموو عاشقانی دڵسووتاو: ((مەلا مستەفا))ی بێسارانی کە لەم بارەوە وتوویە: من خۆم بەدبەختم تاوان لە کەسێ تر ناگرم.

## پارچەی بیست و چوارەم

ئــاخ پــەی خــەڵوەتیٚ بــدیام وە بــیٚ خــەم
سـیوای تـۆ دیـدەم! کـەس نـەدیام وە چـەم
دڵ پـــەی دیـــدەنت کـــام خـــەڵوەت ســـازۆ؟
تـــۆی دیدەیچـــم بـــۆ، مـــەردم نمـــازۆ!

مەولەوی کە خاوەنی تـەبع (مـرخ)یٚ رەوان و مـەوزوون و بیریٚکـی ورد و ناسـك بووە، لە شیعر وتنـدا بۆ لیٚکدانـەوەی مانـا و ریٚکخسـتنی وەزن و قافیـە دانـەماوە، بەڵکە تەنیا ئیحساسی زاهیری یان دەروونی بەس بووە کە چۆنیەتی ئەو ئیحساسـە لە چوارچیٚوەی شیعرە دڵرفیٚنەکانیا دەربریٚ، بۆ ویٚنە ئەگەر دیمەنی کوڵ و کانیاویٚ سـەرنجی راکیٚشـابیٚ، یـان خۆشەویسـتی و دووری کەسـیٚك کـاری کردبیٚتـە سـەر ئیحساسـی بـە بـیٚ بیرکردنـەوەییٚکی زۆر حاڵـەت و چۆنییەتی ئـەو ئیحساسـەی لـە مەزمووٚنیٚکی جوان و دڵرفیٚندا جیٚ کردووەتەوە و لە ساختمانی وشەگەلیٚکی ئاسایی و نزیـك بـە قەریٚحـەی هەموواندا، جـیٚ کردووەتـەوە و ئینجـا ئـەو وشەیانەشـی پەژاندووەتـە چوارچـیٚوەی هـۆنراوە رەوان و پاراوەکانییـەوە. بـریٚ جـار بـە پیٚـی ریٚککـەوت ژمـارەی ئـەو هۆنراوەیانـە لـە یـەك یـان دوو یـان سـیٚ هـۆنراوە تیٚپـەڕی نەکردووە. بە جۆریٚ تر ئەتوانین بڵیٚین مەولەوی تاقە هـۆنراوە و جووتـە هـۆنراوەی زۆری بووە، بە داخەوە، وەك پارچە هۆنراوەکانی تری، کەمتریان کۆ کراونەتەوە.

ئـەوەش ئـەبیٚ بـزانین کـە هەنـدیٚ لـەو جـۆرە هۆنراوەیانـە کـە لـە نوسـخە دەسنووسـەکان و لـە نوسـخە چـاپییەکەی مامۆسـتا مـەلا کەریمـدا بـە نـاوی مەلەوییەوە، نووسراونەتەوە، لەوە ناچیٚ کە هی مەولەوی بن.

ئیٚمە ئەوانەیان کە لامان وایە کـە هـی مەولـەوین لـەم کتیٚبـەدا ئـەیان هیٚنین و باسیان لیٚوە ئەکەین.

ئاخ: ناوی دەنگە و لە کاتی خەم و پەژار و ئێش و ڕەنجدا بەکار ئەبرێ.

خەڵوەت: جێگایێك کە بێگانەی تێدا نەبێ. جێگای خاڵیی لە خەڵك

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

بدیام: بە مانای ((بدیێنێ)) یان ((بدیاییێنێ)) (بمڕوانییایێ) کە کردەوەی ڕابووردووی لازمی ئیلتزامییە لە چاوگەی ((دیای)) (ڕوانین).

کە وابوو ((بدیام)) کە کورتکراوەی ((بدیاییم)) (بمدیتووبایێ) بێ لەگەڵ مانای هۆنراوەکەدا ڕێك ناکەوێ چونکە ((بدیاییم)) لە چاوگەی موتەعەدی ((دیەی))ە، نە لە چاوگەی لازمی ((دیای)).

سیوای تۆ: بێجگە لە تۆ.

دیدەم: چاوەکەم!

نەدیام: نەدیتووبایێ. کردەوەی ڕابووردووی ئیلزامی مەنفییە لە چاوگەی ((دیەی)) (دیتن).

وە چەم: بە چاو.

پەی: بۆ. پیتی ئیزافەیە.

دیدەنت: دیتنت، چاوپێکەوتنت. چاوگەیێکی فارسییە هاتووەتە ناو کوردییەوە، لە فارسیدا بە ((دیدەنەت)) دەرئەخرێ.

سازۆ: دوروست بکا. کردەوەی موزاریعی ئیلتیزامییە لە چاوگەی ((سازای)) (دوروستکردن).

تۆی دیدەیچم بۆ: ناوی چاویشم بێ، واتە: ئەگەر ئەو جێگا خاڵییە کە دوروستی بکەم بۆ ئەوە لەگەڵ تۆدا کۆبیمەوە بریتی بێ لە ناوی چاوم.

مەردم: لێرەدا بە مانای بیبیلە، گلێنەی چاوە لە بەکاربردنی وشەی ((مەردم))دا سەنعەتی ئیهام هەیە، چونکە مانای خەڵکیش ئەگەیێنێ. دیارە وێنەی هەموو شتێ ئەچێتە نێو مەردمەکی چاوەوە، کە وابوو مەردم (بیبیلە)ی چاویش ناکرێ بە خەڵوەتگا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئازیزدا.

نمازۆ: ناهێڵێ، کردەوەی موزاریعی مەنفییە لە چاوگەی ((ئاستەی)) (هێشتن).

**پوختەی مانا:**

ئاخ بۆ خەڵوەتێ، ئازیزەکەم بە بێ خەم و بێ ترسی رەقیب بڕوانیاییێم بۆ بێجگە لە تۆ کەسی ترم چاو پێ نەکەوتووبایێ. بەڵام ئەم خەیاڵە خەیاڵێکی خامە، دڵم ناتوانێ خەڵوەتگاییێکی وەها دوروست بکا، چونکە ئەگەر ئەو خەڵوەتگایە لە ناو چاویشما بێ، خەڵکی تر لەگەڵ تۆدا، دێنە ناو گلێنەی چاومەوە!

# جدول فهرست نسخەها

## پیتی (ئەلف)


| لاپەڕە | |
|---|---|
| ٢ | ئیمشەو تەنیایی جەستەی زەبوونم |
| ٥ | ئازیز! دیارەن، وادەی لوامەن |
| ٩ | ئەمجار سەخت تەرەن زامم جە جاران |
| ١٣ | ئیحیا نەبوون، سا نەشوون مەردەن! |
| ١٥ | ئارەزوومەندیم جە حەد ویەردەن |
| ١٧ | ئەنیس خەیاڵ دەردان پڕ زام! |
| ١٩ | ئیمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە |
| ٢١ | ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن |
| ٢٣ | ئەیاز هەمڕاز ناڵە و ئاخ و دوود |
| ٢٥ | ئازیزم! ئاهیر دووریی باڵای تۆ |
| ٢٧ | ئازیزم، ئامای، ئەی بێ قەرار وێم! |
| ٢٩ | ئازیز! تەن وە نێش زامانت خەستەن |
| ٣١ | ئەی گرد مەوجوودێ جەتۆگرت مایە |
| ٣٣ | ئای کێ بی هەواڵ لوای تۆ ئاوەرد؟ |
| ٣٥ | ئەی دڵ، مزگانی، ئاما کۆچ یار |
| ٣٧ | ئیمشەو مەینەتان نە دەروون جەمەن |
| ٣٨ | ئاماوە وەهار، وەهار شادی |
| ٣٩ | ئیمشەو هەر خەمەن ها نە کەمیندا |
| ٤١ | ئەی ڕۆشنیی چەم! تاکەی؟ تەشریف بەر |

| | |
|---|---|
| ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە | ٤٣ |
| ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕ خەمەن | ٤٤ |
| ئیمسال نەووەهار چون خەزان سەرد | ٤٥ |
| ئایینەی کامل! ئازیزەکەی فەرد! | ٤٧ |
| ئازارم جە وێم بێزارم کەردەن | ٤٨ |
| ئازیز! ئای ڕشتەی دلەی خەم بێ شۆ | ٥٠ |
| ئەوجا بەزمگەی کەس جێ نەڕەستە | ٥١ |
| ئێمە گشت فانی، هەر ئەوەن باقی | ٥٢ |
| ئازیز! وە مەرگت دڵ نە خرۆشەن | ٥٤ |
| ئاخ، چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ پەی ئاخدارێ | ٥٥ |
| ئەدای پەشێوی ی حالات جەستەم | ٥٥ |
| ئازیزم، گەردەن بلوور بێ گەرد! | ٥٦ |
| ئارەزووی ئامای مەرگ وێت کەردەن | ٥٧ |
| ئاخ، پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم | ٥٧ |
| ئازیز! وەس بووزەم نە گێجاو خەم | ٥٨ |
| ئازیز! جە دووریت تەن بی کلافە | ٥٩ |
| ئای، چەنە سەرچەنگ چەرخ چەپ وەردم! | ٥٩ |
| ئەو ساتە زانام بەختەکەم شەڕ بی | ٥٩ |

## پیتی (ب)

| | |
|---|---|
| باعث وجوود جە ماه تا ماهی | ٦١ |
| بینایی دیدەم تۆ وە سلامەت | ٦٥ |
| بەرزان هیلال تار وەروان قەرار دا | ٦٨ |
| بەزم هام فەردان یار مۆبەت کێش | ٧١ |
| بولبولێ گوڵشەن بێ نام و نەنگی | ٧٣ |
| بنچینەی شادیت جە دڵ بەر ئاوەرد | ٧٦ |

| | |
|---|---|
| ٧٨ | بێ شەرت و شۆنیت جە حەد ئەو دەرەن |
| ٨٠ | بێ نازەن ئەسباب ئەسپ و سواریت |
| ٨١ | بەڵێ، خاڵۆکەم، قەدیم دەستوورەن: |
| ٨٢ | بە تیەی کارخانەی ئۆسای بەغدایی |
| ٨٣ | باڵای ئاڵای شەنگ صەد بەڵا پێوەن |
| ٨٤ | بکیانە پەیکێ وە پاڕانەوە |
| ٨٤ | بێچارە وە تای زوڵفت گیربییەن |
| ٨٥ | بڕیا وە باڵای کاڵای ڕەئیسی |


## پیتی (پ)


| | |
|---|---|
| ٨٧ | پەشێو وێنەی وێم نیشت بێم خەجڵ |
| ٩٤ | پای شادیم دیسان ماران گەستەوە |
| ٩٩ | پزیسکەی چەخماخ کافیی کارمەن |
| ١٠٢ | پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت |
| ١٠٥ | پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن |
| ١٠٨ | پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن |
| ١١٠ | پەشێوی وە نەزم لوولووی ئەسرین دا |
| ١١٣ | پەیغام باڵای خەمبارەکەی تۆ |
| ١١٣ | پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ |
| ١١٣ | پەنج بییەن وە شەش، شەش رووکەرد نە پەنج |
| ١١٣ | پیری و فەقیری و کەثیفی، هەر سێ |

## پیتی (ت)


| | |
|---|---|
| ١١٥ | تەژنەی گیان وە لەب سەودای سەبووری |
| ١١٩ | تەدریس و تەقدیس، تەمجید بێ دەنگەن |
| ١٢٦ | تەختەی مۆبەت تاش، نەجاڕ دڵ تەنگ، |
| ١٢٧ | تەء ثیر خەیاڵ کردەی من سەردا |
| ١٢٩ | تەرك ئینتیظار حەیات كەردەنم |
| ١٣٠ | تاجە (داخی) تاق، جفت خەمەنان |
| ١٣٣ | تۆ نەی كۆچدا كارویٚت مەحكەم كەردەن |
| ١٣٤ | تۆپلآخەی دووكەڵ هێجران دڵبەر |
| ١٣٥ | تەن وە ئێش دەرد زامەتان خەستەن |
| ١٣٦ | تا تەوانام بی شەو بێداریم كەرد |
| ١٣٦ | تەرسوون ئەر بەدەن ڕەقیب دڵ سەرد |
| ١٣٧ | تا دڵ وە تەمای ئەو ترفە ترفەن |
| ١٣٧ | تا وە زولف و ڕووی تۆ تەماشامەن |


## پیتی (ج)


| | |
|---|---|
| ١٣٩ | جەرگت لەت لەت بۆ چەواشەی چەپ گەرد |
| ١٤٥ | جە گیان سێرووەردەی جە تەن هەراسان |
| ١٤٨ | جە سەردی مۆبەت ئازیز بێ گەرد |
| ١٥١ | جە من تا دووری ئەر صەد فرسەنگ بۆ |
| ١٥٤ | جیلوەی جەلآی جام دڵەی پڕ جە گەرد |
| ١٥٥ | جە دووریت دەروون مەوج دەریای هوون |
| ١٥٧ | جۆراب چون من زامان نەسرەفتە |
| ١٥٨ | جە بێ كەسیی وێم تۆم كەردەن وە كەس |

## پیتی (چ)


| | |
|---|---|
| چون وەلگ شادیی من وای دووری لەیل | 160 |
| چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە کەردی | 166 |
| چێشەن پەشێویم: ماتەمیی دڵەن، | 172 |
| چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەرد و بەرد | 178 |
| چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش | 182 |
| چمان هەم قامەت کەیفم، خەمبارەن | 184 |
| چێش واچۆ مەعدووم خەستەی مەهجووریت | 185 |
| چەم پەی فەرش پات موژەش چون خارەن | 186 |
| چون شەماڵەی نوور گڕ گڕانمە | 187 |


## پیتی (خ)


| | |
|---|---|
| خورشید سەمای شیرین جەماڵان | ١٨٩ |
| خامەی سەراوێز نە چای سیایی | ١٩٢ |
| خاڵوی مەنزڵ چی، سەرکردەکەی دەرد | ١٩٥ |
| خاڵۆ چون تەدبیر دەرد زانات نەوی | ١٩٧ |
| خەرامان ئاما نە تۆی پەردەوە | ١٩٨ |
| خەمە فرسەتێ ساتێ، وە بێ خەم | ١٩٩ |
| خەیر بۆ، هەم فەڵەك کام خەیال کەردەن | ٢٠٠ |
| خەیلێوەن خەریك زاکەی زەحمەتم | ٢٠٠ |
| خەیاڵان شەو، هیجرانان ڕۆ | ٢٠١ |
| خاك وە دەس زۆر زنجیرم کەردەن | ٢٠٢ |
| خاڵو خاڵوتەن، کەم واچە خاڵو | ٢٠٢ |
| خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم | ٢٠٣ |
| خەرمانی خەمان ها وە کەل باوە | ٢٠٣ |

## پیتی (د)


| | |
|---|---|
| ٢٠٥ | دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل |
| ٢١٠ | دڵ تەم کەردەوە گرتەوە کاوان |
| ٢١٣ | دڵە راگەکەت خەیلێ تاریکەن |
| ٢١٦ | دڵ دیارنییەن های نەکەردەبۆ |
| ٢١٩ | دەرمان زامان دەردەکەی کاریم |
| ٢٢١ | دڵە، وەردەی نەفس گوناە ئاوەردە |
| ٢٢٤ | دڵە پرچینەن پێشانیی شەوقت |
| ٢٢٦ | دڵە چەند مەستیت جەم بی نە سەردا |
| ٢٢٨ | دڵە تەبخاڵەت وە لێو مەوینوون |
| ٢٣١ | دەرد وە بان دەرد زامان کاری |
| ٢٣٣ | دەورێ دەر ساقی وە لای مەحزووندا |
| ٢٣٦ | دووریت دیارەن چەند صاحیب نێشەن |
| ٢٣٦ | دەلیل وادەی سەرسەراوەکەم |
| ٢٣٨ | دەخیلم خالۆ زەدەی زام سەخت |
| ٢٤٠ | دیاکەی وە شەرم جە پەنجەرەی ناز |
| ٢٤٢ | دیدەم وە دیدەت شای شیرین چەمان |
| ٢٤٣ | دڵەی خەم خەیاڵ جۆش ئاوەردەوە |
| ٢٤٥ | دنیا نە گێجاو تاریکە شەو بی |
| ٢٤٦ | دیدەم نەونەمام نەوتووڵ ساوا |
| ٢٤٧ | دڵە وادەی صوبح نەو وەهارانەن |
| ٢٤٨ | دەروێش ئەهل خەم هەر یەند جەم مەبۆ |
| ٢٤٩ | دیارەن دیدەم هەم دەرد نۆمەن |
| ٢٥٠ | دەك فەلەك چون من دەردت کاری بۆ |
| ٢٥١ | دڵ یەند وە ئایر دووریی تۆ تاوان |

| | |
|---|---|
| ٢٥١ | دڵ، ئەرچی شەماڵ قەدیمی یارەن، |
| ٢٥٢ | داخۆ چەند وە دەس نازك نەوهاڵان |
| ٢٥٢ | دڵ بییەن وە دار سەرکەل لای وەشت |
| ٢٥٣ | دیسان دەس چەرخ هەم ها نە کاردا |
| ٢٥٣ | دیدەن دیدار غەزاڵەی وەرمن |
| ٢٥٣ | دەفتەری لەوحی قەزات لەبەرە |
| ٢٥٤ | دزەکەی زەهاو زاو زۆ کەردەن |
| ٢٥٤ | دیدەم (ڕێژاو)ە، ڕوخسارم (زەردە)ن |

## پیتی (ر)

| | |
|---|---|
| ٢٥٦ | ڕۆیێ فکر بەخت سیای وێم مەکەرد |
| ٢٦٠ | ڕا جەعفەر ئاباد سارای گەرم مەیل |
| ٢٦٤ | ڕەفیق مەحرەم عیجز و سروورم |
| ٢٦٨ | ڕەمەزان طلووع صوبح شادیشەن |
| ٢٦٩ | ریاضەت کێشان .. ڕیاضەت کێشان |
| ٢٧١ | ڕۆشنی دیدەم، سەرمایەی ژینم |
| ٢٧٢ | ڕیشێ چەنی من نەیۆ وە حضوور |

## پیتی (ز)

| | |
|---|---|
| ٢٧٤ | زیلەی تەڵمیتبار کۆچ نەوهاڵان |
| ٢٧٨ | زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان |

## پیتی (س)


| | |
|---|---|
| سەردار زومرەی مصیبەت کێشان | ٢٨٢ |
| سەرشار صەهبای بەزم موناجات | ٢٨٨ |
| ساقی ئاوەردە و گرد کیا ستێنین | ٢٩١ |
| سەر حەڵقەی فیرقەی نازك خەیاڵان | ٢٩٣ |
| سەرلەتەرەی خەم خول ئاوەردەوە | ٢٩٤ |
| سەر وە بان عەین عەینم خەم وەردەن | ٢٩٥ |
| سیاییم ئاوەرد، سفیدیم پێ ڕەشت | ٢٩٥ |
| سفیدیم ئاوەرد، سیاییم پێ ڕەشت | ٢٩٥ |
| سازش نەمابەین ئاروپووش کەمەن | ٢٩٦ |
| سەنگیی سەنگ و خاك نە سەر دۆشم بۆ | ٢٩٦ |


## پیتی (ش)


| | |
|---|---|
| شێخ دەوڵمەند بەهرەی سەرمەدی | ٢٩٨ |
| شەماڵ ئەرجووم هەن هەی وە فیدات بام | ٣٠٣ |
| شەماڵ، دارانەن .. شەماڵ، دارانەن | ٣٠٧ |
| شەماڵ داخان .. شەماڵ داخان .. | ٣١٠ |
| شەرارەی کوورەی دەروون پڕ جۆش | ٣١٣ |
| شی ئەو صەفا و سەیر دیدەن یاران | ٣١٥ |
| شیفای ئێش و نێش ئەی زامان سەخت | ٣١٧ |
| شادی گەرد خەم چۆن نەدۆ وە باد | ٣١٨ |
| شوورای عاشووران دیسان بەزمش بەست | ٣٢٠ |
| شەریك ناڵەی شەوان بێداریم | ٣٢١ |
| شنەفتم دووریا لەیل زوکامشەن | ٣٢٢ |
| شنەفتم گیانم باڵا توول نەی | ٣٢٣ |

## پیتی (ص)


| | |
|---|---|
| ٣٢٥ | صەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەك |
| ٣٢٧ | صوبحەن، بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم |
| ٣٢٩ | صەدای های هیلال هام فەردان مەیۆ |
| ٣٣١ | صەد دووری چون دڵ مەعدوومیی دڵ تەنگ |


## پیتی (ض)


| | |
|---|---|
| ٣٣٤ | ضیای دڵ نامەت وە لای دڵڕێشان |


## پیتی (ف)


| | |
|---|---|
| ٣٣٦ | فەڵەك بێ فرسەت .. فەڵەك بێ فرسەت .. |
| ٣٣٨ | فەسڵ نەوپایز تازە کەردەن مەیل |
| ٣٤٠ | فەڵەك مشناسووت کارت چەپ گەردەن |
| ٣٤٢ | فەریادم وە تۆن .. فەریادم وە تۆن |
| ٣٤٣ | فەڵەك، کام تیر بی نەدات نە دەروون |


## پیتی (ق)


| | |
|---|---|
| ٣٤٦ | قیبلەم تۆم نەدڵ .. قیبلەم تۆم نەدڵ |
| ٣٤٨ | قوربان! قوربانەن، جەژنەن، شادییەن |
| ٣٥٠ | قیبلەم کەردەنی .. قیبلەم کەردەنی |
| ٣٥٢ | قوربان، ئەرچەندێ نامام وە لاتان |
| ٣٥٣ | قوولەی بایەقوش صوب وە هەردەوە |
| ٣٥٣ | قسەیێ ئەکەم بە ڕێ و جێ وێ |

## پیتی (ك)


| | |
|---|---|
| ٣٥٥ | كۆن ئەو دڵ دیدەش، بەرایی بدۆ |
| ٣٥٧ | كام سارا صەد ڕەنگ نوور پێدا وەشتەن |
| ٣٦٠ | كام حاڵەت باروون وە سەر خامەدا |
| ٣٦٠ | كۆرپە ئەگریجان تووك طاوس تار |
| ٣٥٩ | كزەی چزەی زام گرپەی گڕەی دڵ |


## پیتی (گ)


| | |
|---|---|
| ٣٦٣ | گەرد ئالوودەن دەور مەزار لەیلێ |
| ٣٦٥ | گۆشەی ئاتەشخان دڵەی پڕ جە ئێش |
| ٣٦٧ | گوم بی چون خورشید ئەو نە پرتەودا |
| ٣٦٧ | گێج ئالآنیی ها بە دۆشەوە |
| ٣٦٨ | گەرمیی كوورەی مەیل قەیس چۆڵ گەردەن |
| ٣٦٩ | گۆشەی سیا ماڵ هۆردا و دیاوە |
| ٣٦٩ | گەر ذەڕەی شعوور هەیە پێتەوە |


## پیتی (ل)


| | |
|---|---|
| ٣٧١ | لوای بینایی دیدەی دەروێشان |
| ٣٧٦ | لوقمەكەی ماسا و قووڵ دەریای مەیل |
| ٣٧٨ | لە صەدای (نەبات) لە چریكەی (فەرەج) |

## پیتی (م)


| | |
|---|---|
| ٣٨٠ | من پێسەم زانا تۆ پڕ مەیلەنی |
| ٣٨٣ | ماتەمی و وەهار؟ بێ شەوقی و نەوگوڵ؟ |
| ٣٨٦ | مایەی ئێش و نێش گشت زامان سەخت |
| ٣٨٧ | مەرگت دێوە لوول خەمان دێونان |
| ٣٨٩ | من خەریك ئێش زام جیایی |
| ٣٩١ | موبارەکت بۆ بەزم نەو وە خەیر |
| ٣٩٣ | منارە، صەدای صەڵاش صەد تەرزەن |
| ٣٩٦ | مەیلت ئارەزووی ئەغیار کەردەبێ |
| ٣٩٧ | مامۆسای سەرئێل شیرین کەلامان |
| ٣٩٨ | مامۆسای شیرین، شوخ دیدە مەست |
| ٣٩٩ | مەجنوونەکەی وێڵ شەیدای باڵای تۆ |
| ٤٠٠ | مەنزلگەی دیدەم ئاوپاشی کەردەن |
| ٤٠١ | من کە دڵ دایم نە واوەیلمەن |


## پیتی (ن)


| | |
|---|---|
| ٤٠٣ | نامەکەت پەی چێش؟ پەرێ دەوای دەرد |
| ٤٠٦ | نەسیم مەحرەم مابەین یاران |
| ٤١١ | نامەی نەفتینت یەك ڕۆ باد ئاوەرد |
| ٤١٦ | نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن |
| ٤٢٠ | نەتیجەی پاك دین شێخ سازانی |
| ٤٢٤ | نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو |
| ٤٢٧ | نمانای بەهەشت پێشانیی نووری |
| ٤٢٩ | نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازەی خەم |
| ٤٣١ | نازك تەدارەك فەصڵ وەهاران |

| | |
|---|---|
| ٤٣٢ | نەتیجەی پاکان، نەتیجەی پاکان |
| ٤٣٤ | نەسیم دووی دەروون چون هەردە جاران |
| ٤٣٦ | نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە |
| ٤٣٦ | هەناسەی سەردم نە دڵ خێزاوە |
| ٤٣٧ | نامەی عەنبەربۆت باد صوبح ئاوەرد |
| ٤٣٨ | ئاوەری وە دڵ ماوەروو نە دڵ: |
| ٤٤١ | نەویاوەی خەیاڵ (مەحرووم) دانا |
| ٤٤٢ | نە نەیخانەی تەن ئاير هۆرێزان |
| ٤٤٣ | نەمەندەن خەیاڵ فەردان کەردەنم |
| ٤٤٤ | نە ئاهین گەرێ، نە ئاهین گەرێ |
| ٤٤٥ | نەواتم عەرعەر سەهەند پەروەردە |
| ٤٤٦ | نەوای ناڵەی دڵ وێنەی صەدای نەی |
| ٤٤٧ | نامەی بێ مەیلیم خامەت ڕەقەم کەرد |
| ٤٤٨ | نە تەن یادەکەی ئەو سیمین گەردەن |
| ٤٤٨ | نزوول کیشا دەس بەختم نە ڕای بەد |
| ٤٤٩ | نە نازك خەیال ئیسە، نەمونشیم |
| ٤٤٩ | نە تۆی حەڵقەی زوڵف دڵەی شێت و وێت |
| ٤٥٠ | نوور ئەفشانیش کەرد وە دەشت و دەردا |
| ٤٥٠ | نە ڕۆ ئارامەن، نە شەو خاوەمەن |


## پیتی (و)


| | |
|---|---|
| ٤٥٣ | وە خیلافەوەن یاران سەرمەس |
| ٤٥٧ | وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین |
| ٤٦١ | وەش ئامای هەی پەیك لای قەبیلەی لەیل |
| ٤٦٥ | وادەی سەفەرەن، های نەسیم ئامان |
| ٤٦٧ | وەهارەن، صوبدەم، سەوزەی دیاران |

| | |
|---|---|
| ٤٦٩ | وەفای چەرخ چەپ، ڕاس بێ تان و پۆن |
| ٤٧١ | وێش نمەوینۆ، ئازیز، خەمینت |
| ٤٧٣ | وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن |
| ٤٧٤ | وەهارەن، تەشریف خاڵ خاسان پەی هەرد |
| ٤٧٥ | وەش ئامای وە خەیر هەی بەرگوزیدە |
| ٤٧٦ | وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن |
| ٤٧٨ | وەختەن پیاڵەی دڵەی پڕ جە دەرد |
| ٤٧٩ | وەی من پەی صەفای یاران هام دەم |
| ٤٧٩ | وەخت چەم نەچەم شێوەت دیار بی |
| ٤٨٠ | وە سەن ئەی مەخسەل دەور دیدەی مەست |

## پیتی (ه)

| | |
|---|---|
| ٤٨١ | هەناسەی سەردم نە دڵ خێزاوە |
| ٤٨٢ | هامدەردان ئێشی .. هامدەردان ئێشێ |
| ٤٨٧ | هانا هاویەرد .. هانا هاویەرد |
| ٤٩٣ | های شەماڵ چەند جار ڕا طەی کەردەنی |
| ٤٩٩ | هامدەردان ئامان ئەرمەندەن هۆشم |
| ٥٠٤ | هام دەردان بەردەن .. هام دەردان بەردەن |
| ٥٠٩ | هەرچەنی ناکاو دەماغم تەم بی |
| ٥١٣ | هەوای زمستان خەمان بەتاڵەن |
| ٥١٦ | هەی هوو .. های چەندەن نامان خەبەرێ |
| ٥١٩ | هەر چەند هیجرانت یەند زۆر ئاوەردەن |
| ٥٢٢ | هامن، ها، من وار، گەرمیش جۆش ئاوەرد |
| ٥٢٥ | هەی نظام نە زام نامەت تۆ لابەرد |
| ٥٢٦ | ها تەن ئەلوەدای زیندەگانیش کەرد |
| ٥٢٨ | های ڕەقیب ئەو شۆن دیدەم هیجرەت کەرد |

| | |
|---|---|
| ٥٢٩ | هەوای (سەرسارالّ) خصووص وەتەن بۆ |
| ٥٣٠ | هەرچەند وێم زەدەی بادەی فیراقم |
| ٥٣٠ | هەقت بە دەسەن کار بە دەس ئاسان |
| ٥٣١ | هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد ڕەندەن |
| ٥٣٢ | هالّ بەدهالّ، بەدەن هالّی و هەوالّە |
| ٥٣٢ | هیجرانت جە تەرح باد وەیشوومی |
| ٥٣٢ | هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا |
| ٥٣٣ | هەرکاتیّ زانای کام وە دانەوە |
| ٥٣٣ | هەر چیت دابوو پێم یەك یەك دامەوە |
| ٥٣٣ | هەر یەند دلّ لەبرێز خەیال خالّەن |

## پیتی (ی)

| | |
|---|---|
| ٥٣٥ | یاد زولف لوول شیرین نیگاران |
| ٥٣٧ | یا شێخ، هەرگاوان مەیلەکەی لەیلیّ |
| ٥٤٠ | یاران بەرشییەن جە زێد وە زامن |
| ٥٤١ | یاوا پێم نامەی شیرین خیتامەت |
| ٥٤٢ | یار وەفادار شەرت و بەین بیّ شۆ |
| ٥٤٣ | یاران، دلداران نە تۆی دلّ داران |

# دیوانی مەولەوی

## مەلا عەبدوڕەحیمی تاوگۆزی

ئەم کتێبە:

پاشماوەی بەری ڕەنجێکی فەرهادانەی شاسواری بواری ئەدەب و زمانی کوردی دوکتۆر محەمەد صدیقی موفتیزادەیە. ئەم بەشەی ئەم دیوانە لە لێواری گۆڕی لەناوچوون و تێداچوونی سامانی کەلەپووری کوردی گەڕاوەتەوە.

د. موفتیزادە لەم کارەدا جیاواز لە هەموو ئەو کارانەی تا ئێستا بۆ دیوانی مەولەوی کراون، سووری خەرمانی دیوانی مەولەوی بە شێوەیەکی زانستییانەی وەها کە مەگەر هەر ئەو کردبێتی، لە بەر شەماڵی لێکۆڵینەوەدا شەن و کەو کردووە.

0-0369-0000-1
9 780036 900000

لەسەر ئەرکی بەڕێز
دوکتۆر فوئاد مەعصوم چاپ کراوە

نرخی هەردوو بەرگەکە (١٥٠٠٠) دینارە